برایان ماگی

# مێژووی فەلسەفە

لە سویدییەوە
عوسمان حەمەڕەشید گورون

مەکتەبی بیروهۆشیاریی (ی. ن. ک)

سلێمانی _ گەڕەکی سەرچنار _١٢
کۆڵانی_ ٤٤
ژ. خانوو _١

WWW.pukhoshiari.com

ناوی کتێب:  مێژووی فەلسەفە

برایان ماگی :نووسینی

لە سویدییەوە:  عوسمان حەمەڕەشید گورون

نەخشەسازیو بەرگ:  هەوراز محەمەد

تایپ: شانیا یوسف

تیراژ: ٢٥٠٠ دانە

چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

ژمارەی سپاردن: (١٣٧٨)ی بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

(ژمارەی زنجیرە: (٣٣٢

2010لەبڵاوکراوەکانی مەکنەبی بیرو هۆشیاریی (ی. ن. ك) ساڵی






# رێگای بەرەو فەلسەفە

## خستنە بەرپرسیاری ئەو بنەمایانەی ئێمە بە سادەو ئاسانیان دادەنێین

بۆ زۆربەی ئێمە، ژیانی رۆژانەمان پڕە لەو شتانەی کە پێیانەوە خەریكو سەرقاڵین. بەڵام جارجارە، وارێكدەكەوێت، کە خۆمان لەو هەموو سەرقاڵیە دەدزینەوە، هەڵوێستەیەكدەكەینو دەشێ پرسیاری وا سەرەتایی لەخۆمانبكەین، کە لەکاتە ئاساییەکاندا گرنگییان پێنادەین. دەلوێ ئەم کارە هەر بوارێك لەبوارەکانی ژیان بگرێتەوە. بۆ نموونە لەسیاسەتدا هەمیشە مرۆڤ خەریکی ئەمدیوو ئەودیوکردنی دەستەواژەی وەك(ئازادی)و (یەکسانی)و(عەدالەتی کۆمەڵایەتی)ن. بەڵام جارجار کەسانی وا دەرئەکەون کە ئەپرسن: ئەرێ باشە بەڕاست مەبەستمان لەئازادی چیە؟ ئەی مەبەستمان لەیەکسانی چیە؟ پرسیارێکی وا ڕەنگە ببێتە مایەی ڕووبەڕووبونەوەو ئاڵۆزی. لەوانەیە خاوەن پرسیارەکە بڵێ: ئاشکرایە کە ئازادیو یەکسانی دژ بە یەك دەوەستن. ئەگەر ئێمە هەموو ئازاد بین، چۆنمان ئەوێ وابژین، ئایا ناکەوینە ناو کۆمەڵێ باری جیاوازو نایەکسانەوە؟ بۆ چارەسەری ئەمەش، ئایا پێویستیمان بە دەستێوەردانی حکومەت نییە؟ کەواتە، ناتوانین لەهەمانکاتدا، ئێمە هەم ئازادبینو هەم یەکسان. لێرەدا جۆرە ناکۆکیەك هەیە. ئالێرەوە، کە مرۆڤ دەستدەکات بەم شێوە قسەکردنە، دەستدەکرێ بە

بیرکردنەوەی فەلسەفەیی. لەم حاڵەتەی سەرەوەدا دووچاری بەشێکی فەلسەفەیی بووین، کە پێی دەوترێ، فەلسەفەی سیاسی.

یاساناسان باس لەدادپەروەری دەکەن. دادگایکردنی بێلایەن. تاوان‌و بێتاوان. بەڵام ئەگەر یەکێك لەوان بڵـێ، کە ئێمە باسی دادپەروەری دەکەین، ئایا وەك سیاسییەکان یەك مەبەستمان هەیە، کە ئەوانیش باسی دادپەروەری دەکەن؟ یان ئێمە باس لەشتێکی جیاواز دەکەین؟ ئالێرەوە ئەو یاساناسانە باس لەفەلسەفەی داد دەکەن. پزیشکێك کە پرسیار لەخۆی دەکات، ئایا تەندروستی ڕەها هەیە؟ ئەگەر نییە، مەبەستمان لەچارەسەر چییە؟ ئەوا ئەم باس لەفەلسەفەی دەرمانگەری دەکات. لەبواری هەموو پیشەکاندا جۆرە فەلسەفەیەك هەیە، کە لەپرسیارکردن لەبنەماکانی تێگەیشتن‌و پرەنسیپ‌و میتۆدەکانەوە سەر هەڵئەدەن. لەبەر ئەوە فەلسەفەی زانستی‌و فەلسەفەی ئاینی‌و فەلسەفەی هونەرو.... هتد، هەیە، کە هەندێ لەپێشەنگەکانی ئەو بوارانە، لەزۆربەی کاتەکاندا، مەیلی ئەو بەشانەی فەلسەفەیان هەیە.

گرنگە تێبگەین کە کاتێ ئەو فەیلەسوفە سیاسییە، ئەپرسێ(ئازادی چیە؟) مەبەستی تەنیا پێناسەکردنی وشەکە نییە. ئەگەر وابوایە، تەنیا پێویستی بەکردنەوەی فەرهەنگێکی وشە دەبوو. ئەم مەسەلەیە زۆر لەپێناسەکردن زیاترە. ئەم بە دوای تێگەیشتنێکی قووڵتردا دەگەڕێ بۆ ئەم دەستەواژەیە. کە ئایا چۆن، لەهەقیقەتدا، لەناو بیرو ژیانی ئێمەدا کاردەکات‌و کاریگەری هەیە؟ بە چ جۆرو شێوازێکی تریش دەتوانرێ بەکاربهێنرێ؟ لێکۆڵینەوە لەو مەترسیانەی لەکاتی بەکارهێنانیاندا دووچارمان دەبنەوە، یان چۆنیەتی پەیوەندییان لەگەڵ دەستەواژە سیاسییە گرنگەکانیتردا. بۆ نموونە لەگەڵ(یەکسانی). ئەم فەیلەسوفە سیاسییە هەوڵدەدات لەو پرسیارنەدا کە بەلای خۆیەوە گرنگەو بۆ ئێمەش بایەخی گەورەی پراکتیکی هەیەو لەهەمان کاتیشدا پڕە لەکێشە، بگاتە دیاریکردنی ڕوون‌و ئاشکرا.



ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بۆ دەستەواژەکان، ئەگەر زۆر سەرنج ڕاکێشیش بێت، ئەوا تەنیا توێژاڵی فەلسەفەیە. فەیلەسوفە گەورەکان زۆر لەوە قووڵتر ڕۆچونەتە ناوەوەو لایەنەکانی بنەما بنەڕەتییەکانی ژیان‌و شارەزایمانیان داوەتە بەر پرسیار. ئێمەی مرۆڤ کەوتوینەتە جیهانێکەوە، کە هیچ ئیختیار، یان دەسەڵاتی خۆمانی تیا نەبووە، کە لەبارە هەرە ئاشکراو بنەڕەتییەکەیدا، لەچوارچێوەی شوێن‌و کاتدا خۆی دەنوێنێ. سێ ڕەهەندی شوێنی‌و یەك ڕەهەندی کاتی، کە لێرەدا، ژمارەیەکی زۆر شتی جۆر بە جۆری ماتریاڵی هەیە، کە بەشێك لەوانە، ئێمەی مرۆڤین. فەیلەسوکان پرسیاری لەم جۆرانەیان کردووە: کات چییە؟ ئایا هەموو بونێکی ڕاستەقینە، بە ئێمەی مرۆڤیشەوە، هەر ماتریاڵە؟ ئەشێ هیچیتر نەبێت؟ ئایا شتێك کە ماتریال نەبێ، ئەتوانێ بوونی راستەقینەی هەبێت؟ لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە بوونە چ خەسڵەتێکی هەیە؟ ئەمان کە ئەم جۆرە پرسیارانە دەروژێنن، هەوڵی ئەوە نادەن کە تەنیا بگەنە تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ یەکێ یان چەند دەستەواژەیەك. ئەمان عەودالی تێگەیشتنێکی بنەڕەتین بۆ هەموو بوون، کە بوونی خۆشمان دەگرێتەوە. لەم کۆششەدا، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان، وەڵامی باوەڕی ئایینیمان بۆ ناهێنن‌و پەنا نابەنە بەر قسەی دەسەڵاتداران. وەك تاك، دەشێ ئەمان وەك تاکە کەس باوەڕی ئاینی خۆیان هەبێ، کە زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکان هەیانبووە. بەڵام هەموویان نا. وەك فەیلەسوفی باش، ئەمان هەوڵیان نەداوە باوەڕی ئایینی بکەن بە پاڵپشت بۆ ئەرگومێنتەکانیان. ئەرگومێنتی فەلسەفەیی ئەوەیە کە پشت بە سەرچاوە عەقڵییەکان ببەستێ، کە لەگەڵ بنەما واقیعییەکاندا بگونجێ، نەك لەگەڵ باوەڕ یان گوێڕایەڵی.

فەیلەسوفەکان هەوڵدەدەن بزانن تا چ ڕادەیەك دەتوانن تەنیا پشت بە عەقڵ ببەستن.لەبەر ئەوەی فەلسەفە بە دوای زۆرترین تێگەیشتنی واقیعیانەدا دەگەڕێ. پرسیاری گرنگ دەربارەی سروشت دەکات‌و لەوێشەوە دەربارەی توێژینەوەو

زانست. چۆن رەفتار بکەین بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەو هەموو پرسیارانەمان؟ ئایا هیچ کاتێك، لەواقیعدا، دەتوانین شتێکی گرنگ لەبارەی شتێکەوە بزانین و لەزانینەکەمان دڵنیابین؟ لەم حاڵەتەدا دەربارەی چی؟ ئەگەر لەڕاستیشدا، شتێك بزانین. چۆن دڵنیابین کە ئەزانین؟ بە وشەیەکیتر، ئایا هیچ کاتێك ئەتوانین دڵنیابین، کە لەڕاستەقینەدا ئێمە شت دەزانین؟ ئەم جۆرە پرسیارانە شوێنی سەرەکیو ناوەندییان لەفەلسەفەدا گرتووە. پرسیاری بەردەوام دەربارەی جیهانی دەوروپشتی خۆمان.

فەیلەسوفەکان پرسیار دەربارەی زانیاریو شارەزایی مرۆڤو سروشتی زانست دەکەن. لەسادەترین شێوەی بنەڕەتی فەلسەفەدا، فەلسەفە وا گەشەی کردووە، کە دوو پرسیاری سەرەکی ناوەڕۆکەکەی پێکدێنێت. یەکەمیان: ئایا سروشتی هەموو شتێك کە بوونی هەیە، چییە؟ دووەمیان: ئایا ئێمە چۆن دەتوانین زانیاری بە دەستبهێنین؟ ئەوا ئەگەر، ئێستا، ئێمە بزانین زانیاری بوونی هەیە، سروشتی ئەم بوونە چییە؟ ئەو لقەی فەلسەفە پێکدێنێ کەبە ئۆنتۆلۆجی ناودەبرێت. لێکۆڵینەوەیش لەپرسیارەکەیتر، ئایا سروشتی زانست چییەو ئێمە توانای زانینی چیمان هەیە؟ ئایا دەتوانین ئێستا هیچ بزانین؟ بە ئەپستمۆلۆجی، یان تیوری زانین ناودەبرێت. ئەم دوو جۆرە لێکۆڵینەوەیەو هەموو ئەو پرسیارە وردانەیتر، کە لەدەوری ئەم دوو پرسیارە کۆدەبنەوەو تائێستا بە درێژایی سەدان ساڵ پەرەیانسەندوە، بەشی سەرەکی مێژووی فەلسەفە پێکدێنن، کە هەموو لقە گرنگەکان دەگرێتە خۆی، وەك فەلسەفەی ئاکار، فەلسەفەی سیاسی، تێوری زانستی، ئیستاتیکاو فەلسەفەی ئایینی. هەموو ئەمانە لەفەلسەفەدا شوێنی خۆیان هەیە بە گشتی. بەڵام پرسیار دەربارەی چی بوونی هەیە؟ چۆن دەتوانین زانیاری بە دەست بهێنن؟ بە شێوەیەکی لۆژیکی دەخرێتە پێش پرسیارەکانی لقەکانیتری فەلسەفەوە.



دەشێ هیچ کاتێك وەڵامی پرسیارە گرنگەکانمان چنگ نەکەوێ. بەڵام ئەوە شتێك نییە کە لەسەرەتاوە، یان پێش وەخت بیزانین. بۆیە پێویستیمان بە کارکردنە لەسەر هەموو ئەو گرفتانەی سەرنجمانڕائەکێشن. ئەگەر بە چاکی گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ناگەینە هیچ وەڵامێك بۆ پرسیارێکی دیاریکراو، ئەبێ خۆمان لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا بگونجێنین. وەك هەموو دەرئەنجامێکیتری فەلسەفەیی. بۆ ئەم ئەنجامەش ئەبێ هۆی باشو تەواومان هەبێ، تا بگەینە ئەم باوەڕە. ئێمە ئامادەنین، هەر بە مەزەندەکردن، یان وەك بیروڕایەك، یان هەر لەبەر ئەوەی بە هەستی خۆمان پێمان وایە، دەست بەرداری ئەو پرسیارانە بین، ئێمە ئەمانەوێ بزانین بۆچی ئەبێ بڕوا بکەین، کە ئەوە حەقیقەتە.

کارکردن بۆ دۆزینەوەی بنەما عەقڵییەکان، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە. بۆ نموونە، ئەمە چ لەئایینو چ لەهونەریشی جیا دەکاتەوە. هەندێ جار لەئاییندا، بۆ دەلیلی عەقڵی پەنجە ڕادەکێشرێ. بەڵام باوەڕو وەحی بۆ هاتنو تەقالیدو گوێڕایەڵیش دەوری گرنگ دەگێڕن. دەلیلە عەقڵییەکان هەرگیز ناتوانن بە درێژایی ڕێگا بڕ بکەن. هەروەها هونەرمەندی داهێنەریش وەك فەیلەسوف عەودالی گەڕانە بە دوای ڕاستیدا. ئەویش لە هەوڵداندایە بۆ بینیی ژێر ڕواڵەتی شتەکانو ئەیەوێت تێگەیشتنێکی قووڵتری هەبێ بۆ بوونی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەو، تێڕوانینەکانی خۆی لەشێوەیەکیتردا پێشکەشدەکات، کە جیاوازە لەهی فەیلەسوف. شێوازێك کە پشتی بەستووە بە زانیاری وەرگرتنی راستەوخۆو هەستەوە، نەك بە ئەرگومێنتی واقیعی.

هێڵێکیتری جیاوازی نێوان فەلسەفەو زانستە سروشتیەکان ئەوەیە کە وەك فەیلەسوفو هونەرمەندە داهێنەرەکە، زانایانی زانستە سروشتیەکانیش سەرقاڵی گەڕانن بە دوای حەقیقەتدا. ئەوانیش لەهەوڵداندان بە دوای دۆزینەوەی نوێدا سەبارەت بە دەوروپشتمانو چۆنیەتی ژیانمان لەناو ئەو دەوروبەرەدا. ئەمانیش

هەوڵدەدەن کە دۆزینەوەکەیان بە شێوەیەك بگونجێنن، کە بتوانرێ ئەنجامەکەی بڵاوبکرێتەوە. ئەمانیش وەك فەیلەسوفەکان، زۆر بەلایانەوە گرنگە، بە شێوەیەکی واقیعی هەموو بیروڕاکانی خۆیان داڕێژن. جیاوازیی سەرەکی نێوان ئەمان و فەیلەسوف ئەوەیە، کە زانایانی زانستی سروشتی سەرقاڵی ئەو پرسیارانەن، کە دەتوانرێ لەتاقیگادا یان بە چاودێریکردن، چارەسەر بکرێن. هیچ تاقیگەو هیچ چاودێریەکیش ناتوانن بمانگەیەننە وەڵامی ئەو پرسیارەی، ئایا کات سەرەتای هەبووە یان نا؟ یان، ئایا دادپەروەری چییە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە کە دەکرێ بخرێنە بەردەم شیکردنەوەی عەقڵی، بەڵام بۆ ڕێبازەکانی زانستی سروشتی ناگونجێن، ئەو پرس‌و کێشە نموونەییانەن، کە تەرخانکراون بۆ فەیلەسوفەکان. گرنگە بزانین فەلسەفەو زانست‌و هونەر دژ بە یەك نین‌و خاڵی هاوبەشیان لەو خاڵانە زیاترە، کە لەیەکەم ساتەوە خۆیان دەنوێنن. هەروەك ئاشکرایە، لەڕاستیدا زانستە سروشتییەکان لە فەلسەفەوە سەریان هەڵداوە. هەمان جیهانە، فەلسەفەو زانست‌و هونەر هەوڵی توێژینەوەی دەدەن. هەرسێکیان بە دوای دۆزینەوەی نهێنیی بوونی جیهان‌و بوونی تایبەتی خۆمان، وەك مرۆڤ دەگەڕێن و هەوڵ دەدەن بگەن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆیان. هەرسێکیان بەردەوام کاریگەرێتی‌و ڕەخنە بەکاردەهێنن. هەرسێکیان سەرئەنجامی کارەکانی خۆیان رادەگەیەنن، تا ئەوانەیتر، هاوبەشییانبکەن. بەڵام لەبەرئەوەی ئەمان میتۆدی جۆراوجۆرو ڕێگای جیاواز دەگرنەبەر، دەشێ هەندێ جار ئەو سەرئەنجامەی بانگەشەی بۆ ئەکەن، پلەی جیاوازی هەبێ. هەر هەموویان ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، واتە توێژینەوە لەزانیاری مرۆڤ و شارەزاییەکانی‌و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەکان‌و ئۆرگانیزەکردنی ئەو شتانەی دۆزیویانەتەوە لەشێوەی ڕێك‌وپێك‌و بەردەستدا. ئەمان یەکتری دەوڵەمەند دەکەن. مرۆڤێکی فرە لایەن بە شێوەیەکی سروشتی ئارەزووی بۆ هەموویان دەبێت. ئێمە باسی مێژووی یەکێك لەوان دەکەین، کە ئەویش فەلسەفەیە.

هەروەك زانست‌و وەك هونەر، فەلسەفەش یەکێکە لەو بەشە هەرە سەرنجڕاکێش‌و پربایەخانەی شارستانیەت بە بەرهەمی هێناون‌و هەر وەك ئەو دوانەیتر، زانست‌و هونەر، باوەڕ وایە کە فەلسەفەش، واتە هەرسێکیان داهاتوویان لەڕابووردویان دەوڵەمەندتربێت




## گرێکییەکان‌و جیهانەکەیان

فەلسەفە لەوکاتەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ دەیەوێت لە دنیا تێبگات، نەك بە هۆی ئایین‌و بیروڕای باوەوە، بەڵکو بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی عەقڵ. بڕوا وایە کە ئەمە یەکەمجار لەناو گریکییە دێرینەکاندا ڕوویدابێت، لەساڵانی ٥٠٠و ٤٠٠و ٣٠٠ی پ. ز.

پرسیاری یەکەمیان بریتی بووە لە: دنیا لەچی پێکهاتووە؟ چی بەردەوامی ئەدات بە جیهان؟ دوای ئەوان، سوکرات هات. ناودارترین فەیلەسوفی گریکی. ئەم وتی گرنگترین کێشە ئەوەیە بزانین ئەبێ چۆن بژین؟ پرسیاری بنەڕەتی لەفەلسەفەکەی ئەمدا بریتییە لە: ئایا دادپەروەری چییە؟ (پلاتۆن) ی قوتابی ئەم، یەکەم فەیلەسوفی ڕۆژئاواییە، کە نوسراوەکانی ماونەتەوەو پارێزراون‌و ئێستاش لەسەرانسەری جیهاندا، لەزانکۆکاندا، دەخوێنرێن. هەروەها ئەرستۆتالیسی قوتابی پلاتۆنیش بلیمەتێکی وەك ئەوان بووە.

# پێش سوكرات

## سەرهەڵدانی فەلسەفەی واقیعی

**هەرە دێرینترین فەیلەسوفەكانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی پێش سوكرات، تیوری مەزنیان دەربارەی جیهان هێنایە ئاراوە، هەندێكیان هەڵەو نەگونجاو، بەڵام هەندێكیان ئەوەندە وردو قووڵ بوون، كە كاریگەرێتیان لەسەردەمی ئێستای ئێمەشدا بەردەوامە.**

فەیلەسوفە یەكەمەكان، لەیەك كاتدا بەدوو جۆری كاریگەر پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ڕابووردودا پچڕان. یەكەم ئەوەبوو كە بە پشتبەستن بە عەقڵ لەجیهان تێبگەن، نەك بە پەنا بردنەبەر ئایینو وەحی یان بە بیری توێژە سەردەستەكان، یان بە نەریتو تەقالیدی باو، كە ئەمەش لەخۆیدا شتێكی نوێو یەكێك لە قۆناغە هەرە گرنگەكانی گەشەكردنی مرۆڤایەتی بوو. دووەمیان، ئەم فەیلەسوفانە بە جۆرێك قوتابیەكانیان فێركرد، كە عەقڵی خۆیان بەكاربهێننو خۆیان بیربكەنەوە. بەلایانەوە مەرج نەبوو كە قوتابیەكانیان لەهەموو شتێكا كتومت گوێڕایەڵیان بكەن. بۆ یەكەمجار لەمێژوودا، هەوڵیان نەئەدا زانیاری سەردەمەكەیان بە پاكیو بێدەستكاری بڵاوبكەنەوە، بەڵكو قوتابیەكانیان هانئەدا بۆ گفتوگۆكردنو گەڕان بە دوای دەلیلو تاوتوێكردنو داڕشتنی بیری تایبەتی خۆیان.

ئەم دوو هێڵەی پێشكەوتن لەژیانی دەروونی مرۆڤدا، ئەم دوو لایەنە شۆڕشگێڕییە، لەیەكترییەوە زۆر نزیك بوون، هەر بۆیە بە یەكیشەوە هاتنە كایەوە. هەردووكیان ئێستا ئەو شتە پێكدێنن، كە ئێمە ناوی دەبەین بە((بیركردنەوەی واقیعیانە)).

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەماندا، گوڕوتینێكی بێ وێنە درا بە پلەی تێگەیشتنی زانیاریو تێگەیشتنی مرۆڤایەتی.

یەكەمین ڕۆشنفكرەكانی لەم شێوەیە لەسالانی ٥٠٠ پ. ز لەیۆنانی كۆندا سەریان هەڵداوە. **تالیس** بە هەرە یەكەمیان دادەنرێت. تالیس، پیاوێكی گریكی خەڵكی شاری(میلیتۆس)ی كەنارەكانی رۆژئاوای ئاسیای بچوك(توركیای ئێستا) بوو. ئەمو ئەوانەی دوای ئەمیش بە پەیڕەوانی قوتابخانەی میلیس ناسراون، بە ناوی شارەكەیانەوە. نازانرێت تالیس كەی لەدایك بووەو كەی مردووە. بەڵام دەزانرێت كە سالانی ٥٨٠ ی پ. ز لەهەڕەتی كاركردنیدا بووە، زیرەكانەو بە دیقەت پێشبینی خۆرگیرانەكەی ساڵی ٥٨٥ ی پ. ز كردوە. شارەزایەكی بلیمەت بووە لەدروستكردنی ڕێگاوبانو ئاودێری دا. لەكاتی هەستانی ڕوباری هیلاسدا توانیویەتی ئاوەكەی وا دابەش بكا كە مەلیك كریۆسۆس بتوانێ بەسەر ڕوبارەكەدا بپەڕێتەوە.

### ئەسڵی شتەكان لەچی پێكهاتوون؟

ئەو پرسیارەی بە شێوەیەكی سەرەكی تالیسی سەقاڵكردبوو، پرسیاربوو لەئەسڵی شتەكان. جیهان لەچی پێكهاتووە؟ ئەم بەلایەوە وابوو، كە دەبێت هەموو تەنەكان لەسەرەتادا لەیەك مادەوە پەیدابووبن. ئەمە لەڕاستیدا وردبینییەكی سەرسوڕهێنەرە. ئێستا دەزانین كە ڕاستی بۆچووە، ئێستا دەزانین كە هەموو شتە ماتریالییەكان دەگەڕێنەوە بۆ وزە. بەڵام ئەو كاتانە تالیس نەیتوانیوە بگاتە ئەوەی كە دەشێ هەموو شتەكان ببن بە وزە.

چونکە ئەو زانستەی فیزیا کە ئەم تیورییە دەسەلمێنێ، لەو سەردەمەدا پەیدا نەبوو بوو. لەبری ئەوە، تالیس گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە هەموو شتەکان لەبنەڕەتدا لەئاو دروست بوون بە حاڵەتە جۆر بە جۆرەکانیەوە. ئەیزانی کە ئاو لەپلەی نزمدا وەك بەرد ڕەق دەبێتو لەپلەی بەرزدا دەبێت بە هەوا. کە باران دەبارێ رووەك لەزەوییەوە، بەهۆی ئاوەوە گەشە دەکەن. کەواتە ئەوانیش ئاون لەشێوەیەکیتردا. هەموو زیندەورێك پێویستی بە ئاوێکی زۆرو بەردەوامە بۆ بەردەوامبونی ژیانی. (لەڕاستیدا لەشی ئێمە ٦٠٪ ی لەئاو پێکهاتووە. بەهەرلایەکدا برۆیت، خاك بە دەریا کۆتایی دێت. هەر لەبەرئەمەش تالیس وایدەزانی کە زەوی لەسەر ئاو ڕاگیراوەو لەئاو دروست بووەو هەروەها بریتیە لەئاو.

تالیس قوتابیەکی هەبوو، کەناوی ئەناکسیماندر بوو. ئەم ساڵی ٦١٥ پ. ز، لەشاری میلیتوس، لەدایك بووەو تا دەوروبەری ساڵی ٥٤٦ پ. ز ژیاوە. بەلای ئەمەوە وابوو، ئەگەر تالیس ڕاست ئەکات زەوی لەسەر دەریا ڕاوەستاوە، ئەوا ئەبێ دەریاش لەسەر شتێکیتر ڕاوەستابێتو....هتد. لێرەدا تووشی گێژاوێکی بێ کۆتایی دەبین. ئەناکسیماندەر، بەم شێوە زیرەکانە ئەم گرفتەی نەهێشتووە، کە تەنێکی تەنیایەو لە فەزادا ڕاوەستاوەو بەهۆی نەگۆڕی دوورییەوە لەتەنەکانیترەوە بۆ خۆی بەبێ هیچ هەڵگرێك ڕاوەستاوە. بیری بۆ خڕی زەوی نەدەچوو. بەڵکو بەلایەوە زەوی تەختو پان بووە. وایدەزانی شێوەی زەوی وەك سلندەر وایە. زەوی لەسەر هیچ شتێك ڕانەگیراوە. بۆیە لەشوێنی خۆیدایە، چونکە بەردەوام هەمان دووری هەیە لەتەنەکانیترەوە. شێوەکەی وەك دەهۆڵ وایە ـ ئێمە لەسەر ڕوویەکیان دەژینو ڕووەکەیتریشی بەرامبەری ئەوەی ئێمەیە.

قوتابییەکی ئەناکسیماندر، کە ناوی ئەناکسیمانس بوو، ئەم تیورییەی پێ هەرسنەکرا. بۆیە بەلای ئەمەوە گومانی تیا نەبووە کە زەوی تەختەو دەبێت لەسەر شتێك ڕاگیرابێت. ئەو شتەش بەلای ئەمەوە هەوا بووە. وەك چۆن سەرقاپی مەنجەڵ



لەکاتی ئاو کوڵاندندا بەسەر مەنجەڵەکەوە، بەهۆی هەڵمەکەوە، جارجارە بەرز دەبێتەوە، زەویش ئاوا بەسەر هەواوەیە. بۆ چەندەها نەوەی دوای خۆیان، ئەناکسیمانس زیاتر لە ئەناکسیماندر جێگای ڕێز بووەو پەیڕەوی کراوە. واتە خاوەنبیر هەبووە، کە تیورییەکەی(ئەناکسیمانس)یان کردوە بە خاڵی سەرەکی بیرکردنەوەیان. هەرچەندە پێش ئەو فەیلەسوفێکیتر گەیشتۆتە شتێکی گەلێك چاکتر. زۆرجار لەفەلسەفەدا شتی وا ڕوویداوە. فەلسەفە لەسەر هێڵی ڕاست بەرەو پێشەوە ناچێ. بەڵکو ئەوترێ دوو هەنگاو بۆ پێشەوەو هەنگاوێك بۆ دواوە دەڕوات. ئەگەر ئێستا ئێمە لەیەکێ لەو قۆناخانەدا بین کە هەنگاوە بەرەو دواوەکەبێت، ئەوا دەتوانین لەمێژووەوە وانەی باش وەربگرین.

## ڕێگای هەوراز ڕێگای نشێویشە

یەکێ لەهەرە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی میلیسییەکان هیراکلیتوسە، کە خەڵکی شاری ئەفیسۆس بوو. ئەم شارەش لەسەر هەمان کەنار بوو وەك شاری میلیتۆس. ئەم لەکۆتایی ساڵانی ٥٠٠ پ. ز دا چالاك بووە. ئەم بەهۆی دوو بیرۆکەوە بەناوبانگ بووە، کە هەردووکیان کاریگەری زۆریان هەبووە.

یەکەمیان، یەکێتی دژ بە یەکەکان بووە. ئەم وتوویەتی کە ڕێگای بەرەو لوتکەی چیایەكو ڕێگای شۆڕبوونەوە لەو لوتکەیەوە، دوو ڕێگای جیاواز نین، بەڵکو یەك ڕێگان. هیراکلیتوس بە گەنجیو هیراکلیتوس بە پیری، دوو مرۆڤی جیاواز نین، بەڵکو هەمان مرۆڤە. ئەگەر هاوڕێی سەر مێزەکەت وتی شوشەی شەرابەکەت نیوە پڕەو تۆش وتت نا، نیوەی بەتاڵە. ئەوا تۆ دژی قسەکەی ئەونیت، بەڵکو هەمان قسە دەکەن. هەموو شتێك، بەلای(هیراکلیتۆس)ەوە یەك یەکە لەدژەکان پێکدەهێنن. کەواتە جەنگو دژەکەی لەیەکگرتنیاندا دەبنە هۆی دروستبوونو بنیاتنانی جیهان. ئەگەر بمانەوێ خۆمان لەدژەکان ڕزگار بکەین، ئەوا لە واقیع دوور دەکەوینەوە.

ئەمە لەهەمان کاتدا، ئەوە دەگەیەنێ کە واقیع سروشتێکی نائارامی هەیەو هەموو شتێك بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەمەش دووەم بیرۆکەیە، کە بۆ هەمیشە بە ناوی هیراکلیتۆسەوە ناو دەبرێت: ((هەموو شتێك لە بزوتندایە)).[1] هیچ شتێك لەم جیهانەی ئێمەدا بونێکی سادەو نەگۆڕی نییە، هەموو شتێك بەردەوام لەگۆڕاندایە. هەموو شتەکان بە شێوەی جۆراو جۆر دروست دەبن‌و هەرگیز لەدوو چرکەی یەك بە دوای یەکدا لەیەکناچن. ئەمە تا ئەو کاتەی بوونیان نامێنێ.

مرۆڤ لەیەك بەرگدا نیە، بەردەوام لەگۆڕاندایە. هەموو شتێکی ئەم گەردوونەش هەروایە. ڕەنگە گەردوون خۆشی هەر وابێت. ئەوانەی ئێمە وەك((شت)) بیریان لـێ دەکەینەوە، لەڕاستیدا هەرگیز، شتی نەگۆڕ نین. بەردەوام لەگۆڕانکاریدان. هیراکلیتۆس ئەمانەی بە هەڵم چوواندوە. هەڵم لەوە ئەچێ کە شتێك بێت، بەڵام وانییە. بەڵکو هەڵم حاڵەتێکە کە ئاو پیاتێپەڕ ئەبێ. ئەمە بیرێکی قووڵە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مایەی نیگەرانی نییە.مرۆڤ هەمیشە هەوڵیداوە کە شتێکی نەگۆڕ بدۆزێتەوە تا بڕوای پێبکات. شتێکی خۆڕاگر، کە بمێنێ‌و گومنەبێت. هیراکلیتوس پێماندەڵێت شتێکی لەم بابەتە بوونی نییە. گۆڕان ئەو یاسایەیە کە بەسەر ژیان‌و جیهاندا زاڵە. دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو ئێمە هەرگیز ناتوانین لەدەستی دەرباز بین.

[1] - دوو وتەی هیراکلیتوس تا ئێستاش وەك نموونە باسدەکرێن،یەکەم: (هۆکارە شاراوەکان لە ئاشکراکان بەهێزترن)، دووەم:(مرۆڤ ناتوانێت دووجار لە ئاوی هەمان ڕووباردا مەلە بکات)

## ژمارە کلیلە

ڕەنگە هەرە بەناوبانگترین فەیلەسوفی پێش سوکرات، کە لەهیراکلیتوسیش بەناوبانگتر بێ، فیتاگۆراس بێ. ئەم لەساموس لەدایك بووە، کە دورگەیەکە بەرامبەر ئەو کەنارانەی کەهەموو ئەو فەیلەسوفانەی لـێ ژیاون، کە تا ئێستا باسمان کردون. ئەم لەساڵی ٥٧٠ی پ. ز تا ساڵی ٤٩٧ پ. ز ژیاوە. لەزۆر بواردا بلیمەت بووە.

یەکێك لەو بوارانە ماتماتیك بووە. زۆر لەئێمە لەقوتابخانە فێری تیوری فیتاگۆراس[٢] بووە. ئەم

یەکەمجار بیرۆکەی پێوانی ڕووبەری چوارگۆشەو شەش لای هێنایە ئاراوەو زانستی جیومیتری بەکارهێنا. یەکەم جار لەوانەکانی ئەمدا وشەی (تیۆری) ئەو مانا ناسراوەی خۆی وەرگرت. باوەڕیش وایە کە وشەی((فەلسەفە)) ئەم دایهێناوە. هەر ئەمیش یەکەمجار وشەی((کۆسمۆس))ی بە مانای گەردوون بەکارهێناوە. کاریگەری تایبەتی ئەم، چەندەها نەوە دوای خۆشی هەر بەردەوام بووە.

فیتاگۆراس یەکەم خاوەن بیری گەورەیە کە ماتماتیکی گرێدا بە فەلسەفەوە. کە ئەمەش یەکێك بووە لەو بیرۆکە هەرە بەرهەمدارانەی مرۆڤایەتی لەمێژووی خۆیدا دەستی کەوتووە. لەسەردەمی ئەوەوە تائێستا ماتماتیك پەیوەندییەکی دوولایەنی(موتوربەکراو)ی لەگەڵ فەلسەفەو زانستی سروشتیدا گەشە پێداوە.

[2] - پتر لە هەر بیرمەندێکی پێش پلاتۆن، فیتاگوراس خاوەنی زۆرترین بیرۆکە بنەرەتییەکانی نێو فەلسەفەی رۆژئاوایە، چەندین بیرۆکە کە بە زادەی بیری پلاتۆن ناسراون، لە واقیعدا بیرۆکەی فیتاگۆراس بوون، لەوانە، ئەو بۆچوونەی دەڵێت ئێمە زۆرجار بیرمان بۆلای ئەوشتانە دەچێت کە لە ژیانەکانی پێشوومانەوە دەیانزانین، هەروەها بیرۆکەی بوونی رێکخستنی ماتماتیکی لەم جیهانە فیزیکییەماندا.

هەندێکیش لەفەیلەسەفە هەرە گەورەکان زانای ماتماتیکیش بوون. بۆ نموونە، دیکارت تەنیا دیاگرامی نەدۆزیەوە، بەڵکو هەموو شیکاری جیومەتری دۆزییەوە، هەروەها لایبنیز Leibnizپەرەی بە ماتماتیکدا بۆ رووبەرپێوان ئەمە تەنیا دوو نموونەیە.

ئێمە ئێستا دەزانین کە ماتماتیك ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەزانیاریەکانماندا دەربارەی جیهان. ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت کۆسمۆس لەهەموو ئاستەکانیدا، لەدوورترین مەجەڕەوە تا ناو ئەتۆمێکی تەنیا، دەکرێ بە ماتماتیك باسی لێوەبکرێ، ئەوەندە ئێمە پێی ئاشناین، کە مەترسی ئەوە هەیە بەبێ گومانلێکردن قبوڵی بکەین. ئەم راستیەش خۆی لەواقیعدا ئەوەندە ڕوونو ئاشکرا نیە، بەڵکو زۆر جێی سەرسوڕمانە هەر ئەمەش وایکردوە کە هەندێك لەزانایان، وەك ئاینشتاین، بڕوایان وابێت کە جۆرە هێزێکی ئاقڵ دەستی لەگەردووندا هەبێ. گەرچی مەرجیش نییە ئەم هێزە ئەو خوا تەقلیدییەی ناو ئایینەکانی جولەکەو مەسیحی بێت. یەکەم کەس کە لەو باوەڕەدا بوو دەکرێ بە ماتماتیك باسی هەموو گەردوون بکات، فیتاگۆراس بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم بەرەو ئەفسانەیەك بەرێت.

فیتاگۆراس بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەنجامە کانی بیری خۆی بەکارهێناوە. بەڵام لەبەرئەوەی هەرە زۆری بیرۆکە گرنگەکانی ئەم لەلایەن پلاتۆنەوە پەرەیان پێدراوە، بۆ ئەوەی دوبارە نەبنەوە چاوەڕێ ئەکەین تا ئەگەینە سەر ئەو بەشەی تەرخانکراوە بۆ پلاتۆن.



## ئێمە دروستکەری زانیارییەکانین

یەکێك لەفەیلەسوفە هەرە سەرنجڕاکێشەرەکانی پێش سەردەمی سوکرات (ئەکسینوفانس)ە. ئەو لەکۆتاییەکانی ساڵانی(٥٠٠)ی پ. ز، چالاك بووە. ئەمیش وەك فیتاگۆراس خەڵکی کەناری کۆلۆفون بووە. کە لەئاسیای بچوکەوە سەر بە یۆنان بووە. بەڵام زۆربەی ژیانی لەباشوری ئیتاڵیا بەسەر بردووە.

باوەڕ وایە کە ئەم بەشێوەیەکی زۆر وردو قووڵ گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە چۆنیەتی تیڕوانینی مرۆڤ بۆ شتەکان، تەنانەت بۆ ئەوەش کە بە زانست ناوی دەبەین، لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە دروستدەبێت. بە فێربوونی بەردەوامو گۆڕینی بیرۆکەکانمان لەبەر ڕۆشنایی ئەو شتانەی کە فێریان دەبین، دەتوانین لەڕاستەقینە نزیك ببینەوە. بەڵام بیرۆکەکان هەردەم، هەر هی خۆمانن‌و خۆمان بەرهەممان هێناون‌و هەردەمیش جۆرە خەملاندنێك یا تەخمینکردنێك لەبیرۆکەکانماندا هەیە.

ئەکسیۆفانس[3] وتویەتی:

**هیچ مرۆڤێك نەگەیشتووە بە ڕاستەقینەی تەواو،**
**هیچ مرۆڤێکیش لەداهاتوودا پێی ناگات.**
**چ سەبارەت بە بوونی خواوەندەکان**
**چ سەبارەت بەو هەموو بابەتانەی من باسیان دەکەم**
**ئەگەر بە ڕێکەوتیش ئەو ڕاستییە بەزمانیاندا بێت**
**خۆی هەستی پێ ناکات.**
**هەموو وەك پرچ لەبۆچوون هۆنراوەتەوە.**

لەباسی بت و پەرستراوەکاندا، ئەکسیۆفانس زۆر بیر ڕوونو تەنانەت بیر تیژیش بووە.

**حەبەشیەکان دەڵێن گوایە بتەکانیان لوت پانو ڕەش پێستن. بەڵام تراکیەکان(خەڵکی تراقیا) ئەڵێن ئەوانەی ئەمان چاوشینو قژ سوورن.**
**ئەگەر گاجووت، یان ئەسپ یان شێر دەستیان هەبوایەو توانای وێنەکێشانو پەیکەر تاشینیان هەبوایە، وەك مرۆڤ، ئەوا ئەسپ وێنەی بتەکانی خۆیان وەك ئەسپ دەکێشاو گاجووتەکان وەك گاجووتو هەروەها هەرچی بونەوەر هەیە لەسەر شێوەو روخساری خۆی وێنەی بتەکانی خۆیان دەنەخشاند.**

---

[3] – بەر لە گەشەکردنی هونەری پەخشاننووسین، زیاتر پەنا بۆ شیعرگووتن براوە، چونکە ئاسانتر لەبەرکراوەو لە بیردا ماوەتەوە، هەندێك لە تێکستە فەلسەفییە دێرینەکان لەسەر شێوازی شیعر دانراون، لەم بوارەدا ئەکسیۆفانس لە نێوگریکییە هەرە دێرینەکاندا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، دواتریش لە نێو فەیلەسەفەکانی رۆمیدا کە بە لاتینی بیرۆکەکانی خۆی بە شیعر دەربڕیوە لوکریتیۆس کارۆس بووە.

لەلایەن کارل پۆپەرەوە، ئەکسیۆفانس تەرجومەکراوە بۆ ئینگلیزی. ئەو بیرۆکەی کە گوایە هەموو زانیارییە زانستیەکانمان لەڕاستیدا تەنیا مەزندەیەو هەمیشە، لەپڕەنسیپدا، ئەتوانین لەگەڵ شتیتری نزیکتر لەڕاستییەوە ئاڵوگۆڕیانبکەین، کرۆکی فەلسەفەی پۆپەر پێکدەهێنێ. بەلای پۆپەرەوە، ئەکسینۆفانس یەکەم کەسە کە ئەم تەعبیرەی دەربڕیوە. وا باوە کە پارمەندیس. ئەو فەیلەسوفەی لەمەودا باسیدەکەین، بە قوتابی ئەکسینوفانس بووبێت. ئەم لەنیوەی یەکەمی ساڵانی ٤٠٠ پ. ز ژیاوە. ئەم یەکەم ئەڵقەی پەیوەندیمان بۆ دروست دەکات لەگەڵ سوکرات دا. پلاتۆن لەیەکێ لەدیالۆگەکانیدا باسی(پارمەندیس)مان بۆ ئەکات. کە وەك پیرە پیاوێك، لەگەڵ زینونی قوتابی پارمەندیس، وەك پیاوێکی تەمەن مام ناوەندیو سوکراتی لاو دەگەنە یەك بۆ گفتوگۆیەکی فەلسەفەییانە. کە لێرەدا هەم سوکراتو هەم پلاتۆن راشکاوانە پێیان وابوو کە زۆر شت لەپارمەندیسەوە فێربوون.

## هەموو شتێك یەك شتە

بەلای پارمەندیسەوە، کارێکی ناکۆکە، گەر بگوترێ نەبوون بوونی هەیە. ئەم دەڵێت هەرگیز نەبوون بوونی نەبووە. هەر لەبەرئەوەش ڕاست نییە بگوترێ هەموو شتێك، تەنانەت یەك شتیش لەهیچەوە دروست بووە. دەبێت هەموو شتێك هەموو کاتێك هەر هەبوبێت. هەر بە هەمان شێوە ناکرێ شتێك ببێت بە نا ـ شت. کەواتە هەموو شتەکان نەك تەنیا بێ سەرەتاو بێ کۆتایین، بەڵکو هەتا هەتایینو ناتوانرێ لەناو بچن. دیسان بە هەمان شێوە هیچ کونو کەلەبەرێك لە حەقیقەت یان واقیعدا نییە کە جێگای نەبوونی تیا ببێتەوە، واقیع دەبێت خۆی لەخۆیدا یەکپارچە بێت.

هەموو گەردوون دەبێت چڕوپڕبێت. کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەك یەك یەکە تەماشای گەردوون بکرێت. یەکەیەکی نەگۆڕ. هەموو هەریەکە. ئەوەش کە وەك گۆڕانکاری یان بزوتن خۆی دەنوێنێ، ئەو ئاڵوگۆڕانەن کە لەسیستەمێکی داخراودا ڕوو دەدەن.

ڕەنگە ئەمە بیروبۆچونێکی سەر سوڕهێنەربێ. بەڵام کاریگەر بووە هەروەك ئەو دوو تیۆرییە زانستیانەی سەبارەت بە گەردوون نیوتن ساڵانی ١٦٠٠و ئینیشتاین ساڵانی ١٩٠٠ پەرەیانپێدا. ئەم جۆرە تێڕوانینانەش بۆ گەردوون، پارمەندیسمان بیردەخاتەوە. لەلایەکەوە قەدەر دیاریکرابوو. لەوە دەچوو هەموو شتێك بڕیاری لەسەر درابێتو زەرووری بێت. لەلایەکی تریشەوە باوەڕ وابوو کە تەنیا لەگۆشە نیگای(زات)ی هەستدارەوە((ئێستا)) بوونی هەبێت. لەڕووی مەوزوعییەوە هەموو ساتەکانی کات وەك یەك گرنگن. کاتێك دوان لەهەرە خاوەن فیکرە گەورەکانی سەدەی بیستەم دەربارەی ئەم باسە گفتوگۆ دەکەن، ناوی پارمەندیس دێتە ناو ناوانەوە. ئەم دوو کەسەش ئاینشتاینو پۆپەر بوون. پۆپەر دواتر لەیادەوەرییەکانی خۆیدا(Unending Quest) (یادەوەرییەکانی ڕوناکبیرێك) دەربارەی ئەو گفتوگۆیە نوسیویەتی: من هەوڵم دا کە ئەو دەستبەرداری ئەو بیرە بێت، کە هەموو شتێك لەسەرەتاوە بڕیاری لەسەر درابێت، کە وای بۆ دەچوو جیهان چوار بوعدی بێتو گەردوون وەك پارمەندیس باسیکردوە. واتە یەکێتی گەردوون، کە هەموو گۆڕانەکانی ناوی بە تایبەتی گۆڕنکارییە نزیکەکان هەر لەخەیاڵی مرۆڤدا بونیان هەبێتو لەشێوەی سەرابدابن. ئەو سەلماندی کە بەو شێوەیە بیردەکاتەوە. کەگفتوگۆمان لەسەرکرد، پێمگوت(پارمەندیس). ئەمە دەلیلێکی زۆر ئاشکرایە کە بیری پارمەندیس هێزێکی تایبەتیو کاریگەری مەزنی هەیە لەسەر ژیانی خاوەن بیرەکانی کۆنو سەردەمی ئێمەشدا.



## چوار مادە بنەڕەتییەکان

دیارترین کەسایەتی فەلسەفەی پێش سوکرات، ئەمپیدوکلیس بووە، کە لەنیوەی یەکەمی ساڵانی ٤٠٠ پ. ز ژیاوەو سەرکردەیەکی سیاسی دیموکراتخواز بووە. بێگومان سەرکردەیەکی جەماوەری بووە. وەك باسدەکرێت، توانایەکی سەیری هەبووە. هەروەها مردنێکی سەیریش. خۆی خۆی فڕێداوەتە ناو دەمی بورکانی ئێتنا. ئەمەش میلودراماترین مەرگە تا ئێستا فەیلەسوفێك دووچاری بوبێت.

ناکۆك بە پارمەندیس. ئەمپیدوکلیس هەوڵی داوە داکۆکیو بەرگرییکات لەبوونی واقیعو حەقیقەتو جۆراوجۆریو بەردەوام گۆڕانکاری زانیارییە هەستەکییەکان. لەهەمان کاتیشدا، لەهەندی خاڵدا هەقی داوە بە پارمەندیس. ئەمیش لەسەر ئەو بیروباوەڕە بوو، کە مادە لەهیچەوە پەیدانابێتو ناتوانرێ لەحاڵەتی بوونەوە بگوێزرێتەوە بۆ حاڵەتی نەبوون. بەڵام ئەم پێی وابووە کە بنەڕەتی هەموو جۆرەکانی ماددە لەچوار توخمی سەرەکییەوە دروستبوون، کە نەگۆڕو هەتا هەتایین. ئەم چوار ماددە بنەڕەتیەش بریتییە لەخاك، ئاو، هەواو ئاگر.(خۆرو تیشکی ئەستێرەکانی ئاسمان لەئاگرن).

ئەم بۆچوونەی سەبارەت بە چوار ماددەی بنەڕەتی لەلایەن ئەرستۆتالیسەوە سوودی لێوەرگیراوەو تا سەردەمی ڕێنسانس ڕۆڵێکی گرنگی لەفیکری ڕۆژئاوایدا بینیوە. لەڕاستیدا تا ئێستاش زۆرجار لەئەدەبیاتی ڕۆژئاوییدا ئاماژەیان پێدەکرێ. گروپی ئەتۆمییەکان، یەکێکن لەو گروپانەی لەسەردەمی پێش سوکراتدا زۆر بیر دەوڵەمەند بوون. بەناوبانگترین خاوەنبیری ئەم گروپە، دووکەسن. لیوکیپۆسو دیموکریتیس. لیوکیپۆس خاوەنی ئەو بیرە بنەڕەتییەیە، کە ئەڵێت هەموو شتێك لەئەتۆم پێکهاتووەو ئەتۆم ئەوەندە بچوکە، کە ناتوانرێ بە چاو ببینرێو تەنانەت ناشتوانرێ کەرت بکرێ بۆ پارچەی بچوکتر. وشەی ئەتۆم وشەیەکی گریکییە بە واتای(کەرت ناکرێ). هەروەها لیوکیپۆس وتویەتی: هەر ئەتۆمو بۆشایی بوونیان

هەیە. هەموو شێوەکانیتری شتەکان پێکهاتەی ئەتۆمن لەناو بۆشاییدا. ئەتۆمەکان هەر هەبوون، دروست نەکراون‌و لەناو ناچن. هەموو گۆڕانکارییەکانی جیهانیش تەنیا گۆڕینی حاڵەتی شێوە یان شوێنی ئەتۆمەکانە. ئەم شیکردنەوەیەی ئەم‌و دیموکریتس بە ئاشکرا پێویستی بە دیاریکردنی هۆکارەکان بووە. واتە ئەمان هیچ هەوڵیان نەداوە دیاردە سروشتییەکان لەسەر ئەنجامەکانەوە شی بکەنەوە. جارێکیان دیموکریتیس گوتویەتی بۆ من دۆزینەوەی یەك هۆکار لەوە خۆشترە کە بکرێم بە شای فارس، بیرۆکەیەکی سەرەکیتری ئەمان ئەوەبووە، کە گەردوون یەك پارچە نییە، وەك پارمەندیس بۆی چووە، بەڵکو چەندەها یەکەی بەش بەشە.

باوەڕ وایە کە ئەم دوو خاوەن فیکرە، پێکەوە بەردی بناغەی فیزیای ئەتۆمییان دانابێت. کارو بەرهەمەکانیان جێگای سەرسوڕمانە. ئێمە نابێت بە هەڵەدا بچین‌و هەموو ئەو گەشەپێدانەی بەسەر بیرۆکەکاندا هاتووە، بە ناوی ئەمانەوە تۆماریان بکەین. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەبێ بزانین کە ئەمان خاوەن بیرۆکەی رەسەن‌و وردو قووڵ بوون سەبارەت بە تێگەیشتنیان لەجیهان.

## گواستنەوەی فەلسەفە بۆ ئەسینا

ئەمەی پێشوو، گەشتێك بوو بەناو دەستەیەکی هەڵبژاردە لەخاوەن بیرە سەرنجڕاکێش‌و گرنگەکانی سەردەمی پێش سوکرات[٤]. ئەمەش بە هیچ جۆرێك هەموویانی نەگرتۆتەوە، تەنیا باسمان لە هەرە بەناوبانگەکانیان کردوە. گەلێکیتریش ماون، کە ماوە نەبووە باسیان لێبکەین. وەك ئەناکساگۆراس، کە فەلسەفەی گواستەوە بۆ ناو شاری ئەسینا. هەروەها پرۆتاگۆراس[٥]، کە تا ئەم سەردەمەی ئێمەش زۆرجار گوتەکەی ئەو (مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە) وەك نموونە دەهێنرێتەوە.

ئەگەر ئێمە وەك یەك پارچە تەماشای فەلسەفەی پێش پرۆتاگۆراس بکەین، ئەوا دەبینین  ئەمان هەر هەموویان لە خاڵێکی گشتیدا بە یەك دەگەن. ئەمان یەکەم، پێش هەموو شتێك، بە شێوەیەکی سەرەکی تواناکانیان خستبوە گەڕ بۆ تێگەیشتن لە سروشتی جیهانی دەوروبەرمان. نەك تێگەیشتن لەسروشتی مرۆڤ، کە لەڕاستیدا گومان هەیە کە ئەوان بیریان لەسروشتی مرۆڤ کردبێتەوە. دووەم خاڵی هاوبەشیش ئەوە بووە، کە ئەمان بێوچان، جەسورانە تیۆری گەورە گەورەیان داناوە، چونکە ئەمان یەکەم بوون لەم جۆرە بیرکردنەوەیاندا. زۆرجار تیوریەکانیان وەك نامەعقول‌و ئاڵۆسکاو بوون. بەڵام جێی سەرسوڕمانە، کە لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەمان خاوەنی چەندین بیرۆکەی باش بوون، ئەو بیرۆکانەی کە دواتر بەریان هەبوو. لەپرۆسەی گەشەکردندا، لەهەوڵدانی دواتری ئێمەی مرۆڤ لەسەدان ساڵدا بۆ تێگەیشتن لەو جیهانەی تیایدا دەژین.

---

[4] – هیچ کتێبێك یان نووسراوێکی سەردەمی پێش سوکرات بە تەواوی نەگەیشتۆتە دەستمان، ئەوەی هەیە پچڕپچڕ یان لە دووتوێی نووسینی کەسانی ترەوە بە دەستهاتوون، یەکەم کەس کە کتێبی بە تەواوی‌و بە زمانی رەسەنی خۆی مابێتەوە  پلاتۆنە.

[5] –  سوفیستییەکان ئەو مامۆستا پرۆفیشۆنالانە بوون کە ماوەیەکی کەم بەر لە هاتنی سوکرات پەیدا بووبوون، ئەمانە گەنجانیان فێری لایەنە پراکتیکییە پێویستەکانی ژیانی ئەو سەردەمانە دەکرد بە تایبەتی هونەری وتاربێژیی، لەبەر ئەوەی قوتابییەکانیان وا فێردەکرد، کە بێگوێدانە بیروڕای تاکەکەسی خۆیان، خەریکی رازاندنەوەی ئەو بابەتانەبن کە باسیان لێوە دەکەن، لەلایەن روناکبیرە رەسەنەکانەوە بە سووك سەیردەکران‌و وشەی (سوفیست) واتایەکی نزمی گرتەخۆی کە تا ئەم سەردەمەش هەر وا ماوەتەوە. یەکەم سوفیست‌و هەرە بەناوبانگترینیان پرۆتاگۆراس بووە.

## ئەکیلیس‌و کیسەڵەکە

یەکێك لەقوتابیەکانی پارمەندیس، کە لاوێکی زیرەك‌و بیرتیژ بووە، ناوی زینۆن بوو. کە بە زینۆنی ئیلیایی ناسراوە، بۆ جیاکردنەوەی لەدامەزراێنەری ڕێبازی ستویزم کە ناوی زینۆنی کیتیۆنی بووە. ئەم زینونی ئیلیاییە پسپۆر بووە لەبواری هێنانە پێشەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەهەمان کاتدا دەکرێ بە پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ وەڵام بدرێنەوە، هەندێك لەم پرسیارانە لەو سەردەمەوە تائێستاش بوون بە مایەی سەرئێشە بۆ مرۆڤ.

یەکێك لەم پارادۆکسانە دەربارەی ئەکیلیس‌و کیسەڵەکەیە. کە گوایە لەگەڵ یەکتری پێشبڕکێی ڕاکردن دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەکیلیس دەتوانێ زۆر خێراتر لەکیسەڵەکە ڕابکات، کەواتە ماوەیەکی زۆر پێش دەکەوێت‌و بەجێیدەهێڵێ. لێرەوە زینۆن دەڵێت: ئا، بەڵام کە ئەکیلیس دێتە سەر هێڵی دەستپێکردنی پێشبڕکێ لەگەڵ کیسەڵەکەدا، لەو چرکە ساتەدا کیسەڵەکە فریای ئەوە کەوتوە کەمێك هێڵەکە تێپەڕێنێت. کە ئەکیلیس جێی خۆی دەگۆڕێت‌و دەچێتە تەنیشت کیسەڵەکەوە، لێرەشدا کیسەڵەکە ناوەستێ‌و کەمێکیتریش پێش ئەکیلیس دەکەوێتەوەو هەروەها بەمجۆرە... بەبێ کۆتایی... ئەکیلیس هەرگیز ناتوانێ بە کیسەڵەکە بگاتەوە، چونکە هەموو جارێك کە ئەم هەڵوێستەیەك دەکات بۆ دیاریکردنی هێڵی دەستپێکردنی پێشبڕکێ کە، ئەوا کیسەڵەکە هەر لەجوڵەدایە، گەرچی زۆر کەمیش بێت، شتێك هەرچۆتە پێشەوە. کەواتە ئەکیلیس هیچ کاتێك ناتوانێ پێش کیسەڵەکە بکەوێتەوە. ڕەنگە لێرەدا بقیژێنی‌و بڵێیت: بەسە، بیبڕەوە، چۆن شتی وائەبێت. ئەمە قسەی بێ سەروبەرە. ئەکیلیس کە مرۆڤە، زۆر لەکیسەڵ خێراترەو یەکسەر پێشی ئەکەوێتەوە. ئەگەر تۆ وابڵێیت، ئەوا لەمەبەست تێنەگەیشتویت. لێرە گرنگە لەمەبەستەکە تێبگەیت. کێشەکە ئەوەنیە قەناعەت بهێنی کە ئەکیلیس هەرگیز ناتوانێ لەکیسەڵەکە تێپەڕێ. دیارەو ئاشکراشە کە ئەتوانێ بە ئاسانی پێش بکەوێ.



ئەمە تۆ باش دەیزانیت‌و هەروەها زینۆنیش چاك ئەمە دەزانێ. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە ئێمە لەبەرامبەر کێشەی گفتوگۆیەکی لۆژیکی سەختداین کە ئەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی هەڵە، ئایا ئەبێ هەڵوێستمان چیبێت.

ئەگەر وابێت ئێمە لەکێشەیەکی لۆژیکیدا، لەسەرەتایەکی نەگۆڕەوە دەستپێبکەین‌و هەنگاو بە هەنگاو بەبێ هەڵە بگەینە سەرئەنجامێك کە بەئاشکرا دیاربێت نا دروستە. ئەوا توشی گێژاوێك دەبین، کە ەڕەشە لەهەموو هەوڵەکانمان دەکات بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان لەجیهانی دەوروپشتماندا. ئەم بابەتە لۆژیکییە لەکۆنەوە، تا ئێستاش مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. دەبێت هەڵەیەك لەزانستی لۆژیك دا هەبێ. زۆرکەس وای بۆ چووە، بەڵام کەس تائێستا نەیتوانیوە بە ڕوون‌و ئاشکرایی ئەم هەڵەیە دەستنیشان بکات.

هەر بەم بۆنەیەوە، جیلبێرت ڕیلیە، کە یەکێکە لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی سەدەی پێشوو، سەبارەت بەم جۆرە کێشانەی وەك ئەکیلیس‌و کیسەڵەکە وتویەتی لەزۆر ڕووەوە دەتوانرێ وەك وشەبازی بۆ مەتەڵەکان تەماشابکرێن. ڕەنگە ڕۆژێك ئەم کێشەیەش چارەسەربکرێت، وەك چۆن زۆربەی کێشەکانیتر چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە.



# سوكرات

## مامۆستای پرسیارەكان



# سوكرات

## مامۆستای پرسیارەكان

**سوكرات دامەزرینەری فەلسەفەی ئاكارە، هەروەها خاوەن ئەو رێبازەیە كەبەپرسیاری بەردەوام هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بەراستەقینە.**

سوكرات یەكەم كەڵە فەیلەسوفی یۆنانییە كەلەشاری ئەتین لەدایكبووبێ، ئەم لەسەردەمی زێرِینی ولاّتی یۆناندا ژیاوە. دەوروبەری ساڵی ٤٧٠ پ.ز لەدایكبووەو ساڵی ٣٩٩پ.ز كۆچیكردوە. ژنێكو سێ منالّی دوای خۆی بەجێهێشتووە، لەسەردەمی گەنجێتیدا ئەو وانەفەلسەفەییانەی خوێندوە، كەئەوكاتە باوبووە. واتە فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفانەی كەئێستا بەفەیلەسوفەكانی پێش سوكرات ناودەبرێن. ئەو فەیلەسوفانەی هەریەكەی بەشێوازی تایبەتی خۆی هەوڵی تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەرمانی ئەدا. ئەم بەشێوەیەكی سەرەكی دووشت لای ئەم فەیلەسوفانە سەرنجی راكێشابوو، كە بەلایەوە هەردوو شتەكەش لەدژی ئەو فەیلەسوفانەبوو.

یەكەم شت ئەوەبوو كەفەلسەفەكانیان دژ بەیەك بوون. تۆپەڵێ گرێكوێرەی تێوری ناكۆك، بەهیچ شێوەیەكیش نەدەكرا باشیان لەخراپیان جیابكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كەخاوەنی بیرۆكەی سەرنجراكێش بوون، بەلاّم پەیڕەوی میتۆدی رەخنەگرییان نەكردوە. لەبەرئەوە نەدەكرا بووترێ كامیان راستە. هەروەها دووەم شت ئەوەبوو، كەئەگەر بشمانتوانیایە بزانین كامیان راستە، ئەوا لەپراكتیكدا هیچی نەدەگۆڕی. بۆ ژیانی رۆژانەی ئێمە زانینی دووری رۆژ لەزەوییەوە چ بایەخێكی هەیە؟ یان ئەگەر بزانین كەخۆر لەپیلوپونیسوس یان لەهەموو زەوی گەورەترە؟ ئەم

جۆره زانیاریانه هیچ کاریگەرییەکی نابێ بۆسەر هەڵسوکەوتی رۆژانەمان، ئەوەی کەئێمە پێویستمانە ئەوەیە بزانین چۆن بژین‌و چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟ گرنگترین پرسیار بۆ ئێمە ئەوەیە: چی چاکە؟ چی راستە؟ داد چییە؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانەمان زانی ئەوا کاریگەری قووڵیان دەبێ بۆسەر شێوازی ژیانمان.

سوکرات لەوباوەڕەدا نەبووە کەئەم خاوەنی وەڵامی ئەو پرسیارانەبێ، هەروەها لەو بڕوایەشدا بووە کەهیچ کەسێکیتریش خاوەنی ئەو وەڵامانە نەبووە. کاتێك عەرافەکەی دەلفی پێیگوتووە کەتۆ زاناترین کەسیت، بەپێی لێکدانەوەی ئەم مەبەستی لەوەبووە کەتەنیا ئەم ئەزانێت یان دەرك بەوە دەکات کەنەزانە. لەو سەردەمانەدا هیچ زانستێکی سەربەخۆو دارێژراو نەبووە چ سەبارەت بە سروشت‌و چ سەبارەت بە مرۆڤ، لەبەرئەوە سوکرات بەناو ئەتیندا کەوتە گەڕان‌و ئاڕاستەکردنی پرسیارە بنەڕەتییەکان سەبارەت بەمۆراڵ‌و پۆلێتیك بۆ هەموو ئەوانەی ئامادەی گوێلێگرتنی بوون. ئەو دیالۆگانەی لەم پرسیارانەوە دەهاتنە ئاراوە، زۆر سەرنجراکێش بوون‌و سوکرات خوێشی مرۆڤێکی کاریزمی بووەو لەهەر شوێنێك بوبێ، لاوان‌و ئەوانەی بەدوای زانیندا عەودالْ بوون، لەدەوری خۆی خڕدەکردەوە. هەموو جارێك بەهەمان شێواز پرسیارێکی بنەڕەتی کەگرنگی پراکتیکی هەبوو دەکرد، وەك هاورێیەتی چییە؟ ئەم بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە تەحەدای ئەوانەی دەکرد، کەپێیان وابوو وەڵامەکە دەزانن. وەڵامەکەیانی ئەخستە بەر رۆشنایی شیکردنەوەو کۆمەڵێ پرسیاریتری لەبارەیەوە ئەهێنایە ئاراوەو ئاڕاستەی خاوەن وەڵامەکەی دەکرد. ئەگەر یەکێك لەوەڵامی ئازایەتی چییە؟ دا بیووتایە نەبەزییە، ئەوا سوکرات ئەیووت باشە ئەی کەللە رەقی چییە؟ مرۆڤە کەللەرەقەکان دەتوانن زۆر خۆڕاگرو نەبەزبن، ئایا کەللەرەقی ئازایەتیە؟ ئایا کەللەرەقی شایانی پیاهەڵدانە؟ بەم شێوەیە خاوەن وەڵام ناچاردەبوو لەوەڵامەکەی خۆی یان پاشگەز ببێتەوە یان زیاتر روونیبکاتەوە، لەئەم جۆرە دیالۆگەدا دەردەکەوت کەئەو وەڵامانە



لاوازن، دەریدەخست کە هەم بەرامبەرەکەی‌و هەم گوێگرەکان لەوباوەڕەدابوون کەبۆ نموونە دەزانن ئازایەتی چییە، بەڵام بۆیان دەردەکەوت کەوانییە.

ئەم پرسیارکردنانەی سوکرات بوونە جێی رەزامەندی خەڵك ...ئەم پرسیارانە نەزانی ئەو کەسانەیان ئاشکرا دەکرد کەپێیان وابوو زانان. کەچی لەراستیدا هەروەك عەرافەکەی دولفا بە سوکراتی گوتبوو ئەوان لەم زیاتریان نەدەزانی، کە ئەمەش بووە مایەی سەرنجراکێشانی گوێگران بەرەو پرسیاری بنەڕەتی فەلسەفەو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرسیارانە، گەرچی سوکرات زۆر کەمجار وەڵامی تەواوەتی دابێتەوە (بەلای ئەمەوە دوا وەڵام گەربکەوێتە بەر شیکردنەوە ئەوا وەڵامی دژ بەخۆی دەهێنتە ئاراوەو ناکرێ وەك دوا وەڵام حسابی بۆ بکرێ ) ئەوا ئەم ئاگر خۆشکەری سەرنجراکێشانی خەڵکبووە بۆ ئەو کێشانەی ئەم بەپرسیار ئەیهێنایە ئاراوەو وای لەو خەڵکانە دەکرد، کە بە ئاشکراتر لەجاران هەستبکەن چ سەختی‌و دژواریەك روبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی هەوڵدانیاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

## چی لەپشتی وشەکانەوەن ؟

کاتێك سوکرات پرسیاریدەکرد ئایا دادپەوەری چییە؟ ئەم تەنیا عەودالّی پێناسەیەکی وشەسازی روون نەبوو، ئەو فاکتەرەی کەئێمە وشەی دادپەروەری بۆ هەموو مرۆڤو هەموو جۆرە بڕیارو یاساکان بەکاردەهێنین، ئەمە مانای وایە خالّێکی هاوبەش هەیە، ئەمیش عەودالّی گەیشتن بوو بە جۆرو خەسڵەتی ئەو خالّە هاوبەشە، بەوتەیەکیتر ئەم پێیوابوو کەئەم جۆرە (دادپەروەری)یە بوونی هەیە، گەرچی بوونێکی ماتریالیش نەبێت، رەنگە جۆرێکبێت لەخەستە یان لەرۆحی ئەو شتانە. ئەم لەهەوڵداندابوو بۆ دۆزینەوەی سروشتی ئەپستراکتی ئەم حەقیقەتانە. کەئەو بۆچوونانەی ئەم دواتر لەنووسینەکانی پلاتۆنی شاگردیدا گەشەیکرد بۆ باوەڕبوون

به بیره ئەبستراکتەکان وەك شێوە ڕەهاو کاملۆ نەگۆڕەکان بۆ هەموو شتێك، کەلەژیانی ڕۆژانەماندا ناکاملۆو هەمیشە لەگۆڕاندان[6].



ئەو کارەی سوکرات خۆی رایدەپەڕاند هەرخۆی بوە هۆی بەش بەشبوونو لەناوچوونی دەستەلاتی ئەم، ئەم خۆی خەڵکی فێردەکرد کەهەموو شتێك بخەنەبەر پرسیار، هەر خۆی پەردەی نەزانینی لەسەر رووی مرۆڤە ناودارەکان هەڵماڵی. ئەم

[6] – سوکرات لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە ناوبانگ دەربکات و ناوی بە نەمری بمێنێتەوە، وەك زانراوە هەرگیز خۆی بیروبۆچوونەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە، هەرچی لە بارەی ئەوەوە دەیزانین لە خەڵکانی ترەوە پێمانگەیشتوون، بە تایبەتی لە رێگەی پلاتۆنەوە کە هەندێك دیالۆگی نووسیوە کە کەسایەتی سەرەکی تیایاندا سوکراتی مامۆستای بووە. دیالۆگەکانی پلاتۆن بە دوو قۆناغ نووسراون، یەکەم ئەو دیالۆگانەن کە راستەوخۆ بیروبۆچوونەکانی سوکراتیان تێدا تۆمار کراوەو دووەم قۆناغیش پلاتۆن بیروراکانی خۆی بە زمانی سوکراتەوە نووسیوە.



بوو بەکەسایەتیەك کەبیروڕای زۆر دژبەیەکی لەسەر هەبوو. زۆر خۆشەویست لای هەندێك، بەلأم زۆر قێزەون لای هەندێکیتر.

لەئاهەنگێکی رەسمی شاردا، لەشانۆییەکدا کەنووسەری کۆمیدی سیرفانتس ٤٢٣پ.ز بەناوی (هەورەکە) نوسیبووی. ئەم بەوێنەیەکی کاریکاتێریو گاڵتەجاڕی خرابووە بەر چاوی هەموو خەڵکی شاری ئەتین. لەکۆتاییدا لەلایەن حکومەتەوە دەگیرێتو بەتاوانی لەخشتەبردنی لاوانو بەتاوانی بڕوا نەبوون بەخوداوەندەکانی شار. درا بەدادگاو حوکمی مردنی بەسەردادرا، حیکایەتی گرتنەکەیو دادگایکردنیو چۆنییەتی ژەهر خواردنەوەکەی یەکێکە لەهەرە تراژیدییە دڵتەزێنەکان لەمێژووی فەلسەفەدا. ئەوەی سوکراتی لەهەموو فەیلەسوفەکانیتر زیاتر ناودارکرد ئەوەبوو، کەئەم دەستپێشخەربوو بۆ قووڵبوونەوە لەپرسیارکردن دەربارەی هەموو ئەو بنەما گشتیانەی کەهەبوو، کە ئەم میتۆدەش لەو سەردەمەوە بووە بەخەسڵەتێکی گرنگی فەلسەفە. زۆرجار سوکرات دەیگوت ئەم هیچی پێ نییە تا بیگەێنێت بەخەڵك، ئەم تەنیا پرسیاردەکات، کەئەمەش بەتەواوی راست نەبوو، چونکە لەزۆر لەپرسیارکردنەکانیدا هەندێ قەناعەتی چەسپاو هەیە.

یەکێك لەو جۆرە قەناعەتانە ئەمەبوو، گەر مرۆڤ کەسایەتی خۆی بپارێزێ، هیچ زیانێکی درێژخایەنی تووش نابێت، دەشێت نائارامی لەم جیهانەدا ئازادی لەدەست بداتو ناعادیلانە، رەفتاری لەگەڵدا بکرێتو فڕێبدرێتە زیندانیەوە، یان دوچاری کارەسات یان نەخۆشی ببێ، بەلأم ئەمانە هەموویان کاتینو هەر چۆنێك بێت کۆتاییان پێدێت. زۆرجاریش ئەم گرفتو کۆسپانە سادەو بێبایەخن، بەمەرجێك رۆح نەشێوێنرابێت، کارەساتی گەورەی مرۆڤ لەرۆح شێواندندایە، هەر بۆیە زۆر ئاسانە مرۆڤ خۆی دووچاری زوڵملێکردن بێت وەك لەوەی زوڵم لەخەڵکیتر بکات، ئێمەش پێویستە بەزەییمان بەوانەدا بێتەوە کەزوڵمدەکەن زیاتر لە زوڵم لێکراوەکان.

ئەم بۆ چوونانە سوكراتی لای ستویزمەكان كردە پاڵەوانێكی گەورە. كەئەمان چەندان سەدە دوای سوكرات، وەك پیاوێكی پیرۆز تەماشای سوكراتیان دەكرد، هەروەها یەكێ لەقەناعەتەكانی تری سوكرات ئەوەبوو، كەهیچ كەسێك بەمەبەست یان بە هۆش و ئاگاییەوە خراپەكاری ناكات، ئەم بەلایەوە وابووە كەئەگەر هەر مرۆڤێك بزانێت ئەو كارەی ئەیەوێت ئەنجامی بدات، كارێكی خراپە، ئەوا پێی هەڵناسێتو خراپەكاریەكە ناكات. هەروەها ئەگەر مرۆڤ كارێكی خراپی ئەنجام دابوو ئەوا لەناخو دەروونی خۆیدا نەیزانیوەو تێنەگەیشتووە كەخراپەكاری كردووە. لەم خاڵەوە مەسەلەی ئەخلاق یان خووڕەوشت دەبێت بەمەسەلەی زانیاری، ئەم قەناعەتەی سوكرات بوو بەسەرچاوەیەكی هێز بۆ خەباتی بێووچانی ئەم لەگەڵ پرسیاری دادپەروەری چییە؟ ئەم پێی وابوو ئەگەر ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارەمان بزانیایە، ئەوە ئیتر بەپێویست دادپەروەرانە هەڵسوكەوتمان دەكرد.

بەم پێیە خۆماندوكردن بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەو خۆ ماندوكردن بۆ بەدەستهێنانی ئاكارو رەوشتی باش هەمان شت دەبوو.

## لەگەڵ خۆتدا راستگۆ بە

گومان هەیە لەوەی كەفەیلەسوفێكیتر كاریگەرێتی لەسوكرات زیاتر بووبێت، ئەم یەكەم بووە لە هێنانە پێشەوەی مەسەلەی كەسایەتی تاك[7]. ئەوەش بەباسكردن لەئەركەكانی خودی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی، نەك بەرامبەر خوداوەندەكان یان بەرامبەر بەیاساكان یان هەر هێزێكیتری دەرەكی. ئەم بۆچوونە بەدرێژایی مێژوو كاریگەری گەورەی هەبووە، ئەم وەك ئامادەبوو بۆ جێبەجێكردنی دەسەڵاتی یاسا

[7] – گەر تۆ پەیڕەوی ئامۆژگاری من دەكەیت، ئەوەندە بایەخ بە سوكرات مەدە، بەڵكو زیاترین بایەخ بە هەقیقەت بدە.



بمرێ، بەهەمان شێوە ئامادە نەبووە لەورێگایە لابدا كەئەم خۆی بەراستی زانیوە، لەوكاتەدا كەمردنی خۆی هەڵبژارد، بیویستایە ئەیتوانی لەزیندان رابكاتو ئەم جۆرە هەڵبژاردنە لەنێوان ژیانو مردندا دواتریش لەلایەن كەسایەتی هەرە مەزنی مرۆڤایەتییەوە، لەلایەن مەسیحیەوە، هەڵبژێردراوە، بەبێ ئەوەی كاریگەری سوكرات لەسەر ئەم هەبێت، ئەمیش وتویەتی: ئایا مرۆڤ چ سوودێك لەوە وەردەگرێت كەهەموو دنیا بەدەست بهێنێ، بەڵام خۆی بدۆڕێنێ؟ هەروەها شكسپیر لەم بارەیەوە وتویەتی: لەگەڵ خودی خۆتدا راستگۆبە.



هەروەها سوكرات زیاتر لەهەموو كەسێ هەوڵیداوە پرنسیپی خستنەبەرپرسیاری هەمووشتێك بچەسپێنێ، نابێ هیچ وەڵامێكی لەقاڵبدراوی ئامادە هەبێ. میتۆدێكی هێنایە ئاراوە، كەناسراوە بەمیتۆدی دیالەكتیك، واتە ئەو میتۆدەی بەبەردەوام بە پرسیارو وەڵام بەدوای راستیدا دەگەڕێت، چونكە وەڵامیش وەك هەمووشتەكانیتر دەبێ بخرێتەوە بەرپرسیار، ئێستاش ئەم میتۆدەی سوكرات هەمان بایەخی خۆی

هەیەو بەپلەی یەکەم لەوانە وتنەوەو تاقیکردنەوەدا بەکار دەهێنرێت. کەهەمان شێوەی بەکارهێنانێتی لەلایەن سوکراتەوە، ئەم میتۆدە بۆ هەموو وانە وتنەوەیەك گونجاو نییە، بۆ نموونە لەکاتی گەیاندنی راستەوخۆی زانیاری پەتیدا، بەلاّم زۆر گونجاوە وەك تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان بۆ خودی خۆیان، تابزانن تا چ رادەیەك لەبارەی بابەتێکی تایبەتییەوە شارەزاییان هەیە. بۆ ئەمەش کەئەم میتۆدە بەچاکی بەکاربهێنرێ دەبێ دڵنیاییو باوەڕی پتەو هەبێ لەنێوان مامۆستاو شاگردەکەیدا، کەلێرەدا مامۆستا (سوکرات)،ئاگاداری ئاستی شاگردەکەیەتیو پلەبەپلە بەرەو لایەنە راستەکانی دەبات، ئەم میتۆدە ئێستاش ناودەبرێ بەمیتۆدی سوکرات.



# پلاتۆن

## پردێك لەنێوان مرۆڤ و جیهانی ئەبستراکتدا



# پلاتۆن

## پردێك لەنێوان مرۆڤ و جیهانی ئەبستراكتدا

**وتەیەكی بەناوبانگ هەیە، كەگوایە هەرچی فەلسەفەی رۆژئاوایی هەیە، تەنیا پەراوێزنووسینە بۆ نووسینەكانی پلاتۆن، چونكە نووسینەكانی ئەوەندە بەربلاْون، كەهەموو لایەنەكانیان گرتۆتەوە، نەك تەنیا فەلسەفەی ئاكار، بەڵكو بەشێوەیەكی گشتی هەموو لایەنەكان لەوكاتەوە تا ئێستا.**

هیچكام لەو فەیلەسوفانەی تائێستا باسمان لێوەكردون، هیچ نووسینێكیان پاش خۆیان جێنەهێشتووە، كەگەیشتبێتە دەستی ئێمە، هەرچی بەئێمە گەیشتووە لەرێگای پەنجە بۆ راكێشان یان وەك نموونە هێنانەوەی بیرەكانیانە لەنووسینی خاوەن بیرانی دوای خۆیان، كەئەو فەیلەسوفانەیان ناسیوە یان ئاگاداری بەرهەمەكانیان بوون. ئەو بەرهەمانەی كەدواتر گومبوون هەندێ لەو پەنجە بۆ راكێشانە یان ئەو بەنموونە هێنانەوە بەرفراوانو تێروپڕە، بەلاْم هەندێ جاریش كاڵو كرچو ناتەواوەو دوای چەند دەستاودەستكردنێك گەیشتوون، سوكرات خۆی هیچی نەنووسیوە، هەربۆیە هەرچی شتێك ئێمە دەبارەی نووسینەكانی ئەو یان كەسایەتییە زیندوەكەی دەیزانین سەرچاوەیان نووسینەكانی خەڵكانیترە.

سەرچاوەی سەرەكیمان پلاتۆنە كەیەكێك بووە لەشاگردەكانی. پلاتۆن یەكەم فەیلەسوفی رۆژئاواییە، كەنووسراوەكانی ماونو پارێزراون، باوەڕیش وایە كەبەرهەمەكانی پارێزراوبن هەروەك سوكراتی مامۆستای، ئەمیش بەلای زۆر كەسەوە گەورەترین فەیلەسوفە.



# سوكراتی پلاتۆنو پلاتۆنی سوكرات

ساڵی ٣٩٩پ.ز، كەسوكرات جامە ژەهرەكەی خواردەوە، ئەوكاتە پلاتۆن نزیكەی ٣١ ساڵبوو، لەهەموو دادگایكردنەكەدا ئامادەبوو، دیارە ئەم رووداوە بووە بەمایەی شۆكو نیگەرانییەكی زۆر بۆ ئەم، چونكە بەلای ئەمەوە سوكرات چاكترینو داناترینو دادپەروەرترین مرۆڤ بووە. پاش مەرگی سوكرات، پلاتۆن دەستی كرد بە نووسینو بلاْوكردنەوەی كۆمەڵە كتێبێك لەسەر شێوازی دیالۆگ، كەلەهەموویاندا كەسایەتی سەرەكی سوكراتبوو، كەپرسیار دەربارەی بنەماو چەمكە سیاسییەكان دەكاتو بەپرسیارە زۆرەكانی ئیحراجیان ئەكات. بڕوا وایە كە پلاتۆن لەم نووسینانەیدا دوو مەبەستی هەبووبێت یەكەمیان بۆ زیندووكردنەوەی بیروراكانی سوكرات كەبەشێوەیەكی فەرمی قەدەغەكرابوون.

دووەم بەرزراگرتنی ناوبانگی مامۆستاكەیو ئیسپاتكردنی ئەوەی كەئەو نەك لاوانی لەخشتە نەبردوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە گەورەترین یاریدەدەرو فێركەریان بووە.

توێژەوەران بەگشتی كۆكن لەسەر ئەوەی كەلەگەڵ زەمەندا سەرچاوەكانی بیری پلاتۆن لەدیالۆگەكانیدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. دیالۆگەكانی سەرەتا كەم تازۆر پۆرترێتێكی راستو رەوانی كەسایەتی سوكرات نیشان دەدەن، هەڵبەت بەرەچاوكردنی ئازادی هونەرمەند یان رۆژنامەنووس ئەو بابەتانەی لەو دیالۆگانەدا باسیان لێوەكراوە هەمان ئەو بابەتانەن كەسوكرات خۆی لەژیانی خۆیدا گفتوگۆی لەسەركردوونو پلاتۆن لەوەوە گوێیلێبوە، بەلاْم كاتێك پلاتۆن لەنووسینی هەموو بابەتەكانی سەر بەسوكراتی راستەقینەبووەوە، زانی كە كۆمەڵە خوێنەرێكی بێوێنەی هەیە، كەهەمیشە برسی خوێندنەوەی نوسینەكانین، هەروەها لەبەرئەوەی ئەم خۆی زۆریتری پێبوو كەبیڵێت ئەوا ئیتر بەردەوام بوو لەسەر نووسینی بیروڕا تایبەتییەكانی خۆی، بەلاْم بەهەمان شێوازی پێشوو، وەك دیالۆگ، كەكەسایەتی

سەرەکی ئێستاش هەر سوکرات بوو، کەواتە بیروباوەڕی تایبەتی خۆی بەڵام بەگێڕانەوەیان لەدەمی سوکراتەوە، کەئەمەش بەناچاری کێشەیەکی بۆ توێژەران ناوەتەوە کەناکرێ بزانرێ تاکوێی دیالۆگەکان بەراستی بیروباوەڕی سوکراتن‌و لەکوێشەوە بیروباوەڕی پلاتۆن خۆی دەست پێدەکات. ئەم کێشەیەش لەوانەیە هەرگیز بەتەواوی چارەسەر نەکرێت، بەڵام ئەوەش هەیە کەدیالۆگەکانی سەرەتا لەگەڵ ئەوانی دواتردا دەربڕی دوو بیروباوەڕی فەلسەفەیی جیاوازن، واتە ئەوانەی سەرەتاکانمان دەربڕی بیروڕاکانی سوکراتن‌و ئەوانەی دواتریش هی پلاتۆن.

دیالۆگەکانی سەرەتا تەنیا خۆیان لەقەرەی ئەو کێشانە دەدەن، کەسەر بە فەلسەفەی مۆرال‌و فەلسەفەی سیاسین‌و توخنی ئەو کێشانە ناکەون، کە دەربارەی جیهانی فیزیکین، یەکێ لەقەناعەتە هەرە بەهێزەکانی فەلسەفەی جاران ئەوەبوو، کەمۆرال یەکسانە بە زانست‌و ئەو زانستەش تەنیا لەرێگای دیالۆگ‌و بیروڕا گۆڕینەوەدا دەستمان دەکەوێت کەچی ئەم جۆرە قەناعەتە فەلسەفەییانە فەلسەفەی دواتری پلاتۆن ناگرێتەوە. چونکە پلاتۆن خۆی عەشقێکی گەرمی هەبووە بۆ هەموو بوارەکانی فەلسەفە. ئەم عەشقەی بۆ زانین دەربارەی جیهانی فیزیکی کەمتر نەبوە لەوەی کەئایا چۆن بژین؟ هەموو لایەنەکانی واقیع بۆتە مایەی سەرنجراکێشانی. ناکرێ بەتەنیا بلکێنرێ بە ماتماتیك‌و فیزیکەوە، کەبەلای ئەمەوە کلیلی زانیارین دەربارەی جیهانی دەوروبەرمان. لەسەر دەرگای ئەکادیمیاکەی خۆی ئەم رستەیەی هەڵکۆلیبوو: **" ئەوانەی لەماتماتیکدا شارەزانین با نەیەنە ژوورەوە"** زۆر لەنووسینەکانی بریتی نین لەدیالۆگ یا گفتوگۆ بەڵکو تەنیا وەك تیوری بەدرێژی نووسراونەتەوەو جار جارە کەسایەتییەکەی هەر بۆ پڕکردنەوەی داناوە، کەجار جارە ئەڵێت بەڵێ وایە ...هەر دەبێ وابێ..جگە لەوەش ئەم دەستبەرداری ئەو فیکرە بووە کە ئاکار بەتەنیا بریتییە لەگەڕان بەدوای زانینی راستیدا.



بەڵام پلاتۆن هەرگیز خۆی لەسوکرات جیانەکردەوە لەرووی هەڵوێست وەرگرتنەوە سەبارەت بەو بۆچوونەی کەدەڵێت خراپترین شتێك کەبتوانێ تووشی مرۆڤ بێت پەشێوی یان تێکشکاندنی رۆحیەتی. هەر بۆیە چاکتر وایە مرۆڤ خۆی تووشی ناڕەوایی بێت وەك لەوەی ناڕەوایی لەگەڵ خەڵکی بکات. هەروەها هیچ جیاوازییەکش لەگەڵ سوکراتدا نییە لەو خاڵەدا، کەدەڵێت مرۆڤ پێویستە خۆی بیربکاتەوەو هیچ شتێك بەنەگۆڕی وەرنەگرێت‌و ئامادەبێت بۆ پرسیارکردن دەربارەی هەمووشتێك، ئەم قەناعەتە بوو کەوای لەپلاتۆن کرد بەتێپەڕبوونی کات، بەرەوپێشەوە بڕوات، سەرەتا لەپەرەدان بەبیروڕاکانی سوکرات‌و دواتریش داڕشتنی بیروڕا تایبەتییەکانی خۆی. کەوەك سوکرات بیربکاتەوە، هەروەك سوکرات خەڵکی فێردەکرد کەبۆخۆیان بیربکەنەوە، کەهەرچییەك دەبێت با مرۆڤ خۆی بیربکاتەوە بێگوێدانە هیچ مامۆستایەك، ئەمە بۆ پلاتۆن مانای وابوو کەخۆی بیربکاتەوە بێگوێدانە سوکرات. واتە بەسەرپێچیکردن لەسوکرات، پلاتۆن گوێڕایەڵی سوکراتی کردوە.

## یەکەمین مامۆستای ئەکادیمی

دوای مـەرگی سـوکرات، پلاتـۆن نیـو سـەدەیتر ژیـاوە، لەتەمـەنی (٨١) سـاڵیدا کۆچی دوایی کردووە، لەم ماوەیەدا نزیکەی دوو دەرزەن کتێبی دیالۆگی نووسـیوە، کەبـەکورتیو درێـژیان لـەنێوان (٢٠ ـــ ٣٠٠) لاپـەڕەی چـاپی ئـەم سـەردەمەن، لەهــەموویان بــەناوبانگتر "کۆمــار"[٨]ەو Symposium خوان،کەلێکۆڵینەوەیــە دەربارەی سروشتی خۆشەویستی. زۆربەی ئەوانیتر بەناوی ئەو کەسانەوە نـاونراون کەلەبەرامبەر سـوکراتدا دانـراون بـۆ دیالۆگەکـە وەك فایـدون : لاکـیس، ئیـوتیفرۆن، تییـاتیتوس، پارمنـدیس، تیمـایوسو زۆریتریـش. ئـەم دیالۆگانـە شـاکاری ئـەدەبی جیهـانین، سـەرەڕای ئـەوەی کەبەشـێك لەچـاکترین نووسـراوی فەلـسەفەیین، ئـەوا لەهەمانکاتدا زۆر وەستایانە بەجوانی نوسراون زۆر زمانەوان بەلایانـەوە وایـە ئەمانـە جـوانترین شـاکاری یۆنـانین. لەهەموشـیان جـوانتر ئـەو دیالۆگانـەن، کەپەیوەنـدی راســتەوخۆیان بــەدادگایکردنو مردنەکــەی ســوکراتەوە هەیــە. کریتــۆن، وتــەی بەرگریەکەی سوکرات Apologin وفایـدون، ئامـاژە بـەو وتـارە دەکـات کەسـوکرات لەدادگادا خوێندیەوە بۆ هەواڵدان بۆ بەرگریکردن لەچۆنیەتی ژیانی خۆی.

هــەروەك چــۆن پلاتــۆن فەیلەســوف بــووە، بەهــەمان شــێوە دەبــێ وەك هونەرمەندیش تەماشـا بکرێ، هـەر ئـەمیش بـوو کەیەکـەم نموونـەی خوێنـدنی بـالاّ (ئەکادیمیا)ی هێنایە ئـاراوە، (ئـەکادیمیا) نـاوی ئـەو خانەیـە بـوو کـەپلاتۆن وانـەی

[٨] – کتێبی کۆمار لە سەرەتادا گەرانە بەدوای واتای دادپەروەریدا، دواتر روویکردۆتە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، زۆربەی پرسە فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمانەشی گرتۆتە خۆیو پلانیکیشی تێدا داڕێژراوە بۆ دەوڵەتی نموونەیی. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە دیالۆگی کۆمار بە مەزنترین شاکاری پلاتۆن دادەنرێت، بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، فەلسەفەی سەردەمی کامڵ بوونی پلاتۆنمان بۆ روونەبێتەوە.



بەگەورە سالآن دەوتەوە. هەر لێرەوەیە کەتائێستاش ناوی (ئـەکادیمیا) بـۆ شـوێنی فێرکردن بەکار دێت.

## بوونی ئایدیا

پلاتۆن زیاتر بەخاوەنی ئەو تیورییە بەناوبانگە ناسـراوە، کـەباس لەشـێوە یـان ئایدیا دەکات، لێرەدا شێوە یان ئایدیا بەیەك مەبەسـت بـەکار دەهێنرێـت، لێرەشـدا ئایدیا لای پلاتۆن ئەو مانایە نابەخشێ، کەلای کەسانیتر هەیبووە.

لەمەوپێش باسکرا کەکاتێك سوکرات پرسیاری ئەوەی کردووە ئایا جوانی چییە؟ یان، ئایا ئازایەتی چییە؟ سوکرات مەبەستی لەم پرسـیارانە گـەڕان نـەبووە بـەدوای دۆزینــەوەی تــەعریفی ئــەم وشــانەدا، بــەڵکو عــەودالّی دۆزینــەوەی سروشــتی ئــەو خەسـڵەتە ئەبـستراکتە بـووە، کـە لەراسـتیدا بـەلای ئەمـەوە بـوونی هـەبوو. بـەم خەسـڵەتە پابەنـدی هـیچ شـوێنو کـاتێکی تایبـەتی نـەبوون، بـەڵکو بـونێکی گـشتی هەبووە لە دەرەوەی شوێنو کاتدا.

ئەو شتە جوانانەی لەژیانی رۆژانەمانـدا بوونیـان هەیـەو ئـەو رەفتـارە ئازایانـەی کەتاکەکەسان ئەنجامی دەدەن، هەمیشە کاتین، بەڵام ئەوانە بەشـێکن لـەو جـوانیو لەو ئازایەتیەی کەنموونەیی و هەمیشەینو لەناوچوونیان بۆ نییە.

پلاتـۆن، ئـەم تیوریيـە کـەدەربارەی خەسـڵەتەکانی مـۆڕالو سروشـتی بەهایـە، دەقۆزێتەوەو دەیکات بەتیورێکی گشتی، کەگشت شـتێك بگرێتـەوە، هـەموو شـتێك بێپەڕاندن، بەلای ئەمەوە کاتییە، قابیلی سیس بوونو نەمانە، هـەموو شـتێك کـۆپی شتێکیترە، کەنموونەی بالاّ، یان ئایدیاکەی، بوونێکی ئەزەلی هەیـەو قـابیلی فـەوتان نییەو بونەکەشی لەدەرەوەی شوێنو زەماندایە.

بـۆ دامەزرانـدنی ئـەم تیوریـە، پلاتـۆن پـشت بـەو ئەرگۆمێنتانـە دەبەسـتێ، کەلەسەرچاوەی جیاوازەوە دەستی کەوتوون، بۆ نموونە لـەو بڕوایـەدابووە کەچـەند

زیاتر لە خوێندنی فیزیکدا قووڵبینەوە، زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کەپەیوەندییە ماتماتیکییەکان لەهەموو بوونە ماتریالییەکاندا ئامادەن. هەموو گەردوون لەئامێرێك دەچێ کەبەڕێکوپێکی دروستکرابێت‌و هارمۆنی تیابێ‌و هەموو شتێکی بەپێوانەبێت. بەشێوازی دەربڕینی هاوچەرخ ئەتوانین بڵێین کەهاوکێشەی ماتماتیکی ئاماژە بۆ هەموو لایەنەکانی فیزیك دەکەن، وەك فیساگۆرس، پلاتۆنیش ئەمەی کرد بەبەڵگە بۆئەوەی بڵێت: لەژێر ئەم هەموو فەوزایەی سەر رووی زەمین سیستەمێکی رێکخستن هەیە، کەهەمووی نموونەیی‌و بەحساب‌و کامیلە. ئەم رێکخستنە بەچاو نابینرێت، بەڵکو بەهەست یان بەعەقڵ لێیتێدەگەین، لەهەموو گرنگتر ئەوەیە کەئەمە هەیە، وجودی هەیە، بریتیە لەحەقیقەتی شاراوە. بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرۆگرامەی، پلاتۆن کۆمەڵێ ماتماتیکناسی سەردەمی خۆی بانگکرد بۆ ئەکادیمیاکەی‌و لەژێر چاودێری ئەمدا ماتماتیك لەزۆر روەوە پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینی، ئەوکاتانە ماتماتیك‌و ئەو زانستانەی، کەئێستا پێیان دەوترێ زانستە سروشتیەکان، بەشێك بوون لەفەلسەفە.

## پلاتۆن‌و ئایینی مەسیحی

ئەم رێبازە کەلەلایەن پلاتۆنەوە گەشەی سەندو هەموو لایەنەکانی گرتەوە، بوو بەمایەی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی کەگوایە بوون بەسەر دوو جیهاندا دابەشکراوە. یەکێکیان جیهانی بینراوو هەستپێکراوە، ئەو جیهانەی لەبەردەسماندا خۆی ئاشکرا دەکات، کەهیچ شتێك تیایدا وەك خۆی نامێنێتەوە، پلاتۆن گوتەنی: هەمووشتێك لەم دنیایەدا هەمیشە بەرێگاوەیە بۆئەوەی ببێ بەشتێکیتر، هیچ شتێك لەهیچ شوێنێکدا بەنەگۆڕی نامێنێ...ئەم دەستەواژەیە کورتکراوەتەوەو بووە بە (هەمووشتێك ئەبێ..هیچ شتێك نابێ ) هەمووشتێك دێت‌و بزردەبێ، هیچ شتێك کامیل نییە، هەمووشتێك سیس دەبێ‌و لەناودەچێ، ئەم جیهانە، کەکات‌و شوێنی هەیە، تاکە جیهانێکە کە بەحەواسە مرۆڤایەتییەکانمان دەرکیان پێدەکەین.

بەلاَم لەبەرامبەردا جیهانێکیتر هەیە، کەبوونی بەکات‌و شوێنەوە نەبەستراوەتەوەو بەحەواسەکانمان هەستی پێناکەین. ئا لەو جیهانەدا رێکوپێکی رەها هەیە، ئەو دنیایەیتر بێ زەمەنەو هەرگیز گۆڕانی تیا نییە. ئەم واقیعەی لەژیانی رۆژانەماندا ئەتوانین هەستی پێبکەین، بەتەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت‌و بەشێوەیەکی ناتەواو وێنەی ئەو جیهانەی ترمان بۆ دەردەخات. بەلاَم دەتوانرێ بەوە بوترێ واقیعی راستەقینە، چونکە تەنیا ئەو خۆڕاگرەو نابزوێ. هەر ئەوە کەلەگۆڕاندا نیە لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر.

لای پلاتۆن وەك چۆن دووجیهان هەیە، خەسڵەتی مرۆڤیش دوو بەشە، بەشێك لەئێمە بینراوە، بەلاَم لەبەرامبەر ئەو بەشەدا بەشێکیتر هەیە کەنابینرێ، بەلاَم وەك ئێمە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەرکی پێدەکەین. ئەو بەشەی دەبینرێ، لەشمانە، کەپێکهاتەی ماتریالییەو یاسا فیزیکییەکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێ‌و لەکات‌و شوێندا بوونی هەیە، ئەم لەشە فیزیکییەی ئێمە لەدایك دەبێت‌و دەمرێ، ناتەواوە، هەرگیز ناتوانێ لەدوو چرکەدا وەك خۆی بمێنێتەوە، هەمیشە لەگۆڕاندایە، بەلاَم بەڕوون‌و ئاشکرایی پرشنگی ئەو بەشەی ئێمە، کەماتریالی نیە، کەلەزەمەندا نییە، کەنەگۆڕە، ئەو شتەی دەتوانین ناوی بەرین بە رۆح، ئەو رۆحە شێوەی نەگۆڕی ئێمەیە، جیهانی بوونی رۆح بێزەمان‌و مەکانە. لەو جیهانەدا شێوە یان نموونەی بالاَی هەموو ئەوشتانەی لەم دنیایەی ئێمەدایە، لەوێ وجودیان هەیە.

ئەو خوێنەرانەی بەتەقالیدی مەسیحی پەروەردەکراون، لەچوارچێوەی ئەم تێگەیشتنانەدا خۆیان دەناسنەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەئەو قوتابخانە  پلاتۆنییە لەسەردەمی هێلینیدا زاڵبووە، کەلەو سەردەمەدا ئاینی مەسیحی هاتە ئاراوەو تیایدا پەرەی سەند. وەسێتنامەکانی سەردەمی نوێش

بەزمانی گریکی نوسراونەتەوە، زۆر لەخاوەن فکرەکانی سەرەتاکانی ئاینی مەسیحی بیّووچان هەوڵیانداوە بۆ پێکەوە لکاندنو پێکەوە گونجاندنی ئایینەکەیانو فەلسەفەی پلاتۆن[9]. هەربۆیە بیرە هەرە گرنگەکانی پلاتۆن لەرێبازی ئۆرتۆدۆکسی مەسیحیدا جێی خۆیان گرتووە. زەمانێك زۆر بەئاسایيو بەئاشکرا باس لەوە دەکرا کەگوایە سوکراتو پلاتۆن مەسیحی بوون، گەرچی پێش مەسیحیش ژیابوون بەپێی زۆر لەمەسیحییەکان وابووە کەئەرکی سەرشانی سوکراتو پلاتۆن ریّ خۆشکەربووە بەهۆی تیۆریدانانەوە، بۆ چەسپاندنی لایەنە گرنگەکانی ئایینی عیسایی، زۆر لە خاوەن بیرانی سەدەکانی ناوەڕاست عەودالّی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەم ئاینەو ئەو فەلسەفەیە بوون.

هەڵبەتە، ئاشکرایە کەپلاتۆن نەجوولەکەبووەو نەعیسایيو سەربەخۆ خۆی گەیشتووە بەو ئەنجامانە، ئەم بە لێکدانەوەی فەلسەفەیی پێیان گەیشتووە. بۆ ئەمانەش پێویست بەباوەڕبوون بەخوا یان بەجۆرە ئایینێك ناکات. زۆر خاوەن بیری تریش بایەخیان بە پلاتۆن داوە بێئەوەی خاوەن بڕوایەکی ئایینی بووبن.

پلاتۆن خۆی نموونە بالأکان، ئایدیاکانی وەك خوایی یا ئاسمانی سەیرکردون، چونکە ئەو نموونە بالأیانە کاملّو بیّ ناتەواوین، هەروەها وەك فیساگۆرس بڕوای بە دۆنادۆن هەبووە، لەگەلّ هەموو ئەوانەشدا کاریگەری زیاتری فەلسەفەی پلاتۆن

9 - قەدیس یەحەننا کە یەکێکە لە نووسەرانی پەیمانی نویّ، کە زۆرجار بە نامەی یوحەننا ناودەبرێت، خۆی لە بنەرەتدا جو بووەو شارەزایی لە بیرو فەلسەفەی یۆنانیدا هەبووە، ئەم رێگە خۆشکەر بووە بۆ گونجاندنی بیری یۆنانی لەگەلّ ئایینی جو- کریستیانیدا. بە تایبەتی پلاتۆن تاکە کەسە کە خۆی کریستیان نەبووە بەلاّم گەورەترین کاریگەری هەبووە بۆ سەر ئەو ئایینە. شایانی باسە سەردەمی لەدایك بوونی عیسا هێشتا زمانی گریکی زمانی فەرمی ئەو ناوچەیە بووە کە عیسای تێدا لە دایك بووەو ئایینەکەی تێدا بلاّوکردۆتەوە، پلاتۆن لەو ناوچەیەدا زۆر بەناوبانگ بووە، هەروەها (پەیمانی نویّ) بە زمانی گریکی نووسراوەتەوە.



لەسەر ئەو فەیلەسوفانە بووە، کەلەهیچ کام لەم بڕوایانەوە دوای نەکەوتوون هەندێکیش لەوان هەر تەواو بێبڕوای ئایینی بوون.

## پلاتۆنو هەڵوێستی دژە هونەر

بەلای پلاتۆنەوە ئامانجی هەرە گرنگی ژیانی مرۆڤی ئاقلّ ئەوەیە بەناخی شتەکاندا رۆبچێتە خوارەوەو بگاتە ئاستی راستەقینەی تەواو، ئەمە وەك جۆرە سۆفیگەریەکی هوشیارانەیە، چونکە پێویستە بەرێگای دەلیلی عەقلّییەوە بگەینە تێگەیشتن لەجیهانی ئایدیاکان، کەئەویّ مەڵبەندی رۆحەو لەوێدا رۆح بە نەمریو بۆ هەتا هەتایی دەمێنێتەوە، بەم مانایە ئەوە دەگەیەنیّ، کەڕاهێنان لەسەر مردن یان خۆ ئامادەکردن بۆ مردن بکریّ. هەروەك سوکرات لەدیالۆگی فایدۆندا دەڵێت، ئەمە مەبەستی فەلسەفەیە. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر زۆر پێویستە مرۆڤ ئەوشتانە لەجیهانی هەستەکاندا بناسێت کەکاتینو قابیلی نەمانو خۆی لە داویان رزگار بکات، ئەم داواکاریە وا دەکات کەپلاتۆن هەڵوێستی دژ بە هونەر بێت، بەلای ئەمەوە هونەر خۆی لەخۆیدا لاسایکردنەوەیەو بۆ خەڵەتاندنی هەستەکانە، چەند هونەرەکە جوانتربیّ، هێزی لەخشتەبردنەکەی زیاتر دەبێت. خۆیان لاسایکردنەوەی ئەوشتانەن، کەلە بنەڕەتدا نموونە یان سێبەری نموونە بالأکانن. کارە هونەرییەکان نرخو بایەخ بۆ ئەو شتە کاتیانە دادەنێن، کەخۆیان بەرەو سیس بوونو مردن دەچنو هەستو سەرنجمان بەرەو ئەوشتانەی ناو ئەم جیهانە رادەکێشنو دوورمان دەخەنەوە لەئەرکە سەرەکییەکەمان، کەئەویش ئەوەیە بەتەواوی خۆمان لەئاستی شتە ماتریالییەکان بەرز راگرینو خۆمان لەوجیهانە بێزەمەنو راستەقینەیە نزیك بکەینەوە، کەواتە کاری هونەری مەترسیەکە بۆسەر رۆح.

لەکۆمەڵگایەکی نموونەییدا هونەر قەدەغە دەکرێت، ئەم بۆچوونەی پلاتۆن هێزو گوڕی دابوە ئەوانەی کەدژی هونەرن یان دەیانەویّ کاری هونەر بکەن.

بەلای پلاتۆنەوە مرۆڤ لەسێ بەشی دژ بەیەك پێكهاتووە، هەست، عەقڵ، ئیرادە. گرنگە كەعەقڵ دەستەڵاتی هەبێو بەهۆی ئیرادەوە هەستەكان ئاراستە بكات. هەمان ئەو بۆچوونەی كەبۆ مرۆڤ هەیبوە، فراوانتری دەكات بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لەكۆمەڵگا نموونەییەكەی پلاتۆندا چینێكی مام ناوەندی لەپۆلیس، كەئەم ناویان دەنێت گاردەكان، لەژێر چاودێری چینێكی بەرزی هۆشیاردا (فەیلەسوفەكان) میللەت بەڕێوە دەبەن، ئەم شێوە سیستەمە ئیدارییە لەوەناچێ جیاوازییەكی وای هەبێ لەگەڵ شێوازی حوكمە كۆمۆنیستییەكانی سالآنی سەدەی بیست. لەراستیدا بۆچوونە سیاسییەكانی پلاتۆن چەندەها سەدە كاریگەری گەورەیان هەبووە، بەتایبەتی لەسیستەمە تۆتالیتارییەكاندا، جا چ چەپڕەو بووبن یان راستڕەوی سەدەی بیستەم.

## شاگردە لێهاتووەكان

نووسینەكانی پلاتۆنو ئەو فەلسەفەیەی بەهۆی كاریگەرێتی ئەوەوە پەرەی سەند، دەوروبەری شەش حەوت سەدە باڵی كێشابوو بەسەر بواری فەلسەفەیی لەئەوروپادا، واتە تا ئەو كاتانەی ئاینی عیسایی توانی شان لەشانی ئەم فەلسەفەیە بداتو بەهێزتریش بێت.

یەكێ لەشاگردە هەرە لێهاتووەكانی پلاتۆن، ئەرستۆتالیس بوو، كەنووسینەكانی ئەوەندە گرنگن، دەبێت بەشێكی تایبەتی بۆ تەرخانبكەین. ئەرستۆتالیس بناغەی رێبازێكی فەلسەفەیی دامەزراند، كەجیاوازە لەوەی پلاتۆنو هەندێ جاریش دژ بەیەك و ناكۆكن. زۆر جاریش ئەرستۆتالیس لەنووسینەكانیدا وەك ئاماژەكردن بۆ شاگردەكانی پلاتۆن، وشەی (ئێمە) بەكاردەهێنێت، جگە لەئەرستۆتالیس، فەیلەسوفێكیتری بەناوبانگ، كەلەژێر كاریگەرێتی راستەوخۆی فەلسەفەی پلاتۆندا هاتە كایەوە، بەلأم دوای چەند سەدەیەك واتە لەوكاتانەدا كەفەلسەفەی پلاتۆن خەریكبوو جێ چۆڵبكات بۆ ئایینی عیسایی، ئەم فەیلەسوفەش پلوتینوس (ئەفلوتین) بوو، كەساڵی ٢٠٤ی زاینی لەدایكبووەو ساڵی ٢٦٩.ز كۆچی كردووە.

هەرچەند پلوتینوس میسرییەكی بەڕەچەڵەك رۆمانی بووە، بەلأم بەگریكی نووسیویەتیو دەكرێ بەدوا كەڵە فەیلەسوفی گریكی دابنرێ، واتە: دوا فەیلەسوف لەو ریزە فەیلەسوفەی، كەلە تالیسی ٥٠٠ ساڵ پ.ز وە دەستی پێكردبوو نەك هەر ئەوە، بەڵكو دوا كەڵە فەیلەسوفی سەردەمی كۆنە، ئەم پەرەیدا بەلایەنی سۆفیگەرێتی لەفەلسەفەی پلاتۆنداو فەلسەفەكەشی ناسراوە بەپلاتۆنیزمی نوێ. پلوتونیش لەسەر دینی مەسیحی نەبووەو هەرگیز لەنووسینەكانیدا ناوی ئەم ئایینەی نەهێناوە، بەلأم وەك فەیلەسوف زۆر بەئاشكرایی نزیكە لەو دوو فەیلەسوفەی لەهەزار ساڵی دواتردا پەیدابوون كەئەوانیش ئۆگۆستینوسو تۆما ئەكوینی بوون. كاریگەرێتی پلوتونیوس بۆسەر ئایینی عیسایی زۆر زۆر بووە، نووسەری مەسیحی بەناوبانگی سەدەی بیستەم Dean inge لەباسی ئەوا وتویەتی كەڵە خاوەن فیكرێكە، كەلەهەموو داهاتوودا وەك مامۆستاو رابەری هەموو فەلسەفەی كلاسیكیو سۆفیگەری تەماشای بكەین، هیچ سۆفیزمێكیتر ناتوانێ لەرووی هێزو تواناو زیرەكیو قووڵی بۆچوونە رۆحییەكانەوە شان بدات لەشانی.

## فەیلەسوف ـ سۆفی

لەهەموو نوسراوەكانی پێشووتر، جگە لەوانەی پلاتۆن خۆی، نووسینەكانی پلوتۆنوس جێگایەكی ناوەندیو گرنگیان بەخشی بەفەلسەفەی پلاتۆن لەناو پرۆسەی بەرەو پێشەوە بردنی لایەنی هوشیاری ئاینی مەسیحیدا، بەلای (پلوتونوس)ەوە لەبەرئەوەی لەفەلسەفەی پلاتۆندا راستەقینەی بنەڕەتی بریتیبووە لەشێوە ئایدیاییەكان، ئەوا هەر ئەمانە بوونی رۆحی راستەقینەیان هەبووە، هەرشتێكیش كەدروست دەكرێت، دەبێ بیری لێكرابێتەوە، بەلای ئەمەوە بوونی

راستەقینە سێ ئاستی هەیە: نزمترین ئاست ئەوەیەکە مرۆڤی تیایە، ئاستی دووەم ئەوەیە کەتوانای تێگەیشتنی شێوە ئایدیاییەکانی تێدایە، واتە ئاستی عەقڵ، بەرزترین ئاستیش ئاستی چاکە، مرۆڤە چاکەکان هەوڵدەدەن خۆیان بەرەو ئاستی چاکە بەرزبکەنەوە، مەسیحییەکان ئەم بۆچوونانەیان لەگەڵ بڕواکانی خۆیاندا گونجاند، بەو واتایەی کەجیهان لەعەقڵی خوادا ئافەریدە کراوەو مرۆڤیش لەهەوڵدایە بۆ یەکگرتن لەگەڵ خوادا، کەئەو چاکەی پەتیو ڕەهایە.

## شێوەی ئەشکەوت

یەکێ لەشاکارە هەرە بەناوبانگەکانی پلاتۆن بریتییە لەبەشێك، کەلە کتێبی (دەوڵەت) یان (کۆمار)دا هاتووە، ئەو بەشە بەشێوە ئەشکەوت ناسراوە، لێرەدا پلاتۆن بەشێوەیەکی رەمزی باس لەمرۆڤ دەکات، بەتایبەتی دەربارەی زانیارییەکانی مرۆڤ بەنیسبەت بوونی راستەقینەوە بەشێوەیەکی گشتی.

پلاتۆن دەڵێت: ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت کەئەشکەوتێکی گەورە لەدەرەوەی ئەم جیهانەی ئێمەدابێتو بەتونێلێکی درێژ بەیەکەوە بەسترابن، کەدرێژی ئەم تونێلە رێگا نەدات هیچ رووناکیەك لەجیهانەوە بگاتە ئەو ئەشکەوتە. کۆمەڵێ زیندانی بکرێتە دیوی ناوەوەی ئەشکەوتەکەو پشتیان لەدەرگاکەی بێت، نەك تەنیا دەستو قاچیان کۆت کرابێ، بەڵکو ملیشیان وابەسترابێت، کەتوانای ئاوڕدانەوە یاسەر لەقاندنیان نەبێت یان توانای یەکتر بینیان نەبێ.تەنانەت توانای بینینی جەستەی خۆشیان نەبێت، بەتەنیا چاویان لەدیوارەکەی بەرامبەر خۆیان بێت. هەموو ژیانیشیان هەر بەم شێوەیە بووبێتو دەربارەی هیچ شتێکیتریش زانیاریان نەبێت. لەپشت ئەمانەوە رووناکی ئاگرێك هەبێت لەنێوان ئەمانو ئاگرەکەدا، بەبێ زانیاری ئەمان دیوارێك هەبێ، کەبەرزی باڵای پیاوبێت. لەودیو دیوارەکەوە خەڵك هاتوچۆ بکەنو شتی جۆراو جۆریان لەسەر سەریان دانابێ، سێبەری ئەو شتانە بەهۆی



رووناکی ئاگرەکەوە دەکەوێتە سەر ئەو دیوارەی کەلەبەرامبەر زیندانییەکاندایەو ئەمان دەیانبینن.. دەنگی ئەو کەسانەش کەشتەکانیان هەڵگرتووە دەیدات بەدیوارەکەداو دەنگدانەوەکەی دەگاتە گوێی زیندانیەکان، کەئەوەش تەنیا دەنگە ئەمان لەهەموو ژیانیاندا بیستبێتیان. دیارە ئەم تارماییانەو ئەم دەنگدانەوەیە بەلای ئەوانەوە سروشتی دەبێتو بۆئەوان ئەبێ بەحەقیقەتو هەموو قسەوباسێکیان لەسەر ئەو (حەقیقەتە) دەبێت.

ئەگەر یەکێ لەو زیندانیانە بتوانێ کۆتو پێوەندەکەی بپسێنێ، ئەوا لەبەرئەوەی هەموو تەمەنی بەو شێوەیە بەسەربردووە، جووڵانەوەو هەستانو ئاوڕدانەوەی ئازارێکی زۆری پێدەگەیەنێتو تیشکی ئاگرە راستەقینەکە هێز لەچاوی دەبڕێتو هەست بەگێژی دەکاتو دەیەوێت بچێتەوە دۆخی جارانی خۆی، بۆچاوبڕینە دیوارەکەو سێبەرەکانی سەردیوارەکە، کەئەو تائێستا بەحەقیقەتی زانیون، ئەوا ئەگەر بەتەواوی لەئەشکەوتەکە دەربهێنرێو چاوی بە رۆژی رووناك بکەوێ، زیاتر چاوی تووشی ئازار دەبێو زۆر زیاتریش گێژ دەبێت، کاتێکی درێژی ئەوێت بۆ بینینو تێگەیشتن.

ئەوکاتەش کەخۆی راهێناو لەشتەکان تێگەیشت، گەر بڕێتەوە بۆ ناو ئەشکەوتە تاریکەکە بۆلای هاوڕێکانی، ئەوا بەزەحمەت لەو تاریکاییەدا دەتوانێ شت ببینێو گەر ئەو شتانەی ئەم لەدەرەوە بینیویەتی بۆ ئەو هاوڕێیانەی بگێڕێتەوە، هیچیان لێیتێناگەن. چونکە زمانی ئەوان تەنیا باسی تارماییو سێبەرو دەنگدانەوەی تیایە.

بۆ تێگەیشتن لەم نموونەی ئەشکەوتە پێویستە مرۆڤ خۆی بخاتە جێی ئەو زیندانیانە، کەئێمەی مرۆڤ لەلەشی خۆماندا زیندانینو لەگەڵ هاورێ مرۆڤەکانماندا کەلەهەمان حاڵەتی ئێمەدانو هەر ئەوانیش ئەناسینو کەسمان ناتوانین راستەقینەی (من)ی یەکتر یان تەنانەت هی خۆشمان بناسین. ئێمە بەراستەوخۆ حەقیقەت ناناسین، ئەوەی دەیزانین، تەنیا دەرك بەوشتانە دەکەین، کەلەوەعی خۆماندا هەیە.



# ئەریستۆتالیس



## ئەریستۆتالیس

**ئەو مرۆڤەی بەردی بناغەی زانستە سروشتییەکانی داناو فۆرمەکانی لۆژیکی دۆزیەوە.**

**ئەریستۆتالیس روانگەی بنەڕەتی لێوردبوونەوەو ئەزموونگەرایی لەفەلسەفەدا کردە مەرجی پێشینە بۆ ئەبستراکتی بیرکردنەوە.**

**ئەریستۆتالیس: پلاتۆنم زۆر خۆشدەوێت بەڵام هەقیقەتم خۆشتردەوێت.**

کتومت هەروەك چۆن  پلاتۆن شاگردی سوكرات بووە، ئەریستۆتالیسیش شاگردی پلاتۆن بووە. ئەمیش بووە بە مامۆستای ئەسکەندەری گەورە. لێرەدا گرنگی بۆ ماوەیی زیرەکیو رۆشنبیریی لەچوار نەوەی یەك بەدوای یەکدا لەدروستکردنی کەسایەتی مەزنی مێژوویدا دەردەکەوێت.

باوکی ئەریستۆتالیس پزیشکی دەرباری پاشای مەکەدۆنیا بووە، کە دواتر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ئەریستۆتالیس ببێت بە مامۆستای ئەسکەندەری کوڕی فیلیپ، پاشای مەکەدۆنیا. ئەریستۆتالیس ساڵی ٣٨٤پ.ز لەشاری ستاگیرا لەدایك بووە. ئەم منالٚ بووە باوکی مردووە. ئەو کەسەی بەخێوی کردوە، لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا ناردوویەتی بۆ ئەسینا بۆ ئەوەی لەئەکادیمیاکەی پلاتۆندا بخوێنێت. ئەریستۆتالیس نزیکەی بیست ساڵ لەم ئەکادیمیایەدا مایەوە. دواتر دەوروبەری ساڵی ٣٣٥پ.ز لەئەسینا ئەمیش قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دامەزراند، کە ناوی (لاکایۆن) بوو. ساڵی ١٩٩٦ شوێنەواری ئەم قوتابخانەیە دۆزرایەوەو لەجیهاندا بەتەواوی

دەنگی دایەوە، ئەریستۆتالیس ساڵی ٣٣٢پ.ز لەتەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە[١٠].

## بەناوبانگترین فەیلەسوفی جیهان

ئەریستۆتالیس دانی ناوە بەلێهاتوویی پلاتۆنداو خۆی بەقەرزارباری ئەو زانیوە، بەڵام لەخاڵێکی زۆر گرنگدا لەفەلسەفەکەی پلاتۆن لایداوەو ڕێگای تایبەتی خۆی گرتووە[١١]. ئەویش خاڵی هەبوونی دوو جیهان، جیهانی ئایدیاکانو جیهانی ئێمە. وەك دەزانین، پلاتۆن لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ناکرێ لەجیهانێکی هەمیشە گۆڕاودا زانستێکی یەقینمان دەست بکەوێت. بەلای ئەوەوە، زانستی راستەقینە لەجیهانێکیتردایە، مەملەکەتی ئەبستراکت، کە پابەندی کاتو شوێن نییە. تەنیا بەعەقڵ دەتوانین بیدۆزینەوە. بەڵام بە بۆچوونی ئەریستۆتالیس تەنیا یەك جیهان هەیە، کە ئێمە بتوانین لێکۆڵینەوەی فەلسەفەیی دەربارە بکەین. ئەوەش ئەم جیهانەیە کە تیایدا دەژینو ئەزمونمان لەبارەیەوە هەیە. لەچاوی ئەمەوە ئەم جیهانە هەمیشەو تا هەتایە مایەی سەرسوڕمانو بیرلێکردنەوەیە. بەلای ئەمەوە هەستی سەرسوڕمان بەپلەی یەکەم وای لەمرۆڤ کردوە خەریکی بیری فەلسەفەیی بێت. مرۆڤ چ وەك بونەوەرێکی تەنیاو چ وەك کۆمەڵ دەیەوێت لەم جیهانە تێبگاتو بیناسێت. هەروەها ئەریستۆتالیس پێیوابووە ئێمە ناتوانین لەدەرەوەی ئەم جیهانە

---

10 – هەر وەك سوکرات، ئەمیش لەلایەن خەڵکی ئەتینەوە بە گومڕا تاوانبار کراوە، بۆ ئەوەی جارێکیتریش بە کوشتنی ئەم دەسدرێژی نەکرێتە سەر فەلسەفە، ئەریستۆتالیس ساڵی ٣٢٣ی پ.ز ئەتین جێدەهێڵێتو دەروات بۆ کالیکس، لەوێ دوای ساڵێك مردووە. فەیلەسوفێکیتر کە ئەویش بۆتە قوربانیی بیروراکانیو بە ئەشکەنجەو گڕتێبەردان کوژراوە، جیوردانۆ برۆنۆ (١٥٤٨ـ١٦٠٠) بووە.

11– ئەریستۆتالیس گوتویەتی: پلاتۆن خۆشەویستمە، بەڵام هەقیقەتم خۆشتر دەوێت.



پێگەیەك پەیدابکەینو لەوێوە خەریکی شیکاریی فەلسەفەیی بین. ئەوەی کە بەتەواوی لەدەرەوەی بواری هەموو شێوازێکی ئەزمونگەرایدا بێت، بۆ ئێمە بایەخێکی نییەو هیچ نییە. ناتوانین بیکەینە بەڵگەو باسی لێوەبکەین. لەبەرئەوە ناکرێ بەشێوەیەکی گونجاو تاوتوێ بکرێ.

ئەگەر خۆمان بخەینە گێژاوی ئەو شتانەی ناتوانین بەئەزمون پەییان پێببەین، ئەوا دەکەوینە بازنەی قسەی پڕوپوچەوە. لەم روانگەیەوە ئەریستۆتالیس خۆی لەئایدیاکانی پلاتۆن دوور خستۆتەوە. ئەم هیچ لەو بڕوایەدا نەبووە، کە هیچ بەڵگەیەکی شیاو بەدەستەوە بێت بۆ باوەڕکردن بەو ئایدیایانە، کە بەلای ئەمەوە بوونیان نەبووە.

ویستی ئەریستۆتالیس بۆ ناسینی جیهانی هەستپێکراوی ئەزمونکراو حەزێکی لەبن نەهاتووبووە. بەدرێژایی هەموو ژیانی بەوپەڕی هێزو تواناو خۆماندوکردنەوە بەقووڵی لەجۆرەها بواری جیاوازو پانو بەریندا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بووە. یەکەم کەس بووە کە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەی لەجۆرەها بوارەکانی زانستدا داناوە. بەلێهاتوویی خۆی ناوی بۆ زۆر بواری لێکۆڵینەوە داناوە کە تا ئیمڕۆش ئەو ناوانە بەکاردەهێنرێن بۆ نموونە لۆژیك، فیزیك، ئیکۆنۆمی، سایکۆلۆژی، میتافیزیك، میترۆلۆگی، ریتۆریك (هونەری وتاربێژی)و ئیتیك (ئاکار). تواناکانی، وەك تاکە کەسێك، لەڕادەبەدەر بووە. دروستکەری تێرمو دەستەواژەی تەکنیکی بووە لەو بوارانەدا، ئەو دەستەواژەو تێرمانەی لەزمانەکانیتردا بەکاردەهێنرێت یان ئەوانەن، کە ئەو لەزمانی گریکیدا بەکاریهێناون یان ئەوانەن کە دواتر لەزمانی لاتینیدا بەرامبەر ئەوان بەکارهێنراون. لەوانە ئینێرجی، دینامیك، ئیندوکشۆن، دیمۆنستراسۆن، سوبستانس، ئەتریبووت، ئیسنیس، کاتیگۆڕیو یونیڤێرسال.

جگە لەوانەش، ئەم سیستمێکی دانا بۆ لۆژیكو گەیشتە ئەو ئەنجامەی چ دوا فۆرمێك دروست یان نا دروستە. بە وشەیەکیتر چ ئەنجامێك بەرهەمی چییەو کامە ئەنجامەش لەخشتەبەرەو خۆی وا دەردەخات کە بەرهەمی سەرەتایەکی دیاریکراو بێتو بەلاّم لەڕاستیدا وانییە. ئەم ناوی تایبەتی دانا بۆ فۆرمی ئەنجامە کۆتاییەکانو دوو هەزار ساڵ خوێندنی لوژیك بریتی بووە لەخوێندنی لوژیکی ئەریستۆتالیس.

لەبەرامبەر شاکاری بلیمەتێکی وادا دەبێ مرۆڤ ئەوپەڕی ڕێز بنوێنێت. مرۆڤایەتی دوو هەزار ساڵ چاوەڕێ بوو تا بیرمەندێکیتری هاوشانی ئەریستۆتالیسی بەخۆیەوە بینی. بەڵێ لەڕاستیدا گومان هەیە کە هیچ ئادەمیزادێك هێندەی ئەوی زانیبێت.

سەدە تاریکەکانی ئەوروپا، لەدوای داڕمانی شارستانیەتی ڕۆماوە بەرهەمەکانی ئەم بێ سەروشوێن بوون. بەلاّم لەجیهانی عەرەبیدا بەزیندویی مابوونو لەدوا سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستدا گەڕانەوە بۆ ئەوروپاو بوونەوە بە مەزنترین بەرهەمی زانستی یان زانیاری نیمچە زانستی کە زادەی بیری یەك تاکە کەس بێت. بێگومان ئەو لقو بەشانەی زانست کە لەیەکتر جیابوونەوەو دواتریش گەشەیان کرد، زۆربەیان لەبنەڕەتدا لەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانو لەبۆچوونو میتۆدەکانی ئەریستۆتالیسەوە سەرچاوەیان گرتبوو. هەروەها لەسەدەی چواردەدا کەسایەتییەکی بەناوبانگی وەك شاعیری ئیتاڵی (دانتی) بە ئەریستۆتالیسی گوتبوو (مامۆستای مامۆستاکان). زانستی بایۆلۆژییەکەی هەروەك زانستی لۆژیکەکەی تا سەدەی نۆزدە بایەخی گەورەیان هەبووە. فەلسەفەکەی بەگشتی، کە بەشی فەلسەفەی سیاسیو فەلسەفەی ئاکارو هەروەها ئیستاتیکاش لەخۆدەگرێت، تا ئێستاش ڕۆڵوگرنگی خۆیان هەیە.

## سروشتی بوون

پرسیاری سەرەکی بەلای ئەریستۆتالیسەوە بریتییە لە: شت چییە؟ ئایا واتای بوونی شتێك چییە؟ هەر بە تەعبیری خۆی: ئەو پرسیارەی کە زۆر لەمەوبەر کراوەو ئێستاش دەکرێتو هەمیشە لەداهاتوشدا دەکرێت زەحمەتە وەلاّمیان چنگ بکەوێت، ئەم پرسیارەیە: بوون چییە؟ یەکەم ئاکامی گرنگ کە دەست ئەم کەوت، ئەوەیە شت تەنیا بریتی نییە لەو ماتەریالانەی تەنیا لەڕووی فیزیکییەوە پێکهێنەرین. ئەم نموونەی خانوویەکی هێناوەتەوە. گەر تۆ داوا لەوەستایەك بکەیت خانوویەکت لەسەر زەویەکەت بۆ دروستبکات، ئەویش خشتو بەردو پێداویستییەکانیتری خانوو دروستکردن بێنێتو لەسەر زەویەکە داینێو بڵێ فەرموو ئەوە خانوو. تۆ ئەوکاتە ئەم کارە بەگاڵتەپێکردنێکی ناخۆش لێکدەدەیتەوە. هەرچی پێداویستییە مادییەکانی دروستکردنی خانووە، لەوێدایە، بەلاّم ئەوە هەرگیز خانوو نییە. بەڵکو کۆمەڵە داروبەردێکی بەسەریەکدا کەوتووی ناڕێكو پێکە. بۆ ئەوەی ئەم شتانە ببن بەخانوو، پێویست بە کارێکی وردو شارەزاییانەیە بۆ ریزکردنو خستنە سەریەكو پێکەوەنانی هەموو ئەو شتانەی بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو. واتە بەهێزەکی لەو ستراکچەرەوە دەبێت بەخانوویەك. ئێستا مەرج نییە هەر بەهەمان ئەو ماتریالانەی ئەو سەردەمانە خانوو دروستبکرێت، بەڵکو دەکرێ کۆنکریتو شوشەو میتالو پلاستیكو... هتد، بەکاربهێنرێت. بەلاّم تەماشاکەن هێشتا هەر باسی جۆرێکی تایبەتی ماتریال دەکرێت. بەلاّم ئاشکرایە ماتریالەکە خانوو دروست ناکات، بەڵکو سترکتورەکەو فۆرمەکەیە.

بەهێزترین نموونەی ئەریستۆتالیس لەم رووەوە مرۆڤە. ئەو دەڵێت بۆ نموونە تەماشای سوکرات بکەن. ئەو ماتریالانەی لەشی ئەوی لێپێکهاتوون، رۆژ بەڕۆژ لەگۆڕاندان، لەماوەی چەند ساڵێکدا بەتەواوی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەلاّم ئەو هێشتا بەردەوامەو هەر سوکراتەو هەموو ژیانیشی هەر بەسوکرات دەمێنێتەوە.

لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین سوکرات بریتییە لەو ماتریالانەی لەشیان پێکهێناوە. ئەریستۆتالیس ئەم ئاکامە بەسەر هەموو جۆرە بوونەوەرێکدا دەسەپێنێ. هەموو سەگەکان، کە لەتوخمی جیاواز جیاوازن، هەر لەبەرئەوە پێیان ناوترێت سەگ چونکە لەماتریالێکی دیاریکراون، بەڵکو لەئەنجامی هێزەکی ستروکتورێکی تایبەتیدا کە خاڵی هاوبەشییان هەیەو لەئاژەڵو گیانلەبەرانیتر جیایان دەکاتەوە، دیارە ئاژەڵو گیانلەبەرەکانیتریش وەك توخمی سەگ لەڕووی ماتریالییەوە لەگۆشتو خوێنو ئێسك پێکدێن.

ئەم ئەرگومێنتانەی ئەریستۆتالیس دژی ئەو جۆرە ماتریالیستانەی کە پێیان وایە بوون تەنیا بوونێکی ماتریالییە، ئەرگومێنتی زۆر بەهێزنو تا ئێستاش وەڵامیان نەدراوەتەوە. هەروەها لەسەردەمی ئەوەوە تا ئەم سەردەمەش هەمیشە خەڵکی وا هەبووەو هەیە، کە بەتوندی بڕوای بەمەبدەئی ماتریالیزمە. بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانن بەرپەرچی ئەم ئەرگومێنتانەی ئەریستۆتالیس بدەنەوە، پێویست ناکات خۆمان بە بۆچوونەکانیانەوە خەریك بکەین.

ئەریستۆتالیس هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە جەوهەری شتەکان ئەو توانا هێزەکییەیە کە لەفۆرمەکانیاندایە. ئەمەش یەکسەر دەمانگوێزێتەوە بۆ کێشەی دووەم لای ئەریستۆتالیس، پێناسەی فۆرم چییە؟ ئێمە زانیمان کە بریتی نییە لە هیچ ماتریالێك. ئەی کەواتە چییە؟ ئەریستۆتالیس هەر لەسەرەتاوە پێناسەی پلاتۆنی بۆ ئایدیاکان رەتکردۆتەوە، ئیتر نابێت بیر لەوەبکەینەوە فۆرم جۆرە دیاردەیەکە بوونی لەجیهانێکیتری دەرەوەی کاتو شوێندابێت. بەلای ئەمەوە دەبێت فۆرم شتێك بێت، کە لەم جیهانەدا بێت.



## چوار جۆری هۆکار

ئێمە زانیمان فۆرم لای ئەریستۆتالیس ئەو جەوهەرەیە کە شتێك دەکات بەو شتە دیاریکراوە. ئەم ئەنجامەش ئەمی راکێشاوە بۆ لێکۆڵینەوە لەچەمکی هۆکار. ئاکامی ئەوەش گەیشتنی ئەریستۆیە بەشیکردنەوەو دابەشکردنی چەمکی فۆرم بۆ چوار جۆر لەهۆکار، کە تەواوکەری یەکترینو دەبنە هۆی ئەوەی شت ئەو فۆرمەی هەبێت، کە هەیەتی. فۆرم ئاشکراکردنو رونکردنەوەی شتەکانە. با سەیری ئەم نموونەیەی ئەریستۆتالیس بکەین، کە لەمبارەیەوە لەسەر پەیکەرێکی لەمەڕمەڕ دروستکراو هێناویەتەوە.

بۆ ئەوەی ئەم پەیکەرە ببێت بەم پەیکەرەی کە هەیە، پێش هەموو شتێك دەبێت بەردی مەڕمەڕ هەبێت، ئەریستۆتالیس ئەم هۆکارەی ناوناوە هۆکاری ماتریالی. واتە شتەکە لەچی دروستکراوە؟ ئێمە لەئەریستۆتالیسەوە ئەوە فێربووین کە تەنیا ئەم هۆکارە بەس نییە بۆ بوونی یان بۆ پەیدابوونی پەیکەرەکە. بەڵکو هیچ نەبێ سێ هۆکاریتر پێویستن، بەڵام ئەم هۆکارەی یەکەم کە ماتریالە، لەو هۆکارانەیتر کەمتر نییەو زەرورییە، گەرچی بەتەنیا کارەکەی پێ تەواو نابێت. بۆ ئەوەی پەیکەرەکە دروست ببێت، پێویستە ئەم بەردی مەڕمەڕە لەکانە بەردێکی مەڕمەڕ بەچەکوشو قەڵەم دەرهێنرابێت، ئەریستۆتالیس بەم هۆکارە دەڵێت هۆکاری بکەر، ئەو هۆکارەی ماتریالەکە بەدەست دەهێنێت، دیسان پێویستمان بەوەیە کە ئەم پەیکەرە ئەو شێوەیە وەربگرێت کە نەخشەی بۆدانراوە، بۆ نموونە شێوەی ئەسپێك یان مرۆڤێك یان هەر شتێکیتر، پارچە بەردێك لەکانەبەردێك دەرهێنراوە. لەخۆیەوە نابێت بە پەیکەر، ئەریستۆتالیس بەم هۆکارە دەڵێت هۆکاری فۆرمی. هۆکاری پێبەخشینی شێوەو روخسار. ئەمانە هەموویان لەکۆتاییدا بەهۆی هاتنی پەیکەر تاشێکەوە بەئەنجام دەگەن. چونکە پەیکەر تاشێك هاتووە بۆ دروستکردنی پەیکەرێك. هەر سێ هۆکارەکەی یەکەم ئامادەکراون بۆ هێنانەدی ئامانجێك. گەورەترین هۆکار بۆ هێنانەدی بوونی پەیکەرەکە بەدیهێنانی مەبەست یان ئامانجی پەیکەر تاشێکە. ئەریستۆتالیس ئەم هۆکارەی ناوناوە هۆکاری ئامانجی. هۆی هەرە سەرەکی بۆ هەموو کارەکە.

دیارە هەر چوار هۆکارەکەی ئەریستۆتالیس هۆکاری ماتریالین. هۆکاری ماتریالی، هۆکاری بکەر، هۆکاری فۆرمیو هۆکاری ئامانجی، گەرچی لەحاڵەتی هەندێك شتدا دەکرێ هۆکاری دووەمو سێیەمو چوارەم دووان یان زیاتریان هەر هەمان هۆکاربن. بەتایبەتی لەو زانستانەدا کە دەربارەی ئەو شتانەن، کە زیندەن. هۆکاری فۆرمی بەرەوو کە بەری داربەرووە، لەهەمان کاتیشدا هۆکاری ئامانجەکەیەتی. دوا فۆرم کە هاتۆتەدی ئامانجی سەرەکیو بنەڕەتی هەموو پرۆسەکەیە. (لەم حاڵەتەدا دەکرێ بگوترێ دارەکەو لقو پۆپو گوڵەکانی هۆکارە ماتریالییەکەن، هۆکاری بکەریش ئەو کەرەستە زەرورییانەیە وەك خاك، ئاو هەواو روناکیو گەرمی خۆر) ئێمە، بەهۆی ئەم شیتەڵکارییەوە، نزیك دەبینەوە لەتێگەیشتنی ئەوەی چۆن روانینی ئەریستۆتالیس خۆی لەئایدیا یان فۆرمە ئایدیاییەکانی پلاتۆن جیادەکاتەوە. بەلای ئەریستۆتالیسەوە فۆرمی شتێك بریتی نییە لەماتریال، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی لەناو ئەو شتەداو لەناو ئەم جیهانەدایە. بوونیش بەجیا لەو شتە هەر بەپلەی بوونی روخساری مرۆڤێکە بەجیا یان بە دابڕاوی لەلەشی مرۆڤەکە. ئەمە رێگایەکی زۆر گرنگمان بۆ روناك دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێك ئێمە هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی لەجیهان تێبگەین، ئەوا ناچارنین یەکێك لەم دوانە هەڵبژێرین، یان تێڕوانینی ماتریالیمان هەبێت یان تێڕوانینێك کە پشت بەدەرەوەی ئەم دنیایە ببەستێت.

لێرە تەواو دەلوێ تێڕوانینێکمان بۆ جیهان هەبێت، کە بەتەواوی دەربڕین بێت بۆ تێڕوانینێکی ناماتریالیو لەهەمان کاتیشدا رەگی لەناو ئەم جیهانەدا بێت. بەلای ئەریستۆتالیسەوە سروشتی راستەقینەی شتەکان لەو ماتریالانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە لێیان پێکهاتووە. بەڵکو لەو مەبەستو ئامانجانەوەیە، کە ئەو شتە

هەیەتی. جارێکیان گوتویەتی گەر چاو رۆحی هەبێت، ئەوا بینین رۆحەکەیەتی. ئەو ئەم پرنسیپەی بەسەر شتە بێگیانەکانیشدا سەلماندووە. گوتویەتی گەر تەورێك رۆحی هەبێت، ئەوا هێزی بڕین رۆحەکەیەتی. بەلای ئەمەوە خاڵی سەرەکی لەهەموو شتێکدا ئەوەیە ئەو شتە چی دەکات؟ ئەو شتە بۆچییە؟ بە تێگەیشتنمان لەم پرسیارانە لەسروشتی شتەکە تێدەگەین. هەروەها بەهۆی ئەم رێگەیەوە لەتێگەیشتنی ئەریستۆ بۆ رۆح تێدەگەین. واتە بەهۆی فۆرمو هۆکاری ئامانجەکییەوە.

ئەم جۆرە شیکارییە بەتەنیا دۆزینەوەی چارەسەرێك نییە بۆ کێشەی بوونی شت، کە بەتەواوی لەفۆرمی ئایدیالیو ئایدیاکانی پلاتۆنی جیادەکاتەوە، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا چارەسەر دۆزینەوەیەکە بۆ کێشەی گۆڕانکاری. بەلای ئەمەوە گۆڕانکاری کاتێك روودەدات، کە ئەو ماتریالەی بەشێك پێکدەهێنێت، دەبێتە خاوەن فۆرمێکی نوێ کە جاران نەیبووە.

## پاراستنی رۆشنایی

لەهەموو هەوڵو تەقەلایەکماندا بۆ تێگەیشتن لەجیهان، ئەریستۆتالیس دەڵێت شتێك هەیە دەبێت هەمیشە لەبەرچاومان بێت، ئەویش ئەوەیە کە دەمانەوێت لە ئەم جیهانە تێبگەین. نابێت بەهیچ جۆرێك بەوشێوە راڤەکردنەی کەسێك رازی بین، گەرچی رێزیشمان بۆی هەیە، کە خۆی نکوڵی لەدروستی ئەو شارەزاییانە دەکات، کە ئێمە دەمانەوێت روونیان بکەینەوە.

ئێمە دەبێت بەتوندی پاراستنی ئەو شارەزاییانە لەشیکارییەکانماندا بکەینە پرنسیپێکی میتۆدی. ئەو شارەزاییانەی (زانیارییانەی) لەڕاستیدا خۆیانمان بۆ ئاشکرا دەکەن‌و دەبێت بەردەوام لەهەموو پلەکانی شیکردنەوەکانماندا بگەڕێینەوە سەریان. چونکە دەتوانین بڵێین مەبەستی یان هۆکاری ئامانجەکی توێژینەوەکانمان



تێگەیشتنە لەوان. گەر لەوە دورکەوینەوەو باوەش بۆ باوەڕهێنان بەشتێکیتر بکەینەوە، کە هەستی پێ ناکەین‌و شارەزاییمان دەربارەی نییە، وەك ئەوەیە منالێك لەتەشتێکدا بشۆیت‌و کە چڵکاوەکە دەڕێژیت، منالەکەشی پێوەهەڵدەیت. ئەریستۆتالیس ئەم پرنسیپەی ناوناوە (پاراستنی رۆشنایی) گەرچی ئەم دەستەواژەیە کەمێك سادە خۆی دەنوێنێ بەڵام تا ئیمڕۆش لەفەلسەفەدا وەك ئاماژەکردن بۆ ئەو پرنسیپە گرنگەی لەپشت مەبەستەوەیە، بەکاردەهێنرێت.

پلاتۆن‌و ئەریستۆتالیس ئەو دوو پێشەنگە بێهاوتایەی ئەو دوو گۆشە نیگا لەیەك جیاوازەن، کە لە سەرتاپای مێژووی فەلسەفەدا رەنگیان داوەتەوە. لەلایەکەوە کۆمەڵێك فەیلەسوف بەپلەی دووەم گرنگی دەدەن بەو زانیارییانەی، سەبارەت بەجیهان، کە بەهۆی هەستەکانمانەوە پێماندەگەن، ئەمان لەوبڕوایەدان کە دەبێت بایەخ بدەین بەلایەنی شاراوە، کە لەپشتی یان دەرەوەی جیهاندایە. لەلایەکیتریشەوە ئەو فەیلەسوفانەیتر پێیان وایە تەنیا ئەم جیهانەیە، کە دەتوانرێ‌و دەکرێ بایەخی پێبدرێت‌و بیری فەلسەفەیی تیادا بەکاربهێنرێت. نموونەیەکی زۆر نزیك لەسەردەمی ئێمەوە ئەمەیە: لەسەدەی حەڤدەو هەژدەدا فەیلەسوفە راسیونالیستییەکان پێیان وابوو زۆربەی کات ئەو شارەزایی‌و زانیارییانەی بەهۆی هەستەکانمانەوە پێمان دەگات، چەواشەکەرن، بەڵام لەهەمان کاتدا فەیلەسوفە ئەزمونگەرییەکان دەیانگوت شارەزایی‌و زانیاری باوەڕپێکراو تەنیا ئەوانەن، کە بەهۆی توێژینەوەی راستەوخۆ، لەوشتانەی قابیلی توێژینەوەن، دەستمان دەکەون. دژایەتی‌و ناکۆکی نێوان ئەم دوو رێبازە هەمیشە بەردەوامەو سەر بە سەردەمێکی تایبەتی نییە. هەمیشە قۆناغ دوای قۆناغ هەرجارەی بەفۆرمێکی جیاواز خۆی دەنوێنێت.

## ڕێگای ناوەڕاستی زێڕین

ئەو توانایەی هەریەك لەم دوو گۆشەنیگایە هەیانە بۆ راكێشانی مرۆڤ بەلای خۆیاندا، رەنگە پەیوەندی بەخودی سروشتی مرۆڤەكانەوە هەبێت، ئەو مرۆڤانەی ئیماندارن (بێگومان هەر ئەم جۆرە مرۆڤە نا) زیاتر باوەڕیان بەگۆشەنیگاو بیری پلاتۆنە. هەرچی ئەوانەشە كە پشت بەعەقڵ دەبەستن‌و قاچیان لەزەوی گیرە، رەنگە باوەڕیان بەبۆچوون‌و بیروڕاكانی ئەریستۆتالیس هەبێت. بەڵام هۆكاری ئەوەی كە هەردوو لایەنەكە ئەم هەموو كاتە درێژە ماونەتەوە ئەوەیە، كە هەرچی بەلای ئەملاوە راستەقینەیە، لایەنەكەیتر بەپێچەوانەوە سەیری دەكات. لێرەدا بۆ ئێمە گرنگ هەڵبژاردنی ئەم یان ئەویان نیە، بەڵكو گرنگ ئەوەیە لەهەردووكیانەوە شت فێربین. فەیلەسوفی ئەڵمانی كانت لەكۆتاییەكانی سەدەی هەژدەدا هەوڵێكی بێوێنەی مەزنیدا بۆ تێكەڵكردنێكی هارمۆنیانەو پێكەوە تواندنەوەیەكی وا، كە هەم بنەڕەتی‌و هەم مەعقول‌و گونجاو بێت.

تا ئێستا ئەم دیالۆگەمان سەبارەت بە ئەریستۆتالیس دەربارەی ئەبستمۆلۆجیا (تیۆری زانین)ەكەی بووە. بەڵام دەبێت، كەمێكیش باسی لایەنەییەكانیتری بكەین. نووسینەكانی دەربارەی ئیتیك (ئیتیكی نیكوماخی). كاتێك فەیلەسوفەكانی ئیتیك (ئاكار) لەسەدەی بیستەمدا وەك مۆدە بەلاچاو سەیری ئەم بابەتەیان دەكردو زیاتر خۆیان بەشیكردنەوەی چەمكە ئیتیكییەكانەوە خەریك دەكرد، وەك: مەبەستمان لە خێر یان چاكە چییە؟ مەبەستمان لەگوتنی (دەبێت) چییە؟ ئەوە دەبینین ئەریستۆتالیس بەتواناترو لەبواری فراوانتردا كاری كردووە. خاڵی سەرەكی لای ئەوە بووە هەر تاكێك لەئێمە خوازیاری ژیانێكی بەختیارە بەمانای تەواوی وشە. ئەم پێیوایە كاتێك ئەو بەختیارییەمان دەستگیر دەبێت، كە تا ئەوپەڕی توانا گەشە بەتواناكانمان بدەین‌و بیانخەینە گەڕو لەهەمانكاتدا بەیەكەوە لەكۆمەڵگەیەكدا بژین. ئارەزووی رابواردنی بێسنوورو خۆپەرستی دەبنەهۆی دروستبوونی ناكۆكی بەردەوام لەگەڵ ئەوانیترو هیچ كاتێكیش بۆ كەسایەتی مرۆڤەكە باش نییە. بەڵام بەپێچەوانەشەوە سنوورداركردن‌و كپكردنیش باش نییە. لێرەوە ئەم ئامۆژگارییە بەناوبانگەكەی داڕشتووە، "ڕێگای ناوەڕاستی زێڕین" (بەعەرەبی كراوە بە (خير ألامور أوسگها) وەرگێڕ).

بەهەموو پێوەرێكی ئەخلاقی ناوەڕاستی دووشت، كە هەردو جەمسەرەكەی خراپ بێت، باشترە. سەخاوەت ڕێگای ناوەڕاستی زێڕینە لەنێوان رەزیلی‌و دەست بڵاویدا. ئازایەتی لەنێوان ترس‌و شەڕی بێئەقڵانە، خۆپاراستن لەنێوان بێ ئەنجامی‌و خۆسوككردندا. شەرمكردن لەنێوان سەرشۆڕی‌و بێعاریدا. ئامانج هەمیشە راگرتنی بالأنسی كەسایەتییە. بەلای ئەریستۆتالیسەوە ئەمە ڕێگای بەرەو بەختیارییە. جێی سەرنجە فەلسەفەی ئیتیكیی ئەریستۆیی چەند كەم باس لەئامۆژگاری ئەخلاقی دەكات. مەبەستی گرنگ بەلای ئەمەوە رووە پراكتیكییەكەیە. ئامۆژگارییەكانی ئەم بۆ كەمێك لەهەموو شتێك نەك زۆر، كەمتر رووی لەگەنجان‌و كەسانی بەهەڵپە بووە، بەڵكو زیاتر رووی لەچینی مامناوەندی‌و ئەو كەسانەبووە، كە لەناوەڕاستی تەمەندان. لەبەرئەوەی گەنجان تاكات تێنەپەڕێت، قەدری نازانن.

## ژیانێكی دەوڵەمەند

لەدوای كتێبی (ئیتیكی نیكوماخی)، ئەریستۆتالیس كتێبی سیاسەت (پۆلیتكا)ی نووسیوە، لەڕاستیدا ئەم دوو شاكارە بەشی یەكەم‌و دووەمی یەك كتێبن، نەك دوو.

بەلای ئەریستۆتالیسەوە ئەركی سەرشانی حكومەت، وەك لەئیتیكەكەیدا هاتووە، ئەوەیە بوار بڕەخسێنێت بۆ هاووڵاتیان ژیانێكی خۆش‌و كامەران بژین. یەكێك لەخاڵە سەرەكییەكان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ئەوەیە هەر تاكێك ئەبێت ئەندام بێت لەكۆمەڵگادا.

بەختەوەری‌و خۆ پێگەیاندن لەگۆشەگیری کەسێتیدا بەرهەم نایەت. ئەمە ناوەڕۆکی ئەو رستە بە ناوبانگەیەتی، کە زۆرجار ئاماژەی بۆ دەکرێت. "مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا ئاژەڵێکی سیاسییە" ئەم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەموو ژیانێکی تاکەکەسی بەختیار، بەناچاری رەهەندی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی هەیە. هەرە گرنگترین گۆشەنیگای ئەریستۆتالیس لەفەلسەفە سیاسییەکەیدا بریتییە لەو بۆچوونە کار پێکراوەی سەبارەت بە دەوڵەت، واتە بواررەخساندن بۆ تاکەکان بۆ خۆپێگەیاندن‌و گەیشتن بە بەختەوەری.

## ترس‌و هاوخەمی

یەکێك لەکتێبەکانیتری ئەریستۆتالیس، کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین، کتێبی شیعر (پویتیکا)یە، کە بریتییە لەگفتۆگۆیەك سەبارەت بە ئەدەب‌و دراما، بەشی هەرە گرنگی بۆ شیعری تراژیدی تەرخانکراوە. بەلای ئەریستۆتالیسەوە ئەم بابەتە ئەتوانێت تێگەیشتنێکی قووڵترمان سەبارەت بەژیان پێببەخشێت وەك لەخوێندنی مێژوو ( دیارە زۆربەی خوێنەرانی شکسپیر ئەمەیان بەدڵ دەبێت)[١٢] ئەو هەڵچوونە دەروونییە هەست بزوێنەی لەکاتی سەیرکردنی تراژیدیایەکدا دووچارمان دەبێت، ئەریستۆتالیس ناوی لێ دەنێت (Katbarsis)، کە ئەم وەك پاکبوونەوە بەهۆی ترس‌و هاوخەمییەوە پێناسەی کردووە. یەکەم جار ئەریستۆتالیس بوو، کە گوتویەتی، کە بابەت دەبێت سەرەتاو ناوەڕاست‌و کۆتایی هەبێت، هەروەها گوتویەتی ماوەی رووداوی ناو بابەتی تراژیدیا دەبێت ئەوپەڕی ساڵێك یان کەمێك زیاتر بێت، پیاوێك بەناوی کاستیل ڤیترو، کە لەسەردەمی رێنیسانسی ئیتالیدا،

[12]– ئەریستۆتالیس گوتویەتی: شیعر زیاتر فەلسەفەییانەیەو لە مێژووش زیاتر شایانی تێڕامانە.



ساڵی ١٥٧٠ز کتێبی شیعر (پۆیتیکا)ی بەچاپگەیاندووە، گەشەی بەم گوتەیە داوەو کردویەتی بەو وانە گرنگەی کە سەبارەت بە هەرسێ یەکەکەیە، واتە یەکەکانی کات‌و شوێن‌و بابەت. ئەمە وەك یاساکانی ئەریستۆتالیس بۆ دراما بڵاوبۆتەوەو کاریگەری یەکجار زۆری هەبووە. بەڵام ئەمە لەڕاستیدا پەیڕەوکردنی یاسای ئەریستۆتالیس نییە، بەڵکو زیاتر پەیڕەوکردن‌و گەشەدانە بە شێوازێکی بیرکردنەوەی ئەریستۆتالیس. ئەوەندە بیرۆکەی ئەریستۆتالیس بووە بە بەشێك لەکەلتووری ئێمە، کەجێگەی داخەو تراژیدیایە، کە ئێمە نوسخەی ئەسڵی ئەو شاکارانەمان دەست نەکەوتوون، کە ئەم نووسیونی. لە چاخەکانی دێریندا ئەم شاکارانە بەجوانی‌و بەرزی ئاستی نووسینەکانیان بەناوبانگ بوون. شیشرو (Cicero)ی نووسەرو وتاربێژی رۆمانی لەوەسفی نووسینەکانی ئەریستۆتالیسدا گوتویەتی (روبارێك لەزێڕ). ئێستا بەهۆی نووسینی کەسانیترەوە، کە زۆرجار باسی کتێبەکانی ئەریستۆیان کردووە، ئێمە هەندێك شتی لێدەزانین.

کتێبەکانی فەوتاون. هەموو ئەوەی، کە ماوەتەوە رەشنووسی موحازەرەکانیەتی، کە لەلایەن ئەریستۆتالیس خۆیەوە یان لەلایەن خوێندکارەکانیەوە نووسراونەتەوە. ئەمانەش تەنیا یەك لەسەر پێنجی کۆی بەرهەمەکانیەتی. هەڵبەت ئەمانەش لەڕووی جوانی ئاستی نووسینەوە ناگەن بەنووسینەکانی پلاتۆن، نەك هەر ئەوە، بەڵکو وشکیشن بۆ خوێندنەوە، (رەشنووسی موحازەرە هەر ئەوەی لێچاوەڕێ دەکرێت) لەڕووی پراکتیکییەوە تەنیا ئەوانەی خۆیان بەخوێندنی فەلسەفەوە خەریك دەکەن دەیانخوێندنەوە، بەڵام بۆ کاریگەرێتییان بۆ سەر شارستانێتی رۆژئاوا هیچ گومانێك لەئارادا نییە.

# سینیسزم
## یاخیبووانی سەردەمی دێرین





# سینیسزم*
## یاخیبووانی سەردەمی دێرین

**سینیستەکان لەهەموو دابو نەریتە کۆمەڵاتییەکان یاخی بوون. ئەمان رەوتی یەکەمن لەو چوار رەو تەفەلسەفەییە گرنگەی گریکییەکان، کە دوای روخانی ئەسینا هاتنەکایەوە.**

قوتابیەکەی ئەریستۆتالیس، واتە ئەسکەندەری گەورە، بەشێوەیەك جیهانی گۆڕی، کە کاری کردە سەر گەشەکردنی فەلسەفە.

بەماوەیەکی زۆر کورت، لەڕووی پراکتیکییەوە، هەموو جیهانی زانراوی سەردەمی خۆی داگیرکرد. واتە هەر لەئیتاڵیاوە تا هندستان، بەو ناوچەیەشەوە، کە ئێستا پێی دەگوترێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەروەها بەشێکی زۆری ناوچەکانی باکووری ئافریقاش. دەوڵەتی شارە سەربەخۆکانی یۆنان لەناوچوونو هەموو کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەرەوە. سەرەنجام ئەو شارانە دەسەڵاتی کەلتووری خۆیان لەدەستدا.

ئەسکەندەر هەر شوێنێکی دەگرت، شاری نوێی تێدا دروستدەکردو خەڵکی گریکی تێدا نیشتەجێدەکرد. زۆرجار پیاوانی گریکی کچانی ئەو ناوچانەیان دەخواستو خەڵکی ئەو ناوچانە بەزوویی تێکەڵاوبوونو بوون بەخەڵکێکی کۆسمۆپۆلیتك. شێوازی ژیانو زمانی گریکی لەهەموو شوێنەکاندا باڵادەست بوون. ئەنجام ئەوەبوو، کە هەموو جیهانی دێرین کەوتە ژێر دەستی گریکییەکانو لەو شارە گریکیانەوە حوکم دەکران، کە لەناو یۆناندا نەبوونو دانیشتوانەکانیشیان

* سینیسزم: لەعەرەبیدا بە (المدرسه الكلبيه) ناسراوە. (و.ك)

تێکەڵەیەک بوو لەگەلێک نەتەوەو زمانی جیاجیا، ئەم جیهانە وەک جیهانی هیللینی ناسراوە. ناودارترین شاری ئەو سەردەمە شاری ئەسکەندەرییەی میسرە، کە بەناوی ئەسکەندەر خۆیەوە ناونراوە. ئەم شارە ببوو بە سەنتەری ئینتەر ناسیونالی بۆ کەلتوورو خوێندن.

مەزنترین کتێبخانەی جیهانی ئەو سەردەمە لێرە بووە. شاری ئەسکەندەرییە بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ بەشانازییەوە وەک پایتەختی کەلتووری هێلینستی مایەوە. واتە لەسەردەمی روخانی دەوڵەتی ـ شاری گریکییەوە لەسەدەی سێیەمی پ.ز تا سەردەمی دروستبوونی ئیمپراتۆریی رۆما لەسەدەی یەکەمی پ.ز، لەم ماوەیەدا کەلتوورو شارستانیەتی گریکی بەهەموو جیهانی دێریندا بڵاوبۆتەوە. لەژێر کاریگەرێتی ئەم سەردەمەدا بوو کۆماری رۆما هاتە ئاراوەو دەوڵەتی رۆما هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی دەدا. هەروەها لەم جیهانەدا بوو ئایینی کریستیانی سەری هەڵدا. بۆیە سەیر نییە، کە هەرچەندە ئەوکاتە فەلەستین کۆلۆنییەکی رۆمانی بووە (پەیمانی نوێ) بەگریکی نووسراوەتەوە.

### دوو بیرمەندی یەکەمی سینیسزم.

راستەوخۆ پاش مەرگی ئەسکەندەر، مەملەکەتەکەی بوو بەچەند بەشێکی دژ بەیەکەوە. بەڵام ئەو یەکێتییە کەلتوورییەی ئەو دروستیکردبوو، هەرمایەوە. لەسەر ئاستی سیاسی بەردەوام شەڕو ئاژاوە لەئارادابووە. ئەو چوار رێبازە ی لەم سەردەمەدا پەیدابوون، بریتین لەسینیسزم، گومانگەری، ئەبیکۆری‌و ستویزم. هەر چواریان بەپلەی یەکەم رەنگدانەوەی بارودۆخەکەن، ئایا مرۆڤێکی شارستانی چۆن لەجیهانێکی پرئاژاوەو نائارامی‌و مەترسیداردا ژیان بگوزەرێنێت.

یەکەم رێباز یان قوتابخانە، قوتابخانەی سینیسزم بووە، کە لێرەدا ئێمە بە "یاخیبووان" ناویان دەهێنین. یەکەم نوێنەریان ئەنتیتینیس بووە، کە لەگەڵ پلاتۆن شاگردی سوکرات بووە. ماوەی نیوەی تەمەنی وەک مرۆڤێکی پابەند بە دابو نەریتەکانی کۆمەڵگەوە ژیاوەو لەنێو توێژی فەیلەسوفە ئەریستۆکراتییەکاندا بووە. بەڵام پاش مەرگی سوکرات‌و دوای روخانی ئەسینا ژیانی ئەمیش تێکچووە. ئەم دوورە پەرێزی‌و ژیانی سادەو سەرەتایی هەڵبژاردووە. لێرە بەدواوە وەک کرێکاران بەرگی پۆشیوەو لەناو هەژاراندا کاتی بەسەربردوە. گوتویەتی دەمەوێت دووربم لەدەسەڵاتی میری، لەموڵکداری تایبەتی‌و لەخێزان پێکەوەنان‌و لەئایینی دەوڵەت.

ئەنتیتینیس لایەنگرێکی هەبوو، کە لەئەنجامدا ناوبانگی لەخۆی زیاتر بڵابۆوە. ئەو لایەنگرە پیاوێك بوو ناوی (دیوگینس) (٤٠٤–٣٢٣ پ.ز). دیوگینس بەتوندی دژی هەموو دابو نەریتەکانی کۆمەڵگە وەستا. بووە جێی سەرسوڕمانی هەموو خەڵکی، چونکە ئەم خۆی نەدەشۆری، جل‌و بەرگی چڵکن‌و کۆن‌و دڕاوی دەپۆشی، لەناو تەنورێکدا دەژیاو خواردنی پیس‌و بەرماوەی دەخواردو بێ شەرمانە چ کارێکی بویستایە، ئەنجامیدەدا. هەر وەک سەگ دەژیا، بۆیە ناوی (cynic)ی بەسەردا دابڕا (وشەی cyon)ی لە زمانی گریکییەوە وەرگیراوە) بەواتای (وەک سەگ) ئەم وشەیە بەمجۆرە بەکارهێنراوەو تا ئێستاش بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئێستا لەگەڵ کاتدا واتاکەی گۆڕاوە.

### یەکەم کۆسمۆپۆلیتیك

دیوگینس‌و لایەنگرەکانی بەو شێوەیە نەبوون، کە ئیمڕۆ ئێمە بە سینیکەر (Cynic) ناویان دەبەین، ئەوان تێڕوانینێکی ئەرێییان بۆ رەوشت بەرزی‌و چاکە هەبووە. بەڵام بنەڕەتی باوەڕەکەیان وابووە، کە تەنیا خاڵی جیاکەرەوەی نێوان راست‌و ناڕاست شایانی گرنگی پێدانەو مانایەکی هەیە، هەموو جیاوازییەکانیتر لەبێ ئەقڵییەوەیە. بۆ نموونە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان هی من‌و هی تۆ، گشتی‌و تایبەتی،

رووتو پۆشته، خامو دەسکاریکراو، ئەمانە هەموو بێواتان، هەروەها دیوگینس بەهەمان شێوە گاڵتەی بەجیاوازی نێوان گریکیو بیانی کردوەو رقی لێ بۆتەوە.

که لێیان پرسیوە نیشتمانی تۆ کوێیە؟ گوتویەتی "من هاوڵاتی جیهانیم" ئەو وشە گریکییەی بەکارهێناوە “cosmopolite” بۆ تەعبیرکردن لەو بیرۆکەیە، زۆرکەس لەبەرئەو وشەیە سوپاسی دەکەن.

زۆر چیرۆکی سەیرو سەمەرە لەدیوگینس دەگێڕنەوە. یەکێ لەهەرە بەناوبانگترینیان ئەوەیە، کە ئەسکەندەری گەورە[١٣] دەچێت بۆ کونە پیسو پۆخڵەکەی بۆ سەردانیکردنی. ئەسکەندەر دەپرسێت من بەدەستەڵاتترین کەسی جیهانم، ئایا دەتەوێت شتێکت بۆ بکەم؟ دیوگینس لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵێ، دەتوانیت بچیت بەولاترەوە بۆ ئەوەی بەری خۆرەکەم لێ نەگریت. ئاشکرایە ئەو بەمانای وشە مەبەستەکەی ئەوەبووە. رەنگە ئەوە ئاسانترین رەتکردنەوەی جیهانی ماتریالی بێت، کە تا ئێستا فەیلەسوفێك بەوشێوەیە دەربیڕیبێت.

[13] - ئەسکەندەری گەورە گوتویەتی: ئەگەر وەك ئەسکەندەر لە دایك نەبوومایە، حەزم دەکرد دیوگنیس بوومایە.



# گومانگەری

## یەکەمین رێژەیخوازانی فەلسەفە

**یەکەم هەنگاوی رێگا دوورو درێژی گومانگەری وەك رێبازێکی کاریگەریی فەلسەفەیی لەلایەن یەکێ لەسەربازەکانی ئەسکەندەری گەورەوەنراوە.**

بەواتا هەرە فراوانەکەی وشەی (گومانکاری) تاڕادەیەك رەگی لەفەلسەفەی گرێکیدا هەبووە. ئەکسینوفان (Xenophanes) گوتویەتی گەرچی بەردەوام دەتوانین زیاتر لەوەی ئێستا دەیزانین زانیاری بەدەست بهێنین، هەرگیز ناتوانین دڵنیابین، کە گەیشتوینەتە راستەقینەی تەواو. سوکرات گوتویەتی تەنیا ئەو شتەی دەیزانێت ئەوەیە، کە هیچ نازانێت. بەڵام بەهەرحاڵ سوکرات لای وابووە مەعریفە قابیلی فێربوونە.

هەربۆیە لەهەوڵداندا بووە بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە. ئەکسینوفانیش گوتویەتی بەهەوڵو کۆشش دەتوانین رادەی نەزانینمان کەمبکەینەوە. ئەم دووانە، هەڵوێستێکی پۆزەتیڤیان بەرامبەر بۆ هەوڵدانو بۆ ئیحتمالی فێربوون هەبووە.

## بەڵگە بۆ هەردوولا

یەکەم کەس، کە گومانکاری کردۆتە شێوازی گشتی بیرکردنەوەی خۆی‌و وەك سەرەنجامی کۆتایی سەیری کردووەو کردوویەتی بە بەشێك لەبیری فەلسەفەیی‌و وەك فەیلەسوفێك چالاکانە دژ بە باوەڕبوون بەهەر شتێك وەستاوە، پیرۆن (Pyrrhon) بووە، دەوروبەری نێوان ٣٦٥–٢٧٠پ.ز ژیاوە. ئەم بەردی بناغەی قوتابخانەیەکی فەلسەفەیی دانا، کە بەقوتابخانەی گومانگەری (Skepticism) ناوی دەرکرد. ئەو شێوازی سیستەمە گشتییەی گومانگەری فەلسەفەیی ئەمان پیادەیانکرد، تا ئێستاش جارجارە بە (پیرۆنیزم) ناودەبرێت.

پیرۆن سەرباز بووە لە لەشکرەکەی ئەسکەندەری گەورەدا، لەکاتی هێرشکردنە سەر وڵاتاندا تا هیندستان رۆیشتووە. بینینی ئەو ژمارە زۆرەی وڵاتان‌و بینینی خەڵکی جۆراو جۆر هەستێکی بەهێزی لا دروستکردووە سەبارەت بەچۆنیەتی‌و هۆکاری بوونی رای جیا جیا لەناو خەڵکیدا. چونکە ئەوەی خەڵکی لەشوێنێك باوەڕیان پێی هەیە، رەنگە لەشوێنێکیتر خەڵکی بڕوایان بەپێچەوانەکەی هەبێت.

لەڕاستیشدا بەڵگەهێنانەوەکانی هەردوولاش وەك یەك باش‌و بەهێزن. هەربۆیە بەپێی بۆچوونی پیرۆن ئێمە تەنیا دەتوانین خۆمان لەگەڵ دەوروبەر بگونجێنین. بەڵام وەك ئاشکرایە روکەش لەخشتەبەرە. بۆیە نابێت هیچ کاتێك هیچ بەڵگەهێنانەوە یان رونکردنەوەیەك وەك راستتر لەوەیتر سەیر بکەین. چاکترین چارەسەر، بەلای ئەمەوە، وازهێنانە لە چەندوچوون‌و خۆدانە بەدەم شەپۆلەوە، واتە رۆیشتن لەگەڵ ئەو دابو نەریت‌و کارانەی لەو شوێنانەی لێیان دەژین.

پیرۆن شاگردێکی هەبووە بەناوی تیمۆن (Timon)، کە خەڵکی فلیوس (Flius) بووەو لەنێوان ساڵانی ٣٢٠–٢٣٠پ.ز ژیاوە. ئەم بە ئەرگومێنتی عەقڵی بەهێزترەوە بەرگری لەبیروڕاکانی پیرۆن کردوە. بەلای ئەمەوە هەموو ئەرگومێنتێك یان بەڵگەیەك لەو پێشەکییانەوە (مقدمات) هەڵهێنجراون، کە خۆیان نەسەلمێنراون. گەر



مرۆڤ هەوڵبدات بۆ سەلماندنی راستی ئەم پێشەکییانە بە ئەرگومێنت‌و بەڵگەیتر، ئەوا دەبێت، بەدەوری خۆیان، ئەمانیش پشت بە پێشەکی نەسەلمێنراو ببەستن. هەروەها تا هەتایە، بێ کۆتایی دەبێت، گەر بەو شێوەیە بەردەوام بین. هیچ بنەمایەکی پتەو نییە بۆ دڵنیایی.

پاش مەرگی تیمۆن، ئەرکیسیلاوس (Arkesilaos) ٣١٥–٢٤٠ پ.ز بوو بەسەرۆکی ئەکادیمیاکەی پلاتۆن. کە لێرە بەدواوە تا دوو سەد ساڵ بەدەست گومانگەرەکانەوە بوو. ئەم خاوەنی دوو میتۆدی سەرەکی بووە لەبواری فێرکردندا.

یەکەم بریتی بووە لەهێنانەوەی ئەرگومێنتی وەك یەك بەهێز بۆ هەردوو لایەنی دژ بەیەك لەکێشەیەکدا، میتۆدی دووەم بریتی بووە لەوەی بەبەڵگەوە هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە بەدرۆبخاتەوە، کە شاگردەکانی هەیانبووە. میراتگری ئەم بۆ بەڕێوەبردنی ئەکادیمیا، کارنیادس (Carneades) ٢١٤–١٢٩ پ.ز بووە. ئەم لەسەردانێکیدا بۆ رۆما سەرنجێکی زۆری خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشا. ئەویش لەبەرئەوەی کۆمەڵێك سیمیناری لەسەر فەلسەفەی پلاتۆن‌و ئەریستۆتالیس پێشکەشکرد، کە لەخولی یەکەمدا بەبەڵگەی بەهێزەوە باسی لەبیروڕای سەبارەت بە دادپەروەری دەکردو لەخولی دواتردا بە بەڵگەوە دژ بەهەموو ئەو بیرو بۆچوون‌و بەڵگانەی خولی یەکەم دەوەستایەوە.

## نەبوونی دڵنیایی رەها

لێرە بەدواوە، گومانگەری بە بەردەوامی رۆڵی گرنگی خۆی لەمێژووی فەلسەفەدا گێڕاوە. بەشێوەیەکی گشتی هۆکار بۆ ئەمە دەست رانەگەیشتنە بە دڵنیایی لەڕێی ئاستەکانی بەڵگەو هەوڵدانەکانەوە بۆ قەناعەت پێکردن. هەرچەندە یەکەمجار لەسەدەی بیستەمدا ئەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاشکرابوو. کە بەم هۆیەوە گەڕان بەدوای دڵنیایدا بوو بە کێشەیەکی ناوەندی لەگەشەکردنی مێژوویی فەلسەفەدا،

بیرۆکەی دروستی لۆژیکی بەڵگەیە بۆ ئەوەی دوا ئەنجام بەرهەمی پێشەکییەکانە. بەڵام هەرگیز ئەمە هاوتا نییە بە سەلماندنی راستی سەرەنجام بە پشت بەستن بە بەڵگە. هەموو بیرۆکەیەکی دروست سەرەتا بە ئەگەر دەست پێدەکات: ئەگەر (P) راست بێت ئەوا دەبێت (q) راست بێت. بەڵام ئەو پرسیارە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، کە ئایا چۆن (P) راستە یان نا؟ خودی بیرۆکەکە ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە گریمانەی راستی (P) کراوە.

هەرلێرەوە مرۆڤ خۆی خستۆتە بازنەیەکی داخراوەوە. هەموو بەڵگەیەک پشت بەپێشەکییەکی بێ بەڵگە دەبەستێت. ئەمە لەبواری لۆژیک‌و ماتماتیک‌و زانست‌و تەنانەت ژیانی رۆژانەشدا وایە. ئەمە بەو واتایە نییە، کە ئێمە هیچ هۆیەکمان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی باوەڕمان بە قەناعەتێك زیاتر بێت لەقەناعەتێکیتر، گەر وابێت راست نییە. بەڵام کارکردن لەسەر ئەم جۆرە توێکارییە ئاڵۆزە دەبێتە پرۆسەیەکی درێژو سەخت لەمێژووی فەلسەفەدا.

بەناوبانگترین فەیلەسوفی گومانکار لەسەدەی پێشوودا (دایڤید هیوم)ی سکوتلەندییە. بە ئاماژەکردن، بۆ ئەوەی گەر بمانەوێت بەڕاستی‌و بەردەوامی بژین، دەبێت رووبەڕووی هەڵبژاردن‌و بڕیاردان ببینەوە، ئەم رادەی گومانکاری تایبەت بەخۆی کەمکردۆتەوە. بۆ ئەوەش ئێمە ناچار دەبین، بمانەوێت یان نا، بۆ حوکمدان‌و دەستنیشانکردنی چییەتی شتەکان. لەبەر ئەوەش، کە ناتوانرێت دڵنیایی تەواو دەستگیربێت، دەبێت ئەوەندەی دەتوانین، واقعییانە حوکمەکان بدەین. ئەمە واتای ئەوە نییە بەهەمان پلەی گومانەوە سەیری هەموو ئەلتەرناتیڤەکان بکەین. لەبەرئەوە بەپێی دەربڕینەکەی هیوم دەبێت گومانکارییەکەمان کەمتر بکرێتەوە. لەڕاستیدا دەکرێت ئەم بۆچوونە لەڕوانگەی ئەو کەسانەوە، کە لەگۆشەنیگای گومانکاریی تەواوەوە دەژین، بخرێتە بەر پرسیارو گومان، لەهەمانکاتیشدا دەکرێت لەلایەن ئەوانەوە پەسەند بکرێت، کە پێیان وایە



ژیان شایانی گوزەراندنە. بەڵام ئەم بەڵگە دژبەیەکەی گومانکاری، گەر بەدژیەک سەیر بکرێت، ئەرگومێنتێکی لۆژیکی نییە.

لەژیانی پراکتیکیدا پێویستە رێگایەکی ناوەڕاست هەڵبژێرین، رێگایەک لەنێوان داواکاریمان بۆ رادەیەکی وای دڵنیایی، کە هەرگیز ناتوانین بەدەستی بهێنین لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئیحتمالەکاندا بەیەکسانی، گەرچی هەمان نرخ‌و بایەخیشیان نییە.

# ئیپیكۆرییەكان

## یەكەم زانستكارانو لیبراڵە مرۆڤدۆستەكان

**بەلای گەلێك لەلایەنە فەلسەفەییەكانی سەدەی بیستەمەوە، فەلسەفەی ئیپیكۆری، فەلسەفەیەكی ماتریالی، خاوەن ئامانجی چێژ وەرگرتنو ئایینی بووە و یەكەم فێرگەی تەواو گەشەكردووی فەلسەفەیی لەو چەشنەبووە.**

**لەنێو ئەو فێرگە فەلسەفەییانەی لەسەردەمی هێلینیدا پەیدابوون، ئیپیكۆریزمو ستویزم دوو فێرگەی خاوەن كاریگەرێتی مەزن بوون.**

بەپلەی یەكەم ئیپیكۆریزم بەرهەمی داهێنانی تەنیا یەك بیرمەندبووە، كە ئەویش ئیپیكۆر بوو (دەوروبەری ٣٤١–٢٧٠ پ.ز). ئامانجی سەرەكی ئەم فێرگەیە رزگاركردنی مرۆڤ بووە لەترس. نەك تەنیا ترس لەمەرگ، بەڵكو ترس لەژیانیش. لەو سەردەمەدا كە هەموو جۆرە چالاكییەكی سیاسی گیانبازیو زۆر مەترسیدار بووە، ئەم فێرگەیە مرۆڤی هانداوە بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەریو خۆ دۆزینەوە لەژیانی تایبەتی خۆیاندا[١٤]، دروشمی "بە نەناسراوی بژی" یەكێك بووە لەیاساكانی ژیانیان. ئەم بۆچوونە دژ بەهەموو نەریتو بۆچوونێكی باو بووە، كە مرۆڤی هانداوە بۆ ژیانی شەرفمەندانەو سەربەرزانەو هەوڵدان بۆ ناوبانگ بەدەستهێنانو پاراستنی كەرامەتو ئابڕوو. بەڵام ئیپیكۆریزم بەپلەیەكی بەرز فەلسەفەیەكی هەمەلایەنەی

---

[14] – كەللەسەر وەك سیمبۆل لەلایەن ئەمانەوە بەكارهێنراوە، وەك بیرخەرەوەیەك بۆ ئەوەی تا نەمردویت چێژ لە ژیان ببینە.



بەتەواوی كار لەسەركراوە. هەوڵیداوە هەموو لایەنەكانی ژیان بگرێتەوەو سەرەتا بەوردبوونەوە لەفیزیك دەستیپێكرد.

پێش هەموو شتێك ئیپیكۆرس بوو بەلایەنگری فێرگەی ئەتۆمی دیموكریتێوس. بەلای ئەمەوە هەموو شتێكی نێو ئەم جیهانە بریتییە لەئەتۆم و بۆشاییو هیچیتر.

لەبەر ئەوەی مەحاڵە ئەتۆمەكان لەهیچەوە دروستببن یان بگۆڕێن بۆ هیچ، ئەوا دەبێت ئەمانە قابیلی لەناوچوون نەبنو ئەزەلی بن. بەڵام ناكرێت پێشبینی جووڵەكانیان بكرێتو ئەو پێكهاتانەی لەمانەوە دروستدەبن، هەرگیز هەتا هەتایی نین. لەبەر ئەم هۆكارە شتە فیزیكییەكان كە پێكهاتەی ئەتۆمەكانن، سەر بەو سروشتەنو بوونیان هەمیشە وا بەستەی ئەو ئەتۆمانەیە، كە یەكیانگرتووەو دواتریش لێك جودا دەبنەوە. هەموو گۆڕانكارییەكانی نێو گەردوون یان ئەنجامی بەردەوامی ئەم پرۆسەیەیە یان ئەو شتانەی بەم جۆرە دروست بوون، لە بۆشاییدا دەسوڕێنەوە.

### ژنانو كۆیلەكانیش دەگرێتەوە.

خودی ئێمەش لەو شتانەین كە بەو شێوەیە دروستبوین. كۆمەڵە ئەتۆمێكی جوانی تایبەت یەكدەگرنو جەستەو ئاگامەندیی لەفۆرمی یەك یەكەدا دروست دەكەن، واتە گیانلەبەرێكی مرۆیی، كە كۆتاییەكەشی حەتمییە. بەڵام ئەم بەكۆتایی گەیشتنە شایانی ترس نییە. نەمانی ئەو گیانلەبەرە مرۆییییە بریتییە لەوەی ئەو یەكەیەی ئێمەی لێپێكهاتووین، كە مردین، بوونی نامێنێت. لەبەر ئەوە هیچ كەسێك مردن نابینێت. تا ئێمە بوونمان مابێت، مردن نییە، كە مردنیش بوونی هەبوو، ئێمە بوونمان نییە. هیچ كەسێكیش دووچاری ئەو ترسو لەرزە نابێت، كە زۆربەی ئایینەكان وەك هەڕەشە مرۆڤی پێدەتۆقێنن. ئیپكۆرس دەڵێت "مردن بۆ ئێمە هیچ

واتایەکی نییە"، ئەو کەسەی لەراستیدا لەقووڵایی ناخی خۆیەوە درك بەم راستییە دەکات، لەترسی بەرامبەر مەرگ رزگاری دەبێت.

سەبارەت بەبوونی خواوەندەکان، ئیپیکۆرس وەستایانە خۆی لەو کێشەیە لاداوە بێ ئەوەی نکۆڵی لەبوونیان بکات، (چونکە دووچاری گرفتی دەکرد)، لەمبارەیەوە گوتویەتی ئەوان زۆر زۆر لەئێمەوە دوورن‌و لەبەر ئەوەی ئەوان خواوەندن، هیچ حەزو ئارەزوویان لەخۆتێهەڵقورتاندن لەکاروباری ئاڵۆزو پڕ نارەحەتی مرۆڤ نییە. ئەوان بەرامبەر بەئێمە پاسیڤن. ئێمەش نە دەتوانین چاوەڕێی هیچ لەوان بکەین‌و نە دەشکرێت لێیان بترسین. ئەوان بۆ ئێمە هەروەك ئەوەیە بوونیان نەبێت.

لەبەر ئەوەی نەمان چارەنووسی حەتمی ئێمەیە، دەبێت ئەم تاکە ژیانەی هەمانە، بەباشترین شێوە بگوزەرێنین. دەبێت ژیانی باش لەم دنیایەدا بێتە ئامانجمان. رێگا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، دوورکەوتنەوەیە لەژیانی پڕ زەبروزەنگ‌و نائارامی سیاسی‌و گەڕانەوە بۆ ژیانی تایبەتی‌و کات بەسەربردن لەگەڵ ئەوانەی هەمان ئەم بۆچوونەی ئێمەیان هەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی تەندروستی فیزیکمان‌و پاراستنی پەیوەندییە کەسییە تایبەتمەندییەکانمان وا دەخوازن، دەبێت چێژ وەرگرتنەکانمان لەسنووری مەعقولدا بێت، ئەوە گەرچی پێویست ناکات هیچ چالاکییەکی- نابریندارکەر- هەروا قەدەغە بکرێت. ئەو گروپ‌و کۆمەڵانەی ئیپیکۆرییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێکیانهێنان، وەك پرنسیپ بۆ هەمووان کراوە بووە. تەنانەت ژنان‌و کۆیلەکانیشی گرتۆتە خۆی. کە ئەوەش بووە هۆی دژایەتیکردنیان و رەخنەلێگرتنیان لەلایەن کۆمەڵگەوە. کە ئایینی مەسیحیش هاتە ئاراوە، وەك دوژمن سەیری ئیپیکۆرییەکانیان دەکرد، چونکە ئەمان بڕوایان بە نەمری نەبوو، بڕوایان بە خوای سزادەر نەبوو، هەموو هەوڵەکانیان بۆ بەخۆشی ژیان لەسەر زەوی و لەم ژیانەدا چڕکردبۆوە.



## شاکارێکی بەرزی شیعری

ئەوەی ئێستا سەبارەت بە ئیپیکۆریزم جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە لەزۆر ڕووەوە خاڵ بەخاڵ لەبەرنامە زانستی‌و لیبراڵییەکانی مرۆڤدۆستی سەردەمی بیستەم دەچێت. ئیپیکۆریزم یەکەم ڤێرژنی هەمەلایەنەیە بۆ چۆنیەتی گوزەراندنی ژیان، کە تا رادەیەکی زۆر لەسەردەمی ئێمەدا باسی لێوە دەکرێت. بیرو بۆچوونەکانیان لەچامەیەکی دوورودرێژدا راگەیەنراوە، کە لەسەدەی یەکەمی پ.ز بە لاتینی لەلایەن لوکریتوس کاروس (دەوروبەری ٩٥-٥٢ پ.ز) بەناونیشانی (دەربارەی سروشتی شت) نووسراوە. ئەم چامەیە یەکێکە لەشاکارە بەرزەکانی زمانی لاتینی. ئامانجی ئەم چامە شیعریە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی ئیپیکۆریزم بووە لەناو کەلتووری رۆمانیدا. دیارە ئەم شاعیرە لێبڕاوانە لەڕێگەی ئەم فەلسەفەیەوە عەودالّی ئارامی بووە و ئەم بەهەموو توانایەوە بووە بەلایەنگری ئەم فەلسەفەیە. ئەم شاعیرە ناو بەناو دووچاری شێتی بووەو سەرئەنجام بە خۆکۆشتن مردووە.

ئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو گۆڕان بەسەر فەلسەفەی ئیپیکۆریدا نەهاتووە، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئەم فێرگەیە بەرهەمی بیری یەك فەیلەسوف بووە.

لەسەدەکانی ناوەراستدا، لەلایەن کلێساوە وەك ئەنتی کریستیان سەیردەکراو خەریك بوو بە تەواوی تەفروتونا بێت‌و نەمێنێت، بەڵام لەسەدەی چواردە تا سەدەی شانزە جارێکیتر هاتەوە مەیدان‌و کاریگەری دیاری هەبووە بۆسەر زانست‌و مرۆڤایەتی مۆدێرن.

# ستویزم*

ستویزم وەك فەلسەفە، وەك رەوتێكی زیندووی خاوەن هێڵی دیاریكراو، نزیكەی پێنج سەدە بەردەوام بوو. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەمداو لەمیانەی ئەمەوە فەلسەفەی رۆژئاوایی لەچوارچێوەی گریكی هاتە دەرەوەو شێوازی ئینتەرناسیۆنالی وەرگرت. ئەمە بەكاریگەری راستەوخۆی داگیركارییەكانی ئەسكەندەری گەورە روویدا، ئەوكاتەی، كە كەلتووری گریكی هەموو شارستانی ناسراوی ئەو سەردەمانەی گرتبۆوە. زۆربەی ستویستە سەرەتاییەكان خەڵكی سوریا بوونو زۆربەی ئەوانەی دواتریش رۆمانی بوون، بەناوبانگترینیان لەو كۆمەڵگە زۆر چینایەتییەدا كۆیلەیەك بووە بەناوی ئیپیكتیتۆس (Epictetus) لەگەڵ تزارێكی رۆمانی بەناوی ماركۆس ئاوریلیوس (Marcus Aurelius).

پێدەچێت ئەم فێرگەیە زیاتر سەرنجی تزارەكانی بەلای خۆیدا راكێشابێت. بەبۆچوونی توێژەرێكی شارەزا هەموو ئەوانەی دوای ئەسكەندەر حوكمیان كردووە، بەتایبەتی هەموو ئەو مەلیكە ناودارانەی یەك بەدوای یەكدا لەدوای زینۆن (Zenon) حوكمیان گرتۆتە دەست. دامەزرێنەری ئەم فێرگەیە (زینۆن) بووە (٣٣٤–٢٦٢ پ.ز) كە خەڵكی كیتیون (Kition)ی قوبرس بووە (نابێت ناوی ئەم بەهەڵە لەگەڵ ناوی زینۆنی خەڵكی ئیلیا تێكەڵ بكرێت، كە یەكێك بووە لەفەیلەسوفەكانی بەر لەسوكراتو لەسەرەتاكانی ئەم كتێبەوە ناوی هێنراوە).

كرۆكی فەلسەفەی ستویزم بریتییە لەو بیرۆكەیەی دەڵێت: بەدەر لەعەقڵ هیچ دەسەڵاتێكی بەرزتر بوونی نییە. لەهەڵهێنجانی سەرەنجام لەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەوەی بنەمای هەرە گرنگ لەفەلسەفەی ستویزمدا بریتییە لەوەی جیهان ئەوەیە،

* لە عەرەبیدا بە ( رەواقی) ناسراوە

كە عەقڵ بۆمان دەردەخات. واتە جیهانی سروشتی، هەموو هەقیقەت، كە بوونی هەیە. هیچ شتێكی "بەرزتر" نییەو خودی سروشتیش ئەو پرنسیپانە بەڕێوەیان دەبات، كە عەقڵ دەتوانێت پەییان پێبەرێت. ئێمە خودی خۆمان بەشێكین لەسروشت. ئەو چوارچێوە عەقڵییەی ئێمەی تیا دەژینو (هەموو شتێكیش)ی گرتۆتەوە بریتییە لەوەی بە (خوا) ناسراوە. بەم جۆرە تێگەیشتنەبێت، خوا لەدەرەوەی جیهاندا نییەو لێیدابڕاو نییە. بەڵكو هەموو جیهانی تەنیوەتەوە. وەك بگوترێت ئەو عەقڵو ئاگامەندی جیهانە.

## هەستەكان پێوەرن

لەبەرئەوەی ئێمە لەسروشت دانەبڕاوینو هیچ مەملەكەتێكی بەرزتر بوونی نییە. ئەوا ناكرێ باس لەوەبكرێت، كە دوای مردن بچین بۆ "شوێنێكیتر"، شوێنیتر نییە تا بۆی بچین، لەناو سروشتدا دەتوێینەوە. لەمیانەی ئەو ئیتیكەی لەم قەناعەتەوە سەرچاوەی گرت، ستویزم گەورەترین كاریگەریو ناوبانگی بۆ خۆی مسۆگەر كرد[١٥].

لەبەرئەوەی پرنسیپە عەقڵییەكان سروشت ئاڕاستە دەكەن، كەواتە مەبەستێك بۆ بوونی هەموو شتێك هەیە، كە بەو شێوەبێت، كە هەیە. ئێمە ناتوانین بیانگۆڕینو ناشبێت ئاواتەخوازی جۆرو شێوازیتربین بۆیان. هەر لەو روانگەیەوە دەبێت مەرگی تایبەتی خۆمان، كە لەتراژیدیای تاكەكەسو تایبەت دەچێت، دەبێت زۆر بەلامانەوە ئاسایيو پەسەندبێت. گەر هەستەكانمان دژی ئەو ئەنجامەبن، ئەوا ئەوە هەستەكانمانن، كە بەهەڵەداچوون. بەلای ستویستەكانەوە هەستەكانمان پێوەرو بەها دانەرنو هەروەها سەرچاوەن بۆ زانیاریو هۆكاری فێربوونن، بۆ نموونە (رژدی

[15] – فەلسەفەی ستویزمی تەنیا دەربارەی ئاكار نەبووە، نا بەڵكو گەشەی بە لۆژیكو تیۆری زانیاری داوە، فەلسەفەیەكی هەمەلایەنەی بوارەكانی ژیانی مرۆڤ بووە.

بەهادانەرە بۆ ئەوەی، کە پارە باشترین شتەو دەبێت بەهەر ڕێگایەك بووە هەوڵی پەیداکردنی بدەین، ئەمە پێوانەیەکی هەڵەیە)

گەر ئێمە هەموو هەستەکانمان بخەینە ژێر دەسەڵاتی عەقڵەوە، ئەوکاتە تەنیا ڕێگا بەپێوانە ڕاستو دروستەکان دەدەین خۆیان بنوێنن. ئەوکاتە ئێمەش لەگەڵ ڕاستیو هەقیقەتی شتەکاندا دەبین بەیەك.

ئەو کەسانەی فەلسەفەی ستویزمییان بەلاوە پەسەند بووە، زیاتر ئەو کەسانەبوون، کە سەختیو ناخۆشییەکانی ژیانیان بەئارامیو ڕێزەوە پەسەند کردووە. بەڵام بۆ ئەوانیش ڕۆژی وا هاتۆتە پێشەوە، کە نەیانویستووە بەردەوامبن لەژیاندا. بۆ نموونە لەکاتی هەرەسهێنانی کەسایەتی یان لەکەداربوونی ئابڕوو یان دووچاربوون بە نەخۆشی بێچارەسەر. لەم حاڵەتانەدا، بەلای ئەمانەوە کارێکی عەقڵانییە گەر بەبێ ئازار کۆتایی بەژیانی خۆیان بهێنن. هەڵبەتە زۆر لەلایەنگرانی ئەم فێرگەیە پەیڕەوی ئەمەیان کردوە. زۆر لەناودارانی ستویزم بەخۆکوشتن کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە. پڕجۆشترینو سەرنجڕاکێشترین بیرۆکەی ستویزمی لەنووسینەکانی ستویستەکانی دواتردا دەردەکەون، کە هەموویان بەزمانی لاتینی نووسراون. نوێنەری هەرە دیار لێرەدا سینیکا (Seneca) یە.

(نزیکەی ٢ پ.ز ـ ٦٥ زاینی)و مارکوس ئاوریلیوس (١٢١ ـ ١٨٠ زاینی) ئەمان خۆیان بیرمەندی ڕەسەن نەبوون بەو مانایەی کە شتی زیادەیان بۆ فێرگەی ستویزم بەرهەمهێنابێت، بەڵکو شاکارەکانیان وا ڕازاندۆتەوە، کە تائێستاش خەڵکی نا ئەکادیمیش دەیانخوێنێتەوە. گەر یەکێك بیەوێت سەرچاوە سەرەتاییەکانی ستویزم بخوێنێتەوە، دەبێت بەدوای دەقە شاکارەکانی ئەماندا بگەڕێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئیتیکی ستویزمی مایەی سەرسوڕمانو ستایشکردن بووە، تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە، کە بەتەواوی لایەنگری ئەم فێرگەیەنین. ئەم ئیتیکە



بۆ پراکتیزەکردن ئاسان نییە. بەڵام ڕەنگە خەسڵەتی ئەو ئیتیکانەی شایانی ناوەکانیان بن، هەر بەو جۆرەبێ. کار پێکردنیان سەخت بێت.

ستویزم کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری هەبووە بۆ سەر ئیتیکی کریستیانی. کە لەسەردەمی سینیکاو ئیپیکتیتوسو مارکۆس ئاورویلیوسدا دەستی بەبڵاوکردنەوە کردبوو. تەنانەت تا ڕۆژی ئیمڕۆش وشەی "ستویست"و "ستویزم" زۆرجار بەکار دەهێنرێن. بەتایبەتی لەپیاهەڵدانی نا ئارەزومەندانە بۆ واتای "ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنگژەو سەختی بەبێ بۆڵەو گلەیی". بێگومان لەمڕۆژگارەدا خەڵکانێکی زۆر هەن پەیڕەوی نموونەی ئیتیکێکن، کە زۆر بە ئیتیکی ستویستەکان دەچێت. گەرچی هەرگیز خۆیان بەئاگامەندییەوە دانیان پێدا نەنابێت.

لەبەرئەوەی باشترین قوتابخانەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لەم چەند سەدەیەی دوایدا بەرنامەکانیان خوێندنی ئەدەبیاتی لاتینی گرتبوەخۆ، ئەوا ناڕاستەوخۆ چەندین نەوە مرۆڤی خوێندەوار لەئەوروپا بەشێك لەبەهاکانی ستویزییان وەرگرتووە. بۆ نموونە دەستەواژەی بەناوبانگی (Stiff upper lip) بەواتای نەبەزی یان خۆڕاگری نموونەیەکە لەبەهاکانی ستویزمی لەپراکتیکدا، کە لەبەرنامە کلاسیکییەکانی قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا ڕەگی داکوتاوە.

## مەسیحیەتو فەلسەفە

لەماوەی هەزارساڵدا، لەنێوان هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی ڕۆم لەسەدەی چوارەمی زاینیداو سەرەتاکانی سەردەمی ڕێنیسانس لەسەدەی پانزەهەمەوە، لەڕۆژئاوای ئەوروپا، مەشخەڵی شارستانیەت بەدەست کەنیسەی کریستیانەکانەوە بووە. بەڵام کریستیانەکان هیچ ئایدیایەکیان پەسەند نەدەکرد گەر تەواو دڵنیا نەبووانەیە، کە لەگەڵ مەسیحیەتدا دەگونجێت. هەربۆیە زۆر بەوردی سەیری فەلسەفەی فەیلەسوفە دێرینەکانیان کردوە تا بزانن کامەی لەگەڵ ئایینەکەیان دەگونجێت وەریبگرنو کامەی لەگەڵ باوەڕەکەیان ناتەبایە فڕێیبدەن. تێهەڵکێشکردنی تەواوی فەلسەفەو ئایین لەکۆتاییەکانی سەردەمی تۆمای ئەکوینیدا ئەنجامدران، کە ئەم لەنووسینەکانیدا جیهانبینییەکی هەمە لایەنەی وای پێشکەشکرد کە بریتی بوو لەبەسەریەکا تواندنەوەو تێکەڵکردنی سیستمە فیکرییە هەرە گەشەکردووەکانی ئەو سەردەمە.

## ئۆگۆستینوس
## پێکەوە تواندنەوەی پلاتۆنیزمو مەسیحییەت



# ئۆگۆستینوس

## پێکەوە تواندنەوەی پلاتۆنیزمو مەسیحییەت

**بەبۆچوونی زۆرکەس ئۆگوستینوس باشترین فەیلەسوفی ئەو ماوەیەی نێوان ئەریستۆتالیسو تۆما ئەکوینییە کە نزیکەی ١٦٠٠ ساڵە.**

ئۆگۆستینوس، یەکێك لەکەسایەتییە هەرە سەرنجراکێشەرەکانی مێژووی فەلسەفە، ساڵی ٣٥٤ز لەشاری هیبو (Hippo)ی باکووری ئەفریکا، کە ئێستا کەوتۆتە وڵاتی جەزائیرەوە، لەدایك بووەو ساڵی ٤٣٠ز هەر لەو شارە مردووە. لەژیانی خۆیدا زۆربەی ناوچەکانی سەر دەریای ناوەڕاست گەڕاوە. باوکی بتپەرست بووە، بەڵام دایکی، کە ئەم زۆر زۆری خۆش ویستووە، باوەڕێکی کەمی بەمەسیحییەت هەبووە. لەهەرزەکاریدا ئۆگۆستینوس واز لەباوەڕهێنان بەمەسیحییەت دەهێنێت. خوێندنەوەی نووسینەکانی شیشرو[١٦] لەتەمەنی ١٨یان ١٩ ساڵییەوە ئەمی عەودالی خوێندنەوەو بیرکردنەوەی فەلسەفەیی کرد. بەزۆر خاڵو قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیو دواتر گەڕایەوە سەر ئەوەی خۆی پێی گوتووە مەسیحی کاتولیکی.

سەرەتا بووە بەلایەنگری مانیزم، واتە پەیڕەوی لەئایینی پێخەمبەری فارسی، مانی، کردووە کە لەسەدەی دووەمی زاینییدا پەیدابووەو ناوەڕۆکەکەی وایە کە جیهان بەسەر دوو بەدرەدا دابەشکراوە، بەرەی باشو بەرەی خراپ، روناکیو تاریکی. مادە خراپەو رۆح باشە. هەموو مرۆڤێك تێکەڵەیەکە لەهەردووکیان، ئەو تروسکاییەی، کە رۆحی مرۆڤە، چاوەڕوانی رزگاربوونە لەقەفەزی ماتریالی لەش، بەڵام ئۆگۆستینۆس بەرامبەر بەئەرگومێنتە ناعەقڵییەکانی مانییەکان دەکەوێتە گومانەوە. لێرەوە بوو بە گومانکەرێکی تەواو هەروەك گومانکارانەی دوای مەرگی پلاتۆن ئەکادیمیاکەیان بەڕێوە دەبرد. باوەڕ وایە ئەمە هۆکار بووە کە ئەم دەست بکات بەخوێندنەوەی فەلسەفەی پلاتۆنو پلاتونیزمی نوێ لەشاکارەکانی پلوتیندا (ئەفلۆتین) ماوەیەك تەواو لەژێر کاریگەرێتی ئەواندا بووە. کاتێك لەتەمەنی ٣٢ ساڵیدا گەڕاوەتەوە سەر ئاینی کریستیانی، لەهەگبەکەیدا فەلسەفەی پلاتونیزمو پلاتونیزمی نوێی پێ بووەو هەردوکیانی بەشێوەیەکی وا تێکەڵ بە ئایینی کریستیانی کردووە کە کاریگەرییەکی بێ وێنەی لێ پەیدابوو. ئۆگۆستینوس خۆی لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی "دانپیانانەکان" باسی ئەم گەشەکردنە دەکات، ئەو کتێبە یەکەم کتێبی بیرەوەری نووسینەوەیە بەمانا هاوچەرخیەکەی. زۆر بەجوانی سەرنج راکێشەرانە باسی منداڵی خۆی دەکات، پۆرترێتێکی قەشەنگی سەبارەت بەکەسایەتی دایکی بەنووسین خستۆتە بەرچاو، بەکراوەیی باس لەچۆنیەتی جۆراوجۆرێتی رەوشی سێکسواڵی سەردەمی گەنجی خۆی کردووە. لەوێدا ویستویەتیو نەیویستووە واز لەخووە سێکسواڵییەکانی خۆی بهێنێت، نووسیویەتی: "خوایە لەزۆر حەزکردن لەسێکس رزگارم بکە، بەڵام جارێ نا".

---

[16]– مارکوس تولیوس شیشرو (١٠٦- ٤٣ پ.ز) وتاربێژو پیاوی دەوڵەتو نووسەری بابەتی فەلسەفەیی بووە، ئەوکاتەی یولیوس سیزار حوکمی گرتۆتە دەست ئەم وازی لە سیاسەت هێناوەو خۆی تەرخانکردووە بۆ نووسینەوەی وتارەکانیو کارە فەلسەفەییەکانی، دوای مەرگی سیزار لە ٤٣پ.ز دژایەتی دەسەڵاتی مارکۆس ئەنتۆنیۆسی کردووە. هەمان ساڵ بە فەرمانی ئەوکوڕەی سیزار هەڵیگرتبۆوە بە ناوی ئۆکتاڤیانووس، شیشرۆ کوژراوە.

## کاریگەری بۆ سەر بیرمەندەکانی دواتر

ئەو بیرە سەرنجڕاکێشانەی نێو (دانپیانانەکان) دەربارەی سروشتی زەمەنە. "گەر کەس لێم نەپرسێت زەمەن چییە ئەوا دەزانم چییە، بەڵام گەر یەکێك بپرسێتو منیش هەولبدەم بۆ وەڵامدانەوەی، ئەوا نایزانم". باوەڕی ئۆگۆستینوس بۆ ئەوەی کە تێپەڕبوونی کات بۆ خوا واقیعی نییە، گەرچی بۆ بوونەوەرە زیندووەکان بوونی هەیە، گەیانوویەتییە ئەو دەرئەنجامەی، کە تێپەڕبوونی کات تەنیا خەسڵەتێکی تایبەتییە بۆ شارەزاییەکانمانو خۆی لەخودی خۆیدا، واتە لەدەرەوەی شارەزاییەکانماندا، بوونی نییە. لێرەوە ئەم کاریگەری هەبووە بۆ سەر فەلسەفەی کانت (بڕوانە بەشی تایبەت بەکانت) لەباسێکیتریدا سەبارەت بەکات (زەمەن) کاریگەری هەبووە بۆ سەر شۆپینهاوەر (بڕوانە بەشی تایبەت بەشۆپینهاوەر) بەتایبەتی لەو بۆچوونەدا کە دەڵێت ئێستا بریتییە لەفۆرمی سنوور نەبەزێنراوی هەموو بوون. لەو رووەشەوە کاریگەری بۆ سەر شۆپینهاوەر هەبووە کە لەو باوەڕەدا بووە هەموو بوونی سەر زەمینیمان، بەعەقڵیشەوە ویست زاڵە بەسەریاندا. لەبۆچوونێکیتریدا بەتەواوی کاری کردۆتە سەر دیکارت (بڕوانە بەشی تایبەت بەدیکارت). ئەو ئەو ئەرگومێنتەی پێشکەشکردووە کە دەبێت گومانکاران بەهەڵەدا چووبن. چونکە من، وەك ئەو باسیکردووە، بۆ ئەوەی بتوانم گومان لەشتێك بکەم، با باسی هەموو شتێك نەکەم، بەناچارەکی دەبێت هەبم، لەبەرئەوە مەحاڵە بتوانم گومان لەبوونی خۆم بکەم. چونکە بوونی خۆم راستیەکی وایە کە بەڕەهایی لێی دڵنیام. دروست نییە گەر بڵێین ئێمە توانای زانینی هیچمان نییە، یان بڵێین ناکرێت لەهیچ دڵنیابین، یان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین گومان لەهەموو شتێك بکەین. کە لەبنەڕەتا خاڵی سەرەکی گومانکەرانە.

لەبەرئەوەی وایە، دەلوێ شتیتریش بوونی هەبێتو منیش بەڕەهاییەوە لەزانینیان دڵنیابم.

## یەکگرتنێکی سەرکەوتوو

شتێك کە بووە هۆی ئەوەی ئۆگوستینوس بتوانێت ترادیسۆنی فەلسەفەی پلاتۆنیو مەسیحیەت تێکەڵ بەیەك بکات، ئەوە بووە، کە مەسیحیەت خۆی جۆرە فەلسەفەیەك نەبووە. بنەما باوەڕییەکانی زیاتر خاوەن خەسڵەتی مێژووین، نەك فەلسەفەیی. بۆ نموونە کە دەڵێت خوا ئەم جیهانەی ئافەریدەکردووەو دوایی خۆی لەشێوەی مرۆڤدا هاتۆتە خوارەوەو وەك مرۆڤێك بەناوی عیساوە لەشوێنو کاتێکی دیاریکراودا لەفەلەستین ژیاوەو ژیانە تایبەتییەکەش وەك دۆکۆمینی مێژووییە.

کریستیانی بوون، واتە باوەڕهێنان بەو شتانەو ژیان گوزەراندنە بەپێی ئەو ئامۆژگارییانەی ئەو خوایەی ئافەریدەی کردوین، کە بەشێکی ئەو ئامۆژگارییانە لەقسەکانی ئەو عیسایەوە پێمان راگەیەندراوە. بێگومان عیسا کۆمەڵێك ئامۆژگاری مۆرالی کردوین، بەڵام ئەو بەتایبەتی گفتوگۆی دەربارەی کێشە فەلسەفەییەکان نەکردووە.

کەواتە بەوشێوەیە نەبووە کە لەلایەکەوە فەلسەفەی پلاتۆنی هەبووبێتو لەلایەکیتریشەوە فەلسەفەی کریستیانی دژ بەو تا ئۆگۆستینوس لەبەرامبەر کێشەی رێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنەدا بووبێت. بەڵکو بەو جۆرە بووە کە مەسیحییەت (بەپێچەوانەی بودیزمەوە) تا رادەیەکی زۆر ئاینێکی فەلسەفەیی نەبووە. کە ئۆگۆستینوس هەستیکردوە پلاتۆنیزم زۆر لایەنی بەسوودی وای تیادایە کە لەئینجیلدا نییە، ئەم هاتووە پلاتۆنیزمی تێکەڵ بەجیهانبینی کریستیانی کردووە. لەم کارەدا ئەو لایەنانەی تایبەتیانەی پلاتۆنیزمی فەرامۆش کردووە، کە پێچەوانەی مەسیحیەت بووە یان لەگەڵیدا نەگونجاوە.

لەبەرئەوەی مەسیحییەت بریتییە لەهاتنەخوارەوەو خۆئاشکراکردنی خودی خواوەندە بۆ خەڵکی، هەموو راستییەك لای مەسیحیەتەو بڕواکردن بەهەرشتێکی پێچەوانەو نەگونجاو لەگەڵ ئەم ئایینە بەکوفر لەقەڵەم دەدرێت. هەر لەم

روانگەیەوە ئۆگۆستینوس شیکاری لەلایەنە فەلسەفەییەکاندا کردوە بە بەشێك لەبەرنامەی کاری خۆی. هەمیشە فەلسەفەی وەك پاشکۆ بەکارهێناوە بۆ بەڵگە ئایینییەکان.

بەڵام گرنگ لەوەدایە کاری ئەم لەکاری فەیلەسوفەکان کەمتر نەبووە. تارادەیەکی زۆر باش سەرکەوتوو بووە لەپێکەوە تێکەڵکردنی پلاتۆنیزمو نیوپلاتۆنیزم لەگەڵ روانینەکانی کەنیسە بۆ واقیع.

ئەو بەشەی فەلسەفەکەی پلاتۆن کە دەڵێت زانستی راستەقینە سەر بەجیهانێکە، کە زەمەنی تێدانییە، تەواو کاملەو خاوەن دیاردەی ماتریالی نییەو ئێمە بەشێوەیەکی نادیار پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەیەو هەروەها بەشێك لەئێمە وەك ئەو جیهانە، بێ زەمەنو ناماتریالییەو سەر بەو جیهانەیە. بەڵام جەستەمان لەجیهانی ماتریالی هەستپێکراوی هەمیشە گۆڕاوی بەردەستیدایە. هەر لەبەرئەوەش، کە هەموو شتێك لەم جیهانە هەستپێکراوەدا هەمیشە لەگۆڕاندایە، هیچ دڵنیاییەك بوونی نییە. بوونی هەقیقەتو مەعریفەی پتەو یان سەلمێنراو لەم جیهانەدا، هەر وەك سەراب دەمێنێتەوە. هەموو ئەمانەو زۆر بۆچوونیتری پلاتۆنی وەها لەناو مەسیحییەتدا رەگو ریشەی داکوتاوەو بڵاوبۆتەوە، کە زۆر لەکریستیانەکان لایان وایە، گەرچی راستەوخۆ مەسیح خۆی ئەم بیرۆکانەی بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەمانە بەشێکی سروشتین لەئایینی مەسیحی.

## رۆح لەدۆزەخدا

یەکێك لەبۆچوونەکانی ئۆگۆستینوس کە هەرگیز کەنیسە بەرەسمی دانی پیادانەناوە، بەڵام لەزۆر رووەوە کاریگەرییەکی تراژیدیانەی هەبووە، بۆچوونەکانیەتی سەبارەت بەقەدەر. بەلای ئەوەوە ئێمە ناتوانین بەویستی خۆمان، بێ ئیرادەی خوا، خۆمان لەقەدەری خراپ رزگار بکەین، بەڵکو دەبێت خوا ئارەزووی لێبێتو لێمان خۆش بێت. ئەو رۆحانەی دەکەونە دۆزەخەوە، هی ئەوانەن کە خوا یارمەتی نەداون بۆ رزگاربوون. کەواتە ئەو بەدۆزەخ مەحکومکراوانە بەهۆی ئیرادەی خواوە مەحکوم کراون، ئەم بۆچوونە لەسەدەکانی دواتردا بەکارهێنرا بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ ئازاردانو سوتاندنو کوشتنی ژمارەیەکی زۆری بێباوەڕان. واتە بەوجۆرە رەفتاریان لەگەڵ دەکرا، کە ئەمانە خاوەن ئەو رۆحانەن، کە خوا حوکمی چوونە دۆزەخی داوە بەسەریاندا، بەناوی خواوە هەزاران کەس زۆر دڕندانە کوژراون. ئەمە نموونەیەکە، مارکسیزم نموونەیەکیترە، لەشوێنیتر نموونەیتریش هەیە، کە چۆن ئەو تیورییانەی فەیلەسوفەکان دایانناوە، دەکرێت بەکاربهێنرێنو بکرێنە بیانوو بۆ کۆمەڵکوژی خەڵك. ئەمە بەڵگەیە، کە سەرەنجامی پراکتیزەکردنی ئایدیایەکی ئەبستکرات رەنگە بەچی بگات.

دوای پتر لەتێپەڕبوونی هەزار ساڵ، هەمان ئایدیاکانی ئۆگۆستینۆس کاریگەری زۆری هەبووە بۆ سەر بیرمەندە ئایینییەکان، نەك تەنیا بۆ سەر کاتۆلیکییەکان، بەڵکو بۆ سەر سەرکردە پروتیستانتە ریفۆرمخوازەکانی کەنیسە، وەك لۆتەرو کالڤینو جانسین.

## هەرەسی شارستانی

ئۆگۆستینۆس لەو سەردەمەدا ژیاوە کە ئیمپراتۆری رۆما هەرەسی هێناوە. لەساڵانی تەمەنی ئەودا هەموو جیهانی شارستانی داڕماوە، ئەو ئاگاداری ئەوە بووە چۆن هێرشە بەردەوامەکانی بەربەرییەکان هیچیان بەسەر هیچەوە نەهێشتووە، لەسەردەمی مردنیدا، لەشاری (Hippo)ی جەزائیر، ئەوکاتانە شارەکە بەر هێرشی تاڵانچی کەوتووەو داگیرکراوە. ئیتر روخانو هەرەس لەهەموو لایەکەوە بەردەوام بووەو ئەو سەردەمە هاتۆتە پێشەوە، کە لەمێژوودا بەچاخە تاریکەکان ناودەبرێت، گومان لەوەدا نییە رەوشی سەردەمی ژیانی ئۆگۆستینۆس کاریگەری هەبووە بۆ

سەر بۆچوونە رەشبینەکانی دەربارەی بزربوونی مرۆڤو دەربارەی ئەوەی ئەم جیهانەی ئێمە تیایدا دەژین، جیهانێکی پڕ لەگوناحە، شاکارە گەورەکەی بەناوی (دەربارەی مەلەکوتی خودا)، مرۆڤی وەك لەیەك کاتدا هاوڵاتی دوو جیهانی لێکجیاواز وێناکردووە. لایەك مەلەکوتی خودایە، کە نەگۆڕو ئەبەدییەو جیهانی هەقیقەتە، لایەکەیتر ئەم جیهانە پڕ لەنائارامییەیە، کە بەخێرایی هەموو شتێك دێتو دەڕواتو پڕە لەبەهای ساختە. ئێمە لەهەردووکیاندا دەژین (لێرەدا خوێنەر راستەوخۆ هەست بەهاوتەریبی ئەم بۆچوونەو ئایدیاکانی پلاتۆن دەکات دەربارەی بوونی دوو جیهان).

ئۆگۆستینوس دوا کەڵە فەیلەسوفی سەردەمی دێرینی لاتین بووە. بەلای زۆر کەسەوە ئەم گەورەترین فەیلەسوفی ئەو سەردەمە بووە. هەروەها ئەم یەکەم فەیلەسوف بووە، کە لێکۆڵینەوە فیکرییەکانی، لەبری گەڕان بەدوای هەقیقەتدا لەدەرەوەی کۆمەڵگەی دەوروپشت، رۆچووبوونە قووڵاییەکانی دیویی ناوەوەی ناخی مرۆڤ.

ئەم نووسەری نەك یەك، بەڵکو دوو کتێبی هەرە گرنگو بەناوبانگی ئەدەبی جیهانییە. کتێبی (دانپیانانەکان) ٤٠٠ز، لەگەڵ (دەربارەی مەلەکوتی خواوەند) ٤١٣–٤٢٦ز.



## فەلسەفە لەچاخەکانی ناوەڕاستدا

### تەقەلایەکی دوورو درێژ بۆ بەباشی پێکەوە گونجاندنی فەلسەفەی پلاتۆنو ئەریستۆتالیسو ئایینی مەسیحی

**لەبەر گەشەکردنی زانستی سروشتی دوای چاخەکانی ناوەڕاست، بەشێوەیەکی نا عادیلانە ئەم چەند سەدەیەی دوایی فەلسەفەی چاخەکانی ناوەڕاست، لەلایەن توێژەرە کاتۆلیکییەکانەوە نەبێت، پشتگوێ خراوە. ئەم فەلسەفەیەش شایانی لێکۆڵینەوەیە.**

لەئەنجامی رووخانی ئیمپراتۆریی رۆمادا، ناوچە جیاوازەکانی کەوتۆتە ژێر دەستی هێزە بیانییەکانەوە، کە پێکهاتبوون لەزۆر جۆری لەشکری بتپەرستەکان، ئەمانە لەناو خۆیاندا دژ بەیەك بوونو شەڕی یەکترییان دەکرد. هێما کلاسیکییەکانی ئەو شارستانییە، کە لەکەلتووری گریکیو هێلینیو رۆمانی پێکهاتبوو، بەسەریەکدا داڕووخانو وێرانکرانو ئەنجام هاتنەپێشەوەی ئەو سەردەمە بووە، کە ئێمە بە چاخە تاریکەکان ناویان دەبەین.

لەبەرئەوەی ئەوروپاییەکان، ماوەیەکی زۆرە پێیان وایە شارستانییەت هاوتایە بەکەلتووری ئەوروپایی، شایانی باسکردنە ئەو کاتانەی ئەوروپا بەو قۆناغە تاریکەدا تێدەپەڕی ـ لەنێوان ساڵانی ٦٠٠ تا ١٠٠٠ز ـ هەندێك بەشێتری جیهان کەلتووری گەشەکردویان هەبووە. ئەوکاتانە سەردەمی زێڕین بووە بۆ ئیسلام[17]، کە هەموو ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی جارانی ئەسکەندەری مەکدۆنیو لەوێشەوە بەدرێژایی باکووری ئەفریکا تا دەگاتە ئیسپانیای گرتبۆوە. شارستانییەتی چینی لەسەردەمی (بنەماڵەی تانگ) دا ٦١٨–٩٠٧ز گەیشتە بەرزترین ئاست، بەبۆچوونی شارەزایان ئەو سەردەمە گەشەسەندوترین قۆناغی شیعر بووە لەچین. لەیابان سەردەمێکی نوێی کەلتووری خێرا گەشەسەندو لەبەرامبەر کەلتوورە کلاسیکییەکەیاندا هاتۆتە ئاراوە، پێویست بووە پێنج سەدە تێپەڕێت تا ئەوروپا بتوانێت جارێکیتر دەستبکاتەوە بەپرۆسەی زاڵکردنی دەسەڵاتو کەلتووری خۆی بەسەر جیهاندا.

گەر یەکێك لەسەردەمی ئەو چاخە تاریکانەدا پێشبینی بکردایە، کە ڕۆژێك دادێت ئەم کیشوەرە بەربەرییە دواکەوتووە دەگاتە ئەم حاڵەتەی ئێستا، ئەوا دیارە دەبووە مایەی گاڵتەجاڕی. لەوکاتانەدا، جیهانی ئیسلامی بوو، کە زۆر لەکەلتووری کلاسیکی دێرینی جارانی پاراستبوو. نموونەی هەرە دیار لەم ڕووەوە سەبارەت بەفەلسەفە بەرهەمەکانی ئەریستۆتالیسە.

زۆربەی ئەو بەرهەمانە لەئەوروپا لەناو چووبوون، بەڵام لەجیهانی عەرەبیدا پارێزرابوونو لەسەدەی سیانزەوە گەڕێنراونەتەوە بۆ ئەوروپا، (ئەو پەیوەندییە

[17]– تا ساڵی ٦٣٢ ئیسلام لە زۆربەی ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بڵاوبووبووەوە، ساڵی ٧٥١ دەوڵەتی ئیسلامی لە نزیك سنووری فەرەنساوە تا سنووری چینی گرتبۆوە، ئیسلام ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بواری فەلسەفە، ماتماتیك، گەردووناسیو دەرمانسازیدا، هەروەها لە بواری بیناسازی خۆشنووسیو هونەری سیرامیكو ڕستنوچنیندا.



کەلتوورییانەی لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا لەسەدەی دوانزەو سیانزە هەبوون، کاریگەری یەکجار زۆریان هەبووە لەسەر گەشەکردنی ڕۆشنبیریی لەئەوروپادا، ئەوە لەزۆر لایەنەوە، نەك تەنیا لەڕێگەی گەڕاندنەوەی بەرهەمەکانی ئەریستۆتالیسەوە).

تاکە بەرهەمی ئەریستۆتالیس کە لەئەوروپادا لەو چاخە تاریکانەدا مابۆوە، کتێبی لۆژیك بووە، ئەوەش چونکە لەلایەن (Boethius) کە دەوروبەری ٤٨٠–٥٢٤ز ژیاوە، کرابوو بەلاتینی، ئەم پیاوە سەرنجراکێشە لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە لەئیتالیا، کە ناوی تیودوریك بووە، پشتگیریی تەواوی لێدەکرێت، چەندین ساڵ ئەم سەرۆك وەزیرانی ئەم دەسەڵاتدارە بووە، بەڵام دوژمنەکانی پیلانیان لەدژگێڕاوە، خراوەتە زیندانەوەو لەسێدارەدراوە.

کە لەزینداندا چاوەڕێی جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنەکەی بووە، کتێبێکی نووسیوە بەناوی (دڵنەواییەکانی فەلسەفە)، کە تا ئیمڕۆش خوێنەری هەیە. گەرچی ئەو مرۆڤێکی کریستیان بوو، بەڵام ئەم کتێبە، وەك لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت، کتێبێکی ئایینی نەبوو، بەڵکو زیاتر سەر بەفەلسەفەی ستویزمیو نیوپلاتۆنیزم بووە. ئەم کتێبە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست زۆرترین خوێنەری هەبووە.

## ئێرلەند وەك قەڵایەك

دوای Boethius ئەوروپا چەندین سەدە لەتاریکییو دواکەوتوییدا ماوەتەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، ئەو تاکەکەسو ئەنستیتوتانەی دەیانویست پارێزگاری لەپاشماوەی شارستانییەتەکەیان بکەن، زیاتر کەوتبوونە هەڵوێستی بەرگری لەخۆکردنەوە. کەنیسەی مەسیحییەکان لەپێشەنگی ئەو ئەنستیتوتانە بووە، کە لەسەرەتاکانی ئەو قۆناغەدا هەموو هەوڵێکی بۆ مانەوە بووە. هەربۆیە ناکرێت مرۆڤ چاوەڕوانی بەرهەمی ڕۆشنبیریی قووڵو ڕەسەن بێت لەو سەردەمە. چالاکی لەو جۆرەش ئەوکاتانە زۆر دەگمەن بووە.

ئەو هۆزو تیرە جەرمەنییانەی ئیمپراتۆری رۆمانیان لەباکووری ئەورووپا روخاند، هێرشیان کردە سەر ئینگلاندو ئەوێشیان داگیرکرد. بەڵام لەکەنار دەریاکانی بەرامبەر ئیرلەند راوەستانو بەرەو پێشەوە نەچوون. واتە ئیرلەند دووچاری داگیرکارییەکانی لەشکری بەربەرییەکان نەبوو. زۆر لەرۆشبیرانو خوێنەوارەکانی بریتانیاو وڵاتە ئەورووپاییەکانیتر بەرەو ئەوێ هەڵهاتن، لەئەنجامدا سەردەمێکی گەشی چاوەڕواننەکراو لەمێژووی ئیرلەند هاتە کایەوە. بەزۆری لەسەدەکانی شەشو حەوتو هەشتی زاینیدا ئەم دوورگەیە مەڵبەندێکی شارستانی بووە لەبەرامبەر ناشارستانێتی هەموو ئەورووپادا. ئەمە روونیدەکاتەوە، کە بۆچی ئەو تاکە فەیلەسوفە رەسەنە گەورەیەی ئەو چاخە تاریکانە خەڵکی ئیرلەند بووە. ئەویش ناوی John the Scot بووە، کە ناوێکی سەیرە، ئەوکاتانە بەلاتینی بە ئیرلەند گوتراوە (Scotia) ئەم فەیلەسوفە زیاتر بەناوی (Johannes Scotus Eriugena) ناسراوە. ساڵو رۆژی لەدایك بوونو مردنی دیار نییە، بەڵام باوەڕ وایە لەساڵانی نێوان ٨١٠ تا ٨٧٧ز ژیابێت.

## خود ناسینی ئیلاهی

(Eriugena) جەختی لەسەر ئەو بۆچوونە کردۆتەوە، کە بەڵگەی دروست نابێتە هۆی سەرەنجامی هەڵە. هەرگیز ناکۆکی لەنێوان عەقڵو خۆدەرخستنی خودادا نییە. هەردوولایەن شێوازی سەربەخۆیان هەیە بۆ گەیشتن بەڕاستەقینە، هەردووکیشیان دروستن. لەبەرئەوە ئەم خۆی تەرخانکرد، کە بە بەڵگەی عەقڵی راستی هەموو باوەڕەکانی ئایینی مەسیحی بسەلمێنێت. بەڵام لەلایەن دامودەزگا رەسمییە ئاینییەکانەوە کارەکانی ئەم بووە جێی گومان، چونکە گەر ئەم لەسەر هەق بێت، ئەوا زەرورەتی بڕواو خۆدەرخستنە ئیلاهییەکە نامێنێت.

بۆچوونە فەلسەفەییەکانی ئەم زیاتر سەرچاوەیان لەنیوپلاتۆنیزمو بەڕادەیەکی زۆریش لەترادیسۆنی ئۆگۆستینوسەوە وەرگرتبوو، بەڵام ئەم بیرمەندێکی لەئۆگۆستینوس زیرەکتر بووە، لەڕووی تەکنیکییەوە ئەرگومێنتەکانی ئەم لەوانەی ئۆگۆستینوس بەهێزتر بوونو بەڵگە عەقڵییەکانیشی لەوانەی ئەو قووڵتر بووە.

یەکێك لەئەرگومێنتە هەرە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەوەیە، کە گوتویەتی لەبەرئەوەی خوا وەك دیاردەیەکی ئۆبجەکتیڤی نییە تا بەهۆی زانستەوە بناسرێت، ئەوا نالوێت خوا توانای ناسینی خۆی هەبێت، واتە ناتوانێت لەسروشتی تایبەتی خۆی تێبگات. چەند سەدەیەك دوواتر ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لەلایەن (کانت)ەوە گشتێندراو ئەو تێزەی لێدروستکرد، کە دەڵێت نەك تەنیا هەر خوا، بەڵکو هەموو بوونەوەرێکی ئاگامەند، بۆ نموونە مرۆڤ، مەحاڵە توانای تێگەیشتنی لەسروشتی خۆی هەبێت.

لەرۆژئاوا، (Eriugena) تاکە فەیلەسوفی خاوەن سیستمی فەلسەفی بووە لەنێوان سەردەمی ئۆگۆستینوسو (Boethius) لەلایەکو سەردەمی ئەنسلیم (Anslem) لەسەدەی یانزەهەمدا لەلایەکیترەوە. واتە لەماوەی پێنج شەش سەدەدا. بەڵام لەسەردەمی ئەنسلیمەوە کۆمەڵێك فەیلەسوفی لێهاتوو پەیدابوون وەك پیتەر ئەبێلارد Peter Abelard لەسەدەی دوانزەهەمو رۆجەر باکۆن (Roger Bacon)و تۆمای ئەکوینی Tomas Aquino لەسەدەی سیانزەهەمو دوای ئەویش دونس سکوتوس (Duns Scotus)و ڤیلهیلم ئۆکهام (ویلیامی ئۆکهام) (Wilhelm of Ockham)و لەو کاتانەوە ئیتر چاخەکانی ناوەڕاست بەرەو کۆتایی چوون.

## چیرۆکێکی خۆشەویستی

گرنگترین بەشداریکردنی ئەنسلیم لەمێژووی فیکردا، بەڵگە ئۆنتۆلۆجییەکەیەتی بۆ سەلماندنی بوونی خودا. لەلاپەڕەیەکی تایبەتیدا باسی لێوەدەکەین. ئێستا یەکسەر باسی ئەبیلارد ۱۰۷۹–۱۱٤۲ز دەکەین. ئەم زۆربەی ژیانی لەپاریسو دەروبەری بەسەربردووە.

چیرۆکی تراژیدیای ئەبیلاردو هێلۆیس یەکێکە لەچیرۆکە مەزنەکانی خۆشەویستی، لەگەڵ ڕۆمیۆو جۆلێتو تریستانو ئیسۆڵدا بەراورد دەکرێت. هێلۆیس کچی برای یەکێك بووە لەگەورە دەستڕۆیشتووەکانی نۆتردام.

ئەم کچەو ئەبێلارد بەنهێنی حەزیان لەیەکتر کردووە، منداڵێکیان بووە، دواتر هەر بەنهێنی مارەی کردوەو هێناویەتی. بۆ تۆڵەکردنەوە، بەهاندانی ئەو گەورە دەستڕۆشتووە، براکانی کچەکە دەچنەسەر ئەبێلاردو دەیخەسێنن. مێژوەکەیان لێرەدا بەکۆتایی دەگات، کە ئەم دەبێت بەراهیبو ژنەکەش بەراهیبە. کەوتونەتە نووسینی نامەی دڵداری بۆ یەکتر، ئێستا ئەو نامانە بەشێکن لەئەدەبی بەرزی جیهانی.

لەبواری فەلسەفەدا، نووسینە سەرنجڕاکێشەکانی ئەبێلارد دەربارەی ئەو کێشانەن، کە بە یونڤێرسال ناسراون وەك تێرمی "سوور" یان "دار" کە تەواو بەهەمان شێوە بۆ کۆمەڵێ شتی جۆراو جۆری لەژمارە نەهاتوو بەکاردەهێنرێن. ئایا ئەم تێرمانە ئاماژەن بۆ شتێك، کە لەواقیعدا هەن یان نا؟ بەڕای پلاتۆن ئەوانە بوونیان هەیە. ئایدیای سوورێتی بوونی هەیەو هەموو شتێکیش کە ڕەنگی سوورە، بریتییە لەکۆپییەك، یان وەك وێنەیەکی ناو ئاوێنەیە بۆ ئەو ئایدیایە. ئەریستۆتالیس نکوڵی لەو جۆرە بوونە کردووە. گوتویەتی دیارە شتی سوور بوونی هەیە، بەڵام سوورێتی شتێك نیە سەربەخۆو بەجیا لەو شتە ڕەنگ سوورانەی هەن، بوونی



هەبێت. یەکەم لایەنی ئەم گۆشەنیگایە، بەتایبەتی ئەوەی پلاتۆن بە ریالیزم* ناسراوە چونکە جەختی لەسەرئەوە کردوە، کە یۆنیڤێرسالییەکان خاوەن بوونی راستەقینەن.

گۆشەنیگاکەی ئەریستۆتالیسیش بەنومینالیزم ناسراوە، چونکە بەلایەوە یونیڤێرسالییەکان تەنیا ناونو بۆ ئاماژەکردن بۆ هەندێك خەسڵەت بەکاردەهێنرێنو خۆیان بوونی تایبەتی خۆیان نییە. ململانێی نێوان ریالیستەکانو نومینالیستەکان ناکۆکییەکی بەردەوامو درێژ خایەن بووە لەفەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا. ئەویش لەبەرئەوەی لەلایەکەوە دەربارەی کێشەیەکی راستەقینە بووەو لەلایەکی تریشەوە کێشەکە دەرئەنجامی تیۆلۆگی گرنگی هەبووە. بۆ نموونە سەبارەت بەسروشتی سێینە (الپالوپ)[۱۸] ئەبیلارد نۆمالیستێکی لێهاتووی مۆدێرن بووە. بەڵام ئەم کێشەیە هێشتا چارەسەرێکی پەسەندی بۆ نەدۆزراوەتەوە. گەرچی ئێستا ئێمە کار بەتێرمینۆلۆجییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ناکەین، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەو کێشەیەدا لەزۆرانبازیداین.

* بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چەمکی ریالیزمو نومینالیزم بڕوانە: د. حەمید عەزیز ـ فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ـ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ـ سلێمانی ـ چاپی یەکەم ۲۰۰٦ ـ لا۱۰۸و ۱۱۱. (وەرگێڕ).

[18] – باوەرهێنان بە بوونی سێینە لە ئایینس کریستیانیدا کارێکی هەرە بنەرەتییە،کە بریتییە لە خوا وەك باوك، کور، رۆحی پیرۆز. هەموو پێکەوە یەك یەکە پێکدەهێنن، فەیلەسەفەکانی سەدەکانی ناوەراست گفتەگۆی زۆریان لەسەر سروشتی سێینە کردووە.

# ئایا دەکرێت بوونی خوا بسەلمێنرێت؟

**لەناو ئەو ژمارە زۆرەی بەڵگەکاندا بۆ بوونی خوا، سێ بەڵگەیان لەمێژووی پێشووتری فەلسەفەدا، بایەخی تایبەتییان هەبووەو تائێستاش بەگەلێك شێوازی جیا جیا رووبەڕووی ئەو بەڵگانە دەبینەوە.**

* ئەو ئەرگومێنتەی دەڵێت جیهان نیشانەی پلان بۆدانراویو رێکوپێکی دەردەخات (دەنکە بەڕوویەك دەبێت بەدار بەڕوو، ئەستێرەکان لەخولگەی دیاریکراوی خۆیاندا دەسوڕێنەوە. پێدەچێت هەموو شتێك مەبەستو پلانی تایبەتی هەبێت) ئەم بەڵگەیە، بە (بەڵگەی تیولۆجی بۆ بوونی خوا) ناودەبرێت. چونکە رونکردنەوەیەکی تیۆلوجی بەهۆی مەبەستو ئامانجەکانەوە شتەکان ڕووندەکاتەوە.

بەهۆی سەرهەڵدانی زانستە سروشتییە مۆدێرنەکانەوە، ئەم بەڵگەیە هێزی جارانی نەماوە، چ لەڕووی فیزیکەوە، یان لە رووی توێژینەوە بایۆلۆژییەکانەوە. ئێستا دیاردە سروشتییەکان، یان بەتێرمی هۆکارەکان، یان بەهۆی رێکەوتەوە، ڕووندەکرێنەوە. گەر سەبارەت بەبوونەوەری ئاگامەند نەبێت، ئێستا باس لەئامانج لەبوونی دیاردەکانیتر ناکرێت. هەڵبەتە جۆرە رێکوپێکییەك لەگەردووندا هەیە، بەڵام بێگومان ئاژاوە، یان نارێکوپێکیش هەیە، رەنگە جاران زیادەڕەوی کرابێت لەبڕواکردندا بەبوونی رێکوپێکی لەهەموو شتێکدا. ئێستا هەر بەتەواویش باسکردنی مەبەست لەبوونی جیهان، وەك گشت، کەوتۆتە بەر پرسیارو گومان.

* ئەو ئەرگومێنتەی دەڵێت بوونی جیهان خۆی پێویستی بەئافەریدەکەرێکە (چونکە چۆن هەر لەخۆیەوە، لەهیچەوە، دروست بووە؟) بە (بەڵگەی کۆسمۆلۆجی بۆ سەلماندنی بوونی خوا) ناو دەبرێت. خاڵی هەرە لاوازی ئەم بەڵگەیە، سوڕانەوەیەکی هەتا هەتاییە. گەر کۆسمۆس پێویستی بەئافەریدەکەرێکی بەتواناو بەدەر لەخودی خۆی هەبێت، ئایا ئەو شتەیتر پێویستی بەئافەریدەکەرێکی لەخۆی بەتواناتر نییە؟ چۆن بوونی ئەو روونبکەینەوە؟ گەر بگەینە رونکردنەوەیەکیش ئایا نابێت بەردەوام بگەڕێین بەدوای رونکردنەوەی چۆنیەتی ئەو بوونەو پرسیار، ئایا ئەی ئەو چۆن دروستبووە؟



* سێیەم ئەرگومێنتی گرنگ بۆ بوونی خوا، پێیدەگوترێت (بەڵگەی ئەنتۆلۆجی بۆ سەلماندنی بوونی خوا) وشەی ئەنتۆلۆجی بۆ ئەو گفتوگۆیانە بەکاردێت، کە پەیوەندی بەسروشتی بوونەوە هەیە.

پێدەچێت داهێنەری سەرەکی ئەم ئەرگومێنتە ئەنسیلم (Anselm) (١٠٣٣–١١٠٩) بووبێت، کە شانزە ساڵ گەورە قەشەی کانتربێری بووە. ئەو گوتویەتی، تۆ هەرە کامیلترین بوونەوەر کە بەخەیاڵتدا دێت بێنە بەرچاو، گەر ئەو خاوەنی هەموو خەسڵەتە پۆزەتیڤەکان بێت، جگە لەخەسڵەتی بوون، ئەوا دیارە کە ئەمە تەواو کامیل نییەو کەموکوڕی هەیە. چونکە ئەو بوونەوەرەی لەڕاستیدا بوونی هەیە، پایە بەرزترو کامیلترە لەوەی خاوەن بوون نییە.

لەبەرئەوە دەبێت ئەو بوونەوەرە هەرە کامیلو تەواوە بوونی هەبێت، زۆربەی ئەو مرۆڤانەی بیردەکەنەوە، هەستێکی وایان لا دروست دەبێت، کە ئەم بەڵگەیە بەهێزو خۆڕاگرنییە. بەڵام هەر وەك حاڵەتەکەی نێوان ئەکیلۆسو کیسەڵەکە (بڕوانە بابەتە تایبەتەکە دەربارەیان لەسەرەتاکانی ئەم کتێبەدا) ئەوا زۆر سەختە هەڵەی ناو ئەرگومێنتەکە دەستنیشان بکرێت.

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا (کانت) بەشێوازێکی وا ئەم ئەرگومێنتەی داڕشتۆتەوە، کە زۆربەی خەڵك بەلایانەوە پەسەند بووە. بەڵام پرسیارەکە هێشتا جێی مشتومڕە.

زۆربەی فەیلەسوفەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە هاوڕان، کە لەتوانادا نییە بوونی خوا بەبەڵگە بسەلمێنرێت. بەڵام ئاشکرایە نالێن، کەوابوو خوا بوونی نییە، بەڵکو دەڵێن سەلماندنی بوونی ئەو لەو جۆرانە نییە، کە بەعەقڵ بسەلمێنرێت.

## رێنیسانسی سەدەکانی ناوەڕاست

لەسەدەی سیانزەهەمدا یەکەم بەرەوپێشەوە چوونو گەشەکردنی راستەقینەی فیکریو شارستانی لەئەوروپادا، لەپاش دارمانی ئیمپراتۆریی رۆمانییەوە، روویدا. لەم سەردەمەدا کەلتووری کریستیانیو ئیسلامی بەتەواوی کاریانکردە سەریەکتر. فەلسەفەی ئەریستۆتالیس، لەڕێگەی جیهانی عەرەبییەوە، گەڕایەوە بۆ ئەوروپا.

چیرۆکە رۆمانتیکییەکان دەربارەی ئارسەر (Arthur) هەروەها چیرۆکەکانی دەربارەی کارڵی مەزن نووسراون، لەفەرەنسا کاتدرائییە قوتییەکان (جەرمانییە رۆژهەڵاتییەکان ـ وەرگێڕ) دروستکراون. لەئینگلاند زانکۆکانی ئۆکسفۆردو کامبرج دروستکرانو حکومەتی دەستووری پەرلەمانی دامەزرا. یەکێك لەمامۆستا هەرە ناودارەکان لەسەرەتای دامەزراندنی کامبریجدا باکۆن (Roger bacon) بووە، کە (دەوروبەری ١٢٢٠ لەدایك بووەو ١٢٩٢ مردووە). باکۆن پیاوێکی سەرنجڕاکێش بووە، نەك تەنیا لەبەرئەوەی بۆچوونی کاریگەری هەبووە لەسەر دۆزینەوەی ئەگەرەکان (ئیحتمالەکان)، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی گوتویەتی، دەبوایە یەکە یەکی زانستی هەبوایە کە پشت بەستوو بوایە بەماتماتیكو سوودی لەسەرنجدانو ئەزمونگەریو بەڵگە ئەبستراکتەکان ببینیایە. ئەم خۆی هەوڵدانی پڕبایەخی هەبووە لەبواری زانستی ئۆپتیکدا (زەڕەبین دروستکردن)، ئەم یەکێك بووە لەو گروپە بچووکەی بەردەوام لەزیادبووندا بوون، کە لە گەڕاندا بەدوای راستییە ئەزمونییەکاندا، هەستییان بەگرنگی سەرنجدانی راستەوخۆ دەکرد.



بەڵام بەناوبانگترین فەیلەسوفی سەدەی سیانزەهەم، بەپێی بۆچوونی زۆربەی شارەزایان، لەدوای ئۆگۆستینوسەوە، واتە دوای ٨٠٠ ساڵ، تۆما ئەکوینی (١٢٢٥–١٢٧٤) بووە. دواتر بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تۆما ئەکوینی پلەو پایەیەکی زۆر تایبەتی هەبووە لەلای کاسۆلیکە رۆمییەکان، چونکە پاپا لیۆی سیانزەهەم لە ١٨٧٩دا فەرمانی داوە فەلسەفەکەی ئەم بکرێتە مۆدێل بۆ شێوازی فیکریی کاسۆلیکی. بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵ تۆما ئەکوینی وەك فەیلەسوفی رەسمی کەنیسە حسابی بۆ کراوەو لەلایەن کاسۆلیکەکانەوە رێزی تایبەتی هەبووە. بەڵام لەدوای کۆنگرەی دووەمی ڤاتیکانەوە لە ١٩٦٢–١٩٦٤ ئەم هەڵوێستە لابراوەو ئێستا گەر رەخنە لەتۆما ئەکوینی بگیرێت، کریستیانە کاسۆلیکەکان بەشێوەی جاران ناڕەحەت نابن.

# تۆما ئەکوینی

گەورەترین کاری تۆماس بریتی بووە لەئەنجامدانی تێهەڵکێشکردنێکی مەزنی هەموو ئەرگومێنتە بەهێزەکانی نێو فیکری رۆژئاوایی لەکۆنەوە تا سەردەمەکەی خۆی، ئەو ئەرگومێنتانەی لەگەڵ باوەڕی کریستیانیدا دەگونجان. هەروەها ئەم سەرچاوەیتریشی بەکاردەهێنا، بەتایبەتی بەکارهێنانی هەندێك لایەنی فیکری جولەکەو ئیسلام، وەك بینیمان، فەلسەفەی کریستیانی لەسەرەتاوە بە بەکارهێنانی فەلسەفەی پلاتۆنیزمو نیوپلاتۆنیزم گەشەی کردووە. بەڵام لەمەودوا، کە فەلسەفەی ئەریستۆتالیس گەڕاوەتەوەو مەسیحییەت پێی ئاشنابووە، ئەوا دەبێت ئەم فەلسەفەیەش لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە. تۆمیزم (ئەو فەلسەفەیەی تۆماس دایناوە بەم ناوەوە ناسراوە) بەزۆری بریتییە لەپێکەوە گونجاندنێکی سەرکەوتووانەی مەسیحییەتێکی موتوربەکراو بەپلاتۆنیزم لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەریستۆتالیس.



لەهەموو ئەم کارەشدا، تۆماس زۆر ئاگاداری پاراستنی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فەلسەفەو ئاینو نێوان بەڵگەی عەقڵیو باوەڕ بووە.



بۆ نموونە ئەم گوتویەتی، سەبارەت بەپرسیاری ئایا جیهان سەرەتایەکی هەبووەو ئایا کۆتایی پێدێت؟ لەوەڵامدا گوتویەتی بە بەکارهێنانی عەقڵ ئەستەمە بگەینە وەڵامێکی راست، لێرەدا وەڵام بە ئا، یان نا، هاوسەنگی یەکن، بەڵام لە رووی بڕواوە وەك کریستیانێك (گەرچی بەڵگەش بەدەستەوە نییە) بڕوا دەکەم، کە جیهان سەرەتای هەبووەو خوا ئافەریدەی کردووەو رۆژێکیش دێت کە ئاخر دەبێت.

لەژێر کاریگەرێتی ئەریستۆتالیسدا، تۆماس گوتویەتی هەموو مەعریفە عەقڵییەکانمان سەبارەت بەجیهان لەدیاردە هەستەکییەکانەوە پێماندەگەن و لەمێشکماندا وێنایان دەکەین. واتە هیچ شتێك لەمێشکدا بوونی نییە، گەر لەسەرەتاوە لەڕێگەی هەستەکانمانەوە نەهاتبن.

کە منداڵێك لەدایك دەبێت، مێشکی وەك تابلۆیەکی سپی وایە، کە هێشتا هیچی لەسەر نەنووسرابێت (تۆماس تێرمە لاتینیەکەی بەکارهێناوە، کە بەم جۆرەیە tabula rasa، ئەو تێرمەی زۆربەی جار دەخرێتە پاڵ فەیلەسوفێکی دواتر، کە ئەویش "جۆن لۆك"ە. لەم روانگەیەوە تۆماس تیورییەکی زانیاری هەر تەواو تەواو ئەزمونگەریی دێنێتە کایەوە، کە رەنگە خوێنەری هاوچەرخ لای وابێت ئەمە لەگەڵ باوەڕی ئایینی ناسازێت. بەڵام دیارە بەبۆچوونی تۆماس، ئەم جیهانەی ئێمە بەو شێوەیە زانیارییمان دەربارەی پێدەگات هەمووی لەبنەڕەتەوە لەلایەن خواوە ئافەریدەکراوە، هەربۆیە ناشێت ئەو مەعریفەیە ناساز بێت لەگەڵ باوەڕی ئایینیدا.

### جەوهەرو بوون

تایبەتمەندییەکی گەشەکردوو لای تۆماس، کە لەوکاتەوە بەردەوام رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەبواری فەلسەفەدا، جیاوازی نێوان جەوهەرو بوونە. جەوهەری شتێك بریتییە لەماهیەتی ئەو شتەو تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بپرسیت ئایا ئەو

شته بوونی هەیە یان نا؟ نموونەیەکی ئاسان کێشەکە روون دەکاتەوە: گەر منداڵێك بپرسێت ئەسپی یەك شاخ چییە؟

تۆ دەتوانیت لەوەڵامدا بڵێیت "ئەسپێکی سپی گەورەو بەهێزە، کە یەك شاخی درێژی رێك یان پێچاو پێچ لەسەری رواوە".

گەر منداڵەکە دواتر بپرسێت، ئایا ئەسپی یەك شاخ بوونی هەیە؟ لەوەڵامدا دەبێت بڵێیت: نا ئەوە بوونی نییە. لەم نموونەیەدا وەڵامی یەکەم پرسیار دەربارەی جەوهەرەو وەڵامی دووەم دەربارەی بوونە. گەر ئەو منداڵە بەردەوام بێتو ئەمجارە پرسیار سەبارەت بەپڵنگ بکات، تۆ دەتوانیت بەهەموو تواناوە وەسفی پڵنگ بۆ منداڵەکە بکەیت. بەڵام هەرچەندە وەسفکردنەکەت وردو هەمەلایەنە بێت، ئەوا منداڵەکە هەر دەبێت بپرسێت ئایا پڵنگ بوونی هەیە؟

چونکە وەسفکردنەکە ئیسپات نییە بۆ بوون، یان نەبوونی پڵنگ. هەردەم پێویست بەپرسیارێکیتری جیاوازە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە تۆماس بەڵگە ئەنتۆلۆجییەکانی ئەنسلیمی بۆ سەلماندنی بوونی خوا رەتکردۆتەوە. بەلای ئەمەوە بەڵگەکانی ئەنسلیم وەڵامدانەوەیە دەربارەی جەوهەری خوا، بەڵام هیچ کارەکتەر بەخشینێك بە جەوهەرێك، بە هەرجۆرێك بێت، گەرەنتی نییە بۆ بوونی ئەو کارەکتەرە.

تۆماس بەزیرەکییەکی بێ وێنەوە ئەو پرسیارەی داڕشتووە، کە ئایا بوونی شتێك چی دەگەیەنێت؟ یان گەر شتێك تەنیا هەر جەوهەر بێت، ئایا هێشتا ئەو شتە هەر واقیعی نییە؟ گەر ئێمە داینێین خوا بەگوێرەی خواستەکانی خۆی جیهانی دروستکردووە، ئەوا پێویستە جەوهەری جیهان پێش بوونەکەی کەوتبێت. بەڵام ناکرێت جەوهەری خوا پێش بوونەکەی کەوتبێت. کەواتە دەبێت خوا خۆی بوونی پەتی بێت.

چەند نەوەیەك، فەیلەسوفەکان سەرقاڵی گفتوگۆی ئەوە بوون کامیان لەپێش کامیانەوە هاتوون، جەوهەر یان بوون؟ هەروەك زۆرجار لەمێژووی فەلسەفەدا بەدیار کەوتووە، لایەنێکی ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەپلاتۆنەوە نزیکەو لایەنەکەیتر لەئەریستۆتالیسەوە. ئەو جۆرە تێگەیشتنەی دەڵێت دەبێت هەمیشە جەوهەر پێش بوون بکەوێت، بەئاشکرا لەتیۆری ئایدیاکانی پلاتۆنەوە سەرچاوەی گرتووە (بڕوانە بەشی تایبەت بەپلاتۆن) بۆچوونەکەیتریش، کە دەڵێت تەنیا لەڕێگەی زانیارییەکانمانەوە سەبارەت بەو دیاردانەی، کە خۆیان بوونیان هەبووە، ئێمە دەتوانین تێگەیشتن دەربارەی جەوهەرەکان بەدەستبهێنینو هەر شتێك لەپێشدا پێویستە خۆی بوونی هەبێت بەر لەوەی ئەو نیشانانەی تێدابێت، کە وەك بابەت وەسفبکرێن. هەڵبەتە ئەم روانگەیەی دوایی لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەریستۆتالیسدا دەگونجێت.

دیارە خوێنەر تێبینی ئەو گفتوگۆیانەی کردوە، کە دەربارەی بیروڕا جیاوازەکان، سەبارەت بە سروشتی شتە یۆنیڤێرسالییەکان، ئەریستۆتالیس کردوونی (کە چەند لاپەڕەیەك پێش ئێستا باسی لێکرا).

## چەقۆ تیژەکەی ئۆکهام

خاڵە سەرەکییەکانی فیکری تۆماس لەلایەن دونس سکوتوس (Duns Scotus)، دەوروبەری ١٢٦٦–١٣٠٨، رووبەڕووی رەخنە لێگرتن بوونەوە، کە لەهەندێ لایەنی تەکنیکییەوە، ئەم رەخنانە وەك چاکترین نموونە بۆ سکولاستیکی سەردەمەکانی ناوەڕاست سەیر دەکرێن. دەرخستنو شیکردنەوەی ئەرگومێنتەکان لای ئەم ئەوەندە وردن، تەنانەت ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن، بەقووڵی بە میتۆدەکەی بارگاوی دەبنو کاریگەرییان لەسەر جێدەهێڵێت. ئەم هەمیشە سنووری جیاوازییەکانی نێوان ژیریو باوەڕ دەپارێزێت.

گەرچی ئەم بڕوای بە نەمری گیان هەیە، بەڵام لەو بڕوایەدایە هیچ "بەڵگەیەک" بۆ ئەوە خۆڕاگرو پتەو نییە. فەیلەسوفی گەورەی ئەمریکایی پیرس (بڕوانە بابەتی تایبەت بەپراگماتیزمە ئەمریکاییەکان) ئەمی وەک یەکێک لەهەرە میتافیزیکییە گەورەکان، کە تا ئێستا ژیابێت، داناوە.

وەک شێوازێکی گاڵتە ئامێزی ناو مێژوو، وشەی (dunce) بەئینگلیزی (کە بەمانای گەوج دێت) لەلایەن ناحەزەکانییەوە، دوای مردنی، لکێنرا بە ناوەکەیەوە.

ڤیلهیلم ئۆکام ١٢٨٥–١٣٤٧ پەرەی بەهەندێك لەڕەخنەکانی (دونس سکۆت)دا، ئەم لەتێڕوانینە ئەزموونگەرییەکەیدا ئەوەندە قووڵ بۆتەوە، کە دواتر وەک پێشەنگ بۆ قوتابخانە ئەزمونگەرییە هەرە بەناوبانگەکەی ئینگلاند ناو دەبرا، واتە بۆ قوتابخانە کەی هەرسێ فەیلەسوف لۆك، بارکلیو هیوم.

بەبۆچوونی ئۆکهام ئەو ریزبەندییەی لەلۆژیکدا پێویستە هەر هەبێت، مەرج نییە لەسروشتی (شت)دا وابێت. لەسروشتدا یاسا یەك بەدوای یەکا هاتووەکان پەیوەستن بەهەلومەرجەکانەوە. واتە بە ناچارەکی روونادەن. دەکرا بەو شێوە نەبووایەو بەشێوەیەکیتر بووایە. واتە ئێمە ناتوانین تەنیا بەپشتبەستن بە بەڵگە لۆژیکییەکان، یان هەر بە مەزەندە مەعریفە دەربارەی جیهان بەدەستبهێنین، بەڵکو پێویستە سەیری چۆنییەتی واقیعی شتەکان بکەین، ئەوەش تەنیا بەسەرنجلێدانو شارەزایی پەیداکردن دەبێت، کە دواتر دەبێت بەڵگەی لۆژیکییان بۆ دابڕێژرێت، تا بنەمایەکی زانستی پتەو دەربارەی سروشت بەدەستەوەبێت. بەهۆی ئۆکهامەوە لەڕووی فیکرییەوە رێگە خۆشکرا بۆ روانینێکی نوێ سەبارەت بەمەعریفەی ئینسانی، روانینێك کە لەوە بەدواوە وەک مەعریفەی زانستی سەیری دەکەین. بەناوبانگترین ئایدیایەك کە پەیوەستە بەناوی ئۆکامەوە، ئەو پرنسیپەیە کە بە (چەقۆ تیژەکەی ئۆکام) * ناوی بڵاوبۆتەوە. کە لەو سەردەمەوە پەسەند کراوەو کاری پێکراوە. ئەم ئایدیایە دەڵێت گەر بۆ روونکردنەوەی دیاردەیەك دوو ئەڵتەرناتیڤ هەبوو، ئەوا ئیحتمالی زۆر ئەوەیە، کە ئەوەی زیاتر ناڕۆشنو ئاڵۆزە، هەڵە بێت. گەر لەلایەنەکانیترەوە یەکسان بوون، ئەوا ئیحتمال زۆرە هەرە سادەو ساکارەکەیان راستو دروست بێت. لەکارکردنماندا بۆ روونکردنەوەی شتێك دەبێت تا دەتوانین، گریمانەکان کەمتر بکەینەوە. پێویست ناکات لێکدانەوەو تێگەیشتنی نا پێویست بێنینە ناوەوە. لەیەکەم تێڕوانیندا وا دێتە بەرچاو ئەمە دژ بەعەقڵو ژیری بێت، گەر بڵێین روونکردنەوە سادەکە لەئاڵۆزەکە راسترە. بەڵام ئەوە هەقیقەتە. بوونی ئەو رستەیەی دواتر کە دەڵێت "گەر لەلایەنەکانیترەوە یەکسان بوون" زۆر گرنگە. ئاینشتاین هەر تەواو مەبەستەکەی پێکاوە، کە گوتویەتی: "هەموو شتێك دەبێت بەوپەڕی ئاسانییەوە ئەنجامبدرێت، بەڵام لەوە ئاسانتر نا".

* د. حەمید عەزیز ئەم پرنسیپەی بە (گوێزانی تراش) ناوبردووەو بەجوانی مەبەستەکەی بۆ خوێنەری کورد روونکردۆتەوە. بڕوانە د.حەمید عەزیز، فەلسەفەو لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، لا ١٣٠. و.ك

## سەرەتای زانستی مۆدێرن

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی زانست رەنگە بەو شێوەیە نەبووبێت، کە مرۆڤ خۆی ویستبێتی، سەرەتا لەشتە نزیکەکانەوە دەستیپێنەکردووە، واتە لەو شتانەوە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەمرۆڤەوە هەبووە تا دواتر وردە وردە بەرەو شتە دوورترەکان بڕوات. بەپێچەوانەوە زانست بەچاو بڕینە ئەستێرەکان دەستیپێکردو لەوێوە وردە وردە هاتۆتە خوارەوە. ئەوەی کە زۆر بەکەمو بێ بایەخ لەلایەن زانستەوە سەیرکراوە، ئەو شتانە بووە، کە بۆ مرۆڤ گرنگ بوون.

خاڵی سەرەکی لەزانستی مۆدێرندا ئەو داوایانە بوو بۆ تاقیکردنەوەی تیۆرییەکان بەهۆی بەراوردکردنی راستەوخۆیان لەگەڵ واقیعو هەروەها کۆنترۆڵکردنیان لەڕێگەی وردبوونەوەو سەرنجلێدانو پێوانەکردنی ئەو زانیارییانەی، کە ئەو تیۆرییانە بانگەشەی راڤەکردنیان دەکەن، بەڵام جاران بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی گفتوگۆو ئەرگومێنت هێنانەوەوە تیۆرییەکان تاقی دەکرانەوە.



## سەرەتای زانستی مۆدێرن



# لەکۆپەرنیکۆسەوە تا نیوتن

## دۆزینەوەی گەردوون

**لەسەدەکانی ١٦و ١٧دا زانستی نوێ بووە هۆکاری گەورەترین گۆڕانکاری لەمێژوودا، سەبارەت بەبۆچوونەکانی مرۆڤ دەربارەی گەردوون.**

ئەو سیستەمە گەردوونناسییەی نەوە دوای نەوە لەگریکی دێرینەوە گەشەی کردبوو، بە سیستمی پەتلومیسی ناسرابوو، واتە بەناوی پتولامیسەوە (لەعەرەبیدا بە بەتلیموس ناوی هاتووە. وەرگێڕ)، کە دەروونناسێك بووە لەسەدەی دووەمی زایندا لەئەسکەندریە ژیاوەو یەکەم سیستەمی گەردووننناسی داناوەو تا ئەو سەردەمەی لێرەدا باسی دەکەین، بەردەوام لەگەشەکردندا بووە. ئەو سیستەمە تا سەدەی ١٦ بنەمای گەردووننناسی بووە لەئەوروپادا، بەبۆچوونەکانی ئەو، گۆی زەوی شتێکی خڕبووە کە لەبۆشایی گەردووندا بێ هیچ ڕاگرێك ڕاوەستاوەو ناوەندی گەردوونیشەو هەسارەو ئەستێرەکان لەبازنەی گەورە گەورەدا بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.



### دەسەڵاتێکی هەڕەشەلێکراو

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کەنیسەی کاسۆلیکی گیانی کردەوە بەبەر ئەو سیستەمەدا. وەك بەشێکی پرۆگرامی کاری خۆی، هەوڵیداوە بۆ پێکەوەگرێدانی زانستو حیکمەتە دێرینەکانو شێوازی جیهانبینی ئایینی مەسیحی. بەپێی ئەم بۆچوونە نوێیە، خواوەند زەوی وەك سەنتەری هەموو شتێك دروستکردوەو مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروستکردووەو کردوویەتی بەگەورەی زەوی.

لەئاسمانیش بەهەشتی دروستکردووە بۆ ئەوەی ڕۆحی مرۆڤەکان دوای مردنی لاشەکانیان، بڕۆنە ئەو بەهەشتە.

لەڕووی لێکدانەوەی سایکۆلۆژییەوە ئەم وێنەیە زۆر سادەیە. ئەو لایەنەی کە قابیلی تێڕوانینو سەرنجلێدانە، کەم تا زۆر ڕوونو ئاشکرا بووە. گەرچی ئەو لایەنە ماتماتیکییەی بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە پێویست بووە، ئاڵۆزو سەخت بووە. بەڵام لەسەدەی شانزەدا قەشەیەکی پۆلۆنی بەناوی کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣–١٥٤٣) گوتویەتی گەر لەبری زەوی وەك سەنتەر، خۆر دابنرێت بەسەنتەر، گەلێك لەو گرفتە ماتماتیکییانە لەبەردەمماندا نامێنن.

ئەم گوتویەتی بزووتنەوەی هەسارەکان، کە تادێت لێکدانەوەیان سەختتر دەبێت، تێگەیشتنیان ئاسانتر دەبێت، گەر بگوترێ بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە نەك زەوی. بەردەوام کۆپەرنیکۆس لەسەر ئەو بڕوایە بووە، کە ئەوە تەنیا گریمانەیەکی نەسەلمێندراو بووە.

ئەو جۆرە پێشبینییەکی هەبووە بۆ ئەو ناکۆکییەی بەهۆی ئایدیاکانییەوە دێتە ئاراوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی دواخست تا ئەو ساڵەی تیا مرد (١٥٤٣)، تەنانەت کتێبەکەشی پێشکەشی پاپا کردبوو.

هەروەك هەموو ئایدیایەکی نوێ، بڵاوبوونەوەو چەسپاندنی ئایدیاکانی کۆپەرنیکۆس کاتیان پێچوو، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەوکاتەی بەتەواوی ئەم

ئایدیایانە بڵاوبوونەوە، "دەرگاکانی دۆزەخ خرانەسەرپشت"،گریمانەکەی کۆپەرنیکۆس ئەوەیە کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، نەك بەپێچەوانەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەمە نکوڵیکردنە لەو زانیارییەی لەهەزارساڵدا کەنیسە بڵاویدەکردەوە، ئەم ئایدیایە دژ بەبۆچوونەکانی کەنیسەو تەنانەت ئینجیل بوو، کە لەسروودی (Psalm)ی ژمارە ٩٣دا (رووی لەخودایەو دەڵێت) "تۆ زەویت بەنەگۆڕیو نەبزواوی ئافەریدە کردووە"، بۆیە سەیر نییە کە تیورییەکەی کۆپەرنیکۆس دوای بڵاوبوونەوەی بۆ ماوەی سەد ساڵ لەلایەن کەنیسەوە دژایەتی دەکرا.

بەڵام ئەوە تەنیا کەنیسەی کاسۆلیکی نەبووە کە دژ بەم ئایدیایانە بووە، بەڵکو گەورە پیاوانی پرۆتستانتیش هەر وابوون. بۆ نموونە لۆسەر بەهەمان شێوە توڕەییو ناڕەزایی بەرامبەر ئەو گەردووناسانە دەربڕیوە، کە ویستویانە بیسەلمێنن کە زەوی دەسوڕێتەوە نەك هەموو ئاسمان یان تەنانەت تەنیا مانگو خۆر. گوتویەتی "خەڵك گوێی لێیە"و گوتویەتی، ئەم بێ ئەقڵە دەیەوێت هەموو زانستی گەردووناسی هەڵبگێڕێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا کتێبی پیرۆز دەڵێت یەهوە (Joshua) فەرمانی بەخۆرداوە لەشوێنی خۆی نەبزوێت، ئەو فەرمانە بۆ زەوی نەهاتووە. هەروەها کالڤین (Calvin) سەبارەت بەهەمان بابەت گوتویەتی "کێ رێگە بەخۆی دەدات دەسەڵاتی کۆپەرنیکۆس بەسەر دەسەڵاتی گیانی پیرۆزدا زاڵ بکات؟" کێشەی دەسەڵات سەنتەری هەموو ململانێکە بووە. ئەوەی کۆپەرنیکۆس هێنایە ئاراوە، دیارە بنەمایەك بووە بۆ تێگەیشتن لەسروشتی گەردوون، تێگەیشتنێك کە گەشەکردنەکەیو ئەنجامەکانی بایەخی مێژوویيان هەیە. بەڵام ئەو هەموو ناڕەزاییو دژایەتیکردنە تەنیا هەر لەبەر ئایدیای پەتی نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بەخودی مرۆڤەکانەوە هەبووە. بەم جۆرە لێکدانەوەی بۆ کراوە، گەر تیوریەکەی ئەم راست بێت، ئەوا زۆربەی خاوەن دەسەڵاتەکان هەڵەن، هەمووی وەك ئینجیل، کەنیسەو پیاوە حەکیمەکانی سەردەمی ئەنتیك. گەر ئەو هەموو پایەدارانە لەبارەی ئەم کێشەیەوە بەهەڵەدا چووبن، ئەوا زۆر دەگونجێت لەشتیتریشدا هەڵەبن. کەواتە هەموو ئەو دامودەزگا چەسپاوانە لەبەردەمی هەڕەشەدان، تەنانەت ئایدیای پایە بڵندییەکەشیان لەبەردەم هەڕەشەی نەماندایە.

## خولگەی هەڵە

سەرەنجامێکیتری ئایدیاکانی کۆپەرنیکۆس، کە بومەلەرزە ئاسا کاریگەری هەبووە، ئەوە بووە کە مرۆڤ پایەو جێگە پیرۆزەکەی لەجیهاندا لەدەست دەدات. کەواتە ئێمەی مرۆڤ چیدی سەنتەری هەموو شتێك نین. ئیتر هەموو شتەکان بەدەوری ئێمەدا ناسوڕێنەوە. کاتێك ئەم بۆچوونە بڵاوبۆوە، بووە مایەی هەژانو راتەکانێکی زۆر بەهێزی وەك بومەلەرزە بۆ هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر بە ئایین.

گەر هەر دەسەڵاتێك بەبێ رەخنەلێگرتن قبوڵ بکرایە، ئەوا دەبوایە ئەم یاسایە بۆ کۆپەرنیکۆسیش جێبەجێ بکرایە. بەڵام ئەو گەردووناسانەی دوای ئەم هاتوون، رەخنەیان لەتیورییەکەی گرتووەو لەبەرامبەر سەرنجدانە واقعییەکاندا تاقییانکردۆتەوە. گەردووناسی دانیمارکی تیکۆ براهە (Tycho Brahe) (١٥٤–١٦٠١ز) ئەو زنجیرە سەرنجدانە وردانەی ئەنجامدا، کە تا ئەوکاتە، پێش دۆزینەوەی تەلەسکوپ، کەس نەیکردبوو.

دواتر ئەو ئەو ماتریالەی بەجێهێشت بۆ گەردووناسی بەهرەمەندی ئەڵمانی یوهانس کێپلەر (Johannes Kepler) ١٥٧١–١٦٣٠ز.

کۆپەرنیکۆس قەناعەتی تەواوی هەبووە بەوەی بزووتنەوەی تەنە ئاسمانییەکان بازنەییو هاوشێوەن. بەڵام کیپلەر ئەم دوو جۆرە بۆچوونەی رەتکردەوە. بەلای ئەمە جووڵەکە لەسەر خولگەی هێلکەییە نەك بازنەیی، هەروەها جوڵانەوەکەیان لەهەندێك شوێنی ئەو خولگانەدا خێراترە لەچاو هەندێك شوێنیتریاندا. ئەمەش بووە

هۆی لەناوبردنی ئەو بڕوا تەواو چەسپاوەی کە هەموو تەنە ئاسمانییەکان پەیڕەوی بزووتنەوەیەکی ڕێكو پێك دەکەن، ئەم باوەڕە کاتی خۆی لەبەر لایەنە ئیستاتیکییەکەی گریکییە دێرینەکان دایانڕشتووەو دواتر مەسیحییەکان بۆ پتەوکردنی لایەنی ئایینەکەیان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وەریانگرتووە، کەواتە، ئەمەش بۆتە هۆی داڕمانێکیتری هەڵوێستی مرۆڤەکان دەربارەی گەردوون‌و دەربارەی پایەبەرزی پایەبەرزان.

## گالیلۆ- پیاوە مەزنەکەی پیزا

یەکەم کەس لەدامەزرێنەرانی زانستی مۆدێرن کەراستەوخۆ لەگەڵ لایەنە دەسەڵاتدارەکاندا ڕووبەڕووبۆتەوە، گالیلۆ (١٥٦٤-١٦٤٢) بووە. ئەم لەلایەن دادگای تایبەتی کەنیسەوە (کەنیسەی کاسۆلیکی دادگایەکی تایبەتی داناوە بۆ دۆزینەوەو نەهێشتنی کافرەکان) دووجار تاوانبارکراوە: یەکەمجار ساڵی ١٦١٦و دواجاریش ساڵی ١٦٣٣. تاوانەکەی دوو لایەنە بووە، یەکەم بانگەشەی ئەوەی کردووە کە گۆی زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو تاوانی دووەم ئەوەبوو کە گوتویەتی هەروەها زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. ئەوکاتانە ئەم ئایدیایانە کە تەمەنیان سەدەیەك دەبوو، ئایدیای کۆپەرنیکۆس بوون‌و لەڕێگەی کیپلەرەوە بە گالیلۆ گەیشتبوون. بۆ ڕزگارکردنی خۆی، ئەم لەقسەکانی خۆی پەشیمان بۆوەو پەیمانیدا کە هەرگیز پشتگیری ئەو بۆچوونە حەرامە نەکات، کە دەڵێت زەوی دەجولێت، بەڵام کاتێك ئەو مێزەی بەجێهێشت کە پەشیماننامەکەی لەسەر ئیمزا کرد، دەگوترێت کە ئەو بەژێر لێوەوە بەهێواشی گوتویەتی "ئینجا خۆ هێشتا هەر ئەجولێتەوە"

گالیلۆ زانایەکی زۆر لێهاتوو بووە، ساغ نەبۆتەوە ئایا ئەو تەلەسکۆبی دۆزیوەتەوە یان یەکێکیتر، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو یەکەم کەس بووە بە تەلەسکۆب



سەیری ئەستێرەکانی کردووە. بەم کارەی هەموو خەسڵەتەکانی گەردووناسی گۆڕیوە. ئەم پرنسیپی پێندلّ (چاڵمە)ی دۆزیوەتەوە، بەوەش شێوازی دروستکردنی سەعات‌و ڕێکوپێکی ئیشکردنەکەی لێبەرهەمهات. ئەم تێرمۆمەتری دروستکردوە. تا سەردەمی ئەم وا زانرابوو شتی قورستر لەکاتی هەڵدانەخوارەوەدا، خێراتر لەشتی سووك دەکەونە خوارەوە. بەڵام ئەم ئەو دۆزینەوە سەرنجڕاکێشەی ئەنجامدا، کە دەڵێت هەموو شتەکان، بێ گوێدانە کێش، گەر پاڵەپەستۆی شتێکیتری لەسەر نەبێت، هەموو بەیەك خێرایی دەکەونە خوارەوە.

هەروەها دۆزینەوەیەکیتری دەڵێت هەموو گوللە تۆپێك کە دەهاوێژرێت، ڕێگای کەوانەیی ماتماتیکی تایبەت بەخۆی دەگرێتە بەر (لێرەوە ئەم ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ زانستی دیاریکردنی شوێنی کەوتنەوەی گوللە تۆپە هاوێژراوەکان). جگەلەوانەش، ئەم دەریخستووە کە ناسروشتییە گەر تەنە ئاسمانییەکان لەخولگەی بازنەیی یان هێلکەیدا بسوڕێنەوە. بەلای ئەمەوە کاری سروشتی ئەوەیە ئەو تەنە لەسەر هێڵێکی ڕاست بڕوات تا ئەوکاتەی هێزێکیتر کاریگەری دەکاتە سەر. بەبۆچوونی ئەم گەر هەندێك هێزی جودا جودا بەیەکەوە کاربکەنە سەر تەنێکی جوڵاو، کاریگەرییەکەیان یەکسان دەبێت بەو کاریگەرییەی گەر هەریەکە بەتەنیا کاریان بکردایە. لەسەرئەنجامی ئەم دۆزینەوە زۆر سودبەخشەدا دەرگا بۆ دینامیکی زانستی نوێ خرایە سەرپشت. یەکەمجار گالیلۆ پرنسیپی بابەتیانەی بۆ زانست فۆرمولە کردووە.

ئەم خاوەنی ئەو بیرۆکەیەیە، کە دەڵێت تەنانەت دیاردە فیزیکییە زۆر ئاشکراکانیش وەك ڕەنگ‌و بۆن ئەبێت بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەناو تۆماری پیاوانی زانستدا هەبن‌و هەموو وردبینییەکان تۆمار بکرێن.

گەرچی ئەم نووسینە سەرپێییە سەبارەت بە گالیلۆ کەموکوڕی تێدایە، بەڵام مەبەست ئەوەیە ئاشکرا بکرێت کە ئەو زاناو داهێنەرێکی ڕەسەنی شێوە دەگمەن

بووە لەمێژوودا، کارەکانی گرنگی تایبەتیان هەبووە بۆ مەعریفەی مرۆڤ دەربارەی جیهانو بۆ گەشەکردنی شێوازی فیکریی مرۆڤ.

سەرەڕای دژواری سەردەمەکەی، بوێرانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە نابێت دەسەلاتو پایەبەرزی بە دەسەڵاتدارانی ئایینی مەسیحیشەوە خۆیان لەزانست هەڵقورتێنن. ئەم گوتویەتی "لەوە دەچێت کە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆردار، کە نە پزیشکەو نە ئەندازیار، بەئارەزووی خۆی دەرمان بدات بەنەخۆشو دەست بداتە کاری ئەندازیاریی بیناو خانوو- دیارە مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانی ئەو نەخۆشە کلۆڵەو رەنگە ئەو خانووەش کە ئەو خۆی لەدروستکردنی هەڵقورتاندوە، بەسەریەکدا بتەپێو داڕمێ". "خۆتان بەدوور بگرن" ئەمە ئامۆژگاری ئەو بووە بۆ دەسەڵاتداران. بڵاوبوونەوەی وردە وردەی ئەم هەڵوێستە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی لەشێوازی فیکرییو کۆمەڵایەتی ئەوروپادا بەرپا کردووە.

# ئیسحاق نیوتن

## زانایەکی بێ هاوتا

گەورەترین بلیمەت لەم مێژووە گەشەسەندووەدا، بەڵێ، رەنگە مەزنترین زانا لەهەموو مێژوودا، پیاوێکی ئینگلیز بووبێت بەناوی ئیسحاق نیوتن ١٦٤٢–١٧٢٧ز. هەر لەسەرەتاوە، کە تەمەنی بیستو سێ ساڵان بووە، شیکردنەوەیەکی تەواو راستی بۆ خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی تیشك ئەنجامداوە، حسابی جیاکەرەوەی دۆزیوەتەوەو نەك تەنیا چەمکی هێزی راکێشانی زەوی داڕشتووە، بەڵکو کاریشی کردووە بۆ دانانی یاسای راکێشان هەموو ئەمانە بەرهەمی تەنیا یەك ساڵی بووە، لەسەرەتای هاتنە مەیدانییەوە. توانیویەتی چاکسازیو گۆڕانکاری لەکارەکانی کیپلەرو گالیلۆدا بکات، هەر بۆ نموونە هەر سێ یاساکەی کیپلەری بۆ بزووتنەوەی هەسارەکان دووبارە داڕشتۆتەوە، بەجۆرێك کە دواتر وەك یاساکانی بزووتنەوەی نیوتنی ناسراون، دواتریش سیستمێکی بۆ ماتماتیکی فیزیا داناوە کە بەهۆیەوە توانیویەتی وێنەیەکی هەمەلایەنەو تەواو دروستی سیستمی هەسارەکانمان بداتێ، ئەو کتێبەی ئەم سیستمەی تێدایە، ساڵی ١٦٨٧ بڵاوبۆتەوەو بەناوی (Principia) ناسراوە. دیارە ئەوە کورتکراوەی ناوێکی لاتینی درێژە. ئەمە بەرهەمێکی فیکریی سەرسوڕهێنەرە. تەنها ٥٤ ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر بەڕەسمی تاوانبارکردنی گالیلۆدا لەلایەن پاپاوە، چونکە گالیلۆ بانگەشەی ئەوەی کردبوو زەوی دەسوڕێتەوە.

کەچی ئێستا نیوتن هاتووە مۆدێلێکی کارکردنی بۆ سیستەمی هەموو کۆمەڵەی خۆر خستۆتە بەردەم خەڵکی.

ئەوکاتانە، بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، گوتراوە فەلسەفەی سروشتی، چونکە هەوڵدان بووە بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی هەڵسوڕانی سروشت. تا ئەوکاتانەش هێشتا فەلسەفە لەزانستە سروشتیەکان جیانەکرابۆوە. سەدەیەکیتریش تێپەڕی ئینجا ئەو جیاکردنەوەیە ئەنجامدرا. لەو ماوەیەدا فەلسەفەی سروشت بووە هۆکار بۆ گەورەترین گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لەبیرکردنەوەی گشتیدا، کە تا ئەوکاتە لەمێژوودا بێ وێنە بووە.

ئەو گریمانەیەی فیساگۆرس کە گوتویەتی دەکرێت بەماتماتیك هەموو دیاردەکانی ناو جیهانی ماتەری لێکبدرێتەوە، دوای دوو هەزار ساڵ هاتەدیو سەلمێنرا.

ئێستا ئەوە سەلمێنرا کە هەموو لایەنەکانی نێوجیهانی فیزیکی ملکەچی یاساکانن. ئەو یاسایانەش دەکرێت لەلایەن مرۆڤەوە بدۆزرێنەوەو بە هاوکێشە دەستنیشانبکرێن. بەهۆی جێگیریانەوە، ئەم هاوکێشانە بۆ یەکەمجار ئەو توانایەیان بە مرۆڤ بەخشی کە بەشێوەی زانستی پێشبینی بکات. گەر مرۆڤ زانیارییەکی

تەواوی دەربارەی حاڵەتی سیستمێکی فیزیکی هەبێت، ئەوا دەتوانێت بەپشتبەستن بە یاساکانی نیوتن پێشبینی ئەوە بکات ئایا لەهەر کاتێکی دیاریکراوی داهاتوودا دەگەنە چ حاڵەتێکیتر؟ ئەمە بۆ زۆربەی ئەوانەی لەو زانستە نوێیە تێدەگەیشتن بووە مایەی هەستکردن بەدەسەڵات پەیداکردن، بۆ کۆنترۆڵکردن. هەستێك کە ئەمان بەعەقڵ گەردوونیانماڵی کردووە. ئەم هەستە بەشێوەیەکی بەربڵاو، لەنەوەکانی داهاتوودا بەهێزتر بوو، چونکە میکانیزمی نیوتنی لەو گەشەکردنی بە ماشینکردنەدا پراکتیزە کرابوو، کە بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی. لەوەدەچوو کە مرۆڤ خەریکە ببێت بەگەورەی سروشت. ئەمە نەك تەنیا لەتێگەیشتنی تیۆریدا، بەڵکو خاوەن دەسەڵاتی پەرەسەندووی بوارە پراکتیکییەکانیش، بەڵام کە ئیتر زەوی وەك سەنتەری گەردوون تەماشا نەدەکرا، بەڵکو وەك هەسارەیەکی بچوکترو سەر بە ئەستێرەیەکی بچوکتر، بەلای زۆربەی خەڵکەوە سەخت بوو ئیتر باوەڕ بکەن کە بوونی هەموو گەردوون مەبەستێکی تێدایەو ئەو مەبەستەش پەیوەستە بە مرۆڤەوە. ئەو گومانە لەبوونی خوا، کە ئەو سێ سەدەیەی دواتر لەڕۆژئاوای گرتەوەو بڵاوبۆوە، بووەهۆکار بۆ ئەوەی زیاترو زیاتر خەڵك مرۆڤ بەگەورەی جیهان بزانن.

## جیهانبینییەکی نوێ

هەموو ئەمانە بوونە هۆی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لەستركتوری بیرکردنەوەو شێوازی دەسەڵاتە تەقلیدیەکاندا. لەگەڕان بەدوای هەقیقەتدا، لەزۆر رووەوە ترادیسۆنە کۆنەکانیان بە رێگر دادەناو هیچ جێگایەکیشی بۆ پلەوپایە تەقلیدییەکان نەمابۆوە. هەموو جەختکردنەوەیەك لەسەر ئەوەی کە شتێك، بۆ نموونە (X) راستە، وەك جاران نەدەوترا چ خاوەن پلەوپایەیەك وا دەڵێت، بەڵکو دەگوترا بەڵگە چییە بۆ ئەوەی کە راستە. لەکۆتاییدا وایلێهات خاوەن پلەوپایەکان کەوتنە بەرپرسیارو وەك هەر شتێکیتر دەبوایە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

هەڵبەتە خۆچەسپاندنی ئەم بزووتنەوە فیکرییە گەورانە کاتی پێچووە. بەڵام رۆڵی سەرەکییان هەبووە لەو گەشەکردنەدا، کە کۆتایی بەسەدەکانی ناوەڕاست هێنا. کەنیسەی کاسولیکی ئەو دەسەڵاتەی بەسەر فیکرو کەلتووری ئەوروپاییەوە هەیبوو لەدەستیدا، لەو وڵاتانەی بوون بە پرۆتستانت ئەو دەسەڵاتەی کەنیسەی کاسۆلیکی هەر بەتەواوی نەمانو تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە هەر بە کاسۆلیکی مابوونەوە بەرەو کزی دەڕۆیشتو دواتر، بەتێپەڕبوونی کات لەو وڵاتانەشدا دەسەڵاتەکەی لەناوچوو. ئەو جیهانبینییەی بەهۆی زانستەوە گۆڕانی تەواوی بەسەردا هات، بەشێوەیەکی سەرەکی رێبازی ئەریستۆتالیزم بوو. ئێمە بینیمان کە چۆن بیرمەند دوای بیرمەند تا دەگات بە تۆما ئەکوینی لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەهەوڵوتەقەلادا بوون بۆ گونجاندنی بەرهەمەکانی ئەریستۆتالیس لەگەڵ بۆچوونەکانی کەنیسەدا سەبارەت بە تێگەیشتن لەجیهان (بڕوانە بابەتەکانی پێشتر) لەو رووەوە، کە هەندێك سەرکەوتن بەدەست هاتبوو، ئەو کەسایەتییە پێشەنگانەی بواری فیکرو کەلتوور لەئەوروپا، لەسەردەمەکانی دواتردا، کە سەرەتا لەڕێنیسانسەوە دەستیپێکردو پاش ئەوانیش ریفۆرمخوازەکان، کە دەستیانکرد بە خۆ قوتارکردن لەگوشاری کەنیسەی مەسیحی، ئەوان نەك هەر دەستبەرداری دەسەڵاتی کەنیسەو ئینجیل بوون، بەڵکو خۆیان لەئەریستۆتالیسیش رزگار کرد، بەڵام ئەو رێبازە زانستییە نوێیە پێویستی بەخەباتێکی درێژخایەن، چەند نەوەیەك، بوو تا بتوانێت خۆی لەشێوازی جیهانبینی ئەریستۆتالیس ئازاد بکات.

## "خوا وتی: نیوتن دروست ببە"

بەگشتی وادانراوە کە ئیسحاق نیوتن گەورەترین زانا بووە لەهەموو مێژوودا، بەتەنیا ئەنیشتاین هەیە، کە وەك رکابەر لەم بارەیەوە لەبەرامبەر ئەودا دابنرێت. نیوتن یەکەم کەس بووە کە بەوردی حسابی جوڵانەوەی زەوی بکاتو باسی چۆنێتی کارکردنی کۆمەڵەی خۆر بکات، کە زەویش لەناو ئەو کۆمەڵەیەدایە.

لەوکاتەوەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە ژیاوە، لەسەدان هەزار ساڵەوە، یاسا سروشتییە تایبەتەکانیان بە نیشینگەی خۆیان لەگەردووندا، لا ئاشکرا نەبووە. نیوتن هاتو پەردەی لەسەر لادا. ئەوە چرکە ساتێکی بێ وێنەیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. هەروەك ئەلیکساندەر پۆپ (Alexander Pope)ی شاعیر لەشیعرە بەناوبانگەکەیدا باسی کردووە.

بالّی کێشابوو بەسەر سروشتدا

تاریکایی قووڵ

خواوەند وتی: نیوتن ببە

دنیا بوو بەڕووناکی

بەڵام یاساکانی نیوتن هەر بۆ کێشە گەورەکانی جیهان بەکار نەدەهێنران. بەڵکو بۆ بزووتنەوەی هەموو شتەکانی سەر زەوی سوود بەخش بوون، ئەو تیوری دەربارەی (ستاتیكو دینامیك)ی بەرەوپێش برد. بەکارهێنانی ئەم زانستانە لەتەکنۆلۆژیادا رێگەخۆشکەر بووە بۆ شۆڕشی پیشەسازیو بوونە هۆکار بۆ گۆڕینی رووی زەویو تەنانەت خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش.

سەبارەت بەفەلسەفە، کارەکانی نیوتن سەرەنجامی یەکجار مەزنیان هەبووە. ئیتر لێرە بەدواوە، هەموو فەیلەسوفێك ناچار بووە پەیڕەوی ئەو زانستە نوێیە بکات، دەبوایە هەموو راڤەکردنێکی واقیع بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو واقیعەی زانست ئاشکرای کردبوو، کۆكو تەبا بوایە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو هەموو دەربڕینو



باسکردنێکی سروشتی مەعریفەو بنەماکانیو چۆنیەتی پێگەیشتنیان دەبوایە لەڕووی زانستەوە جێی متمانەو باوەڕبوونایە، بەلای زانستەوە، دەسەڵاتی سەدان ساڵەی کەنیسەو دەوڵەت پلەوپایەی خۆیان لەدەستداو هەر بە ئاسانی لەبواری زانستدا جێگایان نەدەبۆوە. دیاریکردنی هەقیقەت مافی کەنیسەو دەوڵەت نییە، بەمجۆرە جێ پێی دەسەڵاتە چەسپاوەکان لەبواری ژیانی فیکرییو کۆمەڵگەدا لەق بوون.

مرۆڤەکان دەستیانکرد بەپرسیارکردن سەبارەت بەبنەماکانی بڕواو قەناعەتەکانی خۆیان. گەر مرۆڤ بزانێت کە هەر بزووتنەوەکی هەموو شتە ماتریالییەکانی گەردوون ملکەچی یاسا زانستییەکانن. ئەی باشە دەربارەی جەستەی تایبەتی خۆمان چۆنە؟ ئەی ئەگەر هیچ ویستێکی ئازاد بوونی نەبێت، کەواتە شتی لەبابەتی مۆرال بوونی نابێت؟ ئەی ئەگەر زانست توانای تەواوی لێکدانەوەو روونکردنەوەی هەموو دیاردە فیزیکییەکانی هەبێت، ئیتر باوەڕبوون بەخوا چ پێویستییەکی دەمێنێت؟

نزیکەی سەد ساڵ دوای نیوتن، زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکان سەرقاڵی ئەم پرسیارانە بوون. چۆن بتوانرێت باوەڕبوون بەخوا لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکاندا یەکبخرێت؟ ئایا لەجیهانێکدا کە یاسا زانستیەکان بەڕێوەی دەبەن، مۆرال چۆن بێت؟ ئایا لەجیهانێکدا کە هەموو شتێك بڕیاری لەسەر دراوە، ویستی ئازاد چۆن دەتوانێت بوونی هەبێت؟

کەواتە بەرهەمەکانی نیوتن تەنیا بەرنامەی کاری بۆ زانستی دوای سەردەمی خۆی دانەڕشتووە، بەڵکو هەروەها بۆ فەلسەفەش.

# ماکیاڤیللی

مامۆستاکەی میر






## ماکیاڤیللی

### مامۆستاکەی میر

**ماکیاڤیللی یەکەم کەس بووە، کە بەشێوەیەکی بابەتییانە، بەو شێوازەی ئێستا ئێمە بەزانستی ناوی دەبەین، لێکۆڵینەوەی دەربارەی پولەتیکو ستاتیک، بەو جۆرەی کە لەپراکتیکدا مومارەسە دەکرێن، کردووە.**

داستانی سەرنجڕاکێشی زانستی مۆدێرن باسکردنی بابەتێکی دوورو درێژە، لەکۆپەر نیکۆسەوە بەتێپەڕبوون بەکیپلەردا تا گالیلۆو گەیشتنە لوتکە لەگەڵ نیوتندا. چونکە ویستومانە لەگێڕانەوەکە دانەبڕێین، ئەوا ناچار لایەنە هاوشێوەکانیتری گەشەکردنمان لەبوارەکانیتردا تێپەڕاندووە. بۆیە دەبێت ئێستا فریاکەوینو باسی ئەو گەشەکردنانە بکەین، کە لەگەڵ گەشەکردنی زانستیدا هاوتەریبن. یەکێك لەهەرە گرنگترین ئەو بوارانە فەلسەفەی سیاسییە. ڕێنیسانس بلیمەتێکی درەوشاوەی لەم بوارەدا هێنایە پێشەوە، ئەویش ماکیاڤیللی (١٤٦٩–١٥٢٧) بوو. دەکرێت سەرنج بۆ ئەوە بچێت، کە ئەم تەنیا چوار ساڵ بەر لەکۆپەرنیکۆس لەدایك بووە. هەروەك توێژەرە نوێیەکانی بوارەکانیتر، ماکیاڤیللی هەوڵی داوە لەباسکردنی پۆلەتیکدا پشت بەبیروڕاو بۆچوونە گشتییە باوەکان نەبەستێتو ڕێكو ڕەوان وەك واقیعی خۆی سەیری شتەکان بکات. هەروەك خۆی

لەکتێبە هەرە بەناوبانگەکەیدا (میر)[19]، کە ١٥١٣ چاپکراوە گوتویەتی، "لەبەرئەوەی دەمەوێت شتێك بڵێم، کە لەپراکتیکدا بۆ ئەوانەی پرسیار دەکەن، سوودی هەبێت، وام بەڕاست زانیوە شتەکان وەك خۆیان، کە هەن، باس بکەم، نەك وەك ئەوەی دەمانەوێ چۆنبن".

بەلای ئەمەوە، تیۆریستە سیاسییەکان بەئارەزووی خاوەن دەسەڵاتە زۆردارەکان، تیۆرییەکانیان داڕشتووەو باسی چۆنیەتی دەسەڵاتداری نموونەیی‌و کۆمەڵگەی نموونەییان کردووە. بەڵام ئەو نووسینانە لەوپەڕی قووڵی‌و بەپێزییاندا نەبوونەتە ئەو بابەتەی باس لەبەڕێوەچوونی ڕۆژانەی سیاسەت بکەن. بەپێچەوانەی ئەو تیوریستە سیاسییانەوە، ماکیاڤیللی بەردەوام لەهەوڵدانددا بووە بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی شتەکان. لەو کاتانەوە، نووسینەکانی ئەم بۆ زۆر کەس بۆتە مایەی شۆك‌و سەرسوڕمان. بەڕادەیەك وشەی ماکیاڤیلیست بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ بەسووك تەماشاکردن‌و وەك نیشانە بۆ فێڵبازی‌و هەلپەرستی‌و بێوەفایی‌و پیلانگێڕی بەکارهێنراوە. بەڵام ئەوەی ماکیاڤیللی ویستویەتی ئەنجامی بدات، تەنیا راڤەکردنی واقیعی سیاسییە بەشێوەیەکی فیکری رێك‌و پێك. هەروەك لێکۆڵەرە نوێیەکانی زانستە سروشتییەکان، دژ بەڕەوتی تەقلیدیی مەسیحی. وەك چۆن ئەوان بەئاگاوە

19 – ئەم کتێبە کە وەك نامیلکەیەکی بەردەست بۆ دەسەلأتداران نووسراوە، کۆمەڵێك ئامۆژکاری تێدایە بۆ چۆنییەتی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سیاسی. زۆر کەس لایان وایە نموونەی باڵای بۆ ماکیاڤیللی لە نێو میراندا سیزار بورگیا بووە، ئەم خاوەن دەسەلأتێکی لیهاتووی دڵڕەق بووە، لە بنەرەتەوە خێزانەکەیان ساڵی ١٤٤٣ لە ئیسپانیاوە هاتبوون بۆ ئیتالیا، باوکی کە ناوی رۆدریگۆ بووە لە ڤاتیکان بووە بە پاپا و بەناوی پاپا ئەلیکساندەری پێنجەم ناویدەرکردووە. ئەم پاپایە ئارەزووی دەسەلأتی هەبووە، هەربۆیە یارمەتی منالە نا شەرعییەکانی خۆی ( سیزارو لوکریزیا)یدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، ئەمانیش ناوبانگی خراپەکاریان بەهەموو لایەکدا بلأوبووبۆوە.



هەوڵیانداوە، بۆ گەشەدان بەزانستێکی پوخت، کە بڕیاری لەپێشینەی بێبنەمای تێدا نەبێت، ماکیاڤیلیش بەهەمان شێوە ویستویەتی برەو بەزانستی سیاسەت بدات.

### راستگۆیەکی مەزن

بەتێگەیشتنێکی قووڵ‌و راستگۆییەکی زۆرەوە باسی چۆنیەتی هەوڵدانی مرۆڤی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات‌و پارێزگاریلێکردنی کردووە. هەروەها باسی شێوازە جۆراو جۆرەکانی دەسەڵات لەدەستدانی کردووە. بەوردی باسی لەڕۆڵی سەرەکی بەکارهێنانی توندو تیژی لەبواری سیاسەتدا کردوە، باسی گرنگی جڵەوبەرنەدان‌و دروستکردنی شکۆمەندی‌و هەیبەت‌و چ کاتێك پێویستە پیاوی سیاسی قسەو پەیمانی خۆی بەجێ بگەیەنێت‌و چ کاتێك واباشە پاشگەزبێتەوە. چ جۆرە پیلانگێڕانێك سەرکەوتوو دەبێت‌و چ جۆرە پیلانگێڕانێك سەرکەوتوونابێت‌و چ جۆرێکیان رەنگە زیانبەخش بێت. کتێبی (میر) وەك ئینجیلی سیاسەتی واقیعی ناوزەدکراوە. یەکێك لەبەشەکانی ئەم کتێبە بەم ناونیشانەیە "سەبارەت بەوانەی لەڕێگەی تاوانەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست".

ماکیاڤیللی هەرگیز پرنسیپەکانی لەسەر بنەمای ئەوەی دەبێت مرۆڤەکان چی بکەن‌و چی نەکەن، یان لەسەر بنەمای ئامۆژگاری‌و رێنماییەکانی ئینجیل‌و کەنیسە بنیات نەناوە. کارەکەی ئەم باسکردنێکی روون‌و ئاشکرای رووداوە واقعییەکانە، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ورد. دیارە چ لەسەدەی بیست‌و ئێستاش لەسەدەی بیست‌و یەکدا نەك هەر ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر هاتنە پێشەوەی هیتلەرو ستالین دەکەن، جەخت لەسەر دروستی بۆچوونەکانی ئەم دەکەنەوە، بەڵکو دەبینرێت، کە نەك هەر لەبواری سیاسەتدا، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، کە چۆن مرۆڤەکان فڕکان فڕکانیانە بۆ پلەوپایەو چوونەپێشەوە.

لەشاكارە مەزنەكەیتریدا، واتە لەكتێبی (گوتارەكان)دا، كە هاوكات لەگەڵ كتێبی (میر) نووسیویەتیو ئەمیش ساڵی ١٥١٣ بڵاوكراوەتەوە، ماكیاڤیلی بەهەمان بیرتیژییو وردبینییەوە باسی لەلایەنە باشو لایەنە خراپەكانی جۆرە جیاوازەكانی حوكمڕانی كردووەو پێیوابووە، كە سیستمی كۆماری پشتبەستوو بەهاوكاری میللەت باشترینو سەقامگیرترین شێوازی حوكم بێت.

هەڵبەتە ئەو وەسفكردنە بێ پێچو پەنایەی ماكیاڤیللی بۆ ئەوەی چی لەسیاسەتدا دەگوزەرێت، مایەی راچەنین بووە. دیارە هەمان وەسفكردن بۆ ئەوەی كە لەسەردەمی ئێمەشدا دەگوزرێت، هەر بەوشێوەیەیە، بەڵام زۆرجار خوێنەر بەهەڵەدا دەچێتو پێیوایە ماكیاڤیللی خۆی داوای ئەو جۆرە پراكتیزەكردنەی كردووە، زۆرجار وەك خودی ئەهریمەن ناوی هێنراوە. لەڕاستیدا لەهەندێك شوێندا لەنووسینەكانیدا هاتووەو دەڵێت گەر خاوەن دەسەڵاتێك بیەوێت وڵاتەكەی لەقەیرانێكی تایبەتی رزگاربكات، یان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی تایبەتی خۆی، دەبێت ئامادەی رووبەڕوو بوونەوەو كاركردن بێت دژ بەپرنسیپە مۆراڵییەكان. بەڵام لەم شوێنانەشدا، ئەم تەنیا باس لەواقیعێكی تاڵ دەكات، كە ئاشكرایە پەیوەندی بەو بارە سیاسیانەوە هەبووە، كە لەسەردەمەكەی ئەودا، لەدەوروبەرەكەی خۆیدا، لەئارادابوون، واتە لەئیتالیای سەردەمی رێنیسانسدا.

نووسینەكانی ئەم كە زۆر شتیان ئاشكرا كرد، هەر لەسەرەتاوە بوونە مایەی رێزلێنانێكی زۆر لەلایەن زاناو داناكانەوە. بەلایانەوە ئەوە وەرچەرخانێكی گەورە بووە بۆ رزگار بوون لەكلێشە چەقبوەستوەكان، كە تەمەنیان سەدان ساڵ دەبوو.

هەر بەزوویی ناوبانگی بەجیهاندا بڵاوبۆوە، شكسپیر لەیەكێك لەشانۆنامەكانیدا ناوی هێناوە. بەناوبانگترین ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەكانی ئینگلاند "فرانسیس بیكۆن" دەربارەی ئەم نووسیویەتی: "ئێمە زۆر قەرزارباری ماكیاڤیللیو ئەوانەین، كە باسی مرۆڤیان كردووە، كە چی دەكات، نەك دەبێت چی بكات".





# فرانسیس باكۆن

## میتۆدێكی نوێ بۆ زانستی نوێ

# فرانسیس باکۆن

## میتۆدێکی نوێ بۆ زانستی نوێ

**باکۆن هەستی بەفرەیی بوارەکانی ئەو زانستە نوێیە کردووەو لەسەر هەموو ئاستەکان، بۆ گەشەکردنیان، هەر لەڕووی تیۆرییەوە تا بەناوەندو پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوە دەگات، بەرنامەی داڕشتووە.**

فرانسیس باکۆن ١٥٦١–١٦٢٦ روناکبیرێکی رەسەن، کە لەبوارەکانی پۆلەتیك، مافناسی، ئەدەب، فەلسەفەو زانستە سروشتییەکاندا تەواو لێهاتوویی نواندوە، هەموو ژیانی لەنزیكو لەناو کۆشکی شاهانەی ئینگلیزیدا بەسەر بردووە، واتە لەناوەندی دەسەڵاتی سیاسیدا. لەسەردەمی شاژن ئەلیزابێسی یەکەمو مەلیك یاکۆبی یەکەمدا، باوکی ئەم سێر نیکۆلاس باکۆن لێپرسراوی پاراستنی مۆرەکانی شاژن بووە. فرانسیس لەزانکۆی کامبرج (Cambridge) خوێندویەتی، بەدرێژایی ژیانی حەزی لەفەلسەفەی ئەریستۆتالیس نەبووە، دواتر لەبواری مافناسیدا دەستی بەخوێندن کردووە. لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا بووە بەئەندامی پەرلەمانو دواتر یەك بەدوای یەکدا ئەم کارانەی کردووە، پارێزەری کۆشکی شاهانە، راوێژکاری لۆردو هەروەها ناونیشانی بارۆنو ڤیسکۆنتی وەرگرتووە (ڤیسکۆنت پلەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانە بووە، لەنێوان بارۆنو کۆنتدا. وەرگێڕ).

لەتەمەنی ٣٦ ساڵیدا کۆمەڵێك وتاری خۆی لەدووتوێی کتێبێکدا بڵاوکردەوە، کە بوو بە بەناوبانگترینو بەربڵاوترین کتێبی ئەم. سەرجەمی ئەو نووسینانەی کاری لەسەر دەکردن، کاریگەری مێژوویيان هەبووە لەسەر زانستە سروشتییەکانو رەوتی فەلسەفە لەوڵاتانی رۆژئاوادا، بەهێنانە پێش چاوی ئەو هەموو سەرقاڵییەی بەهۆی زۆری بەرهەمەکانییەوە، ئەو گریمانەیەی دەڵێت گوایە ئەم شانۆ نامەکانی شکسپێری نووسیبێت، وەك ئەوەیە بگوترێت ئاینشتاین شانۆ نامەکانی جۆرج بێرنارد شۆی نووسیبێت.

### باوکی رۆحی زانستی سروشتی

باکۆن ویستویەتی پلەو پایەی سیاسی خۆی بۆ خزمەتکردنی زانستی سروشتی بخاتەگەڕ. هەوڵیداوە مەلیك یاکۆبی یەکەم بەکردنەوەی پەیمانگەیەکی مەلیکی قایل بکات، بۆ ئەم مەبەستەو بۆ دروستکردنی خوێندنگەیەکی باڵا بۆ زانستە ئەزموونییەکان. هەروەها هەوڵی داوە لەزانکۆکانی ئۆکسفۆردو کامبرج پلەی پرۆفیسۆری بۆ ئەم زانستە نوێیە تەرخانبکرێت. بەڵام لەژیانی خۆیدا هیچ لەم ئاواتانەی نەهاتە دی. دواتر، کە ساڵی ١٦٦٢ مەلیك کارلی دووەم، کە کوڕی یاکۆبی یەکەم بووە، کۆمەڵەی مەلیکی (Royal Society) کردەوە، ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەهەڵوێستیاندا سەبارەت بەزانست لەزۆر رووەوە لەسەر هەمان رێبازی فرانسیس باکۆن بوونو ئەویان بە باوکی رۆحی دەزانی. زۆربەی ئەو زانا ئینگلیزییانەی دواتر پەیڕەوی بۆچوونەکانی نیوتنو داروینیان کردووە، خۆیان بەقەرزارباری باکۆن زانیوە. هەروەها کاریگەری ئەم لەفەرەنساشدا وەك ئینگلتەرا مەزن بووە.

کاتێك باکۆن لەلوتکەی هەرە بڵندی ناوبانگو کەسایەتی خۆیدا بووەو تەمەنی گەیشتبووە شەست ساڵیو راوێژکاری ئەنجومەنی لۆردەکان بووە، ئەوکاتانە بە تاوانی بەرتیل خواردن دراوە بەدادگا، دادگایی کراوە، بەتاوانبار حوکمدراوەو بەسوکایەتیپێکردنەوەوە هەموو پلەو پایەکانی لێسەندراوەتەوە. ئەو چەند ساڵەی

لەژیاندا مابووی، هەموو کاتی خۆی تەرخانکرد بۆ نووسینی فەلسەفەو دانانی پرۆگرامی زیاتر بۆ هاندانو پێشخستنی زانستی سروشتی. بەدرێژایی ژیانی کارکردنی دوو لایەنی دژ بەیەکی لەخۆیدا کۆکردبۆوە، تیۆری دانەرێکی بلیمەتو درەوشاوە، لەگەڵ کەسایەتیەکی لاواز لەڕووی پراکتیزەکردنی کاروبارە تایبەتییەکانی ژیانی خۆیەوە، بەشێوەیەکی وا، کە مایەی بەزەیی پیاهاتنەوە بووە.

ئەلیکساندەر پۆپ لەوەسفی ئەودا گوتویەتی، لەهەمووان حەکیمتر، لێهاتووترو لەهەموانیش شڕو پڕتر.

### میتۆدە زانستییەکە

باکۆن لەو کەسە پێشەنگانە بووە، کە زانیویەتی دەکرێت مرۆڤ بەمەعریفەی زانستی، بەسەر سروشتدا زاڵ بێتو پێشکەوتنی زانست رەنگە بەجۆرێك سوودی لێوەربگیرێت، کە پەرە بەپلانەکانو باشکردنی گوزەرانی مرۆڤ بدات، بەجۆرێکی وا، کە ناتوانرێت بهێنرێتە بەرچاو. بەڵام پێیوابووە کەس بەڕاستی لەو بابەتە تێنەگەیشتووە. ئەو بیرمەندانەی زیاتر عەقڵانی بوون، بەمادەیەك تەونەکەیان دروستکردوە، کە لەشی خۆیان دەریداوە. شێوازی دروستکردنەکە سەرسوڕهێنەرە، بەڵام هەموو بابەتەکە لەناوەوە هاتووەو پەیوەندییان بە دنیای دەرەوە نییە، لەلایەکی دیکەوە بیرمەندە ئەزمونگەرییەکان وەك مێرولە بێ مەبەست هەر زانیاری کۆدەکەنەوە، بەڵام زانیاریەکانیان سەبارەت بەوەی چی لەو زانیارییە کۆکراوانە بکەن، زۆر سنووردارە. لۆژیکی ترادیسیۆنی ئەریستۆتالیس وەك ئامێرێك بۆ دۆزینەوەی زانستی تەواو بێ بایەخە، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی پەسەندکردن، بەڵام هیچ زانیاری نوێ نادات بەدەستەوە. هەمان شت سەبارەت بەپێناسەکردنەکان. ئەو بۆچوونەی دەڵێت پێناسەکردنەکان مەعریفە زیاد دەکەن، تەنیا سەرابنو هیچیتر. باکۆن گوتویەتی "وشە تەنیا بریتییە لەوێنە بۆ شتەکان" "ئالودە بوون بەوانەوە، وەك عاشقبوونە بەوێنەیەك" چی پێویستە بۆ پەرەدان بەمەعریفەمان دەربارەی سروشت؟ باکۆن گوتویەتی پێویستمان بەم پرۆسە سیستماتیكو کۆنترۆڵکراوانەیە: یەکەم، پێویستە لەفاکتەکان وردبینەوە، سەرنجەکانمان تۆمار بکەین، زانیاری باوەڕپێکراو، یان خۆڕاگری، زۆر کۆبکەینەوە، چەند زیاتر، ئەوەندە باشتر، ئەمە بەگروپێکی خەڵك، کە بەیەکەوە کار بکەنو هاوکاری یەکتربن چاکتر ئەنجام دەدرێت، وەك لەکارێکی تاکەکەسی. بۆیە پێویستمان بەکۆمەڵەی زانستیو خوێندگەی باڵایە. لەم قۆناغەدا دەبێت وریابین ئایدیاکانی خۆمان بەسەر واقیعدا نەسەپێنین، بەڵکو لەبری ئەوە رێگە بدەین فاکتەکان خۆیان دەربارەی خۆیان بدوێن. کە بڕی تەواوی فاکتمان کۆکردەوە، ئەوکاتە ئەمانە روودەدەن، دووبارەبوونەوەی بەردەوامو ئاشکرا بوونی روخساری بابەتەکە. ئاشکرابوونی هۆکارە ئەنجامدەرەکانو ئێمەش یاساکانی سروشت لەرووداوە تایبەتییەکاندا دەبینین. بەڵام لەم قۆناغەدا دەبێت چاوکراوەبینو ئاگاداری نموونەی پێچەوانەش بین. هەموومان ئەو مەیلەمان تێدایە سەرەنجامی بەپەلە لەو سەرەتایانەوە هەڵهێنجین، کە بۆ خۆمان دەگونجێتو بەلامانەوە باشە. بۆ نموونە، پیاوێك خەون دەبینێت، دواتر خەونەکەی دێتە دی، ئیتر زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکات خەون دەلیلە. ئەو هەموو خەونانەیتر، کە هەر ئەم خۆی بینیویەتیو نەهاتوونەتە دی، پشتگوێ دەخات، هەڵبەتە نموونە نێگەتیڤەکانیش وەك نموونە پۆزەتیڤەکان گرنگی خۆیان هەیە بۆ گەیشتنمان بەسەرەنجامە دروستەکان. بەڵام گەر لەم رووەوە (خود– دیسپلین) بەکاربهێنین، ئەوا دەبینین یاسا گشتییەکان نموونەیان لەحاڵەتە تایبەتییەکاندا هەیە، دوای ئەوەی گریمانەیەکی بنەما پتەوی لەمجۆرەمان دروستکرد، ئیتر ئەرکی سەرەکیمان تاقیکردنەوەی ئەو گریمانەیە دەبێت، ئەویش بەمیتۆدێکی رەخنەئامێزی ئەزمونگەرییانە، گەر ئەزموونەکە دروستی گریمانەکەی سەلماند، ئەوا بەڕاستی یاسایەکی سروشتمان دۆزیوەتەوە. ئەوکاتە دەتوانین

بەهۆی ئەو یاسایەوە بەدڵنیاییەوە ئەنجامی حاڵەتە تایبەتییەکان بزانین، واتە بەتەواوی پێشهاتەکان ببینین. بەڵام گەر کار بکەین بۆ دۆزینەوەی یاسایەکی زانستی، ئەوا لەتایبەتەوە بەرەو گشتی هەنگاو دەنێین، واتە کار لەسەر ئەو پرۆسەیە دەکەین، کە بە induction (استنتاج) ناو دەبرێت، هەروەها گەر ئەو یاسایەی بەم شێوەیە دۆزیومانەتەوە، جێبەجێبکەین، ئەوا لە گشتەوە بەرەو تایبەت، یان تاك دەکشێین، ئەوەش پرۆسەیەکە بە (deduction) ناودەبرێت، (خوێنەری چیرۆکەکانی شارلوك هولمز دەتوانن تێبینی بکەن میتۆدی ستانداری بەسەرەنجام گەیشتنەکان، کە هولمز هەمیشە وەك deduction بەکاری هێناون لەڕاستیدا induction بوون)، بەشێوەیەکی گشتی لەوجۆرە ئەنجامە لاوازانەن، کە باکۆن دەربارەیان هۆشیاری داوە. ئەم پێناسەیە بۆ میتۆدی یاسا زانستییەکان لەسەدەی حەڤدە تا سەردەمی بیستەم کاریگەری یەکجار زۆری هەبووە. نەوە دوای نەوە رێگا رۆشنکەرەوە بووە بۆ زانایانو هەروەها بۆ ژمارەیەکی زۆریش لەفەیلەسوفەکان، کە هەندێکیان لەهەرە ناودارەکان بوون، کە بەلایانەوە باکۆن رێگەی راستی سەبارەت بەجیاکردنەوەی یاسا زانستیەکان لەهەموو جۆرەکانیتری مەعریفە بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا کردووە. تەنانەت کانت لەبەرگە کورتکراوەکەی کتێبی (رەخنە لەعەقڵی پەتی) لەسەرەتادا وتەیەکی باکۆنی بەنموونە داناوە. لەسەدەی هەژدەهەمدا ڤۆلتێرو ئینسکلۆپیدیستە فەرەنساییەکان، باکۆنیان وەك دامەزرێنەری رەوتی رەخنەگرانە لەبیرە زانستییەکان داناوە، کە ئەمان بەهەموو توانایانەوە دەیانویست لەئەوروپادا بڵاوی بکەنەوە.

میتۆدەکانی باکۆن، تا ئەوکاتەی لەسەدەی بیستەمدا ئاینشتاینو پۆپەر میتۆدی نوێیان نەهێنایە ئاراوە، بایەخیان لەدەست نەدابوو.



## نموونە باڵا ناڕەسەنەکان

دوای ئەوەی باکۆن پێشنیاری ئەو میتۆدە بەهێزو توندو تۆڵە بەدیسپلینە دەکات بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەیەکی جێ متمانە، لەهەمان کاتدا سەبارەت بەو کاریگەرییانەی لەسەر بیرکردنەوەمان بوونیان هەیەو دەبنە هۆی دوورخستنەوەمان لەو میتۆدە، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەجۆرە هەڵوێستوەرگرتنێکی چەوتەوە هەیە، کە ئێمە بایەخیان پێدەدەین. ئەم ناوی ناون نموونە باڵاکان (idol) ئەم باسی چوار جۆر نموونەی باڵای کردووە، کە مەترسی تایبەتییان هەیە.

یەکەم: نموونەی باڵای مێگەل، ئەمە بۆ هەمووان هاوبەشە، ئەو هەڵە باوانەیە، کە لەناو سروشتی خودی مرۆڤدایە: مەیلمان بۆ باوەڕکردن بەو زانیارییانەی لەهەستەکانمانەوە پێمان دەگەن، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی جارەکان ئەوانە لەخشتەمان دەبەن، واتە رێگەدان بەکاریگەرێتی هەستەکانمان بۆ لێکدانەوەکانمانو دروستکردنی بۆچوونەکانمان لەسەر بنەمای ئایدیاو ئاواتو خواستە تایبەتییەکانی خۆمان.

دووەم: نموونەی باڵای ئەشکەوت، ئاماژەیە بۆ شێوەی ئەشکەوتی پلاتۆن (بڕوانە بەشی تایبەت بەپلاتۆن) هەموو کەسێك ئەشکەوتێك یان حەشارگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە رێگرە لەبینینی رووناکی سروشت وەك خۆی، هەرکەسە لەڕوانگەو باری بێ وێنەو تایبەتی خۆیەوە دەبینێت.

سێیەم: بریتییە لەنموونەی باڵای ناو قەرەباڵغی (مەیدان)، کە لەئەنجامی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانەوە دروست دەبێت، بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێت. دوو بواری تایبەتی هەیە، کە تیایدا وشە لەخشتەمان دەبات، یەکەم ئەوەیە، کە هەمان وشە لای خەڵکی واتاو لێکدانەوەی جۆراو جۆر هەڵدەگرێت، دووەمیش ئەوەیە، کە مرۆڤ بەتەواوی مەیلی ئەوەی هەیە وەك واقیع حساب بۆ وشە بکات.

چوارەم: نموونەی باڵای تیاتەر، کە بەردەوام باسکردنو پێشکەشکردنی شتێك وەك واقیع، کە خۆی لەخۆیدا هەرگیزاو هەرگیز بریتی نییە لەواقیع. لێرەدا بیری باکۆن بۆ ئەو هەموو سیستمە فەلسەفەییانە چووە، کە بەپێی مەرجەکانیان مرۆڤ لەواقیع دەڕوانێت، لەپێش هەموویانەوە ئەو سیستمانەی ئێمە لەم سەردەمەدا بەسیستمە ئایدۆلۆژییەکان ناویان دەبەین، کە دەبنە هۆی دروستکردنی ئاگامەندییەکی ناڕەسەن.

باکۆن بیرمەندێکی دیارو هەڵکەوتوو بووە[٢٠]، بەشێوەیەکی سیستماتیك لەنێوان زانستو میتافیزیکدا جیاوازی کردووە (ئەم جۆرە جیاوازییانە دەبێت هەر لەسەرەتاوە، بەر لەوەی دەست بەبیرکردنەوە بکەین، دەستنیشانیان بکەین) بەڕوونی بینیویەتی، کە روونکردنەوەی سەرەکی بۆ زانست بریتییە لەئاشکراکردن، یان روونکردنەوەی هۆکارەکان. نەك رونکردنەوەی پشتبەستوو بەمەبەستو ئامانجەکان. جەختکردنەوەی بۆ وردبوونەوەو سەرنجلێدانو تاقیکردنەوە گرنگیو بایەخو رۆڵی سەرەکی هەبووە بۆ زانیارییەکانمان سەبارەت بەجیهانو هەرگیز ناکرێت ئەو بۆچوونەی ئەو، کە دەڵێت: تاقیکردنەوە نێگەتیڤەکانیش گرنگی خۆیان هەیە، لەیاد بکرێت.

[20] – باکۆن گوتویەتی: شارەزایبوونێکی کەم لە فەلسەفە مرۆڤ بەرەو بێباوەڕی رادەکێشێت، بەلاّم قووڵبوونەوە لە فەلسەفەدا ئیمان پتەو دەکات.



# هۆبز

## یەکەم ماتەریالیستی مۆدێرن

**هۆبز ئەو بۆچوونەی هێنایە ئاراوە، کە دەڵێت ماتریالی فیزیکی تەنیا شتە کە بوونی هەبێت، دەتوانرێت وەك "ماتریال لەجوڵەدا" گوزارشت لەهەموو شتێك بکرێت.**

تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) پێش کاتی خۆی لەدایك بووە، چونکە دایکی لەگەڵ بیستنی دەنگۆی نزیکبوونەوەی هێرشی هێزی دەریایی ئیسپانیدا ترس دەچێتە دڵیەوەو تووشی دڵەڕاوکێ دەبێتو سکەکەی دادەنێت. زۆرجار سەبارەت بە کەسایەتییە نیگەرانەکەی خۆی دەیگوت "منو ترس وەك دوانە بەیەکەوە لەدایك بووین". لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نووسەرێکی بوێرو چاونەترسو بیرمەندێکی لەڕادەبەدەر سەربەخۆ بووە.

هۆبز لەئینگلاند، لەسەردەمی حوکمڕانی شاژن ئەلیزابێسی یەکەمدا گەورە بووە. پاش مردنی ئەو شاژنە، لەسەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی ستیوارتو هەموو سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئینگلاند، ژیانی بەسەر بردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لەزانکۆی ئۆکسفۆرد بووە بە مامۆستای کوڕی ئەو پیاوەی دواتر بوو بە میری ناوچەی دیڤۆنشایر (Devonshire)، بەم کارە سێ سوودی گەورەی پێگەیشت، کە بەشێوەیەکی باش بووە یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی رۆشنبیری ئەم. ئەوشتانە بریتی بوون لەتوانای چوونە ناو کتێبخانە نایابەکەی ئەم بنەماڵەیەوە، سەفەری دەرەوەی وڵاتو هەلی ناسینی کەسانی گرنگو ناودار چ لەناو وڵاتو چ لەدەرەوە. لەسەر ئاستی زۆر بەرز پەیوەندی دۆستایەتیو رۆشنبیری لەگەڵ گەلێك کەسدا پەیداکرد.



دوای ئەوەی فرانسیس باکۆن دەستی لەکاروبار کێشابۆوە، ئەم زۆر جار سەردانی دەکرد. لەفەرەنسا لەنێو هەمان کۆڕو کۆمەڵدا پەیوەندی هەبوو، کە دێکارت ئاڵوگۆڕی نامەی فەلسەفەیی لەگەڵیاندا دەکرد. هەروەها دۆستایەتی باشی لەگەڵ زانای ماتماتیك گاسیندی هەبووە. لەئیتالیا سەردانی گالیلۆی کردووە. بۆ ماوەی دوو ساڵ مامۆستای ماتماتیکی (کارلی دووەم) بووە، کە دواتر بووە بە مەلیکی ئینگلاند، ئەم بە سروشتی خۆی شەرمنو دوورە پەرێز بووە، بەڵام هەرگیز لەڕووی رۆشنبیریو باوەڕ بەخۆبوونەوە کەموکوڕی نەبووە.

### ئاگامەندی وەك مەکینەیەك

لەسەردەمێکدا کە ئایین تیایدا باڵادەست بوو، کە ململانێی نێوان رێبازە ئایینییەکان هەموو لایەکیان گرتبۆوەو بەناوی دادپەروەرییەوە تەنگ بەمرۆڤ هەڵچنرابوو، ئەوەی نکوڵی لەباوەڕبوون بەخودا بکردایە خوێنی، دەکرایە کاسەوە، لەو سەردەمانەدا هۆبز چاو نەترسانە فەلسەفەیەکی ماتەریالی تۆکمەو پتەوی داهێنا. "گەردوون، واتە هەموو شتێك کە بوونی هەیە، ماتەرییە، واتە خاوەن جەستەیە، قابیلی پێوانە، واتە خاوەن درێژی، پانیو قووڵاییە. هەموو بەشێکی جەستە، هەروەك جەستەکە ئەو لایەنانەی هەیە، کە قابیلی پێوانەکردنن. سەرئەنجام ئەوەیە، کە هەموو بەشێك لەگەردوون جەستەیە، هەر شتێك جەستە نەبێت، لەگەردووندا بوونی نییە. لەبەرئەوەی گەردوون گشتە، ئەوەی لەناویدا نەبێت، عەدەمەو سەرئەنجام ئەو لەهیچ شوێنێکدا بوونی نییە!! لەدرێژەی ئەم بەڵگە هێنانەوانەدا ئەم گەیشتۆتە ئەو بۆچوونە، کە دەستەواژەی فەلسەفەییو تیۆلۆگی وەك "جەوهەری ناجەستەیی" ناکۆکەو هیچ واتایەك ناگەیەنێت. کاتێك داوایلێکرا لەبەر رۆشنایی ئەم بۆچوونانەیدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر باوەڕبوون بەخوا رابگەیەنێت. لەوەڵامدا گوتویەتی ئەوە لەدەرەوەی توانای عەقڵی مرۆڤدایەو

ناتوانرێت وێنابکرێتو بهێنرێته بەرچاو، هەروەها ناشتوانرێت بزانرێت چ خەسڵەتێکی هەیە، ئەمە ستراتیژێکی باش بووە بۆ هۆبز تا بواری ئازادی رادەربڕین بۆ خۆی بپارێزیت، هیچ کاتێك لەبۆچوونەکانی پاشگەز نەبۆتەوە، بەڵام کە فەرمانی پێکرا ئاشکرای بکات چۆن بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ بیروبۆچوونە پەسەندکراوەکانی ئەو سەردەمەدا یەکدەگرێتەوە، ئەم هەمیشە وەڵامێکی پێ بوو کە دەبووە مایەی سەرئێشە بۆ نەیارەکانی. ئەم دەیگوت ئەوە کێشەیەکە دەبێت دەسەڵات بڕیار دەربارەی بدات. هەمان وەڵامی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆ هەموو کێشەیەکی ئایینیو سیاسیو هەروەها بۆ بواری دادپەروەریش بەکاردەهێنا. ئەم وەڵامە ئەمی لای مەلیك کارلی دووەم خۆشەویست کردبوو، بە باشی ئەمی دەناسیو حەزی لەهاوڕێیەتی دەکرد. ئەمە ببووە گەرەنتی بۆ پاراستنی، بۆ ئێمە، کە سەیری ئەو سەردەمە رابووردوانە دەکەین، ئەو کارە، یان هەر نەبێت بەشێکی، خۆدەربازکردنێکی زیرەکانە بووە. هەروەها دیارە بەلای هەندێك لەکەسانی سەردەمەکەی ئەمیشەوە هەر وابووە. بەڵام لەئەنجامدا یەکێك لەکتێبەکانی بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە، هەربۆیە ئینگلاندی جێهێشتووەو رایکردوە بۆ وڵاتەکانیتری ئەوروپا، جارێکیش هەموو نووسینەکانی قەدەغەکراون، سەرەڕای ئەو هەڕەشانەش، ئەم تا تەمەنی ٩١ ساڵی ژیاوەو تا نزیکی سەرەمەرگیش هەر بەردەوام بووە لەنووسیندا.

ئەوکاتەی گەیشتە داهێنانی ئەو تێزەی دەڵێت تەنیا شتە ماتەرییەکان بوونیان هەیە، هۆبز هەموو شتێکی بزواوی، بەمرۆڤیشەوە، وەك جۆرە مەکینەیەك دەبینی. هەر لەڕاستیشدا هەموو گەردوونی وەك مەکینەیەکی زەبەلاح سەیر دەکرد. سەرەڕای ئەوەی دەتوانرێت هۆبز بە یەکەم دامەزرێنەری ماتەریالیزمی مۆدێرن دابنرێت، هەروەها یەکەم فەیلەسوفیش بووە، کە تێڕوانینێکی میکانیکی تەواوی بۆ سروشت هێناوەتە ئاراوە، هەروەها سیستمێکی سایکۆلۆژی میکانیزمی دروستکردووە. ئەمە هەر تەواو شتێکی نوێ بووە، کە وەك مەکینەیەك سەیری ئاگامەندی مرۆڤ بکرێت، هەڵبەتە مەکینەیەکی نەرمو ناسك بەلای هۆبزەوە. هەموو پرۆسەیەکی عەقڵی بریتییە لەماتەری لەناو کەللەسەری تاکەکاندا. هەموو ئەم ئایدیایانە (ماتریالیزم، میکانیزمو سایکۆلۆجی فیزیکی) لەسەدەکانی دواتردا، لەلایەن گەلێك لەبیرمەندەکانەوە وەرگیراوەو گەشەی پێدراوەو کاریگەری زۆری هەبووە، ئەو کەسەی بۆچوونەکانی ئەمی بەدڵ نییە، رەنگە بەلایەوە سەخت بێت هەست بە رەسەنی ئەو ئایدیایانە بکات. بەڵام لەڕاستیدا پڕبایەخ بوون، گەرچی لەسەرەنجامی کۆتاییدا دەرکەوت ئەو ئایدیایانە هەڵەن، بەڵام پشکیان هەبووە لەبەرەو پێشبردنێکی گرنگی زانستەکانی مرۆڤدا.

هەر بۆ نموونە، ئێستا بنەمایەکی فیزیکی حاشا هەڵنەگر هەیە بۆ پرۆسە عەقڵییەکان، کە ئیتر بێ گەڕانەوە بۆ ئاستە فیزیکییەکان تێگەیشتن لەو پرۆسانە کارێکی نەشیاوە. بەڕادەیەکی زۆر هۆبز بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی چیتر مرۆڤ وەك شتێکی تەواو ئەبستراکت سەیری ئاگامەندی نەکات.

هۆبز کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتی سیحراوی (جوڵە)وە، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی بۆلای گالیلۆ. بەپێی جیهانبینییە کۆنەکەی ئەریستۆتالیسی، کە گالیلۆ هەوڵی پوچەڵکردنەوەی دەدا، "نەبزوتن" خەسڵەتی سروشتی تەنە فیزیکییەکان بووە. بەڵام بەلای گالیلۆوە هەموو تەنە فیزیکییەکان بەبێ جیاوازی، بەخودی زەویو گشت ئەو شتانەی لەسەرین، بەردەوام لەجوڵاندان. سروشتییە ئەم تەنانە لەسەر جوڵەی رێکو پێکی خۆیان بەردەوام بن گەر هێزێکیتر کاریگەری بۆ سەریان نەبێت. هەروەك هۆبز خۆی باسی کردووە، ئەم بیرۆکەیە سەرسامی کردوە، لەبەر رۆشنایی ئەو بیرۆکەیەدا، ئەم گەیشتۆتە ئەو ئایدیایەی دەڵێت هەموو واقیع بریتییە لەماتریال لەجوڵەدا، ئەمە بوو بەتێزە بەناوبانگەکەی. گەر مرۆڤ سەرنجبداتو هەوڵبدات بۆ زانینی ئەوەی ئایا کام لەم پێکهاتانە لەوەی دیکە گرنگترە. ئەوا

دەردەکەوێت کە پێکهاتە ماتەرییەکە نییە، بەڵکو (جوڵە)یە. بە هۆبز گوتراوە پیاوێکی بە (جوڵە) سەرخۆش. هەموو هۆکارو سەرەنجامییەکانی ناو جیهانە ماتریالیو میکانیکییەکەی ئەم فۆرمی (پێکدادان)ی لەخۆگرتووە. بە بڕوای ئەم لەئەنجامی پێکدادانەوە هەموو گۆڕانکارییەکان دێنە ئاراوە.

هۆبز ئەم بۆچوونەی هێنایە ناو سیستمە سایکۆلۆژییەکەی خۆیەوە. هەموو هەڵسوکەوتێکی دەرونی بەلای ئەمەوە جۆرە پێکدادانێکە. گەرچی بەشێوەی ئەنجامدانی کارێك یان دژایەتیکردنی بێت. دەتوانرێت ئەم دوو جۆرە هەڵوێستە دەروونییە بە ئارەزوولێکردنو رقلێبوونەوە ناو ببرێن. ئەوانە جۆرەها فۆرمی دیارو ناسراو دەگرنەخۆ، حەزلێکردن، حەزلێنەکردن، خۆشەویستی، رقلێبوون، دڵخۆشیو خەمباریی.. هتد.

بەشە یەکەمەکانی ئەم نموونانە بریتین لەپێداویستیو خواستە هەمیشەییەکانی مرۆڤ، کە هەرگیز لێتێربوونیان نییەو تا مردن مرۆڤ هەر داوایان دەکات، لەگەڵ مەرگدا ئەو خواستانەش کۆتاییان دێت.

دژوارترین فۆرمی رقلێبوون کە لەڕاستیدا سەرەکیترین بێزراوەو کاریگەری لەهەموو جۆرەکانیتر زیاترە، ترسە لەمردن. مردن ئەو شتەیە کە زۆربەی زۆرمان هەموو شتێك دەکەین بۆ ئەوەی لێی بەدووربین.

### هێزو لەخشتەبردن

بەلای هۆبزەوە، لەبنەڕەتەوە ئەوە ترسە لەمردن، کە پاڵ بەمرۆڤەکانەوە دەنێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە. بەبێ بوونی کۆمەڵگە، لەو بارەدا کە ئەم ناوی ناوە حاڵەتی سروشتی، هیچ یاسایەك، رێکخستنێك یان دادپەروەرییەك بوونی نییە، ژیان "جەنگی هەموانە دژ بەهەموان" لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا هەموو ئەنجامێك بەهۆی زەبرو زەنگو تەڵەکەبازییەوە دەبێت یان هەروەك خۆی گوتەنی بە "هێزو



لەخشتەبردن". لەکتێبە هەرە بەناوبانگەکەیدا (Leviathan) ١٦٥١. وێنەیەکی دڵتەزێن بۆ چۆنیەتی رەوشی ئەو شتانە دەکێشێتو لەکۆتاییدا دەڵێت: (لەهەموو خراپتر، ترسی بەردەوام لەمردنێکی بە ئێشو ئازارو ژیان بەتەنیایی، هەژاری، ناخۆشی، ژیانی وەك ئاژەڵو کورت مەودا)، بۆ خۆرزگارکردن لەو جۆرە ژیانە تاکەکانی مرۆڤ پەنایان بردۆتە بەر رێکەوتن لەگەڵ یەکترو کۆمەڵپێکهێنان، بەڵام هەروەك هۆبز دەڵێت (پەیمانبەستن بێ بوونی شمشێر، تەنیا هەر وشەیەو بۆ ئاسوودیی بەخشین بە مرۆڤەکان هیچ دەسەڵاتێکی نییە)، (ئەوەی بتوانێت بێ رووبەڕووبوونەوەی سزا پەیمانبشکێنێت، ئەوا هەر کە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا بوو، سووكو باریك پەیمانەکە دەشکێنێت، تاکە رێگە بۆ بەرگرتن لەو کێشەیە دروستکردنی حاڵەتێکە، کە یاسا شکاندن بە قازانجی کەس نەگەڕێت)

هۆبز دەڵێت ئەم حاڵەتە بەو جۆرە دێتە دی، گەر هەموان رێکەون لەسەر بەخشینی دەسەڵات بە دەزگایەکی ناوەندی کە ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکانو بەتوندی سزادانی سەرپێچیکەران لەئەستۆ بگرێت، بۆ ئەوەی ئەو دەزگایە کاریگەربێت دەبێت دەسەڵاتی لەهەموو کەسێکی تاك، یان لەکۆی هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی دەیانەوێت دروستی بکەن، زیاتر بێت. واتە لەڕووی پراکتیکییەوە دەسەڵاتێکی وا رەهای هەبێت، مەحاڵ بێت بتوانرێ سەرپێچیبکرێت. ئەمە تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی بەیەکجارەکی زۆرترین ئازادیو دڵنیایی ببەخشێت بە ئەو تاکانەی کۆمەڵگەکەیان لێپێکهاتووە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە، کە هەموو مرۆڤەکان هەمان ئازادی وەك یەکتریان هەبێت، بەڵکو دەبێت دان بە مافی زیاتردا بنرێت بۆ هەندێك لەچاو هەندێکیتردا.

هۆبز هەمیشە سوورە لەسەر دەستنیشانکردنی ئەوەی دەکرێت ئەم دەزگایە بریتی بێت لەیەك تاکەکەس یان کۆمەڵێك کەس، کە لەهیچ حاڵەتێکیاندا هێزو دەسەڵاتیان لەخواوە یان لەدەزگایەکی پێشووتر یان دەسەڵاتێکی بالاترەوە

پێنەگەیشتووە، بەڵکو لەخودی خەڵکییەوە، لەکۆمەڵگەوە پێیان بەخشراوە، میللەتیش بۆیە دەسەڵات دەداتە دەست ئەوان، چونکە ئەو کارە لەبەرژەوەندی میللەتدایەو لەسەرو هەموو شتێکەوە بۆ پاراستنی ئازادیو دڵنیاییانە (بایەخیان بەردەوام لەزیادبووندایە). حاکمی خاوەن دەسەڵات دەسەڵاتی رەهای نییە کار بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت بۆ باشەی هەمووان کار بکات.

## ئاژاوە لەحوکمی زاڵم خراپترە

بنەمای بیری سیاسی لای هۆبز ئەوەیە، کە ئەوەی خەڵکی زیاتر لێیدەترسن ئاژاوەی کۆمەڵاتییە، نەك دیکتاتۆرێکی بەزەبروزەنگ. خەڵکی حوکمی خراپترین زۆرداریان بەلاوە باشترە لەبڵاوبوونەوەی ئاژاوەو پەشێوی. دەبێت لەیادمان بێت ئەو لەسەردەمی شەڕی ناوخۆی ئینگلاند ژیاوەو بەرهەمەکانی نووسیوە[21]، سەردەمێك مەلیکێك کە پێی وابوو بەفەرمانی خوا بووە بەمەلیكو حوکمدەکات، لەدەسەڵات هێنرایە خوارەوەو لەسێدارە دراو وڵات کەوتە ناو گێژاوی ئاژاوەو توندوتیژییەوە، دواتر بەهۆی دیکتاتۆری سەربازییەوە بارەکە هێمنکرایەوە. هەروەها هۆبز خۆی لەهەندێك لەو کەسانەوە نزیك بووە، کە لەم بارەدا رۆڵی سەرەکییان هەبووە. کاتێك کتێبی (Leviathan)ی نووسیوە، لەفەرەنسا پەنابەری سیاسی بووە. کە ساڵی ١٦٥١ ئەم کتێبەی بڵاوکردۆتەوە، ئۆلیڤەر کرۆمویل (Oliver Cromwell) وەك دیکتاتۆری ئینگلاند لەوپەڕی دەسەڵاتدا بووە.

[21] – ناکۆکی نێوان مەلیك کارلی یەکەمو لایەنگرەکانی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانو لایەنگرانیان، شەڕی ناوخۆی ئینگلاندی لێکەوتەوەو لە ١٦٤٢ تا ١٦٥١ درێژەی کێشا، بە سەرکەوتنی پەرلەمان کۆتایهات، ساڵی ١٦٤٩ مەلیك لە سێدارە دراوە، کارلی دووەم ئاوارە بووەو (ئۆلیڤر کرۆمویل) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.



بۆ جێبەجێکردنی بیروبڕوا بڵاوکراوەکانی خۆی، هۆبز باوەڕی بەدەسەڵاتی کرۆمویل هێناوەو گەڕاوەتەوە بۆ ئینگلاند. بەڵام ئەوکاتە زیاتر بەختەوەرو دڵخۆش بوو، کە ساڵی ١٦٦٠ جارێکیتر سیستمی مەلیکی دامەزرێنرایەوەو قوتابیەکەی جارانی خۆی (کارلی دووەم) تاجی مەلیکی ئینگلاندی کردە سەر.

# راسیونالیستە مەزنەکان

ئەوکاتەی لەسەرەنجامدا دەسەڵاتی کەنیسە بەسەر شێوازی بیرکردنـەوەدا لاوازکـرا، زۆرکەس لەو باوەڕەدابوون دەکرێ تەنیا بە پشتبەستن بە عەقڵ مەعریفە دەربارەی جیهان بە دەست بهێنرێت. لـەبواری فەلـسەفەدا، ئـەم تێگەیـشتنە بـە راسـیونالیزم (عەقڵگەرایی) ناسراوە، ئەمە سەرەتا دیکارت هێنایە پێشەوە، دوای ئەو کەسـایەتی کەسـایەتییە گـەورەکانی نێـو فەلـسەفەی راسیونالیـستی بریتـی بـوون لـەلایبنیزو سپینۆزا. دیکارتو لایبنیز لەماتماتیکدا زۆر لێهاتوو بوون، بـە بـڕوای ئـەوان زانـستی ماتماتیك جێگەی بڕوای تەواوەو گەر ئەو میتۆدانەی لـەم زانـستەدا بـەکاردەهێنرێنو بواری نوێیان دۆزیوەتەوەو زانستی نوێیـان هێناوەتـە ئـاراوە، لـەبواری تێگەیـشتنی مرۆڤ لەجیهانیشدا جێبەجێبکرێن رەنگە لـەو رێگەیـەوە هـەر تـەواو بتوانرێـت هەموو شتێك لەجیهاندا راڤەبکرێت.




**پرسیارەکەی دێکارت "من توانای زانینی چیم هەیە؟"لەگەڵ گەڕانێکی بەردەوام بەدوای وەڵامێکی راستودروستدا، بۆمـاوەی سـێ سەدسـاڵ بووە کرۆکی فەلسەفەی رۆژئاوایی**

سـاڵی ١٥٩٦زاینیـە دێکـارت لەفەرەنـسا لـەدایك بـووە. هـەر لەمنداڵییـەوە خراوەتەبەر پەروەردەیەکی باشـی وا لەخوێندنگـەی یەسـوعییەکان، کـە فەلـسەفەو ماتماتیکیـشی خوێنـدووە، دواتـریش، لەشـارەکەی خۆیـان "پواتیـە" چۆتە زانکۆو

یاسـای خوێنـدووه. هــەر لەهەرزەكارییــەوە، بــەزیرەكیو بیرتیــژی خــۆی بــۆی دەركەوتووە، كە زۆربەی ئەو بەڵگانەی پسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەكـان پێشكەشی دەكەن، جێگای بـاوەڕنینو راسـت نـین. زۆرجـار نـەیزانیوە بـڕوا بەچـی بكـات. وەك خۆی گوتویەتی، بۆ تەواوكردنی زانیارییـەكان چووە بـۆ سـەربازیو لەگـەڵ سـوپادا وەك سەرباز، بەڵام بێ ئەوەی بەشداری لەشەڕدا بكـات، ئەمپـەڕو ئەوپـەڕی ئـەوروپا گـەڕاوە. لەسـەفەرەكانیدا بـۆی دەركـەوت كـە جیهـانی مرۆڤـەكان زۆر لـەجیهانی ناوكتێبەكان ئاڵۆزترو جوراوجۆرترەو دژ بەیەكە. ئەم عەودالـی وەڵامی ئەم پرسیارە بوو: ئایا هیچ شتێك هەیە ئێمە تەواو لـێی دڵنیابینو بێ هیچ جۆرە گومانێك بیزانین؟

لەهۆڵەنـدا نیـشتەجێ بـوو، چـونكە ئـازادی را دەربـڕین لـەوێ لەچـاو هـەموو شوێنەكانیتری ئەوروپا زیاتر بوو. تەواو خۆی خەریككرد بە وردبوونەوە لەبنەماكانی بیركردنــەوەی مــرۆڤ. لێكۆڵینــەوەكانی لەهــەمان كاتــدا خەســڵەتی فەلــسەفەییو ماتماتیكیو زانستی سروشتی هەبوو. لەماوەی بیست ساڵدا، لـەنێوان ١٦٢٩–١٦٤٩ كۆمـەلێك لێكۆڵینـەوەی بـەهێزو یـەكلا كـەرەوەی ئەنجامـداوە. لـەبواری فەلـسەفەدا شـاكارە گرنگەكـەی (Discourse de la method) سـاڵی ١٦٣٧ بڵاوكردۆتـەوەو (Meditationes) (تێڕامانــــەكان) ســــاڵی ١٦٤١ بڵاوكردۆتــــەوە. ســــاڵی ١٦٤٩ كریـستینای شـاژنی سـوید داوای لێكـردووە بـچێت بـو سـوید، بـۆ ئـەوەی وانـەی فەلـسەفەی پێبڵێتـەوە. بـەڵام سـەرماو سۆڵەی زسـتانی سـوید تووشـی نەخۆشـی هەوكردنی سی دەكاتو لەساڵی ١٦٥٠ لەوێ دەمرێت.

## گومانی دێكارتی

دێكارت لەماتماتێكدا زۆر زیرەكو بلیمـەت بـووە، بـوارێكی نـوێی دۆزییـەوە، كـە بەهۆیـەوە دەتـوانرا جـەبر لەئەنـدازەدا بـەكاربهێنرێت. ئـەم بەشـە وەك ئەنـدازەی شـیكاری ناسـراوەو هـەروەها دوو هێڵـی بـەناوبانگی نـاو زانـستی ماتماتیـك بـەناوی ئەمەوە ناونراون. ناویان لێنراوە خـاڵی گونجـانی كارتیـسیان. ئاوەڵنـاوەی كـارتیزی لەكارتێزیوسی وەرگیراوە، كە شێوەی لاتینی ناوی دێكارتە.

ئەم زۆر سەرسامبوو بە روونیو رەهایی ماتماتیك. هەرلێرەوە، خەیاڵی چووە بـۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شێوازێك بۆ جێبـەجێكردنی ئـەم رەهـاییو دڵنیاییـەی نـاو ماتماتیك لە بوارەكانیتری زانستدا. لەم رێگایەوە مرۆڤ دەتوانێ هەڵەكان بدۆزێتەوەو بەرپـەرچی ئەو گومانكەرانـە بداتـەوە، كـە دەڵـێن جگـە لـەبواری ماتماتیـك، ناكرێـت لەهیچ بوارێكیتردا زانستێكی دڵنیا بەدەستبهێنین. بەڵام یەكجار لەوەگرنگتر ئەوەیە، چۆن بگەینە ئـەو میتـۆدەی لەڕێگەیـەوە زانیـاریی دروسـتمان سـەبارەت بـە جیهـان دەسـتبكەوێت؟ میتۆدێـك كـە بتـوانین لەڕێگەیـەوە زانـسێك دەربـارەی سروشـت، بەشێوازێكی مۆدێرن، دروستبكەین.

دێكارت گەیشتە ئـەو سـەرئەنجامەی كـە هۆكـاری بـوونی دڵنیـایی لەبابەتـەكانی ماتماتكیدا بوونی سەرەتا سەلمێنراوە زۆر ئاسانو بچوكەكانە، كە ئەوەندە ئاسـانو ئاشـكران، هـیچ جێگـەیان بـۆ گومـانكردن نەهێـشتۆتەوە. بـۆ نموونـە هێڵـی راسـت كورتترین ماوەی نێوان دوو خاڵە، بۆ ئەوەی دواتر هەنگاوبەهەنگاوی لـۆژیكی بـەرەو هــەڵهێنانی دەرئـەنجامی بـاوەڕپێكراو بـڕۆین، كـە لەبنـەڕەتا ئـەوەیش زۆر سـادەو ئاسانەو بواری نكوڵیو گومانی تیانییە. ئەوەی زۆرسەرنجی ئەوانەی رادەكێـشا، كـە دەكەوەتنە ژێر كاریگەرێتی ئەفسوناوی ماتماتیكـەوە، ئـەوە بـووە كـە كاتێـك مـرۆڤ تەنیا بەپشتبەستن بەهەنگاوی لۆژیكییانـە لەشـتە سـادەو ئاسـانەكانەوە بەرەبـەرە گەیشتنە بە دەرئەنجامی وا، كە نەئاسانەو نەئاشكرایە، كـە یـەك دنیـای پـڕ لەشـتی نەدۆزراوە خۆی نمایشدەكات، دۆزینەوەی سەرسـوڕهێنەر، كـە زۆرجـار لەپراكتیكـدا بەكار دەهێنرێنو هەمووشیان بە رەهایی راستن. وا دیارە بواری ئەم دۆزینەوانـە بـێ كۆتـایین. ماتماتیكزانـەكان بـەردەوام رێگایـان بـۆ دۆزینــەوەی نـوێ و دۆزینــەوەی چاوەڕواننەكراو خۆشدەكرد، هەروەك چۆن خودی دێكارتیش هـەر وایكـرد. دێكـارت

لەخۆی دەپرسی: ئایا دەکرێت بەتەواوی ئەم مێتۆدە بەسەر زانستە نا ماتماتیکییەکاندا جێبەجێبکرێت؟ گەر مرۆڤ بتوانێت لەدەرەوەی سنوری ماتماتیکدا ئەو بنەمایانە بدۆزێتەوە، کە هیچ گومان لەراستیو دروستییان ناکرێت، ئەوکاتە دەتوانرێ وەك سەرەتا بەکاربهێنرێن بۆ هەڵهێنجانی دەرئەنجام. بەڵام دەبێت هەر هەنگاوێك لەو سەرەتایانەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکیانە، بنرێن هەموویان راستو دروست بن. بەو شێوەیە دەتوانین ببینە خاوەنی ئەو بنەڕەتە مەنهەجییانە بۆ ئەو زانیاریانەی بەدەستمان هێناون، تا بتوانین سەدا سەد باوەڕیان پێبکەین، بەڵام ئایا ئەم سەرەتا لۆژیکیانە هەن؟ یان (هەروەك زۆرێك لەهاوچەرخەکانی دێکارت پێیان وا بوو) ناکرێت بە رەهایی لەهیچ زانستێکیتر دڵنیابین جگە لەماتماتیكو لۆژێك.

لەگەڕاندا بەدوای ئەو سەرەتایانەی هیچ گومانێك ناگرنە خۆ، دێکارت بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە. یەکەم وردبوونەوەو توێژینەوەکانیەتی لەسەر ئەو شارەزاییانەی بە تێبینییە دەستبەجێو راستەوخۆکانمان دەستمان دەکەون. ئایا دەکرێت پشت بە هەستەکانم ببەستم ؟ گەر رێك سەیری بەشی هەرە سەرەوەی بورجی کەنیسەیەك بکەم یان سەیری دارێك بکەم، کە لقەکانی شۆڕبونەتەوە بۆ ناو ئاوێك؟ ئۆی نا، گەر کەمێك بەوردی بڕوانم، بۆم دەردەکەوێت ئەم سەرنجدانە راستەوخۆیانە زۆربەی جار، تەفرە دەرن. خاچی سەر بووجی کەنیسەکە، کە زۆربەی کات لەرۆژدا لەبەر خۆردا وەك ئاڵتون بریقەی دێتو لەبەرامبەر زەدە پەڕی ئێوارانیشدا سوور هەڵدەگەڕێتو کاتیتر رەنگی بەرەنگی ئاسن دەچێت. لقی ئەو دارەش کە رۆچۆتە ناو ئاوەکەو بەچاو وادیارە خوار بێت، بەڵام کە دەیهێنمە دەرەوە، رێكو راستە. کەواتە هەرگیز ناتوانم، ئەو شتانەی دەیانبینم، هەر چەندە هەوڵیشبدەم راستەوخۆو زۆر بە وریاییو لەسەرخۆ سەرنجیانبدەم، دڵنیابم کە بوونیان لەراستیدا بەو شێوەیەیە کەمن هەستی پێدەکەم.

### تارماییەکی شەڕانگێر

ئەمە بووە هۆکاری تێهەڵچوونەوەیەکی گەورەتری دێکارت. ئەو دەیگوت، زۆرجار بەتەواوی دڵنیابووم لەئەنجامدانی ئەم شت یان ئەوشتو دواتر بەئاگا هاتومەتەوەو زانیومە ئەوە خەونم بینیوە. زۆرجار ئەو خەونانە پەیوەندییان بەکارەکانی رۆژانەی خۆیەوە هەبووە: خەونی بەوەوە دیوە، کە لەگوێ ئاگردانەکە یان لەپشت مێزی نووسینەکەیەوە دانیشتووەو خەریکی نووسین یان خوێندنەوەیە، بەڵام لەراستیدا لەناو پێخەفەکەیدا راکشاوەو نووستووە. چۆن دڵنیابێت کە ئەم چرکە ساتەی ئێستاش لەخەون بینیندا نییە؟ بەوە دەچوو هیچ کاتێك نەتوانێت دڵنیابێت، کە ئەوە خەون بینینو رەشکەوپێشکەی چاو یان شتێکی لەو بابەتانە نییە.

لەم رەوشە پڕدڵە راوکێیەی گەڕان بەدوای ئەو شتە گومان هەڵنەگرەدا دێکارت بیرۆکەیەکی بەهێزو مەزنی بەدەستهێنا و لەقۆناغی سێهەمی گەڕانەکانیدا گەیشتە بیرۆکەی (گریمانە )، گوتویەتی هەموو هەڵەو چەواشەبوونێکم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بێ ئەوەی من هەستی پێبکەم، بوونەوەرێکی لەمن بەرزتر هەیە، لەهەوڵداندایە بۆ لەخشتەبردنم، هێزی لەمرۆڤ بەدەری هەیەو دەتوانێ بمخاتە خەو، دواتریش خەون ببینمو وا بزانم کە بەئاگامو هەموو ئەو شتانەی بینیومن، بەلای منەوە بەشێوەیەکیتر خۆیان بنوێنن، یان بگەمە ئەو بڕوایەی کۆی دوو لەگەڵ دوو دەکاتە پێنج ئایا شتێکی وا هەیە، کە ئەم بوونەوەرە شەڕانگێزە نەتوانێت دەربارەی لەخشتەم بەرێت؟

دێکارت گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە بەڵێ شتی وا بوونی هەیە، بەتایبەتی ئەو هەقیقەتەی کە بیرکردنەوە هزریەکانم ئەوانەن کە هەن، من هەمیشە دەتوانم لەوانەوە بگەمە ئەنجامی هەڵە، دەتوانم باوەڕبێنم بەوەی، کە لەگوێ ئاگردانەکە

دانیشتووم، ئەمە لەکاتێکدا لەواقیعدا هیچ ئاگردانێك بوونی نییە، بەڵکو لەراستیدا من لە ناو پێخەفەکەمدا راکشاومو خەون دەبینم، بەلاَم کە باوەڕدەکەم لەگوێ ئاگردانێك دانیشتووم، ئەوە حەقیقەتێکی نکۆڵی لێنەکراوە. تەنیا ئەو شتەی لەم حاڵەتەو هەموو حاڵەتەکانیتردا تەواو لێی دڵنیام و دەزانم هەمە، دەتوانم بگەمە هەندێك دەرئەنجامی تەواو دڵنیاکەر. یەکەم بریتییە لەوەی من دەزانم، کە من جۆرە بوونەوەرێکمو بوونم هەیە. رەنگە من شارەزای سروشتی تایبەتی خۆم نەبم، رەنگە بۆچوونو تێگەشتنی سەیرو نامەعقولم سەبارەت بە بوونی خۆم هەبێت، بەلاَم کە بوونم هەیە، ئەوا هیچ گومانێکی تیانییە. لەوەش زیاتر، بەدڵنیایی رەهاوە دەزانم من بوونەوەرێکی خاوەن هزرم، بەتایبەتی ئەو هزرانەی لەگەڵیاندا ژیان دەگوزەرێنم. دێکارت ئەم دەرئەنجامەی لەدەستەواژەیەکی لاتینیدا دارِشتووە، کە دواتر زۆر بەربلاَوانە ناوبانگی دەرکرد؟

(cogito ergo sum) کە بەشێوەیەکی داتاشراوانەی تا رایەدەك ناقۆلاَ لەوەرگێرِانەکەیدا کراوەبە (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم).

## گەڕانی بێوچان بەدوای دڵنیاییدا

دێکارت دەڵێت، لەهەقیقەتدا شت هەیە، کە لەدەرەوەی بازنەی ماتماتێكو لۆژیکنو پەیوەندیشیان بەو جیهانە راستەقینەیەوە هەیە، کە من بەدڵنیایی رەهاوە پەی پێدەبەم. بەلاَم ئایا شتێك هەیە، کە من بەهەمان پلەی دڵنیاییەوە لایەنگریی لێبکەم؟ لەم حاڵەتەدا دێکارت پەنا دەباتە بەر بەڵگەهێنانەوەی ئۆنتۆلۆگی بۆ بوونی خوداو دەڵێت، من دەزانم، کە خۆم گیانلەبەرێکی یەکجار نا تەواوی خاوەن کەموکوڕیم، هەمیشە لەگۆڕاندام، دەمرمو کۆتایم پێدێت. لەبەرامبەریشدا، لەهۆشمدا بۆ چوونێك هەیە دەربارەی بوونەوەرێکی بێکۆتاییو نەمرو ئەزەلی، لەهەموو ڕوویەکەوە کاملە، هەر لەبەرئەوەش کە هیچ شتێك ناتوانێت شتێکی لەخۆی مەزنتر دروستبکات، ئەوا دەبێت ئەو بوونەوەرە کاملە بوونی هەبێتو ئەم بۆچوونەی دەربارەی خۆی لەمندا چاندبێت. هەروەك چۆن خاوەن پیشەیەکی دەستی مۆری خۆی دەدات لەوشتەی خۆی دروستی دەکات.

زانینی من بۆ بوونی خواو کامیل بوونی لەهەموو ڕوویەکەوە واملێدەکات پشتی پێ ببەستم: ئەو وەك تارماییە شەڕانگێزەکە تەفرەمنادات، گەر من ئەو کارانەی دێنە پێشم، زۆر بەوریاییەوە ئەنجامیانبدەمو ئەوەندەی دەتوانم بەرێکوپێکی بیربکەمەوە. دەتوانم دڵنیابم کە هەموو ئەو شتانەی بە روونیوئاشکرایی وەك راستەقینە لییان تێدەگەم، (ئەمە نەك بە هۆی هەستەکانمەوە، چونکە لەئێستاوە دەزانم کە هەستەکانم تەفرەدەرن، بەڵکو بەهۆشیاری خۆم) ئەوانە هەموو راستو دروستن. هۆش ئەو بەشەی منە، کە پەی بەبوونی خوا دەباتو لەماتماتێك تێدەگات. واتە ئەو لایەنەی کە هەستەکان زەفەری پێنابەن، واتە هزرو هۆش، ئەو رۆحەی کە بریتییە لەمنی زەفەر پێنەبراو.

## لەدایك بوونی راسیۆنالیسم (ئەقلگەرایی)[22]

لەم دەرئەنجامەوە ئەو قوتابخانە دروستبوو، کە بە راسیونالیزم ناوی دەرکرد، بناغەکەی ئەو قەناعەتەیە، کە ئێمە بەهۆی عەقڵەوە زانیارییەکانمان لەسەر جیهان دەستگیردەبێتو زانیارییە هەستەکییەکان پتەونینو جێگەی متمانەنین، ئەوانە سەرچاوەیەکن بۆ بەهەڵەدا بردن، نەك بۆ زانیاری بەخشین. لەو سەردمەوە راسیونالیزم یەکێکە لەکۆڵەکە بەهێزەکانی ترادیسۆنی فەلسەفەی رۆژئاوایی.

---

22 – بەلای پەیڕەوکارانی فەلسەفەی راسیۆنالیستییەوە تاکە بنەما بۆ هەموو زانیارییەکانمان ئەوەیە کە لە عەقڵەوە سەرچاوەیانگرتووە، بەلاَم لایەنگرانی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی هەستەکان دەکەنە بناغە بۆ زانیارییەکانمان. دێکارت یەکەم راسیۆنالیستی مۆدێرن بووە، میتۆدەکەی ئەم کاریکردۆتە چەندین فەیلەسوفێ، بە تایبەتی سپینۆزا، لایبنیزو کانت.

گرنگترین قۆناغی ئەم قوتابخانەیە سەدەی حەڤدەو هەژدە بووە. گەورەترین نوێنەرەکانیش جگە لەدێکارت، بریتی بووە لەسپنوزاو لایبنیز. تا ئێستاش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر فەلسەفەی وڵاتانی رۆژئاوا هەر ماوە. کەم گەورە فەیلەسوف دوای دێکارت، هاوڕای دێکارتە، کە گوایە ناتوانرێت هیچ گومانێك لەبوونی خوا هەبێت. بەڵام ئەم زۆرشتی لەبواری شێوازی بیرکردنەوەی رۆژئاواییدا کردە بناغە. بۆچوونەکەی ئەم، کە دەڵێت: دۆزینەوەی لۆژیکیانەی زانستەکان وا پێویستدەکەن سەرەتا لەو راستیانەوە هەنگاوبنێین کە گومان هەڵنەگرن‌و دواتر پلەبەپلە بەپێی لۆژیك بگەینە زنجیرەی دەرئەنجامە کۆتاییەکان. ئەم بۆچوونەی لەبیرکردنەوەی رۆژئاواییدا، سەبارەت بە زانستە سروشتییەکان، بوو بە کۆڵەکەیەکی بەهێز. دواتر زۆربەی بیرمەندان لەو بڕوایەدا بوون، کە چاودێریکردنی وردو کۆنترۆڵکراو (لەڕێگەی هەستەکانیشەوە) رۆڵێکی پڕ بایەخ دەبینێت لەکێشەی دیاریکردنی ئەو فاکتە گومانهەڵنەگرانە، کە پێویستمانن بۆ زیادکردنی پێشەکییە (یان سەرەتا) لۆژیکییەکانمان. هەروەها ئەم بیرمەندانە پێیان وایە دێکارت سەبارەت بە بنەما بنەڕەتییەکان لەسەر هەق بووە. واتە پێویستە مرۆڤ لەسەرەتا باوەڕ پێکراوەکانەوە دەستپێبکات‌و دواتر بە جێبەجێکردنی هەنگاوە لۆژیکییەکان لەسەر ئەم راستییانە، بەبێ رێگەدان بەهاتنە ناوەوەی هەر شتێك کە کەمترین گومان هەڵبگرێت، بێ پەلەکردنیش لەگەڕان بەدوای گومانەکاندا. دێکارت ئەرگومێنتی قەناغەت پێکەری هێنایە ئاراوە، کە ئەم میتۆدە دەستەبەری بنچینەیەکی ماتماتیکیانە بۆ زانستە سروشتییەکان دەکات، کە زانستی تەواو دەربارەی جیهان دەبەخشن بە مرۆڤ و هەروەها ئەم میتۆدەی دێکارت تەنیا ڕێگە بووە بۆ دلێنابوونی تەواو لەدۆزینەوە زانستییەکان سەبارەت بە جیهان.



## رۆحی‌و جەستەیی

ئـەو دەرئەنجامـەی دێکـارت پێیگەیشتبوو، کـە دەڵێـت بێگومـان مـرۆڤ بریتییـە لەرۆح، لەرێگـەی هوشـیارییەوە تـوانی پـەرە بـەو تێگەیشتنە بـدات، کـە لەراسـیتدا جیهان لەدوو جەوهەرپێکدێت: رۆحی‌و جەستەیی. بەلای ئەمەوە مرۆڤ خودی خاوەن گیانە، کە جیهانەکەیان جگە لەخودی خۆیان بریتییە لەشتی ماتریالیش، کـە ئـەمان توانای سەرنجدانی ئەو شتانەیان هەیە. ئەم دابەشکردنەی سروشت بۆ هەقیقـەتێکی دوولایـەنی، واتـە رۆحـی‌و جەسـتەیی، خـودو بابـەت، سـەرنجدەرو سـەرنجلێدراو. لەشـێوازی بیرکردنـەوەی مرۆڤـی رۆژئاواییـدا سـەبارەت بـە تێڕوانینیـان بـۆ جیهـان لێرەوە رەگی داکوتـا. تەنانـەت لـەم رۆژگارەشدا فەیلەسـوف هەیـە وەك دوالیزمـی دێکـارتی باسـی ئـەم بابەتـە دەکـەن. لەسـەردەمی دێکارتـەوە تـا سـاڵانی( ١٩٠٠) بەدەگمەن فەیلەسوف هەبووە خـۆی لـەم بۆچـوونە بـەدوورگرتبێت. رەنگـە بەپلـەی یەکەم سپینوزاو شۆپینهاوەر لەوانە بووبن. دواتر پاش ساڵانی ١٩٠٠ خۆ بەدوورگرتن لـەو بیروڕایـە بووبـە شـتێکی ئاسـایی، بـەڵام هـەرگیز بەشـێوەیەکی گـشتی‌و بەربڵاونەبوو. ئێستاش زۆر لەفەیلەسوفان هێشتا لەگەڵیدا هاوڕان.

هەروەها، بەپلەیەکی بڵندتر لەفرانسیس بـەیکۆن‌و گـالیلۆ، دێکـارت یەکێکـە لـەو پێـشەنگانەی هەوڵیانـداوە قەناعـەت بـە خـەڵکی بێـنن، کـە دەتوانرێـت سـەبارەت بەجیهان زانیاریی دڵنیاو بێگوماناوی بەدەستبێت، بۆ گەیشتن بەو مەبەسـتە دەبێـت میتـۆدی راسـت‌و دروسـت بـەکاربهێنرێت. گـەر ئـەوە ئەنجامـدرا، دەبینـە خـاوەن زانستێکی وەك چیا بەهێزو زانیارییەکی تەواوی جێی متمانە. ئـەم لەهـەموان زیـاتر زانستی (بەخشی) بە روناکبیرە رۆژئاواییەکان. بەشێوەیەکی سەرەکی بەکاریگەرێتی ئەم بوو، گەڕانی بێووچان بەدوای دڵنیـایی لـەوەی دەزانرێت بووبـە خولیـا و کـاری روناکبیران‌و بیرکردنەوەی میتۆدی بوو بە سەنتەری ئـەو گەڕانـە بێووچـانە. دێکـارت

خۆی نەهاتووە ئەو زانستە دڵنیایە بخاتە بەردەستمان، بەڵکو ڕێگای نیشانداوین چۆن پێیبگەین.

هەروەك لەبیرمانە، فەیلەسوفە دێرینەکانی پێش سەردەمی سوکرات لایان وا بووە پرسیاری سەرەکی ئەوان "چی بوونی هەیە؟" یان "جیهان لەچی پێکهاتووە؟" یە. سوکرات ئەمەی گۆڕی بۆ جۆرێکیتری پرسیار واتە "ئێمە دەبێت چۆن بژین؟" ئەم پرسیارانە سەدان ساڵ بابەتی سەرەکی فەلسەفە بوون. تا دێکارت هاتو پرسیارێکی نوێی هێنایە ئاراوە. "من دەتوانم چی بزانم؟" ئەم پرسیارە، ئەپستمۆلۆجی، واتە تیوری زانیاری، کردە سەنتەر یان بابەتی سەرەکی فەلسەفە. ئەمەش سێ سەدساڵ خۆی ڕاگرتو باڵیکێشا بەسەر بوارەکەدا، بەجۆرێك کە زۆر لەفەیلەسوفانی دوای دێکارت بەپلەی یەکەم وەك لێکۆڵینەوە لەتیوری زانیاری سەیری فەلسەفەیان دەکرد. هەر لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی گشتی، دێکارت وەك یەکەم فەیلەسوفی مۆدێرن ناو دەبرێت.

وا باوە ئەو خوێندکارانەی بۆ خوێندنی فەلسەفە دەچنە زانکۆ سەرەتا کتێبەکانی دێکارت دەخوێنن. بۆ ئەمە هۆکارێکی تریش هەیە، بەبەکارهێنانی گومان وەك میتۆدێك ـ واتە زوو باوەڕ نەهێنرێت بە شتێك کە لەڕووی لۆژیکەوە بواری گومانی تیایە، بەڵکو بە بەردەوامی بەپشتبەستن بە بیرۆکە چەسپاوەکان‌و گریمانەکانمان توێ توێ لێیان بکۆڵینەوە ـــ بەم شێوەیە دێکارت یەکسەر دەمانگێڕێتەوە بۆ خانەی ژمارەیەك‌و بۆ دیسانەوەو سەرلەنوێ هەوڵدان. فۆرمولەکردنی پرسیارەکە بە جۆرێکە رووی لەکەسی یەکەمی تاکە، دەڵێت: (من دەتوانم چی بزانم؟) ئەوە رووی لەگەنجانەو مەبەستەکەشی پێکاوە. بەم شێوەیە نییە کە بڵێت: "ئایا مرۆڤ توانای زانینی چی هەیە؟".

## چێژ بینین لەخوێندنەوە

دێکارت نووسەرێکی لێهاتووە. خاوەن ستایلێکی روون‌و بێگەردو بەرزە، زمانێکی بێخەوش‌و بێپێچ‌و پەنای بەکارهێناوە. ئەم، بێ سێ‌ودوولێکردن یەکێکە لەو دوو فەیلەسوفە مەزنانەی بەزمانی فەرەنسی نووسیویانە، ئەویتریان لایبنیزە (Leibniz) بەڵام لایبنیز ستایلی نووسنیی وەك دێکارت جوان‌و دڵگیرنەبوو. بۆیە دێکارت لەریزی هەرەپێشەوەی کەسایەتیە کەلتورییەکانی فەرەنسادایە. هەر لەبەر ئەوەشە خوێندنی شاکارەکانی دێکارت لەهەموو بەرنامەکانی خوێندنی باڵای فەرەنسادا ئیجبارییە، واتە لەلیسییە بەناوبانگەکانی فەرەنسادا دەخوێنرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو ژنان‌وپیاوانی خاوەن بڕوانامەی بەرز لە فەرەنسا دێکارتیان خوێندۆتەوە. تائێستاش، لەهەر کوێیەك بێت، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دێکارت بۆ مرۆڤە روناکبیرەکان سوود بەخشەو یەکێك لەڕێگە هەرە باشەکان بۆ دەستپێکی خوێندنەوەی بەرهەمی فەیلەسوفە مەزنەکان تا ئێستاش سەرەتا دەستکردنە بەخوێندنەوەی هەردووکتێبی (Discourse on the method) و تێرامانەکان



# سپینۆزا

**هەموو شتێك یەك شتە، یەكپارچەیش خوایە.**



## سپینوزا

**هەموو شتێك یەك شتە، یەكپارچەیش خواییە.**

**هەروەها گەر خوا هەبێتو بوونی لەهەموو شتێكدا بێت، دەكرێت ئێمە، بەهەمان شێوازی نێوسیستەمی ماتماتیكی ـ فیزیكی، لەو هەمەكییە بگەین.**

سپینوزا جوو بووە، تەنیا جوو، كە بەر لەكارل ماركس شوێنێكی دیاریكراوی لەڕیزی پێشەوەی ئەو بیرمەندە رەسەنانەی فەلسەفەی رۆژئاواییدا بۆ خۆی داگیركردووە. (هەرچەندە ژمارەیەكی زۆری جووی خاوەن فكر هەبوون) ئەم ساڵی ١٦٣٢ لەئەمستردام لەدایك بووە. لەسەر رێبازی ئۆرتۆدۆكسی جولەكە پەروەردەكراوە. بەڵام لەبەر بیرو بۆچوونە گومڕاییەكانی، لەتەمەنی بیستو چوار ساڵیەوە چونەناو كۆڕو كۆبونەوەكانی جوولەكەی لێ قەدەغەكرا، لەم كاتەوە ناوە عیبرییەكەی خۆی لە (باروخ)ەوە گۆڕی بۆ فۆرمە لاتینیەكەی بینیدیكت (Benedict). هەموو ژیانی بەتەنیایی بەسەربرد، بۆ نان پەیداكردن خەریكی بڕینو ئامادەكردنی شوشەی زەڕەبین بوو بۆ چاویلكەو میكرۆسكۆبو تێلیسكۆب. كە ئەوكاتە كارێكی نوێ بوو. بەهۆی نووسینەكانیەوە ناوبانگی دەركرد. بەڵام ساڵی ١٦٧٣ زانكۆی هایدلبێرگ داوایان لێكرد لای ئەوان كورسی پرۆفیسۆری فەلسەفە وەربگرێت، داواكەی رەتكردەوە چونكە دەیویست لەكاری فەلسەفەیی خۆیدا ئازاد بێتو وەك خۆی دەیگوت:(دوای عەقڵی خۆی بكەوێت)[٢٣]. سپینوزا هەر فەیلەسوف نەبوو، بەڵكو یەكەم لێكۆڵەری بەتوانا بووە، كە لێكۆڵینەوەی دەربارەی دەقەكانی ئینجیل وەك دیكۆمێنتی مێژوویی بۆ كێشە رەگو ریشەدارەكان ئەنجامداوە، ئەوەش

---

[23]– سپینۆزا: نەمویستووە گاڵتە بە هەڵسوكەوتی خەڵك بكەم یان بۆیان بگریم یان دژیان بوەستم، بەڵكو هەوڵمداوە لێیان تێبگەم.

بەپێی توانا فیکرییەکانی سەردەمەکەی خۆی. لێرەوە ئەم بەشێوەیەکی سیستماتیکی میتۆدی (رەخنەگرتن لەسەرچاوە)ی بەکاردەهێنا، کە ئەم میتۆدە لەسەدەی هەڤدەو هەژدەدا بەتەواوی بڵاوبووبووەوە. لەهەوڵی وەرگێڕانی "پەیمانی کۆن"دا بوو بۆ هۆڵەندی، بەڵام ساڵی ١٦٧٧ بەهۆی نەخۆشی سییەکانییەوە بەسەریدا مردو تەواوی نەکرد. بەلای زۆر کەسیشەوە هۆکاری نەخۆشیەکەی، رۆژانە هەڵمژینی تۆزی شوشە بوو، کە بۆ ساڵانێکی زۆر ئەم خەریکی بڕینو چاککردنی زەرەبین بووە. پاش مردنی، هەر لەهەمان ساڵدا، ئەو کتێبەی چاپکرا، کە زیاتر بەهۆیەوە ناسراوە. ئەو کتێبەهەر زۆر بەسادەیی ناوی لێنراوە ئیتیك، بەڵام لەناوەڕۆکدا چارەسەری کۆمەڵێك کێشەی فەلسەفەیی دەکات جگە لەکێشەکانی ئیتیك.

هەروەك زۆربەی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان، سپینۆزا بەڕاست خاوەن زانیاری هەمەلایەنە بوو. هەر لەمناڵیەوە، بەهۆی خێزانەکەیەوە فێری زمانی ئیسپانیو پورتوگالیو هۆڵەندیو عیبری بووە. هەروەها بەلاتینی نووسیویەتی، نەك تەنیا لێکۆڵەرەوەیەکی سەرکەوتوو بووە لەبواری دەقەکانی ئینجیلدا، بەڵکو لەماتماتیكو ئەوەی ئەو سەردەمە پێی دەگوترا زانستی نوێ، زانیاری قووڵی هەبووە. بەتایبەتی شاکارەکانی (کۆپەرنیکۆس، کیپلەر، گالیلۆ، هۆبزو دیکارت)ی بەوردی خوێندۆتەوە. بەهۆی کارەکەیەوە لەبواری میکرۆسکۆبو تیلیسکۆپ پێش سەردەمی خۆی کەوتووە لەهەستکردن بەو بوارانەی، کە زانستی نوێ هێناویەتە کایەوەو رێگای بۆ تەکنۆلۆژیای نوێ رەخساندوە. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت فەلسەفەکەی ئەم هەوڵیداوە بۆ یەکخستنی هەموو ئەمانەو هەموو ناوەڕۆکەکانیان لەیەکەی گشتی سیستەماتیكو تێهەڵکێشراودا.

سپینۆزا بەتەواوی لایەنگری شێوازی بیرکردنەوەی زانستیانە بوو. وەك دیکارت، پێی وابوو باشترین رێگە بۆ دروستکردنی زانیاری زانستی ئەوەیە لەپێشەکییە نکوڵی لێنەکراوەکانەوە دەستپێبکەینو دواتر بەهۆی هەڵهێنجانی لوژیکییەوە بگەینە سەرەنجامەکان. بەڵام لەهەمانکاتدا بەلای ئەمەوە فەلسەفەکەی دیکارت هەندێك کێشەی بێ چارەسەر جێهێشتووە، ئەگەر هەقیقەتی تەواو بریتی بێت لەدوو جۆر جەوهەری تەواو لێکدابڕاو. واتە جەوهەری ماتریالیو جەوهەری رۆحی، یان جەستەو گیان. ئایا چۆن دەکرێت ئاگامەندی یان رۆح وابکات لەش لەشوێندا بجوڵێتەوەو ببزوێت؟

وەڵامی دیکارت بۆ ئەم پرسیارە ئەوەندە لاوازە، کە کەس قەناعەتی پێنەهێنا، ئەوانەی دوای ئەو پێیانوابوو ئەو وەڵامە شایانی بایەخ پێدانو گفتوگۆ لەسەرکردن نییە، بەڵام کێشەیتری چارەسەر نەکراو هەبووە، کە بەلای سپینۆزاوە هەمان گرنگی هەبووە. سپینۆزا مرۆڤێکی زۆر مۆرالی بووەو لەناخەوە زۆر ئیمانداربووە. ئەمەش زۆر ئاستەنگی بۆ هێناوەتە پێش سەبارەت بەتێڕوانین لەزانستی نوێ.

ئەگەر هەقیقەتی تەواو بریتی بێت لەنموونەیەك لەسیستەمێکی هەڵهێنجراو، کە تیایدا هەموو شتێك کە هەیە یان روودەدات، بەپێی پێداویستی لۆژیکی لەپێشەکییە نکوڵی لێنەکراوەکانەوە سەرچاوە بگرن، ئایا چ بوارێك دەمێنێتەوە بۆ ئیختیارە مۆرالییەکان؟ یان تەنانەت بۆ ویستێکی ئازاد؟ چۆن دەکرێت ویستێکی ئازاد بوونی هەبێت لەسیستەمێکدا کە لەسەرەتاوە بڕیاری لەسەر درابێت؟

ئەی لەسیستمێکی وادا شوێنی خوا لەکوێدایە؟ گەر هەرچی لەگەردووندا روودەدات بەتێرمی یاسا زانستییەکانو هاوکێشە ماتماتیکییەکان لێکبدرێنەوە، وەك ئەوەیە ئیتر پێویستمان بەخوا نەبێت وەك بەشێك لەڕوونکردنەوەکان. ئەو لەدەرەوەی هەموو ئەمانەیە، لەناو سیستمەکەدا نییە، هەروەك بڵێیت زیادەیە.

لەسەدەی حەڤدەوە تا سەدەی بیست زۆر کەس بەم جۆرە پرسیارانە گێژو سەرقاڵو تەنگەتاو بوون. وەڵامی نیوتن ئەوەبووە، کە یەکەمجار خوا هەموو جیهانی ئەفراندوەو دواتر وازی لێهێناوە بۆ ئەوەی، بەپێی ئەو یاسایانەی کە خۆی

بۆی داناونو ئێمە ئێستا لەشێوەی یاسا زانستییەکاندا دەیاندۆزینەوە، بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەم وەڵامە سپینۆزای قایل نەکرد کە بەلای ئەمەوە خوا لەهەموو شوێنێکدا بوونی هەیەو لەهەموو شتێکدایە.

بەڵام هێشتا ئەویش لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا بوو:

لەسیستمێکی هەڵهێنجراوی بڕیار تیادراودا، چ جێگایەك هەیە بۆ خوایەکی لەمجۆرە؟

### دژی دوالیزمی

چارەسەرکردنی سپینۆزا بۆ ئەم کێشانە بەکارێکی بوێرانە دەستپێکرد، ئەویش بەنکوڵیکردن لەپێشەکی یان بنەما بنەڕەتییەکان. واتە بەنکوڵیکردن لەبوونی جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ڕۆحو جەستە. سپینۆزا گوتویەتی: ئێمە دەزانین، بەهۆی ئەو هۆکارانە دیکارت باسی کردون، خوا بوونی هەیە، ئەزەلییەو کاملە. بەڵام گەر خوا ئەزەلی بێت، ئەوا دەبێت سنووردار نەبێت. گەر وابێت ئەوا بێ کۆتایی نییە.

کەواتە ناکرێت هیچ شتێك لەدەرەوەی سنووری خوا بوونی هەبێت. واتە، بۆ نموونە، ناکرێت خوا یەکەیەك بێتو جیهان یەکەیەکیتربێت. ئەوە سنووردانانە بۆ بوونی خوا. دەبێت خوا پانتایی هەموو بوون بگرێتەوە. هۆکارێکیتری دیکارتی باش هەیە بۆ ئەم بۆچوونە.

دیکارت بۆ پێناسەکردنی جەوهەر گوتویەتی ئەو شتەیە کە بۆ ئەوەی هەبێت، پێویستی بەهیچ شتێکی بەدەر لەخۆی نییە، بەڵام سپینۆزا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە جیهان وەك گشت ئەو تاکە شتەیە کە لەدەرەوەی خۆی هیچ شتێکی نییە. لەنێو ئەم هەمەکییەدا دەبێت هەموو ئەوانەی ئێمە لەهەوڵدانین بۆ تێگەیشتنیان، دەبێت، گەر بەتەواویش نەبێت، بەهۆی شتیترەوە ڕونبکرێنەوە.



بەلایەنی کەمەوە تاڕادەیەك، ئەو فۆرمەی کە شتەکان دەلکێنرێن بەشتیترەوە. تەنیا یەکە، کە ئەم شێوازەی بۆ ناشێت، سەرجەمی بوونی هەموو شتەکانە. ئەم گشتە هەر دەبێت خۆی لەخۆیداو بۆ خۆی بوونی هەبێت. بەپەنابردنە بەر هیچ شتێکیترو بە پەیوەست بوون بەهیچیترەوە لێکنەدرێتەوە. چونکە هیچیتر بوونی نییە. واتە ئەو تاکە جەوهەری ڕاستەقینەیە.

تاکە دیاردەی بوونە لەخۆیدا. ئەو تاکە دیاردەیەی کە هۆی نییە، بەڵام ئەم وەسفە هەر ئەوەیە کە بۆ خوا دەکرێت. هەر بۆیە، جارێکیتر لەبەرهۆیەکیتر، دەبێت خوا یەکسان بێت بەهەمەکی، یەکسان بێت بەجیهان.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت گەر ئێمە بەپێی بۆچوونە ئاینییەکانمان وەسفی گەردوون بکەین یان بە تێرمە زانستییەکان سەبارەت بە هەسارەکان یان شتە ماتریالییەکانیتر، ئەوا لەئەنجامدا باس لەیەك جۆر شت دەکەین. کاتیگۆری گروپێك بریتییە لەئەبستراکتو خاوەن کۆتایی، ئەویتر ماتریالی، بەڵام ئەوە دوو شێوازی جیاوازن بۆ وەسفکردنی هەمان واقیع. بینینی بوونی هەمان یەکەیە لەدوو گۆشە نیگای جیاوازەوە. کەواتە خوا لەدەرەوەی سنووری جیهاندا نییە، هەروەها لەناو جیهانیشدا نییە، بەڵکو هەر خۆی جیهانە.

دەکرێ بگوترێت ئەم جیهانە فیزیکییە جەستەیەتی، بەڵام ئەم بۆچوونە جۆرە شێوازێکی تێڕوانینە. بۆچونێکی ڕۆحییانەش جۆرێکیترە بۆ هەمان مەبەست، ئێمە خۆمان بەدڵنیاییەوە بوونەوەری خاوەن کۆتایینو ئەزەلی نین. بەڵام بوونەوەرێکی خاوەن دوو خەسڵەتین. ئێمە بریتین لەجەستەی فیزیکیمان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بریتین لەڕۆحمان. ڕۆحو جەستە دوو بوونەوەری جیاوازنین، بەڵکو یەکنو بەیەکەوە هەمان کەسن. هەروەك لەحیکمەتێکی دێرینی جولەکەدا وتراوە جەستە دیوی دەرەوەی ڕۆحە، ئەمە بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشە. گەلێك مرۆڤی لێهاتوو، دوای سپینۆزا، پێی سەرسام بوون. تێڕوانینی ئەم بۆ سروشت وەك بەشێك لەخوا

لەکۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا کاریگەری زۆری هەبووە بۆ سەر روناکبیرە رۆمانتیکییەکان. کە ئەمیان بە قەدیسی پارێزەری خۆیان دادەنا. بەڵام بەپێچەوانەی رۆمانتیکەکانەوە بەلای سپینۆزاوە وابووە کە هەڵسوکەوتو کاری تاکەکەس لەدەرەوەی دەسەڵاتی تاکە کەسەوە بڕیاری لێدراوە. گەرچی بەشێوازێکی میکانیزمی زەقیش نەبێت. بە وردبوونەوەیەکی سایکۆلۆژیانە لەسەر شێوازی فرۆید بەلای سپینۆزاوە وایە، کە هەستکردنمان بەوەی ئێمە بوونەوەری ئازادین لەهەڵسوکەوتماندا، تەنیا خەیاڵپڵاوەو هۆکارەکەش ئەوەیە کە زۆربەی کات ئێمە سەبارەت بە هۆکارە راستەقینەکانی هەڵسوکەوتەکانمان ئاگامەندیمان نییە. لەڕێگەی عەکسکردنەوەوە کە ئەو ئاگامەندییە بە دەست دەهێنین دەتوانین بگەینە ئازادی. ئەویش نەك بەو واتایەی لەهەڵسوکەوتەکانماندا ئازاد دەبین، بەڵکو بەو شێوەیەی کە تێگەیشتنمان دەبێتو دەبینە خاوەن ئەو بۆچوونەی کە وامانلێدەکات شتەکان وەك خۆیان قبوڵ بکەین[24]. ئەو یەکەم کەس بوو لەئەوروپادا ئەم بیرۆکەیەی هێنایە ئاراوە. بەڵام لەهەمانکاتدا، بەپێچەوانەی فرۆیدەوە، بەلای ئەمەوە سەرقاڵبوونی بەردەوامی خەڵك بە کێشە تاکەکەسییەکانیانەوە، کە کێشەی بچوكو هیچو پوچن، کارێکی ناڕەواو نابەجێیە، دەبێت لەگۆشەنیگای گشتی گەورەوە سەیری کێشەکانمان بکەین، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێت کە بێبایەخن. ئەو تێڕوانینە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەریاندا. ئەو داوا دەکات لەگۆشەنیگای ئەزەلییەوە سەیری ژیانی تایبەتی خۆمان بکەین، ئەو شێوە دەربڕینەی ئەم بەلاتینی بەمجۆرە بووە:

(Sub Specie aeternitatis) کە تا ئێستاش وەك ئیقتباس بەکاردەهێنرێت.

[24] – سپینۆزا: گەر مرۆڤ وابزانێت ئازادی هەیە، بەهەڵەداچووە.



## هەڵوێستێکی مرۆڤانە

راگرتنی پارسەنگ، گۆشەنیگا، لێبوردەیی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەن، کە لەبیری سپینۆزادا جێگای خۆیان هەیەو لە فەلسەفە سیاسییەکەیدا باسی کردون. یەکێك لەو کتێبانەی لەژیانی خۆیدا بڵاوی کردەوە ناوی (Tractatus theologico-Politicus) بوو کە دواتر فەیلەسوفی سەدەی بیستەم ڤیتگنشتاین بۆ یەکەم کتێبی خۆی سوودی لێوەرگرت، کتێبەکەی ئەم ناوی (Tractatus logico-philosophicus)ە. مەبەستی سەرەکی سپینۆزا لەو کتێبە پاراستنی ئازادی بیروڕا دەربڕین بووە. بەلای سپینۆزاوە ئازادی بیروڕا دەربڕین هیچ دژی بەرژەوەندی گشتی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە بۆ پاراستنی. ئەم بۆچوونە ئێستا وەك بەردێکی بناغە سەیر دەکرێت لەلایەن لیبراڵەکانەوە. سپینۆزا یەکەم کەس بوو، کە دەستەواژەی مۆدێرنی ئەو بابەتە دابڕێژێت. ئەم گوتویەتی، لەکۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵاتی عەقڵانی بەڕێوەی ببات، هەموو کەسێك بۆی هەیە "هەرچی بوێت بیڵێتو بیکات" لێرەوە دەگاتە ئەو خاڵە، ئەوانە لەڕاستیدا ئازادی تێکدەرن کە لەوڵاتێکی ئازاددا هەوڵدەدەن ئەو بیرە ئازادانە سنووردار بکەن، کە ناتوانن لەناویان بەرن.

شاکارەکەی سپینوزا (Etik) کە ١٦٧٧ بڵاوکراوەتەوە، وەك کتێبێکی فێرکاری ئەندازیاری پێشکەشکراوە. هەموو بەڵگەیەك بە پێناسەی پەسەندو بەڵگە نەویست (بەدیهی – axiom) دەست پێدەکاتو دواتر بیرۆکەکە دێتە پێشەوە، کە لەدوای پیتەکانی Q E D دەنووسرێت. (Q E D) کورتکراوەی (quod erat demonstrandum)ە کە واتای داوالێکراو دێتو دوای هەموو بەڵگەیەکی کتێبە فێرکارییەکانی ئەندازەی کلاسیکی ئەقلیدسی دەنووسرێت. (کتێبی (Elementa)ی ئەقلیدیس دوو سەدە بەر لەزایین نووسراوە).

ئەمە هەمووی لەگەڵ بیری سپینۆزا یەکانگیرە، هەر لەقەناعەتە زۆرەکەی دیکارتەوە بۆ ئەوەی کە راستترین شێواز بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە

جیهان بەجێبەجێکردنی میتۆدەکانی ماتماتیکە لەواقیعدا. زۆرجار ئەم کتێبە وەك هەوڵدانێکی فەلسەفەیی سەیردەکرێت بۆ تێگەیشتن لەهەموو شتێك لەڕێی یەك سیستەمی تێهەڵکێشراوی بیرکردنەوەوە. بەڵام دانانی بیرۆکە ئەقلیدیسییەکان لەشاکارێکی وا فرەلایەندا دەبێتە هۆی وشکی دەقەکەی، ڕاستیەکەش ئەوەیە بگوترێت زۆربەی ئەنجامە لۆژیکییەکان کاتێك پێیان دەگەین، کە خوێنەر ئەو گریمانانە وەربگرن کە لەسەردەمی سپینۆزادا بەکارهێنراون و لەم سەردەمەدا کاریان پێ ناکرێ. بۆ نموونە، گریمانەی دڵنیابوون لەبوونی خوا، بەپێوەرەکانی سەدەی بیست وەك بەڵگەیەکی لۆژیکی وەرناگیرێت، سوودی ڕاستەقینەی ئەم کتێبە لەوردەکارییەکاندا نییە، بەڵکو لەسەرەنجامەکاندایە، لەپێشبینییە رادیکاڵەکاندایە.

## کاریگەرییەکی باش

لەنێو فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکاندا، سپینۆزا گەورەترین پانتیست[٢٥] ( لایەنگری باوەر بە– وحدە الوجود) بووە. پاش مردنی بۆ نزیکەی یەك سەدە فەلسەفەکەی فەرامۆشکرا، دواتر لەلایەن ڕۆمانتیکەکانەوە گیانی کرایەوە بەبەرداو بەبایەخەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. ئیتر لەوکاتەوە لایەنگری زۆری بۆ پەیدابووە، بەتایبەتی لەبەر تێڕوانینی ئایینیانەی بۆ جیهان وەك هەمەکی. گەرچی سپینۆزا یەکەم گەورە فەیلەسوف بووە، کە پەیڕەوی فەلسەفەی دیکارتی کردبێت، بەڵام ئەمیش دوالیزمی

[25] – پانتیست کە واتای (هەموو بوون خوایە) بۆچوونێکە کە پێیوایە خوا بریتییە لە تەواوی گەردوون یان سروشت، بەلای پانتیستەکانەوە هەموو واقیع یەك یەکەیە و ئەو یەکەیەش خواییە. باوەرداره پانتیستەکان زیاتر سۆفییەکانن کە پانگەشەی پەیوەندی راستەوخۆ بە خواوە دەکەن. سپینۆزا راسیۆنالیست بووە، بەلای ئەمەوە خوا، مرۆڤو جیهانی فیزیکی یەك جەوهەریان هەیەو گشت شتێکی فیزیکیو دەروونی خوایین. جگە لە سپینۆزا رەنگە بشێت وەك پانتیست سەیری فیختە، شیللنگو هیگل بکرێت.



دیکارتی بەلاوە پەسەند نەبووە. ئەم هەڵوێستە زیاتر لەسەدەی بیستەمدا بەزۆری کاری پێکراوە. هەروەها یەکەم گەورە فەیلەسوف بووە، کە داوای ئازادی بیروڕا دەربڕینی کردوە.

ئەم یەك نەوە بەر لە (لۆك) ئەم هەڵوێستەی هەبووە. تێڕوانینی سادەو ئاڵۆز، بەڵام ئاست بەرزو نزیك لەشێوازی سۆفیگەریانەی ئەم بەرامبەر بێ بایەخی کێشە تاکە کەسییەکانمان تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەرو سەبوری بەخش بووە بۆ گەلێك مرۆڤی راڕاو داماو.

ئەم گۆشەنیگا دیاریکراوە کاریگەری بۆ سەر زۆر جۆری جیاواز جیاوازی خەڵك هەبووە. لەنێو ئەو فەیلەسوفانەی بەم سەرسامبوونو کاریگەری ئەمیان بەسەرەوەیە ناوی هیگل، شۆپینهاوەر، نیتشەو بێرتراند رەسل دێت. رەسل لەباسی سپینۆزادا نووسیویەتی: "ئەو لەنێو فەیلەسوفە گەورەکاندا لەهەموویان رەسەنترو بەسوودترە. لەڕووی زیرەکییەوە هەندێك لەو تێپەڕیوون، بەڵام لەڕووی ئیتیکییەوە ئەم لەهەموویان بڵندترە".

کاریگەری ئەم هەر بەتەنیا بۆ سەر فەیلەسوفەکان نەبووە، بەڵکو بیرمەندی بوارەکانیتریش، وەك ئاینشتاینو فرۆیدو هەروەها هونەرمەندی داهێنەری وەك گۆتەو جۆرج ئیلیۆت دانیان پێداناوە کە خۆیان بەقەرزاری ئەو دەزانن. ئەو کەسایەتییەکی پڕبایەخە، نەك تەنیا لەفەلسەفەی ڕۆژئاواییدا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەکەلتووری ڕۆژئاواییدا.

ئەمە ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگ سەبارەت بە گەورە فەیلەسوفان. ئەو شاکارانەی هەریەکێك لەوان نووسیویانە، تایبەتە بە بوارێکی مەزنی تێڕوانینیان بۆ واقیع. فەیلەسوف هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەرگومێنتی قەناعەت پێهێنەرەوە ئەو تێڕوانینەی خۆیمان پێبگەیەنێت. ئەو بابەتەکە تاوتوێ دەکاتو بیر لەو رەخنانە دەکاتەوە، کە دەشێت ئاڕاستەی بکرێنو بە ئەرگومێنتی تەنیا رەنگە لەڕووی

تەکنیکییەوە پەسەندکردنیان سەخت بێت، یان ڕەنگە لەخراپترین باردا وردەکارییەکان بێزارکەربن. بەڵام بابەتی سەرەکی لێرەدا ئەرگومێنتەکە خۆی نییە، بەڵکو بڕواو بۆچوونەکەیە. جاری واش هەیە تێگەیشتن لەبڕواو بۆچوونەکە دژوار دەبێت، بەڵام زۆربەی کات مەبەستەکە روونترە بە بەراورد لەگەڵ ئەرگومێنتەکە.



# لایبنیز

## گەورە هەمەلایەنییەکە

**لایبنیز بەشێوەیەکی لۆژیکی هەموو ڕاستییەکانی کردووە بە دوو بەشەوە: ڕاستییە هۆشەکییەکانو ڕاستییە واقعییەکان. تا ئێستاش، لەبواری فەلسەفەدا، ئەم جیاوازکارییە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.**

گوتفرید ڤیلهیلم لایبنیز (١٦٤٦–١٧١٦) نەك هەر فەیلەسوف، بەڵکو عەبقەرییەکی نائاسایی هەمەلایەنی بووە. ئەم جیا لەنیوتن حسابی جوداکاری (differential calculus)ی دۆزیوەتەوەو هەر بەر لەئەویش بڵاوی کردۆتەوە. گەرچی نیوتن زووتر ئەم جۆرە حسابەی دۆزیوەتەوە، بەڵام ئێستاش لەبواری ماتماتیکدا ئەو سیستەمی هێمایانە کە لایبنیز دایناون کاری پێدەکرێت. ئەم دەستەواژەی وزەی جوڵەی داهێناوە، هەروەها ئەم لۆژیکی ماتماتیکی دۆزیوەتەوە، گەرچی خۆی بڵاوی نەکردۆتەوە.

گەر کاتی خۆی بڵاوی بکردایەتەوە، ئەوا سەدەو نیوێك پێشتر کاری پێدەکرا. سەرەڕای ئەوەی یەکێك بووە لەماتماتیکزانە لێهاتووەکان لەمێژوودا، یەکێکیش بووە لەو فەیلەسوفانەی خاوەن کاریگەری زۆرن.

ئەم کوڕی پرۆفیسۆرێکی فەلسەفەی ئاکاری زانکۆی لایپزیگ Leipzig بووە. لەبەر زیرەکیو لێهاتوویی خۆی، لەتەمەنی بیستو یەك ساڵیدا داوای لێکراوە پلەی پرۆفیسۆری وەربگرێت. بەڵام ئەم ڕەتیکردۆتەوەو گوتویەتی دەیەوێت لەدنیادا ئازاد بێت. لەژیانی کارکردنیدا وەك راوێژکار لەکۆشکی شا، وەك دیپلۆماتو وەك بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی کاری کردوەو ماوەیەکیش لای دۆقەکانی هانۆڤەر

مێژوونووسی بنەماڵە بووە. یەکێك لەم دۆقانە بووە بەمەلیك جۆرجی یەکەمی ئینگلتەرە. بەهۆی ئەم وەزیفە جۆربەجۆرانەوە زۆر سەفەری دوورو درێژی کردوەو بەهۆی بڵاوبوونەوەی نووسینەکانییەوە هەر زوو بووە بەخاوەنی کەسایەتییەکی ناسراو.

بەڵام بەپێچەوانەوە، لەسەردەمی پیریدا مرۆڤێکی پەراوێزخراوی لەیادکراو بووە. لەسەردەمی پیریدا هەموو کاتی خۆی لەتەنیایدا دەبردە سەرو بەجۆرەها کاری روناکبیرییەوە خەریك دەبوو. بەڵام شێوازی سیستماتیکی بەکار نەدەهێنا لەنووسینی کتێبەکانیداو لەهەولێشدا نەبوو تا خۆی لەژیاندایە، بەچاپیان بگەیەنێت، وەسفکردنی خۆی بۆ پەرشو بڵاوی لەکاری نووسیندا هەست دەبزوێنێت. "کە کارێك دەکەم، لەماوەی یەك دوو مانگدا تەواو بیرم دەچێتەوە. لەبری ئەوەی ئەو هەموو کاغەزو نووسینانەی لەژورەکەمدا بەهەموو لایەکدا بڵاوبوونەتەوە، رێکبخەم، کە هەرگیز کاتم نەبووە بۆ رێکخستنو ریزبەندییانو کەتەلۆکیان بۆ بکەم، دەبێت سەرلەنوێ دەست بەهەمان کار بکەمەوە". ئەنجام ئەوەبووە کاتێك فەیلەسوفێکی وەك سپینۆزا سیستمێکی بیرکردنەوە بەپلاندا رێژییەکی وردو هەمەلایەنییەوە پێشکەش بەخوێنەرانی دەکات، دەبینین خوێنەرانی لایبنیز لەحاڵەتێکی تەواو جیاوازدانو ئەرکی پێکەوە لکاندنی لایەنەکان لەئەستۆی خۆیانە.

## جیاوازییەکی بنەڕەتی

گەر کەسێك بڵێت: "نزیکترین دراوسێم پیاوێکی قژ سوورو ژنە قەڵەوەکەیەتی" زۆر پێدەچێت قسەیەکی راست بێت. بەڵام بەهەمان ئاست رەنگە راست نەبێت. تەنیا رێگەی باش بۆ زانینی راستی یان ناڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی وردە لەمەسەلەکە، تا بزانرێت ئایا لەنزیکترین خانوو لەماڵەکەی ئەم کەسەوە پیاوێکی قژ سوور (نەك قژ رەش یان قژ زەرد یان سەر روتاوە) دەژیو ئایا ئەو پیاوە ژنێکی



قەڵەوی (نەك بۆ نموونە ژنێکی لاواز یان هەر خۆی بێ ژن بێت) هەیە؟ ئایا ئەو نزیکترین خانووە هەر ئەم دووانەی تیا دەژی؟ بەڵام گەر کەسێك بڵێت: "نزیکترین دراوسێی من پیاوێکی رەبەنو ژنە قەڵەوەکەیەتی". ئەوا ئێمە بێ سێو دوو دەزانین ئەو قسەیە نابەجێیە. هیچ پێویست بەوردبوونەوەو لێکۆڵینەوە ناکات بۆ زانینی راستیو ناڕاستی مەسەلەکە، چونکە "رەبەن" واتە "بێ ژن" ناکرێ لەهەمان کاتدا ئەو دراوسێیە رەبەن بێتو ژنی هەبێت، قسەکە دژایەتی لەناوخۆیدا هەڵگرتووەو ناکرێت راست بێت.

لایبنیز دەڵێت هەموو راستییەك دەبێت جۆرێك بێت لەم دوو جۆرە لۆژیکییە. یان دەبێت لێکۆڵینەوە بکەینو بەدوای راستیەکەدا بگەڕێینو بزانین ئایا مەسەلەکە راستە یان نابەجێیە، یان هیچ پێویستمان بەگەڕان بەدوای هەقیقەتی مەسەلەکەدا نییە، لەم حاڵەتەی دووەمدا، مەسەلەکە، لەبەر رۆشنایی تێرمە بەکارهاتووەکاندا، یان راستە یان نا.

لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان دەتوانین هەر بەشیکردنەوەو بەبێ هیچ وردبوونەوەیەکی دەرەکی ئاستی راستی، دواتر لەمێژووی فەلسەفەدا جۆری یەکەمیان بەبۆچوونی تێهەڵکێشراو یان دروستکراو، دووەمیان بەبۆچوونی شیکەرەوە ناویان هێنراوەو تا ئێستاش هەردوو دەستەواژەکە بەکاردەهێنرێن.

ئەم جیاوازییە سێ سەد ساڵ بەر لەئێستا زۆر زیرەکانەو لێهاتووانە دەستنیشانکراوەو بایەخێکی سەرەکی هەبووە لەترادیسۆنی فەلسەفەی ئەزموونگەری نێوان لایبنیزو کانتو دواتریش رۆڵی سەرەکی هەبووە لەفەلسەفەی کانتدا. لەسەدەی بیستەمدا بوو بە بەردی بناغە بۆ لۆژیکی پۆزەتڤیزم، گوتراوە گەر خوێندکارێکی فەلسەفە لەخوێندنەکەیدا جگە لەتێگەیشتن لەم جیاوازییە فێری هیچیتریش نەبێت، ئەوا رەنجی بەخەسار نەچووە. بەتێپەڕبوونی کات، هەموو لۆژیكو ماتماتیك وەك تیۆری شیکاری سەیرکراونو هەموو مەبەستو داخوازی بۆ

مەعریفە بەدەستهێنان سەبارەت بەجیهانی ئەزمونگەری وەك بۆچوونی تێهەڵكێشراو سەیركراوە.

ئەمە كاریگەرییەكی زۆری هەبووە بۆ چۆنیەتی تێڕوانینو گەڕان بەدوای هەردوو جۆری زانیاریدا، سەرەنجامە نێگەتیڤەكانی ئەم جیاوازییەش گرنگی خۆیان هەیە، نكوڵیكردن لەبۆچوونێكی شیكەرەوەی راست، خۆ بەدرۆ خستنەوەیەو ناكرێت راست بێت، بەڵام نكوڵیكردن لەبۆچوونێكی تێهەڵكێشراوی راست خۆ بەدرۆخستنەوە نییە، بەڵكو ئەوە بۆچوونێكی تێهەڵكێشراویترە، كە دەشێت راست بێت یان راست نەبێت. ئەوەی یەكەمیان كارێكی نەكردەیەو ئەوەی دووەمیان قابیلی روودانە. لەم بارەیەوە لایبنیز بیرۆكەیەكی سەبارەت بەو جیهانە ئەلتەرناتیڤەی قابیلی بوونن، هێناوەتە نێو فەلسەفەی مۆدێرنەوە.

بۆ ئێمەی مرۆڤ بوونی شەش پەنجە یان سێ پەنجە بۆ هەر دەستێكمان بەتەواوی قابیلی روودانە. بەڵام بەهیچ جۆرێك لەهیچ شوێنێكدا ناكرێت لەهەمان كاتدا سێ پەنجەو شەش پەنجەشمان هەبێت. گەرچی هەردوو ئیحتمالەكە بوونیان هەیە، بەڵام بەدیهێنانی یەكێكیان بەتەواوی رێگرە لەبەدیهێنانی ئەویتر. ئەمە رێگە خۆشكەرە بۆ بیرۆكەی "ئەو ئیحتمالانەی پێكەوەن" ئەو ئیحتمالانەی پێكەوە هەڵدەكەن بەرامبەر ئەو ئیحتمالانەی لەو جۆرەنین. كۆی پێكەوە دانانی ئەو ئیحتمالانەی پێكەوەن، كە لەژمارەدا بێ كۆتایین، هەموو پێكەوە جیهانێكی گونجاو پێكدەهێنن. لایبنیز پێی وابووە خوا توانای ئەفراندنی هەر جیهانێك، كە خۆی بیەوێت، هەیەتی، بەمەرجێك ئەو پێكەوە گونجاندنەی تێدابێت. بەڵام ئەو وەك خاوەن توانای رەها چاكترین ئیحتمالی هەڵبژاردووە. جیهانێك كە ویستی ئازادی تێدابێتو لەئەنجامیشدا بەدكاریو شەڕی تێدابێت چاكترە، لەجیهانێك كە هیچ ویستێكی ئازادی تیا نەبێت. ئەمە راڤەكردنە بۆ ئەوەی كە خوایەكی كامیل جیهانێكی دروستكردوە، كە ژانو ئازارێكی وا زۆری تێدایە.

ڤۆڵتێر لەڕۆمانی (كاندید)دا ساڵی ١٧٥٩ فیگۆری (پانگلوس)ی لەشوێنی لایبنیز داناوە، وەك كەسایەتی فەیلەسوفێكی شێتی گەشبین، كە بانگەشەی ئەوە دەكات هەموو شتێك بەجوانترین شێوە لەباشترین شوێندایە لەهەرە گونجاوترین جیهاندا. وەك زۆربەی كاریكاتێرەكان ئەم رۆمانە دادپەروەرانە وێنای كەسایەتی لایبنیزی نەكردووە چونكە هێمای بۆ بیری رەسەنی پشت قسەكانی لایبنیز نەكردوە.

## بنەمای تەواو

بیرۆكەیەكیتری فەلسەفەیی كە لەداهێنانی لایبنیزە، ئەو بیرۆكەیەیە كە بە "یاسای بنەما تەواوەكە" ناسراوە. ئەم گوتویەتی بۆ هەموو مەسەلەیەك هۆكارێك هەیە. ئەگەر سەبارەت بە هەقیقەتێكی شیكاری بوو، دەكرێت بێ ئاماژەكردن بەواقیعی دەرەكی بسەلمێنرێت.

یان بەسەلماندنی لۆژیكی یان بە بەڵگەهێنانەوەی ماتماتیكی یان بەشێوازێكیتری سەرەنجام هەڵهێنجان، یان لەپرسە گرنگەكاندا بەهۆی ئاماژەكردن بۆ جیاوازییەكانو هەروەها دەربارەی ئەو كارانەی یاساو رێسایان تێدایە وەك یاریكردنو ئەو كارانەی بەپێی جۆرە رێكەوتنێك ئەنجامدەدرێن، لەڕێگەی ئاماژەكردن بۆ یاساكان یان رێكەوتننامەكان. بەڵام ئەگەر هەقیقەتەكە تێهەڵكێش بوو، سەبارەت بەپەیوەندییەكی راستەقینەوە بوو. بنەما تەواوەكە بریتییە لەو هۆكارە فیزیكیانەی كە بەناچاری بۆتە هۆی بەئەنجامگەیاندنی ئەم حاڵەی شتەكان. گەر روونكردنەوەیەكی تەواو دژ بەشتێك بدەیت بەدەستەوە وەك ئاماژەكردنە بۆ بنەما تەواوەكەی ئەو شتە. دەربارەی كێشەیەكی تایبەت دەبێت یەكەمجارو بەر لەهەمووشت جۆری ئەو هەقیقەتەی پێوەی خەریكین، دیاری بكەینو دواتر لەو چوارچێوەیەدا كە شێوازی راستەقینەیە، بۆ بنەمای تەواوی جۆری هەقیقەتەكە

ورده ورده برۆینە پێشەوە. ئەم فۆرمولەیە پرنسیپێکی میتۆدی بەخشی بە توێژەران، کە لەوکاتانەوە تا ئێستا بەکاردەهێنرێن.

لەزۆر رووەوە لایبنیز بیرمەندێکی سەرنجراکێش بووە. بیرمەندەکانی جاران وەك شتی ناچالاك سەیری ماتریالیان کردووە. بەلای ئەوانەوە بزووتن بەهۆی بوونی جۆرە پالێکەوە بووە، کە نراوە بەو ماتریالە ناچالاکانەوە. بەڵام لایبنیز وای بۆچوون کە بزووتن ـ یان چالاکی یان تێندێنس بۆ چالاکی ـ لەناو خودی ماتریال خۆیدایە. ئەو لەو قەناعەتەدا بووە کە جەوهەری بنەڕەتی ماتریال خۆی ماتەری نییە، بەڵکو سەنتەری چالاکیانەی ناماتەرییە. ئێمە ئێستا دەزانین کە هەموو مادەیەك دەکرێت بگۆڕدرێتو بگەینرێتە حاڵەتی بە وزەبوون. بیرۆکەکانی لایبنیز لەم بارانەوە زۆر سەرسوڕهێنەرانە پێش سەردەمی خۆی کەوتوون. بەڵام دیارە لەسەدەی هەڤدەدا هیچ دەستەواژەیەك نەبووە بۆ تەعبیرکردن لەسەنتەری چالاکییانەی ناماتەری جگە لەدەستەواژەی وەك ئاگامەندی یان رۆحو هێزی سەرووسروشتی. لایبنیزیش هەر بەو جۆرە هەوڵیداوە بۆ تەعبیرکردن. ئەو یەکە چالاکیخوازەکانی نێو مادەی وەك خاڵی ئاگامەندی سەیرکردووە، کە هەریەکە خاڵێك لەشوێندا داگیر دەکات. ئەو ئەمانەی بە (مۆناد) ناوبردووەو بەلای ئەمەوە هەموو شتێك لەمان پێکهاتوون. گەرچی ئەم وەك شتی ناشوێنی لەخودی خۆدا سەیری مۆنادەکانی کردووە، بەڵام ئەم سەبارەت بەهێز یا توانا جیاوازی لەنێوانیاندا بینیووە. لەپلەی هەرە نزمی مۆنادەکانی ماتەرە نا ئۆرگانییەکانەوە تا دەگاتە رۆحی مرۆڤ، کە هەر یەکەیان مۆنادێکنو تا کۆتایی کە دەگاتە خودا، کە ئەویش مۆنادێکە. هەر مۆنادە بریتییە لەجیهانی تایبەتی خۆی لەپەیوەندیدا لەگەڵ هەموو واقیعی بەدەر لەخۆی. کەواتە بەمانای وشە مۆنادەکان کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر نییە. بۆ نموونە، ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بەشێك لەئاگامەندی یەکتر وەربگرین. بەگوتەی لایبنیز "ئێمە لەودیو پەنجەرەکەوەین" بەڵام هەموو ئێمەی مۆناد لەلایەن



خوداوە دروستکراوین بۆ ئەوەی پێکەوە لەهەمان جیهاندا هەبین. ئەو جۆرە هارمۆنییەکی خستۆتە ناومانەوە کە گشت چالاکییەکانی هەمووان پێکەوە کاربکەن. دەستەواژەی "هارمۆنی گونجێنراو" لەسیستەمی فەلسەفەیی لایبنیزدا زۆرجار بەکارهێنراوە.

دەکرێت وەك فەیلەسوفی فەیلەسوفەکان لایبنیز بناسرێت. بەرهەمە بەپێزەکانی ئەو لەڕووی تەکنیکییەوە تێگەیشتنیان بۆ خوێنەرانی نا ئەکادیمی سەختو گرانە، بەڵام کاریگەری یەکجار زۆری بۆ سەر فەیلەسوفەکانیتر هەبووە.

## ئەزموونگەرییە مەزنەکان

گەورەترین کاردانەوە بەرامبەر راسیۆنالیستەکان، لە بواری فەلسەفەدا، لە بریتانیا روویداوە، ئەم رەوتە نوێیە وەك ئەزموونگەرایی ناسراوە. راسیۆنالیستەکان، وەك سەرچاوەی زانیاری بایەخیان بەو شارەزاییانە نەئەدا کە لەرێگەی هەستەکانەوە پێماندەگەن، بەڵکو بەلای ئەوانەوە مەعریفەی جێی متمانە ئەوە بووە، کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی عەقڵ بەدەستدێت. ئەزموونگەرەکان ئەو بۆچوونەیان رەتکردۆتەوە، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە تەنیا لەرێگەی هەستەکانمانەوە دەتوانیین زانیاری سەبارەت بە جیهانی دەرەوە پەیدابکەین، دواتر هەڵسەنگاندنو رێکخستنی ئەو زانیارییانەو ئەنجام هەڵهێنجانو پێکەوە گرێدانی لەگەڵ زانیارییەکانیتری ئەرکێکی گرنگی ئاگامەندییە. بەڵام سەرچاوەی یەکەم تەنیا زانیارییە هەستەکییەکانمانن. بڕواکردن بەم پرنسیپە لەو کاتانەوە بەسەر زۆربەی لایەنە فەلسەفەییەکانی وڵاتانی ئینگلیزی زماندا زاڵە.





# جۆن لۆك

## ليبراله مەزنەكه

**هەرچەند لۆك فەيلەسوفی ئەزموونگەری نەبووە، بەلاَم لەسەردەمی خۆیەوە تا ئێستا بەیەكێك لەدامەزرێنەرە سەرەكییەكانی رێبازی ئەزموونگەری‌و هەموو دەرئەنجامەكانی دادەنرێت.**

جۆن لۆك ١٦٣٢– ١٧٠٤ كوڕی پارێزەرێكی ناوچەی رۆژئاوای ئینگلتەرە بووە، كە لەگەلّ لایەنگرانی پەرلەماندا، لەكاتی شەڕی ناوخۆی ئینگلیزدا دژی مەلیك خەباتی كردووە. سالّی ١٦٤٦ لۆك خراوەتە قوتابخانەی وێستمینستەر، كە ڕەنگە باشترین قوتابخانەی ئەو سەردەمە بووبێت لەئینگلتەرە. نەك هەر ئەدەبیاتی كلاسیكی خوێندووە، بەڵكو ئەدەبیاتی عیبری‌و عەرەبیشی خوێندووە. دواتر چۆتە زانكۆ لەئۆكسفۆرد، لەوێ ئاشنایەتی لەگەلّ فەلسەفەو زانستی نوێ پەیداكردووە.

لەكۆتاییدا بڕوانامەی لەبواری پزیشكیدا وەرگرتووە، وەك سكرتێرو راوێژكار كاری كردووەو شارەزایی لەكاروباری حكومیدا پەیداكردووە. سالّی١٦٦٧ لای بنەمالّەی خانەدانی (Shaftesbury) نیشتەجێبووە. ئەو خانەدانە سەرۆكی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان بووە لەدژی مەلیك (كارل)ی دووەم. لەوێ وەك پزیشكی تایبەتی ئەو خانەدانە بووە، بەلاَم جگە لەكاری پزیشكی لەكاروباری نیمچە رامیاریشدا بەشداربووە.

چوار سالّی نێوان ١٦٧٥–١٦٧٩ لەفەرەنسا ژیاوە، لەوێ فەلسەفەی دیكارتی خوێندووەو لەگەلّ هەندێك لەڕوناكبیرە بەناوبانگەكانی ئەو كاتانەی فەرەنسا پەیوەندی دروستكردووە. سالّی ١٦٨١ خانەدانەكەی (Shaftesbury) بەتاوانی خیانەت رەوانەی دادگاكرا، بێتاوان دەرچوو، دواى ئازادبوونی لەترسی ژیانی خۆی ولاَتی جێهێشت‌و چوو بۆ هۆڵەند. حالّی لایەنگرەكانیشی لەئینگلتەرە كەوتبووە لێژی، هەربۆیە سالّی ١٦٨٣ لۆك خۆی گەیاندە هۆڵەند. لەوێ بەشی هەرە زۆری شاكارەكەی خۆی نووسی بەناوی ( Essay Concerning Human understanding) ١٦٨٩. ئەمە گەرچی لەسالّی (١٦٧١)ەوە دەستی بەنووسینی ئەو كتێبە كردبوو.

لەهۆڵەند، لۆك چووە ریزی گروپێكی سیاسی نهێنییەوە، كە لەپەنابەرانی سیاسی ئینگلیزی پێكهاتبوون، ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە دانانی كەسایەتییەكی هۆڵەندی بەناوی (Vilhelm av Oranien) بوو لەسەر تەختی پاشایەتی ئینگلتەرە. لۆك یەكێك بووە لەوانەی راستەوخۆ رێنمایی (Vilhelm)ی كردووە. بزووتنەوەكە سەركەوت، دوای شۆڕشە زۆر بەناوبانگەكەی سالّی ١٦٨٨ كە مەلیك یاكۆبی دووەم رایكرد بۆ دەرەوەی ولاَت، لۆك خۆی لەشوباتی ١٦٨٩دا یاوەری شازادەی ئۆرانناین (Oranien)ی هۆڵەندی بووە بەرەو ئینگلتەرە. لەوێ ئەو شازادەیە بووە بە شاژن ماریاو مێردەكەشی بووە بە مەلیك ڤیلهێلمی سێیەم (Vilhelm III) هەمان سالّ لۆك یەكەم نووسراوی گرنگی سیاسی خۆی بلاَوكردەوە بەناوی (Toleration A Letter Concerning) سالّی 1690 كتێبی ( Two Treatises of Government) سالّی 1693 ( Some Thoughts Concerning Education)ی بلاَوكردەوە. هەرچەندە ئەم حەفتاو دوو سالّ ژیاوەو نووسراویتریشی بلاَوكردۆتەوە، بەلاَم نووسینە هەرە بەناوبانگەكانی بەرهەمی كەمتر لەپێنج سالّن. لۆك زۆر خۆشحالّبووە، كە كەوتۆتە ناو گەرمەی كاری پراكتیكییەوە، هەروەك چۆن خۆشحالّبووە، كە سەرقالّی كاری فەلسەفەیی بووە. بەشێوەیەكی دەگمەن لەهەردوو بوارەكەدا زۆر چالاك بووە. هەرگیز خێزانی پێكەوە نەناوە، بەلاَم مرۆڤێكی خۆشەویست بووەو هاوڕێی زۆری هەبووە، مرۆڤێكی دلّنەرمی سەرنجڕاكێش‌و زیرەك‌و وریاو لەهەمانكاتدا خۆنەویست بووە. چ لەكاروباری كەسێتی

خۆیدا یان لەکاروباری سیاسیو فەلسەفەییدا. ئەم بەپلەی یەکەم پشتی بەلێکدانەوەی عەقڵی بەستووە، گەرچی بەسەرەنجامیش نەگەیشتبێت. ئەم بەئەنجام نەگەیشتنی بەلاوە چاکتربووە لەوەی نکوڵی لەڕاستییە سادەو ڕەوانەکان بکات. زۆرجار ئەم وەك ڕاستی پەتی ناو کێشە باسی کردووە. لەم ڕووەوە ئەو بەتەواوی لەکەسایەتی ئینگلیزییەوە نزیکەو زۆر لەفەرەنسییەوە دوورە، بەتایبەتی لەدیکارتییەکانەوە دوورە. ئەو بڕوایەکی پتەوی هەبووە بەوەی، کە چۆن ئەگەر ئێمە شێوازی تێڕوانینمان بۆ جیهان زیاتر بەپرنسیپ بێت، ئەوا هەندێك جار ئەو زیاتر لەواقیع دوور دەکەوێتەوە.

## سنوورەکانمان

لۆك لەدووبواردا یەکێکە لەبیرمەندە پێشەنگەکان، بواری تیۆری زانیاریو فەلسەفەی سیاسی. لەتیۆری زانیاریدا ئەم لەوەدا دەستپێشخەربووە، کە زۆر کەس تا ئیمڕۆش بەگرنگترین پرۆژەی دادەنێن، ئەویش لێکۆڵینەوەیە لەسنووری زانینی مرۆڤ. واتە تاچ سنورێك مرۆڤ توانای زانینی هەیە. پێش ئەم وا دادەنرا کە سنووری زانین پەیوەستە بەسنووری بوونی شتەکانەوە. گوایە لەپراکتیکدا دەتوانین بەردەوام بین لەسەر زانیاری بەدەستهێنانی زیاترو زیاتر تا ئەوکاتەی هیچ شتێك نامێنێت هەوڵی زانین پەیداکردن لەبارەیەوە بدەین. هەڵبەتە هەموو کاتێك فەیلەسوفی وا هەبووە، کە زانیویەتی جۆرە سنوورێکیتریش بوونی هەیە بۆ تواناکانی زانیاری بەدەستهێنانی مرۆڤ. ڕەنگە لەم حاڵەتەدا هەندێ لایەنی هەقیقەت هەبێت، کە هەرگیز مرۆڤ پەی پێ نەباتو لێیتێنەگات. ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی گشتی لەناو فەیلەسوفەکانی چاخەکانی ناوەڕاستدا هەبووە.

بەڵام لۆك بەرگێکی عیلمانی کردوە بەبەرداو خستوێتیە قۆناغێکی گرنگترەوە. گەر ئێمە بمانتوانیایە توانا ڕۆحییەکانی خۆمان شیبکەینەوەو بزانین دەتوانن مامەڵە



لەگەڵ چیدا بکەنو لەگەڵ چیدا ناتوانن، ئەوکاتە ئەو سنورانەمان دەدۆزییەوە، کە ئایا چی قابیلی زانینە بۆ ئێمە، بێ گوێدان بەوەی چی لەدەرەوەی خودی ئێمە بوونی هەیە. ئایا چەند شتیتر (زۆر یان کەم) هەیە جگە لەوانەی، کە لەسنووری زانینی ئێمەدان، ئەوا هیچ دەرفەتێك نیە، کە ئەو شتانە خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا بکەن.

لەبەرئەوە لۆك شاکارە مەزنەکەی ناوناوە (Essay Concerning Human Understanding) هەر بۆیەش لەسەرەتای کتێبەکەدا نووسیویەتی، کە پێی وایە "پێویستە لەتوانای تایبەتی خۆمان بکۆڵێتەوەو ببینین ئایا تێگەیشتنی ئێمە توانای چی هەیەو دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ چی بکات". هەرلێرەوە ئەم دەستیکرد بەلێکۆڵینەوەیەك، کە دوای ئەویش هەندێ گەورە فەیلەسوف کاریان لەسەرکردوە، بەتایبەتی هیۆمو کانت لەسەدەی هەژدەو شۆپینهاوەر لەسەدەی نۆزدەو ڕەسڵو ڤیتگنشتاینو پۆپەر لەسەدەی بیستەمدا. هەریەکە لەمان بەجۆرێکی تایبەتی لەمڕووەوە خۆی بەقەرزارباری لۆك زانیوە. هەموو پێکەوە ئەڵقە ئەڵقە زنجیرێکیان پێکهێناوە کە ئێستا بووە بە ترادیسۆنێك.

## چۆن خۆمان فێری شتەکان دەکەین؟

لۆك گوتویەتی ئەوەی ئێمە ڕاستەوخۆ شارەزایمان دەربارەی هەیە، بریتییە لەناواخنی ئاگامەندیمان ـ وێناکردنە هەستەکییەکان، بیرەکان، هەستو شعورەکان، یادەوەریەکانو.. هتد. بەلێشاوی زۆر گەورە. ئەم ناوی "بیرۆکەکان ـ ئایدیاکان"ی هەڵبژاردووە بۆ ئەو ناوەڕۆکەی ئاگامەندی، گەرچی لەسەرچاوەی عەقڵییەوە یان لەڕێگەی هەستەکانەوە یان بەهەر هۆیەکیترەوە گەیشتبن. ئایدیا بەلای (لۆك)ەوە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاگامەندیمانەوە قابیلی لێتێگەیشتنن. سەبارەت بەزانیارییەکانمان دەربارەی جیهانی دەرەوە، ئەو

بەتەواوی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، کە ئێمە هەموومان هەموو داتا سەرەتاییەکان، هەموو زانیارییە بنەڕەتییەکانمان لەڕێگەی هەستەکانمانەوە پێدەگات. ئێمە بەردەوام سەرنجە تایبەتییەکانمان سەبارەت بە روناکی، تاریکی، سوور، زەرد یان شین، گەرم یان سارد، خواروخێچ یان رێکوتەخت، رەق یان نەرمو... هتد، پێدەگات. هەموو ئەو شتانەی، کە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ئاگامەندیماندا ناتوانین ناویشیان بۆ دابنێین، بەڵام هەر لەدەستپێکەوە تۆماریان دەکەینو هەندێکیان لەبیرماندا دەچەسپێنو دەستدەکەین بەلکاندنی هەندێکیان بەهەندێکیتریانەوە تا ئەوکاتەی لەکۆتاییدا بۆچوونی خواستە گشتییەکانمان دەربارەیان دروستدەکەین. ئێمە یەکەمجار بیرۆکەیەکی گشتی دەربارەی ئەو بابەتەی لەدەرەوەی خودی خۆمانە، لەو سەرنجانەوە دروستدەکەین، کە پێمان دەگەنو دواتر خۆمان رادەهێنینو فێردەبین چۆن ئەم بابەت لەو بابەت جیابکەینەوە. بۆ نموونە سەرەتا دەستدەکەین بەناسینی گیانلەبەرێکی بە فەروداپۆشراو، کە هەمیشە لای خۆمانەو لەسەر چوار پێ دەڕواتو دەنگێکی تایبەتی هەیەو وردە وردە خۆمان رادەهێنین ناوی لێبنێین سەگ. لەسەر بنەمای ئەم قۆناغە سەرەتاییانە ئاگامەندیو بیرمان زیاتر بیرۆکەی تایبەتی گرێدراو بە هەستەکانمانەوە وەك بنکەی سەرەتایی یان بنەڕەتی دادەڕێژێت. دواتر بەوشێوەیە تێگەیشتنێکی تایبەتی دەربارەی جیهان بەدەست دەهێنینو هەروەها پەرە بەتوانای خۆشمان دەدەین بۆ بیرکردنەوە لەو جیهانە.

ئەوەی لۆك جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە هەستەوەرەکانمان تاکە هێڵی سنووری راستەوخۆی نێوان خودی ئێمەو واقیعی دەرەوەی ئێمەیە. تەنیا لەڕێگەی هەستەکانمانەوەیە دەتوانین سەبارەت بەهەرشتێك ببینە خاوەنی ئاگامەندی. ئێمە گەشە بەتواناکانمان دەدەین بۆ ئەوەی بەهۆی ئەم داتایانەوە هەموو جۆرە شتە سەرسوڕهێنەرو ئاڵۆزەکان لەمێشکماندا جێبکەینەوە. بەڵام گەر ئێمە کار لەسەر ئەو جۆرە بابەتانە بکەین، کە سەرچاوەکەیان لەهەستەکانمانەوە (یان هەستی کەسانیترەوە) نییە، ئەوا تاکە پەیوەندی ئاگامەندیمان بەجیهانی دەرەوە وەلاناوە.

ئاگامەندی هەرچۆنێك بێت بۆ ئەم پرسانە، کارکردنەکە هیچ پەیوەندییەکی بەو شتانەوە نییە، کە لەجیهانی دەرەوەدا بوونیان هەیە، هەڵبەتە ئاگامەندی بۆ خۆی سەربەخۆ بەهرەی بەرهەمهێنانی خەون یا جۆرەها ئەندێشەی هەیە، کە لەجیهانی دەرەوەدا نین. زۆر حاڵەتی لەم بابەتە هەن، کە ڕوو دەدەن. بەڵام لۆك گەیشتووە بەو ئەنجامە، کە بۆچوونەکانمان دەربارەی ئەوەی لەڕاستیدا بوونی هەیەو دواتریش زانیارییەکانمان سەبارەت بەواقیعو جیهان لەسەرەنجامدا دەبێت رەگو ریشەیان لە وێناکردنە هەستەکییەکانەوە هاتبێت، یان بەرهەمی پێکهاتووی ئەو بابەتانە بێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەزاییە هەستەکیانە. ئەمە خاڵی سەرەکی ئەزموونگەرییە. ئاشکرایە سەبارەت بە بابەتی فەلسەفە بەشێکی گرنگی بریتییە لەڕەتکردنەوە. بۆ نموونە، ئەزموونگەری نکوڵی لەو بۆچوونە دەکات (کە پلاتۆن هێنایە ئاراوە)، کە دەڵێت ئێمە، کە لەدایك دەبین، بڕێك زانیاری لەگەڵ خۆمان دەهێنین، کە لەبوونێکیترەوە هێناومانە. هەروەها نکوڵی لەشتێکیتر دەکات، کە لەسەردەمی (لۆك)دا زیاتر باو بووە، ئەو شتەش تێزەکەی دیکارتە، کە دەڵێت ئێمە تەنیا بەپشتبەستن بەناوەڕۆکی ئاگامەندیمان دەتوانین دڵنیابین لەبۆچوونەکانمان سەبارەت بەجیهانی دەرەکی. لۆك خۆی دژی ئەو بۆچوونە بووە، کە هیچ جۆرە ئایدیایەکی زگماك هەبێت. ئەو دەڵێت هیچ شتێکی وا بوونی نییە. ئەو لەو قەناعەتەدا بووە، کە ئاگامەندیمان کاتی لەدایکبوونمان وەك لاپەڕەیەکی سپییە، کە دواتر لەڕێگەی شارەزابوونمانەوە دەنووسرێتەوەو گشت ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەجیهانی دەرەکیو تێگەیشتنەکانمان دەربارەی ئەو جیهانە دەرەکییە لەو سەرەتایانەوە گەشەدەکات.

## ڕێگەیەکی نوێی بیرکردنەوە.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ ئاگامەندی وەك لاپەڕەیەکی سپی، یان ئەو تێگەیشتنەی لەم بۆچوونەوە بەرهەمهێنرا، دواتر بەهەموو ولاّتانی ڕۆژئاوادا بلاّوبۆوە. لەڕۆژگاری ئێستاشدا ئەوەندە ناسراوەو ئاشکرایە، کە زۆر کەس بەلایانەوە ئاساییەو بە بەرهەمێکی عەقلّی سادەی دەبینن. بەلاّم ئەوکاتەی لۆك ئەم بیرۆکەیەی پێشکەشکرد، هەرگیز سادەو ئاسان نەبوو. هەندێ دەرئەنجامی کۆمەلاّیەتی ئەم بیرۆکەیە هەر بەتەواوی شۆڕشگێڕانە بوو.

گەر هەمووان بەئاگامەندییەکی وەك لاپەڕەیەکی سپییەوە بێنە دنیاوە، کە لاپەڕەیەکی نەنووسراوبن، کەواتە هیچ کەس بەهۆی ڕەچەلّەکەوە لەکەسیتر زیاتر نییە. واتا بۆ تاك جۆری پەروەردەکردنەکەی بایەخی هەیە. ئەم بیرۆکانەی لۆك لەفەرەنسا ڕاستەوخۆ بووە هۆ بۆ بلاّوبوونەوەی ئەو باوەڕەی خەلّکە ڕەشۆکییەکە دەتوانێت بەهۆی پەروەردەو خوێندنی یەکسان بۆ هەمووان، لەژێر دەستەیی کۆمەلاّیەتی ڕزگار بێت.

"ڕێگای بیرکردنەوەی نوێ"ی لۆك، کە ئەم ناوەی لێنرابوو، هەنگاو بەهەنگاو لەگەلّ زانستی نوێدا گەشەی کرد. هەردوو جەختیان لەسەر پێویستی بەراوردکردنی بیرۆکە گشتییەکان بە شارەزاییەکان دەکردەوە. لۆك جیاوازی کردوە لەنێوان شێواز یان خەسلّەتی تایبەتی ئەو شتە ماتەرییانەی، کە دەکرێت بە شێوازی زانستیانە بخرێنەڕوو (هەلّبەتە زانستی سەردەمی خۆی لەخەیالّدا بووە) لەگەلّ ئەوانەی بەو شێوەیە نین. ئەو جیاوازییانەی کە گالیلۆ باسی لێوەکردوون، ئەو لایەنانەی کە زانست دەیتوانی بەبێ پەیوەستبوون بە تاکی سەرنجدەرەوە مامەلّەیان لەگەلّدا بکات، وەك درێژی، پانی، بەرزی، کێش، چۆنیەتی لەشوێندا، خێرایی شتەکە، ئایا لەحالّەتی جولاّندایە، یان شتیتری لەم بابەتانە، واتە ئەو خەسلّەتانەی قابیلی پێوانەن. ئەوا گەر نەلّێین لایەنە میکانیکییەکانی شتەکان. لەبەرئەوەی ئەم خەسلّەتانە پەیوەست نین بەسەرنجلێدەرەوە، دەکرێ وەك نیشانە بابەتییەکانی شتەکان سەیر بکرێن. بۆیە لۆك بەخەسلّەتە سەرەتاییەکان ناوی هێناون. ئەو خەسلّەتانەی، کە زانست نەیدەتوانی مامەلّەیان لەگەلّدا بکات، ئەوانە بوون کە لەمیانەی پەیوەندی نێوان بابەتەکەو بکەری سەرنجدەردا پەیدادەبن‌و بەئاسانی دەبنە شتێکی بابەتی وا، کە لەسەرنج دەرێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەو خەسلّەتانەی وەك تام، بۆن، ڕەنگو لەو بابەتانە. ئەم جۆرە خەسلّەتانە بەشێوەیەکی گوماناوی سەر بەشتەکانن، چونکە پابەندن بەبوونی بکەرێك بۆ دەرك پێکردنیان، هەربۆیە لۆك ئەم جۆرەی بەخەسلّەتی هەنووکەیی ناوبردووە. ئەم جیاوازییە کە لۆك هێنایە نێو یاسا بنەڕەتییەکانی فەلسەفەوە، هەرگیز بەتەواوی لەناو ناچێت.

لایەنێکی گرنگی تیۆری زانیاری لۆك بریتییە لەو تێگەیشتنەی، کە ئێمە تەنیا توانای سەرنجدانی ئەو خەسلّەتانەمان هەیە، کە قابیلی سەرنجلێدانن - هیچ بوارێکمان نییە بۆ ناسیین لەدەرەوەی ئەو خەسلّەتانە. بە وشەیەکیتر، ئێمە زانیاریمان سەبارەت بەخودی ئەو شتانە دەست ناکەوێت، کە ئەو خەسلّەتانەیان هەیەو بەم شێوەیە یان بەو شێوەیە خۆیان دەنوێنن. شتەکە لەخودی خۆدا، شتێکی نادیارە، میتافیزیکییە هەروەك لۆك خۆی گوتویەتی "شتێکە من نازانم چییە" ئەوەی بەجەوهەری ماتریال ناوبردوە. بەلاّم جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئێمە تەنیا دەتوانین زانیاریی سەبارەت بە نیشانەکانی یان خەسلّەتەکانی بەدەستبهێنین. هەرگیز ناتوانین لەوبارەیەوە زانیاری پەیدا بکەین. هەمان بۆچوون دەربارەی بکەر، وەك زانیاری‌و بکەری ژیان گوزەرێنەر، ئێمە لەخۆماندا تەنیا ناواخنی ئاگامەندیمان دەدۆزینەوە، واتە جۆرەها شێوەی موعایەشەکردن. بەلاّم ئایا ئەو یەکەیە چییە، کە ئەم گوزەراندنانەی هەیە؟ ئەوە بۆ ئێمە نەزانراوە. کەواتە لۆك پێی وایە چ بکەرو چ بابەت لەخودی خۆدا قابیلی زانین نین. ئەو بوارەی لەبەردەم

زانیارییەکانی ئێمەدایە، تەنیاو تەنیا بریتییە لەرایەڵەی پەیوەندییەکان، یان ئەو پەیوەندییانەی قابیلی بەدیهێنانن لەنێوان ئەم دوو یەکە ئاڵۆزو پڕنهێنییەدا.

## شۆڕشێکی لیبراڵانە

لەبەرئەوەی لۆك وەك دیکارت بڕوای بەوە نەبووە، کە زانیارییەکانمان سەبارەت بەجیهان دەکرێت لەسەرەنجامە لۆژیکییەکانەوە بەهۆی پێشەکییە نکوڵی لێکەرەکانەوە بێت، بەبۆچوونی ئەم، زانیارییەکانمان ناتوانن لەڕووی دڵنیاییەوە لەئاستی ماتماتیکدا بن. تێگەیشتنی تەواو جیاوازی ئەم، لەم مەسەلەیەدا، کە ئێمە هێدی هێدی ئەو زانیاریانە لەسەر یەك کەڵەکە دەکەین، کە لەڕێگەی سەرنجدانە هەستەکییەکانمانەوە دروستدەکرێن‌و بەپێچەوانەی ماتماتیکەوە بواری هەڵەکردنیان تێدایە. ئێمە لەڕێگەی شارەزاییەکانمانەوە گشتاندن ئەنجامدەدەین، پرۆسەیەکە، کە بە ئیندوکسیۆن induction نەك دیدوکسیۆن deduction دێتە ئاراوە. بەڵام هەندێکجار گشتاندنەکانمان هەڵە دەبن‌و دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت. روودەدات کە سەرنجدانی راستەوخۆ بەهەڵەماندا بەرێت، گەرچی لەلایەن کەسانیتریشەوە پیاچونەوەی بۆ کرابێت، تەنانەت ئەو زانیارییە زۆر وردانەش، کە لەبنەڕەتدا بەسەرنجدان‌و وردبوونەوە دەستمانکەوتوون، بەشێوەیەکی رەها راست نین. ئەوانە تەنیا ئیحتمالن. دەشێ هەندێکجار هەڵەبن. گەر ئێمە سووربین لەسەر ئەو پرنسیپەی، کە قەناعەتەکانمان دەربارەی شتەکان دەبێت سەرچاوەیان لەدەلالەتەکانیانەوە وەرگرتبێت، لێرەدا لۆك دەڵێت دەبێت ئامادەبین لەبەر رۆشنایی زانیاریی نوێدا قەناعەتەکانمان بگۆڕین؟ لێرەدا بۆ هەڵوێست بەرامبەر بەقەناعەتەکانمان، پێویستمان بەژیرییە. ئەمە لایەن یان داوایەکی گرنگی نێو فەلسەفەکەی (لۆك)ە. ئەمە وەك ئێستا باسیدەکەین، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەتیۆرییە رامیارییەکەیەوە.



لۆك دەڵێت مرۆڤایەتی لەحاڵەتێکی سروشتییەوە دەستیپێکردوە. مرۆڤ وەك گیانلەبەرێکی ئافەریدەکراو لەلایەن خواوەندەوە، کە وەك نموونەی خۆی دروستیکردوە، لەسروشتدا لەجۆری گیانلەبەرە دڕندەو کێوییەکان نەبووە، چونکە خواوەند عەقڵ‌و ویژدانی پێبەخشیوە. روانینی لۆك بۆ حاڵەتی سروشتی بەشێوەیەکی رادیکاڵانە لەڕوانینەکەی هۆبز خۆی جوادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی دەسەڵاتی حکومەت یان نەبوونی جۆرە رێکخستنێکی مەدەنی، زیانبەخش بووە بۆ مرۆڤەکان. بەپێی بۆچوونی لۆك تاکەکەسان بەئازادی خۆیان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك لەگەڵ یەکتر کۆبونەتەوە.

هەروەك هۆبز، ئەمیش لای وایە پەیمانی کۆمەڵایەتی پەیمانێك نەبووە لەنێوان دەسەڵاتداران‌و رەعیەتدا، بەڵکو لەنێوان مرۆڤە ئازادەکاندا بووە. بەڵام بەپێچەوانەی هۆبزەوە لۆك پێی وابووە، کە رەعیەت دوای دامەزراندنی حکومەتیش مافە تاکەکەسییەکانی خۆی لەدەست نادات. لەدوا ئەنجامدا سەروەری هەر بۆ میللەتە. دابینکردن‌و پارێزگاریکردن لەمافەکانی تاك (پاراستنی مافی هەمووان بۆ ژیان، ئازادی‌و موڵك‌و ماڵ تاکە مەبەست یان تاکە ئەرکی دانپیانراوی حکومەتە). گەر حکومەتێك بیەوێت دەست بەسەر ئەو مافانەدا بگرێت "واتە ببێت بەحکومەتێکی زاڵم" یان نەتوانێت بەباشی پارێزگارییان لێبکات "واتە ببێت بەحکومەتێکی لاوازی ناکاریگەر"، ئەوا رەعیەت، دوای ئەوەی هەوڵیانداو نەیانتوانی مافەکانیان بەدەست بهێنن، لەڕووی مۆراڵییەوە مافی خۆیانە حکومەتەکە بڕوخێنن‌و حکومەتێکیتر بهێننە شوێنی، کە بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێکوپێکی جێبەجێبکات.

ئەم بۆچوونە چۆنیەتی رۆڵی تایبەتی لۆك لەشۆڕشە شکۆمەندەکەی ساڵی ١٦٨٨دا روون دەکاتەوە.

بەبۆچوونی لۆك ئەوەی دەمانکاتە خاوەن ماف بۆ موڵك‌و ماڵ، لەپێش هەموو شتێکەوە ئەو کارەیە، کە بۆ بەرهەمهێنانی دەیکەین، لەبەرئەوە ئێمە ئازادین لەوەی

چی بەو شتە تایبەتییانەی خۆمان دەکەین. گەر من کار بکەم بۆ بەرهەمهێنانی شتێکو نەبمە هۆی زیانو ئازار گەیاندن بەهیچ کەسێك، ئەوا من مافی چنینەوەی بەرهەمی کارەکەم هەیە. گەر یەکێك ئەو بەرهەمەم لێزەوت بکات، ئەوا بەمانای وشە کارەکەی منی دزیوە. بەو پێیەی کە من مافم لەشتێکدا هەیە، ئەوا دەتوانم چۆنم بوێت، مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، دەتوانم، گەر حەزبکەم، بیبەخشم بەکەسێك یان بیفرۆشم بەکڕیارێك، کە ئارەزووی لەکڕینی بێت. بەم شێوەیە کۆمەڵگەیەك دروستدەبێت لەسەر بنەمای مامەڵەی ئازاد، کە بەبێ دەستێوەردانی حکومەت ئەنجامدەدرێت. ئەم جۆرە سەوداو مامەڵەیە دەبێتە بەردی بناغە بۆ سەرمایەداری لیبرال.

## تولەرانس*

فەلسەفەی سیاسی لۆك خۆی دەبەستێتەوە بە تیۆری زانیارییەکەیەوە، ئەویش لەڕێگەی بانگەشە بۆ بڕوابوون بە تولەرانس. وەك باسکرا، بەپێی بۆچوونەکانی ئەم هیچ دڵنیاییەك نییە، کە بتوانین سەبارەت بەزانیارییەکانمان دەربارەی جیهانی ئەزموونگەری بەدەستیانبهێنین، بەڵکو تەنیا ئەو ئەگەرانە هەن، کە دەتوانرێت کاریان پێبکرێت. هەر لەبەرئەوە ئەم پێی هەڵەیەو لەڕووی مۆرالییەوە نا عەدالەتییە، کە ساسییەکان یان پیاوانی ئایینی مرۆڤ ناچارکەن بۆ پەسەندکردنی بیروڕاکانیان. ئەم گۆشەنیگا تایبەتە بەم کێشەیە، کاریگەری مێژوویی گرنگی هەبووە، کە رەنگە لەجێیخۆیدا بێت ئەم چەند رستەیە، کە هی لۆك خۆیەتی، بەنموونە بهێنینەوە:" لەکوێ ئەو مرۆڤە بوونی هەیە کە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری پێیە، کە هەموو بڕواکانی راستن، یان هەموو ئەوەی ئەو بڕوای پێیان نییە، هەڵەن، یان دەتوانێت بڵێت، لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی بۆ هەموو بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی یان هی خەڵکی ئەنجامداوە؟ لەحاڵەتی هەمیشە گۆڕاوی مامەڵەکردندا، لەو شەوەزەنگەی ئێمەی تێداین، پێویستە وردترو ژیرانەتر زانیاری بەدەستبهێنین، نەك بەزۆر بڕواکانمان بەسەر خەڵکیتردا بسەپێنینو زانیاریی خستنە بەردەست ناچاریان بکەین بۆ باوەڕهێنان، یان زۆرجار بە پشتبەستن بە بەڵگەی زۆرلاواز.

## کاریگەریی

پشکی لۆك لەهەر بیرمەندێکیتر زیاتربووە لەدامەزراندنی بنەما تیورییەکانی دیموکراتی لیبرالیدا. ئەو کەسایەتیانەی دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانیان نووسیوەتەوە، ئەوانەی کە ئەمریکاییەکان بە (باوکانی یەکگرتوو) ناویان دەبەن، لەکاتی کارکردنیاندا بە ئاگامەندییەوە بیریان لای لۆك بووەو لەنامەکانیاندا بۆ یەکتر ئاماژەیان پێداوە. بەهەمان شێوە بەدرێژایی سەدەی هەژدە کاریگەری هەبووە بۆ سەر بیری فەرەنسایی ڤۆڵتێرو مۆنتیسکیۆو نووسەرانی ئینسیکلۆپیدیای فەرەنسی. لەشاکارەکانی ئەمدا نەك تەنیا بنەمایان بۆ بیرۆکە سیاسییەکانیان دۆزیەوە، بەڵکو بنەمایان بۆ بیرۆکە مۆراڵیو پەروەردەییو تەنانەت بیرۆکە کانیشیان دۆزیەوە.

هەروەها ئەم کەسی سەرەکی بووە لەکارکردنەسەر شۆڕشی باکووری ئەمریکاو شۆڕشی فەرەنسا. جێی گومانە گەر فەیلەسوفێکیتر لەنێوان سەردەمی ئەریستۆتالیسەوە تا سەردەمی مارکس توانیبێتی لەپرسیارە پراکتیکییەکاندا کاریگەری لەم زیاتر بووبێت.

* Tolerance بەواتای قبولکردنی یەکتری سەرەڕای جیاوازی بیروڕاو ئایینو... هتد. لەکوردیدا زۆرجار بە (لێبوردەیی)و لەعەرەبیدا بە (التسامح) بەکاردەهێنرێت. (و.ك)

# سەرەتا بۆ گۆشەنیگایەکی مۆدێرن

وەك یەکەم کەسی بیرمەندی مۆدێرن، باسی لۆك کراوە. چونکە ئەم چەند گرفتێکی بنەڕەتی بیری پاش چاخەکانی ناوەراستی هێناوەو پێکەوە تواندونیەتەوەو یەك بۆچوونی لێدروستکردوون. دەکرێت بەشێك لەپەیامە بنەڕەتییەکانی بەم شێوەیە فۆرمولە بکرێت: "بێ رەخنە دوای خاوەن دەسەڵاتێك مەکەوە، چ دەسەڵاتی رۆشنبیری بێت یان سیاسی یان ئایینی. هەروەها بێ رەخنە دوایترادیسۆنەکان، یان رێسا کۆمەڵایەتییەکان مەکەوە. خۆت بیربکەرەوە، سەیری راستییەکان بکەو هەولبدە بنەما بۆ بۆچوونو هەڵوێستی خۆت بەرامبەر هەموو شتێك دابڕێژیت. لەڕۆژی ئەمڕۆدا زەحمەتە ئێمە هەست بەوە بکەین کاتی خۆی ئەو پەیامە چ بایەخو گرنگییەکی هەبووە. بە دڵنیاییەوە، کاریگەریی شۆڕشگێڕانەی هەبووە لەبواری پەروەردەو زانستو سیاسەتو تەنانەت لەبواری فەلسەفەشدا.

پەیامی لۆك تەواو گونجاو بووە لەگەڵ داواکارییە نوێیەکاندا بۆ وردبوونەوەو تاقیکردنەوە لەزانستدا. لۆك کاریگەریی هەبووە بۆ سەر نیوتنو ئەویش کاری لەلۆك کردووە. لەڕووی پەروەردەییەوە ئەم دژی فێرکردنو پرۆگرامی خوێندنی وابووە، کە بەهۆی کات تێپەڕبوونەوە وشك هەڵاتووەو لەڕێی ترادیسۆنەوە پیرۆزکراوە. ئەم پێی وابووە، کە زمان بەڕاهێنانو نموونە هێنانەوە فێردەکرێت، نەك لەڕێگەی رێزمانەوە. هەروەها ئەم ویستویەتی کەمتر بایەخ بە بابەتە کلاسیکییەکان بدرێتو زیاتر رووبکرێتە بابەتە مۆدێرنەکان. ئەم پێی وابووە هەموو مرۆڤێك توانایەکی شاراوەی بۆ گەشەکردن تێدایەو تاکە ئەرکی دانپیانراوی حکومەت ئەوەیە مافەکانو ئازادییەکانی مرۆڤەکان بپارێزێت.



ئەم گۆشەنیگایە بووە هۆی پەیدابوونی روانینێکی دوژمنانە بۆ هەر جۆرە شێوازێکی دەسەڵات، کە نابێتە جێبەجێکەری ئەم داوایە. سەرباری ئەوەی کە فەلسەفەکەی لۆك دژ بەهەموو جۆرێکی سەپاندنی دەسەڵاتە لەهەموو بوارەکانی ژیانو بیرکردنەوەدا، بەڵام خاوەن گیانێکی عەسکەرتاریو پەلاماردەرانە نەبووە. لۆك هەمیشە جەختی لەسەر بەکارهێنانی ژیری کردۆتەوە، کە نابێت سەیری روکەش بکرێت، بەڵکو لەهەموو کێشەیەکدا پەنا ببرێتە بەر راستییە روونەکان.

هەموو ئەو لایەنانەی فەلسەفەکەی لۆك، بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەدە لەوڵاتانی ئینگلیزی زماندا، لەنێو یەکتریدا توابوونەوەو پێکەوە ببوونە بناغە بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفەییانەی گەشەسەندوو، ببوون بەبناغەیەکی دیارو ئاشکرای روانینی ئەنگلۆساکسۆنییەکان بۆ هەموو شتێك. هەروەها کاریگەری زۆریشیان هەبووە بۆ سەر گەشەکردن لەوڵاتە فەرەنسیو ئەڵمانی زمانەکاندا. ڤۆڵتێر لەفەرەنساو کانت لەئەڵمانیا، هەردووکیان سەبارەت بەو شێوازی بیرکردنەوەیەی ئەمان بانگەشەیان بۆ دەکرد، وەك خاڵی وەرچەرخان سەیری (لۆك)یان کردووە.

# باركلی

## ئەزمونگەرێكی بەردەوام



**باركلی سەرنجی بۆ ئەوە راكێشاوە كە تەنیا شت كە بوونەوەری ئاگامەند دەتوانێت بیزانێت، تەنیا ناواخنی ئاگامەندی خۆیەتی. بۆ بوونی هەرشتێكیتری بەدەر لەوە توانای زانینمان نییە.**

جۆرج باركلی (١٦٨٥–١٧٥٣) مرۆڤێكی پروتستانتی ئیرلەندی بووە، كە لەكۆلیژی ترینیتی لەدوبلن خوێندویەتی، هەموو بەرهەمە فەلسەفەییەكانی، كە ئێستا پێیان بەناوبانگە، لەتەمەنی بیست تا سی ساڵیدا نووسیونی.

An Essay towards a New Theory of vision (ساڵی ١٧٠٩).

A Treatise Concerning the Principles of Human knowledge (١٧١٠) لەگەڵ Three Dialogues between Hylas and Philonous ساڵی (١٧١٣) پاش بیست ساڵ، ساڵی ١٧٣٤ بوو بە ئەسقەف باركلی. ئەم چالاكانە كاری دەكرد بۆ چەسپاندنی خوێندنی پلە بەرز لەجیهانی نوێدا (واتە لەئەمریكا. وەرگێڕ). هەر بەو بۆنەیەوە سێ ساڵ لەكۆلۆنییە (تجمعات) ئەمریكییەكاندا ژیاوە. باخو كتێبخانەكەی پێشكەش بەزانكۆی (Yale) كردوەو كۆلیژێك لەو زانكۆیە كراوە بەناویەوە.

شاری باركلی لەكالیفۆرنیا بەناوی ئەمەوە ناونراوە. لەتەمەنی ٦٧ ساڵیدا لەئۆكسفۆرد مردووە. لەكاتدرائی كەنیسەی مەسیح نێژراوە.

### بۆچوونێكی بنەڕەتی

زۆربەی فەیلەسوفە بەناوبانگەكان كۆمەڵێك بەرهەمیان نووسیوە، كە تیایدا باس لەتیرۆژێك كێشە دەكەن. بەڵام باركلی بەیەك بۆچوون دەناسرێتەوە، كە هیچ كەسێك پاش ئەو نەیتوانیوە پشتگوێی بخات. باركلی گوتویەتی: لۆك راستی پێكاوە، كە

گوتویەتی هەموو ئەو شتانەی راستەوخۆ دەربارەیان دەتوانین زانیاریمان هەبێت، بریتیین لەناواخنی ئاگامەندی تایبەتی خۆمان. بارکلی لێرەدا پرسیار دەکات، بەڵام ئایا بەچ مافێك بڵێین ئەو ناواخنی ئاگامەندییە بەهۆی شتە ماتەرییەکانەوەیە، واتە بەهۆی دیاردەی تەواو جیاواز لەوانەی ئێمە راستەوخۆ لەبەردەممانداندان؟ دەگوترێت گوایە ئێمە ناڕاستەوخۆ ئەو بابەتانەمان لەبەردەستە، ئەویش بەهۆی ئەو وێناکردنانەی ئێمە هەمانە بۆ ئەو شتانە. بەڵام ئایا تاچ رادەیەك ئەوە راستە؟ شیکردنەوەکە بەوجۆرەیە، کە وێناکردنەکانمان (کۆپیکردن)ی شتەکانە. بەڵام ئایا ئەمە لەڕاستیدا چی دەگەیەنێت؟ بۆ نموونە چۆن هەستکردن بەڕەنگێك یان بەدەنگێك دەکرێت کۆپی شتێك بێت، کە خۆی هەستێك نەبێت یان بەلایەنی کەمەوە لەوە نەچێت؟ رەنگێك رەنگە لەڕەنگێکیتر بچێت یان لێیجیاوازبێت، دەنگێکیش دەتوانێت هەر لەدەنگێکیتر بچێت یان نا. ئەمە هەمووی لەڕووی لێتێگەیشتنەوە، باوەڕێکی لەپێشینەی هەیە بۆ بوونی جیهانێك لەبوونی سەربەخۆی نابینراوی ناهەستپێکراو، کە لەواقیعدا هەن‌و ئێمە تەنانەت توانای ئەوەمان نییە بیانهێنینە بەرچاوی خۆشمان، کە هەرگیز ناتوانین دەربارەیان بەڵگە بەدەستبهێنین‌و بوونیشیان بۆ ئێمە هیچ ناگەیەنێت. ئایا چ هۆکارێکی پەسەند هەیە بۆ باوەڕکردن بەمە؟

بارکلی گوتویەتی: ئێمە دەزانین، کە موعایەشەکردن پەیوەستە بەبوونی بکەرێکەوە. لەبەرئەوەی هەریەکێك لەئێمە راستەوخۆ دەزانێت، کە خۆی جۆرێکە لەو بکەرانە، کە خاوەن موعایەشەن. بەڵام هەرگیز ناتوانین هەمان بنەمامان هەبێت بۆ پشتبەستن بەوەی ئەم موعایەشانە لەو بابەتانەوە رێچکە دەگرن، کە لەدەرەوەی خودی خۆمانن. لەبەرئەوە بارکلی گوتویەتی زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی ئەزمونکردنەکان دەمانگەیننە ئەو سەرەنجامەی، کە هەرچی بوونی هەیە، تەنیا ئاگامەندیی‌و ناواخنەکەیەتی، یان بکەرو موعایەشە کردنەکانیەتی، هیچ



هۆکارێك نییە بۆ باوەڕکردن بەبوونی هیچ شتێکیتر، ئێمە بەشێوەیەکی رەها هیچ بنەمایەکمان نییە بۆ گریمانەی ئەوەی ماتریالی نیوتراڵی ناپەیوەست بەخودی خۆمانەوە بوونیان هەبێت. لۆك کە باسی"جەوهەری ماتریال"ی کردووە، پرنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەزموونگەری پێشێلکردووە، چونکە هەر خۆی جەختی لەسەر نەبوونی توانا بۆ بەدەستهێنانی شتێك کردۆتەوە، کە لەدەرەوەی سنووری هەموو شارەزاییەکانمانەوەبێت.

ئەمە بەڵگەیەکی فەلسەفەیی بەرزو بەهێزە، کە لەوکاتەوە بیرمەندان ناتوانن بەئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەبەرئەوەی بارکلی خۆی کریستیان بووە، ئەمەی لەگەڵ تێڕوانینی ئایینی خۆیدا بۆ جیهان گونجاندووە. ئەو تێڕوانینەی دەڵێت هەموو هەقیقەت لەئاگامەندی خوادا بوونی هەیە، خوا ئەو ئاگامەندییە نەمرە هەتاهەتاییەیە، کە ئێمەی خاوەن ئاگامەندی، بەڵام قابیلی مردن، خولقاندوەو لەڕێگەی موعایەشەکردنەکانمانەوە خۆیمان بۆ دەردەخات. کەواتە هەرچی بوونی هەیە، ئەوەتا لەنێو ئاگامەندی ئێمەدایە، یان لەنێو ئاگامەندی خواوەندایە.

بیرمەندە نائاینییەکان ئەم لێکدانەوە ئایینیانەیان رەتکردۆتەوەو دەڵێن بارکلی بنەمایەکی پتەوی نەبووە بۆ باسکردن لەبوونی خوا یان تەنانەت بۆ باسکردن لە منێکی پتەو. بەڵام تەحەدا کانیتری تا ئێستاش بەرەنگار بوونەوەیان ئەستەمە.

## هیوم

### گومانکەرێکی نوێکراوە

**جگە لەبواری ماتماتیك، لەهیچ بوارێکی تردا هیچ شتێك بەتەواوی‌و دڵنیاییەوە نازانین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بژین، ژیانیش**

**مامەڵەکردنە، هەموو مامەڵەکان دەبێت لەسەر بناغەی گریمانەکان بێت بۆ واقیع.**

دایڤید هیوم (١٧١١–١٧٧٦) یەکێکە لەهەرە کەسایەتییە سەرنج ڕاکێشو گرنگەکانی نێو مێژووی فەلسەفە، بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك لایەنگری لایەنێك بووبێت، بەڵام ئەو لەلایەن هەموانەوە خۆشەویست بووە، لەفەرەنسا، کە چەند ساڵێك لەوێ ژیاوە، نازناوی (Le bon David)ی هەبووە، لەشارەکەی خۆی، واتە (Eding burgh) وەك (Saint David) ناسراوە (سانت بەمانای قەدیس دێت. وەرگێڕ)، ئەو شەقامەی ماڵەکەی ئەمی لێبوو، ئێستا ناوی (شەقامی سانت داڤید)ە.

هەندێك لەشاکارەکانی لەتەمەنی زۆر گەنجیدا نووسیوە. ماوەی هەشت ساڵ خەریکی نووسینی کتێبێك بوو، کە ئێستا بەشاکاری سەرەکی بەرهەمەکانی دادەنرێت بەناوی (A Treatise of Human Nature) لە ١٧٣٩–١٧٤٠ بڵاوی کردۆتەوە، ئەوکاتە تەمەنی تەنیا ٢٨ ساڵ بووە. بەڵام ئەوکاتە کەس گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەداوە. دواتر گەشەی بەبیرۆکەکانی داوەو بەو هیوایەی خوێنەری زۆری هەبێت، لەدوو بەشی قەبارە بچوکتردا بڵاوی کردونەتەوە، یەکەم بەناوی An Enquiry Concerning Human Understanding ساڵی ١٧٤٨و An Enquiry Concerning the Principles of Morals ساڵی ١٧٥١ ئەمجارەش کەس گرنگی بەم کتێبانەش نەدا. ئیتر هیوم وازی لەخۆخەریککردن بەفەلسەفەوە هێنا. یان هەر نەبێت، وای نیشاندەدا کە وازی هێناوە. لەتەمەنی چل بۆ پەنجا ساڵی کتێبی (مێژووی ئینگلاند)ی نووسی، کە لەشەش بەرگ پێکهاتبوو. بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵ لەبابەتەکەی خۆیدا، بوو بە بەرهەمێکی ستاندارد، تا ئەوکاتەی کتێبی مێژووی (McCauley) لەپێنج بەرگدا لەنێوان ساڵانی ١٨٤٨–١٨٦١ بڵاوکرایەوە. لەژیانی خۆیدا هیوم ناوبانگی وەك ئیکۆنۆمو وەك وتارنووس بڵاوبووبۆوە. یەکێك لەهاوڕێ هەرە نزیکەکانی ئادەم سمیس بوو، کە بەشێوەیەکی گشتی وەك دامەزرێنەری زانستی ئابووری ناسراوە. هیوم خۆی هەندێ تیۆری سەبارەت بەدراو داناوە. ناوبانگی وەك فەیلەسوف، دوای مردنی لەساڵی ١٧٧٦ بەدواوە پەیدابوو.

ساڵی ١٧٧٩ کتێبی (Dialogues Concerning Natural Religion) پاش مەرگی بڵاوکرایەوە. ئەم بەنهێنی کاری بۆ نووسینی ئەم کتێبە کردبوو، لەوێدا هەموو بەڵگە ئەقڵییە باوەکانی ئەو سەردەمەی دەربارەی بوونی خوا هەڵتەکاندبوو. بەلای هەندێکەوە ئەم کتێبەی لەهەموو بەرهەمەکانیتری بەرزترە.

### گورزەیەك لەهەست

هیوم لەگەڵ لۆك دەربارەی گریمانە بنەڕەتییەکانی ئەزموونگەری هاوڕابووە، کە ئێمە تەنیا لەبنەڕەتدا لەڕێگەی شارەزاییەکانمانەوە دەتوانین زانیاری بوونی هەر شتێکمان هەبێت، کە لەدەرەوەی خودی خۆماندا بێت. هەروەها لەگەڵ بارکلی هاوڕابووە، کە سەبارەت بەپرنسیپی ئەوەی مرۆڤ دەبێت بەردەوام پشت بەو گریمانەیە ببەستێت. ئەم بەلایەنی کەمەوە لەسەر بیروڕای بارکلی بووە، کە گوایە ئێمە هەرگیز ناکرێت بەشێوەیەکی ڕەها دڵنیابین لەبوونی جیهانێکی ماتەریالی ناپەیوەست بەخودی خۆمانەوە، یان لەدەرەوەی خودی خۆمانەوە. بەڵام ئەمە بەپلەی یەکەم لای ئەم بۆچوون نەبووە سەبارەت بەجیهان، بەڵکو بۆچوونێك بووە سەبارەت بەزانیاری. ئێمە توانای بەدەستهێنانی دڵنیایمان نییە لەپرسیارە هەقیقیەکاندا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئیحتماله هیوا بەخشەکان دەکەین. نەك لەگەڵ دڵنیایی ڕەها.

هیوم پرنسیپی تایبەتی بارکلی دژی بارکلی خۆی بەکارهێناوەتەوە. کێ هەرگیز توانیویەتی سەرنجی منی خودی خۆی بدات، نەك تەنانەت منی ئەوانیتر؟ کە ئێمە

دەڕوانینە ناخی خۆمان، رووبەڕووی گوزەرانە هەستەکییەکانمان، بیرەکانمان، هەستەکان، یادەوەرییەکانو.. هتد دەبینەوە، هەموو ئەم دیاردانەش لەجوڵەو گۆڕاندان. هیچ کاتێك جگەلەوانە رووبەڕووی شتێکیتر نابینەوە. هەرگیز منێکی وامان تووش نابێت، کە خاوەنی ئەو جۆرە موعایەشەیە بێت. بەپێی ئەو پرنسیپەی دەڵێت ئێمە نابێت گریمانەی بوونی شتێك بکەین، کە شارەزاییمان دەربارەی نییە، کەواتە هیچ بنەمایەکمان نییە بۆ ئەو گریمانەیەی بارکلی، کە دەڵێت منی موعایەشەکەر بوونی هەیە، هیوم دەڵێت، ئەو منە موعایەشەکەرە، واتە بکەرە مەعریفییەکە، خەیاڵەو هیچیتر. گەر ئێستا یەکێك بپرسێت ئایا "من" کێم تەنیا یەك وەڵام هەیە، کە دەتوانێت پشت بەشارەزاییەکان، یان سەرنجو وردبوونەوەکان ببەستێت. بۆ نموونە "من" گورزەیەکم لەهەستەکان.

## هۆکار چییە؟

هەمان بەڵگەهێنانەوە بۆ پرسیار لەبوونی خوا، بەکاردێت. هەروەك بارکلی جەختی لەسەر کردبۆوە، بوونی خوا پرسیارێکی حەقیقییە، یان ئەو بوونی هەیە یان نییەتی. پرسیاریش لەشتی هەقیقی، یان لەبوون، تەنیا لەڕێی سەرنجو تێبینیکردنەوە وەڵام دەدرێتەوە. کێ خوای بینیوە؟ هیوم دەڵێت هیچ بەڵگەیەکی بینراو بۆ بوونی ئەو نییە. هەر بەئاسانی هیوم دەریدەخات، کە ئەو شتانەی وەك بەڵگەدەهێنرێنەوە، ناڕاستەوخۆن، لاوازنو لەوپەڕی بەهێزییاندا وەك ئیستدلال هێنراونەتەوە.

مرۆڤ دەتوانێت ئەو برە رێكو پێکییەی ناو گەردوون بکاتە بیانوو بۆ ئەوەی بڵێیت ئەوە عەقڵێکی پلان دانەری لەپشتەوەیە. بەڵام ئەوە زۆر دوورە لەبەڵگە یان ئیسپاتکردنی بوونی خوایەکی خاوەن کەسێتی، واتە خوای مەسیحییەکان، یان جووەکان. هەستکردن بەبوونی حیکمەت زانیاری نییە. لەهەردوو پرسیارەکەدا

سەبارەت بە (خودی من)و بە (خوا) بەڵگەهێنانەوەکانی هیوم هەمان جۆرن، بۆئەوەی مافمان هەبێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر بوونی ئەو دیاردانە دەبێت بتوانین بنەما سەرنجلێدراوییەکانیان دەستنیشانبکەین. ئەو بنەمایانەش بوونیان نییە، ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیە کاتێك بایەخی تەواوی پەیداکرد، کە بۆ هۆکارو دەرئەنجام دۆزینەوە بەکاری هێنا، ئەوکاتەی دەگەڕا بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هۆکارو دەرئەنجامدا.

بۆ ئەوانەی لەخوێندنەوەی فەلسەفەدا نوێن، هەموو کاتێك بۆیان ئاسان نییە بزانن بۆچی گەڕان بەدوای هۆکارو دەرئەنجامدا بەلای فەیلەسوفەکانەوە ئەوەندە گرنگە. شایانی باسە، کە گەڕان بەدوای هۆکاردا بۆ زانایانیش بنەمایەکی سەرەکیو سەرنج راکێشە، لەبەرئەوەی بڕوا وایە، کە ئەم دنیای زانراوی پێکەوە راگرتووەو وای کردووە، کە گەردوون بریتی نەبێت لەتێکەڵەو پێکەڵەیەك یان فەوزایەك.

هەموو رووداوێك دەبێتە هۆی روداوێکیتر، یان خۆی بەهۆی رووداوێکیترەوەیە، لەزۆربەی رووداوەکانیشدا، جۆرە یاسایەکی جێگیر هەیە. هەر بۆیە، کە حاڵەتی جیاجیا بەجۆرێك پێکەوە لکان، کە بۆ ئێمە قابیلی تێگەیشتننو وامان لێدەکەن لەدەوروبەرمان بگەین، گەر ئەم پەیوەندییە هۆکارییە، نەبووایە ئەوا شارەزاییەکانمان رایەڵەیەکی مەعقولیان نەدەبوو، ژیانی مرۆڤیش (بەجیا لەژیانی ئاژەڵە ئاست نزمترەکان) دەبێتە مەحاڵ. عەقڵ رایەڵەی هۆکارەکان وەك ئەوەی هەر خۆی وابووبێت، وەردەگرێت. بەڵام زانایان هەمیشە لەهەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندییە هۆکارییە نەناسراوەکاندان، لەهەمان کاتدا فەیلەسوفەکان لەسروشتی خودی هۆکارو دەرئەنجامەکە ورد دەبنەوەو پرسیار دەکەن، ئەم دیاردە سەرسوڕهێنەرە چ واتایەکی هەیە؟ کە بەبێ ئەم جیهانێکی قابیلی تێگەیشتن بوونی نابێت، هۆکارو دەرئەنجام چییە؟ لەبەرئەوەی ئەرکی فەلسەفە تێگەیشتنە لەواقیع بەهۆی نیشانە هەرە گشتییەکانییەوە، فەیلەسوف تێگەیشتنی هۆکارو دەرئەنجامەکان بەیەکێك

لەهەرە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت. ئێستا هیوم سەرنجمانی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە، کە رایەڵەی هۆکارەکان وەك "خودی من"و "خوا" قابیلی سەرنجلێدان نییە. رەنگە ئێمە بڵێین کە رووداوی B بەهۆی رووداوی A بووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی کە بینیومانە، تەنیا ئەوەیە کە یەکەمجار رووداوی A بینراوەو دواتر رووداوی B، ئێمە رووداوێکیترمان نەدیوە، واتە پەیوەندییەکی هۆکاری، کە ئەو دووانە بەیەکەوە بلکێنێت.

بەڵام کە بگوترێ A هۆکار بووە بۆ B، وەك ئەوە نییە کە بگوترێ یەکەمجار A روویداو دواتر B روویداوە، وەك ئەوەیە بگوترێ A لەگەڵ خۆیدا B هێناو B دوای ئەوەی روویداوە، کە A رویداوە. هەرچی ئەوەی ئێمە بینیومانە، تەنیا ریزە رووداوێکە، کە بەدوای یەکتریدا هاتوون، بەڵام پەیوەندییە هۆکارییەکان پەیوەندی پێویستن. لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت هەوڵبدات بڵێت: بەڵێ وایە، بەڵام دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم، لەم حاڵەتەدا A هۆکار بووە بۆ B چونکە هەموو جارێك رووداوێکی وەك A روودەدات، بێ پێچو پەنا رووداوێکی لەجۆری B بەدوایدا دێت. من دانی پیادەنێم، کە پەیوەندییە هۆکارییەکان پێکەوە گرێدانێکی سادەی رووداوەکان نییە. بەڵام کاتێك مرۆڤ بەردەوامو بێ لادان ئەو پێکەوەگرێدانانە دەبینێت، دەزانێت کە پەیوەندییەکی هۆکاری لەئارادایە، بەڵام ئەوەش جێی متمانە نییە. بۆ نموونە لەوکاتەوە کە دنیا هەیە، دوای رۆژ شەو دێت، ئاشکرایە، کە رۆژ هۆکار نییە بۆ بوونی شەو، رۆژو شەو هەردوو بەهۆی شتێکیترەوە روودەدەن، ئاشکرایە کە بەهۆی سوڕانەوەی زەوییەوەیە بەدەوری خۆیدا. واتە دوو شت بێ لادان، دەتوانن پێکەوە پەیوەندییان هەبێت بەبێ ئەوەی هیچیان هۆکار بن بۆ ئەویتریان، ئەی ئەگەر پێکەوە گرێدانی بەردەوام ئەو شتە بێت، کە ئێمە زیاتر دەتوانین سەرنجیلێبدەینو لێیوردبینەوە، لەم حاڵەتەدا چۆن جیاوازی نێوان ئەو حاڵەتانە بکەین، کە پەیوەندییەکە هۆکارییە، لەگەڵ ئەوانەی کە وانین؟



### ئێمە هیچ نازانین

لەوکاتەوە هیوم سەرنجی بۆ ئەم کێشەیە راکێشاوە، کێچ کەوتۆتە کەوڵی زۆر فەیلەسوفەوە، ئەوەش رێگەخۆشکەر بووە بۆ کێشەیەکی فەلسەفەیی کلاسیکیتر: گەر ئێمە هەرگیز خاوەنی بنەمایەکی ئەزموونگەری نەبین، کە بڵێین رووداوێکی دیاریکراو بەناچارەکی دەبێتە هۆی روودانێکیتر، ئەی کەواتە چۆن زانست قابیلی ئەنجامدانە؟ رەنگە هەموو جارێك بەدرێژایی مێژوو ئاو لەپلەی گەرمی ١٠٠دا دەستیکردبێت بەکوڵاندن. بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە، کە گەرمکردنەکە هۆکار بێت بۆ کوڵاندنەکە، بەهیچ جۆرێکیش بەڵگە نییە بۆئەوەی گەر جاری داهاتوو ئاو گەرم بکەم، لەپلەی ١٠٠دا بکوڵێت. رەنگە جارێکیتری بەجۆرێکیتربێت. لەهەزاران ساڵدا هەموو ئەو قازانەی خەڵکی ئەوروپا چاوی پێیان کەوتووە، رەنگیان سپی بووە، ئەوروپاییەکان تەواو لایان وابووە هەموو قازێك رەنگی سپییە، بەڵام کە هاتن بۆ ئوستراليا، لەوێ قازی رەشیان بینی. کەواتە بینینی ئەو هەموو قازە سپییە هیچ کاتێك گرەنتی نەبووە بۆ ئەوەی هەموو قازێك سپی رەنگ بێت. هەمان پرنسیپ دەکرێت بۆ هەموو جۆرێکیتر تێبینیو چاودێرییەکان بەکاربهێنرێت. ژمارەیەك لە X ببینم کە خەسڵەتی X ی تیادایە، نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی X ی داهاتوو کە دەیبینم وەك X ی پێشوو بێت، رەنگە وا نەبێت. رەنگە من چاوەڕوانبم وابێت، بەڵام ئەوە کاریگەرییەکی دەروونییەو شتێکی تەواو جیاوازە لەبەڵگەی لۆژیکییەوە، ئەوە بەتەواوی پێکەوە تێکەڵکردنی، یان گرێدانی بیرۆکەکانە. لۆژیك بریتییە لەپەیوەندی نێوان گریمانەکان، کە دەشێت گریمانەیەك دژی ئەویتر بێت. بەڵام هەقیقەت دژی هەقیقەتیتر ناوەستێت، گەر هەردووکیان لەڕاستیدا روودەن، ئەوا کێشەیەکی قووڵ بۆ زانست دروست دەبێت. یاسا ئاساییەکانی زانست دژی ئەو بۆچوونە یان گریمانە

گشتییانە نین، کە لەهەمان کاتیشدا خاوەنی پەیوەندییە هۆکاری‌و دەرئەنجامیەکانیشن.

ئەو بۆچوونەی دەڵێت گەر بڕێك ئاو لەژێر پاڵەپەستۆی هەوای ئاساییدا لەئاستی بەرزی رووی دەریا گەرم بکەین، ئەوا ئەوکاتەی پلەی گەرمی ئاوەکە دەگاتە سەد پلەی سەدی، ئاوەکە دەکوڵێت. نەئەم بۆچوونە، کە بەگشتی پەسەندکراوەو نە ئەو پەیوەندییە هۆکاری‌و دەرئەنجامییەی هەیەتی، ناتوانرێت لەلایەن چاودێرانەوە، یان بەهۆی شارەزاییەوە تێبینی بکرێت. چۆن مرۆڤ بتوانێت بۆچوونەکانی لەم رووەوە، یان لەو رووەوە بسەلمێنێت؟ ئەوە ئەگەر هەر لەبنەڕەتەوە ئیحتمالی سەلماندن بوونی هەبێت. دیارە ئێمە بەردەوام وا چاوەڕوان دەکەین ئاو لەپلەی ١٠٠ دا بکوڵێت، بەڵام لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکمان بۆ ئەوە بەدەستەوە نییە. لەبەرئەوەیە ئێمە بەهیچ جۆرێك نابێت بڵێین ئێمە دەزانین وا روودەدات.

گەر ئێمە لەم خاڵەدا راوەستین، ئەوا هیوم وەك گومانگەرێکی تەواو دێتە بەرچاومان. وەك مرۆڤێك، کە نکوڵی دەکات لەوەی ئێمە لەهیچ شتێك دڵنیابین. چ سەبارەت بەبوونی خوا بێت، یان جیهانی دەرەکی، یان خودی خۆمان، یان پەیوەندی پتەوی نێوان ئەم شتو ئەو شتی نێو جیهانی واقیعی بێت. بەلای ئەمەوە ئەوە شوێنی راستەقینەی تیۆرییە. بەڵام ئەو دەڵێت لەڕاستیدا ئێمە ناتوانین بەبێ ئەم بۆچوونە، یان ئەم گۆشەنیگایە بژین. لەبەرئەوەی بڕیاردان لەمەبەست لەژیانمان لێرە بەدەست عەقڵی ئێمە نییە، هەر بۆ نموونە، کە ئێمە لەبەرمانەوەمان بەزیندوویی هەموو کارێك ئەنجام دەدەین، لەبەرئەوە نییە، کە لەهەموو شتێك تێگەیشتووین‌و گەیشتوینەتە ئەو ئەنجامەی عاقڵانەترین شت ئەوەیە بەزیندوویی بمێنینەوە. ئێمە لەبەر هۆکاری ئەقڵی عاشق نابین‌و چێژ لەمیوزیك وەرناگرین، یان لەگەڵ بینینی خواردنێکی بەتامدا دەممان ئاو ناکات.

ئامانجی هەڵسوکەوتەکانمان لەخواستەکانمانەوەیە، لەئازارەکانمانەوەیە، لەحاڵەتی هەستەکیمانەوەیە، لەچێژ وەرگرتنەکانمان‌و لەهەموو جۆرە هەستەکانمانەوەیەو دواتر عەقڵ دێتە ناوەوە بۆ هەڵبژاردن‌و بۆ گونجاندنی ئەو کەرەسانەی پێویستین بۆ گەیشتن بەئامانجەکەمان. بەفورمولەکردنێکی تایبەتی هیوم، کە زۆر بەناوبانگە: عەقڵ کۆیلەی خواستەکانە.

لەبەرئەوە کەس نییە دەستبەرداری خواردن بێت بەو بیانووەی هیچ بەڵگەیەك نییە، کە لەژەمی داهاتوودا خواردن وزەی پێدەبەخشێت. لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکی لەو جۆرەمان لا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا وا پێشبینی دەکەین ئەوەی نەخوات، دەمرێت، ئێمە لەسەرجەمی جارەکاندا بەردەوام دەبین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی سۆز پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانیان. کاتێکیش کەرەسە هەڵدەبژێرین بۆ بەکارهێنانی تا بگەینە ئامانجەکانمان، ئەوا دوای ئەو بیرە رەگ داکوتاوانە دەکەوین، کە لەسەریان راهاتووین. واتە هەڵبژاردنەکانمان پشت بەئەگەری بوونی ئەو پەیوەندییانە دەبەستێت، کە ئێمە ناتوانین بیانسەلمێنین. لەبەرئەوە هەندێك جار دووچاری ناخۆشی دەبین، زۆرجار مرۆڤ شتی وا دەخۆن، کە بۆیان باش نییە، جاری واش هەیە شتی وادەخۆن، کە دەبێتە هۆکاری مردنیان. بەڵام تەنانەت لەو ئاستە دەست پێڕانەگەیشتووەی تیۆریشدا چاکتر وایە هەندێك جار تووشی ناخۆشی ببین، وەك لەوەی بەبیانووی نەبوونی دڵنیاییەوە دەستبەرداری کارێك بین، چونکە لەو حاڵەتەدا، بەواتای وشە هیچ جۆرە ژیانێکمان نابێت.

لەم حاڵەتەدا هیوم بانگەشەی بۆ ئەو شتە دەکرد، کە خۆی ناوی لێنابوو "گومانگەریی نەرمکراو". مەبەستی ئەوەبووە، ئێمە قەناعەت بەخۆمان بێنین، کە بەڵگەی سەلمێنراو جگە لەبواری ماتماتیکدا، لەهیچ کاروبارێکیتری مرۆڤدا رۆڵێکی ئەوتۆی نابێت. ئێمە لەڕاستیدا هیچ نازانین، ئێمە پێشبینییەکانمان هەیە، بەڵام ئەوە یەکسان نییە بە مەعریفە. هیوم بایەخێکی یەکجار زۆری داوە بەو جیاکارییەی

لایبنیز باسی کردبوو (بڕوانە بەشی تایبەت بەلایبنیز) لەنێوان ئەوەی دواتر بەبۆچوونی شیکاریو بەبۆچوونی تێهەڵکێش ناوی بڵاوبۆوەو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، ئێمە هەرگیز ناتوانین لەڕاستی بۆچوونێکی تێهەڵکێش دڵنیابین. لەبەرئەوە نابێت لەمێشکی خۆماندا شوێن بدەین بەو تیۆرییانەی هەمەکین‌و هەموو شتێك دەگرنە خۆ، گەرچی تیۆری فەلسەفەیی، سیاسی، زانستی، ئاینی‌و هەر بوارێکیتر بێت. چونکە گەر ئێمە لەهیچ دڵنیانەبین، ئایا مایەی گاڵتەجاڕی نییە، گەر بڵێین وەڵامی هەموو شتێکمان لایە. سیستەمە تیورییە گەورەو ڕێکخراوەکان بۆ هیوم هیچ بایەخیان نییە. بەلای ئەوەوە دەبێت بۆچوون‌و پێشبینییەکانمان بەشێوەیەکی نەرم‌و نیان وەربگرین، لەزانیاریدا گەر جێی متمانە نەبن‌و هەروەها دەبێت ڕێز لەبۆچوونی ئەوانیتر بگرین. سەرتاپای فەلسەفەکەی هیوم بەگیانێکی ئارام‌و لەسەرخۆو لێبوردەییەوە نووسراوە، هەر وەك کەسایەتییەکەی خۆی کە لەژیاندا بووە.

بۆچوونەکانی هیوم کاریگەری زۆرو بەردەوامی هەبووەو تا ئێستاش ئەو کاریگەرییە هەر ماوە. هەندێك لەو کێشە بنەڕەتیانەی ئەم باسیکردوون، تا ئەمڕۆش بەلای هەندێك فەیلەسوفەوە وەك کێشەی چارەسەرنەکراو سەیر دەکرێن، بەتایبەتی کێشەی پێناسەکردن، کە ئاشکرایە، مەحاڵە بەهۆی کۆمەڵە نموونەیەکەوە، هەر چەندێك بێت، بگەینە ئەنجامێکی کۆتایی گشتی. شێوازی نووسینەکانیشی کاریگەری بۆ سەر کەسانیتر هەبووە. ئەم دەریخست، کە دەتوانرێت بەشێوازێکی ڕوون‌و ڕەوان باسی قووڵترین‌و سەختترین کێشە کان بکرێت. نەك تەنیا فەیلەسوفە ئینگلیزەکانی وەك بێرتراند ڕەسل‌و ئەی. جەی. ئایەر، هەوڵیانداوە لەم ڕووەوە شوێن پێی ئەو هەڵگرن، بەڵکو فەیلەسوفە فەرەنسی‌و ئەڵمانییەکانیش ئەو ڕێچکەیەیان گرتۆتەبەر. بۆ نموونە شۆپینهاوەر، کە لەشێوازی بەئاڵۆزی نووسین بێزار بوو، کە تا ئەوکاتە مۆرکی فەلسەفەی ئەڵەمانی بوو. شۆپینهاوەر بەمەبەست



ویستویەتی هەوڵبدات نووسینە ئەڵمانییەکانی لەسەر شێوازی نووسینە ئینگلیزییەکانی هیوم بێت. لەئەنجامیشدا جوانترین جۆری پەخشانی ئەڵمانی نووسی.

## بیورك

### ناوە گەورەکەی نێو کۆنزەرڤاتیزم

**لەبەرئەوەی ترادیسۆن لەکۆمەڵگە زۆر پێشکەوتووەکاندا بەرجەستەکردنی دانایی‌و شارەزایی چەندین نەوەیە، ئەوا دەشێت ڕێگەنیشاندەرێکی زیاتر متمانەپێکراو بێت بۆ ئێمە بە بەراورد لەگەڵ بۆچوونی تەنیا یەك کەسدا.**

ئەدمۆند بیورك EDMUND BURKE (١٧٢٩–١٧٩٧) لەدایکبووی ئیرلەندەیە، لەخێزانێکی تاڕادەیەك هەژار بووە، لەسەر ڕێبازی پروتستانتی پەروەردەکراوە، لەکۆلیژی (Trinity)ی لەدەبلن‌و دواتریش لەدادگاکانی لەندەن خوێندنی تەواوکردووە. بەڵام هیچکاتێك کاری پارێزەری نەکردووە. بەڵکو وەك نووسەرو ڕۆژنامەوان کاریکردووەو دواتریش لەتەمەنی ٣٧ ساڵیدا بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی گشتی لەپەرلەمانی بریتانیادا. لەگوتارێکیدا بۆ دەنگدەران لەشاری بریستول فۆرمۆلە کلاسیکییەکەی سەبارەت بەو پرنسیپەی، کە ئەندامی پەرلەمان

نوێنەرە نەك نێردراو، پێشکەش کرد، واتە نابێت فەرمانبدرێت بە ئەندام پەرلەمان چۆن دەنگی خۆی بەکاردەهێنێت، چونکە ئەرکی ئەو دەنگدانە بەپێی لێکدانەوەکانی خۆی.

کتێبی هەرە بەناوبانگی ئەو بە ناوی ( Reflektioner om franska revolutionen)ە، سالّی ١٧٩٠ بلاّوکرایەوە، یەك سالّ دوای هەلّگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسا. گەرچی هەرگیز پۆستی وەزیری نەبووە، بەلاّم کوالیتیو ناوەڕۆکی گوتارە فەرمییەکانیو نووسینە رۆژنامەگەرییەکانی، کردبوونی بە یەکێك لەهەرە کەسایەتییە کاریگەرەکانی سەردەمی خۆی، لەوکاتەوە وەك رادەربڕ، یان وتاربێژێکی کلاسیکی لەلایەن سیاسییە کۆنزەرڤاتیڤەکانەوە سەیرکراوە.

## دانایی پێشینان

بەبۆچوونی بیورك کۆمەلّگەی زۆر پێشکەوتوو ئەوەندە هەمەڕەهەندو بەیەکداچووە، کە ئەستەمە تەنیا یەك تاکە مێشك هەمووی لەخۆی بگرێتو لێیتێبگات، چونکە ئەوە بەرهەمی چەندین نەوەیەو لەڕێگەی کۆمەلّێك چالاکیو کاری رێکخراوەیی لەژمارە نەهاتووەوە، چ لەلایەن تاکەکانو چ لەلایەن گروپەکانەوە، ئەنجامدراون، کە دەبێت مامەلّەی واقیعی لەگەلّ هەموویان بکرێت. ئەم ئەنستیتوتو دامەزراوانە بەرجەستەکەری ئیختیارو بڕیارو بۆچوونو ریزبەندی بیروڕاکانیانن، کە هەموو لەسەر بناغەی مەعریفە دانراون. هەموو پێکەوە لەبوونەوەرێکی زۆر گەورەو غەریب دەچن. لەڕووی ئۆرگانییەوە بەپێی پێویست لەگۆڕاندایە و بۆ خۆگونجاندن لەگەلّ پەیوەندییە هەمیشە گۆڕاوەکاندا توانای نوێ دێنێتە بەرهەم. هەرگیز لەمەکینەیەك ناچێت، کە بتوانرێت دوای پلان بۆ دانان دروستبکرێتو پارچەی لێبکرێتەوەو پارچەیتر بەپێی ئارەزوو بخرێتە شوێنی. چ لەڕووی تیۆرییو چ لەڕووی پراکتیکەوە

تاکە یەك بیرمەندی سیاسی یان گروپێك لەسەرکردە سیاسییەکان ناتوانن هێلّی راستو چەپ بە کۆمەلّگەیەکی پێشکەوتوودا بهێننو کۆمەلّگەیەکیتری نموونەییو بێ هەلّە لەجێی دابمەزرێنن. (ئەمە سەرنجی بنەڕەتی بیورك بوو بۆ ئەو کارەی پیاوانی شۆڕشی فەرەنسا دەیانویست ئەنجامی بدەن) بەلای ئەمەوە تەنیا مۆدێلی پەسەند بۆ گۆڕانکاری سیاسی، کە لەگەلّ واقیعدا هارمۆنی تێدابێت، رێکخستنە، نەك شۆڕش. هیچ نەوەیەك نابێت خۆی وەك خاوەنداری سامانەکانی کۆمەلّگەکەی بزانێت، بەلّکو وەك رێکخەر، ئەو نەوەیە لەپێشینانی خۆیەوە دیارییەکی بۆ بەجێماوە، کە ئەرکی ئەمانە پارێزگاری لێبکەنو بیگەنن بە نەوەی داهاتوو. گەر کرا بەزیادەوە، بەلاّم هەرگیز نابێت لەناو ببرێت.

مرۆڤ بوونەوەری ناکامیلە. بیرۆکەی ئەوەی گوایە دەکرێت کۆمەلّگەی مرۆڤایەتی کامیل بێت، ئەوە تەنیا خەونێکە کە نایەتە دی، ئەوەش هۆکارێکە بۆ نەهێنانەدی ئامانجی ئایدیالیستەکان.

دەولّەت دەبێت مرۆڤەکان وەك خۆیان کە هەن، قبولّبکات، ئەوان تەواو لەڕووی تواناکانیانو ئاواتەکانیانەوە لەیەکترجیاوازن. بەلاّم یەکبەیەکیان تێکەلّەیەکن لەباشو خراپ. بۆ بەرژەوەندی گشتی وا چاکترە ئەو کەسانە دەسەلاّت بگرنەدەست، کە خاوەن تێڕوانینی پراکتیکینو فێرن بەرپرسیارێتی کەسانیتر لەژیانی رۆژانەدا بگرنەئەستۆ، نەك تیۆریستەکان. گەرچی تیۆریستەکان وەك تاکەکەس بەهرەدارن، بەلاّم بۆ بەڕێوەبردنی دەولّەت پێویست بە بریقو باقی رۆشنبیریی نییە، بەلّکو تێگەیشتن لەخەلّكو شارەزایی لەدنیا، کەسایەتی بەهێزو ژیرو رەنگە بڕێکیش لەستایل پێویست بێت، زیاتر باوەڕ وایە ئەم جۆرە کەسانەی ئەم خەسلّەتانەیان تیا کۆدەبێتەوە، ئەو کەسانەن، کە بۆ دەولّەمەندیو بەرپرسیارێتی لەدایك بوون، نەك ئەوانەی خاوەن بەهرەو توانانو لەخێزانە

بچوکەکانەوە هاتوون، گەرچی دەکرێت هەندێك لەوانە سوود بەخشانە بچنە ریزی خاوەن دەسەلاَتدارانی هەر نەوەیەکەوە.

هەموو ئەم بۆچوونانە وەك فەرش بە دەزووی گرنگو جیاجیا چنراون، لەنموونەی خۆشەویستیو ڕێزگرتن لەواقیعە کۆمەلاَیەتییەکەو بۆ ئەو رابووردووەی کە ئەمرۆی هێناوەتە بەرهەم. بە ئاگادارییەوە هەڵوێست بەرامبەر گۆڕانکاری وەربگیرێتو خواست وابێت گۆڕانکارییەکان قۆناغ بە قۆناغ ئەنجامبدرێن. هەمە جۆریی کاراکتەرو هێزو تواناکانیان پەسەند بکرێتو بزانرێت کە توانای کامیلبوونیان نییە. یاسای یەکسانی رەفزبکرێتو حەز بە تێکەڵبوونی عەقڵو سیاسەت نەکرێت، واتە گومان هەبێت بۆ جێبەجێکردنی بیرە مەزنەکان، ئایدۆلۆژیاکانو رێبازە ئاینییەکان بەسەر مرۆڤی لەخوێنو گۆشت پێکهاتوو. هەروەها گومان بکرێ لەوانەی بانگەشە بۆ ئەم کارانە دەکەن.

کۆنزەرڤاتیزم جۆری زۆری هەیە، تەنانەت لەکۆمەڵگەیەکی وا بەستەی ترادیسۆنو جێگیری وەك کۆمەڵگەی بریتانی. بەلاَم (بیورك)ی لایەنگری سیاسەتی پارێزگاران لەریزی هەرە پێشەوەی مەدەنییەکانەو خاوەن ئامانجی واقیعی وایە، تەنانەت نەیارەکانیشی رێزیان لێگرتووە.

## پایەبەرز

بیورك ئایدیایەکی گرنگی هەبووە، هەر تەواو بە دەر لەبواری سیاسەت، کە لێرەدا شایانی باسکردنە. لەکتێبەکەیدا بەناوی A philosophical Enquiry in to the origin of our ldeas of the sublime and Beautiful کە ساڵی ١٧٥٦ بلاَوبۆتەوە، دژی ئەو بۆچوونە رۆشنگەرییەی سەدەی هەژدە بووە، کە دەڵێت سادەیی خەسڵەتێکی پێویستە بۆ هونەری بەرز، ئەم بە پێچەوانەوە گوتویەتی هونەری بەرزو گەورە بەدوای نەمریدا دەگەڕێت، لەبەرئەوەی ئەو شتەی



نەمرە، سنووری بۆ نییە، هەرگیز ناتوانێت سادەو سنووردیاریکراو بێت، هەر بۆیە هونەرە بەرزەکان راڤە ناکرێنو هەر لەبەرئەوەشە ئێمە بۆچوونە سەرنجڕاکێشەکان زیاتر کارمان تێدەکەن، وەك لەبۆچوونە روونو سادەکان، لەم گۆشەنیگایەوە بیورك باسی لەپاڵنەرە شارەواکانی سۆزو هەست کردووە. لەئینگلاند، ئەم کتێبە بووە هۆکار بۆ ئەوەی خەڵکی دەستبەرداری فۆرمە کلاسیکییەکەی سەدەی هەژدە بن بۆ تێڕوانینیان بۆ هونەرو زیاتر رووبکەنە قۆناغی رۆمانسی بۆ هونەر.

## بیرمەندە شۆڕشگێڕە فەرەنساییەکان

لەفەرەنسای سەدەی هەژدەدا کاریگەریێتی ئەو شێوازە نوێیەی بیرکردنەوە کە بەهۆی زانستی نیۆتنو فەلسەفەی (لۆك)ەوە دروست بوو بوو، لەڕێگەی کۆمەڵێك نووسەری بلیمەتەوە بەناو هەموو خوێندەوارانی فەرەنسادا بڵاوبووەوە. چینێکی نوێی روناکبیر دروست بوو، کە پابەندی بیرکردنەوەی ئایینی نەبوونو لەڕووی سیاسییەوە رادیکال بوون، ڤۆلتێر، وەك ساتیرنووسێکی بەتوانا (نووسینی رەخنەی گاڵتەئامێز) بە پەنابردنە بەر پێکەنین قەناعەتە باوەکانی خستە بەردەم رەشەبا. هەروەها نووسەری بەناوبانگ، دیدرۆ، ئینسکلۆپیدیایەکی شاکاری لەسیو پێنج بەرگدا بڵاوکردەوە، مەبەست لەم کتێبە گەورەیەش گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی باوی ئەوکاتانە بوو. ئەو پایەو کۆڵەکانەی کەنیسەو دەوڵەت پاڵیان پێوەدابوو، هاتنە لەرزین. شۆڕشێکی رادیکاڵی بەرپابوو، کە تا ئەم سەردەمەی ئێمەش کاریگەریی بەردەوامی هەیە.



## ڤۆلتێر

**ڤۆلتێر، لەهەر نووسەرێکیتر زیاتر کاریکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی نوێو لیبرالیزمی نوێ لەکیشوەری ئەوروپادا.**

ڤۆلتێر ١٦٩٤–١٧٧٨ لەبنەماڵەیەکی دەستڕۆشتووی پاریسی بووە. ئەم ناوە، ناوێکی خوازراو بووەو بۆ نووسینەکانی بەکاریهێناوە، لەبنەڕەتەوە وەك یاریکردنو ئاڵوگۆڕکردنێك بە پیتەکانی ناوە رەسەنەکەی خۆی دروستیکردووە. خۆی ناوی (Arouet) بووە. لای مامۆستا هەرە باشەکان یاسای خوێندووە. بەڵام دەستیکردووە بە نووسینی ساتیر. هەر لەتەمەنی هەرزەکارییەوە ئەم توانایەی تیا دەرکەوتووە. بە رادەیەك، هەر بە گەنجێتی چەند جارێك لەپاریس دەرکراوە، لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا بە ناچاری ئاوارەی هۆڵەندا بووەو لەبیستو پێنج ساڵیدا نزیکەی ساڵێك خراوەتە زیندانی باستیلەوە. هەروەها هەر لەتەمەنی لاوێتیدا وەك بەناوبانگترین شانۆنامەنووسی فەرەنسا ناوی بڵاوبۆتەوە. نزیکەی پەنجا ساڵ شانۆکانی فەرەنسای بە گەرمی سەرقاڵ کردبوو. لەم سەنگەرەوە (هەروەك بیرناردشۆ لەسەدەی بیست لەبریتانیا) ئەمیش بێ وچان بەبۆچوونە چڕو بەهێزەکانی، دەربارەی هەموو شتێك، جیهانی بۆردومان دەکرد. بەڵام هەمیشە نوکتەو گاڵتەئامێزو بەوپەڕی رۆشنبیرییەوە.

## روناكى عەقڵ

دواى دووەم زیندانیكردنى لەباستیل، ڤۆلتێر ناچاركراوە دوو ساڵ وڵات جێبهێڵێتو رووبكاتە ئینگلتەرەو لەوێ بژى. ئەوەش بووە خاڵى وەرچەرخانى فیكرى لەژیانیدا. ئەو ئازادییە بەرفراوانەو ئەو رێزگرتنە لەتاكەكەسانو لەیاسا كە لەئینگلاند بینى، بۆ ئەم بوو بەپێوەر بۆ رەخنەگرتنو سەركۆنەكردنى فەرەنسییەكان لەهەموو ژیانیدا. بەتەواوى شارەزایى لەزمانى ئینگلیزیدا پەیداكرد، بەوردى زانستى نوێو فەلسەفەى لیبرالیزمى خوێندبۆوە (ئەو زانستو فەلسەفەیەى لەلایەن نیوتنو جۆن لۆك نوێنەرایەتى دەكران) ئەم خۆى ئایدیاى نوێو زۆر گرنگى تایبەت بەخۆى نەبووە، بەڵام ئایدیاى بیرمەندانى تر، بۆ ئەم ئیلهامبەخش بوون، نووسینەكانى بە ئایدیاكانى دەوڵەمەند كردوە. بەهەموو جۆرێك هەوڵى بڵاوكردنەوەى ئەو ئایدیایانەى داوە، لەشانۆنامەكاندا، لەرۆمانەكاندا، لەبیرەوەرییەكاندا، لەمێژوونووسیندا، لەناميلكەكاندا، لەنامەكراوەكانداو لەرەخنەگرتنەكانیداو بەشێوازێكى درەوشاوەو زیرەكانەى وا، كە خوێنەران لەهەموو ئەوروپاى رۆژئاوادا پەرۆشى خوێندنەوەى بەرهەمەكانى بوون. بە دەگمەن بەهرەمەندى وا جەماوەرى یان وا كاریگەر بۆ سەر كۆمەڵگەى دەوروپشت هەبووە.

رەنگە لەهەموو شتێك زیاتر ئەم ئەو مەبدەئەى (لۆك)ى بڵاوكردبێتەوە، كە دەڵێت: ئەو باوەڕەى ئێمە بۆ قەناعەتەكانمان هەمانە، دەبێت پشت ئەستوور بن بەو بەڵگە هەستەكیانەى دەربارەیان هەمانن. لەو سەردەمانەدا زۆر هەڵوێستى ئایینىو كۆمەڵایەتى وا هەبوون، كە كەنیسەو دەوڵەت پشتگیرییان لێدەكردن، بەڵام كاتێك دەخرانە بەر رۆشنایى تاقیكردنەوەى عەقڵى، یەكسەر هەرەسیان دەهێنا. ئەو داواكارییە بۆ سەیركردنى هەموو شتێك لەبەر رۆشنایى عەقڵدا بە "رۆشنگەرى" ناوبرا ئەو سەردەمەش، كە لەئەوروپاى رۆژئاوا ئەو داواكارییەى تیا جێگیربوو، "بە سەردەمى رۆشنگەرى" ناسراوە.

### توندىو رەقى زیاتر

بەهۆى ڤۆڵتێرەوە، رەوتى لیبرالیزم لەبەشە وشكانى ئەوروپادا، بە بەراورد بە ئینگلاند، زیاتر رەقىو توندى لەخۆگرت. لەئینگلاند بەهۆى ئەو ئازادییە رێژەییو هەلومەرجە باشترەوە ریفۆرمیستەكان بیانویان بۆ بەكارهێنانى هێز بەدەستەوە نەبوو. لەئینگلاند كەنیسە رۆڵى بەرچاوى نەبینیوە، چ دەوڵەتو چ كەنیسە هیچ جۆرە فشارێكى وایان نەبووە بۆ سەر خەڵك، كە شایانى باسكردن بێت. هەر لەبەرئەوە هیچ جۆرە هەستێكى شۆڕشگێڕانە گروتینى پەیدا نەكردووە. بەپێچەوانەوە، لەفەرەنسا حكومەتێكى زۆردار لەلایەن هەندێك كەسەوە بەڕێوە دەبرا، كە خۆیان لەسەرو یاساوە دانابوو، ئەمانە دەست لەناو دەستى كەنیسەى كاسۆلیكى پێكەوە كاریان دەكرد. ئەوكاتانە كەنیسەى كاسۆلیكى رێبازێكى توندو نالێبوردەیى گرتبووە بەرو هاوپەیمانێتى خۆى لەگەڵ دەسەڵاتى سیاسیدا بەكاردەهێنا بۆ زیاتر فشارخستنەسەر هاوڵاتیان (زۆربەى ناوچەكانى ترى بەشە وشكانى ئەوروپا* یان وەك فەرەنسا بوون یان خراپتر) لەو جۆرە شوێنانەدا لیبرالیزم دەبێتە هاندەر بۆ شۆڕشو روخاندنى حوكمى زۆردارىو بنەماڵەیىو گۆڕینى بۆ جۆرە حوكمێك، كە یەكسانى كۆمەڵایەتى تیا پیادەبكرێتو بەپێى یاسا بەڕێوە بچێت.

* بەشى هەرە فراوانى ئەوروپا، كە وەك ئینگلاند دوورگەنینو چوارلایان ئاو نییە پێى دەگوترێت (Continent) كە لێرەدا بە بەشە وشكانى ئەوروپا یان وڵاتانى وشكانى ئەوروپا بۆ جیاكردنەوە لەئینگلاندو ئیرلەند.. ناویان دەبەین (و. ك)

### گۆڕان بێ زەبروزەنگ

لەبواری کێشە مەعریفییەکاندا، لیبراڵەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە لەبری ملکەچکردن بۆ ترادیسۆنو دەسەڵاتو ڕەوتی باو، تاك مافی بیرکردنەوەی عەقڵیو بوونی ڕای جیاوازی هەیە. بەلای ڤۆلتێرەوە وابوو کە دەکرێت بێ بەکارهێنانی زەبروزەنگی زیاترو بێ قوربانی دانی زیاتر، زینیدانیکردنو ئاوارە بوونی تاراوگەو ڕووبەڕووبوونەوەی سانسۆر، واتە ئەو کارانەی زۆرجار خۆی دووچاریان بووبوو، ئەو خەباتە سەربکەوێت. بەڵام زۆر کەس لەوانەی دوای ئەم پێیان وابوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی کۆن، زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە پێویستە، هەرچەندە ڤۆڵتێر خۆی کەسێکی شۆڕشگێڕ نەبووە، بەڵام بەلای زۆربەی هەرە زۆرەوە وەك باوکی ڕۆحی شۆڕشی ئازادی بیر لەفەرەنسای سەدەی هەژدەدا، دادەنرێت، ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە، کە بەرادەیەکی زۆر بەرز کاریگەری هەبووە لەبەرپابوونی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی شۆڕشی فەرەنسادا.

لەو کاتەوەو تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم هێزە ریفۆرمخوازەکانی وڵاتانی بەشە وشکانی ئەوروپا ئارەزووییەکی زیاتریان هەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریو ئامادەباشییەکی زیاتریان هەبووە بۆ پەنابردنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی بە مەبەستی گەشەدان بەجیهانی ڕۆشنگەری لەچاو ریفۆرمخوازەکانی وڵاتانی ئینگلیزی زماندا.

لەو وڵاتە ئینگلیزی زمانانەدا، ئەم ترادیسۆنە شۆڕشگێڕییە هەرگیز بە تەواوی ڕەگی دانەکوتا، لەبەرامبەریشدا ترادیسۆنی دژە شۆڕشیش کە فاشیزم نوێنەرایەتی دەکرد، لەو وڵاتانەدا سەریانهەڵنەدا. لەسەدەی بیستەمدا شۆڕشگێڕە چەپخوازەکانو ڕاستڕەوە ئەنتی شۆڕشگێڕەکان دەیانویست یەکەمجار وڵاتانی ئەوروپای وشکانی بۆ خۆیان پاوان بکەنو دواتر بەرەو زۆربەی بەشەکانیتری جیهان بڕۆن. بەڵام لەهەموو ئەو سەردەمەدا، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانیتر، دەستیان بۆ وڵاتانی ئینگلیز زمان نەبرد. هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئێستا پێدەچێت، جارێکی تر لیبرالیزم لەو بەشانەی تری جیهاندا بڵاوبێتەوە.

## دیدرۆ

### نووسەری ئینسیکلۆپیدیا

**دیدرۆ، مرۆڤێکی هەمەکار، فەیلەسوف، ساتیرنووس، شانۆنامەنووس، ڕەخنەگر لەکاری هونەری، نووسەری سەرەکی ئەو ئینسکلۆپییدیا فەرەنسییە بووە، کە لەجیهاندا ناوبانگی دەرکرد.**

دینیس دیدرۆ (Denis Diderot) ١٧١٣-١٧٨٤، هەر وەك دیکارتو ڤۆڵتێر لەسەر دەستی مامۆستا هەرە باشەکان یاسای خوێندووەو دواتر دەستبەرداری ئەو خوێندنە بووە. ئەم ماوەیەکی درێژ هیچکارێکی وەرنەگرتووە، بەڵکو وەك

خوێندکارێکی خوێنگەرم، دوای بڕینی موچەی خوێندنیش، بەردەوام بووە لەسەرخوێندن، لەگەڵ تەواوکردنی بابەتێکدا دەستیکردوە بە خوێندنی بابەتێکیتر، لەماتماتیکەوە بۆ زانستە سروشتییەکانو لە زمانە کلاسیکییەکانەوە تا زمانە مۆدێرنەکان. ئەوکاتانە بە هەژاریو نەناسراوی ژیانی بەسەردەبرد. سەرەتا، کاتێك دەستیدایە وەرگێڕانی چەند کتێبێکی ڕۆشنبیری گرنگ لەئینگلیزییەوە بۆ فەرەنسی، ناوی دەرکردو پارەی دەست کەوت، یەکەم بەرهەمی خۆی کتێبێك بوو بەناوی Pensees Philosophiques (بیرە فەلسەفەییەکان) ساڵی ١٧٤٦ بڵاوکرایەوە، هەرهەمان ساڵ لەپرۆژە مەزنەکەی نووسینەوەی ئینسکلۆپیدیادا دەستبەکاربوو.

ئەم پرۆژەیە سەرەتا پرۆژەیەکی کەمبایەخی بازرگانی ئامانج بووە بە مەبەستی وەرگێڕانی (سیکلۆپیدیای کامبردج)ی ساڵی ١٧٢٨ لەئینگلیزییەوە بۆ فەرەنسی. بەڵام پرۆژەکە ئەوەندە گەشەی کرد، کە هیچ پەیوەندییەکی بە پلانە سەرەتاییەکەیەوە نەما، دیدرۆ بوو بە سەرنووسەر، ئەم پرۆژەیە بۆی بوو بە کاری سەرەکیو سەرچاوەی دارایی، بەردەوام بەرگ دوای بەرگ چاپ دەکراو بڵاودەبۆوە تا لەکۆتاییدا گەیشتە بەرگی ژمارە سیو پێنج، تا ئەو سەردەمە بە هیچ زمانێك کتێبی وا گەورە دەرنەچووبوو.

گرنگییە مێژووییەکەی لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەوەدا بوو، کە هەڵوێستی نوێی بەرامبەر زانست تێدابوو، کە ڤۆڵتێر لەئینگلاندەوە، هاوردبووی، هەڵوێستێکی مەعریفی سەرچاوەگرتوو لە فیکری زانستی فرانسیس باکۆنو ئیسحاق نیوتنەوە بەهاوتەریبی لەگەڵ ئەو ڕەوتە فەلسەفەییەی، کە ڕەگو ریشەی دەگەڕایەوە بۆ لای جۆن لۆك. دیدرۆ گوتویەتی، کە ئامانجی ئەم وەك سەرنووسەر گۆڕینی "بیرکردنەوەی باو"ە، هەڵبەتە تاڕادەیەکی زۆر زۆریش ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاندووە.



## بۆچوونی دژ بە دەسەڵات

گرنگترین سەرەنجامی نێگەتیڤ، کە دووچاری (ئینسکۆپیدیا) بووەوە، ئەوەبوو کە بە دڵی دەسەڵات نەبوو. لەژێر دێڕەکانی هەموو ئەو شاکارە گەورەیەدا نکوڵیکردن لەوەی کە، گوتارە ئاینییەکان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوبن بۆ زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە جیهان، دەخوێندرایەوە. هەر بەو پێیە نکوڵی لەبوونی دەسەڵاتی ئینجیلو کەنیسە دەکرد. هەروەها ئینسکلۆپیدیا کە دژی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی بوو بەسەر ژیانی هونەریو فیکریدا، دژ بە زۆربەی بنەما کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایینیەکانی سەردەمی خۆی بووە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەم ئینسکلۆپیدیایە تێگەیشتنێکی وای سەبارەت بە مەعریفەو لێکۆڵینەوە دەربارەی زانستی سروشتیو زانستە مرۆڤایەتییەکان بڵاوکردۆتەوە، کە دواتر بووە بە دیارترین نیشانەکانی سەردەمی مۆدێرن.

## پێشانگایەك بۆ ئایدیاکان

زۆربەی نووسەرانو بیرمەندانی فەرەنسا هاوکار بوون لەنووسینی ئینسکلۆپیدیادا. ڤۆلتێر، ڕۆسۆو مۆنتیسکۆو زۆری تریش. زۆر لەو بەشدارانە بەناوی خۆیانەوە، تەنانەت نووسەرە بەناوبانگەکانیش، بەناوی خۆیانەوە بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، هەندێك لەو بابەتانە دواتر لەبەر ناوبانگیان مۆرکی بابەتی کلاسیکییان وەرگرت، دیدرۆ خۆی نووسەری گەلێك لەوجۆرە بابەتانە بووە. ئەو ئینسکلۆپیدیایە لەچاپە یەکەمەکەیدا نزیکەی ٤٢٢٥ دانەی لێفرۆشراوە، ئەوکاتە، لەهیچ وڵاتێك بەو تیراژە کتێبێك نەفرۆشراوە. کاریگەری ئەم ئینسکلۆپیدیایە لەسەر ژیانی روناکبیری ئەوروپا بێ وێنە بووە. دەبێت مرۆڤ ئەوەی لەیادبێت کە پاریس ئەو سەردەمانە وەك پایتەختی روناکبیریی، هونەریی، کۆمەڵایەتیو سیاسی جیهان بووە، مرۆڤی

رۆشنبیری هەموو وڵاتان خۆیان فێری فەرەنسی کردبوو، فەرەنسی زمانی ئینتەرناسیۆنالی بوو لەبواری دیپلۆماسیدا. تەنانەت چینی خاوەن دەسەڵات لەهەندێك وڵاتدا بە فەرەنسی دەدوان، نەك بە زمانی میللەتەکانی خۆیان، لێرەوە دەبێت تێبگەین بۆ مرۆڤە فەرەنساییەکان خۆشحاڵ نەبوون بەوەی لەسەدەی بیستەمدا ئینگلیزی وەك زمان زاڵ بوو بەسەر فەرەنسیدا.

ژمارە دوای ژمارە کێشەی سانسۆری دەسەڵاتداران‌و ئینسکلۆپیدیا قووڵتر دەبۆوە. ساڵی ١٧٥٩ بە فەرمانی مەلیکی بڵاوکردنەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە قەدەغەکرا، بەڵام دیدرۆ لەگەڵ هاوکارەکانی‌و خاوەن چاپخانەو بڵاوکەرەوەکان بە نهێنی بەردەوام بوون لەکارەکانیانداو بە نایاسایی کاریاندەکرد بۆ دەرکردنی بەرگەکانیتر، تا هەموو بەرگەکان بەچاپ گەیەندران.

لەپاڵ ئەو کارانەشدا، دیدرۆ بەرهەمی تایبەتی خۆیشی نووسیوە. دەیزانی ئەم بەرهەمانەش لەسانسۆری رەسمی دەرباز نابن، چونکە باسیان لەماتریالیزم‌و بێباوەڕی دەکرد. بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەنووسینی ئەو جۆرە بابەتانە، لەو بڕوایەدا بوو کە رۆژێك دێت جیهان بایەخ بە کارەکانی بدات، هەڵبەتە هەر واش دەرچوو.

سەرەنجام وا کەوتەوە بەهۆی بەسەرچوون‌و کۆنبوونی بابەتەکانەوە، لەئەنجامی پێشکەوتنی زانستدا ئینسکلۆپیدیا بایەخ‌و گرنگی خۆی لەدەستدا. بەڵام ئەو بەرهەمانەی تری دیدرۆ، کە تا ئێستاش بەهۆیانەوە ئەم ناوبانگی هەیە، پاش مردنی بڵاوکرانەوە. رەنگە لەهەموویان بەناوبانگتر کتێبی (Le Neveude Rameau) ساڵی ١٨٢١و (Le Reve d Alembert) ساڵی ١٨٣٠و رۆمانی (La Religieuse) ساڵی ١٧٩٠ بێت، گەرچی زۆر بابەتی تریشی مایەی سەرنجراکێشانن.



دیدرۆ نووسەرێکی ئینسکلۆپیدی هەمەلایەن بووە، خاوەن مەعریفەیەکی زۆر بەربڵاوبووەو بە پەرۆشی‌و گەرمییەکی بێ وێنەوە بابەتی زۆر هەمەڕەنگی لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا نووسیوە. ئەم سەرنووسەری گرنگترین‌و پڕبایەخترین ئینسکلۆپیدیا بووە.

# رۆسۆ

## رەخنەگری شارستانییەت

**رۆسۆ یەکەم فەیلەسوفی رۆژئاوایی بووە، کە داوایکردوەو گوتویەتی، دەبێت بۆچوونەکانمان زیاتر لەسەر بناغەی هەستەکانمان دابرێژرێن، نەك لەسەر بنەما عەقڵییەکان.**

ژان ژاك رۆسۆ (١٧١٢ ـ ١٧٧٨) لەشاری ژنێف لەدایك بووە، ئەو سەردەمانە ژنێف وڵاتێکی سەربەخۆ بووە. ئەمە گرنگی لەوەدایە، کە دەریدەخات رۆسۆ فەرەنسی نییە، جگەلەوەش، بەپێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی بەفەرەنسی نووسیویانە، ئەم هەرگیز بەکەلتووری فەرەنسی، تەنانەت بەهیچ کەلتوورێکیتریش، سەرسام نەبووە. سویسرایی بوونەکەی کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر هەڵوێستو بۆچوونەکانی دەربارەی دیموکراسی، کە دواتر زیاتر پەیوەستی بوو. بەپێچەوانەی زۆربەی فەیلەسوفە ناودارەکانیترەوە، ئەم پلەیەکی بەرزی ئەوتۆی خوێندنی نەبووە، کە ئەوەش گرنگی خۆی هەبووە بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستوەرگرتنی دەربارەی هەستە سروشتییەکان، لەبەرامبەر بیرکردنەوە هزرییەکاندا.

چەند رۆژێك پاش لەدایك بوونی، دایکی مردووە. باوکی، کە مرۆڤێکی خاوەن رەفتاری سەیر بووە، بەیارمەتی ژنێکی خزمیان پەروەردەی کردووە، دیارە فێری خوێندنەوەو نووسینی کردووە. دواتر نێردراوە بۆلای قەشەیەك لەگوندێکو دواتریش چۆتە لای مامێکی. بۆ خوێندن یەکەم جار چۆتە بەردەستی دادنووسێکو دوای ئەویش بەردەستیی نەخشهەڵکەنێکی کردووە، کە مامەڵەی لەگەڵیدا زۆر رەق بووەو ئەم لەدەستی هەڵاتووە.

هەموو ژیانی هەر بەو شێوازە بووە، زۆربەی کات هەستەکانی دژ بەیەك بوونو هەمیشە بێئارامو بەردەوام لەسەرگەردانیو سوڕانەوەدا بووە، لەکارێکەوە بۆ کارێکیتر. گەلێك لەچەرمە سەرییەکانی ژیانی بینیوە. کاری جۆراو جۆری کردوە. تەنانەت خزمەتکاریش. لەکچە کارەکەرێك پێنج مناڵی بەناشەرعی بووە. لەگەڵ ئەوانەشدا چاوی بەدیدرۆو فەیلەسوفەکانیتر کەوتووە. لێرەدا مەبەست لەفەیلەسوفەکانیتر، ئەو نووسەرانەیترن، کە هاوکاری دیدرۆ بوون لەنووسینی ئینسکلۆپیدیاکەدا، واتە مەبەست زیاتر نووسەرە روناکبیرەکانی ئەوکاتەیە، نەك فەیلەسوف. داواکرا، کە ئەمیش لەو ئینسکلۆپیدیایەدا کار بکات. نووسینەکانی لەوێدا دەربارەی میوزیك بوون. ئەو سەردەمەی رووی کردە پاریس، بەو هیوایە بوو لەبواری میوزیکدا ناوبانگ پەیدا بکات، شایانی باسە ئەم سیستمێکی نوێی نوتە نووسینی داهێنا. گەرچی دوای چەند ساڵێك ئەو ئۆپەرایەی ئەم بەناوی (Le Devin du village) (فالگرەوە لادێییەکە) ساڵی ١٧٦٦ بەسەرکەوتوویی‌و بەئامادەبوونی لویسی پانزەهەم لە Fontaine bleau نمایشکرا، بەڵام درێژەی بەو کارانەی نەدا. بەڵکو بەهۆی پەخشانە نووسینەکانییەوە ناوبانگی دەرکرد.

سەرەتا بەدوو گوتار دەستیپێکرد، یەکەم نووسینێك بەناوی (Discours sur les Sciences et les art) ساڵی ١٧٥٠و دووەم بەناوی (Discours sur les origins et les fondements de linegalite Parmi les homes) ساڵی ١٧٥٤. دواتر لەماوەی دووساڵدا لە ١٧٦١–١٧٦٢دا چوار بەرهەمی بەناوبانگی بڵاوکردەوەو La Nouvelle Heloise, Emile, Du contrat Social (پەیمانی کۆمەڵایەتی)

(که پاش مەرگی خۆی بڵاوکرایەوە (دانپیانانەکان) Confessions لەدەوروبەری ساڵی ١٧٦٥دا، دوای بانگهێشتکردنی لەلایەن (داڤید هیوم)ی فەیلەسوفی بریتانییەوە، رۆسۆ بڕیاریدا بڕوات بۆ ئینگلاند. ئەوکاتانە رۆسۆ لای زۆربەی نووسەرانی ئینسکلۆپیدیا (فەیلەسوفەکان) خۆشەویستو رێزلێگیراو بوو.

بەڵام لەئینگلاند تووشی ترسو دڵەڕاوکێیەکی بەهێزبوو، وای هەستدەکرد، کە هیوم دژایەتی دەکاتو دەیەوێت تێکیبشکێنێت. بەپەلە خۆی گەیاندەوە فەرەنسا. ساڵی ١٧٧٨ لەوێ کۆچی دوایی کرد.

رۆسۆ سێ بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەی هێنایە ناو شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفەییانەی وڵاتانی رۆژئاواوە، کە لەوکاتەوە رۆڵی زۆر گرنگیان بینیوە. یەکەم ئەوەیە، کە شارستانییەت خۆی لەخۆیدا بریتی نییە لەچاکە، بەو شێوەیە نییە، کە هەمووان هەموو کاتێك بەچاکە وەسفی دەکەن. تەنانەت لەڕووی بەهاوە بێ لایەنیش نییە، بەڵکو راستەوخۆ خراپە.

دووەم ئایدیا ئەوەیە، کە ئێمە دەربارەی هەموو کێشەکانی ژیان، چ لەڕووی تایبەتییەوە یان گشتییەوە، دەبێت کار بۆ تێرکردنی ئارەزووە هەستەکیو غەریزەییەکانمان بکەین، نەك جێبەجێکردنی داواکارییە عەقڵییەکان، بە وشەیەکیتر، پێویستە لەبوارەکانی ژیاندا هەست رێگە نیشاندەرو بڕیاردەر بێت، نەك عەقڵ. ئایدیای سێیەمیش بریتییە لەوەی، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوونەوەرێکی هەرەوەزی خاوەن ویستی تایبەت بە خۆیەتی، کە جیاوازی هەیە لەکۆی ویستی هەموو ئەندامە تاکەکانی ناویو پێویستە هاووڵاتیان بەتەواوی ملکەچی ئەو "ویستە گشتییە" بن.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم، بەبۆچوونی رۆسۆ، مرۆڤ کە لەدایك دەبێت، خاوەن سیفەتی چاکەیە، بەڵام بەهۆی تاقیکردنەوەکانی ژیانو گەورەبوون لەنێو کۆمەڵگەدا سیفەتە چاکەکەی لەدەستدەداتو خراپ دەبێت. لەبەرئەوەی بەلای ئەمەوە مرۆڤ بەسروشت بوونەوەرێکی چاکە، تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی هۆبز بووە. بەلای رۆسۆوە مرۆڤ بەسروشت "دڕندەیەکی رەوشت بەرزە" بەڵام منداڵێك، کە لەکۆمەڵگەیەکی بەشارستانی ناوبراودا، پەروەردە دەکرێت، فێری چەپاندنو نکوڵیکردنو دژایەتیکردنی ئارەزووە غەریزییەکانی خۆی دەبێت. هەستە راستەقینەکانی خۆی دادەپۆشێت، بەزۆر خۆی ناچار دەکات بۆ پەسەندکردنی شێوازە دەستکردەکانی بیرکردنەوەو رێگە بەخۆی نادات بەحەزو ئارەزووی راستەقینەی خۆی مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکات، لەهەمانکاتدا خۆی وا دەردەخات، کە حەزو ئارەزووی ئەو شتانەی هەیە، کە لەڕاستەقینەدا بەپێچەوانەوەن. سەرەنجام بەخودی راستەقینەی خۆی نامۆ دەبێت (دەستەواژەی نامۆبوون دواتر بۆ یەکەمجار لەلایەن هیگڵەوە بەکارهێنراوە). گیانێکی سیخناخ لەناڕەسەنیو دوو روویی دروست دەبێت، کەواتە شارستانییەت بریتییە لەتێکدەرو لەڕێ لادەری بەها راستەقینەکان، نەك وەك هەمیشە مرۆڤەکان لایان وایە، کە ئەم خولقێنەرو بڵاوکەرەوەی ئەو بەهایانەیە.

بەڵام ئەوکاتەی مرۆڤ پێی نایە ناو شارستانییەتەوە، ئیتر هیچ بوارێکی بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکە بۆ نامێنێت. دەبێت چی بکەین؟ ئەرکمان بەشارستانێتیکردنی شارستانییەکەمانە - دەبێت بەجۆرێك بیگۆڕین، کە بواری دەربڕینی زیاترو ئازایانەتر بۆ ئارەزووە غەریزییەکانمانو هەستەکانمان بدات.

رۆسۆ لەڕۆمانی (La Nouvelle Heloise)دا بەڕوونی باسی لەزاڵکردنی هەستەکانی کردوە بەسەر عەقڵو جڵەو گیریدا.

رۆسۆ داوای گۆڕانکاری بنەڕەتی کردووە لەبواری پەروەردەکردندا، بۆ ئەوەی تاك لەکۆتو بەندی سایکۆلۆژی شارستانییەت ئازاد بکرێت.

خاڵی سەرەکی ئەم لێرەدا ئەوەیە، کە پەروەردە وەك ئەوەی سەردەمی خۆی نەبێت، کە ئەرکی ئەو جۆرە پەروەردەکردنە فشارخستنەسەرو سنووردیاریکردن

بووە بۆ چالاکییەکانی منالاَن، بەڵکو بەپێچەوانەوە منالاَن هانبدات بۆ دەربڕینی هەستو نەستو بۆ گەشەکردنیان. بەلای ئەمەوە چاکترین هۆکاری یارمەتی پەروەردەییو فێرکردن نابێت بریتی بێت لەوشە فێرکردنو تاقیکردنەوە لەکتێبەکاندا، بەڵکو دەبێت راهێنانو نموونە هێنانەوە بێت، واتە شارەزایی راستەوخۆ دەربارەی مرۆڤو شتەکان. ژینگەی سروشتیش بۆ ئەم جۆرە فێرکردنە ناو خێزانە، نەك قوتابخانە، یارمەتیدەری سروشتیش لێرەدا هاوکاریکردنو خۆشەویستییە، نەك یاساو سزاکان. رۆسۆ لەکتێبی (Emile)دا ئەم بیروڕایانەی خستۆتە روو. هەڵبەتە ئەم کتێبە زیاد لەهەر کتێبێکیتر رۆڵی زۆر بەرچاوی هەبووە لەبواری پەروەردەکردندا لەئەوروپادا.

هەروەها بۆچوونی رۆسۆ دەربارەی باوەڕی ئاییی زۆر نزیکە لەبۆچوونەکانییەوە دەربارەی بابەتەکانیتر. ئەم وەك زۆربەی (فەیلەسوفەکان - ئینسکلۆپیدیستەکان)ی ئەو سەردەمە بێباوەڕ نەبووە، بەڵام تەواو دژی ئەوە بووە ئایین وەك باوەڕێکی عەقڵیو رۆشنبیری لەقەڵەم بدرێت.

واتە وانە ئایینیەکان، دۆگمەکانو ئامۆژگارییەکانی ئایینی مەسیحی، بەکاری عەقڵی حساب بکرێن. بەلای ئەمەوە دەبێت خوا لەسەرو هەموو فۆرمولە کردنێکی عەقڵییەوە سەیربکرێت. زاڵبوونی هەستی ترسو لەرزو رێزلێگرتنی بێپایان، کە لای ئیمانداران هەیە، وا دەکەن ئایین بەپلەی یەکەم کاری دڵ بێت، نەك عەقڵ.

### ویستی گشتی

دەربارەی یاسادانان، یان یاسا گۆڕین، بەبۆچوونی رۆسۆ، دەبێت هەموان کۆبکرێنەوەو پرسو رایان پێبکرێتو دواتر دەنگی لەسەر بدرێت، هەروەك شارە دەوڵەتەکانی گریکیو کانتۆنەکانی سویسرا.



ئەو دەستەواژەیەی لێرەدا بەکارهێنراوە، "ویستی گشتی" بووە. کە ئایا چی، بەشێوەیەکی گشتی باشترینە بۆ کۆمەڵگە؟ گەرچی لەواقعیدا بەلای هەندێ تاکەکەسەوە خوازراویش نەبێت (بۆ نموونە، ئەو کاتانەی کۆمەڵگە پێویستی بەکاری مەترسیدارو قوربانی پێشکەشکردنی هەموانە)، بەڵام خەڵك ئازادە دەسەڵات بەکێ دەبەخشێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە، واتە ئازادە لەهەڵبژاردنی جۆری دەسەڵاتدا، رەنگە رژێمی پاشایی، یان دەستەیەك لەسیاسەتمەدارو فەرمانبەرانبن. ئەمە وەك پرەنسیپ هیچ جیاوازی نییە، چونکە ئەو یاسایانە، کە خەڵك دایڕشتوون، ئیتر دەبێت هەموان پابەندی بن، کەس لەو پابەندبوونە بەدەرنابێت. رۆسۆ دان بەوەدا دەنێت، کە رەنگە میللەتێك بەگشتی ئەنجومەنێکی یاسادانانی کەم زانیاریو ناڕێکوپێكو کورتبین پێکبهێنن، بەڵام چارەسەری بۆ ئەمە ئەوە بووە، کە کەسانی تایبەتیو لێهاتوو، کە ئەم ناوی ناون بە (یاسادانەران)و سەرکردە کاریزماییەکان، کە بە زیرەکی خۆیان لەویستی گشتی تێگەیشتوون، خۆیان پێشنیازی پرۆژە یاسا ئامادە بکەنو قەناعەت بەگەل بکەن بۆ پەسەندکردنی.

فەلسەفەی سیاسی رۆسۆ کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبووە. لەڕووی سۆزو رووناکبیرییەوە وزە بەخش بووە بۆ ئەو بزووتنەوەیەی بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسایی. رۆسۆ تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازی لەوەی (لۆك) دەربارەی دیموکراتی هێنایە ئاراوە. تێگەیشتنێك، کە لەگەشەکردندا بووەو چالاکانە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم وەك ئەلتەرناتیڤێکی زیندوو بەردەوام بووە.

لەبۆچوونی رۆسۆدا دەربارەی جێبەجێکردنی دیموکراتی، بەزۆر ناچارکردنی تێدایە بۆ هێنانەدی "ویستی گشتی"، بەڵام خاڵی سەرەکی لەمۆدێلە دیموکراسییەکەی (لۆك)دا بریتییە لەپاراستنو هێشتنەوەی ئازادی تاکەکەسان. ئەمە دوو بۆچوونی تەواو جیاوازن، دوو تێگەیشتنی تەواو دژ بەیەکن.

بەلای رۆسۆوە تاك هیچ مافێکی نییە بۆ سەرپێچیکردن لەویستی گشتی، هەر لەم روانگەیەوە چەمکی دیموکراتی ئەم بەتەواوی دوورە لەهەموو ئازادییەکی تاکەکەسییەوە. ئەمە یەکەم فۆرمولەکردنی ئەو بنەما ئایدیاییانە بووە لەفەلسەفەی رۆژئاوادا، کە لەپشت بزووتنەوە تۆتالیتارییە گەورەکانی سەدەی بیستەمەوە بووە، وەك بزووتنەوەی کۆمۆنیزمو فاشیزم، کە بەهەمان شێواز بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی گەلیان دەکرد. تەنانەت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە دیموکراسینو کە لەهەمان کاتیشدا نکوڵییان لە مافەکانی تاکەکەسان دەکردو رۆڵی سەرەکییان بەخشییە سەرکردە کاریزمییەکانو جەنگی گەرمو ساردیان دژ بەدیموکراسی ئەنگلۆساکسۆنی بەرپاکرد، کە لەسەر پرنسیپەکانی (لۆك) دامەزراون.

سۆز خاوەن دەسەڵاتە

بەرهەمەکانی رۆسۆ یەکەم هێرشی توند بووە لەلایەن فەیلەسوفێکەوە بۆ سەر جیهانی رۆشنگەریی. بەپلەی یەکەم بۆ سەر داوای رۆشنگەران بۆ زاڵکردنی عەقڵ. دژە هەڵوێستی ئەم بەرامبەر شارستانییەت، جارێکیتر لەنێو فەیلەسوفە ئەنارشییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریان هەڵدایەوە. بۆ نموونە لەفەلسەفەی پرۆدۆن (Prodhon)و نیتشەدا، نیشانەی ئەوەی، کە ئەم دوژمنایەتیکردنە چ رۆڵێك لەنەستی هەمواندا دەبینێت بووەتە خاڵێکی سەرەکی لەسایکۆلۆژییەکەی سیگمۆند فرۆیددا. لەهەموو ئەم روانەوە، بەتایبەتی لەبەرزنرخاندنی هەستدا، رۆسۆ بەرێگە خۆشکەر بۆ بزووتنەوەی رۆمانسی دادەنرێت، کە بەماوەیەکی کەم پاش مەرگی رۆسۆ کۆتایی بەسەردەمی کلاسیکی سەدەی هەژدە هێنا. سەرەڕای ئەوەش ئەم شێوازێکی نوێی لەبیرکردنەوەو هونەری رۆژئاواییدا هێنایە پێشەوە، کە لەوکاتەوە بە بەهێزی ماوەتەوە، حەزکردن بەفرێدانی کۆتو پێوەندی عەقڵو ئازادکردنی هەستو غەریزە. ئەم گۆشە نیگایە زۆرجار مرۆڤە گەنجەکان بەتوندی بەرەو خۆی رادەکێشێت. ئێستا، کە ئەم گۆشە نیگایە بووە بەسەنتەر لەهەڵوێستی رۆژئاواییەکاندا، ئەگەری نەمانی لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەستەمە. گەرچی مەترسییەکانیشی روونو ئاشکران، بەڵام دەبێت هەوڵبدەین شێوازێك بدۆزینەوە تا لەگەڵیاندا بژین.

## سەردەمی زێڕینی فەلسەفەی ئەڵمانی

نێوان ساڵانی ١٧٨٠ تا ١٨٨٠ سەردەمی گەشەکردنی فەلسەفەی ئەڵمانی بوو، لە (کانت)ەوە دەستیپێکرد، شۆپینهاوەر درێژەیدا بە کارە مەزنەکەی کانت، هەروەها فیختەو شیللنگ فەلسەفەکەی (کانت) یان کردبووە خاڵی سەرەتا. هیگڵ داهێنەری فەلسەفەی رەسەنی ئایدیالیزمی بووەو مارکس سیستمەکەی ئەمی وەرگرتووەو

لەبری ئایدیالیزم ماتریالیزمی داناوە. نیتشە دەستیکردووە بە هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر هەموو مۆرالی باو. گەنجینەی پڕو دەوڵەمەند بە ئایدیای ئەم فەیلەسوفانە بۆ گەلێك فەیلەسەفیتر وزە بەخش بوون.



# کانت

## یەکگرتنی ئەقڵگەرایی‌و ئەزمونگەرایی

**فۆرمی شارەزاییەکانمان، لەلایەن ئۆرگانە فیزیکییەکانی مەعریفەوە دادەڕێژرێن. هەر لەو فۆرمانەوە ئێمە دەتوانین وێنەی هەرشتێك، کە بوونی هەبێت، لای خۆمان دروستبکەین.**

لەلایەن شارەزایانی بواری فەلسەفەوە، زۆرجار ئیمانوئیل **کانت** ١٧٢٤ ـ ١٨٠٤ بە یەکەم کەڵە فەیلەسوفی دوای سەردەمی دێرینی گریکییەکان دادەنرێت. ئەم لەدایك بووی شاری Köngsberg ی رۆژهەڵاتی پروسیایە. بەدرێژایی هەموو ژیانی هەرگیز ئەم زێدەی خۆی بەجێنەهێشتووە. هەرگیز ژنی نەهێناوە. بەرووکەش ژیانێکی سادەو ئاسایی‌و رێك‌و پێکی هەبووە. دانیشتوانی شارەکەی دەیانتوانی، کاتی تێپەڕبوونی ئەم بەبەرپەنجەرەی ماڵەکانیاندا، بۆ پیاسەکردنی رۆژانەی، سەعاتەکانیان میقات بکەن. ئەم مرۆڤێکی دوورە پەرێزو بێزراو نەبوو، بەڵکو رووخۆش، رێکپۆش، کۆڕی قسە گەرمکەرو خۆش مەشرەب بووە. هەرگیز بەتەنیا نیوەڕۆ خوانی نەخواردوە. درەوشاوەیی وانە گوتنەوەکانی ناوبانگیان دەرکردبوو. گەرچی هەرگیز لەشارەکەی دوورنەکەوتبۆوە، بەڵام خۆی لەژیاندا مابوو کە ناوبانگی بەجیهاندا بڵاوببووەوە.

### ئەکادیمیستێکی دیارو لێهاتوو

لەچاخەکانی ناوەڕاستەوە **کانت** یەکەم کەڵە فەیلەسوفە، کە ئەکادیمیو پرۆفیشینالّ بووە. دوای ئەم ئیتر هیچ سەیر نەبوو گەر فەیلەسوفێکی ناودار پرۆفیسۆری زانکۆ بوایە. بەڵام بەر لەئەم کەس وانەبووە. دیارە دوای ئەویش زۆر فەیلەسوف هەبوون پرۆفیسۆری زانکۆ نەبوون. بۆ یەکەمجار لەسەدەی بیستەوە وایلێهات زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسوفە بەناوبانگەکان کەسانی ئەکادیمیست بن. ئەم بە پرۆفیشۆناڵ کردنەی فەلسەفە هەر زوو لەلایەن شۆپێنهاوەرەوە رەخنەی ئاراستەکراوە، بەلای ئەوەوە بەدبەختیو نەگبەتییە بۆ فەلسەفە. هەردەم ئەم بابەتە دژو لایەنگری هەبووە. بەڵام ئێستا بەتەواوی لەزانکۆو پەیمانگاکاندا جێگیربووەو لەوە ناچێت بواری گەڕانەوەی هەبێت.

تا سەردەمی پیری ناوبانگی **کانت** تەنیا وەك هەر مامۆستایەکی لێهاتووی زانکۆ بوو، ئەم ناوبانگەش جارجارە لەبەرزیو نزمیدا بوو. بەڵام دوای دەساڵ بێدەنگی، لەتەمەنی پەنجاو حەوتساڵیدا، لە ١٧٨١دا، کتێبێکی بڵاوکردەوە کە لەڕاستیدا یەکێکە لەکتێبە مەزنەکانی فەلسەفە، بەناوی (Kritik der reinen vernunft) رەخنە لەعەقڵی پەتی. دوای ئەوە ساڵی ١٧٨٨ کتێبی (Kritik der Praktischen vernunft) رەخنە لەعەقڵی پراکتیکیو ساڵی ١٧٩٠ کتێبی (Kritike der urtheils kraft) بڵاوکردەوە.

هەروەها ساڵی ١٧٨٥ کتێبێکی زۆر کورتی بەناونیشانێکی زۆر درێژ (Grund legung zur Metaphysik der sitten) بڵاوکردەوە. ئیتر لێرە بەدواوە بەتەواوی ناوی دەرکرد. کە لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد خەریکی نووسینی کتێبێکیتری گەورەبوو. نووسینەکانی سەردەمی پیریی ئەوەندە قووڵو چڕو داڕێژراون تێگەیشتنیان ئاسان نیە. یەکەم جار **کانت** پێی وابوو خەڵکی بەهەڵە لێیتێگەیشتوون. هەر بۆیە دوو ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (رەخنە لەعەقڵی پەتی) کورتکراوەیەکی بابەتەکەی بەزمانێکی ئاسان سەبارەت بەبیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبەی خستە بەردەستی خوێنەران. ئەم کتێبە بچووکە کە وەك پێشەکی یان دەروازە باس دەکرێت تا ئێستاش باشترین پێشەکییە بۆ چوونە ناو شاکارە گەورەکەوە. هەروەها هەر بۆ ئەوەی بەهەڵە لێیتێنەگەن، ساڵی ١٧٨٧ **کانت** نوسخەیەکی تەواو کورتکراوەی کتێبە سەرەکییەکەی بڵاوکردەوە. دەبێت ئەوە بگوترێ کە هەرچەندە ئەو وەك مرۆڤ خۆش مەشرەب بووە بەڵام وەك نووسەر تێگەیشتنی ئاسان نەبووە. ئەم دوو هۆکارە بەیەکەوە، واتە، سەختی شێوازی نووسینەکانیو قووڵی بیر، خوێندنەوەی قورس کردووە. بەڵام خوێندنەوەی نووسینەکانی ئەم شایانی ئەو ماندوبوونەی خوێنەرە. نووسینەکانی کلیلی پێشکەوتنی پڕبایەخی فەلسەفەیە کە لەدوای (هیوم)ەوە رویدابێت.

### ئێمە چۆن دەتوانین شتێك بزانین؟

پێش **کانت**، زۆر، گەر نەڵێین زۆربەی بیرمەندەکان، بە زاناکانیشەوە بێگومان بوون لەوەی سنووری دیاریکراو، بۆ ئەوەی ئایا مرۆڤ توانای زانینی چیی هەیە، بەو شتانە دەستنیشاندەکرێن کە بوونیان هەیە: ئێمە دەتوانین، لەڕووی پرنسیپەوە. بەردەوام بین لەزانینی زیاترو زیاتر تا ئەوکاتەی هیچ نامێنێت کە بەدوای زانینیدا بگەڕێین. **کانت** گەشەی بەبیرۆکەیەکی هیومدا کە دەڵێت زانیارییەکانمان ژێر دەستەی جۆرێکیتری سنوردار کردنن. هەرچی ئێمە بەشێوەیەك لەشێوەکان تێگەیشتنێکمان بۆی هەبێت، ئەوە ئەگەر سەرنجێك یان هەستێك یان یادێك یان بیرێك یان هەر شتێکیتر بێت ئێمە لەڕێگەی ئۆرگانە زانیاری وەرگرەکانی لەشمانەوە پێماندەگەن. واتە بەڕێگەی پێنج هەستەکەمانەوە، بەهۆی مێشكو دەمارەکانی

هەستەوە. هەرچی لەتوانای وەرگرتنی ئەم ئامێرەدابێت، ئێمە دەتوانین شارەزاییان لەبارەوە بەدەستبهێنین.

بەڵام ئەو شتەی ئەم ئامێرە نەتوانێت مامەڵەی لەتەکدا بکات ئێمە هەرگیز ناتوانین لێی شارەزابین. چونکە ئێمە هیچ توانای تێگەیشتنیمان نییە.

شتێك هەبێتو شتێك رەنگبێت هەبێت. خاڵی سەرەکی ئەوەیە، هەموو ئامێرێك، چ لەشی ئێمە یان هەر شتێکیتر، بۆ هەندێ مەبەست باشەو بەکاردێتو بۆ هەندێك مەبەستیتر بەکەڵك نایەتو کاری پێناکرێت. سروشتی ئەو ئامێرە سنوور دادەنێت بۆ ئەوەی چی دەتوانێتو چی ناتوانێت بیکات. مرۆڤ ناتوانێت بە ئامێرێکی قوتو هەڵپچڕین وێنە بگرێت. یان بە مەکینەی ئۆتومبێل هەمبەرگەر دروستبکات.

کامێرا دەتوانێت وێنەی دیمەنێك بگرێت، بەڵام ناتوانێت دەنگەکانیش تۆمار بکات، ریکۆردەرێك دەتوانێت دەنگەکانی هەمان شوێن تۆمار بکات، بەڵام ناتوانێت وێنەی شوێنەکە بگرێت.(هەلبەتە مەبەست لە ئامیرەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە نییە کە کۆمەڵێك کار پێکەوەئەنجامدەدەن. وەرگێڕ) ئەگەر شتێك هەبێت نەببینرێتو نەدەنگی ببیسترێت، (بۆ نموونە، بابڵێین گازێکی بێ رەنگ) نەدەکرێت وێنەی بگیرێت و نەدەنگەکەی تۆمار بکرێت، گەر لەو شوێنە وێنەش بگریت لەجامەکەدا هیچ دەرناکەوێتو گەر ریکۆردەریش بەکاربهێنرێت لەکاسێتەکەدا هیچ تۆمار نابێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە گازەکە بوونی نییە. بوونی هەیە، بوونەکەش بۆ ئێمە بایەخدارو گرنگەو دەلوێ تەنانەت کوشندەش بێت. بەڵام نەدەبینرێتو نەدەبیسترێت. نەبەهۆی کامێراو نەبەهۆی ریکۆردەرەوە ناتوانرێت بوونەکەی بسەلمێنرێت. گەر مرۆڤ نەتوانێت بەئامێرێکیتری جیاواز بوونەکەی ئاشکرا بکات ئەوا بۆ ئێمە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە.

ئەم تێبینییانە، بەلای **کانت**ەوە، بۆ جەستەی ئێمەیە، چاوەکانمان دەتوانن هەندێك کاری گرنگ ئەنجام بدەن، بەڵام ناتوانن سنووری خۆیان ببەزێنن. گوێ، توانا وجۆرەکارێکیتری هەیە کە لەتوانای چاودانییە. هەستی تامکردن لەزماندا زانیاری وامان پێدەگەیەنێت کە نەگوێو نەچاو ناتوانن بەلایاندا بچن. مێشك دەتوانێت کاری جیاواز لەهەموویان ئەنجامبدات... هتد. کاتێك هەموو ئۆرگانەکانمان بەیەکەوە حساب بکەین، کۆی ئەو زانیاریانەی دەتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن یەکسانە بەو زانیاریانەی دەتوانن بەهەموویان پێکەوە وەریبگرن. ئەوە بەو مانایە نییە ئیتر هیچیتر بوونی نییە.

بەدەر لەو زانیاریانەی ئێمە وەرمانگرتوون، هەموو شتێکیتر قابیلی بوونە. بەڵام گەر شتێکیتر هەبێت، هەرچییەك بێت، ئێمە هیچ توانای درك پێکردنیمان نییە.

هەروەها دوو جۆر سنووردارکردن بۆ ئەوەی دەتوانین چی بزانین هەیە، نەك تەنیا یەك سنوور. یەکەم سنووردارکردن بریتییە لەچی بوونی هەیە؟ کۆی هەموو ئەو شتانەی کە هەن. تەنانەت بەبوونی خواوەند یان گیانی نەمر یان هەرشتێکیتریشەوە. ئەمانە هەموو پێکەوە وجودی سەرتاپا پێکدەهێنن. بەڵام ئێمەی مرۆڤ دەتوانین تەنیا هەندێکی ئەو شتانەی هەن یان هەندێك لایەنیان بناسین کە ئامێری جەستەمان بواری ناسینیانمان پێدەبەخشێت. واتە لەلایەکەوە هەموو ئەو شتانەی هەن وجودیان هەیە، بەدەر لەوەی ئایا ئێمە پێیاندەزانین یان نا. لەلایەکیتریشەوە ئەو شتانە وجودیان هەیە، کە ئێمە بواری درك پێکردنیانمان هەیە. هەرگیز ناکرێت بگوترێ هۆکاری گونجاو هەیە بۆ بڕواهێنان بەئەوەی ئەم دوو جۆرەی وجود یەك جۆرن. گومانیش کەمە، کە جۆری دووەم کەمترە یان هەر زۆر لەجۆری یەکەم کەمترە.

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرەی بوون لەوە زیاترە کە تا ئێستا بۆمان دەرکەوتووە. کە پێش کەمێك باسی ئەو ئەنجامە جیاوازانەمان کرد کە ئامێرە جۆراو جۆرەکان دەتوانن بیهێننە بەرهەم. ئێمە باسمان لەوەکرد کە هەر ئامێرێك لەئەنجامدا ئەو بەرهەمەی دەبێت کە سترەکتورەکەی رێگەی پێدەدات. کامێرا

وێنەمان بۆ دەگرێت، ریکۆردەر دەنگمان بۆ تۆمار دەکات‌و هتد بەمشێوەیە. بەڵام وێنەیەکی فۆتۆگراف خۆی لەخۆیدا دیمەنە گیراوەکە نییە، بەڵکو گێڕانەوە یان بەرهەمهێنانەوەی ئەو دیمەنەیە لەفۆرمێکیتری تایبەتدا. دەنگ تۆمارکردن لەکاتی ئەو وێنە گرتنەدا، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان دیمەنە لەفۆرمێکی جیاوازتردا. رەنگە دیمەنەکە لەبنەڕەتدا وەك پانۆراما، چیا، یان گوند، یان مرۆڤ یان ئاژەڵ‌و هەرشتێکیتری لەپشتەوە بووبێت. بەڵام فۆتۆگرافەکە تەنیا پارچە کاغەزێکە کە نیشانەو هێمای پێوەیە، دەنگە تۆمارکراوەکانیش کاسێتێکی ئەلکترۆماگنێتی لولکراوە. هەڵەیەکی بنەڕەتیی زەقە، وەك هەڵەی وێکچواندنی شتێکی کۆپی کراو بەشتەکە خۆی. **کانت** دەڵێت ئەم سەرنجانە بۆ شارەزایی مرۆڤیش گرنگن.

ئەو شتانەی دەگەنە هۆشی مرۆڤ بەرهەمی ئەو ئامێرە جەستەییەن‌و فۆرمی تایبەتی خۆیان بەپێی سروشتی ئامێرەکە وەردەگرن. بێ بوونی چاو هیچ وێنەیەکی بینراومان پێ ناگات، بەبێ بوونی گوێ هیچ دەنگێکمان پێ ناگات، بەبێ بوونی مێشك هیچ بیرکردنەوە یان بیرۆکەمان نابێت. هەروەها ئەو وێنانەی لەڕێگەی چاوەوە دەیانبینین یان ئەو دەنگانەی گوێمان لێدەبێت یان بیرۆکەکانمان‌و.... هتد خودی ئەو شتانەی دەرەوەی ئێمە نین، بەڵکو لێتێگەیشتنی ئێمەن بۆ ئەو شتانە. ئەوانە تەنیا لەناو ئەو ئامێرە ئادەمیزادیانەدا بوونیان هەیە کە بەرهەمی هێناونەتەوە. ئیمکانی ئەوەش نییە کە بەشێوەیەکی مەعقول تەواو (هاوتا)ی ئەو شتەبێت کە هەیە بەبێ کاریگەریی شارەزاییەکانی ئێمە لەبارەیانەوە. دەلوێت دەنگێك هاوتا یان جیاوازبێت لەدەنگێکیتر، وێنەیەکی هاتووە بەرچاو دەکرێت یان ناکرێت وەك وێنەیەکیتربێت. ئەمانە پەیوەندییان بەبکەری وەرگرەوە هەیە، ئەمانە زانیاری دەبەخشن بەئێمە، زۆرجار زانیاری زۆر ورد، بەڵام وەك دەزگایەکی کۆپی کردن نەك وەك سەدا سەدی شتە وێنە لێهەڵگیراوەکان. گەر ئەوانە لەبری وێنە لێهەڵگیراوەکان حساب بکەین وەك ئەوە وایە بۆ زانینی تای نەخۆشێك گەرمی پێو



بنێین بە وێنەکەیەوە. واتە ئێمە ناتوانین بوونی شت لەخۆیدا، وەك خۆی درك پێبکەین بێ ئەوەی پابەندبین بەفۆرمەکانی هەست پێکردنمان‌و شێوازی بیرکردنەوەمان بۆ ئەو شتانە. ئێمە جیهانی ئەو شتانەمان هەیە کە لەبەردەستماندان. واتە ئەوەی **کانت** پێی دەڵێت جیهانی فینۆمین. ئەمە ئەو جیهانەیە، کە دەکرێت ئێمە لەبارەیەوە مەعریفەمان هەبێت. بەڵام هەموو ئەو فۆرمانەی ئەم مەعریفەیە دەیانگرێتە خۆی پابەندن بەبکەرەوە. ئەمە لەلایەك لەلایەکیترەوە جیهانێکیتری شت هەیە، ئەوەی ئەو شتانە خۆیان لەخۆیاندا چۆنن. ئەمەی، کە **کانت** ناوی لێناوە جیهانی نۆمینە. جیهانی شت لەخۆیدا. فۆرمی بوونی ئەم شتانە هیچ پەیوەندی بەجۆری چۆنیەتی تێڕوانین‌و تێگەیشتنی ئێمەوە نیە بۆ ئەو شتانە. بەڵام هەر بەتەواوی لەبەر ئەم هۆیە ئێمە ناتوانین زانیاریمان سەبارەت بەو جیهانە دەستگیرببێت. هەرچی لەو جیهانەدایە **کانت** ناوی لێناوە (ترانسیندینتال) واتە جیهانی بەرز، جیهانی لەسەرو ئاگامەندییەوە. مەبەستی **کانت** ئەوەیە، کە ئەمە بوونی هەیە، بەڵام ناتوانرێت لەڕێگەی شارەزاییەوە لای ئێمە تۆمار بکرێن.

### لەئاژاوەوە بەرەو رێکخستن

ئەو جیهانەی وەك ئەوەی خۆی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات بریتی نییە لەئاژاوەو ئاڵۆزی بەڵکو لێوان لێوە لەجۆرەها شێوەی رێك‌و پێکی. شتەکان یەك بەتەنیشت یەکەوە لەشوێنی سێ رەهەندیدا بوونیان هەیەو بەپێی یاسای کێشکردن (قانون الجاذبیە)ی نێوان شتەکان یەکتری رادەکێشن‌و جوڵەو پرۆسەکان لەرەهەندی چوارەمی کاتدا روودەدەن.

زۆربەی ئەم پرۆسانە بەهۆی کارلێککردنەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو پێشبینی بۆکراوی وا، کە دەتوانرێ بەحسابات ماتماتیک گوزارشتیان لێبکرێت، پابەندی یەکتربن.

ئەو بەشە بنەڕەتییانەی ناو هەموو ئەم ڕێکوپێکییەی شت کە بەبەردەوامی لەبووندا دەمێننەوە ئەو شتانەن، کە پێیان دەگوترێت شتی ماتریالی ناو شوێنێك لەسیستەمێکی کاتدا، کە بەشێوازێکی ڕێکوپێکو پێکەوە گونجاو دەجولێن. لێرەدا زۆر گرنگە بەڕوونی بگوترێت کە ئەم شتە بنەڕەتییانە بەرجەستەکردنی "جیهانی شارەزاییەکانە" ئەمانە نیشانەن بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ چۆن شت وەردەگرینو تێدەگەین. ئێمە توانای بیرکردنەوەمان نییە لەبوونی شتێکی تایبەتی بێ ئەوەی ئەوە شتێك بێت. بێ ئەوەی ناسنامەیەکی راستەقینەی هەبێت. ئێمە ناتوانین بیر لەبوونی ئەنجامەکان بکەینەوە بەبێ بوونی هۆکارەکان. ئەمانە پەیوەندییان بە کاتیگۆڕی تێگەیشتمانەوە هەیە. کە بەبێ ئەو هیچ توانایەکمان بۆ تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەرمان نییە.

بەهەمانشێوە ناتوانین بیر لەبوونی شتێك بکەینەوە کە لەدەرەوەی شوێندابێتو لەدەرەوەی کات (زەمان)دا بجولێتەوە.

شوێنو کات دەلاقەی روانینمانن. بێ ئەوان توانای هەستکردن یان تێگەیشتنی هیچی ناو جیهانمان نابێت. ئەم دەلاقەی روانینە، ئەو تۆڕەیە، کە بەهۆیەوە هەموو هەستەکان دەچنینەوە، کاتیگۆڕی تێگەیشتنیش ئەو سیستەمەیە کە لەڕێگەیەوە دەتوانین لەو هەستانەمان تێبگەین، ئەمانەش هەموو پێکەوە نیشانەن بۆ ئەوەی چۆن ئێمە وەك بکەری کارای هەستیار کار دەکەین. واتە وەك گیانلەبەر لەجیهاندا. بەڵام ئەمە دیسان نیشانەیە بۆ شارەزاییەکانی ئێمە، نەك بۆ ئەو شتانە کە بوونیان لەخۆیاندایە بێ ئەوەی پابەندبن بەوەی بکەرێك تێگەیشتنی هەبێت بۆیان.

## بیرێکی بەناوبانگ

ئەم ئایدیایانە بۆ ئێمە تێگەیشتنیان زۆر سەختتر دەبوو، گەر بەهۆی لینکێکیترەوە ناسیاوی باشمان لەگەڵیاندا نەبوایە، واتە لەڕێی ئایینەوە. پەیڕەوانی زۆربەی ئایینە سەرەکییەکانی جیهان لەو باوەڕەدان کە ئەم جیهانە ماتریالییەی ناو شوێنو کات هەموو هەقیقەتەکە نییە. ئەوانە لەو باوەڕەدان هەقیقەتێکیتر هەیە، کە ماتریال نییەو لەدەرەوەی شوێنو کاتدا بوونی هەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەبەشی یان ئاستی یەکەمیاندا بژێت. نەك لەوەی دووەمدا. لێرە **کانت** هاتووە ئەم گۆشەنیگایەی لەقاڵبێکی فەلسەفی، عەقڵانی، بەئەرگومێنتەوە داڕشتووە، بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر خوا یان رۆح، بێ ئەوەی پشت بەهیچ باوەڕێکی ئایینی ببەستێت. بەلای **کانت**ەوە راستی ئەم لایەنە ناوەندییە نا ئایینیە دەکرێت تەنیا بەلێکدانەوەو گفتوگۆی عەقڵانی بسەلمێنرێت.

لێکدانەوەکانی ئەمو شیکردنەوە وردەکارییەکەی سەبارەت بەم پرسیارانە ئەوەندە سەختو گرانو قووڵن کە زۆرجار بەدواچونیان دژوارە. بەڵام ئەنجامی سەرەکی بۆ ئەو کەسانەی، بۆ نموونە، شارەزای ئایینی مەسیحیین زۆر ئاشکرایە.

## گرفتی ویستی ئازاد

**کانت** پێیوابوو کە ئێستا زانست کلیلی زانیاریو تێگەیشتنی سەبارەت بە جیهانی هەستپێکراو داوەتە دەستمان. واتە جیهانی ئەو ماتریالانەی لەناو شوێنو کاتدان. بەلای ئەمەوە سترەکتوری ناوەوەی شتە ماتریالییەکانو جووڵەیان لەشوێنو لەکاتدا گونجاون لەگەڵ ئەو یاسا زانستییانەی ئێستادا، هەر ئەبێ بەلایەنی کەمەوە لەڕووی مەبدەئیەوە بکرێت بسەلمێنرێت. **کانت** هیچ هۆیەکی نەدەبینی بۆ ئەوەی گەر ئێمە تا کۆتایی ملی ئەو ڕێگایەی بەردەممان بگرین ناگەینە زانیاری تەواو لەسەر ئەم شتە ماتریالییانە.

بەڵام سەبارەت بەپرسیار لەچۆنیەتی بوونی مرۆڤ کێشەیەکی گەورە هاتەئاراوە. جەستەمان شتی ماتریالییەو لەشوێندا بوونی هەیەو لەشوێن‌و کاتدا دەجولێتەوە. گەر هەموو جوولەو هەڵسوکەوتێك بەپێی یاساکانی زانست بێت، ئەوا هیچ بوارێك بۆ ویستی ئازاد نامێنێتەوە. سەرەڕای ئەمەش **کانت** هەر پێیوابوو، کە ئێمەی مرۆڤ خاوەنی ویستی ئازادین‌و هەروەها ئەم بۆچوونەش قابیلی سەلماندنە. چارەسەری **کانت** بۆ ئەم کێشەیە بەمجۆرەیە، کە هەڵسوکەوتەکانمان کە بەپێی ویستی ئازاد ئەنجامیان دەدەین لەجیهانی فینومینێلدا روونادەن، واتە لەوبەشەی واقیعدا نییە کە ملکەچی یاسا زانستییەکانە، بەڵکو لەبەشەکەیتردایە، ئەو بەشەی تێگەیشتنی زانستی ناتوانێت پەی پێبەرێت، واتە جیهانی شت لەخۆدا.

ئەم بەڵگەیەی بۆ سەلماندنی ویستی ئازاد زۆر جێگەی خۆی نەگرت‌و نەیتوانی قەناعەت پێکەربێ بۆ ئەوەی، کە ئێمە لەڕاستیدا خاوەنی ویستی ئازادین، بەڵام لەبەرامبەریشدا ناکرێ بڕوا بەوە بکەین کە ویستی ئازادمان نییە. فاکتەرێکی ئەزمونگەرییە کە ئێمە خاوەنی چەمکی ئاکاری وەکو باش‌و ئەبێت‌و راستین.

دیسان فاکتەرێکی ئەزمونگەرییە کە ئێمە قەناعەتی مۆرالی (ئاکاری)مان هەیە سەبارەت بەوەی چی باشە (یان باش نیە)و دەبێت چی بکەین‌و چی نەکەین‌و... هتد. هەروەها فاکتەرێکی ئەزمونگەرییە کە زۆربەمان ناتوانین دەستبەرداری ئەم قەناعەتانە بین گەرچی هەوڵیش بدەین‌و بشمانەوێت لێیان رزگاربین. **کانت** دەڵێت ئێستا گەر ئەم چەمکانە هیچ ناوەڕۆکێکیان هەبێت یان نا، قەناعەتە مۆرالییەکانمان هیچ واتایەك یان هیچ بوارێکی جێبەجێکردنیان هەبێت یان نا دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەندێك جار لەبەرامبەر کردن یان نەکردنی شتێکدا توانای هەڵبژاردنمان هەبێت. گەر هەرگیز ئەو هەڵبژاردنەمان نەبوایە، ئەوە ئیتر هەڵە دەبوو بڵێین دەبێت ئەو کارەبکەم یان دەبێت ئەوە نەکەم. چونکە لەوکاتەدا من هیچ ئیختیارێکم نییە. ئەوکاتە هەرچی ناوی مۆرالی لێنراوە لە سەراب زیاتر هیچیتر نییەو هەموو

قسەکردنێك سەبارەت بە مۆرال بێ مانا دەبێت، وشەی وەك: ئەرك، باش یان دروست، دەبێت هەموو ئەوانەی لەم بابەتەن ناتوانرێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. کاری ئامۆژگاریکردن بۆ ئەنجامدانی کارێك لەبری کارێکیتر بێ واتا دەبێت.

هەموو ئەو وشانەی لەفەرهەنگی پیاهەڵدان‌و رەخنەلێگرتن‌و پێ سەرسامبون‌و بەکەم سەیرکردن‌و حەزلێکردن‌و رق لێبونەوە کەڵکیان نامێنێ‌و دەبێت لەناو زمان‌و بیرکردنەوەماندا بسڕێنەوە. چونکە نە لەژیانی تایبەتی تاکەکانداو نە لەژیانی کۆمەڵگەدا ئەم چەمکانە جێگایان نامێنێت. ئەوکاتە هیچ مەعقول نییە سکاڵا دەربڕین گەر کەسانێك رەفتاری ناشیرین‌و زەبروزەنگیان بەرامبەرمان نواند. چونکە ئەو کەسانە نەیاندەتوانی بەجۆرێکیتر رەفتار بکەن. هەڵە دەبێت گەر بڵێین ئەوانە نەدەبوایە وابکەن چونکە ئەوانە هیچ ئیختیارێکی تریان نییە.

خاڵی بنەڕەتی رەوشت (ئیتیك) ئەوانەی بەتەواوی بڕوایان بە ناچارەکی (قەدەر) هەیە، بەتایبەتی بۆ ژیانی مرۆڤ، ئەوانە خۆیان بە سەرەنجامەکانیەوە دەبەستنەوە. بەڵام ئاشکرایە هەموو کەس وانییە. ئێمە ناتوانین بەوشێوازە بیربکەینەوە.

تەنانەت ئەوانەش کە تاوانکارو پیاو خراپ‌و سایکۆپاتن (شەرەنگێزن)، بگرە ئەوانەش، کە خۆیان بەلایەنگری باوەڕی ناچارەکی دادەنێن، گەر بەخراپ رەفتاریان لەتەکدا بکرێت سکاڵا دەکەن‌و تورەدەبن‌و پێیان وایە ئەوەی هەڵەکەی کردوە نەدەبوایە وا بکات. دیارە ئێمەی مرۆڤ نامانەوێت بڕوا بە نەبوونی ویستی ئازاد بکەین. بەلایەنی کەمەوە، هەندێك جار. بەڵام گەر هاتینەسەر ئەم بڕوایە، ئەوا ئیتر ناتوانین دەست بەرداری ئەو باوەڕەش بین کە هەندێك جوولەی شتە ماتەرییەکان لەشوێندا، هەموو جارێك بەپێی یاساکانی زانست نییە: هەندێکیان بەهەڵسوکەوت‌و ویستی ئازادی ئێمە بڕیاریان لێدەدرێت‌و "ئازاد" لێرەدا هاوتایە بە ناچارنەبوونی تایبەتی کەسێتی، واتە لەژێر دەسەڵاتی یاسا زانستیەکاندا نییە.

**هەروەها کانت** دەڵێت: ئێمە گەر بمانەوێت یان نەمانەوێت ئێمە لەو باوەڕەداین کە بوون تەنیا بوونی جیهانی ئەزمونگەریی نییە.

ئێمە لەو باوەڕەداین جیهانێکیتری نا ئەزمونگەریش بوونی هەیە. لەوێدا ئەو بڕیارانە دەردەچن کە کاریگەرییان بۆ سەر جوڵەی جەستەمان هەیە. تەنانەت وشەی وەك پیاهەڵدانو رەخنەلێگرتن بۆ ئەو هەڵبژاردنانە بەکاردەهێنرێن. هەموو فەلسەفەی **کانت** بریتییە لەهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی گونجاندنی، یان چۆنیەتی بوونی مۆرالو ویستی ئازاد لەجیهانێکدا کە زۆر بەکەمی دەچێتە ژێر باری روونکردنەوە زانستییەکانەوە.

بەبۆچوونی **کانت** تەنیا ئەو گیاندارانەی دەتوانن لەهۆکاری کردنی یان نەکردنی شتێك تێبگەن دەتوانرێت پێیان بگوترێت هەڵسوکەوتەکەیان مۆرالی بووە یان نا مۆرالی، واتە مۆرال تەنیا بۆ گیاندارە خاوەن عەقڵەکانە. ناکرێت مارێکی ژەهراوی وەك بێ مۆرال وەسف بکرێت. بەڵام (مۆتیف)ی هۆی مەعقولی وا تەنیا لەڕووی قەناعەتی تاکە کەسییەوە جیاوازی نییە، بەڵکو دەشێ ئێمە حوکمی جیاوازمان هەبێت سەبارەت بە مۆتیڤێکی تایبەت کە ئایا باشە یان نا.

بەڵام ئەو فاکتەرەی کە ئێمە گفتوگۆ دەکەینو هەوڵدەدەین قەناعەت بەیەکتر بهێنین نیشانەی ئەوەیە دەمانەوێت مۆتیڤێکی باش قبوڵ بکرێت، مۆتیڤی باش ئەوانەن بەشێوەی یونیڤێرسالی (گەردوونی) قبوڵکرابن. نەك ئەوانەی کە مرۆڤ خۆی بیەوێت هەڵیانبژێرێت یان نا. ناتوانرێت بەرگری لەدروستی شتێك بکرێت کە لەهەمان بارودۆخدا بۆ من باشو راست بێتو بۆ کەسێکیتر خراپو چەوت بێت. گەر بۆ من دروست بێت ئەوا دەبێت بۆ هەموو ئەوانەی وەك منو لەهەمان بارودۆخدان دروست بێت. واتا کتومت هەروەك ئەوەی کە جیهانی ئەزمونگەریی ملکەچی یاسا زانستییەکانەو بەشێوەیەکی سەرتاپایی گشتی ئەم یاسایانەی بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەوا دەبێت مۆرالیش تەواو وەك زانست لەسەر بنەمای عەقڵی بێت.



ئەم سەرەنجامە **کانتی** گەیاند بە فۆرمۆلەکردنی کاتیگۆرییە ئەزمونگەرییە بەناوبانگەکەی وەك بنەڕەت بۆ یاسای مۆرال: تەنیا کار بەو پرنسیپانە بکە کە تۆ دەتەوێت ببن بە یاسای گشتی بۆ هەمووان.

## هیچ "ئیسپاتێك" نییە بۆ بوونی خوا

ئەوەی فەیلەسوفێك رەتی دەکاتەوە هەمیشە گرنگی خۆی هەیە. بیرۆکەی **کانت** دەربارەی ئەوەی ئێمە هەرگیز ناتوانین دڵنیابین لەبوونی شتێك گەر ئامێری جەستەمان تێگەیشتنێکمان دەربارەی پێنەبەخشێت. ئەمە رەتدانەوەی زانینە دەربارەی بوونی خوداو بوونی رۆحی هەمیشەیی. بەڵام ئەوە گرنگە کە بزانین ئەمە رەتکردنەوەی بوونی خودا نییە، بەڵکو تەنیا رەتکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بەبوونی خودا. وەك **کانت** بەشێوەیەکی جوان فورمولەی کردووەو دەریبڕیوە ئەم زانستی رەتکردۆتەوە بۆ ئەوەی جێگە چۆڵ بکات بۆ ئیمان. ئەم لایەنەی فەلسەفەی **کانت** بایەخێکی مێژوویی هەیە. ئەم ئەو (ئیسپات)ەی پوچەڵکردەوە کە بۆ بوونی خوا لەئارادابوو، هەروەها شێوازی فەلسەفاندنی سەدان ساڵە، گەر نەگوترێ هەزار ساڵی ئەم کێشەیەی تێکوپێکدا. لەدوای سەردەمی **کانت**ەوە بەشێوەیەکی گشتی بیرمەندە رەسەنەکان ئەم بیرۆکەیەیان پەسەندکردووە کە بوون یان نەبوونی خوا، شتێك نیە ئیسپات بکرێت.

# شۆپینهاوەر

## گرێدانی فەلسەفەی رۆژئاوا بە فەلسەفەی رۆژهەڵاتەوە

**بە بۆچوونی شۆپینهاوەر، ئەم راستکەرەوەو تەواوکەری فەلسەفەی کانتە، بەجۆرێکی وا، لەدوای ئەمەوە فەلسەفەیەك نییە بەناوی فەلسەفەی کانتو یەکێکیتر بەناوی فەلسەفەی شۆپینهاوەر، بەڵکو یەك فەلسەفەی کانتیو شۆپینهاوەری هەیە.**



ئارسەر شۆپینهاوەرArthur Schopenhauer (١٧٨٨–١٨٦٠) لەشاری دانزیگ Danzig لەدایك بووە، کە ئەو سەردەمە شارێکی سەربەخۆو ئەڵمانی زمان بووەو ئێستا ناوی گۆڕاوە بۆ گدانسك (Gdansk)و سەر بەپۆلۆنیایە. ئەم کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەند بووە. خێزانەکەی ویستویانە ئەم لەسەر هەمان رێچکە بڕواتو لەکاروباری بازرگانی خێزانەکەدا بەشدار بێت. بەڵام ئەم سەرکێشی کردو لەهەموو ژیانیدا سامانو دارایی خێزانەکەی بەکارهێنا بۆ خوێندنو بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بەنووسەرو بەنووسینەوە خەریك بێت. دکتۆرا نامەکەی ساڵی ١٨١٣ کە ناونیشانێکی ترسناکی هەبوو Uber die vierfache Wurzel des satzes vom zureicbenden Grunde کەمتر وەك شاکارێکی کلاسیکی سەیر دەکرا. بەڵام ئەم هێشتا لەتەمەنی بیست ساڵاندا بوو شاکارە مەزنەکەی نووسی بەناوی جیهان وەك ویستو وێناکردن Welt als Wille und Vorstellung کە ساڵی ١٨١٨ چاپکرا. ئەم دەیگوت ئەم کتێبە نهێنی جیهانی ئاشکرا کردووە. زۆر بەلایەوە سەیر بوو کە کەس تێبینییەکی تایبەتی بەرامبەر کتێبەکەی نەبوو. ئەوکاتانە نەیدەزانی چیبکات. دوای بێدەنگییەکی درێژخایەن، ساڵی ١٨٣٦ نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی Uber den Willen in der Natur کە دەیویست تیایدا بڵێت ئەو پێشکەوتنانەی بواری زانستە سروشتییەکان پشتگیری لەسەرەنجامەکانی ناو شاکارە گەورەکەی ئەم دەکەن. دواتریش دوو کتێبی کورتو پوختی دەربارەی ئیتیك بڵاوکردەوە. واتە ساڵی ١٨٤١ کتێبی Die freibet des Willensو هەر هەمان ساڵ کتێبی Die Grundloge der Moral

### بەهەرحاڵ، ناوبانگ بڵاوبوونەوە

ساڵی ١٨٤٤ کورتکراوەی کتێبی Die Welt als Wille und Vorstellung بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا ئەو بابەتانەی دوای چاپی یەکەمی کتێبەکە تا ئێستا

کۆیکردبونەوە، لەهەموو کتێبەکەی چاپی یەکەم زیاتر بوو. لەبری ئەوەی ئەم بابەتە نوێیانە تێکەڵ بەکۆنەکان بکات. ئەم کۆنەکەی وەك خۆی هێشتەوەو بەرگێکیتری لەو گەورەتری وەك راڤەکردن بۆ کتێبی یەکەم نووسی. ئەم کتێبە لەو کاتەوە ئەم شێوازە دەگمەنەی گرتە خۆی، کتێبێك لەدوو بەرگدا، بەرگی دووەم وەك راڤەکردن بۆ بەرگی یەکەم.

دوای ئەمە ئەم تەنیا یەك بەرهەمیتری بڵاوکردۆتەوە، ئەویش کۆی وتارەکانی لەدووتوێی کتێبێکی دوو بەرگیدا. لەبەر بەکارهێنانی ناونیشانی ترسناك بۆ کتێبەکانی، شۆپینهاوەر ناو نرابوو Parerga und Paralipomenu کە بریتییە لەدوو وشەی گریکی بەمانای درێژە پێدانو وازلێهێنان (وەك ئاماژەکردن بۆ شاکارە گەورەکەی) کتێبی وتارە کۆکراوەکانی ساڵی ١٨٥١ کە ئەم تەمەنی ٦٣ ساڵ بوو، بڵاوکرایەوە. بەم کتێبە ناوبانگی پەیداکرد. دوای تەمەنێکی درێژی بێبایەخپێدان، ساڵانی کۆتایی ژیانی، پێش ئەوەی لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا کۆچی دوایی بکات، تامی شیرینیی بەجیهاندا بڵاوبوونەوەی ناوبانگی کرد.

## میراتگری کانت

بەلای شۆپینهاوەرەوە، کانت داهێنەر یان بەهێزکەری گرنگترین سەرکەوتنە سەبارەت بەکێشەی زانیاری مرۆڤایەتی. کە بریتییە لەدابەشکردنی هەموو حەقیقەت بەسەر دوو بەشدا، ئەو بەشەی بەهۆی هەستەکانمانەوە دەگەن بەئێمەو ئەو بەشەی بەپێچەوانەوەیە، گوتنی ئەوەی کە توانای شارەزابوون یان ناسینی هەموو فۆرمەکانو هەرچی ستروکتورەکانە بەپێی مەرجەکانی ئامێری جەستەمانەوە دەگات بەئێمە، جا ئیتر ئامێرەکە هەر جۆرێك بێت (ئەمە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەکانت). سەرەنجامی کۆتایی ئەمە ئەوەیە کە ئێمە توانامان نییە بۆ هێنانە پێشچاوی هەر شتێك کە بەهۆی هەستەکانمانەوە پێمان ئەگاتو ئەو سروشتەی کە لەدەرەوەی توانای ئێمەدایە بۆ لێ شارەزابوونی هەر وەك کتێبێکی داخراو دەمێنێتەوە. لەڕووی لێتێگەیشتنو هێنانە پێشچاوەوە جیاوازن لەو شتانەی دەتوانین هەستیان پێبکەین، کە کاتو شوێنو ئەو شتە ماتەریانەی بە هۆو هۆکار پێکەوە لکێنراون تەنیا سەر بەجیهانی هەستەکین، جیهانی ئەزموونگەرایی هیچ ناتوانێت بەدەر لەو جیهانە بوونی هەبێتو کلیلی زانیاری دەربارەی ئەم جیهانە زانستە. بەڵام زانستیش ناتوانێت هیچ لەدەرەوەی جیهانی ئەزمونگەری ببینێت. ئەم تێزانە کە هی کانتن، بەلای شۆپینهاوەرەوە ئەوەندە راستو دروستو بنەڕەتین، کە "ئەو کاریگەرییەی وشەکانی ئەم هەیەتی بۆ سەر هۆش، وەك کاریگەری عەمەلیاتی لابردنی ئاوی رەشی چاوی کوێرە".

مەبەستی شۆپینهاوەر ئەوە بوو. کە تەنیا ئەوانەی لەکانتەوە ئەم شتانە فێربوون، دەتوانن لەفەلسەفەکەی ئەم بگەن. ئەم بەلایەوە پێویست نەبوو سەر لەنوێ لەسەرەتاوە خۆی بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەوە خەریکبکات. ئەوە وەك دووبارە دۆزینەوەی هونەری دروستکردنی تایەیە. ئەم ئەو سەرەنجامانەی کانتی وەك خاڵی سەرەکیو پێشمەرج دادەنا. بەڵام بەلای ئەمەوە کانت لەهەموو شتێکدا راستی نەپێکابوو. سەرەڕای ئەوەی ئەم سەرەنجامەکانی کانتی تەواو کردووەو بواری نوێی بۆ زیادکردوە. هەروەها هەر بوارێکیش کانت تیایدا بەهەڵە چووبێت، ئەم راستیکردۆتەوە، کە لەلۆژیکی شۆپینهاوەردا رەخنەگرتن بووە لەکانت.

## واقیعێکی ناکەسایەتی

بەلای شۆپینهاوەرەوە، کانت لەسەر هەق بووە کە هەموو واقیعی کردووە بە دوو بەشەوە، واتە جیهانی فینومینەو جیهانی نومینە. بەڵام مەحاڵە جیهانی نومینە لەشت (شتەکان)، ئەوانەی بونیان لەخۆدایە، پێکهاتبێت، لەبەرئەوەی گەر شتی لەیەك جیاواز بوونیان هەبێت، ئەوا دەبێت توانای لەیەکتر جیاکردنەوەیان هەبێت. جیاکردنەوەش تەنیا لەو جیهانەدا روودەدات، شوێنو کاتی تێدایە. گەر شتێکی لەشتێکیتری جیاواز بێت، ئەوا دەبێت یان لەڕووی شوێنەوە یان لایەنی کاتەوە جیاوازییان هەبێت. ئەگینا هەردوو هەر یەك شتن. تەنانەت گەر شتێکی زۆر ئەبستراکتی وەك وشەیەك یان پیتێك لەئەلفو بێدا لەوانەیتر جیابکرێنەوە، دەبێت لەجیاکردنەوەدا مانایەك هەبێت، ئەوەش دیسان هەر لەپەیوەست بوون بەکاتو شوێنەوە دەبێت.

شۆپینهاوەر دەڵێت بەدەر لەو جیهانەی کاتو شوێن بوونی هەیە لەهیچ شوێنێکیتر جیاکردنەوە نییە، لەوێ دەبێت یەك یەکەی لەیەك جیانەکراوە بێت. (لێرەدا کەمێك لێکچون هەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی پارمەندیس سەبارەت بە وەی "هەموو لەیەك یەکەدایە").

لەدرێژەی ئەم بابەتەدا شۆپینهاوەر دەڵێت لەبەرئەوە نابێت نومینە هۆکار بێت بۆ بوونی فینۆمینە. لەبەرئەوەی کانت خۆی ئاشکرای کردوە، کە پەیوەندی هۆکاری، هەروەك شوێنو کات، دەکرێت هەر لەجیهانی فینۆمێندا بوونی هەبێت. کەواتە هۆو هۆکار ناتوانێت ئەو شتە بێت کە ئەمە ببەستێتەوە بە شتێکیترەوە کە لەدەرەوەی ئەمە. بۆ نموونە کانت گوتویەتی: ویست (Vilje akt) کە سەر بەجیهانی نۆمینەیە، هۆکارە بۆ (بەئازادی) جوڵەی جەستەمان. شۆپینهاوەر دەڵێت ئەوە مەحاڵە. ئەو دەڵێت راستییەکەی ئەوەیە کە ویست (Vilje akt)و جوڵەی جەستەیی هەر یەکن، بەڵام بەدوو جۆری جیاواز لێیتێگەیشتوون. لەیەکەمیاندا تێگەیشتنەکە لەدیوی ناوەوەیەو لەوەی دووەمدا بەڕووی دیوی درەوەدایە. "مۆتیڤ



ئەو هۆیانەیە کە لەدیوی ناوەوە هەستیان پێدەکرێت. فینومینە واقیعێکیتری جیاوازنییە لەواقیعی نومینە، بەڵکو هەمان واقیعە کە بەجۆرێکیتر تێیگەیشتوینو شارەزای بووین.

شۆپینهاوەر پێیوابووە هەموو جیهانی نومینە خاوەن خەسڵەتی ویستە، ئەمە نەك بەو مانا سادەیەی مرۆڤ تێیدەگات هەموو گەردوون نموونەیە بۆ زۆرو زەبەندی وزە، بەجۆرێك، کە لەوێناکردن نایەت. هەموو گالاکسییەکان (مجرات) بە ئەستێرەو خۆرەکانەوە لەبۆشایی ئاسماندا دەخولێنەوە، ئەکشێن، ئەتەقنەوە، گەرمدەبن، سارد دەبنەوە، بەدەوری خولگەکانیاندا دەسوڕێنەوە، ئەم هەموو وزە فینۆمینە، ئەم هەموو هێزو گوڕە، بەم قەبارە زۆر مەزنەی کە ئێمە ناتوانین بیهێنینە بەرچاوی خۆمان. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە رۆح یان عەقڵەوە نییە، ئەمە فینۆمینێکی تەواو بێ گیانە، کوێرانە، بێ کەسایەتییەکی تایبەت، یان زیرەکیەك هەروەها بێ مەبەستو ئامانج. هیزێکی تەواو ناکەسایەتی، ئەم هێزە خۆپیشاندانێکە لەجیهانی فینۆمیندا لەلایەن ئەو بەشەی پێیدەگوترێت نومینە، کە شتە لەخۆدا. کە شۆپینهاوەر دەگەڕا بۆ وشەیەك لەبری یان بەرامبەر نومینە دایبنێت، یەکەمجار دەیویست بە (هێز) ناوی بەرێت، بەڵام بیری کردەوە کە ئەم وشەیە پەیوەندی تایبەتی بەزانستەوە هەیەو زانستیش تەنیا لەجیهانی فینۆمینەدا دەکرێت هەبێت، دوای بیرکردنەوە بڕیاریدا ناوی لێبنێت (ویست) چونکە نزیکترین شتێك کە ئێمە راستەوخۆ هەستی پێبکەین سەبارەت بەو خۆپیشاندانانە، ویستی (Viljeakter) خۆمانە. کە لەناوەوەی خۆمان هەست بەو توانا، هێز، وزەیە دەکەین، کە هیچ راڤەکردنێکیتر وەرناگرنو نموونەن بۆ جوڵەی فیزیایی.

ئەم بەکارهێنانەی چەمکی (ویست) بووە هۆی بەهەڵە لێکدانەوەو بەهەڵە تێگەیشتنی زۆر، چونکە بۆ مرۆڤ سەختە بیر لە (ویست) بکاتەوە بەبێ بوونی

کەسایەتی، بەبێ هۆش، بەبێ زیرەکیو بێ مەبەستو ئامانج، بەڵام شۆپینهاوەر زۆر بەڕوونی ئەمەی گوتووە.

دۆزینەوەکانی بواری فیزیا لەسەدەی بیستەمدا دەریانخست هەموو شتێکی ناو جیهانی ئەزموونگەریی، بەهەموو شتە ماتەرییەکانەوە دەتوانرێت لەسیستەمێکی (شوێن ـ کاتی)دا بگۆڕدرێت بۆ حاڵەتی وزەو بواری هێز (energi och kraftfalt) بەتەواوی لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەمدا دەگونجێت.

## ئیتیکی هاوهەستی (هاودەردی)

وەك شتی فیزیکی ناو شوێنو کات جەستەمان لەلایەن ئەو یەکەیە دابەشنەکراوەوە خۆی دەنوێنێت، کە شتە لەخۆدا، واتە لەنومینەدا. ئەم راستییە، گەر ئەمە راستی بێت، بەلای شۆپینهاوەرەوە بەردی بناغەی مۆراڵە. شۆپینهاوەر دەڵێت ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی میتافیزیك وەك بناغە دانراوە بۆ ئیتیك. شۆپینهاوەر دەڵێت ئێمە تەنیا لەم جیهانی فینومینەدا دەتوانین وەك تاکەکەس جیاوازبین. لەبنەڕەتدا لەڕووی نومینەوە ئێمە هەموو لەیەك دەچینو لێك جیاناکرێینەوە. ئەم هاوهەستییەمان روونەدەکاتەوە. واتە توانای مرۆڤ بۆ بینینی خۆی لەوانیترداو هەستکردن بەیەکتر، هاوبەشکردنی خەمو ئازارو خۆشیو شادی یەکتری. گەر من تۆ بریندار بکەم وەك ئەوەیە خۆم ناخی خۆم بریندار بکەم. شۆپینهاوەر دەڵێت، ئەمە، ئەم هاوهەستییە، نەك وەك کانت بەهەڵە لەو باوەڕەدابوو، لێکدانەوەی عەقڵی، بەردی بناغەی ئیتیکە. هەروەها ئەو پەیامانەی بەهۆی گوێو چاوەوە لەنێوان جەستەی ماتەریماندا ئاڵوگۆڕ دەکەن، بناغەن بۆ دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو پێکەوە ژیانی مرۆڤو ئەمەش بەڕادەیەکی کەمتر ئەو هاوهەستییە دروستدەکات. هاوهەستی خاڵی سەرەکی ئیتیكو خۆشەویستییە.

## رۆژهەڵات دەگات بەڕۆژئاوا

شۆپینهاوەر دەگێڕێتەوە کە یەکەمجار، دوای کارکردن لەسەر ئەم بۆچوونانەی خۆی، ناسیاوی لەگەڵ فەلسەفەی رۆژهەڵاتی پەیداکردووە. سەردەمی پێش ئەم، تێکستە کلاسیکییەکانی بودیزمو هیندویزم لەئەوروپادا نەناسراوبوون، هەروەها فەلسەفەی رۆژئاوایی تا ئەوکاتانە بەبێ زانیاری دەربارەی ئەمانە گەشەی کردبوو. بۆ یەکەمجار لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستکرا بە وەرگێڕانیان بۆ سەر ژمارەیەك لەزمانە ئەوروپاییەکان. سەبارەت بەزمانی ئەڵمانی، سەر قافڵەچی ئەم کارە کەسێك بوو بەناوی فریدریك مایەر، کە شۆپینهاوەر لەتەمەنی بیستوپێنج ساڵاندا دۆستایەتی لەگەڵ پەیداکردبوو. ئەوکاتانە شۆپینهاوەر یەکەم کتێبی بڵاوکرابۆوەو سەرقاڵی نووسینی شاکارە گەورەکەی بوو. مایەر بوو کە لەساڵانی ١٨١٠و بەدواوە باسی هیندویزمو بودیزمی بۆ شۆپینهاوەر کردبوو. شۆپینهاوەر تەواو سەری سوڕمابوو لەوەی کە هەندێك لایەنی سەرەکی نێو ئەم ئایینانە کۆکن لەگەڵ ئەو سەرەنجامانەی ئەمو کانت لەڕێگای تایبەتو تەواو جیاوازی خۆیانەوە پێیگەیشتوون.

کانتو شۆپینهاوەر کاریان لەسەر لایەنە ناوەندییە ترادیسۆنییەکانی فەلسەفەی رۆژئاوایی کردبوو، کە دەگەڕێتەوە سەر گریکییە کۆنەکان. ئەمان توێژینەوەیان لەسەر بیری پلاتۆنو ئەریستۆتالیس بووەو تەواو پابەند بوون بەمێژووی بیری فەلسەفەیی رۆژئاواییەوە. بەتایبەتیش سەرسامبوون بەو بۆچوونانەی لۆك هێنانییە ئاراوەو هیۆم پەرەی پێدان. واتە لێکۆڵینەوە لەو سنورانەی تواناکانی مرۆڤ بۆ ناسینو تێگەیشتنی باری خۆی. زۆربەی کەسایەتییە مەزنەکانی ناو ئەم ترادیسۆنە رۆژئاواییە هەر لەپلاتۆنەوە تا کۆتایی لەو بڕوایەدا بوون، فیزیکێکی پشت بەستوو بە ماتماتیك، سەبارەت بە جیهانی ئەزمونگەری، کلیلی زانیارییەکانە. بەڵام هیچیان

بەلای ئەوەدا نەچوون کە، جگە لەم جیهانە ئەزمونگەرییە، هیچیتر بوونی نییە. ئەوان دیارە ئیمانەکەیان پاراستووە، ئەوان گەر جگە لەفەلسەفە، باوەڕێکیتریان هەبووبێت، هەولّیان داوە لێکۆڵینەوە فەلسەفەییەکانیان تەنیا لەگەڵ ئەو سەرەنجامە واقیعییانەی خۆیان بگونجێنن‌و ئەوانە بکەن بەخاڵی سەرەکی. هەروەك شۆپینهاوەر ئاماژەی پێداوە، فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی جۆرێکیتر بووە. ئەم لەسەر بناغەی زانست دانەڕێژراوە، بەڵکو پشتی بە ئیمان‌و ئایین بەستووە. بەشێوەیەکی وا بەرفراوان کە ئایینەکە بەسەر لایەنە فەلسەفەییەکەدا زاڵ بووە. بەڵام لەکەشێکی زانستی تەواو جیاوازدا، لەکۆمەڵگەیەکی تەواو جیاواز لەکۆمەڵگەی ئەوروپی لەڕووی زمان‌و کەلتوورەوە. لەزەمانێکی تەواو جیاواز کە نێوانیان لەهەندێك جاردا چەند هەزارساڵێکە. لەزۆر لایەنەوە بیرمەندانی ڕەسەن لەبیرکردنەوەدا گەیشتوون بەهەمان سەرئەنجامی کۆتایی. هەروەك ئەم فەیلەسوفە پێشکەوتووانەی ئەم دواییانەی ڕۆژئاوا. ئەم بابەتە ئەوەندە سەرنجڕاکێشە کە لەم کتێبەدا بەشێکمان بۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا تەرخانکردووە.

## تاکە ڕۆژهەڵاتناس

دەستبەجێ شۆپینهاوەر کەوتە خوێندنەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکانی هیندویزم‌و بودیزم‌و لەنووسینەکانی خۆیدا وەك نموونە دەیهێنانەوەو ئاماژەی پێدەدان‌و هێڵی هاوتەریبی نێوان ئەوان‌و ئەو سەرئەنجامە فیکرییانەی خۆی پێیان گەیشتووە، دەستنیشاندەکرد. ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی بگوترێت هەندێك لەبیرۆکەکانی لەوانەوە وەرگرتووە. بەڵام وانەبووە، بەڵکو ئەم بەلایەوە گرنگ بووە کە لەڕاستییدا فەلسەفەی ڕۆژئاوایی‌و ڕۆژهەڵاتی هەریەکە لەڕێگەی جیاوازی خۆیەوە، لەپرسیارە گرنگەکاندا گەیشتوون بەهەمان سەرەنجامی کۆتایی، گەرچی ئەم ناوەڕۆکی بیرۆکەکانی خۆی بەشێوازی بودیزم‌و هیندویزم فۆرمولە نەکردووە، بەڵام بەو هۆیەوە کە لەنووسینەکانیدا باسی کردوون، ئەم یەکەم نووسەری ئەوروپایی بەناوبانگە خوێنەرەکانی لەبوونی ئەو ناوەڕۆکە ڕۆشنبیرییە ڕەسەنە ئاگادار کردۆتەوە، کە لەو دوو ئایینەدا هەن. تا ئیمڕۆش ئەو تاکە فەیلەسوفی ڕۆژئاواییە کە زانیاری قووڵ‌و تێگەیشتنی تەواوی هەبووبێت بۆ فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی. سەرەڕای ئەوەی شۆپینهاوەر یەکەم کەڵە فەیلەسوفی ڕۆژئاوایی بوو کە فەلسەفەی ڕۆژئاوای بە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتەوە گرێدا، هەروەها یەکەم فەیلەسوف بووە، کە بەئاشکرا باسی لەباوەڕ نەبوونی خۆی بەبوونی خوا کردووە. ڕەنگە هۆبزو هیۆم لەدڵ‌و دەروونی خۆیاندا ئەوانیش بێباوەڕ بووبن، بەڵام ئەوان لەسەردەمانێکدا ژیاون، کە دەربڕینی بێباوەڕی بەبوونی خوا وەك تاوان سەیر دەکرا. ڕەنگە هەر لەبەرئەوە خۆیان لەو پرسە دوور گرتبێت.

بەلای شۆپینهاوەرەوە هێنانە پێشچاو یان بیرکردنەوە لەبوونی خوایەکی خاوەن کەسێتی وەك چەمکێکی ئاڵۆزو سەرگێژکەر دەربڕیوە. چونکە هەموو ئەو خەسڵەتانەی وەك سروشتی کەسایەتی کە ئێمە تێیدەگەین، سەرچاوەکەیان خەسڵەتەکانی مرۆڤ یان گیانداره پلە بەرزەکانە. هەروەها چەمکی کەسێتییەکی تایبەت بۆ خوا زیاتر بابەتێکی ئەنتروپومورفیزمییە (واتە بەخشینی خەسڵەتەکانی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی نا مرۆڤی. وەرگێڕ). هەمان بۆچوونیش سەبارەت بە بیرکردنەوە لەبوونی ڕۆح. لەبەرئەوەی شۆپینهاوەر مەبەستی وابووە، کە بوونی زانیاری لەدەرەوەی مێشك وەك بوونی بینینە بەبێ بوونی چاو، یان هەرسکردنی خواردن بەبێ بوونی گەدە. ئەم نووسیویەتی: لەبەرئەوەی مەبەست لەچەمکی ڕۆح ئەوەیە، کە زانین‌و ویست لێکدانەبڕاون‌و یەکیانگرتووەو هەروەها پابەندنین بەبوونی ئۆرگانیکی زیندەوەرانەوە، ئەوا هیچ واتایەك نابەخشێت‌و پێویستە بەکارنەهێنرێت.

## بێمانایی جیهان

بەلای شۆپینهاوەرەوە جیهانی ئەزمونگەری هیچ مانا یان ئامانجێکی نییە، بەڵێ، لەبنەڕەتدا، لەخودی خۆدا، هیچی نییە. چونکە پابەندە بەبوونی خود (الـژات ـ subject)ەوە، ئێمەش هەرچۆنێك بێت، مەیلو ئارەزوومان بۆ جۆرە بیرکردنەوەیەکە، کە ئەو بوونە بەبێ بوونی ئێمە هەبێت. ئەمە تاڕادەیەك هەر لەخەیاڵو سەراب دەچێت. بەلای ئەمەوە نابێت ئێمە بهێڵین بەم جۆرە بۆچوونە بخەڵەتێین، خۆمان بەمەوە خەریك نەکەینو رانەکێشرێینە ناو ئەو چەندو چوونەوە. خۆمان لەوە بەدوور بگرین. شۆپینهاوەر ئەم کارەی ناوناوە دوورخستنەوەی ویستی مرۆڤ لەجیهانو ئەم کارەی بەدوا ئامانجی فەلسەفە داناوە. ئەم بیرکردنەوەیەی ئەم زۆر سەیر نزیکە لەهەندێ لەبۆچوونو ئامۆژگارییەکانی ناو بودیزم. بەڵام وەك باسکرا، ئەم لەلای خۆیەوە بەبێ ئاگاداریو بەبێ هیچ زانیارییەك سەبارەت بە بودیزم گەیشتووە بەو بیرۆکانە.

## مەترسییەکانی ژیان

لەحاڵەتی شۆپینهاوەردا رقێك یان دژایەتیەکی چالاکانە هەیە بۆ جیهان. بەلای ئەمەوە جیهانی ژیانی زیندەوەران لەرادەبەدەر پڕ لەمەترسییە. زۆربەی زیندەوەرەکان لەسەر راوکردنو کوشتنی یەکتریو یەکترخواردن دەژین، بەجۆرێك کە رۆژانە، هەموو چرکەیەك هەزاران گیانلەبەر پارچە پارچە دەکرێتو بەزیندوویی لەلایەن گیانلەبەریترەوە دەخورێت، ژیان وەك "بەرگریکردن بەچرنوكو بەدەنوك" بەمانای وشە واقیعێکی خوێناوییە. تێڕوانینی ئەم بۆ ژیانی مرۆڤیش هەر بەهەمان شێوە بووە.

زەبروزەنگو نایەکسانی بەهەموولایەکدا پەلی هاویشتووە. ژیانی هەر تاکێك تراژیدیایەکی بێمانایە، کە بەشێوەیەکی حەتمی بەمردن کۆتایی دێت. هەموو ئەوکاتەی لەجیهاندا دەژین، کۆیلەی خواستو داواکانمانینو بەئاستەم بە ئامانجێك



دەگەینو ناگەین، داواو خواستیتر دێنە شوێنیان. بەجۆرێك، هەرگیز تێر نابینو ژیان خۆی دەبێتە سەرچاوەی ئازارو مەینەتی بۆمان. لەبەر ئەم بۆچوونانەی، شۆپینهاوەر، بەگەورەترین رەشبین ناسراوە لەناو فەیلەسوفەکاندا، هەروەك چۆن سپینوزا بە پانتیزم (بوونی خوا لەهەموو شتێكو شوێنێکدا... وەرگێڕ)و لۆك وەك لیبرالێکی گەورە ناسراون. تێڕوانینی ئەم بۆ ژیان تاریکترین تێڕوانینە کەسێك هەیبوبێتو لەگەڵ ئەوەشدا پارسەنگی دەروونی خۆی راگرتبوو.

## بەهای هونەر

بەڵام بەلای شۆپینهاوەرەوە شێوازێك هەیە بۆ دەربازبوونی کاتی لەو بەدیل گیراوییەی ناو کونجی تاریکی زیندانی جیهان، ئەوەش لەڕێگەی هونەرەوەیە. لەنیگارکێشان، پەیکەر تاشین، شیعر، دراماو لەسەروو هەمووشیانەوە بەهۆی موزیکەوە رزگارمان دەبێت لەدەست عەزابی بێ بەزەییانەی ویست، کە لەهەموو ژیانماندا بەدەستییەوە دەناڵێنین، لەڕێی هونەرەوە لەتیرۆرو ئەشکەنجەی ژیان دوور دەکەوینەوە. لەڕێی هونەرەوە بۆ ساتەوەختێك پەیوەندیمان لەگەڵ شتێکیتردا دەبێت، کە لەدەرەوەی جیهانی ئەزمونگەرییە، جۆرێکیتر لەبوون. بەمانای وشە هەستێکمان لادروست دەبێت کە لەکاتو شوێنو لەخودی خۆشمان دوور دەخاتەوە، تەنانەت لەوشتە ماتریالییەش دوورمان دەخاتەوە، کە جەستەمانی لێپێکهاتووە، شۆپینهاوەر زۆر بەقووڵی باسی لەچۆنیەتیو هۆکاری ئەوە کردووە، بەجۆرێك، هیچ فەیلەسوفێکیتر وەك ئەم وا بەوردیو وردەکارییەوە، وا زیرەکانەو لێهاتووانە سەرنجی کاری هونەرمەندانی نەداوە.

پلەوپایەی هونەرمەندان لای ئەم بەگشتی لەهەموو فەیلەسوفەکان بەرزترو مەزنترە. (تەنیا کەس کە لەم بوارەدا دەتوانێت شان بدات لەشانی ئەم، "شیلینگ"ە). بەلای ئەمەوە موزیك هونەری هەرەباڵایە، لەرووی

میتافیزیکییەوە لەسەرو هەموو شتێکیترەوەیە. هەندێك لەو ئاواز دانەرە مەزنانەی دوای سەردەمی شۆپینهاوەر، بۆ نموونە ڤاگنەرو ماهلەر نووسینەکانی ئەمیان بە باشترین نووسین دەربارەی موزیك داناوە.

لەم سەدانەی دوایدا، کاریگەری شۆپینهاوەر بۆ سەر هونەرمەندە گەورەکان لە کاریگەری هەر فەیلەسوفێکیتر گەورەتر بووە، تەنانەت لەکاریگەری مارکس گەورەتر بووە. بەتایبەتی رۆماننوسەکان لەژێر کاریگەرێتی زۆری ئەمدا بوون، لەنموونەی ئەوانە( تۆلستۆی، تورجنیڤ، موپاسان، زولا، پروست، هاردی، کونرادو تۆماس مان) ئەمانە هەموویان فەلسەفەکەی ئەمیان ئاوێتەی کارە تایبەتییەکانی خۆیان کردووە. لەژیانی ڤاگنەردا، ئەم گرنگترین کەس بووە کە خۆی لەبواری موزیکدا کاری نەکردووەو کاریگەری بەسەرەوە هەبووە. جگە لەبواری هونەریش، شۆپینهاوەر کاریگەری هەبووە بۆ سەر چەندین گەورە فەیلەسوفی پاش خۆی، لەپێش هەموویانەوە نیتشە، ڤیتگنشتاینو پۆپەر. نیتشە ١٨٧٤ نامیلکەیەکی نووسیوە بەناوی Schopen hauer als Erzieher. فرۆید دانی ناوە بەوەدا کە ئەو پێش ئەم بەتەواوی وەسفی میکانیزمی چەپاندن (کبت)ی کردوە، کە بەردی بناغەی تیۆری شیکاری دەروونییە لای فرۆید. گەرچی ئەم گوتویەتی خودی خۆی دانەری ئەو تیورییەیە، بەڵام لەهەموو ئەم رووانەوە شۆپینهاوەر کاریگەریەکی بێهاوتای هەبووە بۆ سەر کەلتوور.

## خاوەن شێوازێکی درەوشاوە

هۆکارێکی سەرەکی بۆ کاریگەریی شۆپینهاوەر، بەرزی ئاستی شێوازی نووسینەکانیەتی. ئەم یەکێکە لەو فەیلەسوفە کەمانەی کە لەنووسیندا هونەرمەندێکی گەشاوەن.

یەکێکە لەوگروپەی پلاتۆنو ئوگستونیوسو دێکارتو رۆسۆو نیتشە دەگرێتە خۆی. نووسینەکانی شۆپینهاوەر ئەوەندە جوانو چڕو پڕمانا نووسراون، زۆر لەرستەو دەستەواژەکانی وەك پەندو رستەی پڕ واتا بەتەنیاو سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەمە وێنەیەکی هەڵەی ئەومان پێدەبەخشێت، چونکە ئەمیش هەر وەك کانت یەکێکە لەوهەرە فەیلەسوفە مەزنانەی خاوەنی سیستمێکی تایبەتی بیرکردنەوەی خۆیەتی.

## شوێن پەنجەی شۆپینهاوەر دوای خۆی

شتێکی زۆر نائاسایی، ئەو هەموو کاریگەرییەی شۆپینهاوەرە لەسەر کەسانی بەناوبانگ، لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا لەدەرەوەی چوارچێوەی فەلسەفەدا. ریچارد ڤاگنەری گەورە میوزیك گوتویەتی دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی شۆپینهاوەر ئۆپێرای (Tristan und Isolda)ی نووسیوە، کە بەلای زۆر کەسەوە باشترین بەرهەمی ڤاگنەرە. نۆتە موسیکییەکانی ئەم ئۆپێرایە ساڵی ١٨٥٩ چاپکراون، واتە یەك ساڵ بەر لەمەرگی شۆپینهاوەر، بەڵام ئەو باوەڕە بەهێزە، کە دەڵێت ئەم هەرگیز ئاگاداری بوونی ئەو بەرهەمە نەبووە.

سیگموند فرۆید دانی بەوەداناوە بیرۆکەی چەپاندن کە بەردی بناغەی تیۆری دەروون شیکارییە، بەهۆی شۆپینهاوەرەوە بۆی روون بۆتەوە. دواتریش ئاماژەدان بە شۆپینهاوەر لەلایەن کەسێکی بەناوبانگی بواری دەروونناسی پاش فرۆید کە یۆنگ (Jong)ە، بەردەوام بووە.

پێدەچێت کاریگەرێتی شۆپینهاوەر لەبواری رۆماننوسیدا زۆر بەهێزو ئاشکرا بێت. رۆماننوسی بەناوبانگی رووسی تۆلستۆیو تورجنیڤ، گەورە نووسەرانی

فەرەنسا پروستو زولا، یەکێك لەهەرە گەورە نووسەری رۆمان لەئەڵمانیا کە (تۆماس مان)ە، هەروەها تۆماس هاردیو جوزیف کونراد لەبریتانیا ئەمانە هەموو ئاماژەیان کردووە بۆ کاریگەرێتی بیرۆکەکانی شۆپینهاوەر بۆ سەر نووسینەکانیان. تەنانەت لەهەندێك لەرۆمانەکانیاندا ناوی ئەم فەیلەسوفەیان هێناوە. بۆ نموونە تۆلستۆی لەڕۆمانی ئاناکارنینا (١٨٧٧)و هاردی لەڕۆمانی Tess of the Durbervilles. هەروەها هەندێك لەچیرۆکنووسە گەورەکانی جیهان وەك موپاسان، چیخۆفو سومەرست مومو بورگیس بەهەمان شێوە باسی کاریگەری ئەمیان کردوە. کاریگەرێتی شۆپینهاوەر تا سەدەی بیستەمیش بۆ سەر نووسەران هەر بەردەوام بوو. چیخۆف لەچەند شانۆنامەیەکدا ناوی هێناوە، دوای ئەمیش لەشانۆنامەکانی بیرناردشۆ، لویجی پیراندیلۆو ساموئیل بێکیتدا ناوی هاتووە. هەروەها کاریگەریی هەبووە بۆ سەر هەندێ لەشاعیرانی سەدەی بیستەم وەك ریلکەو ت.س. ئەلیوت.

هیچ فەیلەسوفێکیتر نییە، بەلایەنی کەمەوە لەدوای سەردەمی (لۆك)ەوە تەنانەت مارکسیش ئەوەندە کاریگەری بۆ سەر هونەرو هونەرمەندان زۆر بووبێت. لیستی ناوی ئەوانەی ئەم کاری تێکردوون زۆر درێژە، تەنانەت کاریگەری بۆ سەر فەیلەسوفانیش هەبووە. نیتشە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی سەدەی نۆزدەهەم، گوتویەتی خوێندنەوەی نووسینەکانی شۆپینهاوەر کردوویەتی بە فەیلەسوف. لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا (Wittgenstein) لەسەر بناغەی فەلسەفەکەی شۆپینهاوەرەوە دەستی کرد بەداڕشتنی فەلسەفەکەی خۆی.

هۆکارەکانی ئەم کاریگەرییە گەورەو بێ وێنەیە زۆرو هەمەلایەنەن، بەڵام رەنگە هۆکاری هەرە دیاریان تێهەڵکێشکردنی بیرۆکە قووڵو بێ هاوتاکانی شۆپینهاوەر بێت سەبارەت بە هەلو مەرجی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ئاستە ئەدەبیە بەرزەی کە ئەم لەنووسینەکانیدا بەکاری هێناوە.



# چەند بەراوردکردنێك لەنێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا

**دوو ترادیسۆنی مەزن پێکەوە دەگەشێنەوە.**

**جاران، لەهەندی لایەنەوە، فەلسەفەی رۆژهەلاّت لەفەلسەفەی رۆژئاوا قوولّتر بوو، بەلاّم لەم دوو سەدەیەی دواییدا پارسەنگەکە راست بۆوە.**

یەکەم شت، کە دەبێت کەسێکی کریستیان بڕوای پێهەبێت، بۆ ئەوەی بەکریستیان دابنرێت، ئەوەیە بڕوا بهێنێ بەڕووداني هەندێ ڕووداوی مێژوویی لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست. بڕوا بهێنێ بەوەی، کە پێش نزیکەی دوو هەزار سالّ لەمەوبەر روویانداوە، کە خوا هاتۆتە سەر زەوی‌و وەك مرۆڤ ژیاوە، لەخاچ دراوەو دوای سێ رۆژ لەگۆڕەکەی هاتۆتە دەرەوە... هتد. لەم خالّە گرنگەدا، ئایینی کریستیان ئایینێکی رەگ داکوتاوی ناو مێژووە. ئەمە مەرجێکی سەرەکییە، کە بڕوا بکرێ بەڕووداني هەندێك ڕووداو. ئایینە گەورەکانی رۆژهەلاّت، وەك هیندۆیزم‌و بودیزم، بەم شێوە رەهایە مەرجیان تێدا نییە. ئەوانیش چیرۆك‌و بەسەرهاتی ژیانی دامەزرێنەران‌و کەسایەتییە گرنگەکانی خۆیان هەیە. بەلاّم بۆ پێڕەوانی ئەم ئایینانە، مەرج نییە بڕوا بەڕاستی‌و دروستی ئەو چیرۆك‌و بەسەرهاتانە بکەن، بەلّکو لای ئەوان مەرج بڕوا بەڕاستی‌و دروستی گوتاری فەلسەفەیی یان گوتاری نزیك ، لەگەلّ هەولّدان بۆ بەسەربردنی ژیان بەپێی پەیامە ئەخلاقییەکانیان. بەمە، ئەوان دەبنە خاوەنی کەسایەتییەکی زیاتر فەلسەفەیی‌و کەمتر، وەك کریستیانەکان، بەمێژووەوە دەلکێن.

هەلّبەت، بەشێکی، لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە فەلسەفەو ئایین لەرۆژهەلاّت، بەگوڕوتینێکی زیاترەوە، کەوتوونەتە ئامێزی یەکترەوە. لەبەر ئەوەی ئایینە رۆژهەلاّتییەکان زیاتر فەلسەفەیین، جاران فەلسەفە لەرۆژهەلاّت، لەچاو رۆژئاوادا، توانیویەتی ئازادانەتر گەشە بکات. رێگا دراوە ئایینی رۆژهەلاّتی ناوەرۆکێکی سەربەخۆو سەرنجڕاکێشی فەلسەفەیی هەبێت. ئەمە لەکاتێکدا خوێندەوارترین کەسی رۆژئاوا، تا سالاّنی ١٨٠٠ شتێکی ئەوتۆی دەربارەی ئەمانە نەزانیوە. لەم دووسەد سالّەی دواییدا، پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان بیری فەلسەفەی رۆژئاوایی‌و رۆژهەلاّتیدا هاتە ئاراوە.

کاتێك ئەوانەی بە قوولّی بیردەکەنەوە، یان مرۆڤە زیرەکەکان خۆیان لەبەردەم هەمان جۆری کێشەدا دەبیننەوە، سەیر نییە کە بگەنە هەمان لێکدانەوەو سەرەنجام. لێکچوونی زۆر روون‌و ئاشکرا هەیە لەنێوان بیرو بۆچوونەکانی هیندۆیستەکان‌و بودیستەکان لەلایەك‌و فەلسەفەی کانتیزم‌و شۆپنهاوەری لەلایەکیترەوە. سەختی بەراوردکاری دەگەڕێتەوە بۆ زۆری قوتابخانەو رێبازە فیکرییەکانی سەربە ئایینە رۆژهەلاّتییەکان. بەتایبەتی لەناو بودیزمدا، کە رەنگە بۆ هەموو گشتاندنێك حالّەتی شاز هەبێت. هەروەها لێکچوونە زەقەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە.

ئوپانیشادەکان، میتافیزیکترین نووسراوی پیرۆزی هیندۆسەکانن، کە لەنێوان ٧٠٠–٤٠٠پ.ز لەهیندستان بەزمانی سانسکرتیی نووسراون. باس لە سروشتی هەقیقەت دەکەن‌و وەك وێنەیەکی دابەشکراو بەسەر دوو شتدا وێنای دەکەن، بەشێکیان ئەوەیە، کە خۆی بۆ هەستەکانمان دەنوێنێت‌و بەجیهانی فێرگەیی، یان شارەزابوون‌و راهێنانی ناو دەبات، بەشەکەیتر ((پشت)) ئەوە، جیهانێکیترە، کە راستەوخۆ خۆیمان بۆ ئاشکرا ناکات، چونکە ئەویتر ئەمی داپۆشیوە.

### پەردەی سەراب

هەموو شتێك لەجیهانی یەکەمدا، لەجیهانی شارەزابوون‌و راهێناندا، پەیوەستی ئەو فۆرمەیە، کە بەهۆی ئامێرە جەستەییەکەمانەوە، خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات. بوونیشی لەو فۆرمەدا هەر ئەوەندەیە تا ئێمە بەوشێوەیە درکی پێ دەکەین. بەلاّم هەمیشە چ هەستەکانمان‌و چ توانا عەقلّییەکانمان، ئێمە لەخشتە دەبەن، جیهانێکی

دەوورووبەر کە بەم ڕێگایانەوە لێی تێبگەین، هەموو کاتێك نا سەقامگیرەو لەگۆڕاندایە. هیچ شتێك لێرەدا وەك خۆی نامێنێ، هیچ شتێکیش نامێنێ، زوو یان درەنگ هەمووشتێك لەچاو بزر دەبێت، هەروەك ئەوەی خەوێك بووبێت. هەموو لەوە دەچێت پەردەی رووی سەرابێك بێت. بەڵام لە پشتی ئەوەوە، هەقیقەتە نەمرەکە هەیە. کە لەوێدا شتەکان وەك فینۆمینە کورت تەمەنەکانی ئەم جیهانە پەرتوبڵاونین. لەوێ یەکپارچەیی، دابەش نەبووە. یان وەك دەوترێ، بریتییە لەیەك، یەك یەکەی تەنیا. ئەو جیاوازییە ئاشکرایانەی لای شتە جیا جیاکانی جیهانی فێرگەیی، بە مرۆڤیشەوە، تەنیا بەشێکە لەسەرابی جیهانەکەیان. هەر یەکە بەشێکی ئەو یەکەیەیە. کە مرۆڤێك دەمرێت، وەك ئەوەیە دڵۆپە بارانێك بکەوێتە ناو دەریایەکەوە. بوونی کورت تەمەنی وەك تاکە دڵۆپە ئاو کۆتایی پێدێت، دیسانەوە لەگەڵ دەریا گەورەکەی بووندا دەبێتەوە بەیەك.

## حەقیقەتە پڕ بەهاکان

بەپێچەوانەی هیندۆیزم، بەپلەیەکی سەرەکی، سەرەچاوەی بودیزم لەئامۆژگارییەکانی یەك کەسایەتی مێژووییەوە هاتووە. سەردارێکی هیندی، کە لەدەوروبەی ٥٠٠ پ. ز ژیاوەو نزیکەی ٨٠ ساڵ تەمەنی هەبووە، ناوی سیدارتا گوا تاما بووە. لەتەمەنێکی زۆر لاوییدا لەسروشتی هەقیقەتی شتەکانەوە وەحی وەرگرتو ناوی (بودا)ی بەسەردا دابڕا، کە واتای (بەئاگا هێنراو) یان (تێگەیەندراو) دەگەیەنێت. لەو گەنجێتییەوە، تەمەنی درێژی خۆی تەرخانکرد بۆ ئامۆژگاری خەڵكو گەیاندنی ئەو زانیاریانەی کە وەریگرتووە. ئەویش لەڕێی وانە وتنەوەو وتاربێژییەوە. ئەویش، هەروەك سوکراتو عیسا، هیچ شتێکی نەنووسیبوو، بەڵکە وانەکانی دەماودەم بەهۆی قوتابیەکانییەوە گوێزراونەتەوە. ئەمە، دوای مردنی، بۆتە هۆی گفتوگۆو چەندو چوون، لەسەر ئەوەی چ نوسخەیەکی ئامۆژگارییەکانی راستەقینەیەو جێی باوەڕە. ئەم گومانو رێکنەکەوتنە، بەمانای وشە، چەند سەدەیەك درێژەی کێشا. بەلایەنی کەمەوە سێ کۆبونەوەی ئایینی فراوانکراوە بۆ چارەسەی ئەم کێشەیە. لەدوا سەدەی پێشی زایندا، توانرا رێکەوتنێك بکرێ، لەسەر نووسینەوەی یەکێ لەنوسخەکانی ئامۆژگارییەکانی بودا. ئەو زمانەش کە پێی نووسرایەوە، زمانی پالی بوو. ئەم نوسخەیە، ئەمەیە، کە بەناوی تیراڤادا ـــ بودیزم بەناوبانگە، کە وەك پاکژترین نوسخە لەوتەکانی بودا سەیر دەکرێت. بودا، ئامۆژگاییەکانی خۆی لەچوار خاڵدا چڕ کردۆتەوە، کە بەچوار حەقیقەتی پیرۆز، یان پڕبەها ناوی بردوون. یەکەم، ئەمەیە کە ژیان ئارەزوو تێرکەر نییەو باری گرانە، ژانو ئازارێکی ناچارییە. دووەم ئەوەیە کە هۆی سەرەکی ئەم ژانو ئازارە راکردنی بەردەواممانە بە دوای شتەکاندا، ئەمانەوێ ببن بە موڵکی ئێمە، داوایان دەکەین، پەرۆشیانین. سێیەم، حەقیقەت ئەوەیە دەتوانرێ کۆتایی بەم ژانو ئازارە بهێنرێ، بەوەی دەستبەرداری ئەو داوا بەردەوام و پەرۆشییەی شتەکان بین. چوارەمیش، وەسفی چۆنییەتی گەیشتنە بەو دەستبەرداربوونە لەداواکانمان، کە لێرەدا، بودا بە هەشت ڕێیانی پیرۆزی ناو بردووەو بە نووسراوێکی تایبەتی هەشت بەشی، باسی ئەو هەشت ڕێگایە دەکات.

هەرچەندە بودا پێی وابوو کە مرۆڤ زنجیرەیەك ژیان ئەژی، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبوو کە گیانی مرۆڤ نەمرە. بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی ژیان لای ئەم ئارەزوو تێرکەر نییەو بارێکی گرانە، پێیوابووە بەرزترین ئاستێك، مرۆڤ هیوای بۆ بخوازێ، ئازاد بوونە لەهەموو پێویستییەك بۆ دووبارە زیندوو بوونەوە، بۆ ژیانێکیتر. ئەم

ئاسته بەرزەش بە نیرڤانا ناو دەبرێت، ئەم ئاسته زانستو ئازادیی رەهایە. دوای ئەوە هیچ بوونێکی تاکەکەسی نامێنێت.

هەروەك چۆن بودا بڕوای بە بوونی هەتاهەتایی، یان نەمریی رۆحی مرۆڤ نەبووە، بەهەمانشێوە بڕوای بە ئەزەلییەتی گەردوون نەبووە. بە وتەیەکیتر، ئەم بڕوای بە بوونی خواوەندێکی ئافەریدەکار نەبووە. بەلای ئەمەوە بوونی بەربڵاوی خراپەکاریو ژانو ئازار، بەربەستێکی تەواون بۆ ئەو جۆرە بڕواهێنانە. پێشیوابوو، هەندێك پرسیاری بنەڕەتی سەبارەت بە بوونی گەردوون هەن، کە لەتوانادا نییە وەڵامیان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە، ئایا شوێنو کات هەتا هەتایین، یان نا؟ لەبەر ئەوەی لەپرنسیپدا، بەلایەوە ئەم پرسیارانە وەڵامیان نییە، ئەم لایەنگرانی خۆی هاندەدا، لەم بابەتەنەدا قووڵنەبنەوە.

هەموو ئەو هێڵە سەرەکییانەی هیندۆیزمو بودیزم کە لێرەدا ناویان هێنراوە، بریتین لەلایەنە ناوەندییەکانی ئەو ئایینانە. بەئاشکرا هاوتاو بەرامبەرەکانیان لەفەلسەفەی کانتیو شۆپینهاوەرییدا هەیە. خاڵی سەرەکی لە (رەخنە لەعەقڵی پەتی) ئەو دژگەرە لۆژیکیانەیە (antinomy) سەبارەت بە بابەتی وەك شوێنو کات، کە بەپێی بۆچوونە پتەوەکانی کانت، تەنیا بە پەنابردنە بەر عەقڵ چارەسەر ناکرێن:

کانتو شوپینهاوەر، هەردوکیان وا سەیری جیهانی هەست پێکراویان کردوە، کە ئەو بوونەوەرانەی لەو جیهانەدا دەژین، چالاکانە کاریگەرن لەوێناکردنو خولْقاندنیدا. دیارە ئەم جیهانە هەستپێکراوە، بەو شێوەیەی هەستپێدەکرێت، بوونی خۆی وانییە. بەلای ئەم دوو فەیلەسوفەوە، ئەم جیهانە هەستێپکراوە ئەوەندەی زادەی بیروهەستی ئێمەیە، ئەوەندە لەسروشتی خۆیدا وانییە.

## قەناعەتە هاوبەشەکان

چ کانتو چ شۆپینهاوەر لەو باوەڕەدا بوون، کە بوونی رەسەنو راستەقینە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەپشت جیهانی هەستپێکراوەوە خۆی شاردۆتەوەو پێگەیشتنی بۆ ئێمە مەحاڵە. هەروەك هێندۆیستەکان، بەڵام بەپێچەوانەی کانتەوە، شوپینهاوەر وەك یەك یەکەی لێکدانەبڕاو تەماشایکردووە. وەك بودیستەکان، بەلای ئەمیشەوە ژیان پڕە لەژانو ئازار، کە پەیوەستە بە ویستی لەبن نەهاتوومان، ڕێگای رزگاربوونیش لەو مەینەتییە، وازهێنانە لە داواکاری. هەروەك بودییەکان، ئەمیش بڕوای بە گیانی نەمر نەبووەو بڕوای بە بوونی خوا نەبووە. نەبوونی باوەڕ بەخوداو بە نەمریی رۆح وای لەزۆربەی ئەو کەسانە کردوە، کە لەسەر بودیزمیان نووسیوە، بە ئایینی دانەنێن. بەڵکو وەك بۆچوونو تێگەیشتنێکی بێباوەڕانو ئەگنۆستیزی (اللاأدريه) بۆ جیهان تەماشای بکەن، ئەگەر مرۆڤ لەم لایەنەوە بۆی بڕوانێت، ئەوا کەم یا زۆر وەك فەلسەفەیەك دەردەکەوێت. فەلسەفەیەك، زۆر لەبۆچوونەکانی هاوبەشن لەگەڵ فەلسەفەی کانتیزمو شۆپینهاوەریی رۆژئاواییدا. بەڵام گەر بەم شێوەیەش سەیر بکرێ، ئەوا جیاوازییەکی رادیکاڵ، لەنێوان دارشتنی ئەم دوو فیکرەدا، هەیەو کاریگەری دەرئەنجامەکانی ئەم جیاوازیەش، زۆر بەهێزە.

## زنجیرەیەك ژیان (دۆناودۆن)

هەردوو بیروباوەڕی هیندۆیزم بودیزم پێیان وایە ئێمە تەنیا یەکجار ناژین، بەڵکو زنجیرەیەك ژیانمان هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە ڕێنماییە کانمان، بۆ چەند جارێك ژیان، گونجاوبنو کاریان پێبکرێت، نەك بە زەرورەت تەنیا بۆ کاتی یەك تەمەنی تاکەکەسی. لەگۆشەنیگای زۆربەی رۆژئاواییەکانەوە، ئەم بۆچوونە خۆی لەخۆیدا جیاوازییەکی ئاشکراو کاراکتەرێکی ئایینییە، چونکە باوەڕهێنان بە زنجیرەیەك ژیان، هەڵوێست وەرگرتنە سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبوونی واقیع. بەڵام لێرەدا بێ پشتبەستنە بە هیچ بنەمایەکی هەستپێکراو. بەلای رۆژئاواییەکانەوە ئەمە

باوەڕێکی بێ بناغەیەو بودیزم بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر خۆی وەك ئایینێك دەردەخات، گەرچی بڕواشی بە بوونی خوداو و ڕۆح نەبێت. هەڵبەت، لەڕۆژئاواش، کەڵە فەیلەسوف وا هەبووە بڕوای بە ژیانی دۆناودۆن هەبووە، فیساگۆرس‌و پلاتۆن دوو نموونەی ئاشکران. سەبارەت بە پلاتۆن، ئەم بڕوایە پێکهاتەیەکی گرنگی تێوریی زانیارییەکەیەتی. بەڵام لەم بوارەدا، لەفەلسەفەی ڕۆژئاوادا، هیچ کەسێکی وا شوێن پێی ئەم نەکەوت. تەنانەت قوتابییەکەی خۆی، واتە، ئەرستۆتالیس، هیچ باوەڕی بەم بیرۆکەیە نەبوو. شۆپینهاوەر خۆی لەقەرەی ئەم فیکرە داوە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا ناکۆك بووەو هەرگیز بەتەواوی لایەنگیری نەبووە، لە پلەی هەرە بەرزی لێکدانەوەیدا بۆ ئەم کێشەیە شتی ناکۆك‌و دژ بەیەکی درکاندووە. جگە لەم، لەسەردەمی دێرینی گریکەکانەوە فەیلەسوفێکی ناسراو نەبووە، کە بڕوای بەم بۆچوونە هەبووبێت. ئەگەر مرۆڤ بپرسێت، تا چ ڕادەیەك فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی کاریگەریی لە سەر فەلسەفەی ڕۆژئاوایی هەبووە؟ دەبێت وەڵامەکە، "زۆرکەم" یان "هەر هیچ" بێت. گەر کاریگەرییەکیشی هەبووبێت، لەسەر ئاستی زۆر نزم بووە. بەشی هەرە زۆری ئوپانیشادەکان لەسەردەمی پێش لەدایکبوونی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی نووسراون: لەو چەند سەدەیەی فەلسەفەی دێرینی گریگی قاڵبی خۆی وەرگرت. ئەو کاتانە، بودیزم‌و هیندۆیزم ژیانێکی فیکریی دەوڵەمەندیان هەبوو، لەپانتاییەکی زۆری ناوچەکانی ئاسیادا بڵاو بووبوونەوە. لەبەر ئەم هۆیە، لەمێژە هەندێ توێژەر پێیان وایە لەناوچەکانی لای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی کاریگەریی هەبوو بۆ سەر گەشەکردنی فەلسەفەی سەردەمە کۆنەکانی گریك‌و تەنانەت بۆسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحیش. دیارترین کاندید بۆ وەرگرتنی ئەم کاریگەرییە فیساگۆرس‌و پلاتۆنن. بەڵام زۆر ئەستەمە جۆری کاریگەرییەکە دیاری بکرێت‌و بچەسپێنرێت. لەم ڕووەوە، زۆر شیاوە کە هەندێ کاریگەری ڕوویدابێت، بەڵام هەرگیز نەتوانراوە بسەلمێنرێت.



## لێکنزیکبوونەوە

دوای پلاتۆن، گەشەکردن‌و بەرەو پێشچوونی هزری ڕۆژئاوایی، لەسەر دەستی ئینتلجنسیای ترادیسیۆنی ڕۆژئاواییدا ئەنجامدرا، لەپێش هەموویانەوە، لەسەر دەستی روناکبیرە گریکییەکان، دواتریش بەهۆی ئایینی مەسیحییەوە، پاش ئەویش پێشکەوتنی زانستە سروشتییە مۆدێرنەکان، تەنیا پیتاندنێك کە لەم ماوە دوورو درێژەدا بەهۆی دەرەکییەوە ڕوویدابێت، لەڕێگای جیهانی عەرەبییەوە بووە، کە لەچاخەکانی ناوەڕاستدا ڕوویداوە. دوای ئەوەی پلاتۆنیزم چووە قۆناغی نیوپلاتۆنیزم، یەکەمجار کانت، وەك فەیلەسوفێکی گەورەی ڕۆژئاوایی، جارێکیتر لەسەر ئاستی پرسیارە بنەڕەتییەکان لەبیری ڕۆژهەڵاتی نزیك بۆتەوە. زۆریش دڵنیاین، کە کانت خۆی ئاگاداری ئەم لێکنزیکییەنەبووە. سەرەتا، ساڵانی دوای مەرگی ئەم، تێکستە هیندۆیزمی‌و بودیزمییەکان، بەشێوەیەك کە شایانی باس بێت، وەرگێڕدران بۆ سەر زمانە ئەورپاییەکان. هەر چەند ئەم وەرگێڕدراوانەش لەدەستی دوو، یان سێوە بوون، واتە لەدەقە ئۆرجینالەکانەوە نەبوون. بۆ نموونە تێکستە بەچاپ گەیەنراوەکەی ئۆپانیشادەکان، کە شۆپینهاوەر، هەموو شەوێك تا خەوئەیبردەوە، بەقووڵی ئەیخوێندەوە، وەرگێڕدراوێکی زمانی لاتینی بوو، کە لەفارسییەوە وەرگێڕدرابوو. هۆکار ئەوە بووە، لەو ڕۆژگارانەدا لەئەوروپا کەم کەس، زمانی سانسکرتیی، یان زمانی پالیی زانیوە. بەڵام وەرگێڕانیش لەدەستی دووەوە ئەوەندە کارێکی نائاسایی نییە. لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، هەر بۆ نموونە، دراماکانی ئەبسن، کە لە لەندەن بەئینگلیزی نمایشدەکران، بە نەرویژیی نووسرابوون‌و کرابوون بە ئەڵمانی‌و لە ئەڵمانییەوە بە ئینگلیزیی.

لەپاش پلاتۆن، تەنیا یەك فەیلەسوفی رۆژئاوایی هەیە، كە تارادەیەكی دیار هیندۆیزمو بودیزم كاریان تێكردبێت. ئەویش شۆپینهاوەرە. جێی سەرنجە كە شۆپینهاوەر خۆی لەمبارەیەوە قسەی ناكۆكی هەیە. بەگشتی ئەم سوورە لەسەر ئەوەی سەرچاوەی خاڵی سەرەكیی هەموو بیرۆكەكانی لەفەلسەفەی كانتەوە وەرگرتووە. ئەمە پێش ئەوەی بە هیندۆیزمو بودیزم ئاشنابێت. بەڵام دواتر بۆی ئاشكرا بووە، كە كاتێك فەلسەفەكەی ئەم سەرئەنجامی هەبووە، كە پلاتۆنو كانتو ئۆپانیشادەكان پێكەوە بوون بە سەرچاوە بۆی. كاتێك ئەم لەخاڵێكی گرنگدا لەگەڵ كانت هاوڕانییە، ئەوا خەریكە بەرەو بودیزم دەڕوات. دەكرێ كەم تا زۆر، فەلسەفەكەی ئەم وەك پێكەوە لكاندنی كانتیزمو بودیزم سەیر بكرێ، ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیربكەین، رەنگە مرۆڤ بگاتە ئەو باوەڕەی، كە فەلسەفەی رۆژهەڵاتی لەڕووی میتافیزیكییەوە قووڵترو پێشكەوتووتر بووە لەفەلسەفەی رۆژئاوایی. ئەمە تا كاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی كانتیزم، ئیتر لەم خاڵەدا، لەبەرامبەر فەلسەفەی رۆژئاواییدا پاشەكشەی كرد، بە تایبەتی كە بەبێ پشتبەستن بەئایین توانرا لەبواری میتیافیزیكدا پێش فەلسەفەی رۆژهەڵاتی بكەوێت بە بەكارهێنانی لۆژیكێكی ترادیسیۆنی بەهێزترو هەروەها بە تێهەڵكێشكردنی یان موتوربەكردنی یان بەستنی پەیوەندیی نێوان فیزیای ماتماتیكیو (لەحاڵەتی شۆپینهاوەردا) نێوان هونەر.

### لەرۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات

هەندێ هەنگاوی گرنگ بەرەوپێشەوە لە فەلسەفەی رۆژئاواییدا نراوە، هەرگیز لەرۆژهەڵات ئەنجامنەدراوە. بۆ نموونە وەك دیاریكردنی هێڵی جیاكەرەوەی نێوان رۆڵی عەقڵو شارەزایی پەیداكراو لەبەدەستهێنانی زانیاریدا، لەگەڵ هێڵی جیاكەرەوەی نێوان حەقیقەتەكانی سودفەو ناچاریدا. لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئاڵوگۆڕی زانستی، لەنێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، زیاتر بەو بارەدا



خۆی دەرخستووە، كە رۆژهەڵات لەرۆژئاواوە شت فێربوو، نەك بەپێچەوانەوە، ئەمە چ لە بواری فەلسەفەدا، یان لەزۆر بواریتریشدا. ئەم پرۆسەیەش چەند پەیوەستی فاكتەری دەسەڵاتی سیاسی بووە، ئەوەندەش پەیوەستی هۆكاری رۆشنبیری بووە.

### ئیپمریالیستی لەئایدیاكاندا

تەواوی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەكەمی سەدەی بیست، هەموو نیوە دورگەی هیندی لەژێر دەسەڵاتی بریتانیای مەزندابوو. بریتانیای مەزنو هێزە ئیمپریالیستیەكانیتری رۆژئاوا، وەك ئەمریكاییەكانو فەرەنساییەكانو هۆڵەندییەكان، بەچڕی لەزۆربەی بەشەكانیتری ئاسیادا بوونیان هەبووە. دەرەئەنجامێكی حەتمیی ئەم رەوشە، بڵاوبوونەوەی زۆرو بێسنوری كەلتوورو ئایدیاكانی رۆژئاوا بوو لەرۆژهەڵاتدا. كاریگەرییەكی وا، كە لەزۆر ڕووەوە هێشتا بەردەرامە. لەهیندستان تەواوی چینی خوێندەوارو رۆشنبیر زمانی ئینگلیزییان بەكار دەهێنا. هەروەها ئینگلیزی بوو بە زمانی هاوبەشی كەلتووری و بەناو هەموو ژیانی رووناكبیریی هیندیدا پەلوپۆی بڵاوبۆوە. لەكۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەدا لەهیندستان یەكەم زانكۆ لەسەر شێوەی زانكۆكانی ئینگلیز دروستكرا. نەك تەنیا وانەكان بەزمانی ئینگلیزی بوون، بەڵكو بەرنامەی خوێندنو پرۆگرامەكانیش لەسەر شێوازی ئینگلیزی بوون. ئەمە لەبواری فەلسەفەشدا هەر وابوو، زۆر لەخوێندكارانی هیندی فەلسەفەی فەیلەسوفە بێباوەڕەكانی وەك جیریمی بینتهام( Jeremy Bentham)وجۆن ستیوارت میل (John Stuart Mill) یان دەخوێند. لەو دەمانەدا لەبریتانیای مەزن باو باوی خوێندنی فەلسەفەی هیگڵیزم بوو، بەڵام لە وڵاتە داگیركراوەكاندا هەمیشە لەهەموو شتێكی باودا یەك دوو قۆناغ (نەوە – جیل)

لەدوای وڵاتانی داگیرکەرەوە بوون. لەم سەردەمەدا، هیندستان ئاشنایەتی لەگەڵ ناوی کانتو شۆپنهاوەر و هیگڵ پەیداکرد، بەڵام سەردەمی زێڕین، بۆ بڵاوبونەوەی بیروڕاکانیان، کەوتە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بوو، کە خوێندنی فەلسەفە لەهیندستان لەسەر ئاستی دوکتۆرا لەزانکۆکاندا دەستیپێکرد. خوێندنی بەرزو زانیاری پەیداکردن لەسەر زانکۆکانی ئۆکسفوردو کامبرج بوونە هۆی بەرەوپێشەوەچوونی خوێندنی فەلسەفەی ئەلمانی لەهیندستان. ئەو فەیلەسوفە رۆژئاواییانەی کە بەپلەی یەکەم لەهیندستان فەلسەفەکانیان دەخوێندرا، کانتو هیگڵ بوون. ئەو لێکچوونە زۆرانەی لەنێوان فەلسەفەی ئەمانو ئایینی هیندییەکاندا هەبوو، بەتەواوی لەلایەن ئەکادیمستە هیندییەکانەوە هەستی پێکرا. لەهیندستان نزیکبوونەوەیەکی زۆر هەبوو بۆ نییوکانتیزمو ئەمەش رۆڵێکی گەورەی لەدروستکردنی چوارچێوەیەکی تێکەڵاوی رۆشنبیری رۆژهەڵاتیو رۆژئاوایی لەبواری خوێندنو تاقیکردنەوەکاندا هەبوو.

## زاڵبوونی ئایدیا رۆژئاواییەکان

بەڵام کاریگەرێتیی هەرەگەورەو سەرانجڕاکێشی رۆژئاوایی بۆ سەر رۆژهەڵات، لەمارکسیزمەوە هاتە کایەوە. ئەگەر مرۆڤ بیری فەلسەفەیی لەپۆلەتێكو کارگێڕیو زانستو تەکنۆلۆژیاو بازرگانیو ناکۆکییەکان دابڕێ، ئەوا کاریگەری مارکسیزمی رۆژئاوایی بۆ سەر رۆژهەڵات لەمێژوودا بێوێنەیە، تەنانەت لەکاریگەریی بڵاوبوونەوەی ئایینیی مەسیحیش مەزنتربووە. هۆکارە سەرەکییەکانیش سیاسی بووە، لەسەروو هەموویانەوە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ی رووسیا بووە، کە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگەبووە. بەپێی ئایدیاکانی کارل مارکس، سەرکردەکانی ئەم شۆڕشە پێیان وابوو ئەمان پێشەنگی شۆڕشێکی جیهانین، بەلای ئەمانەوە هەرچی زووتر وڵاتانی دراوسێی رووسیا بێنە ژێر ئاڵای کۆمۆنیستیەوە، ئەوا پێگەی ئەمان پتەوتردەبێت.

هەر لەسەرەتاکانی شۆڕشی رووسیاوە سەرکردەکانی رووسی لەهەوڵی دروستکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بوون لە وڵاتە ئاسیاییەکانی دراوسێیاندا، بەتایبەتی لەوڵاتی چیندا. ساڵی ١٩٢١ بەلێشاو پارەیان بەخشی بە (سون ــ یان ــ سین)ی سەرۆکی ئۆپۆزسێونی ناو پەرلەمانی چینی. هەم دژی قەیسەری چینو هەم لەدژی هێزی داگیرکەری یابانی. بەم یارمەتییە توانیی پارتەکەی خۆی واتە (کومینتانگ) لەسەر پرنسیپەکانی پارتە کۆمۆنیسییەکان رێکبخاتەوە. لەهەمان کاتیشدا سەرکردە رووسەکان، یارمەتیی دامەزراندنی پارتێکی کۆمۆنیستی سەربەخۆی چینیاندا، ئەم دوو لایەنە بەنۆرە حوکمی چینیان کردووە، تا ساڵی ١٩٤٩ بەیەکجاری کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان گرتە دەستو تائێستاش ئەوان لەدەسەڵاتدان. حزبی مارکسیتریش لەهەندێ بەشیتری وڵاتانی ئاسیادا، دوای جەنگی دووەمی جیهانی شۆڕشی چەکدارییان بەرپاکردو هاتنەسەر حوکم. وەك لەکۆریای باشوور، ڤێتنامو کەمبۆدیا. لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەدا، ئێستا ئاسیا تاکە کیشوەرە، کە رژێمی کۆمۆنیستی بەشێوەیەکی زۆرو بەرچاوی تیادا ماوە. تەنیا لەچین، ئەم جۆرە رژێمە حوکمی یەك ملیارونیو مرۆڤ دەکات.

## ئایدیاکانی مارکس هێشتا حوکمی چین دەکەن

کاریگەرییەکانی مارکسیزم زۆر مەزنن، ڕوویکردبێتە هەر جێگایەك، بیرکردنەوەی ترادیسۆنیو دابو نەریتەکانی خستۆتە ژێرپرسیارەوە. بەتایبەتی بیری سەردەمی کاملبوونی مارکس، تیۆریی چڕ بوون لەسەر ئاستی رووناکبیری بێ رکابەر. مارکس، گەورەترین نموونەیە بۆ موتوربەکردنی هزری رۆژهەڵاتی بە بیری رۆژئاوایی. ناوەڕۆکی بیری مارکسیزم لەم ساڵانەی دوایدا کزبووە، تەنانەت لەناو حزبە مارکسییەکانیشدا، بەڵام هێشتا لەدەسەڵاتدایە و زۆر کەس ئایدیاکانی مارکسی لا

پیرۆزە. ئەمەش کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەری یەك بیرمەندی تەنیای ئەوروپاییە لەئاسیادا.



# فیختە

**بەلای فیختەوە زانیارییەکانی مرۆڤ بەهیچ جۆرێك بنەمایەکی ئەزموونگەری واقعییان نییە، بەڵکو جیهانی ئەزموونگەری خۆی زادەی زیرەکی ئاگامەندییە.**

یوهان گوتلیب فیختە Johan Gottlieb Fichte ١٧٦٢–١٨١٤ لەخێزانێکی لادێی سادەدا، لەئەڵمانیا لەدایك بووە. بەمناڵی شوانی قاز بووە. ڕۆژێکی یەکشەممە خانەدانێکی ناوچەکەیان، کە فریای کاتی گوێگرتن لەوتاری کەنیسە نەکەوتبوو، بیستبووی ئەم کوڕە دەتوانێت وەك خۆی گوتارەکەی وشە بەوشە بۆ بگێڕێتەوە. تاقیکردەوە، وا دەرچوو. خانەدانەکە ئەم کوڕەی گرتەخۆی، خستیە بەر خوێندنێکی باش، سەرەتا لای قەشەیەکی سەر بەڕێبازی لۆسەرو دواتر لەقوتابخانەیەکی بەناوبانگو دوای تەواوکردنی قوتابخانە ناردی بۆ زانکۆ ناودارەکەی شاری جینا Jena. بەڵام کە زانکۆی تەواوکرد، فیختە زۆر دەستکورت بوو، چونکە پیاوە خانەدانەکە مردبوو.

یەکەم بەرهەمی بە ناوی Versuch einer Kritik aller offenbarung بێ ناوی نووسەر ساڵی ١٧٩٢ بڵاوکراوەتەوە. خوێنەران وایاندەزانی کتێبی چوارەمی رەخنەیی (کانت)ە، کتێبەکە زۆر بەگەرمی پێشوازیلێکرا. لەمبارەیەوە بیروڕاکان دژبەیەکن، کە ئایا ئەم هەڵەیە بەمەبەست لەلایەن فیختە خۆیەوە ئەنجامدراوە، یان

هەر بەرێکەوت بووە. بەهەرحاڵ ئەو ناوی بۆخۆی پەیداکرد. ساڵی ١٧٩٤ لەجینا دەبێت بەپرۆفیسۆری فەلسەفە. یەکێك لەهاوپیشەکانی شیللەری شاعیر کە پرۆفیسۆری مێژوو بووە، بووە بەهاوڕێی، هەروەها گۆتەی شاعیریش هاوڕێی بووە.

فیختە وانەبێژێکی سەرنجڕاکێش بووە. سەرەتا سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە. بەڵام لەبەرئەوەی خاوەن سروشتێکی دژواربووە، قسەڕەق و کەللەڕەق و مامۆستایەکی زۆر وشك و هاوپیشەیەکی مۆن و روگرژ بووە، بۆتە هۆی لێتەکینەوەی خەڵکانی دەوروپشتی.

رۆژگارەکانی بووبوون بەزنجیرەیەك لەشەڕو پێکدا هەڵپڕژان، زۆربەی نووسینەکانی ئاڵۆزو تەماوی بوون، بەڵام بۆ تەنیا یەکجار، ئەویش، کە زانی پێویستی بەپارە پەیداکردنە بۆ بژێوی خۆی، وەك رۆژنامەنووسی ئازاد لەدەرەوەی زانکۆ کاری کردوە، ئەو جارە کتێبێکی کورت و سادەو سەرنجڕاکێشی بۆ خەڵکانی ئاسایی نووسیوە بەناوی Die Bestimmung des Menschen کە ساڵی ١٨٠٠ بڵاویکردۆتەوە، تائێستاش باشترین سەرەتایە بۆ چوونەناو فەلسەفەکەیەوە.

لەتەمەنی ٥٢ ساڵیدا بەنەخۆشی تیفۆئید مردوە، کە لەژنەکەیەوە تووشی بوو بوو، ژنەکەش کە سستەر بوو، لەنەخۆشخانەوە ئەو نەخۆشیەی گرتبوو.

## بوون یەکسانە بەهەڵسوکەوت

فیختە لە (کانت)ەوە، ئەویش لە (هیوم)ەوە ئەو زانیارییەی وەرگرتبوو، کە ئێمە ناتوانین مەعریفەی زانستی سەبارەت بەجیهان بەهۆی پێکەوە گرێدانی سەرنجلێدان و لۆژیکەوە بەدەستبهێنین.

یاسایەکی زانستی ناکرێت بەسەرنجلێدان، یا تێبینیکردن بەدەستبێت، گەرچی زۆر زۆریش دووبارە بووبێتەوە. بەڵام ئەوەی کاری کردە سەر فیختە، بوونی هەڵهێنجانی پەیوەندییەکی لۆژیکی بوو، کە دژ بەو رەوتەی تا ئەوکاتە بوو. گەرچی



ناکرێ یاسا زانستیەکان لەتێبینییە ئەزمونگەرییەکانەوە هەڵبهێنجرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەیاسا زانستییەکانەوە بگەین بەتێبینییە ئەزموونگەرییەکان. فیختە وەك هەموو کەسانی پاش نیوتن باوەڕی وابووە، کە یاسا کلاسیکییە فیزیکییەکان تەواو بابەتی و تا هەتایە بەڕاستی دەمێننەوە: گەر یاسایەکی زانستی دانرابێت، ئەوە بەشێوەیەکی رەهاو ناچارەکیی لۆژیکی دەبێت رووداوە تاکەکانی نێو جیهانی ئەزموونگەری شێوازێکی تایبەتییان هەبێت، ئەوە بەشێوەیەکی رەهاو بێ جیاوازییە. لەم گۆشەنیگایەوە فیختە ئەو ئایدیایەی داڕشتووە، کە جیهان ئافەریدەکراوی دەستی بکەرە، کە ئێمە لەناخی خۆماندا وێناکردنێکی رێکخراومان سەبارەت بەجیهان هەیەو جیهان بەناچارەکیی لۆژیکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەم تێزەی فیختە دوو پاڵپشتی گرنگی هەیە. ئەم ئەو بەڵگەیەی (هیوم)ی پەسەند کرد، کە دەڵێت ناکرێت شوێنی (خودی - من) وەك بابەتی زانیاری دەستنیشانبکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا جەختی لەسەر ئەوە کردوە، کە هەروەها ئێمە بەهەمان شێوە ناتوانین موعایەشەی بوونی خۆمان وەك بکەری خاوەن زانین بکەین، بەڵکو وەك بوونەوەری خاوەن مۆراڵ. ئێمە رەفتار دەکەین، لەوێشەوە هەڵبژاردن و بڕیاردان هەیە. دواتریش شارەزایی راستەوخۆ بۆ بوونی خۆمان بەدەستدەهێنین، نەك وەك بابەت لەجیهانی ئەزموونگەرایدا، بەڵکو وەك بوونەوەری خاوەن هەڵسوکەوتی مۆراڵی. لەبەرئەوەی دەزانین لەڕووی مۆراڵییەوە بەرپرسیارین لەڕەفتارەکانمان، هەستدەکەین کە (من)ی ئێمە لەکاتدا درێژ بوونەوەی هەیە.

## مۆراڵ و واقیعی راستەقینەیە

بەلای فیختەوە سەرەتاو بەردی بناغە بۆ هەموو بوونێك خەسڵەتە مۆراڵییەکەیەتی. بەم شێوەیە، پێی وابوو خاڵی سەرەتا، یان بەردی بناغە بۆ مرۆڤ،

بریتی نییە لەوەی زانیارییەکان بگوازێتەوە بۆ ئاگامەندیو بەوهۆیەوە ببێت بە (بوونەوەرێکی ئاگامەند)، بەڵکو رەفتاری ئاگامەندییانەیە، کە دەیکات بە (بوونەوەرێکی خاوەن مۆراڵ). واتە ویستی مۆراڵی، نەك زیرەکی هۆش، بنەمایە بۆ بوونی مرۆڤایەتی.

بەڵام بۆ ئەوەی من وەك بوونەوەرێکی مۆراڵی بوونم هەبێت، دەبێت بتوانم مامەڵە لەگەڵ شتەکان بکەمو توانای هەڵبژاردنم هەبێت. ئەوەش کاتێك قابیلی پراکتیزەکردنە، گەر بوارێکی واقیعی لەدەرەوەی خودی من بوونی هەبێت، کە تاڕادەیەك بەرامبەر یان دژ بەمن وەستابێت کە لەوێشدا من لەو کەمتر چالاك نیمو خۆم دەردەخەم، ئەوە جیهانی ئەزموونگەرایییە، ئەو هەقیقەتەش کە واقیع بەسروشتی خۆی مۆراڵییە، ئەوا جیهانی ئەزموونگەری رەنگە ئافەریدەکەری فاکتەرە مۆراڵییەکان بێت - بەڵێ لەبنەڕەتا ناتوانێت بەجۆرێکیتر بێت. کەواتە خودی من، خودی خاوەن ویست، جیهانی ئەزموونگەری دروستدەکات. کە ئەویش ناوچەی مەعریفی بەردەستە بۆ ئەو خودە، تا توانا بۆ خۆدۆزینەوەی مۆراڵی هەبێت بۆ ئەوەی، کە لەبنەڕەتدا خۆی بوونەوەرێکی مۆراڵییە.

ئەم فەلسەفەیە، بەردەوام کاریگەرییەکی شێوە ئایینی بۆ سەرزۆر لایەن هەبووە، هەندێکیان ئەم فەلسەفەیەیان تێکەڵ بە باوەڕ بەبوونی خوا کردووەو هەندێکیش، بەبێ ئەوەی بڕوایان بەخوا هەبێت، بەقەناعەتەوە بوون بەئایدیالیستی مۆراڵی.

بەدەر لەمانە، فیختە یەکەم فەیلەسوف بووە دانی بەوەدا ناوە، کە بوونی مەعریفە زانستییەکان پەیوەست نین بەمرۆڤەوە. ئەم روانینە بۆ سروشتی زانست لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا پشتگیری زۆری لێکراوە.



# شیلنگ

## فەیلەسوفی سروشت

**مرۆڤ بەشێکە لەسروشت، لەبەرئەوە داهێنانەکانی مرۆڤ بەشێکە لەبەرهەمی سروشت. لەمرۆڤدا، سروشت گەیشتۆتە خود ئاگایی.**

شیلینگ ١٧٧٥–١٨٥٤ لەئەڵمانیا لەدایك بووە، باوکی قەشەیەکی لۆسەری بووە، دووساڵ دوای لەدایك بوونی ئەم، بووە بە پرۆفیسۆر لەزمانە رۆژهەڵاتییەکاندا. بە باشترین شێوە کوڕەکەی پەروەردە کردوە، هەر لەمناڵییەوە تەواو خوێندەوار بوو. لەهەرزەکاریدا مەیلی خوێندنەوەی فەلسەفەی هەبووە، لەژێر کاریگەرێتی کانتو فیختەو تاڕادەیەکیش سپینۆزادا بووە. لەتەمەنی بیستو سێ ساڵیدا لەجینا کراوە

به پرۆفیسۆری فەلسەفە، ئەوکاتانە جینا سەنتەری ئەکادیمی ئەڵمانیا بووە. ئەم هەر زۆر لەگەنجییەوە ناوبانگی دەرکرد، لەتەمەنی سیو یەك ساڵیدا نازناوی خانەدانانەی (Von)ی پێبەخشراوە، ناوی بووە بە Fred rich Von Schelling. بەپێچەوانەی زۆربەی فەیلەسوفە ناودارەکانەوە، ئەم یەك هێڵی بیرکردنەوەی نەگرتووە. بەڵکو هەموو جارێك گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتاو لەنوێوە تێهەڵچۆتەوە. ئەنجام ئەم بەدرێژایی ساڵان چەند جۆرێك بابەتی فەلسەفەیی پێشکەشکردووە، رەنگە خۆی هەستی بەوەکردبێت. بەهەرحاڵ، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت لەتەمەنی سیو پێنج ساڵییەوە دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بوو. بەڵام ساڵانێکی زۆر ئەو بەردەوام خەریکی نووسینو وانەبێژی بووە. هەر وەك کانت، تا نزیکەی سەرەمەرگ لەکاردا بووە، لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا لەدنیا دەرچوو.

## رۆح لەمادەوە

لەجۆرە فەلسەفە جیاوازەکانی شیلنگ، هەرە بەناوبانگترینو کاریگەرترینیان ئەو فەلسەفەیەیە، کە بە فەلسەفەی سروشت ناسراوە، تاڕادەیەك کاردانەوە بووە بەرامبەر بە فیختە، کە جیهانێکی بێگیانی مادی وەك بەرهەمی ئافەریدەکراو، لەلایەن خودی زیندووی جودا لەو جیهانەوە، داناوە. بەپێچەوانەوە، شیلینگ گوتویەتی هەموو ژیان یەك پارچە ئافەریدەکراوی سروشتە، کە یەکەمجار جیهانێکی ماتریالی بێگیان بووە. ئەو وەك تەواوی واقیع سەیری سروشتی کردووە، کە بەردەوام لەگەشەکردندایە، سەرەتا ماتریالی مردوو بووە، دواتر ژیان دروست بووەو گەشەکردن هاتۆتە ئاراوە، سەرەتا رووەكو دواتر وەك ئاژەڵانو لەکۆتاییشدا لەشێوەی مرۆڤدا گەشەیکردووە. لەم وێنەیەدا هەندێك لایەن گرنگن. یەکەم: سروشت یەك یەکەیە. دووەم: سروشت حاڵەتێکی وەستاو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە. سێیەم: لەم پرۆسەیەدا مرۆڤ وەك بەشێکی دابڕاونین لەسروشت، ژیان لەمادە جیانەکراوەتەوەو دەرهاویشتەی پرنسیپێکی دژ بەسروشت نییە، هەردوولا وەك دوو دیوی یەك پرۆسەن. مرۆڤ هیچ کاتێك لەدەرەوەی جیهان نییە وەك بڵێی بەشێوەیەك لەشێوەکان دژ بەسروشت بێت.

وەك زانیاری دەریخستووە مرۆڤ بێ دوو دڵی بەشێکە لەسروشت. مرۆڤ مادەی رۆحلەبەرە، بەڵام گەر وابێت، کەواتە مادە خۆی توانای بوون بەخاوەن رۆحی هەیە، رۆحی لەخۆیدا حەشارداوە. شیلینگ بۆچوونی بەوجۆرە بووە. لەبەرئەوە، بەلای شیلینگەوە، تێگەیشتن لەسروشت، واتە لەسەرتاپای واقیع، تەنیا لەڕێی ئەو تێرمانەوە دەبێت کە دەربارەی رەوتی بەردەوامی گەشەکردنن. نیشانەی هەرە دیاری گەشەکردنەکەش ئەو هەموو داهێنانە دەستبڵاوە بێ سنوورانەیە، کە هەر چرکەیەك ملیۆنەها زیندەوەر دێنە دنیاوە - سپینۆزا بە Natura naturans، ئەو سروشتەی سروشت دەخوڵقێنێ، ناوی دەبرد. بەرزترین مەخلوقی سروشت، کە مرۆڤە، ئەویش بەزۆر شێوە داهێنەرە، گرنگترینو گەشەسەندووترین شێوازی داهێنانی رۆحی بریتییە لەئیبداعی هونەری. بەڵام جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەم جۆرەی داهێنان لای مرۆڤو داهێنان لەبەشەکانیتری سروشتدا، لای مرۆڤ پرۆسەکە سەبارەت بەخودی خۆی ئاگامەندە. لەهونەرە بەرزەکاندا مرۆڤ لەقووڵایی ناخی خۆی ورد دەبێتەوەو دەیەوێت لەبوونی خۆی تێبگات. بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لەسروشت، ئەمە دەبێتە هۆ بۆ ئەوەی سروشت لەو داهێنانە هونەرییەدا بگاتە قووڵایی خود ئاگایی، بەلای شیلینگەوە ئەمە ئامانجی هەموو کاری پرۆسەکەیە. کە ئەو هەموو دیاردە مەزنە بەردەوامانە، کە سروشت ئەنجامیاندەدات، گەشەکردنێکە بەرەو خود ئاگامەندی، ئەو هونەرە داهێنەرانەش خودی واقیعن. واتە هونەرە داهێنەرەکە، بەرزترین ئاستی ئێستای بوونە. هۆکاری بوونی هەر شتێکە کە هەیە.

### بۆ شت بوونی هەیە؟

بزووتنەوەی رۆمانتیکی کە هاوچەرخی ژیانی شیلینگ بووە، لەنووسینەکانی ئەمدا گەلێك لەقەناعەتو بڕواکانی خۆی لەتێرمە کانی ئەمدا دۆزیوەتەوە، گرنگی باڵکێشانی گشتی سروشت بەسەر هەموو شتێکدا، یەکبوونی مرۆڤو سروشت، بەرزراگرتنی هونەر بەڕادەی بەرزکردنەوەی داهێنەرە مەزنەکانی هونەر بۆ ئاستی بەخواوەندکردن. لەو کاتانەدا زۆربەی هونەرمەندە گەورەکانی ئەڵمانیا هاوڕێی تایبەتی شیلینگ خۆی بوون، لەوانە گۆتە، ڤێبەری ئاواز دانەر، هولدرلینو نۆڤالیسی شاعیر. ئەمان لەبەر ئەو هەموو هۆیانە زۆر بەگەرمیو پەرۆشەوە پێشوازییان لەفەلسەفە سروشتییەکەی کرد. ئەم، گەر بکرێ ئەم دەستەواژەیە بەکاربهێنرێت بوو بە (فەیلەسوفی ماڵی بزووتنەوەی رۆمانتیکی) لەئینگلاند گەورە تیوری دانەری شیعری رومانتیکی کولدریج (Coleridge) بیرۆکەکانی شیلینگی لە تێکستی پەخشانەکانیدا دووبارە کردۆتەوە.

لەقۆناغە دواییەکانی چالاکییەکانیدا، کە لەبەرلین وانەی بەزۆر لەناوداران دەگوتەوە، لەوانە فریدریك ئینگلس کە هاوقەڵەمی مارکس بوو، باکونین کە ئەنارشیست بوو، مێژوونووسی لێهاتوو بورکهاتو فەیلەسوفی دانیمارکی کیرکیگارد، ئەوکاتانە ئەو خۆی گوتەنی پرسیارە سەرەکییە شپرزەکەرەکەی خستۆتە روو: ئەی بۆ هەر لەبنەڕەتەوە شت بوونی هەیە؟

بۆ هەر بریتی نەبووە لەعەدەم؟ ئەمە دەلوێت وەك پرسیاری کۆتایی بێت بۆ ئەوانەی بڕوایان بە بوونی خوا نییە. شیلینگ باسی ئەوەی کردوە کە ئەیەوێت چی بکات، گوتویەتی لەسەردەمی گەنجیدا لاپەڕەیەکی نوێی لەمێژووی فەلسەفەدا تۆمار کردوەو ئێستاش لەسەردەمی گەورەییدا دەیەوێت ئەو لاپەڕەیە دابخاتو یەکێکی نوێ هەڵبداتەوە.



لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، بەلای فەیلەسوفە بوونگەراییەکانەوە هێشتا وەك سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش سەیری ئەم وانەبێژەی بەرلین دەکرا. پرسیاری ئایا بۆ هەر لەبنەڕەتەوە شت بوونی هەیە؟ پرسیارێکە کە لەم رۆژانەی ئێمەشدا زۆر لەفەیلەسوفە بێباوەڕەکانی سەرسامکردووە.

## هیگڵ[٧]

### داهێنەری چەمکی رەها

**بەلای هیگڵەوە هەموو شتێکی ناو جیهانو مێژوو، وەك گەشەکردنی شتێکی ناماتەرییە، پرۆسەیەکی مێژووییە، وەك لەفەلسەفەکەیدا باسی دەکات، بەخود هەستی دەگاتە لوتکە.**

جۆرج ڤیلهیلم فریدریك هیگڵ (١٧٧٠ ـ ١٨٣١) لەشاری شتوتگارت لەدایك بووە. یەکێ لەهاوڕێکانی لەزانکۆی توبینگن (شیلینگ) بووە. ئەو کاتانەی شیڵنگ روناکبیرێکی خاوەن ناوبانگ بوو، هێشتا ئەم ناوی نەبوو، فەلسەفەکەی ئەم سالآنێکی زۆر دوای شیڵنگ هاتەئاراوە زۆریش کاریگەری ئەوی لەسەربوو. سەرەتا هیگڵ وەك مامۆستاو دواتر لەڕۆژنامەدا، کاری کردووە ، پاش ئەوەش بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەو دواتریش سەرەنجام بوو بە پرۆفیسۆری فەلسەفە لەزانکۆی هایدلبیریگو دواتریش لەزانکۆی بەرلین.

خاوەن بەرهەمێکی زۆرەو کاتێك کە مرد گەورەترین روناکبیری ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا بوو. لەشاکارە بەناوبانگەکانی کتێبی فینومینولوجیای رۆح (Phanomenologre des Geistes)ەکە ١٨٠٦ چاپکراوە، (Die Wissenschaft der logic) ١٨١٢ چاپکراوە لەگەڵ (Grudlineinder Philosophies des Rechts) ١٨٢١ چاپکراوە.

یەکەم کتێبی کە بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان فەلسەفەی فیختەو شیڵینگ بووە. فەلسەفەی ئەمیش تاڕادەیەك دەکرێ وەك تێکەڵکردنێکی فەلسەفەی ئەم دووانە سەیر بکرێت. بەلای هیگڵەوە هەروەك شیلینگ هەموو واقیع یەك یەکەیەو نەوەستاوەو بەردەوام لەپرۆسەی گەشەکردندایە، هەروەك شیلینگ، ئەمیش باوەڕی وابووە دوا ویستگەو ئامانج لەم گەشەکردنە گەیشتن بووە بە خودئاگاییو خۆناسین. بەڵام لەبەرامبەر فەلسەفەکەی شیلینگدا، هیگڵ هەموو



پرۆسەکەی تەنیا لەسروشتدا نەبینیوە. بەلای هیگڵەوە پرۆسێسەکە زیاتر لە فیختەوە نزیکە.

بەلای هیگڵەوە هەست یان گیان شتێك نیە لەسروشتێکی بێ گیانەوە دروست بووبێت، بەڵکو لەسەرچاوەیەکەوەیە، کە بنەڕەتی بوونی پێکهێناوە. هەروەها خۆی پرۆسە مێژووییەکەیە، کە بریتییە لەواقیع.

لەم خاڵەدا، هیگڵ کێشە دەنێتەوە بۆ ئەوانەی بەزمانی ئەڵمانی بەرهەمەکانی ناخوێننەوە، بەڵکو پشت بەوەرگێڕان دەبەستن. هۆکاری پرۆسەی گۆڕانە مێژووییەکان بەلای هیگڵەوە ئەو شتەیە، کە بەئەڵمانی پێی دەوترێت (Geist). ئەم وشەیە واتای شتێکە لەنێوان گیانو هەست (رۆحو ئیدراك). نەوەك رۆح بێ لەشو نەوەك شتێکی وەك هەست، یان ئیدراك، کە تەواو پابەندە بە جەستەوە.

بەلای هیگڵەوە (Geist) ماتەری بنەڕەتی بوونەو هەموو ئەو پرۆسە مێژووییەی واقیع پێکدەهێنیت، گەشەکردنی (Geist)ە بەرەو خودئاگاییو خود ناسین.

هەرکاتێك گەیشتنە ئەم قۆناغە هاتەدی، هەموو بوونێك لەیەك یەکەدا لەگەڵ خۆی لەهارمۆنیدا دەبێت. هیگڵ ئەم یەکە هەست بەخود کردەی ناو ناوە "رەها"، لەبەرئەوەی بەلای ئەمەوە سروشتی یان بنەڕەتی هەموو شتێك کە بوونی هەیە، نا ماتەرییە. بەفەلسەفەکەی دەگوترێت "ئایدیالیزمی رەها". ئەم خۆی فەلسەفەکەی لەگەڵ ئایینی مەسیحی گونجاندووە، بەڵام هەندێك لەوانەی دوای خۆی خەریکی شیکردنەوەو راڤەکردنی فەلسەفەکەی ئەم بوون بەجۆرێکی پانتیزم (وحدە الوجود)یان داناوەو هەندێکیتریش لایان وایە فەلسەفەکەی ئەم خۆی ئایینێکی سەربەخۆیە، بەبێ خوا. لەهەمووشیان رادیکالتر (کارل مارکس)ە، کە زۆربەی بیرۆکەکانی هیگڵی وەرگرتووە، دەڵێت هەموو ئەو پرۆسە مێژووییەی هیگڵ شتێکی عەقڵی یان رۆحی نییە، بەڵکو شتێکی ماتەرییە.

## یاسای گۆڕان

روانینـه ناوەندییـەکانی هیگـڵ زۆر بەڕوانینـەکانی هیراکلیتـوس چـووە، بـەلای ئەمەوە هەموو شتێك بەردەوام لەگەشەکردندا بووە. هەرچی بوونی هەیـە، بەرهـەمی ئـەم پرۆسـەیەیە. لەبەرئـەوە ئـەم لای وابـووە زانیـاری دەربـارەی هـەر بـوارێکی بەرفراوان، هەمیـشە بریتییـە لەپرۆسـەی گـۆڕان. هـەموو حاڵـەتێکی ئـاڵۆز لەخۆیـدا هـەڵگری تـۆوی ناکۆکییـە لەگـەڵ یـەکتری. ئـەم یەکانـە لەحاڵـەتی نائارامیـدان‌و لەبەرئـەوە ناکرێـت ئـەو حاڵەتـە نائارامـە تـا هـەتا هەتایـە بـەردەوام بێـت. دەبێـت ناکۆکییەکان گەشـەبکەن تـا ئـەو رادەیـەی لـەناو دەچـن‌و حاڵـەتێکی نـوێ دروسـت دەبێت‌و هەڵبەتە ئەم حاڵەتە نوێیەش نـاکۆکی نـوێی تێدایـە. بـەلای هیگڵـەوە ئەمـە لـۆژێکی بنـەڕەتی گۆڕانـە. ئـەم سیـستەمێکی تیرمینۆلـۆگی تایبـەتی دانـاوە بـۆ باسکردنی ئەوە. بەهـەموو پرۆسـەکەی گوتـووە پرۆسـەی دیـالیکتیکی یـان بەتـەنیا (دیالیکتیك)ی بەکارهێناوە.

شیکاری بۆ سێ قۆناغی سـەرەکی ئـەم باسـەی کـردووە، قۆنـاغی ئێـستا لەهـەر حاڵەتێکدا بێت نـاوی لێنـراوە تێـز these ئـەو کاردانـەوەی هەمیـشە لـەدژی یـەکتر کـارکردنی ئـەو دوو یەکـە دژ بەیەکـە دروسـت دەبێـت، نـاوی نـاوە ئـەنتی تێـز antithesis، وردە وردە ناکۆکیەکـەی نێوانیـان نامێنێـت‌و حاڵـەتێکی جیـاواز دێتـە ئاراوە، کە لەهەندێك خەسڵەتی هەردوو یەکەکەی تیایەو هەروەها هەندێك خەسڵەتی هەردوولای تیا لەناوچووە. ئەم ئەم قۆناغەی ناوناوە Synthesis. بەڵام لەبەرئەوەی (Synthesis) رەوشـێکی نوێیـە، ئـەوا ئـەمیش نـاکۆکی نـوێی تێدایـەو دەبێـت بەسـەرەتاو هـەوێن بـۆ سێکوچـکەیەکیتری نـوێ لـەتێز و ئـەنتی تێـز و سـینتێز*، بەمـشێوەیە پرۆسـەی گۆڕانەکـە بـەردەوام دەبێـت‌و لەهـەناوی خۆیـدا گـۆڕانی نـوێ دێنێتـە کایـەوە. هیگـڵ دەڵێـت لەبـەر ئەوەیـە هـیچ کاتێـك هـیچ شـتێك وەك خـۆی نامێنێت، لەبەر ئەمەیە، کە هەموو بیرو ئایین‌و هونەرو زانست‌و ئابووری‌و بەشەکانی کۆمەڵگەو تەنانەت کۆمەڵگەش هەمیـشە لەگۆڕاندایـەو هـەر لەبـەر ئەمەشـە شـێوازی گۆڕانکارییەکان لەهەر حاڵەتێکدا دیالیکتیکییە. (دوای هیگڵ وشەی دیالیکتك زۆرجار لەبری یاسای گۆڕان بەکارهێنراوە).

## (قۆناغەکانی) رەوتی مێژوو

لەبەرئەوەی گۆڕانکاری بەرهەمی کاری هێزە مێژووییەکانە، ئەوا ئەو تاکانەی بەر ئەو گۆڕانە دەکەون، لەڕاستیدا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە بۆ ئاراستەکردنی گۆڕانەکە. تاکەکان بەرلێشاو دەکەون. تەنانەت سەبارەت بەچالاکی تاکەکەس، کەسەکان دیلی رۆحی زەمانی خۆیانن ﴿هیگڵ بەرامبەر وشەی رۆحی زەمان (Zeitgeist) ی داناوە﴾ گەر بەهرەمەندێك لەساڵی ٢٠٠٠دا هەوڵبدات لەسەر شێوازی شکسپیر شانۆنامە بنوسێت، یان وەك بیتهوڤن ئاوازی سیمفونیا دابنێت، ئەوا ئەم کارە بەڕەسەن دانانرێت، بەڵکو ئەوە لاساییکردنەوەیە، لاساییکردنەوەیەکی هونەری لەسەردەمێکی جیاوازدا.

ئەم کەسە هەرچەندە بەهرەمەندیش بێت، نابێت سەردەمی خۆی لەبیربکات. بەوشەیەکیتر، مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری پرۆسەی دیالیکتیك بێت.

لەهەموو پرۆسەیەکی گەشەکردندا تەنیا شتێك کە بتوانێت ئەم نەخشەی گۆڕانە تێکبدات‌و ئازادی بەتاکەکان ببەخشێت، ئەوەیە کە حاڵەتێکی بێ ناکۆکی بێتە ئاراوە. گەر هیچ ناکۆکیەك نەما، ئیتر گۆڕان بەردەوام نابێت. گەر باسی رەوتی گەشەکردنی مێژوویی سەرتاپایی گۆمەڵگە بکەین، ئەوە کاتێك دێتەدی، کە ناکۆکی لەکۆمەڵگەدا نەمابێت. واتە حاڵەتێکی نموونەیی دروستبووەو بەردەوامبوونی گۆڕانکاریی نە پێویستەو نەکەس هیوای بۆ دەخوازێت.

بەلای هیگڵەوە ئەم حاڵەتە وەك كۆمەڵگەیەكی ئۆرگانیك وایە. لەوێدا هەموو تاكێك بەشێكە لەگشتو بەجۆرێكی هارمۆنی كاردەكات. هێنانەدی بەرژەوەندییەكانی گشت زۆر مەزنترە لەهی ئەو تاكە خۆی. بەبۆچوونی ئەم كۆمەڵگەیەكی وا بەهاكانی تاكگەرایی لیبرال تێدەپەڕێنێت، بەڵام گەر باس لەگەشەكردنی فیكر بكەین كاتێك حاڵەتی بێناكۆكی دروست دەبێت كە رۆحی جیهان خودی خۆی وەك بنەڕەتێكی واقیعی بناسێتو تێبگات. ئەوەی تا ئێستا بەلایەوە شتێكی بێگانەبووە، لەڕاستیدا بەشێكە لەخودی خۆیو لەگەڵ خودی خۆیدا ناكۆك نییە. بەڵام هێشتا تاكەكان لەناو ناكۆكیەكاندا گیریانخواردوە.

خودی خۆی ناناسێتو ئازادنییە، ئەم حاڵەتی نامۆییە بەردەوام دەبێتو دەبێتە وزەبەخش بۆ دروستكردنی گۆڕانی دیالیكتیكی نوێ.

گەر مرۆڤ بپرسێت "لەچ كاتێكی مێژووی راستەقینەی فیكردا رۆحی جیهان تێدەگات، كە خودی خۆی واقیعی بنەڕەتییە؟ وەڵامەكە دەبێت هەر بەم شێوەیە بێت: لەناو فەلسەفەی هیگڵدا.

لەم رووەوە هیگڵ لەناو فەیلەسوفە گەورەكانیتردا تاكە. چونكە ئەم خۆی وانابینێت، كە هەر كلیلی تێگەیشتنی واقیع دەداتە دەستمان ـ زۆر لەفەیلەسوفەكان وایانكردووە ـ بەڵكو وەك بەرجەستەكردنی ئامانجی واقیع سەبارەت بەزانستو وەك خودی بەرجەستەكردنی رۆشنگەریمان خۆی وێنادەكات.

## بەپیرۆزكردنی دەوڵەت

گەر مرۆڤ سەرنجی بیری سیاسیو كۆمەڵایەتی هیگڵ بداتو بپرسێت ئاخۆ لەچ خاڵێكدا گەشەكردنی كۆمەڵگە دەگاتە حاڵەتی نەمانی ناكۆكی؟ وەڵامەكە ئەوەندە ئاشكرانییە. هیگڵ خۆی پێی وابووە ئەو حاڵەتە لەرژێمی مەلیكی دەستووری سەردەمی خۆی لەپروسیا هاتۆتە دی.

لایەنگرە دڵگەرمەكانی ئەم دەوڵەتە بەتوندی ئەم لایەنەی بیركردنەوەی هیگڵیان قۆستەوەو كردیان بەبناغەیەكی فەلسەفەیی بۆ شێوازێكی دیاری ئەڵمانی بۆ بەپیرۆز سەیركردنی دەوڵەت، كە دواتر بووە خاوەن مێژوویەكی دوورو درێژ.

سەردەمانێك ئەم لایەنگرانە بەناوی هیگڵییە راستڕەوەكان ناسران. لەڕێگەی ئەمانەوە هیگڵ واناسرا كە دامەزرێنەری فەلسەفەیی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە راستڕەوییەی ئەڵمانیایە، كە لەلوتكەی هەرە بەرزیدا هیتلەری بەرهەمهێنا. بەڵام جگە لەمان شوێنكەوتووانیتری هیگڵ هەبووە، كە ناسراو بوون بە هیگڵییە چەپڕەوەكان. كە بەلای ئەمانەوە پروسیای ساڵانی ١٨٣٠ زۆر دوور بووە لەدەوڵەتی نموونەییەوەو بەلایانەوە گۆڕانكاریی رادیكالانە گەر نەگوترێ شۆڕشگێڕانە پێویستە بۆ گەیشتن بەكۆمەڵگەی نموونەیی، بەناوبانگترین ناو لەناو ئەم گروپی هیگڵییە چەپڕەوانەدا كارل ماركس بووە.

دووبەرەكی كەوتنە ناو هیگڵییە راستڕەوو چەپڕەوەكانەوە شتێك ئاشكرا دەكات، كە بۆ زۆر كەس بۆتە مایەی پرسیارو سەرسوڕمان.

ئەویش ئەوەیە ئایا بۆ هەمان فەیلەسوف، واتە هیگڵ، بووە بەئیلهام بەخشی فیكری بۆ هەردوو لایەنی نازیو كۆمۆنیستی؟

## سێ بیرۆكەی سەرەكی

هەندێ لەو بیرۆكانەی هیگڵ لەسەردەمی خۆیەوە تاكو ئێستا رۆڵێكی گرنگیان لەپێكهێنانی فیكری رۆژئاواییدا بینیوە. یەكەمیان بریتییە لەو بیرۆكەیەی دەڵێت: واقیع پرۆسەیەكی مێژووییە، كە لێتێگەیشتنی بەهۆی شیكردنەوەی چۆنیەتی بوون بەوەی ئێستا هەیەو ئێستا بەرەو چ گۆڕانێكو بوون بەچیتر دەبێت، بەوتەیەكیتر، واتە لێتێگەیشتنی تەنیا بەهۆی روونكردنەوەی كاتیگۆرییە مێژووییەكانەوە دەبێت.

رەنگە بەلامانەوە سەیربێت، بەڵام ئەم رەهەندە مێژووییە لای هیچ فەیلەسوفێکی پێش ئەم نەبووە. فەیلەسوفەکانی پێش هیگڵ وا سەیری واقیعیان کردوە، کە یەکجار ئاڵۆزە، بەڵام وەك حاڵەتێکی چەسپاو یان بڕیار لەسەردراوە. هەروەك بڵێیت ئەرکی ئەمان تەنیا راڤەکردنی بێت.

بەڵام لەسەردەمی هیگڵەوە هەستی مێژوویی هاتۆتە ناو شێوازی تێڕوانینمانەوە بۆ زۆربەی زۆری شتەکان. دوو کەسایەتی گرنگی دوای ئەم، مارکسو داروین دەبنە هەرە بەناوبانگترین بیرمەندی سەدەی نۆزدەهەم. لای هەردوکیشیان لەبەرچاوگرتنی گەشەکردنی بەردەوام کرۆکی بیرکردنەوەیان بووە. مارکس خۆی راستەوخۆ ئەم بیرۆکەیەی لەهیگڵ وەرگرتووە. بیرۆکەی دووەم کە بەرهەمی هیگڵە، ئەوەیە کە مێژووی جیهان ستروکتورێکی عەقڵانی هەیەو یاسای گۆڕان، واتە دیالکتیك، کلیلی تێگەیشتنی ئەم ستروکتورەیە. مارکس ئەم بیرۆکەیەشی وەرگرت. بیرۆکەی سێیەمی هیگڵ کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، بیرۆکەی نامۆییە. ناوەڕۆکی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی شارستانییەکەی خۆی دروستدەکاتو هەموو دامەزراوەو یاساو بیرە جۆراو جۆرەکانی بۆ دادەنێتو دوایش خۆی دەبێتە دیلی ئەو شتانە. ئەم شتانە گەرچی کردەی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام دەبنە شتی دەرەوەو بێگانە بەخودی مرۆڤ. بەجۆرێك لەخۆی ئاڵۆزکردووە کە خۆی لێیان تێناگات. بۆ نموونە دەربارەی ئایین، زۆر کەس ئەو سیفەتانەی کە حەزدەکەن لەخۆیاندا هەبێت، دەیبەخشن بەخودا، کە دواتر وەك هەقیقەتی رەهای بێ کەموکوڕی، خاوەن هەموو زانینێك، ئەوپەڕی بەتوانا، سەیری دەکەنو لەبەرامبەردا بەپێچەوانەوە خۆیان وەك سوكو بێنرخ، نەزانو بێدەسەڵات دەبینن. ئەم بەدبەختە کلۆڵە کە ئەم کارە دەکات، نازانێت کە ئەو خەسڵەتانە هەندێکیان خەسڵەتی مرۆڤنو دراون بە شتێکیتر. ئەم مرۆڤە وا لەخوا تێدەگات، کە لەڕاستیدا بەتەواوی پێچەوانەی جۆری بوونی ئەمە. لەکاتێکدا هەم خواو هەم خودی مرۆڤەکان لەهەقیقەتدا خاوەن بوونێکی رۆحی هاوبەشن. یەکێك لەفەیلەسوفەکانی دوای هیگڵ، "فیورباخ" پێی وابووە، خواو خواوەندەکان هەموو زادەی مرۆڤنو هەر دەبێت لەو روانگەیەشەوە تێگەیشتنمان بۆیان هەبێت. ئەم بیرۆکەیەی فیورباخ لەسەدەی نۆزدەدا کاریگەری زۆری هەبووە.

## شوێنپەنجەی هیگڵ دوای خۆی

گوتراوە مێژووی فەلسەفە لەدوای هیگڵەوە کەم تا زۆر بریتییە لەکاردانەوە بەرامبەر کارەکانی هیگڵ. هەڵبەتە دیارە لەمەدا زیادەڕەوی هەیە، بەڵام بەشێکی بچوکی راستی تێدایە. فەیلەسوفی دانیمارکی، کیرکیگارد (Kierkegaard) ١٨١٣ - ١٨٥٥، کە دامەزرێنەری فەلسەفەی بوونگەرایییە، بەدڵنیاییەوە نووسینەکانی کاردانەوەن بۆ فەلسەفەی هیگڵ.

بیرۆکەی گرنگی فەلسەفەیی کیرکیگارد ئەوەیە کە هەرچی لەڕاستیدا بوونی هەیە، تاکی بێ هاوتایەو لەبەرئەوەیە ناکرێت راستەقینەی واقیع لەبۆچوونو قسەی گشتیدا قەتیس بکەین. هەر لەبەرئەوە، هەڵەیە گەر سیستەمی فەلسەفەیی ئەبستراکت پیادەبکرێت. کیرکیگارد دانی بەوەداناوە هیگڵ گەورە فەیلەسوفی ئەو سەردەمە بووە، بەڵام پێیوابووە هیگڵ هەڵەی کوشندەی هەبووە. لەلایەکیتریشەوە کارل مارکس لەگەنجێتیدا لەهیگڵیزمییە چەپڕەوەکان بووە. هەروەها بنەڕەتی فەلسەفەی مارکسی راستەوخۆ لەبیرۆکەکانی هیگڵەوە نەشونمایان کردوەو بەردەوام چەمکە فەلسەفەییەکانی هیگڵی بەکارهێناوە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هیگڵیزم لەبەشی هەرەزۆری وڵاتانی رۆژئاوادا، تەنانەت لەوڵاتە ئینگلیزی زمانەکانیشدا، بوو بە بەربڵاوترین مۆدە، هەردوو فەیلەسوفی بریتانی بیرتراند رەسلو جی. ئی. موور بەم فەلسەفەیە پەروەردە کرابوون، بەڵام دواتر بەتوندی

دژی وەستان. ئەم کاردانەوەو دژ وەستانە بوو، کە بوو بەدەستپێك بۆ هاتنەکایەی ترادیسۆنی شیکاری، کە لەبەشی زۆری سەدەی بیستەمدا بوو بەڕەوتی هەرە بەناوبانگی فەلسەفە لەوڵاتانی ئینگلیزی زماندا. گەشەکردنی ئەو چوار لایەنە سەرەکییەی فەلسەفە، هیگڵیزم، مارکسیزم، بوونگەرایی‌و فەلسەفەی شیکاری لەڕاستیدا پانتاییەکی فراوانی مێژوویی فەلسەفەیان داگیرکردووە دوای هیگڵ.

جگەلەوەی باسکرا، هیگڵ کاریگەری هەبووە بۆ سەر فەلسەفەی سیاسی بزوتنەوە ناسیۆنالییەکان‌و هەروەها بۆ سەر ئەو شێوازە بیرکردنەوە سیاسییەی بان ڕاست کە دۆستایەتییان لەگەڵ فاشیزم پەیداکرد. لەم رووەوە هیگڵ نموونەی هەرە سەرنجڕاکێش بووە بۆ بیری سیاسی ئەنتی لیبرالیزم لەجیهانی مۆدێرندا. لەو روانگەیەوە کە هیگڵ پێیوابووە چەمکی ئازادی تاکەکەس سنوردارو بێ بایەخە، چونکە تەنیا لەڕێگەی تواندنەوە لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانیدا، تاك توانای دۆزینەوەی خودی خۆی هەیە. تا خۆی وەك یەکەیەکی ناوەندی‌و تاك ببینێت ئەم خۆ دۆزینەوەیە مەحاڵە بۆی.

- د. محەمەد کەمال لە بەرامبەر تێز بابەت، لە بەرامبەر ئەنتی تێز دژە بابەت و بۆ سینتێز (تێهەڵکێش) ی داناوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە فەلسەفەی هیگڵ بە کوردی، بروانە د. محەمەد کەمال فەلسەفەی هیگڵ دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم چاپی دووەم ٢٠٠٩ کوردستان – سلێمانی (وەرگێر)

# مارکس

## هەوڵدانێك بۆ کردنی مێژوو بەزانست

**مارکس پێی وابوو بنەما زانستییەکانی مێژووی ئاشکرا کردووەو ئیتر دەتوانرێت بەهۆی وردیی زانستەوە، پێشبینی رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە بکرێت.**

کارل مارکس ١٨١٨–١٨٨٣ لەشاری Trierی ئەڵمانیا لەدایك بووە. دایك‌و باوکی لەبنەڕەتدا جولەکە بوون، کە ئەم تەمەنی شەش ساڵان بووە، بوون بەمەسیحی سەر بەڕێبازی مارتین لۆسەر. بەڵام ئەم خۆی هەر لەهەرزەکارییەوە بەتوندی دژی باوەڕی ئایینی بووە. هەر لەو سەردەمەوە گوتویەتی: "رەخنەگرتن لەئایین، بنەمایە بۆ هەموو جۆرێکی رەخنە". وەك خوێندکار یەکەمجار یاسای خوێندووە، دواتریش فەلسەفەو مێژوو. بابەتی دکتۆراکەی لەسەر فەلسەفەی گریکی دێرین بووە، لەبەر بەئاشکرا وەستانی دژ بەئایین رێگەی پێنەدراوە وەك مامۆستا کاری ئەکادیمی بکات. هەربۆیە بۆ ماوەیەکی کورت بەکاری رۆژنامەوانییەوە خەریك بووە. لەسەرتاپای ژیانیدا زۆرکەم کاری کردووە بۆ بژێوی پەیداکردن، بەڵکو زیاتر بەهەژاری ژیاوەو خەریکی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو نووسین بووە.

کە ساڵی ١٨٤٣ ئەو رۆژنامەیەی ئەم سەرنووسەری بوو داخرا، بەرەو پاریس کۆچی کردووە، لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ فریدریك ئینگلسی لاو پەیدا دەکات. ئەمە بووە سەرەتا بۆ بەناوبانگترین‌و کاریگەرترین هاوڕێیەتی دوو نووسەر لەمێژوودا. ئینگلس کوڕی خێزانێکی بازرگانی دەوڵەمەندی ئەڵمانی بوو، کە ئەوکاتە لەمانشیستەر نیشتەجێبوون. لەوێ کۆمپانیایەکی قوماشیان هەبووە. لەڕاستیدا ئەو مەسرەفی هەموو ژیانی مارکسی گرتۆتە ئەستۆ. ئەو بۆتە رێگەخۆشکەر بۆ مارکس تابتوانێت بەرهەمەکانی ئامادەبکات. ساڵێك دوای ناسینی ئینگلس، مارکس بنەما سەرەکییەکانی ئەو سیستەمە فیکرییەی داڕشت، کە دواتر بەمارکسیزم ناسراو بوو

بەبناغە بۆ کۆمونیزمیو خۆی وەك تاکە بیری راستەقینەی سۆسیالیستی دەناساند. هەمیشە ئینگلس وەك هاوکاری مارکس بووە بۆ داڕشتنی ئایدیاکانی، ئەم یەکەم کەس بووە، کە گفتوگۆی دەربارە کردونو رەخنەی گرتووەو لێهاتووانە رۆڵی خۆی لەم رووانەوە بینیوە. مارکس بێ چەندوچون بلیمەتێکی لێهاتووی زیرەکتر بووە لەم پێکەوە کارکردنەدا. کەس غەدری لەئینگلس نەکردوە لەبەرئەوە ئایدیاکان بەناوی مارکسەوە ناونراون. بەڵام هەروەها ئینگلس کاری کەمی تیا نەکردون.

### لەئینگلاند ژیاوەو مردووە

کە ساڵی ١٨٤٥ مارکس لەفەرەنسا وەدەرنرا، روویکردە برۆکسل. لەوێ لەگەڵ ئینگلس مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستییان نووسیو ساڵی ١٨٤٨ بڵاویانکردەوە. وەك چاوەڕواندەکرا، هەمان ساڵ لەبرۆکسل دەرکرا، دوای ماوەیەك گەڕانو سەرگەردانی بێ سەرئەنجام، ساڵی ١٨٤٩ لەلەندەن گیرسایەوە. ئیتر پاشماوەی ژیانی، واتە ٣٤ ساڵی تەمەنی، لەوێ بەسەربردو هەر لەوێش کۆمەڵێ نامیلکەی جوانو سەرنجڕاکێشەری نووسی. یەکێك لەبەرهەمەکانی ئەو ساڵانەی، شاکارە گەورەکەیەتی کە ناوی (سەرمایە)یە، ساڵی ١٨٦٧ چاپیکردووە. هیچ گومانێك نییە، کە (سەرمایە) یەکێکە لەکتێبە هەرە کاریگەرەکانی مێژووی جیهان. ساڵی ١٨٨٣ مارکس لەلەندەن مردوەو لەگۆڕستانی High gate نێژراوە.

### یەکێك لەمناڵەکانی هیگڵ

هۆکارێك بۆ ئەوەی مارکسیزم وەك سیستەمێکی فیکری دەوڵەمەند خۆی دەنواند، ئەوە بوو کە ئەم سێ ترادسیۆنی فیکری تەواو گەشەکردووی بەسەریەکدا تواندبۆوە، واتە فەلسەفەی ئەڵمانی، سیاسەتی فەرەنسایيو ئابووری بریتانی. لەبەرئەوە ئاسان نییە مارکسیزم بخرێتە خانەی کاتیگۆری فەلسەفەوە، لەگەڵ ئەوەشدا رەهەندێکی فەلسەفەیی کەمی نەبووەو کاریگەری یەکجار زۆریشی هەبووە بۆ سەر بیرکردنەوەی فەلسەفەیی دوای خۆی، هەربۆیە هیچ مێژوونووسێکی فەلسەفە لەم سەردەمەدا ناتوانێت خۆی لێ بەدوور بگرێت.

زۆربەی ناوەڕۆکە کەی مارکسیزم، لەفەلسەفەی هیگڵەوە سەرچاوەی گرتووەو مارکسییەکان لەوکاتەوە بەردەوام هەر تێرمەکانی هیگڵییان بەکارهێناوە. لێرە چاك وایە لیستێك بکەین بۆ ئەو ئایدیایانەی کرۆکی هیگلیزمینو لەهەمانکاتیشدا کۆڵەکەی بیری مارکسین.

١- واقیع حاڵەتێکی وەستاو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی مێژوویی بەردەوامە.

٢- لەبەرئەوە کلیلی تێگەیشتن لەواقیع، تێگەیشتنە لەسروشتی گۆڕانکارییە مێژووییەکان.

٣- ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانە بەڕێکەوت روونادەن، بەڵکو بەپێی یاسایەکی دیاریکراوە.

٤- ئەو یاسا دیاریکراوەی گۆڕانکارییەکان، دیالیکتیکییە، واتە بزووتنەوەیەکی سێ لایەنیو هەمیشە دووبارەکراوەیە لەشێوەی تێز، ئەنتی تێز، سینتێز*.

٥- هۆکاری بەردەوامیدان بەم کارە، نامۆییە، کە بەهۆیەوە هەموو حاڵەتێك کە دێتە پێشەوە، درەنگ یان زوو بەهۆی ناکۆکییەکانی نێو هەناوی خۆیەوە هەڵدەوەشێتەوە.

٦- ئەم پرۆسەیە لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نییە، بەڵکو بەپێی یاسا تایبەتییەکانی خۆی بەڕێوە دەچێتو مرۆڤیش لەگەڵ خۆیدا راپێچدەکات.

*بروانە بابەتی تایبەت بە هیگڵ لەم کتێبەدا. (وەرگێڕ)

٧- ئەم پرۆسە ناوبراوە بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە ئەو حاڵەتەی هیچ ناکۆکییەك نامێنێت، ئەوکاتە هیچ نامۆبوونێك نامێنێتو ئەوەش دەبێتە هۆی نەمانی هێزی پاڵنەر بۆ گۆڕانی نوێ.

٨ــ کاتێـك ئـەم حاڵەتـە بـێ ناکۆکییـە دێتـە ئـاراوە، ئـیتر مرۆڤـەکان لـەژێر کاریگەرێتیو کۆنترۆڵی هیچ هێزێکی دەرەکیدا نابن، بەڵکو بۆ یەکەمجار چارەنووسی خۆیان دەگرنە دەستو خۆیان دەبنە بڕیاردەر بۆ گۆڕانکارییەکان.

٩ــ ئەمــەش بـۆ یەکـەمجار ڕێگـە بـۆ مرۆڤـەکان خۆشـدەکات کـە ئـازادبنو بەسەربەستی خودی خۆیان بهێننەدی.

١٠ـ ئەو کۆمەڵگەیەی لەم ئازادییـەوە دێتـە بەرهـەم، کۆمەڵگەیـەکی پەرتـەوازەی لەوشێوەیە نییە، کە لیبراڵەکان بـیری لـێدەکەنەوە، کـە تاکـە کەسـە سـەربەخۆکان بەڕێوەی ببـەن، بـەڵکو کۆمەڵگەیـەکی ڕێکخـراوە، تـاك لەگشتدا تواوەتـەوەو گشت لەژیانی تاکە کەس مەزنترەو سوودی زیاتری پێدەبەخشێت.

بـەڵام دوای ئـەم دە خاڵـە گەورەیـەی لێکچوون لەگـەڵ هـیگڵ، خـاڵی گـەورەی جیـاوازیش هەیـە، کـە مـارکس لەیـەکێکیتری نزیـك هـەمان سـەردەمی وەرگرتـووە، ئەویش فەیلەسوفی ئەڵمانی (لـودڤیگ فیۆربـاخ)ە. ئـەویش وەك مـارکس لەهیگلییـە چەپەکان بووە. بنەمای سەرەکی واقیع هەرچییەك بێـت، بـەلای مارکسەوە ڕۆحیـی نییە، بەڵکو ماتەرییە. خۆی جەختی لەسەر کردۆتەوە، کە ئایدیالیست نییـە، بـەڵکو ماتریالیـستە. ئـەو پرۆسـە مێـژوویيو دیالیکتیکیـە مەزنـەی ئێـستا بـە دە خـاڵ باسمـانکرد، بـەلای مارکسەوە هـەموو لـەنێو ماتریالـدا ڕوودەدەن، کـە بەبۆچـوونی مـارکس جیهـان هـەر لـەماتریال پێکهـاتووە. لەبەرئـەوە ئەمـە سیـستمەکەی بـە ماتریالیزمی مێژوویی یان ماتریالیزمی دیالیکتیکی نـاوبردووە. هـەردوو لایەنەکـە بـۆ باسکردنی هەمان بابەتە، دەکرێـت ئـەم تێرمانـە لەشـوێنی یـەکتری دابنرێـت، بـەڵام لەباسی کاروبارو خەسڵەتی مرۆڤدا ماتریالیزمی مێـژوویی زیـاتر گونجـاوە. کـە بـاس لەڕەهەنـدە نامرۆڤییـەکانیتری جیهـانیش دەکرێـت، بـەکارهێنانی نـاوی ماتریـالیزمی دیالیکتیکی گونجاوترە. دواتر ئینگلس لەمارکس زیاتری لەمبارەیەوە نووسیوە.

## ڕەگو ڕیشەی ئابووری

دەربارەی کاروبـاری مـرۆڤ، دیالیکتیـك بـەلای مارکسەوە بـەمجۆرە کـاری خـۆی دەکـات، مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی بـژی، پێویـستی بـەدابینکردنی بژێوییـە. دەبێـت مـرۆڤ خـواردنو پۆشـاكو شـوێنێکی هـەبێت تیایـدا بـژیو پێویـستییە گرنگەکانیتریـشی دابینبکات، بۆ مسۆگەرکردنی ئامڕاز بۆ ئەمانە کارێکی ناچارییەو مرۆڤ ناتوانێت لـەو ئەرکـە ڕزگـاری بێـت، بـەڵام هـەر لەگـەڵ گەشـەکردنی ئامڕازەکـانی بەرهەمهێنانـدا، بەرژەوەندی هەمووان لەوەدابووە، کە هەریەکە لەبوارێکی تایبەتدا کاربکات، چونکە ئەوە بۆ هەموو لایەك باشتر بـووە. بـەڵام ئـەو شـێوازە وا دەکـات، کـە پەیوەستبن بەیـەکترەوە، ئەوکاتـە بەرهـەمهێنانی پێداویـستییەکانی ژیـان دەبێـت بـەکاروباری کۆمەڵایـەتی، نـەك تاکەکەسـی. لـەم پەیوەسـتبوونە هەمەلایەنییـەدا، کـە خـودی کۆمەڵگـە پێکـدەهێنێت. هـەموو کـارێکی تایبـەتی تاکـەکان دیـاریکردنی جـۆری پەیوەندییانە بە ئامڕازی بەرهەمهێنانەوە. کاری مرۆڤ بۆ ئەوەی بـژێوی خـۆی پەیـدا بکـات، زۆربـەی کـات پەیوەسـتە بەشـتە بنەڕەتیەکانـەوە، کـە دەربـارەی ژیانگوزەرانـدنی ئـەوەو هـەروەها لەهەمانکاتیـشدا هاوبەشـیکردنی ئـەو مرۆڤەشـە لەخزمەتکردنی کۆمەڵگەدا بەگشتی. ئەوە بڕیـاردەرە چ بەرژەوەندییـەکی کەسـانیتر لەدابەشکردنی بەرهەمی کۆمەڵگەدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمدایە. ئەمـە دەبێتـە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییـە ئابوورییـەکانو بـۆ دروسـتبوونی نـاکۆکی لـەنێو چـینە جیاوازەکانـدا. بـەڵام ئامڕازەکـانی بەرهـەمهێنان لەپرۆسـەی گـۆڕانی بەردەوامدان. هەڵوێستی مرۆڤەکان بەرامبەر ئەمانو بەرامبەر بەیـەکتریش بـەردەوام پێویستی بەگۆڕانە. لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکی گرنگ لەهۆیـەکانی بەرهەمهێنانـدا، پەیوەنـدی نێـوان چـینە کۆمەڵایەتییـەکانو جـۆری نـاکۆکی چـینایەتیش گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت. بـەلای مارکـسەوە یەکـە یەکـەی ئـەم ئاسـتانە وەك گەشـەکردنی دیالیکتیکییە.

لەسەر ئاستی یەکەم فاکتەری بنەڕەتی بۆ هەموو گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگە، گەشەکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، بەم پێیە گەشەکردنی چینەکانی کۆمەڵگەو ناکۆکی نێوان چینەکانو پەیدابوونو نەمانیان بەوهۆیەوە دەبێت. ئاستێکی بەرز، کە مارکس ناوی ناوە سەرخان: ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان، ئایین، فەلسەفە، هونەرو ئایدیاکان، ئەمانە هەموو بەلای ئەمەوە لەسەر بناغەی ئابووری پەرەدەستێننو لەبنەڕەتەوە ئابووری بڕیاریان لێدەدات.

چەند نموونە دەتوانێت هەندێك لەم خاڵانە ڕوونبکاتەوە.

سەرنجی مارکس بۆ ئەوە چووە، کە لەسەرەتای قۆناغی پیشەسازیدا شارە پیشەسازییەکان نزیك ڕووبارەکانو کەنار دەریاو دەریاچەکان دروستکراون، ئەوکاتانە هێشتا گواستنەوەی کەرەستەی خاو بەشێوەیەکی سەرەکی بەپاپۆڕ بووە، هێشتا ئاشو کارگەکان پێویستیان بەوزەی ئاو بووە بۆ کارکردن. بەڵام گەشەکردنی وزەی هەڵمی، بەتایبەتی دروستکردنی شەمەنەفەر کە بەوزەی هەڵمی کاریدەکرد، شارە پیشەسازییەکانی لەو مەرجە ڕزگارکرد. لێرە بەدواوە لەنزیك سەرچاوەی کەرەستە خاوەکانەوە یان نزیك بازاڕە گرنگەکانەوە دەستکرا بەدروستکردنی ئەو شارانە. ئەمە نموونەیەکی ڕوونو ئاشکرایە، کە چۆن گۆڕانکارییەك لەهۆیەکانی بەرهەمهێناندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەبنەڕەتەکەدا.

کاتێك مارکس سەرنجی بۆ ئەم لایەنە ڕاکێشا، کاریگەری زۆر هەبوو، چونکە کەس بەر لەئەو بیری بۆ ئەوە نەچووبوو. ئەوە بووە هۆی گۆڕانکاری لەبۆچووندا سەبارەت بەگەشەکردنی مێژوویی، وەك زۆر لەئایدیا باشەکان هەر کە یەکێك باسی کردوون، بۆ هەموو لایەك ڕوونو ئاشکرا بووە، بەڵام زۆر سەختە تێبگەین بۆ مرۆڤ پێش ئەوان هەستیان بەبوونی ئەو ئایدیایانە نەکردووە؟



ڕەنگە مێژوونووسێکی مارکسیست بتوانێت بڵێت لەگەڵ سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازی لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، بۆ یەکەمجار فەیلەسوفێك ،بۆ نموونە کانت، وەك بەرهەم سەیری مەعریفەی کردبێت.

ئەمە شێوازی تایبەتی مارکسیستەکانە بۆ چۆنیەتی شیکردنەوەی گەشەکردنی ڕۆشنبیری. بەلای ئەوانەوە هونەرەکان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینە خاوەن دەسەڵاتەکان دەکەن، چونکە ئەم بیرۆکەو بەهایانە بڵاودەکەنەوە، کە لەبەرژەوەندی ئەوانو موڵكو سامانەکانیانو دەسەڵاتیان دەپارێزێت، یان کارو کردەکانیان بەرز دەنرخێنێت، یان چینەکانیتر لەسیاسەت دوور دەخاتەوە. ڕۆڵێکی لەهەمان شێوە ئایین دەیبینێت، کە خۆی (ئەفیونی گەلە) شێوازێکی شیکردنەوەی کۆمەڵگەو مێژووەکەی لەم گۆشەنیگایەوە هاتۆتە ئاراوە. گەرچی ئێستا زەحمەتە بیرمەندی خاوەن سەنگی وا هەبێت باوەڕی بەتێکڕای ئەو شیکارییە هەبێت. گومان نییە، کە بەشێکی زۆری نیشانەی بلیمەتییەو گرنگی زۆری هەبووە لەدروستبوونی ڕوانینی مۆدێرندا.

## شۆڕش

بەلای مارکسەوە ئەو کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدارییەی سەردەمی خۆی، دواقۆناغی گەشەکردنی مێژوویی پێش بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی بێ ناکۆکی چینایەتی بووە. ئەم لەو بڕوایەدا بووە ئەو گەشەکردنە تەکنۆلۆژییە بەردەوامە دەبێتە هۆی بێکارکردنی زیاترو زیاتری خەڵك، لەئەنجامدا ئەو خەڵکە بێکارە تا دێت، ژمارەیان ڕوو لەزیادبوون دەبێت، بەهۆکانی بەرهەمهێنان نامۆ دەبنو هەژارو

بێدەرەتان دەبن. بەڵام لەهەمانکاتدا خاوەنداریێتیو کۆنترۆڵکردنی هۆکانی بەرهەمهێنان دەکەونە ژێر دەستی کەسانێکی بەژمارە کەمترەوە، ئەمە بەڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگە بەسەر دوو چیندا دابەشدەکات. سەرمایەدارانو کرێکاران. ناکۆکی نێوانیشیان تا دێت، گرژتر دەبێت.

تا ئەوکاتەی کرێکاران بەپشتبەستن بەزۆری ژمارەیان دژ بەسەرمایەداران رادەپەڕنو دەیانڕوخێننو خۆیان دەستبەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا دەگرن، ئەم شۆڕشە لەدوولاوە بریتی دەبێت لەکۆتایهێنان بەمێژوو، لەبەرئەوەی ئەو سەرکەوتنە کۆتاییەیە، کە رووداوەکان بەناچاری بەرەو رووی دەچوون، دوای ئەوەش ئیتر هیچ گۆڕانکارییەکی دیالیکتیکی روونادات، دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر چینەکاندا کاتی بەسەردەچێت، هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبنە موڵکی هەموانو لەبەرژەوەندی هەموان دەبن. لەبەرئەوەی ئیتر کۆمەڵگە کۆمەڵگەی بێ چینایەتییە، ئەوا ئیتر بێ ناکۆکیش دەبێت.

هەروەك جارێك ئینگلس گوتویەتی، ئیتر پێویست ناکات دەسەڵات حوکمی مرۆڤ بکات، بەڵکو تەنیا لایەنی کارگێڕیو رێکخستنی شتەکان دەبێت. ئینجا لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لەژێر دەسەڵاتی هێزە مێژووییە کۆنترۆڵ نەکراوەکاندا، لەژێر سایەی رژێمە سەرکوتکراوەکاندا ناژین، ئەوکاتە دەتوانن بەئازادی خۆیان، خۆیان بدۆزنەوە.

## پەیامبەرێکی ساختە

ئەو داهاتووەی، کە یەکسەر بەدوای ئەوکاتانەی مارکس دەربارەیان دەینووسی هات، هیچ بەوشێوەیە دەرنەچوو، کە ئەو دەیگوت دەبێت وابێت. لایەنێکی هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ بەهەڵەدا چوونی سەبارەت بەجۆری تیۆرییەکەی. مارکس بەلایەوە وابووە تیۆرییەکەی زانستی بووە، هەروەك زانستی فیزیکی نیوتن. گەر ئێمە زانیاری دروستمان سەبارەت بەهەر تەنێکی جووڵاوی سەر بەسیستەمی فیزیکی لەبەردەستدا بێت، بەپشتبەستن بەیاساکانی نیوتن دەتوانین بەتەواوی پێشبینی حاڵی ئەو سیستمە لەهەر قۆناغێکدا بکەین. مارکس پێیوابووە یاسا بزوێنەرەکانی ئابووری کۆمەڵگەی لەسەر هەمان شێواز دۆزیوەتەوە، لەپێشەکی کتێبی سەرمایەدا بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە. بەپشتبەستن بەو زانیارییە پێیوابووە دەتوانێت پێشبینی رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە بکات.

بەلایەوە زۆر گرنگ بووە، مارکسیزم وەك تیۆریکی زانستی پەسەند بکرێت. بەنموونە سۆسیالیزمییەکەی خۆی گوتووە "سۆسیالیزمی زانستی" بۆ ئەوەی لەنموونەکانیتری جیابکاتەوە. بەڵێ، تەنانەت رقیشی لەنموونەکانیتر بووە. پێی وابووە ئەوانەیتر لەسەر بناغەی خەونی پڕوپوچ، یان گوتاری مۆراڵی یان خۆزگەو ئاوات، هەڵچنراونو ئەم خۆی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی سەبارەت بەکۆمەڵگە ئەنجامداوە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی ئایا چ هێزێك لەوێدا کاریگەرەو چ یاسایەك کاروباری ئەو هێزانە بەڕێوەدەبات؟ دواتر ئامۆژگارییە سیاسییەکانی لەسەر ئەو واقیعانە داڕشتووە.

بڕواکردن بەوەی کە مارکسیزم زانستیانەیە، بەشێکی گرنگی ئەو سەرنج بۆلای خۆڕاکێشانەی رووندەکاتەوە، کە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو. مارکسیستەکان وا راهاتبوون، کە وەك بۆچوونی خۆیان لەقەناعەتەکانیان نەڕوانن، بەڵکو وەك زانیاری زانستی سەیریان بکەنو وەك شتێك، کە ئەوان بەدڵنیایی رەهاوە "دەیانزانی" ئەمە باوەڕ بەخۆبوونێکی یەکجار زۆری پێبەخشبوون، بەشێوەیەکی گشتی دژ بەهەموو بڕواو گۆشەنیگایەکی جیاواز بوونو جیاوازییان پێ قبوڵنەکراوە. هەر ئەوەندەش دەسەڵاتیان گرتبێتە دەست، چاپو بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدیایانەی لەگەڵ ئایدیاکانی خۆیان نەگونجاون، قەدەغەکردووە.

هۆکارێکیتر بۆ ئەوەی مارکسیزم سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشاوە (سۆسیالیزم)ی بووە. چونکە مارکسیزم بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە

بەشێوەیەکی زانستییانەی ورد پێشبینی گەشەکردنی قۆناغی داهاتووی کۆمەڵگە دەکات. ئەو گەشەکردنەی "هەر دەبێت رووبدات". کەواتە سۆسیالیستەکان خاوەنی پاشەڕۆژن، ئەوەی ئەوان بڕوایان پێیەو ئەوان دەیانەوێت، هەر روودەدات. خەڵکیتر چی دەکەن‌و چ دەڵێن، گرنگ نییە. هەموو جیهان لەسەر رێگەی ئەوان بوو، وەك خۆیان حەزیان دەکرد فۆرمۆلەی بکەن، دەیانگوت "مێژوو لایەنگری ئێمەیە" رکابەرەکانیشیان، هەر وەك ترۆتسکی گوتویەتی، دەچنە زبڵدانی مێژووەوە. ئەوان خۆیان لە "مۆدێرن" بەمۆدێرنتر داناوە، چونکە ئەوان تەنیا لەئێستادا نەژیاون، بەڵکو بەر لەهەموو کەسێك پاشەڕۆژیش هەر بۆ ئەوانە.

## سەرنجڕاکێشەرێکی بەهێز

ئەم پێکەوەگرێدانی ئایدیایانە، "زانست"و "بەمۆدێرنکردن"و "لایەنی داهاتوو گرتن" وەك سەرنجڕاکێشەرێکی بەهێزی خەولێخەر بووە بۆ ژمارەیەکی زۆری روناکبیران لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا. لایەنە ئابوورییەکەی مارکسیزمیش چووبووە پاڵ ئەو لایەنە فیکرییانە. لایەنە ئابوورییەکە داواکاری بوو بۆ پلاندانان‌و کۆنترۆڵکردنی ناوەندی بۆ ئابووری"چارەسەری پلان بۆ داڕێژراو" بەلایانەوە داواکارییەکی تەواو عەقڵانی بووە. هەروەك چۆن تیورییەکەی لۆك لەسەدەی هەژدەدا رۆڵی سەرەکی هەبووە لەبەرپابوونی شۆڕشی ئەمریکای باکوورو فەرەنسا، بەهەمان شێوە تیورییەکەی مارکس لەسەدەی بیستەمدا رۆڵی سەرەکی هەبووە لەگەورەترین شۆڕشەکانی ناو مێژوو. شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ی روسیاو شۆڕشی ١٩٤٨–١٩٤٩ی وڵاتی چین، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دوای قۆناغی جەنگی دووەمی جیهان، کە هەڵگری بیروڕای مارکس بوون، رۆڵی گرنگیان هەبووە لەجیهانی سێیەمدا.



لەهەندێك لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. تەنانەت ئێستاش، کاتی نووسینی ئەم بابەتە، هەندێکیان لەدەسەڵاتدا ماون. ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بایەخ‌و گرنگی ئەم ئایدیایانە لەجیهانی واقیعدا.

## داڕمان‌و روخان

ئەو پێداگرییە بەهێزەی مارکس بۆ بانگەشەکردن، کە ئایدیاکانی "زانستین"، بەهۆی رەوتی گەشەکردنی رووداوەکانەوە بەرپەرچ دراوەتەوە. هەروەك هەموو ئایدیا زانستییە راستەقینەکان دەبوایە بتوانرایە بەدیبهێنرانایە. ئەوە مەبەستی سەرەکی تاقیکردنەوەکانە. هەر لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە وردە وردە ئاشکرا بوو، کە رووداوەکان بەو جۆرەی تیۆری مارکس چاوەڕێی بووە، گەشەناکەن. هەر لەڕاستیدا لەجیهاندا هیچ کۆمەڵگەیەك نەبووە، کە گۆڕانکارییەکانی بەپێی ئەو یاسایانە بووبێت، کە مارکس ناوی نابوون "یاسا زانستییەکانی گەشەکردنی مێژوویی"، ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی رەوتە لادەرەکان "تەحریفییەکان" زۆر لەبیرمەندە مارکسیستیەکان کەوتنە دەسکاریکردنی تیۆرییەکانی مارکس بۆ گونجاندن لەگەڵ پێچەوانەکەیداو هەروەها کەوتنە راڤەکردنی بەڵگەکان بۆ گونجاندنیان لەگەڵ تیۆرییەکانی مارکس، ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك قوتابخانە یان رێبازی مارکسی دژبەیەك، کە لەهەندێکجاردا توندوتیژی لەدژایەتیاندا هەبووە. هۆکاریش بۆ توانەوەی زۆربەیان ئەو هەقیقەتە بوو، کە لەهەر جێگایەك بزووتنەوەی مارکسی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، هەر هەموویان بوون بە دیکتاتۆریی، کراوە بە کۆمەڵگەیەك، کە بەهیچ جۆرێك لەوە نەچووە، کە تیۆرییەکە بانگەشەی بۆ کردووە. لەهەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا، بێ جیاوازی، سیستمە ئابوورییەکەش سەرکەوتوونەبووە. لەبری گەشانەوە، زیاتر لاوازبوون. دەسەڵاتی مارکسی خەڵکی گیرۆدەی هەژاری‌و زۆرداری کردووە.

بەتێپەڕبوونی کات، گشت خەڵکی، ژمارەیەکی کەم نەبێت، گەیشتونەتە ئەو سەرەنجامەی دەبێت هەڵەیەك لەتیۆری مارکسیدا هەبێت. بەڵام ئەوکاتە کاریگەرێتی ئایدیاکانی مارکس رۆچووبووە هەموو بوارەکانی کەلتووری مۆدێرنەوە. لەبەرئەوە، ئێستا گەرچی مارکسیزم لایەنگرانی دڵگەرمی زۆریشی نەمابێت، بەڵام هیشتا لایەنێکی گرنگی ئەو شتە پێکدەهێنێت، کە بەشێوەیەکی گشتی بە "مۆدێرنە" و جیهانی ئایدیاکان ناو دەبرێت، ئەمە لەزۆر بواردا، نەك تەنیا لەبواری ئەدەبو هونەردا.

## دەسەڵاتی ئایدیاکان

مرۆڤ دەتوانێت بەدڵنیایی تەواوەوە بڵێت، کارل مارکس بەهۆی ئایدیاکانییەوە لەکورتترین ماوەدا زۆرترین کاریگەری هەبووەو لەمرووەوە لەمێژوودا بێ وێنەیە. لەسەردەمی ژیانی خۆیدا، ناوبانگی هەر زۆر کەم بووەو روناکبیرێکی هەژار بووە، بەدەستگیرۆیی هاوڕێکانی ژیاوە.

زۆربەی کاتەکانی بۆ خوێندنەوەو نووسین تەرخانکردووە، زۆربەی کات لەمۆزەی بریتانی بووە. بەڵام هەر حەفتا ساڵ دوای مردنی، کە ١٨٨٣ مردوە، یەك لەسەر سێی هەموو مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمانەدا بوون، کە خۆیان بە مارکسیست ناو دەبرد.

ئەوە هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی دەگرتەوە، لەگەڵ هەموو روسیاو مەملەکەتی قەیسەری جارانی رووسیو هەموو وڵاتی چین. هەرگیز لەمێژوودا شتی لەمجۆرە نەبووەو (رەنگە مرۆڤ بتوانێت بڵێت) باوەڕوایە هەرگیز شتی لەو جۆرە



روونا داتەوە. تەنانەت سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی مەسیحیو ئیسلامیش وا بەربڵاو نەبوون، تەنانەت بودیزمیش لەقۆناغی هەرە بەربڵاویدا بەو رادەیە نەبووە. دیاردەیەکی زۆر تەواو سەرسوڕهێنەرە، کە هەرچەندە لەپراکتیکدا مارکسیزم بەردەوام سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئایدیاکانی سەرکەوتوو بوون، ئەو کۆمەڵگایانەش، کە مارکسیزمیان تیا ئەنجامدراوە یان داتەپیون یان خۆیان لەسیاسەتی مارکسی رزگار کردوە.

زۆر لەکەسایەتییە خاوەن دەسەڵاتەکانی نێو مێژووی مۆدێرن لەو کەسانە بوون، کە پەیڕەوی مارکسیزمیان کردووە. بۆ نموونە لەڕووسیا لینینو دواتریش ترۆتسکیو ستالین، لەیوگوسلاڤیا تیتۆ، لەچین ماوتسی تۆنگ، لەڤێتنام هوشی ـ منەو لەکوبا فیدڵ کاسترۆ. ئەم مرۆڤانە جیهانیان گۆڕی، هەروەها لەسەردەمی زێڕینی خۆیدا، مارکسیزم بەشێوەیەکی جیهانی کاریگەریی هەبووە بۆ سەر هونەرو پۆلەتیك. کەسایەتی لەجیهاندا ناسراو لەبواری هونەردا بۆ نموونە درامانووس جان ـ پۆل سارتەر (کە رۆماننوسێکی بەناوبانگو فەیلەسوف بوو)، بیرتۆلد برێخت (کە هەروەها شاعیرێکی سەرکەوتووش بووە) هەروەك پاپلۆنیرۆدای شاعیرو بیکاسۆی نیگارکێش خۆیان بەمارکسیستو کۆمۆنیست زانیوە. بێگومان بەشێکی هونەرەکەیان بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

زیاتر بەشێوەیەکی گشتی، روانینێکی مارکسی هەیە بۆ هونەرو ئەو رۆڵەی، کە دەبێت لەکۆمەڵگەدا بیگێڕێت، کە تا ئیمڕۆش چالاکانە کاری پێدەکرێت. ئەویش ئەوەیە، کە ئەرکی سەرەکی هونەر رەخنەگرتنە لەکۆمەڵگە، بەپێی ئەم بۆچوونە دەبێت هونەر مرۆڤەکان لەکەموکوڕیو هەڵەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژینو سەبارەت بەچۆنیەتی پەیوەندی خۆیان بەو کۆمەڵگەیەوە لەوێشەوە سەبارەت بەچۆنیەتی گوزەراندنی ژیانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە. دەبێت بیانخاتە سەر هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەکەیان.

هەروەها مارکسیستەکان وەك ئامرازێکی شۆڕشگێڕی سەیری هونەر دەکەن، هونەری خراپ ئەو هونەرەیە یارمەتیدەرە بۆ مانەوەی بەها کۆمەڵایەتییە کۆنەکانو دەیەوێت مرۆڤەکانی پێ گۆشبکاتو لەخشتەیان بەرێت، کە بەردەوام بروایان پێبکەن. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ هونەر، کە بەر لەمارکس هەرگیز باونەبووە. زیاتر لەو جۆرە دۆگمایە، یان باوەڕە بێ بنەمایانە دەچێت، کە لەم سەردەمەدا باوە، رەنگە ئەوە دوا تیرهاویشتنی مارکسیزمی بێت.

# نیتشە

## خوا مردووە

**سەرچاوەی مۆرالو بەهاکانی مرۆڤی رۆژئاوایی لەو قەناعەتە ئایینیانەوەن، کە ئەم خۆی بڕوای پێیان نەماوە، هەر بۆیە دەبێت جارێکیتر پیایاندابچێتەوە.**

فریدریك نیتشە ١٨٤٤-١٩٠٠ لەبنەماڵەیەکی ئایینی پروتستانتییە. باوکیوهەردوو باپیرەی هەموو قەشەی سەر بەمەزهەبی پروتستانتی بوون.



لەقوتابخانەو زانکۆ زمانە کلاسیکییەکانی خوێندووە. ئەکادیمییەکی زیرەکولێهاتوو بووە، لەتەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا گەیشتۆتە پلەی پرۆفیسۆر، کە ئەمە شتێکی دەگمەنە، بەڵام هەرگیز بەشێوازێکی ئەکادیمی فەلسەفەی نەخوێندووە. هۆکاری بوونی بە فەیلەسوف، خوێندنەوەی بەهەرمەکانی شۆپینهاوەر بووە. لەژێر کاریگەرێتی رۆحیی شۆپینهاوەردا دەستبەرداری بواری ئەکادیمی بووەو بەسادەییو تەنیایی ژیاوە. زۆربەی کاتەکان لەسەفەری سویسراو ئیتالیا بووە. لەماوەی شانزەساڵدا نووسینەکانی بڵاودەکردەوە بێ ئەوەی ناوبانگ پەیدابکات. لەو کتێبانەی ئەو ماوەیە بڵاویکردونەتەوەو ئێستا ناوبانگیان هەیە ئەمانەن Gebat der Tragödie لەدایکبونی تراژیدیا ساڵی١٨٧٢، Menschliches, Allzumenschliches, 1878, Jenseits von Gut und Böse,1886, Die fröhliche Wissenschaft,1887, Zur Genealogie der Moral,1887، هەروەها کتێبی زەردەشت وەها دوا ساڵی ١٨٩١.

### باوەشکردن بە ژیاندا

سەرەڕای ئەوەی یەکێك بوو لەلایەنگرانی شۆپینهاوەر، لەسەردەمی گەنجێتیدا پەیوەندییەکی دۆستانەی زۆر پتەوی لەگەڵ ڤاگنەری ئاواز دانەر هەبوو، گەرچی لەتەمەندا ڤاگنەر بەباوکی نیتشە دەشیا. بەڵام لەکۆتاییدا سەربەخۆیی خۆی راگەیاندو دژی شۆپینهاوەرو ڤاگنەر وەستایەوەو بەدوو کتێب رەخنە توندوتیژە بەناوبانگەکانی دژی ڤاگنەر بڵاوکردەوە، یەکەم کتێبی کێشەی ڤاگنەر ( Der fall Wagner) ساڵی ١٨٨٨و ئەویتریان نیتشە دژ بە ڤاگنەر ( Nietzsche contra Wagner) ساڵی١٨٩٥. وەك تراژیدیایەك ئەم هەرلەتەمەنی چلوپێنج ساڵییەوە دووچاری نەخۆشی دەروونی بوو. ئەوەیش بەهۆی سێیەمی نەخۆشی سیفلسەوە. بەشێتیو بێچارەسەرمایەوە تا ساڵی (١٩٠٠) مرد. گەرچی لەساڵانی

(١٨٩٠) بەدواوە ناوبانگی بەجیهاندا بڵاوبۆوە، بەڵام ئەم خۆی بەهۆی عەقل لەدەستدانەوە نەیتوانی هیچ ئاگاداری ئەم ناوبانگە بێت. نیتشە لەگەڵ شۆپینهاوەردا هاوڕا بوو سەبارەت بە نەبوونی خواو سەبارەت بەوەی ئێمە خاوەن ڕۆحی نەمرنین. هەروەها لەگەڵیدا هاوڕابوو، کە ژیان لەزۆر ڕووەوە مێژوویەکی بێواتایەو پڕە لەژان‌و ئازارو هێزێکی ناعەقڵانی ئاراستەیدەکات، کە دەکرێت بە ویست (ئیرادە) ناوبرێت. بەڵام ئەو بۆچوونەی شۆپینهاوەر ڕەتدەکاتەوە، کە دەڵێت ئەم جیهانەی ئێمە تەنیا بەشێکە، بگرە بەشێکی بچوکی سەرتاپای واقیعە. بەلای ئەمەوە ئەم جیهانە هەموویەتی. بەتوندیش ئەو بۆچوونەی شۆپینهاوەر ڕەتدەکاتەوە، کە دەبێت بێزمان لەم جیهانە بێتەوەو پشتی تێبکەین‌و تەرکی بکەین، بەپێچەوانەوە، ئەم پێیوابووە دەبێت بەتوندی باوەش بکەین بەژیانداو چەند بۆمان دەلوێت، سوود لەهەموو چرکە ساتەکان ببینین. پرسی سەرەکی فەلسەفەی نیتشە ئەمەیە کە لەجیهانێکی بێ خواو بێ واتادا، چۆن باشترین ژیانمان هەبێت؟

## پێویستی بوونی بەهای نوێ

نیتشە بەتوندی بەرامبەر پەیوەستبوونمان بە چەمکی ئاکاری‌و بەهاکانەوە دەوەستێتەوە. بەلای ئەمەوە زۆربەی ئەوانە لەگریکییە دێرینەکان‌و لەترادیسۆنەکانی جولەکەو مەسیحییەوە بۆمان ماونەتەوە. واتە سەرچاوەکانیان ئەو کۆمەڵگانەن، کە ئێستا نەماون، یان ئەو ئایینانەن، کە زۆرکەس لەئێمە ئێستا بڕوایان پێیان نییە. ئەم حاڵەتە هیچ پاساوێکی نییە. نیتشە دەڵێت: ناتوانین ژیانمان لەسەر سیستەمێکی بەها دابڕێژین، کە ئیمانمان بە بناغەی ئەو سیستمە نەبێت. ئەمکارە ژیانمان‌و خۆشمان وەك ساختە دەخاتەڕوو. یان دەبێت بنەڕەتێکی وا بدۆزینەوە، کە خۆمان بڕوامان پێی هەیە بۆ پشتیوانی لەبەهاکانمان، یان دەستبەرداری ئەمانەی ئێستا ببین‌و ئەو بەهایانە بدۆزینەوە، کە خۆمان دەتوانین بەراستی خۆمانی پێوە پابەندبکەین.

## جێبەجێکردن

هەنگاوی دواتری نیتشە هێرشکردنە سەر ئەو بەهایانە بوو، کە مرۆڤ پەیڕەویان دەکات‌و ئەو دەیگوت نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو بەهایانە بمێنن. ئایا چۆن مرۆڤ توانیویەتی خۆی لەئاژەڵ جیابکاتەوەو شارستانی دروستبکات، کە لێرەدا هەرچی لەژێر ناوی کولتووردایە، ئامادەیی هەیە. بەو جۆرە بووە کە بەردەوام بەهێزەکان لاوازەکانیان لەناوبردووە، لێهاتووەکان نالێهاتووەکان‌و زیرەکەکان بێ عەقڵەکانیان لەناوبردووە. تەنیا بە بەردەوام ئەم پرۆسەیە لەکاتێکی زۆر دوورو درێژدا ئەم ئەنجامە هاتۆتەدی، کە ئێمە لەژیانی مرۆڤایەتیماندا زۆر بەنرخ‌و بەرز تەماشای دەکەین. دواتریش مۆرالیستەکان پەیدابوون، وەك سوکرات‌و مەسیح، کە گوتیان ئەوە هەڵەیە، پێویستە یاسا هەبێت بۆ پاراستنی لاوازەکان لەبەرامبەر بەهێزەکاندا، دەبێت دادپەروەری هەبێت لەبری زەبری هێز. دنیا دەبێت بۆ هەمووان بێت، نەك بۆ بازرگانەکان. ئائەم پرۆسانە بوو، مرۆڤی لەئاژەڵ جیاکردەوەو شارستانی پێکهات‌و جێگۆڕکێ دەستیپێکرد، لێرەوە جیاوازییەکان لەناوچوون، ئەوانەی بە سروشتی خۆیان سەرکردەبوون، باوەڕیان بەخۆیان بوو، ئازاو بە جەرگەکان، داهێنەرەکان بەهۆی سیستمی بەهاکانەوە دەست‌و پێیان بەسترا، یەکسانکران بە خەڵکە هەڕەمەکییەکە. ئەم جۆرە دیلێتییە وەك خوڕوەشت‌و کاری پیرۆز سەیرکرا. ژیانێك لەخزمەتی خەڵکیتردا، خۆنەویستی، قوربانیدان بەخۆ، بوو بەباو، تەنانەت خەڵکە بلیمەت‌و لێهاتووەکەش، نیتشە گوتەنی بەمە بوو بە (منی– داگیرکراو) ئەمە هەمووی بەناوی مۆراڵەوە ڕوویداوە. نیتشە دەڵێت ئەمە سەرتاپا داڕمانێکی بێوێنەی

کەلتوورو بێزارییە لەژیانو لەجیهان. نکوڵیکردنە لەهەموو ئەوەی کەلتوورو شارستانی هێناوەتە بەرهەم. گەر بەردەوام وابێت، کۆتایی بەهەموو ئەو شتانەدێت کە بەلای ئێمەوە نرخو بەهایان گرنگە. دەبێت بەهیچ جۆرێك رێگا نەدەین ئەم مۆرالی کۆیلەیەتیە بەردەوامبێت لەکاولکاریدا. ئەی کە دەستبەرداری ئەوە بووین، دەبێت چۆن رەفتار بکەین بۆ دۆزینەوەی چەمکی نوێی مۆرالو بەها رەسەنەکان، بۆ ئەوەی بەراستگۆیانە لەگەڵیاندا بژین؟ نیتشە دەڵێت: لەبەر ئەوەی نە خوا هەیەو نەجیهانێکیتری بەدەر لەمەی کە هەمانە، ناکرێت مۆرالو بەها شتێکی لەو بابەتانە بن، کە بە بالا (ترانسیندینتال) دەزانرێن. واتە ئەوانە بەرز نینو لەدەرەوەی خۆمانەوە نەهاتوون، چونکە (شوێنێکیتر) نییە، کە لێیەوە بێن. ئەوانە دەبێت مرۆڤ دروستی کردبن، ئەم مۆرالی کۆیلایەتییە، کە خۆمانی لەبەردەمدا بەکەم دەزانین، لەشوێنێکی پیرۆزی خواییەوە بۆمان نەهاتووە. لەلایەن کۆیلەکانەوە، خەڵکە هەرەمەکییەکەوە، خەڵکە بێ ئاکارەکانەوە، لەخشتەبراوین، چونکە سیستمەکە لەبەرژەندی ئەواندایە. بۆیە زۆر ئاسانە بزانین بۆ ئەوان دەیانەوێت بەردەوام بەم سیستمە قایل بین.

کاتێك بزانین ئەوە ئێمەی مرۆڤین، داهێنەرو دروستکەری ئەم بەهایانەین. ئەوکاتە دەزانین بۆمان هەیە کام جۆرەیان هەڵبژێرین، کە بۆ بەرژوەندەی خۆمانە. بێگومان ئەو بەهایانە ئەوانەن، کە ئێمەیان لەجیهانی ئاژەڵ جیاکردۆتەوەو شارستانییان دروستکردووە. دەبێت بەهێزەکان بتوانن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، لاوازەکان لەناوبەرن. ئەوانەی خاوەن خەیاڵی دەوڵەمەندن، چاونەترسو جەسوورەکان، داهێنەرەکانو ئەوانەی سڵ لەهیچ ناکەنەوە، نەبەزو وریاکان، لێهاتووەکان، ئەوانەی هەر بەسروشت سەرکردەن، هەموو ئەوانەی لەم جۆرانەن، دەبێت ئازادو دەستکراوەبنو بە مۆرالی کۆیلایەتی کەلەپچەنەکرێن. ئازادبن لەباوەشکردن بەژیاندا، لەدۆزینەوەی خۆیاندا. نیتشە بە هێزی بزوێنەری ئەمانەی گوتووە: "ویستی دەسەڵات"، لەمەدا بەتەنیا بیری لەپۆلەتیك یان داگیرکاری نەکردۆتەوە، بەڵکو هەروەها لەبواری کەلتووریشدا ئەو مرۆڤەی بەمجۆرە گەشە بە تەواوی تواناکانی خۆی دەدات، دەبێت بەجۆرە مرۆڤێکی بالا (سوپەرمان). هەر لێرەوە نیتشە تێرمی مرۆڤی بالای هێنایە ئاراوە، کەئێستا لەزۆربەی زمانە ئەوروپاییەکاندا بەکاردەهێنرێت. بە بەکارهێنانی ئەم چەمکە، مەبەستی نیتشە، تەنیا وێناکردنی کەسانی وەك ناپۆلیۆن نەبووە، بەڵکو کەسانی وەك لۆتەرو گۆتەش، بەڵێ تەنانەت کەسێکی وەك سوکراتیش، گەرچی نیتشە بەتوندی قینی لەکارەکانی ئەم بووە. بەڵام بێگومان ئەو بەهێزی لەبن نەهاتووی تاکەکەسی خۆی، چاونەترسانە پرۆژەی ژیانی خۆی هێناوەتەدی. گەر بەتەواوی سوود لەو بەهایانە وەربگرێت سوودی دوو لایەنەی دەبێت، لەلایەکەوە توانای گەیشتن بەئامانج لەگشت بوارەکاندا دەرەخسێتو بەکورتترین ماوە شارستانی پێشدەکەوێت، کە ئەمەش بە قازانجی هەموو مرۆڤایەتییە. لەلایەکیترەوە مرۆڤە بەهرەمەندەکان وەك تاك دەتوانن بەسەربەستی بژینو خۆیان بدۆزنەوەو بگەنە بەختیاری تاکەکەسی خۆیان، نەك بێ هیوا بژین. دەبێت ئەوە بڵێین کە بەختیاری لەلای نیتشە تا رادەیەکی زۆر بریتییە لەخۆدۆزینەوە، نەك تەنیا بەدیهێنانی خۆشیو ئارەزووی کاتی.

## بڵێ بەڵێ بۆ ژیان

نیتشە دەڵێت ئەو بەها ناوەندییانەی کە پێویستە خۆمانی پێوە پابەندبکەین، ئەو بەهایانەن کە ژیان خۆشکەرن. هەریەکێك لەئێمە دەبێت هەمیشە وەك خودی

خۆی بێتو به تەواوی باوەش بۆ ژیان بکاتەوەو بڵێت بەڵێ بۆ ژیانو تا ئەوپەڕی سنوورەکانی ژیان بژێت. یەکێك لەو وشانەی ئەم زۆر بەکاریاندەهێنێت، وشەی (بوێرە– جورئەت بکە)یە. دەکرێت بگوترێت یەکەم راسپاردەی ئەمەیە: "جورئەت بکە ببیت بەوەی کە هەیت" گەر تەماشاکەین، دەبینین هەموو گیانلەبەران لەسروشتدا وا دەکەن. هەڵبەتە ئەم کارە ناکۆکی لەنێوانماندا بڵاودەکاتەوە، بەڵام چ هەڵەیەك لەوەدایە؟ جورئەتو گیانبازی لەناکۆکیدا گەشەدەکەن، ئەم حەزی لەوەیەو بەو هۆیەوە تا ئەوپەری خزمەت بە خودی خۆی دەکاتو بەوە دڵخۆش دەبێت. ئەوە پەرە بە تواناکانی دەدات، دیارە لاوازەکان لەمەدا دەدۆڕێنو لەناو دەچن، ئەوەش هەر زۆر باشە. گەر بتەوێت ناکۆکیو دووبەرەکیو شەڕو ژانو ئازارو چەوساندنەوە نەمێنێت، ئەوە شێتیو بێ ئەقڵییەکی لەو جۆرەیە، کە بتەوێت کەشو هەوای ناخۆش نەهێڵێت.

## هەرەشە (تەحەدا) یەکی زیندوو

پێوەری نیتشە بۆ هەموو بەهاکانیتر پێوەری ژیان خۆشکەرە. "چاك" شتێکی وایە، کە خۆشی دەبەخشێت بەژیان. هەروەها تەنانەت (راست) لایەنی خۆشی ژیانی گرتووە، نەك دژایەتیکردنی. رەنگە رەخنەگرێگ بەنیتشە بڵێت: "بەڵام ئایا لەکۆتاییدا مانای هەموو ئەمانە چین؟ تۆ دەڵێیت بەدەر لەم ژیانەو لەم جیهانە، ژیانو جیهانیتر بوونیان نییە. کەواتە کەسێك چیدەکاتو چی ناکات، چ بایەخێکی هەیە؟ سەرکەوتوترینو باشترین جۆری ژیان هەر بەزوویی لەگەڵ مەرگدا کۆتایی پێدێت، ئەو مرۆڤە ئیتر بوونی نامێنێتو هاکا لەبیرکرا. هەموو شتێك تووشی لەناوچوونی تەواو دەبێت. ئیتر چ گرنگیەك دەمێنێت؟ بۆ ئەم رەخنەیە نیتشە وەڵامێکی دوو لایەنەی هەیە. یەکەم بریتییە لەرەچەتەکەی ئەو بۆ ژیان، ژیانێك کە بەمەرجەکانی خۆی خودی تەحقیقکەرە. ئەم جۆرە ژیانە لەدەرەوەی خۆی، بەدوای مانو نرخی خۆیدا ناگەڕێت، بە چەمکی هیچ جۆرە بابەتێکیتریش لێیتێناگەین. لەمڕووەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ژیان وەك کارێکی هونەری وایە. ئەمە وای لەنیتشەو کەسانیتریش کردووە، کە تێگەیشتن لەژیان لای نیتشە بە ئێستاتیك ناوببەن. تێرمێکی نابەجێیەو رەنگە زۆر چەواشەکاربێت، چونکە هیچ شێوازێکی ناسروشتی لەهەڵوێست بەرامبەر ژیان لای نیتشە نییە. لایەنەکەیتری وەڵامەکە ئەوەیە کە هەموو شتەکان هەرگیز بەیەکجاری لەناوناچن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشەو بەردەوام دەگەڕێنەوە. زەمان لەمەداری زۆر گەورەدا دەوران دەکا، بەجۆرێك هەموو شتێك کە لەڕابووردوودا ڕوویدابێت، دووبارە دەگەڕێتەوەو دواتریش لەقۆناغی زۆر دوورتریشدا هەر دەگەڕێتەوە. بە گوزەراندنی ژیان تا ئەوپەڕی توانا، وەك ئەوەیەکە تاهەتایە ژیابین، وەك ئەوەیە گەڕانەوەی بەردەوامی ئەبەدی کات، لەجیهانێکدا کە کۆتایی هەیەو سنوردارە، ئەوەندەی دەکرێت لێمانەوە نزیك بێت.

کاتێك مرۆڤ فەلسەفەی نیتشە هەڵدەسەنگێنێت، دەبێت جیاوازی بکات لەنێوان ئەو تەحەدایانەی تیایدایە لەگەڵ وەڵامەکانی خودی نیتشە بۆ ئەو تەحەدایانە. هەندێك لەرەخنەگران پێیان وایە تەحەداکە دروستەو بەتەواوی پێکاوێتی. بەڵام وەڵامە تایبەتییەکەی نیتشەیان سەبارەت بەوە رەتکردۆتەوە. تەحەداکە بەم شێوەیەیە: گەر ئێمە چیتر خاوەنی ئەو باوەڕە تردایسیۆنییە ئایینیانە نەبین، دەکرێت بەردەوامبین لەسەر پاراستنی ئەو چەمکە مۆراڵیو ئەو بەهایانەی بەرهەمی ئەم باوەڕە ئاینیانەن. گەر وا بکەین، ئەوا خاڵی سەرەکی بیرکردنەوەمان چەوتو نابەجێیە. ئێمە ئەرکێکمان لەسەر شانە، نیتشە گوتەنی بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکانمان بەوشەیەکیتر، دەبێت بەشێوەیەکی رادیکالانە بە جۆری مۆڕالو بەهاکانماندا بچینەوە، ئەویش لەسەر بنەڕەتی ئەو قەناعەتانەی کە لەراسیتدا هەمانن. ئەمە تەحەدایەکی گەورەیە، لەجیهانێکدا کە تا دێت رۆڵی ئایین

تیایدا لاواز دەبێت، زۆرگرنگە. نیتشە ئەمەی هێناوەتە پێشو ئێستا گەورەترین تەحەدای ئیتیکییە، نەك تەنیا لەولاتانی رۆژئاوادا، بەڵكو بۆ مرۆڤایەتی لەهەموو شوێنێك، بۆ ئەو مرۆڤانەی چیتر خاوەن بڕوایەكی ئایینی نین. فەیلەسوفەكانی بوونگەرایی لەسەدەی بیستەمدا، كاری زۆریان لەسەر ئەم كێشەیە كرد، نە ئەوانو نە ئەوانەش كە خەریكی بیركردنەوە بوون لەم كێشەیە، نەیانتوانیوە وەڵامێكی دروستیان هەبێت. بەڵێ بەلای زۆر كەسەوە بۆ كاتی ئێستا ئەم كێشەیە گەورەترین پرسی ، گەر تەنیا هەر لەبەر ئەو هۆیەش بێت، نیتشە دەچێتە ریزی ئەو فەیلەسوفانەوە، كە ئێمە دەبێت هەڵۆیستی تایبەتی خۆمان بەرامبەریان هەبێت.

نیتشە ئەو پلەوپایەیە لەبەرخاتری بیروباوەڕە تایبەتیەكانی خۆی وەرناگرێت، یان لەبەر ئەو تێزانەی وەك وەڵام بۆ تەحەداكان، خۆی هێناونیەتە ئاراوە. ئەوانە بۆ ماوەی نیو سەدەیەك كاریگەری ئاشكرایان هەبووە. مۆسۆلینی، دامەزرێنەری بزوتنەوەی فاشیزمی، نیتشەی خوێندۆتەوە. هیتلەر ساڵی ١٩٣٩ لەیەكتر بینینە مێژووییەكەیاندا وەك دیاری كتێبەكانی نیتشەی پێشكەش بە مۆسۆلینی كردبوو. نازییەكان خۆیان لەپروپاگەندەكانیاندا زۆرجار وشەكانی نیتشەیان بەكاردەهێنا، بۆ نموونە (مرۆڤی باڵا)و (ویستی دەسەڵات). وەك دامەزرێنەری فاشیزمی سەیری نیتشە دەكرا، چ لەلایەن خودی فاشیزمەكانەوە یان لەلایەن ركابەرەكانیانەوە. ئەمەش بووە هۆكار بۆ ماوەی تێپەڕبوونی چەند نەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنێكی دادپەروەرانەی فەلسەفەكەی ئەم لەلایەن ئەوانەوە، كە دژ بەفاشیزمی بوون.

### كاریگەری بۆ سەر هونەرەكان

لەكۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا، نیتشە كاریگەرییەكی گەورەی هەبووە بۆسەر هونەرمەندە داهێنەرەكان. هەردوو درامانووسی بەناوبانگ ئوگوست ستریندبێریو لویگی پیراندیللۆ luigi Pirandello زۆر بەتوندی كاریگەری ئەمیان بەسەرەوە بووە، بیرنارد شۆ ساڵی ١٩٠٥یەكێك لەشانۆنامەكانی بەناونیشانی (مرۆڤو مرۆڤی باڵا) نووسیەوەو دواتریش سەبارەت بە خۆی گوتویەتی: من كاتێك ناوبانگم پەیداكرد، كە كەللەڕەقانە خەباتم كرد بۆ ناچاركردنی مرۆڤ بۆ دیسانەوە پیاچوونەوە بە مۆراڵەكانیدا. ئەم زیرەكانە تێبینی ئەوەی كردوە، كە دەكرێت هەموو فەلسەفەكەی نیتشە لەو سێ دێرەدا چڕ بكرێتەوە، كە شكسپێرخستوویەتیە سەر زاری ریچاردی سێهەم:

**ویژدان، وشەیەكە بۆ ترسنۆكەكان**

**یەكەمجار بۆ رامكردنی بەهێزەكان دۆزرایەوە.**

**با ئێستا بازووی بەهێزمان ویژدانمان بێتو شمشێر بێتە جێی یاساكان.**

بەناوبانگترین شاعیری ئینگلیزی ئەو سەردەمە، W.B.yeats كاتێك نیتشەی خوێندەوە، رەوتی گەشەكردنی شیعرنووسینی خۆی گۆڕی، لەشاعیرە ئەلمانییەكان راینار ماریا ریلكەو ستیفان جورج كاریگەری نیتشەیان پێوە دیارە، هەروەها رۆماننوسانی وەك توماس مانو هیرمان هیسە. نووسەرە فەرەنسیەكانیش زۆربەیان كاریگەری نیتشەیان بەسەرەوە بووە هەر لەئەندریە جیدەوە تا ئەندریە مالراوخ Andre Malraux و ئەلبێرت كامۆو جان پۆل سارتەر. لەم روانگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت بێگومان نیتشە كاریگەرییەكی زۆری بەسەر نووسەرە ئەوروپییەكانەوە هەبووە، بەجۆرێك كە جگە لەكارل ماركس، كاریگەری ئەم لەهەموو فەیلەسوفەكانیتر زیاتر بووە، ئەمە ئەگەر كارل ماركس بە فەیلەسوف دابنرێت.

كارێكی زیاتر سەرسوڕهێنەر ئەوەیە، كە چاوەڕوان ناكرێت فەیلەسوفێك كاریگەری بۆ سەر ئاوازدانەری میوزیك هەبێت. بەڵام نیتشە كاری كردۆتە هەر یەك لە Mahlerو Delius و Schönberg. كە هەموویان ئاوازیان بۆ تێزەكانی نیتشە داناوە. هەروەها ریچارد شتراوس ئاوازی شیعرێكی ئۆركسترایی بەناوی وەهای گوت

زەردەشت لەساڵی ١٨٩٦دا دانا، کە تائێساش زۆرجار نمایشدەکرێت. هەروەها نیتشە کاریگەری قووڵو گەورە و بەهێزی هەبوو بۆسەر کەلتووری ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم.

## چاونەترسانە سەیری واقیعی تاڵ بکە

چ لایەنێکی تێزەکانی نیتشە زیاتر لایەنگرانیان بەلای خۆیاندا راکێشاوە؟ دەتوانرێ بۆ وەڵام بگوترێ ئەوانەی کە دەربارەی پاڵەوانێتی لەسەر شێوازی ستویزمییەکانە، واتە ئازایەتیو جورئەتو نەپەشۆکان. ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت دەبێت چاونەترسانە سەیری راستییە ناخۆشو سەختەکان بکەین، کە سەبارەت بە خودی خۆمانو چاویان لێنەتروکێنین، بەڵکو لەبەر رووناکی زانیارییەکەدا بژین، بێئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بین بۆ ئەم جۆرە ژیانەمان. زۆرکەسی بەویژدان، کە هەستیان بە کەمباوەڕی خۆیان بە ئایین کردووە، وەك زیانلێکەوتن تەماشای حاڵەتەکەی خۆیانکردووە، لێرە بەدواوە ئەوان سوپاسگوزاری نیتشە بوون، کە ئەم لێکدانەوەیەی بۆ هێناونەتە ئاراوەو رزگاری کردون. هیچ گومان لەجەسووریو ئازایەتی خودی نیتشە نییە، کە ڕێگای تایبەتی خۆی هەڵبژاردو پیا رۆیشت. سیگمۆند فرۆیدی دامەزرێنەری شیکاریی دەروونی دەربارەی ئەم گوتویەتی: "لەگەنجیا ئەو لەشوێنکی بەرز بوو، من نەمدەتوانی بیگەمێ" هەروەها فرۆید لەبیوگرافی خۆیدا چەند جارێك سەبارەت بەنیتشە گوتویەتی: ئەو زیانیاری قووڵتری دەربارەی خودی خۆی هەبووە، زیاتر لەهەموو ئەوانەی تائێستا ژیاونو هەموو ئەوانەش کە دواتر دەژین.

## فەیلەسوفی شاعیر

نیتشە یەکێکە لە نووسەرە ئەدەبییەکانی فەلسەفە. ئەلمانەکان وەك باشترین پەخشان نووسی ئەڵمانی ناوی دەهێنن. هۆکارێك بۆ ئەوەی نیتشە لەنێو زۆربەی هونەرمەندە داهێنەرەکاندا جێی خۆی کردۆتەوە، ئەوەیە کە نیتشە بۆ خۆی جۆرە هونەرمەندێك بووە لەنێو فەیلەسوفاندا. شیعری جوانی داناوە، ئاوازی داناوە(گەرچی رەنگە لەمەدا تەواو سەرکەوتوو نەبووبێت) گرنگترین هاوڕێیەتی لەژیانیدا لەگەڵ ڤاگنەری ئاوازدانەربووە. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر شێوازی نووسینەکانی لەبەرزیو جوانیدا بێ وێنەبوون. بەجۆرێکی کاریگەر کاریکردۆتە سەر نووسەرانیتر. زۆربەی کتێبەکان بەشێوازی باوی فەیلەسوفەکانیتر نەنووسراون، کە بەوردی ئەرگومێنتو دژە ئەرگومێنت دیاری دەکەن، بەڵکو خوێنەری ئەم لەپڕ دەکەوێتە بەردەم بابەت گۆڕین لەبیرکردنەوە چڕو پڕەکانیدا، هەروەك لەهەندێك جاردا لەئایەتە یەك بەدوای یەکەکانی یان پاشوپێش خراوەکانی نێو ئینجیلدا دێنە بەردەم خوێنەران. میتۆدی باو لای ئەم بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەشێوەیەکی نوێ شتەکان ببینن، بەو جۆرە نەبووە کە بەڵگەی قەناعەت پێکەریان بۆ بهێنێتەوە، بەڵکو بەشێوازی بیرهێنانەوە، وێنەی بەڵگەکان لەوێدا هەن، بەڵام دەبێت لەناو میتافۆرەکانەوە بیانهێنینە دەرەوە. ئەم جۆرە کارکردنە بەپلەی یەکەم پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە، بەڵکو پێویستی بەزانیاری گەیاندنە، کە زۆر جار ئەم زانیارییانە بۆ خوێنەران وەك هەورە بروسکەیە، کە بەدوایدا هەورەگرمە پەیدادەبێت.

هەندێکجار پەندە شیعرییەکان فۆرم لەم شێوەیە وەردەگرن "ئەگەر ژنومێرد بەیەکەوە نەژیانایە، ژنو مێردایەتی بەختەوەرتر زۆرتردەبوو" یان "ئەوانەی زۆر گرنگی بە روخساروجلوبەرگی خۆیان دەدەن، ئەوانەن، کە بێ ئازادی خۆیان

دەیانەوێت خۆیـان وەك تـاك دەربخـەن، كەلەراسـیتدا خۆیـان وا نـین، یـان ئەوانـەی كەللەڕەقانە سەرپێچی وەعدو پـەیمان دەكـەن دەیانـەوێت كـەس لێیـان تێنـەگات" ئەمانە لەراستیدا مانای قووڵتری فەلسەفەییان هەیە. نموونەیەكیتری قـووڵتر "بـەلای بیرمەندەوە كارێكی خراپە گەر هەمیشەو بەردەوام وەك هەمان كـەس سـەیربكرێت" یان "گەر تـۆ بـۆ ماوەیـەكی زۆرسـەیری دۆزەخ بكـەیت، ئـەوا دۆزەخـیش تەماشـای نـاوەوەی تـۆ دەكـات" یـان "دووسـبەی هـی منـە" و "هەنـدێك بەهـەتیوی لـەدایك دەبن".

لەبەرئـــەوەی نازییـــەكان گوتویانـــە نیتـــشە فەیلەســـوفی ئەوانـــە *، دەبێـــت ئاشكرابكرێت كە ئەو گاڵتەی بە نەتەوە پەرسـتی ئـەڵمانی كـردوەو دژی بزوتنـەوەی ئـەنتی سـامی (دژە جولەكـە) بـووە گەرچـی خـۆی ئـەلمانی بـووە، بـەڵام بـەردەوام بەگشتی ئەلمانییەكانی بەكەم داناوە. بۆ نموونـە گوتوویـەتی: "ئەڵمانییـەكان، هـەر چەندە زیرەكو خاوەن زانیـاریو هەسـتن، بـەڵام درك بەونهێنییـە ناكـەن، كـە چـۆن بتوانن خەڵكی لەخۆیان بێزاربكەن"، یان "ئەلمانی بەناوبانگ ناوەڕۆكو ناخی خۆی لەسـندوقێكی داخـراوی بـچووكدا هەڵـدەگرێت" سـەبارەت بـە ئـەنتی سـامی، بـەلای ئەمەوە كارێكی تەواو نابەجێیـە. ئـەم گوتویـەتی: "ئـەنتی سـامییەكان بۆیـە رقیـان لەجولەكەیە، چونكە ئەوان خاوەن عـەقڵو پـارەن. ئـەنتی سـامی وشـەیەكیترە، كـە لەوشـەی سـەرنەكەكەوتوو، یـان تـەزویركراو دەچـێت". نیتـشە بەتونـدی رەخنـەی لەئەڵمانییەكان دەگرت دەربارەی خواستیان بۆ دژایـەتیكردنی جولەكـە، دوا وشـەی ئەم لەمڕووەوە ئەوە بووە "هەر زۆر بەئاسانی داوای گوللەبارانكردنی هـەموو ئـەنتی سـامییەكان دەكـەم". ئەمانـە هـەموو بەڵگـەن بـۆ ئـەوەی نیتـشە كەسـێكی نـازی نەبووە.

* بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت ئەم بابەتە تكایە بڕوانە د.محەمەد كەمال- نیتشەو پاش تازەگەریی- دەزگای چاپوپەخشی سەردەم- ٢٠٠٦ - (و.ك)

# یۆتیلیتاریستەکان

## ئەزموونگەرییەکان بایەخ بە مۆراڵو پۆلەتیک دەدەن

**"هەرکەسە، دەبێت وەك یەك کەس تەماشا بکرێت، نەك زیاتر لەیەك"و "باشترین شت بۆ زۆرترین کەس" وەك پرنسیپ دانراوە.**

دەتوانین بڵێین ئەوانەی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لەوڵاتانی ئینگلیزی زماندا، بەفەلسەفەوە خەریك بوون، هەر هیچ زانیارییەکیان دەربارەی کانت نەبووە. ئەو شاکارەی کانت بەناوی رەخنە لەعەقڵی پەتی کە ساڵی ١٧٨١ بڵاوکراوەتەوە، تا ساڵی (١٨٥٤) وەرنەگێڕدرابوو بۆ زمانی ئینگلیزی، واتە نزیکەی نیوسەدە دوای مردنی کانت. ئەوکاتەش هەر وەك ئێستا ئەو خوێندەوارە ئینگلیزانەی زمانی ئەڵمانیان دەزانی، زۆر نەبوون. لەئەنجامی ئەوەدا، لەدوای (هیوم)ەوە گەشەکردنێکی بەرچاو لەبواری میتافیزیكو تیۆری زانستیدا روویندا. قورسایی زیاتر خرابووە سەر بواری فەلسەفەی مۆراڵیو فەلسەفەی سیاسی.

جێبەجێکردنی ئەم جۆرە فەلسەفەیە لەسیاسەتی رەسمیدا، ئەو کاتانەی کە بریتانیای مەزن حوکمی چواریەکی مرۆڤایەتی دەکرد، کایگەری بۆ سەر هەموو جیهان هەبوو.



### پرۆگرامی لیبرالی چەپڕەو

یەکەم فەیلەسوفی ئینگلیزی زمان، کە دوای هیوم کاریگەری گەورەی هەبووبێت، جیرمی بینتهام (Jeremy Bentham) ١٧٤٨–١٨٣٢، بووە.

ئەم لەدایکبووی لەندەن بووە، لەئۆکسفۆرد خوێندوویەتیو دواتر لەدادگاکانی لەندەن خوێندنی تەواو کردووەو بووە بە گەورەی پارێزەرانی دادگا. ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەی بەهۆی کارکردنییەوە لەکاتی خوێندنی یاسادا بینیبووی ئەمیان هانداوە بۆ قووڵبوونەوە لەو کێشانەی پەیوەندییان بە مۆراڵی رەسمییەوە هەبووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەتەمەنی درێژیدا بابەتی زۆر زۆری سەبارەت بە ئیتیك، پۆلەتیكو کێشە یاساییەکان نووسیوە، هەمیشەش بەوپەڕی تواناوە، لەڕووی پراکتیکییەوە خەریکی جێبەجێکردنی ئایدیاکانی خۆی بووە. بووە بە سەرۆکی گروپێك کە وەك "فەیلەسوفە رادیکاڵەکان" ناسرابوون، کە پێشەنگی ریفۆرمکردن بوون لەزیندانەکان، سانسوور، پەروەردەو فێرکردن، ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە چالاکییە سێکسواڵییەکانەوە هەبووە، گەندەڵی لەڕێکخراوە حکومییەکاندا. بە کورتی هەموو ئەو بوارانەی، کە دواتر وەك پرۆگرامی لیبرالە چەپڕەوەکان بۆ سیاسەتێکی سۆسیالیستی ناوبانگی زۆری دەرکرد.

### زانکۆیەکی نوێ

بە پلەی یەکەم کاریگەری فەلسەفەیی بیرمەندە فەرەنساییەکانی پێش سەردەمی شۆڕش لەسەر بێنتهام بووە. گەشەدانی ئەم بە ئایدیاکانی ئەوان، رێگە خۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی سۆسیالیزمی بریتانی لەسەدەی نۆزدەدا. بینتهامو

لایەنگرە نزیکەکانی خاوەن بیری ئازاد بوون. ئەو کاتانە هێشتا بیرمەندە ئازادەکان بۆیان نەبووە لەئۆکسفۆردو کامبرج بخوێنن. بۆیە ئەمان ساڵی ١٨٢٦ یەکەم زانکۆی نوێیان دامەزراند. شایانی باسە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەوکاتە زانکۆی نوێ نەکرابۆوە. تا ئێستاش، پڕ بەواتای وشە جیرمی بینتهام لەو زانکۆیەدا ئامادەیە. لەدالانی چوونە ژوورەوەدا، لەجامخانەیەکی شووشەدا، لاشە مۆمیاکراوەکەی بەجلو بەرگەکانی خۆیەوە دانراوە. تا ئەم دواییانەش لەپرۆتۆکۆلەکانی بەڕێوەبەرێتی زانکۆدا ناوی دەنووسرا (وەك ئامادەبوویەك بێ ئەوەی دەنگ بدات) تاڕادەیەك رەنگە بینتهام لەبەر سەرقاڵی بەکاری پراکتیکییەوە بایەخی زۆری بە چاپکردنی بەرهەمەکانی خۆی نەدابێت. پێش ئەوەی بەرهەمێك تەواو بکات، وازی هێناوەو دەستیکردوە بە بەرهەمێکیترو ئەوەی یەکەمجاری بە ناتەواوی جێهێشتووە، یان ئەگەر دواتر تەواویشی کردبێت، هیچی نەکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی، زۆربەی کات بەهەوڵو کۆششی هاوڕێکانی نووسینەکانی چاپکراون. زۆربەیان پاش مەرگی بڵاوکراونەتەوە. ناوبانگدەرکردنی بەزۆری بەهۆی وەرگێڕانی کتێبێکیەوە بووە لەلایەن یەکێ لەلایەنگرەکانییەوە بۆ سەر زمانی فەرەنسیو چاپکردنی لەساڵی ١٨٠٢ لەپاریس. بەر لەوە ساڵی ١٧٩٢ پلەی هاووڵاتی لەکۆمارە نوێیەکەی فەرەنسادا پێ بەخشرابوو.

تاڕادەیەك ناوی لەوڵاتانی ئەوروپای وشکانیو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو بووبووەوە. بینتهام دواتر گەشەی کردو بە پێچەوانەی گەلێك کەسەوە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا رادیکاڵتر دەبوو.

ساڵی ١٨٢٤، چەند ساڵێك بەر لەمردنی لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا، لەسەر حسابی خۆی (Westminster Review)ی دامەزراند، کە ساڵانێکی دوورو درێژ بوو بە سەکۆیەك بۆ "ئایدیا بەناوبانگەکان" هەر بۆ نموونە وێست مینستەرریڤیو بوو دوای

سی ساڵ سەرنجی جیهانی بۆ لای فەلسەفەکەی شۆپێنهاوەر راکێشا. کە نزیکەی سیو پێنج ساڵ بە نەناسراوی مابۆوە.

## زۆربەی باشەکان

وەك پرنسیپێکی سەرەکی بۆ سیاسەتی رەسمی، بینتهام "پلەی هەرەبەرز"ی هەڵبژاردووە، کە لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە لەلایەن فەیلەسوفی سکۆتلاندی - ئیرلەندییەوە بەناوی فرانسیس هوتچیسون (Francis Hutcheson) بەمجۆرە داڕێژرابوو "باشترین مامەڵە ئەوەیە، کە گەورەترین بەختەوەری دەبەخشێت بەزۆرترین کەس". بینتهام گەشەی بەم پرنسیپە داو کردی بە فەلسەفەیەکی مۆراڵی، کە جەختی لەوە دەکردەوە حوکمدان بۆ باشی یان خراپی مامەڵەیەك تەنیا بەهۆی ئەنجامەیەکەوە دەردەکەوێت (بۆ نموونە مەبەست گرنگ نەبووە) ئەنجامی باش ئەوە بووە، کە خۆشیبەخش بووە، ئەنجامی خراپیش ئەوانە بوون کە ناخۆشی یان ئازاریان هێناوەتە ئاراوە. لەهەموو بارێکدا، مامەڵەی راستو دروست ئەوە بووە کە زۆرترین خۆشیو بەختەوەرییان هێناوە لەبری ناخۆشیو کلۆڵیو ناخۆشییەکانیان بۆ کەمترین ئاست کەمکردۆتەوە.

ئەم فەلسەفەیە بە یوتیلیتاریزم (سوودگەرایی) ناسراوە. چونکە بەلایەوە، پێوەری هەر رەفتارە یا مامەڵەیەك سوودەکەیەتی. واتە توانای بەدیهێنانی جۆرە ئامانجێك. بانگەشەکەرانی ئەم فەلسەفەیە، ئەم پرنسیپەیان لەبواری مۆراڵی تایبەتیو چالاکی سیاسیو یاسادانانو سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەو کردووە. کاریگەری دیاری لەسەر شێوازی حوکمی بریتانی هەبووە. "باشترین شت بۆ زۆرترین کەس" بووە بە دروشمێکی لەلایەن هەمووانەوە ناسراو.

کە ئەم پرنسیپە پەسەندکرا، تاکە کۆسپ بۆ بڕیاردان سەختی زانینی یان پێشبینیکردنی ئەنجامەکان بووە. لەکاتی هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکدا،

پرنسیپیتری گرنگ دەهاتنە پێشەوە. "دەبێت هەموو کەسێك هەر وەك یەك كەس سەیر بکرێت، نەك زیاتر" ئەو هەڵوێستانەی لەئەم پرنسیپانەوە هەڵدەقوڵان، جیاواز بوون لەهەڵوێستە باوەکان. بۆ نموونە بواری چالاکی سێکسواڵی کە زیانی بۆ کەس نەبووە، بەلای یوتیلیتاریستەکانەوە کێشەیەك نەبووە، بەڵام بەپێی یاساکانی ئەو سەردەمانە رووبەڕووی سزای توند بوونەتەوە. لەلایەکیتریشەوە میتۆدی بازرگانی وا پیادەکراوە، کە بۆتە مایەی خەمو ئازار بۆ خەڵکی، تەنانەت بۆتە هۆی داڕمانی ئابووریو بەڵام یاساییو رێگەپێدراویش بوون. بڵاوبوونەوەی ئایدیاکانی یۆتیلیتاریستەکان، لەکۆمەڵگەدا بوونە هۆی گەلێك گۆڕانکاری پراکتیکی. هەڵوێستی ئەمان سەبارەت بە سزادان وابووە، کە پێویست دەکات سزادان بەتەواوی توندو تیژ بێت، بە جۆرێك بێت خەڵکی لەتاوانکردن بسەڵمێنێتەوە، بەڵام لەوەش زیاتر نەبێتو تێنەپەڕێت، بۆ ئەوەی ئازاری زیاد لەپێویست بەکەس نەگەیەنێت، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا پرنسیپەکانی یۆتیلیتاریستەکان لەناو دەزگا حکومییەکانو رێکخراوە کارگێڕییەکانی بریتانیادا بەشێوەیەکی بەربڵاو جێگەی خۆیان کردەوەو لەو کاتانەوە پێگەی بەهێزی خۆیان پاراستووە. لەئەمریکا تاڕادەیەك جیاوازترە، لەوێ هەمیشە گرنگی زۆر بەمافەکانی تاکەکەس دراوەو ئارەزوویەکی بەهێز نەبووە بۆ قوربانیدان بە تاك لەپێناو چاکەی کۆمەڵداو کەمتر ئامادەیی هەبووە بۆ پەسەندکردنی دەستێوەردانی حکومەت لەکاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## منداڵێکی تایبەت

ئەو پیاوەی لەهەمووان زیاتر کاری کردوە بۆ رێکخستنو سەرکردایەتیکردنی فەیلەسوفە رادیکاڵەکانی سەر بە رێبازی بینتهام، جەیمس میل (James Mill) بووە. زیاتر بەهۆی ئەمەوە بینتهام توانیویەتی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی لەسەر پۆلەتیکی بریتانی هەبێت. لایەنێکیتری بەناوبانگبوونی جەیمس میل ئەوەیە، کە ئەم باوکی جون ستیوارت میل (John Stuart Mill) بووە، کە لەو کاتانەوە تا ئێستاش بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئینگلیزی زمانی سەدەی نۆزدەیە.

جۆن ستیوارت میل ١٨٠٦–١٨٧٣ بە تەواوی لەلایەن باوکییەوە فێری خوێندن بووەو پەروەردە کراوە. هەرگیز نەچۆتە هیچ قوتابخانەو زانکۆیەك، باوکی، بەزۆر، هەر لەمناڵییەوە، پەروەردەی کردووە، لەتەمەنی سێ ساڵاندا فێری گریکی کردووە، لەتەمەنی حەوت ساڵانەوە زمانی لاتینیو بیرکاریو زانستەکانی سەردەمو مێژووی پێ گوتووە، بە جۆرێك کە تەمەنی گەیشتۆتە دوانزە ساڵان ئاستی زۆر بەرزی بڕیوە. باوکی وا پەروەردەی کردووە، کە بڕوای بە رێبازی یۆتیلیتاریزمی هەبێت.

هەر (جون ستیوارت میل)یش بوو ئەم تێرمەی بەشێوەیەکی گشتی ناساند.

لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا لەکۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتدا کاریکردووە، باوکی یەکێك بووە لەکارمەندە دێرینەکانی ئەو کۆمپانیایە، ئەم تا هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکە، واتە دوای سیو پێنج ساڵ، هەر لەوێدا ماوەتەوە. زاڵبوونی هەمە لایەنەی باوکی بەسەریدا، تا تەمەنی بیست ساڵان، تووشی دڵەڕاوکێو خەمۆکی گەورەی کردووە، هەستی بە پێویستی ئازادکردنی کەسایەتی خۆی کردووە. لەئەنجامدا لەخەمۆکی رزگاری بووە، لەتەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا ژنێکی بەمێرد دەناسێت بەناوی هارییت تایلور Harriet Taylor، پەیوەندی سۆزداری لەگەڵدا بەستووە، مێردەکەشی بەو پەیوەندییە رازی بووە، بەڵام بۆتە مایەی شۆك بۆ کۆمەڵگە پارێزگارەکەی. کە ساڵی ١٨٥١ جۆن تایلۆری مێردی ئەو ژنە دەمرێت، ئەم هارییت مارە دەکات، بەڵام ١٨٥٨ هارییت دەمرێت. ساڵانی نێوان ١٨٦٥–١٨٦٨ جۆن ستیوارت میل ئەندام پەرلەمان بووەو لەوێ بەتایبەتی کاری کردووە بۆ ئەوەی ژنان مافی دەنگدانیان هەبێت.

## مافی یەکسانی بۆ ژنان

یەکەم کتێبی جۆن ستیوارت میل بەناوی A system of logic کە لەدوو بەرگدا بوو ساڵی ١٨٤٣ بڵاوکرایەوە، بووە هۆی ناوبانگپەیداکردنی ئەم. بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە، ئەم کتێبە کارێکی فەلسەفەیی گشتی بووە، کە تێکەڵکردن‌و نوێکردنەوەی فەلسەفەی ئەزموونگەری لۆك‌و هیوم‌و بارکلی‌و بینتهام بووە ـ بەڵام بێ لایەنە لاهوتییەکەی بارکلی‌و لایەنە رەشبینییەکەی هیوم. ساڵانێکی زۆر باشترین سیستەمی بەرهەمهێنراوی فەلسەفەیی بووە. لەهەموو جیهاندا ناوبانگی بڵاو ببووەوە، ئەوە گەرچی خۆی لەخۆیدا، مەگەر لەهەندێك وردەکارییدا، ئەگینا کارێکی فەلسەفەیی رەسەن یان بەرهەمی خودی ئەم نووسەرە خۆی نەبووە.

بەڵام ئەو کتێبانەی تا ئێمڕۆش کاریگەرییان ماوە، ئەمانەن: دەربارەی ئازادی (liberty on) ساڵی ١٨٥٩، چەوساندنەوەی ژنان (the Subjection of Women) ساڵی ١٨٦٩.

بابەتی سەرەکی لەکتێبی (on liberty)دا بریتی بووە لەوەی کە: "تاکە ئامانجی سەرەکی بۆ مرۆڤ، چ وەك تاك یان وەك کۆمەڵ، رێگەگرتنە لەئازادی کەسانیتر، تا نەتوانن زیانی پێ بگەیەنن". بەوشەیەکیتر، تاك ئازادە چیدەوێت بیکات، بەومەرجەی زیان بەکەسانیتر نەگەیەنێت. وەك دادوەر، جارێك بە کەسێکی گوتووە: "ئازادی تۆ لەدەستڕاوەشاندندا لەوێ کۆتایدێت، کە خەریکە بگاتە لای لوتی من". ئەم کتێبە بووە بە بەرهەمێکی کلاسیکی دەربارەی ئازادی تاکەکەس‌و هێشتا بەردەوام دەخوێندرێتەوە.

هەروەها کتێبی (The subjection of women) تا ئێستاش شایانی سەرنجلێدانە. دوای پلاتۆن، کە بانگەشەی بۆ پەروەردەکردنی وەك یەکی کچان‌و کوڕان دەکرد، ئەپیکۆرس یەکەم بیرمەندی گەورەبووە کە داوای یەکسانی ژنان‌و پیاوانی کردووە، لەدوای ئەو تا پەیدابوونی ئایدیا لیبرالییەکانی سەروبەندی شۆڕشی فەرەنسی لەسەدەی هەژدەدا هیچی نوێ نەهاتە ئاراوە.

بۆ هۆکاری ئەوە وەڵامێکی قەناعەتپێکەر لەبەردەستدا نییە، بەتایبەتی کە فەلسەفەی پلاتۆن لەدرێژایی ئەو دوو هەزار ساڵەدا ئامادەیی زۆری هەبووە.

کتێبی (The Subjection of women) یەکەم کتێب بووە، کە لەلایەن بیرمەندێکی تەواو ناسراوەوە نووسرابێت‌و تیایدا داوای یەکسانی سیکسواڵی کرابێت. میل بە هەموو توانا و لێهاتوویی خۆیەوە ئەم داوایەی هێناوەتە پێشەوە. بەم هۆیەوە، وەك چاوەڕوانکراوە، تا ئێستاش فیمینستەکانی هەموو جیهان بەچاوی رێزەوە سەیری (جون ستیوارت میل) دەکەن.

# پراگماتیکیە ئەمریکییەکان

## مەعریفە وەك شێوازێك لەکردەی پراکتیکی

**زانین ئەو شتەیە کە ئەنجامی دەدەین‌و لەحاڵەتی پراکتیزەکردندا چاکتر لێیتێدەگەین. پرسیار دەربارەی ناوەڕۆك‌و هەقیقەت هەر لەم روانگەیەوە چاکتر ڕووندەبێتەوە.**

که لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا وەك وڵاتێك خۆی راگەیاند، بووە هۆی تەکانێکی بەهێز بۆ گەشەدان بەکەلتوورو روناکبیریی تایبەت بەئەمریکاییەکان. بەڵام بۆ گەشەکردنو سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەمریکایی نزیکەی سەد ساڵێتری پێچوو. ئینجا توانی سەرنجی جیهان بۆلای خۆی رابکێشێتو دواتر لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا (ئەنستیتوی هارڤارد) بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفەیی هاتە کایەوە، کە بەلای زۆر لەشارەزا لێهاتووەکانەوە بەچاکترین ئەنستیتوی جیهان دادەنرا. لەم کاتەوە سێ فەیلەسوفی ئەمریکایی وەك فەیلەسوفی کلاسیکی ناویان پەیداکردو وەك "پراگماتیکییە ئەمریکاییەکان" ناوبانگیان بڵاوبۆوە. لەهەموویان بەناوبانگتر ئەم سێ کەسایەتییە بوون: چارلس ساندیرس پیرس (Charles Sanders Peirce)و ویلیەم جەیمس (William James)، کە نووسینەکانی روونو خوێندنەوەیان ئاسان بوو، لەگەڵ جون دیوی (John Dewey) کە خاوەن کاریگەرێتی زۆر بووە.

### زانین کردەیە

بەپێی ئینسکلوپیدیای بریتانی، چ.س. پیرس (١٨٣٩–١٩١٤) ئێستا وا ناسراوە، کە رەسەنترینو هەمەلایەنترین بەهرەمەندبووە کە تائێستا ئەمریکا بەخۆیەوەدیبێت. باوکی پرۆفیسۆری ماتماتیك بووە لەزانکۆی هارڤاردو لەکاتی خۆیدا پێشەنگی ماتماتیکزانەکانی ئەمریکابووە. چ.س. پیرس بڕوانامەی زانکۆی لەماتماتیكو زانستە سروشتییەکاندا بەدەستهێناوەو ماوەیەکی درێژ بەکاری زانستی بژێوی خۆی دەستەبەرکردوە. لەکاتی بێکاریدا خۆی بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەییەوە خەریك دەکرد، ئەمە تا تەمەنی ٤٨ ساڵی، ئیتر لەوکاتە بەدواوە بەتەواوی خۆی تەرخانکرد بۆ فەلسەفە. هەرگیز خۆی کتێبی بەچاپنەگەیاندووە. هەرچی ئەم نووسیویەتی دوای خۆی بڵاوکراونەتەوە. کۆی نووسینەکانی بەناوی (Collected Papers) لەهەشت بەرگدا چاپکراون.

بیروڕای سەرەکی پیرس ئەوەیە کە مەعریفە چالاکییە. ئێمە رادەکێشرێین بۆ پرسیارکردن، بۆ زانین، بەهۆی پێویستییەکەوە یان کەموکوڕییەکەوە یان بەهۆی گومانەوە، ئەوە وامان لێدەکات حاڵەتە پرکێشەکەمان دیاری بکەین. تا هەوڵبدەین بۆ بینینی هەڵە یان کەموکوڕییەکانو بۆ ئەوەی بەشێوەیەك لەشێوەکان لایەنە راستەکە بگرین. ئەم مۆدیلە بۆ ئەو بارەش دەبێت، کە کێشەکەمان بەتەواوی تیۆرییە، هەروەها لەژیانی رۆژانەدا بەکاردێتو لەبواری زانستیشدا. بەپلەی یەکەم زیرەکی بەکاردەهێنرێت بۆ تەخمین کردنو دەستنیشانکردنو ئامانجیش گەیشتنە بەتێگەیشتن. مەعریفە لەرونکردنەوە راستەکان پێکدێت. یەکەم لێکۆڵینەوەی گرنگی پیرس بریتی بووە لەلێکۆڵینەوەیەك لەساڵی ١٨٧٨دا بەناوی چۆن بتوانین بیرۆکەکانمان روونبکەینەوە (How to make our ideas Clear) لێرەدا باسی ئەوەی کردوە، ئێمە بۆ تێگەیشتن لەچەمکێك پێویستە پرسیار لەخۆمان بکەین ئایا جێبەجێکردنی ئەم چەمکە چ جیاوازییەکی هەیە بۆ دیاریکردنی حاڵەتی کێشەکەمان یان چ جیاوازییەك دەبەخشێت بەو پێشنیازەی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە. ئەم جیاوازی دیاریکردنە مانا بەو چەمکە دەبەخشێت. هەر چەمکێك لەجێبەجێکردندا جیاوازییەکی ئاشکرامان پێنەبەخشێت، ئەوا ئەو چەمکە هیچ ناوەڕۆكو واتایەکی جێگیری نییە. ئەم چەمکی (پراگماتیزم)ی هێنایە پێشەوە. پیرس خۆی زۆر خەریك کرد بۆ ئەوەی لەم رووەوە بەکاری بهێنێت، وەك میتۆدێك بۆ تێگەیشتن لەچەمکەکان، واتە وەك تیۆری مانا دۆزینەوە.

### بیری هەڵەبەخش

هەندێك رەسەنایەتی لەم بیرۆکانەدا هەن، ئەم بیرۆکانە ئەو تێڕوانینە بۆ زانین رەتدەکەنەوە، کە ماوەی پتر لەدووسەدەو نیوبوو پەسەند کرابوون. واتە روانین بۆ زانست وەك حەقیقەتێکی سەربەخۆ. بێ ئەوەی پێبزانن چیان کردوە، پیاوانی زانست ئەوەیان پەسەندکردووە وەك تەماشاکەرێن بەرامبەر بە زانست، هەروەك بڵێیت بەجۆرێك لەجۆرەکان مرۆڤ لەدەرەوەی جیهانەوە سەیری جیهانی کردبێتو لەحەشارگەوە سەیری مەعریفەی کردبێت. پیرس گوتویەتی ئێمە وانین. ئێمە وەك بەشداربوو مەعریفە بەدەست دەهێنین، نەك وەك تەماشاکەر. ئێمە بەشێکین لەجیهان، ئێمە لەناوجەرگەی هەموو شتەکاندا دەژین، بەپلەی یەکەمیش لەپێناوی ژیانو مانەوەدایە بێوچان بەدوای زانیاری زیاتردا دەگەڕێین سەبارەت بەجیهانو دەمانەوێت لێیتێبگەین، ئێمە خاوەن بەرژەوەندین. مەعریفە ئامرازێکە بۆ ژیانو مانەوە، رەنگە گرنگترین ئامرازمان بێت. ئێمە سوودی لێوەردەگرینو بەکاری دەهێنین، لەبەرئەوەی چاکترین لایەنی بریتییە لەتوانای رونکردنەوە، ئێمە باوەڕی پێدەهێنین هەروەك باوەڕ بەهەموو جۆرە رونکردنەوەیەك دەکەین. ئەوەش تەنیا تا ئەوکاتەی بەکەڵكو کارایە، تا ئەوکاتەی ئەنجامی گونجاوی هەیە. گەر لەگەڵیدا رووبەڕووی تەنگژەو سەختی بووین، ئەوا دەکەوینە هەوڵدان بۆ چاککردنو تەنانەت بۆ گۆڕینیشی. کەواتە زانیارییە زانستییەکانمان کۆمەڵە شتێکی دڵنیانین، کە ئێمە هەمانبێت، بەڵکو کۆمەڵێ رونکردنەوەنو گەشەکردنی زانستییەکانیشمان بریتییە لەخستنەسەری کۆمەڵێ شتیتر، کە لێیان دڵنیایین بۆ سەر ئەو کۆمەڵەی کە هەمانەو لێیدڵنیاین. بەڵکو ئەو رونکردنەوانەی هەمانە دەیانگۆڕین بە رونکردنەوەی باشتر.

کەمێك پێشتر، لەسەدەی نۆزدەهەمدا، فەیلەسوفێکیتری کامبرج لەئینگلتەرا بەناوی ویلیام ڤیوێل (William Whewell) بەشێك لەم بیرۆکانەی هەبووە، بەڵام پیرس زیاتر گەشەی پێداون. لەم روانگەیەوە تێڕوانینێك بۆ زانیاریو مەعریفە پەرەیسەندووە، کە وردە وردە جێگەی تێڕوانینی سەردەمی سەدەی نۆزدەی گرتۆتەوە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، خەڵکی وەك شتێکی نەگۆڕو دڵنیا سەیری زانستیان دەکرد، وەك مەعریفەی بێ هەڵەو هەمیشە جێمتمانەبوو. بەلایانەوە نەدەکرا بەشتێك بگوترێت زانیاریو لەهەمانکاتدا قابیلی راستکردنەوە بوایە، بەڵام لەماوەی سالانی سەدەی بیستەمدا خەڵکی هاتنە سەر ئەو بڕوایەی هیچ زانیارییەکمان ناتوانێت بەشێوەیەکی رەها جێمتمانەبێت. تەنانەت زانستەکانی خۆشمان، هەموو قابیلی ئەوەن هەڵەبنو لەڕووی پرنسیپەوە ناکرێت بەتەواوی بسەلمێنرێنو هەروەها قابیلی گۆڕینیشن. مێژووی زانستەکان ئەوەندە بەئاشکرایی ئەمە دەسەلمێنێت، کە زۆر سەیرە، لەوەوپێش کەس بیری بۆ ئەم لایەنە نەچووە. بۆ بەراوردکردن بەشێك لەوەی کە لەماوەیەکی دیاریکراودا بەزانیاری لەقەڵەمدراوە، نەوەکانی دواتر هەر باسی لێوەناکەن. تەواویش دڵنیاین کە زانیاری سەردەمی ئێمەش لەو حاڵەتە بەدەرنابێت.

خالێکیتری گشتی دەربارەی شێوازی بیرکردنەوە لەسەدەی بیستەمدا، کە جێگە پەنجەی پیرسی پێوە دیارە، هەڵوێستی بوونگەرایی خەڵکییە بەرامبەر زانیارییەکانیان. ئەوەی کە مرۆڤ لەدەرەوەی جیهان نییەو لەدەرەوە سەرنجی لێنادات، بەڵکو خۆی بەشێکە لەجیهانو تیایدا هاوبەشە. بۆیە دەبێت ئەو مەعریفەیەی هەیەتیو شێوەی تێگەیشتنی بۆ جیهان دابینکەری پێویستییە زەرووریو هەنوکەییەکانی مرۆڤ بن. ئەم جۆرە بۆچوونە دواتر بوو بەخاڵی هاوبەشی چەندین رەوتی فیکری، کە خۆیان بەدژی یەکتر دەزانی. بۆ نموونە هایدگەرو ئەو شێوازەی بوونگەرایی کە لەمەوە داکەوت. ڤیتگینشتاینو ئەو قوتابخانە شیکارییەی لەسەر دارو پەردووی فەلسەفەکەی ئەم دروستکرا، هەروەها ئەپستمۆلوجی گەشەکردن کە بەهۆی کارەکانی کارل پۆپەرەوە هاتۆتە کایەوە.

## نووسینی سادەو رەوان

پیرس بەبێدەنگیو بێخۆدەرخستن ژیاوەو کاریکردوە، تەنیا چەند هاوڕێو پسپۆڕێکی کەم بەرهەمەکانیان خوێندۆتەوە. یەکێك لەوانەی تا کۆتایی ژیانی هاوڕێی بووە، ویلیەم جەیمس (William James) (١٨٤٢–١٩١٠)بووە. کە پراگماتیزمی ئەمریکایی بەهەموو جیهان ناساند. جەیمس بڕوانامەی لەدەرمانسازیدا لەهارڤارد بەدەستهێناو هەر لەوێ وانەی ئەناتۆمی (زانستی توێکاری جەستە)و فیزیۆلۆجی دەگوتەوە، بەڵام دواتر بوو بە پرۆفیسۆر لەفەلسەفەدا، پاش ئەوەش پلەی پرۆفیسۆری لەسایکۆلۆژیدا وەرگرت. ئەم خاوەن ستایلێکی زۆر روونو سادەو ئاسان بوو لەنووسیندا. هەر تەواو جیاواز لەشێوازی نووسینی برا بچوکەکەی، واتە هینری جەیمس (Henry James)ی رۆماننووس. کاتێك هینری بەوە ناوی دەرکردبوو، کە نووسینەکانی چڕو زەحمەتن بۆ تێگەیشتن، کەچی نووسینەکانی ویلیام، لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕواتاو خاوەن سترکتووری دەوڵەمەند بوون، بەڵام سادەو بێگرێو گۆڵ بوون. گەر تەنیا لەڕوانگەی ستایلی نووسینەوە سەیریان بکرێت، دەبوایە هینری فەیلەسوف بوایەو ویلیام رۆماننووس. کتێبەکانی ویلیام، لەسەردەمی ژیانی خۆیدا، لەسەر ئاستی جیهان خوێنەریان هەبوو، تا ئێستاش بەردەوام دەخوێنرێنەوە. گەر ئەمڕۆ لەناو فەیلەسوفاندا ناوی جەیمس بهێنرێت هەموان دەزانن مەبەست لە (ویلیام جەیمس)ە گەر هەمان ناو لەنێو نووسەرانو ئەدیباندا بهێنرێت هەموان دەزانن مەبەست لە (هینری جەیمس)ە بەناوبانگترین کتێبی ویلیام بریتییە لە (The Principles of Psychology ساڵی ١٨٩٠)، ( The Varieties of Religious Experience ساڵی ١٩٠٢) لەگەڵ (Pragmatism ساڵی ١٩٠٧).

## تیۆرییەکی واقیعی (راستەقینە)



لەکاتێکدا پیرس پراگماتیزمی وەك تیۆری واتا ناساند، جەیمس وەك تیۆریی واقیعی پێشکەشیکرد. جەیمس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو تیۆریانە راستن یان واقعین، کە داواکارییەکانمان جێبەجێدەکەن. لەپێش هەموو شتێکەوە ئەوانەی لەگەڵ راستییە زانراوەکاندا، لەگەڵ یاسا زانستییە تاقیکراوەکانو بیرۆکە پەسەندکراوەکاندا دەگونجێن. هەروەها بەرگەی رەخنەدەگرنو رێگا نیشاندەرنو دەبنە هۆکار بۆ پێشبینیکردنی راست. گەر بۆچوونێك وەڵامدەرەوەی هەموو ئەم داواکارییانەبێت، چ رێگرێکمان لەبەردەمدایە تا بە "راست" ناوی نەهێنین؟ لەبەدبەختی جەیمس بەشێوەیەکی گشتی بەهەڵە بۆچوونەکانی وەرگیرا، وا لەقەڵەمدرا ئەم گوتویەتی هەرچی بۆچوونێك قابیلی کار پێکردن بێت، ئەوا ئەوە (راستە). خودی چەمکی "پراگماتیزم"لەم رووەوە شانسی باش نەبوو، چونکە رێگەی بۆ بەهەڵە تێگەیشتن خۆشکردبوو.

لێکدانەوەیەکیتری سادەی بیروڕاکانی جەیمس لەلایەن خەڵکییەوە، بریتی بووە لەوەی ئایا بۆچوونی جەیمس دەربارەی باوەڕی ئایینی چۆنە؟ ئایا سیستمێکی یان باوەڕێکی ئایینی دەبێت راست بێت لەبەرئەوەی ناتوانرێت رەخنەی لێبگیرێتو لەبەرئەوەی بۆ ژیانی رۆحی کەسێك گرنگە، کە باوەڕی پێی هەیە؟

ئایا دەبێت ئەویش بڕوای پێ هەبێت، ئەمە جۆرە تێگەیشتنێکە بۆ بۆچوونەکانی جەیمس، کە لێکنراون بەناوی (یۆنگ)ەوە. سەرەڕای ئەمەش پێرس پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ جەیمسدا هەبووەو هیچ لێکدانەوەی وا ساکاری بۆ بیروڕاکانی جەیمس نەبووە. بەڵام راشکاوانە خۆی بەدوورگرت لەپەسەندکردنی پێناسەی جەیمس بۆ چەمکی پراگماتیزم. لەکۆتاییدا جەیمس خۆی بێزار بوو لەو ململانێو چەلەحانێ بێکۆتاییەی سەبارەت بە پراگماتیزم هاتە پێشەوەو سەرئەنجام ئەم بواری پراگماتیزمی بەیەکجاری بەجێهێشت بۆ فەیلەسوفێکی گەنجتر بەناوی (جۆن دیوی).

## کردەو چالاکی ئینتەر ناسیونالی

جۆن دیوی ١٨٥٩–١٩٥٢ لەسەرەتای کارکردنیدا، لاوێکی شەرمنی خەڵکی نیوئینگلاندی دەرچووی زانکۆی ڤێرمۆنت بوو. وەك خوێندکار خاوەن توانا بوو بەڵام ئەوەندە هەڵکەوتوو نەبوو، تەنانەت کە داوای زەماڵەی خوێندنی دکتۆرای فەلسەفەی کرد، دووجار داواکەی رەتکرایەوە. دواتر ناچاربوو پێنجسەد دۆلار لەپوورێکی خۆی قەرزبکاتو بەردەوامی بەخوێندنەکەی بدات. بەهەرحاڵ، دکتۆراکەی بەدەستهێنا. ئیتر بەردەوام وەك مامۆستای زانکۆ کاری کردووە، سەرەتا لەزانکۆی میشیگنو دواتر لەزانکۆی شیکاگۆو لەکۆتاییشدا لەزانکۆی نیویۆرك.

سەرەتا وەك هیگڵیزم دەستیپێکردوە، بەڵام هەر زوو بووە بەلایەنگری پراگماتیزم. وەك خۆگونجان لەگەڵ تیورییەکانی پراگماتیزمی، ئەم بەردەوام سەرقاڵی چەندین کارو چالاکی پراکتیکی بووە. بۆ نموونە ئەندامی گروپە زانستیو سیاسییەکان بووە.

لەدەستەی دروستکردنی خوێندنگا نوێیەکاندا بووە. هەمیشە لەهەوڵداندا بووە بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی بەناو زۆرترین خەڵکدا. ژمارەیەکی زۆر کتێبی نووسیوەو گەلێك وتاری سەرنجراکێشو گرنگی لەگۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە. لەجیهاندا ناوبانگی پەیداکردو بوو بە خاوەنی کاریگەرییەکی زۆر. لەتۆکیۆو بەیجینو نانکینگ کۆڕی گرتووە. لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوازی پەروەردەیی لەتورکیاو مەکسیکو یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامداوە. لەتەمەنی حەفتاو هەشت ساڵیدا سەرۆکی کۆمسیۆنی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە بووە لەو تاوانانەی لەدادگای مۆسکۆدا دژی ترۆتسکی ئاراستە کرابوون. دوای لێکۆڵینەوەی ورد بڕیاری بێتاوانی

دەرچوو.

لەکتێبە بەناوبانگەکەی (بێرتراند رەسڵ)دا (مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا) کە ساڵی ١٩٤٦ دەرچووە، ئەم تەنیا فەیلەسوف بووە، کە هێشتا لەژیاندا بووەو بەشێکی تایبەتی لەو کتێبەدا بۆ تەرخانکرابێت. ئەوەندە بەرهەمی زۆرە، ئاسان نییە باسی هەڵبژاردەیەك لەکتێبەکانی بکەیت. بەڵام رەنگە بتوانرێت بگوترێت زیاتر بەچڕی لەبیرۆکەکانیدا بە لۆژیکەوە خەریك بووە. بەتایبەتی لەکتێبی (The theory of inquiry ساڵی ١٩٣٨)، بەناوبانگترین کتێبی (Reconstruction in Philosophy ساڵی ١٩٢٠) بووەو دەشێت کتێبی (The School and Society ساڵی ١٨٩٩) لەهەرە کاریگەرترینیان بێت.

## فێربوون لەڕێگەی کردارەوە

بەلای (دیوی)یەوە فاکتەرێکی نکولیلێنەکەر هەیە، کە ناکرێت ئەو بەرەوپێشەوەچوونە مەزنانەی لەسەدان ساڵدا لەزانیاری بەدەستهێناندا لەبواری زانستە سروشتییەکاندا ئەنجامدراون، لەگەڵ هیچ بوارێکیتری زانستی بەراورد بکرێت.

بەلای ئەمەوە، لەم زانیارییەدا دوو شت تەواو کاریگەر بوون: یەکەم بوونی متمانەی زیاترە لەمدا لەچاو زانیارییەکانمان لەبوارەکانیتردا. دووەمیش ئەوەیە کە ئەم جۆرە مەعریفەیە بەسوودترە بۆ ئێمە، بەومانایەی ئەم توندتر کاریگەری هەیە بۆسەر ژیانمان. بەلای ئەمەوە وەك پراگماتێك، هەموو جۆرێکی مەعریفە بەر لەهەموو شتێك چالاکییەکی مرۆییە.

هەر لەم روانگەیەوە ئەم بە زانیارییە زانستییەکاندا چووەوەو لێیان وردبوەوە بۆ ئەوەی بزانێت داخۆ شتێکی تایبەتی تیا دەدۆزێتەوە، کە بۆ مەعریفەی بوارەکانیتر بەکاربێت. ئەو گەیشتە ئەم سەرەنجامە: زانست بەتەواوی خاوەن دیسپلینە، خاوەن وردبونەوەیەکی رەخنە لەخۆگرانەو سترکتوورێکی لۆژیکییە، کە دەکرێت لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانیتری توێژینەوە بگونجێنرێت.

هەموو جارێك سەرەتا لەجۆرە گرفتێکی هەستپێکراوەوە دەست پێدەکەین. یەکەم هەنگاو لێرەدا بەرچاو روونییە بۆ جۆری گرفتەکە. واتە کارکردنە بۆ فۆرمولەکردنی کێشەکە. دەلوێت پرۆسەیەکی سەخت بێت، کە پێویستی بەبڕینی چەند پلەیەك هەبێت. هەنگاوی دواتر بیرکردنەوەیە لەچارەسەری شیاو بۆ کێشەکەو هەنگاوی پاش ئەوەش تاقیکردنەوەی جۆری چارەسەرەکەیە.

گەر لەتاقیکردنەوەکەدا هەڵەیتر هاتەپێشەوە، پێویستمان بەدووبارە بیرلێکردنەوەیە. بەڵام گەر بەتاقیکردنەوە سەلمێنرا کێشەکە چارەسەرکراوە، ئەوکاتە دەتوانین هەنگاویتر بەرەو پێشەوە بنێین.

دیوی گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەمە هیواو ئاواتی پشت هەموو جۆرە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکە. بەلای ئەمەوە، ئەمە ئەو شێوازەیە کە بەهۆیەوە هەموو زانیاریەکانمان‌و تواناکانمان لەهەموو بوارەکاندا گەشەدەکەن. گەرچی ئاشکرایە دەبێت ئەو رێگا تایبەتییانەی دەگیرێنەبەر، ئەو شێوازی بەڵگەهێناوەو میتۆدی تاقیکردنەوەکان‌و.. هتد لەبوارێکەوە بۆ بوارێکیتر جیاوازییان هەبێت، لەبەرئەوەی رەخنەگرتن لەم سیستەمەدا رۆڵێکی سەرەکی هەیەو بەلای ئەمەوە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی نکولێلیێنەکراوە. لەبەرئەوە ئەم بایەخێکی زۆری بە ئەنستیتوتەکان (ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە)و چۆنیەتی کارکردنیان دەدا. هەروەها دیموکراتیش سەرنجی ئەمی بەلای خۆیدا راکێشابوو، ئەم بەگەرمی کاری بۆ دەکردو بابەتی زۆری دەربارەی نووسیوە. ئەم پێشنیازی ئەوەی کرد، کە پەروەردەو فێرکردنی منداڵان پشت بەم میتۆدی کێشە چارەسەرکردنە ببەستێت وبانگەشەی بۆ ئەو شێوازی فێرکردنە دەکرد، کە ئەم ناوی نابوو (learning by doing) واتە فێربوون لەڕێگەی کردارەوە. چونکە بەم شێوەیە پراکتیك‌و واتا تیورییەکان پێکەوە گرێدەدرێن‌و منداڵان هاندەدات لەسەر هەردوو ئاستەکە خەیاڵی خۆیان بەکاربهێنن‌و لەوەش گرنگتر لەبەرئەوەی ئەوان بەم شێوازە توانا گشتییەکانی خۆیان لەهەموو بوارەکانی زانستدا رادەهێنن‌و تاقیدەکەنەوە. بیرۆکە پیداگۆگییەکانی، واتە ئەوانەی سەبارەت بە پەروەردەو فێرکردن بوون، لەسەر ئاستی هەموو جیهان کاریگەرییان هەبووە. ئەو کاتانەی ئەم دەستیکرد بە نووسین دەربارەی شێوازی وانەگوتنەوە، لەهەموو جیهاندا ئەو باوەڕە زاڵ بوو، کە دەکرێت بە دیسپلینی توند ئەو منداڵانەی حەز بەخوێندن‌و فێربوون ناکەن بەزۆرو دژ بەویستی خۆیان فێربکرێن. ئەم میتۆدانەی دیوی پێشنیازی کردبوون بۆ خستنەگەڕی وزەی سروشتی منداڵان لەپرۆسەی فێربووندا، کاریگەری لەڕادەبەدەریان هەبوو. ئەم یەکێك بووە لەنوێنەرە هەرە مەزنەکانی تیوری پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن، تەنانەت رەنگە هەرە مەزنترین نوێنەربێت.

# فەلسەفەی سەدەی بیستەم

سەدەی بیستەم، یەکەم سەدەیە لەدوای سەدەکانی ناوەندەوە، کە هەموو فەیلەسوفەکان ئەکادیمی بوون. ئەمە لەلایەنێکەوە بووە هۆکار بۆ زیادبوون‌و بەهێزبوونی مەیلی شیکاری. لەبوارەکانی شیکاری لۆژیك‌و زمانەوانیدا گەشەکردنە لەوە زیاتر بوو، کە مرۆڤ جاران لەمێژووی ئەم بابەتانەدا خەونی پێوە دەبینێت. لەبوارەکانی تریشدا چالاکییەکان لەدوو بەرەی تردا خۆیان دەنواند. حاڵەتی یەکەم، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ زانستە سروشتییەکانی ئەو سەدەیە، کە بەشێوەیەکی رادیکاڵانە مرۆڤایەتی ناچارکرد بۆ پیاچوونەوە بە سروشتی مەعریفەی خۆیدا. حاڵەتی دووەمیش وەك هەوڵدانێك بووە بۆ تێگەیشتن لەهەلومەرجەکانی مرۆڤ لەجیهانێکدا، کە چیتر وەك ئافەریدەی دەستی خوا سەیر نەکراوەو خاوەن واتاو مەبەستی تایبەت بەخۆی نییە.



# فریگەو لۆژیکی مۆدێرن

## لۆژیك شانۆکە داگیر دەکات

**لەسەرەتای سەدەی بیستەوە، لەبواری لۆژیکدا پێشکەوتنێکی مەزن بەدیهات، کە کاریگەری بۆ سەر گشت لایەنەکانی فەلسەفە هەبووە.**

ئەو سیستمە لۆژیکییەی ئەریستۆتالیس دانابوو، تا سەدەی بیست گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیبوو. وا سەیری لۆژیك دەکرا، کە پێکهاتووە لەو یاسایانەی، کە ئاڕاستەکەری بیرکردنەوەن. شۆپینهاوەر دەربارەی ئەمە گوتبووی ئێمە چەند دەتوانین پەلوپۆمان بە پێچەوانەی دەمارو ماسولکەکانمانەوە بجولێنین، هەر ئەوەندەش دەتوانین بەبێ پەیڕەوکردنی ئەو یاسا لۆژیکییانە بە دروستی بیربکەینەوە.

بەڵام لەسالانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گوتلوب فریگە (Gottlob Frege)ی ئەڵمانی (١٨٤٨—١٩٢٥) بیرێکی بلیمەتانەی بۆ هات، کە لەئەنجامدا ئەو بۆچوونە تەقلیدییەی سەبارەت بە لۆژیك لەناوبردو گەشەکردنێکی شۆڕشگێڕانەی لەبوارەکەدا هێنایە ئاراوە.

### لۆژیك شتێکی بابەتییانەیە

وەك چۆن زۆربەی ئەو ئایدیایانەی دوای فۆرمولەکردنیان‌و گرنگیپێدانیان روون‌و ئاشکرا دەرکەوتوون‌و بە هیچ جۆرێکیش پێش ئەوە وا راست‌و رەوان نەهاتونەتە پێش چاو، ئەم بیرۆکەیەش کە دەڵێت: لەڕاستیدا شتێك یان بەهۆی شتێکی ترەوە دەبێت یان بەهۆیەوە نابێت، جا گەر بەهۆیەوە بێت یان بەهۆیەوە نەبێت، ئەوا هیچ ئیحتمالێك نییە ئەم کارە پەیوەندی بە حاڵەتی سایکۆلۆژی مرۆڤەوە هەبێت. کەواتە بە وشەیەکیتر هەرگیز لۆژیك بریتی نییە لە "یاساکانی بیرکردنەوە" بەڵێ، ئەمە لەهەقیقەتدا هیچ پەیوەندییەکی بە شێوازی بیرکردنەوەوە نییە.

پەیوەندییە لۆژیکییەکان لەدەرەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤدان. هەڵبەتە ئێمەی مرۆڤ هەستیان پێدەکەین، فێریان دەبین، پشتگوێیان دەخەین، بەهەڵە لێیانتێدەگەین‌و...، بەڵام هەمان ئەو شتانە لەگەڵ زۆر شتیتریش، کە بێ پەیوەست بوون بە ئێمەوە بوونیان هەیە، ئەنجام دەدەین. دەرئەنجام ئەوەیە، کە بابەتە لۆژیکییەکان ئۆبژەکتیڤی راستەقینەن. دەتوانین لێیان تێبگەین یان دەربارەیان بەهەڵەدابچین. بەڵام بوونیان هیچ پەیوەست نییە بە هیچ جۆرەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە.

کە ئەم بۆچوونە لەبواری فەلسەفەدا جێبەجێ کرا کاریگەری زۆر مەزنی هەبوو. لەسەردەمی دیکارتەوە، لەفەلسەفەی رۆژئاواییدا، ئەم پرسیارە زاڵ بوو، کە دەڵێت: ئایا من توانای زانینی چیم هەیە؟ تیۆری زانیاری، ئەپستمۆلۆجی، بابەتی سەرەکی بووە. وا لێکدەدرایەوە، کە ئەوەی لەئاگامەندی مرۆڤدا روودەدات، ئەوە گرنگترین بابەتی لێکۆڵینەوەو سەرنجلێدانە. بەڵام بۆچوونەکەی فریگە بووە هۆی داماڵینی بەرگی سایکۆلۆژی لەفەلسەفە. گەر ئەوەی حاڵەتەکەیەو ئەوەش کە بەهۆی ئەو حاڵەتەوە روودەدات، هەردوو پەیوەست نەبن بە ئاگامەندی مرۆڤەوە، ئەوا مەعقول نییە بۆ تێگەیشتن لەجیهان خۆمان لەناو تیۆری زانیاریدا قەتیس بکەین، ئەو سەرەنجامە ئاشکرایەی ناڕاستەوخۆ خۆی دەنوێنێت، ئەوەیە کە دەبێت فەلسەفە



لەسەر بناغەی لۆژیك بێت، نەك تیۆری زانیاریی، کارەکانی فریگە پاڵنەر بووە بۆ خێراکردنی ئەو گۆڕانکارییانە، کە بە درێژایی سەدەی بیستەم بەهەمان گوڕو تینەوە لەزۆربەی لایەنە سەرەکییەکانی فەلسەفەدا بەردەوام بووە.

## ماتماتیك لۆژیکە

کاری دووەم‌و زۆر بەناوبانگی فریگە دەربارەی بۆچوون‌و تێگەیشتنمانە لەماتماتیك. دیارە ماتماتیك هەر بە تەواوی بریتییە لەوەی ئایا چی بەدوای چیدا دێت. سەرەنجام‌و بەڵگەکانی ماتماتیك وەك هەر بەڵگەو ئەنجامێکی تر دەبێت لەشتێکەوە سەرچاوەیان گرتبێت، لەپێشەکییەکانەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین لەپێشەکییەکان تێپەڕن، دەبێت بەلایەنی کەمەوە یاسایەکی بەڵگەنەویستی تێدابێت. هەروەك لەوەو بەریش باسکراوە، بەڵگەیەکی بەدەستهاتوو ناتوانێت راستی پێشەکییەکان، یان یاسا بەڵگە نەویستەکانی خۆی بسەلمێنێت.

هەوڵدانی لەمجۆرە سوڕانەوەیە لەبازنەی داخراودا. وەك ئەوەیە هەوڵبدرێت بۆ سەلماندنی ئەو شتەی کە لەسەرەتاوە باوەڕی پێهێنراوە. واتە هەموو بەڵگەیەکی ماتماتیکی سەرچاوەکەی پێشەکییە بە بەڵگە نەسەلمێنراوەکان‌و یاسا بەڵگە نەویستەکانە، کە راستی‌و دروستیان نەچەسپێنراوە. لەڕاستیدا بەڵگەیەکی ماتماتیکی ئەوە دەردەخات، کە بە پشتبەستن بە یاسا بەڵگە نەویستەکان ئەو ئەنجامانە لەپێشەکییەکانەوە هەڵئەهێنجێت، نایسەلمێنێت کە دەرئەنجامەکان راستن، چونکە ناتوانێت راستی پێشەکییەکان بسەلمێنێت، لەبەرئەوەی ئەمە بێ جیاوازی بۆ هەموو دەرئەنجام‌و بەڵگە ماتماتیکییەکان وایە، ئەوا دەبێت وەك پوشێکی بەر با، وەك بێ پاڵپشتێکی بەرچاو، سەیری ماتماتیك بکەین.

فریگە بە بیرکاری دەستیپێکردووەو ویستویەتی ئەوە دەربخات، کە هەموو ئەو گریمانەو نەسەلمێنراوانەی کۆڵەکەی هەیکەلی ماتماتیکن، لەپرنسیپە بنەڕەتییەکانی

لۆژیکەوە سەرچاوەیان گرتووە. واتە لەم ڕێگەوە دەتوانرێت ڕەوایی بدرێت بە ماتماتیك، وەك بابەتێکی خاوەن ئەو ڕاستییە زەروورییانەی، کە بەتەواوی دەرئەنجامی پێشەکییە لۆژیکییەکانن. ئامانجی ئەوە بووە پاڵپشتێك بۆ ماتماتیك دابین بکات. بەڵام ئەم پرۆگرامە بووە هۆی دروستبوونی دوو کێشەی لاوەکی، کە هەردووکیان بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە، ئەگەر لۆژیك، خۆی لەخۆیدا، وەك دەرئەنجامێکی حەتمی هەموو ماتماتیکی لەخۆگرتبێت، ئەوا بەهەمان ئاست دروستە بگوترێت لۆژیك بەشێکە لەماتماتیك، هەروەك دەکرێ بگوترێ ماتماتیك بەشێکە لەلۆژیك. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، ئاشکرا دەبێت، ئەوەی زیاتر لەدوو هەزار ساڵ بە سەرتاپای لۆژیك حسابی بۆ دەکرا، تەنیا گۆشەیەکی بچووکی لۆژیك بووە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئیحتماله لۆژیك ناچارکرا بۆ ئەوەی ببێت بە بوارێکی زۆر زۆر تەکنیکی هەمەلایەنە. بەجۆرێك کە لایەکەوە لەگەڵ ماتماتیك یەکانگیر دەبێتەوە، کە ئێستا لەزۆربەی زانکۆ گەورەکانی جیهاندا دەخوێندرێت.

کێشەی گەورەی دووەم ئەوە بووە، ئەگەر ماتماتیك لەگەڵ لۆژیك یەکبگرێتەوە، کەواتە داماڵینی بەرگی سایکۆلۆژی لەلۆژیك، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بریتی دەبێت لەداماڵینی بەرگی سایکۆلۆژی لەماتماتیك. لەهەموو مێژووی ماتماتیکدا گفتوگۆیەکی گەرمی ناکۆك سەبارەت بە بنەما سروشتییەکانی ماتماتیك هەبووە لەنێوان ئەوانەی ماتماتیکیان بە بەرهەمێکی ئاگامەندی مرۆڤ دەزانیو ئەوانەی لایان وابووە، کە ماتماتیك خاوەن بوونی تایبەتیو نا پەیوەستی خۆیەتی. ئەگەر بەرنامەکەی فریگە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرایە، ئەوا بە قازانجی لایەنگرانی ئەلتەرناتیڤی دووەم دەشکایەوە.

### ناوبانگ دەرکردنی پاش وەخت

فریگە پسپۆری بواری ماتماتیك بووەو هەموو ژیانە درێژەکەی کارکردنی لەبەشە تایبەتیەکانی ماتماتیکدا لەزانکۆی جینا بەسەربردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئایدیاکانی خۆی بڵاوکردبۆوە، بەڵام لەلایەن بەشە فەلسەفەییەکانی زانکۆکانی ئەڵمانیاوە گرنگییان پێنەدرابوو، چونکە ئەو کاتانە بەتەواوی ڕۆچووبوونە نێو ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە، کە خاوەنی قەناعەتی چەسپاو بوو دەربارەی ئەوەی، کە ماتماتیك بەرهەمی ئاگامەندی مرۆڤە. ساڵانێکی زۆری خایاند تا فەیلەسوفەکانی وڵاتانی ئینگلیزی زمان بەو سەرئەنجامانە ئاشنابوون، کە ئەم پێیان گەیشتبوو. لەوێ ئەوانەی شارەزای زمانی ئەڵمانی بوون، زۆر نەبوون.

لەبەرئەوە، ئەو ساڵانەی ئەم کارەکانی تیا بەرهەم هێناوە، بە نەناسراوی مابۆوە. لەکۆتایدا، پیاوێکی ئینگلیز بەناوی بیرتراند ڕەسل ئەمی "دۆزیەوە"و بەرهەمەکانی بە جیهان ناساند. بەڵام ئەوکاتانە (ڕەسڵ) لەلای خۆیەوە، سەربەخۆیانە، سەرقاڵی دۆزینەوەو ئاشکراکردنی هەمان ئەو بابەتانە بوو، کە فریگە پێشتر ئەنجامی دابوون.

ڕەسڵ، بەر لەوەی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخان بکات، لەکامبرج ماتماتیکی خوێندبوو. بەمناڵیش دایەنێکی ئەڵمانی زمانی هەبووە، بەر لەوەی فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، لەدایەنەکەیەوە فێری ئەڵمانی بووە، ئەمانە پێکەوە یارمەتیدەر بوون، بۆ ئەوەی ڕەسڵ بە تەواوی بتوانێت ئەو کارانەی خۆیو فریگە، کە هەریەکە سەربەخۆ ئەنجامیان دابوو، پێکەوە گرێبداتو گەشەیان پێ بدات. بەهۆی بڵاوکردنەوەو گەشەدان بەو دەرئەنجامانە لەنێو تیرۆژە فەلسەفەییەکاندا، ڕەنگە ئەم وەك تاك بەناوبانگترین فەیلەسوفی سەدەی بیستەم بێت.

# رەسڵو فەلسەفەی شیکاری

## فەلسەفە تیشکی خۆی ئاڕاستەی زمان دەکات

**بێرتراند رەسڵ لۆژیکی نوێ بۆ شیکردنەوەی دەستەواژەکانی نێوزمانی رۆژانە بەکاردەهێنرێت. ئەمە بووە سەرەتا بۆ شێوازێکی نوێی کارکردن لەبواری فەلسەفەدا.**

بێرتراند رەسڵ (Bertrand Russell ١٨٧٢-١٩٧٠) بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی فەیلەسوفە مەزنەکانی دیکە خاوەن ژیانێکی سەرنجڕاکێشتر بووە. ئەم کوڕەزای لۆرد جۆن رەسڵ بووە، کە ساڵی ١٨٣٢ لەپەرلەمانی بریتانیا بەهەوڵو کۆششی زۆری توانی پرۆژە یاسای ریفۆرمی مەزن (Great Reform Bill) تێپەڕێنێتو دواتریش بووە بە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا. بەر لەتەمەنی چوار ساڵی، دایكو باوکی رەسڵ مردوونو لەلایەن نەنكو باپیریەوە بەخێوکراوەو باپیری لەماڵەوە پێی خوێندووە. واتە لەنێو کۆمەڵگەی هەرە ئەرستۆکراتی بریتانیادا گەورەبووە، ئەوە لەسەردەمێکدا کە بریتانیا لەلوتکەی بەهێزیدا بووەو گەورەترین دەوڵەتی ئیمپریالیستیو هەر گەورەترین سوپەرپاوەری جیهان بووە. دوای مردنی برا گەورەکەشی، نازناوی خانەدانی باپیری بەمیراتی بۆ ماوەتەوە.

### ئارەزووی زۆر بۆ ماتماتیك

لەتەمەنی یانزە ساڵییەوە ئارەزوو بۆ ماتماتیك لای ئەم سەریهەڵداوە. لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی "لەوکاتەوە تا ئەو دەمەی لەگەڵ وایتهید (Whitehead) لەنووسینی کتێبی (پرنسیپەکانی ماتماتیك) بووینەوە، کە ئەوکاتە تەمەنم گەیشتبووە ٣٨ساڵی، بەدرێژایی ئەوکاتانە، ماتماتیك ئارەزووی سەرەکیو گەورەترین سەرچاوەی بەختەوەریم بووە". کە بۆ خوێندن چووە زانکۆی کامبرج، سەرەتا ماتماتیکی خوێندووەو دواتر فەلسەفەشی لەگەڵدا گرێداوە. هەر بۆیە سەیر نییە کە یەکەم کتێبی بەناوبانگی، کە ساڵی ١٩٠٠ بڵاویکردۆتەوە، بریتی بووە لەلێکۆڵینەوەیەك دەربارەی لایبینزی گەورە فەیلەسوفو ماتماتیکزان. ئەوە تەنیا کتێب بووە، کە بەتایبەت ئەم دەربارەی تەنیا فەیلەسوفێکیتر نووسیویەتی. گەرچی کتێبێکیتر بەناوی مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوایی ( A History of Western Philosophy) کە ساڵی ١٩٤٦ بڵاوبۆوە، بوو بە پڕفرۆشترین کتێبی جیهان، ئەم کتێبەش بەتەواوی بۆ باسکردن لەبەرهەمی فەیلەسوفەکانیتر بووە.

## رچەشکێن لەبواری لۆژیکدا

رەسڵ، لەژیانی خۆیدا، لەچەندین بواری فراواندا چالاك بووە. لەلاوێتیدا سۆسیالیستێکی چالاك بووەو کاندیدی پارتی کرێکاران بووە بۆ پەرلەمان. لەڕیزەکانی پێشەوەی ئەوانە بووە، کە خاوەنی شێوازی بیرکردنەوەی نوێ بوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەری زۆریان هەبووە، بەتایبەتی دەربارەی بۆچوونە لیبرالیو رادیکاڵەکان سەبارەت بە جەنگ، ئیمپریالیستی، یاسادانان، چینەکانی کۆمەڵگا، بانگەشەکەر بۆیان لەو سەردەمانەدا لەبریتانیادا جۆرج بیرنارد شۆ بووە، کە دواتر، بەتێپەڕبوونی تەمەن، رەسڵ ئەم پایەیەی لەشۆ وەرگرتووە. لەناوەڕاستەکانی تەمەنیدا، رەسڵ ژمارەیەکی زۆر کتێبو وتاری لەسەر ئەم بابەتانە نووسیوە. چوار جار ژنی هێناوە، دوای تەمەنێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی شەرمهێنەر خەریکی راوە ژن بووە.

بەهۆی بەربڵاوی بوارەکانی چالاکیەکانیەوە، هەمەلایەنی تواناو بەهرەکانیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە لەگەشتی بەردەوامدا بووە بە هەموو لایەکی جیهاندا، بۆ هەر کوێ رۆیشتبێت، چاوی کەوتووە بە گەورە پیاوانی بوارەکانی سیاسەتو ئەدەبو زانستو جیهانی ئەکادیمی. ژیانێکی نائاسایی هەبووە. پتر لەشەست کتێبی نووسیوە. خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب وەرگرتووەو تەنانەت تا بەر لەچەند ساڵێك لەمردنی، کە تەمەنی لەسەد ساڵ نزیك بۆتەوە هەر چالاك بووە.*

رەنگە سەرسوڕمان لەجێی خۆیدا بێت کە چۆن مرۆڤێکی وا، یەکەم بەرهەمی لەفەلسەفەدا، لەئاستێکی تەکنیکی هەرە بەرزدابێت. ئەم بێ بوونی پەیوەندی بەفریجەوە گەیشتبووە ئەوەی کە رەنگە بیرکاری یان هەر هەموو ماتماتیك بتوانرێت لەپرنسیپە بنەڕەتیەکانی لۆژیکەوە هەڵبهێنجرێن. لەو کتێبەیدا کە ناوی ( The Principles of Mathematics) بووەو ساڵی ١٩٠٣ بڵاوکراوەتەوە، جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوە. بە بەکارهێنانی کارە بنەڕەتییەکانی فریج بەهاوتا لەگەڵ ئەوانەی خۆیدا شانی داوەتەبەر ئەرکی هەرە گەورەی بۆ سەلماندنی تێزەکەی خۆی، ئەویش بە ئەنجامدانی گەڕانەوە بۆ سادەترین شێوەی پێویستی ماتماتیکی.

* دوا بەدوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، دژی ئەشکەنجەدانو لە سێدارەدانی زیندانیان، بەتایبەتی ژنو منداڵ، لە عێراق، رەسڵ لەگەڵ ژان پۆل سارتەر بەشداری خۆپیشاندانی کردووەو سەرۆك کۆماری ئەوکاتانەی عێراق، کە عەبدولسەلام عارف بووە گووتویەتی رەسڵ فەیلەسوفێکی خەڵەفاوی سەرلێشێواوە. بروانە رۆمانی (شەوکوتەکان) نووسینی ئیبتسام نەعیم ئەلرومیو تۆفیق جانی ئەلناشی، وەرگێرانی جەلال دەباغ، خانەی وەرگێران، ٢٠١٠ سلێمانی لا ٢١و ٢٠٧، (و.ك).

ئەم كارەش بە هاوبەش لەگەڵ كەسێكی ناوداری وەك ئەلفرید نۆرس وایتهید ئەنجامداوە كە لەكامبرج مامۆستای ماتماتیكی ئەم بووە. بەیەكەوە هەرسێ بەرگە گەورەكەی (Principia Mathematica) یان تەواوكردوە، كە ساڵانی ١٩١٠–١٩١٣ بڵاوكراونەتەوە. لەلایەن زۆركەسەوە ئەم بەرهەمە بەگەورەترین بەرهەمی تاكەكەس دادەنرێت لەبواری لۆژیكدا لەدوای ئەریستۆتالیسەوە. دوای ئەنجامدانی ئەم بەرهەمە هەرە مەزنانە بوو، كە رەسڵ رووی كردە كاری فەلسەفەیی. ئەوكاتانە گەیشتبووە تەمەنی چل ساڵی.

## گەڕان بەدوای دڵنیاییدا

یەكەم كتێبی دەربارەی فەلسەفەی گشتی كە ساڵی ١٩١٢ بڵاوكراوەتەوە، ناوی (كێشەكانی فەلسەفە) بووە (The Problems of Philosophy) ئایدیای رەسەنی خۆی تیابووەو بەپێچەوانەی كتێبەكەیتری، كە باسی لەلۆژیكی ماتماتیك كردووە، ئەم كتێبەی ئاسانتر بووەو ئەو كەسانەی كە لەسەرەتای خوێندنەوەی فەلسەفەدا بوون، توانیویانە كەڵكی لێوەربگرن. هەموو بەرهەمەكانی دواتریشی وەك زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسوفە مەزنەكان هەر بەم شێوازە روونو سادەیە نووسیوە. بەتایبەتی یەكێك لەبەرهەمەكانی شایانی باسكردنە، كە ناوەڕۆكی پرۆگرامە فەلسەفییەكەی تێدا باسكردووە، واتە كتێبی ( Our Knowledge of the External World as a field for Scientific Method in Philosophy) كە ساڵی ١٩١٤ بڵاوكراوەتەوە. هەروەها (The Philosophy of logical Atomism) ساڵی ١٩١٨، (The Analysis of mind) ساڵی ١٩٢١و ( The Analysis of Matter) ساڵی ١٩٢٧ لەكتێبە بەناوبانگەكانیەتی. ئیتر دوای ئەوە، قۆناغی سەرقاڵ بوونی بە چالاكی سیاسیو كۆمەڵایەتیو پەروەردەییەوە هاتۆتە پێش. تا ساڵی ١٩٤٠ كە كتێبی (An inquiry in to Meaning and Truth) چاپكردوەو ساڵی



١٩٤٨ كتێبی (Human Knowledge – its Scope and limits) بڵاوكردۆتەوە لەكۆتاییشدا بەكتێبێك كۆتایی بەكارە فەلسەفەییەكانی هێناوە، كە بریتی بووە لەئاوەڕدانەوەیەكی رەخنەگرانە لەبەرهەمەكانی ژیانی، ئەو كتێبە بەناوی ( My Philosophical Development) بووەو ساڵی ١٩٥٩ چاپكراوە.

رەسڵ، لەفەلسەفە گشتییەكەیدا، راستەوخۆ خۆی بە میراتگری ئەزمونگەرییە بریتانییەكان زانیوە، كە لۆك، باركلی، هیومو میل لەپێشەنگەكانیان بوون. (هەر لەڕاستیشدا میل وەك باوكی رۆحی رەسڵ بووە). بەلای ئەمەوە هەموو زانیارییەكانمان دەربارەی جیهانی دەرەوە (چ زانیاریی عەقڵییەكانمانو چ زانیارییە زانستییەكانمان) لەبنەڕەتەوە لەشارەزاییەكانمانەوە دەستمان كەوتوون. ئەوەی كە ئەم بەدوایدا دەگەڕا، دۆزینەوەی بەڵگەیەكی عەقڵانی بوو بۆ دڵنیابوون لەو جۆرە مەعریفەیە. دەیویست بناغەیەكی بەهێزو پتەوی پێ ببەخشێت.

## شیكردنەوەی ئەوەی دەیڵێین

بەڵام كە ئەوانەی پێش ئەم بێ دوودڵی بەلایانەوە وابووە مەعریفە كێشەیەكی ئەپستمۆلۆجییەو تەنیا هەر بەو تێرمانەوە خۆیان خەریككردووە، ئەوا رەسڵ هەموو ئەو ئامرازە لۆژیكییەی بۆ ئەم مەبەستە خستۆتەكار، كە ئەم خۆیو وایتهێدو فریگە بەیەكەوە دروستیانكردبوو. هەر وەك چۆن پێشتر هەوڵی دابوو بنەمایەكی لۆژیكی ببەخشێت بەماتماتیك، بەهەمان شێوە كاری كردوە كە بنەمایەكی لۆژیكی پتەو ببەخشێت بە زانیارییەكانمان سەبارەت بە جیهانی دەرەكیو زانیارییە زانستییەكانمان. لەهەردوو حاڵەتدا، ئامانج هێنانەكایەی مەعریفەیەكی مرۆیی تەواو دڵنیا بووە. لەهەقیقەتدا لەهیچكامیاندا سەركەوتوو نەبووە، بەڵام لەم هەوڵانەیدا كاری گەورەی ئەنجامداوە. بەتێڕوانین لەپرۆگرامەكەی رەسڵو بەرهەمەكانی

پێشووتری، ئاشکرا دەبێت، کە هەوڵدانی بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی شیکاری لۆژیکی سەبارەت بە خواستی ئاساییمان بۆ مەعریفە، کارێکی سروشتییە.

ئەو راستەوخۆ پەنجەی لەسەر کێشە گەورەکان، دەربارەی واتاو هەقیقەت، تەنانەت لەبۆچوونە سادەکانیشدا، داناوە. بۆ نموونە گەر یەکێك بڵێت، میراتگری تاجی شاهانەی بریتانی کەسێکی سەر روتاوەیە. وا دەردەکەوێت، کە ناوەڕۆکی قسەکە روونو ئاشکرابێتو گەر مرۆڤ بیەوێت لەڕاستی ئەو بۆچوونە بکۆڵێتەوە، دەتوانێت بەدوایدا بڕواتو بگاتە ئەوەی گوتەکە هەڵەیە. بەڵام وای دابنێ کە ئێمە کەمێك لەقسەکە دەگۆڕین، بەڵام هێشتا هەمان فۆرمی هەیەو دەیکەین بە "میراتگری تاجی شاهانەی فەرەنسا کەسێکی سەر روتاوەیە" ئایا ئەوە راستە یان هەڵەیە؟ فەرەنسا سیتەمی مەلیکی نییەو لەبەرئەوە تاجی شاهانەیان نییە.

سەرەنجام هیچ میراتگرێکی تاجیان نییە، کەواتە بۆچوونەکە هیچ بنەمایەکی نییە. کەواتە چۆن دەتوانرێت بگوترێت ئەو بۆچوونە یان راستە یان هەڵەیە؟

ئایا ئەو بۆچوونە هەر هیچ واتایەك دەبەخشێت؟

هەر کە رەسڵ شێوازی ئاسایی قسەکردنمانی دەربارەی شتەکان خستەبەر نەشتەری شیکاری ئەمجۆرە لۆژیکەوە، توانی وەك کێڵگەیەکی پڕ لەمینو تەڵەو کێشە دەریبخات. هەروەك نموونەکەی لای سەرەوە رونیکردۆتەوە کە دەشێت دوو رستەی خاوەن هەمان فۆرمی گراماتیکی، دوو واتاو دەرئەنجامی لۆژیکی تەواو جیاوازیان هەبێت، کە فۆرمی ئەو زمانەی پێیدەدوێین، بەلایەنی کەمەوە لەیەکێ لەحاڵەتەکاندا، رەوشی راستەقینەی لۆژیکی خۆی شاردۆتەوەو دەکرێ تا بەرزترین پلە کێشەدار بێت.

## لەدایکبوونی فەلسەفەی شیکاری

ئەو کارە داهێنەرانەی رەسڵ بوونە هۆی خستنەگەڕی شێوازێکی نوێی گەشەکردن لەبواری فەلسەفەدا، کە بە "فەلسەفەی شیکاری" ناسراو بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو لەزۆربەی سالانی سەدەی بیستەمدا باڵی کێشا بەسەر رەوتی فەلسەفەیی وڵاتانی ئینگلیزی زماندا. هەڵبەتە لەو ماوەیەدا چەندین فۆرمی لەخۆگرتووە، بەڵام خاڵی هاوبەش بۆ هەموویان بەقووڵی شیکردنەوەی ئەو رستەو دەستەواژەو چەمکانە بووە، کە بەکارهێنراون یان شیکردنەوەی دەرئەنجامە لۆژیکییە دەرەکییەکان یان ناوخۆییەکان بەو مەبەستەی هەرچی شتێکی شاراوەیان تێدایە، بخرێنە بەر رووناکی. پرسیاری هەرە سەرەکی هەردەم ئەمە بووە: "ئایا، کاتێك ئەمە یان ئەو شتە دەڵێین، لەڕاستیدا چی دەڵێین؟"

لەناو ئەو گروپانەدا، کە پەیڕەویان لەم میتۆدەی رەسڵ دەکردو گەشەیان پێیدا، گروپێك هەبوو کە لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا لەڤیەننا دامەزرابوو، وەك کۆڕی ڤیەننا ناوبانگی دەرکردبوو، کە زیاتر لەپیاوانی زانستو ماتماتیکزانان پێکهاتبوو، نەك لەفەیلەسوفان. ئامانجی سەرەکییان بریتی بووە لەدانانی ئەم بنەما فەلسەفەییە بۆ تێگەیشتنی زانستیانە لەجیهان. فەلسەفەکەی ئەمان وەك پۆزەتییزمی لۆژیکی ناسرا بوو. جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بایەخی بۆچوونێك ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە بپرسین: "ئایا دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی راستی یان نادروستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنین؟" بە وشەیەکیتر ئایا راستی یان ناڕاستی چ جیاوازییەك سەبارەت بە چۆنیەتی راستەقینەی ئەو شتانە دێنێتە ئاراوە؟ بۆچونێك، کە واخۆی دەردەخات کە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات، بەڵام راستی یان چەوتی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت، ئەوا ئەم جۆرە بۆچوونە بێ ناوەڕۆکە، بێ واتایەو هیچ ناڵێت. لەم بیروباوەڕەیاندا جۆرە بنەمایەکی هاوبەشیان لەگەڵ پراگماتیزمییە ئەمریکییەکاندا هەیە، بەڵام فۆرمولەکردنەکانی ئەوان توندوتیژتر بووە بەلای ئەوانەوە تەنیا ئەو بۆچوونانەی کە بە ئەزمونگەری ئیسپات

دەکرێن، خاوەن واتای ئەزمونین. هەر بۆچونێکی پێشکەشکراویش بەپێی شێوازی سەلماندنەکەی واتای راستەقینەی خۆی بەدەستدەهێنێت.

بەم نەشتەرە، پۆزەتیڤیزمە لۆژیکییەکان، زۆربەی ئەو شتە پڕوپوچانەیان لابرد، کە لەسەردەمانی پێشووەوە بەمیرات بۆیان مابۆوە، نەك تەنیا ئەو شتانەی لەشێوەی نەریتی پواو لەئایدیالیستە ئەڵمانییەکانەوە بۆیان بەجێ مابوو.

لەناوبردنی شێوازی تێڕوانینی ئایینی بۆ جیهانو هەروەها پوچەڵکردنەوەی دروشمو گوتارە سیاسیەکانی سەردەمی سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای فاشیستی لەوڵاتانی ئەڵمانی زماندا زۆر توند بووە. ئەمە فەلسەفەیەك بوو، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لاوانی نوێخوازی لەخۆی کۆکردبۆوە. ئەو کتێبەی ئەم ئایدیایانەی لەوڵاتانی ئینگلیزی زماندا بڵاوکردەوە، کتێبی ( Language, Truth, and logic) بوو ساڵی ١٩٣٦ لەلایەن (A.J.Ayer)ەوە بڵاوکرایەوە، کە تەمەنی تەنیا چەند ساڵێك لەسەرو بیست ساڵییەوە بوو. کاتێك نازییەکان لەنەمساو ئەڵمانیا دەسەڵاتیان گرتە دەست (ئەم دوو وڵاتە ساڵی ١٩٣٨ لەسەردەمی حوکمڕانی هیتلەردا پێکەوەلکێنران) ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا پەرتەوازەکران. زۆربەیان چوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان یان بۆ بریتانیا. لەوێ کاریگەری گەورەیان هەبووە.

## ژیری

لەبریتانیای مەزن، ئەوکاتانە، هاوڕێیەکی تەمەنی رەسڵ، کە ناوی جی، ئی، مۆر (G.E.Moore) بوو، خەریکی شیکاری بۆچوونەکانی نێو زمانی رۆژانە بوو، بەبێ ئەوەی زانست یان لۆژیك وەك پێوەر بەکاربهێنێت، بەڵکو لەبری ئەوە عەقڵ یان ژیریی کردبووە پێوەر. دواتر ئەم میتۆدە لەلایەن جەی، ئێل، ئۆستین J.L.Austin زۆر گەشەی پێدراو وەك پردێکی لێهات بۆ گەیشتن بەجۆرێکی فەلسەفە، کە دواتر جێی پۆزەڤیتیزمی لۆژیکی گرتەوەو بە فەلسەفەی زمانەوانی یان شیکاری زمانەوانی ناسرا. خاڵی هەرە دیارو جیاوازی ئەم فەلسەفەیە بریتی بوو لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان. ئەم زمان شیکەرەوانە دەیانگوت پۆزەڤیتزمە لۆژیکییەکان لەوەدا بەهەڵەدا چووبوون، کە دەیانویست هەموو جۆرە دەربڕینێك ملکەچی پێوەرە زانستییەکان بکەن. زۆر شێوازی دەربڕینی هەڕەمەکیی زمان لەژیانی مرۆڤدا هەیەو هەر شێوازەش لۆژیکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو کێشە فەلسەفەییانەی بەهۆی بەکارهێنانی جۆرە فۆرمێکی قسەکردنەوە، کە سەر بە جۆرە دەربڕینێکی تایبەتی زمانە، لەچوارچێوەیەکی هەڵەدا دەبنە مایەی سەرگێژکردن. ئەرکی فەیلەسوف دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ ئەو ئاڵۆزییانەی لەتێگەیشتندا دروست دەبن، ئەویش بەوەی بەکارهێنانی زمان بکاتە خاڵی سەرەکی خۆی. کاتێك چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکە ئاشکرا دەکات، ئەوا ئەو ئەوەندەی کێشەکەی ئاشکراکردووە، ئەوەندە چارەسەری نەکردووە. بەڵام کە هەموو شتەکان ڕووندەکرێنەوە، ئیتر مرۆڤ دەبینێت کێشە بوونی نەماوە.

## تێگەیشتن لەجیهان

بەتایبەتی بەهۆی (ڤینگنشتاین)ەوە فەلسەفەی زمانەوانی (فەلسەفەی زمانناسی) (Linguistic Philosophy ) بەشێوەیەکی بەربڵاو بووە مایەی سەرنجراکێشانی خەڵکی. ئەم یەکێك بووە لەقوتابییەکانی (رەسڵ)و بابەتی داهاتووی لەم کتێبەدا بۆ تەرخان دەکەین.

بەڵام هەر وەك چۆن پۆزەتیڤیزمە لۆژیکییەکان لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا هەرە بەرزترین کاریگەری لەوڵاتانی ئینگلیزی زماندا هەبووە، هەر بەهەمان شێوە فەلسەفەی زمانناسی کاریگەری بۆ سەر نەوەی پاش جەنگ هەبووە، بەتایبەتی لەبریتانیای مەزن.

لەدوای ئەوەوە ئیتر مۆدەی فەلسەفە چ لەبریتانیاو چ لەولاَتە یەکگرتووەکان روو لەکزی بووە. فەلسەفە زیاتر سەرقالّ ئەو کێشانە بووە، کە لەزانستە سروشتییەکانەوە سەریانهەڵدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونە هەر مابۆوە، کە ئەرکی فەلسەفە، شیکردنەوەی لۆژیکییانەی دەربڕینە زمانەوانییەکانە، بەو مەبەستەی تیشك بخاتە سەر دەرئەنجامە شاردراوەکان، واتە ئەو کارەی رەسڵ ئالاّهەڵگری بوو.

ئەوە گەرچی رەسڵ خۆی تا دەهات، زیاتر ئەو هەستەی لا بەهێز دەبوو، کە فەلسەفە دوای ئەو تووشی هەرەس دەبێتو جڵەوی لەدەست دەردەچێتو هەر لەپێناوی شیکاریدا شیکاری دەکات، ئەوان فەلسەفەیان یەکسان کردبوو بە شیکاری. بەلاّم ئامانجی رەسڵ بەکارهێنانی لۆژیکی نوێی سەدەی بیستەم بوو لەبواری ئەرکە تەقلیدییەکانی فەلسەفەدا، واتە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی دروستبوونی جیهانی دەرەوەی خودی خۆمان.



# ڤیتگنشتاینو فەلسەفەی زمان

## فەلسەفەیەك کە ناچێتە دەرەوەی بازنەی زمانو لۆژیکەوە

**ڤیتگنشتاین داهێنەری دوو شێوازی فەلسەفەییە، هەردوکیان کاریگەری زۆر گەورەیان هەبووە، لەئەوەی دواتریاندا شیکاری زمان گەیشتە لوتکە.**

گەرچی لودڤیگ ڤیتگنشتاین (١٨٨٩–١٩٥١) لەڤیەننا لەدایك بووەو بە زمانی ئەڵمانی نووسیویەتی، بەلاّم زۆربەی ژیانی وەك فەیلەسوف لەبریتانیای مەزن، لەزانکۆی کامبردج بەسەر بردووەو بووە بە هاوولاّتی بریتانی. لەبەرئەوەی بەڕەچەڵەك چارەکە رەگێکی جولەکە بووە، (واتە یەکێك لەباپیرەکانی یان لەنەنکەکانی جوو بووە. و. ك) لەسەردەمی نازییەکاندا نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ نەمسا. باوکی پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندی نەمساوی بووە. ئەم هەموو ماڵو سامانەکەی باوکی بە میراتی بۆ جێماوە. ئەمان پێنج برا بوون، سێ برای بەخۆکوژی مردوون. براکەی تری، کە ناوی پاول بووە، پیانۆژەنێکی بەناوبانگ بووە لەجیهاندا، پاول لەجەنگی یەکەمی جیهاندا دەستی راستی لەدەستداوە، داوای ئاوازی پیانۆی وای لەئاوازدانەرەکان کردوە، کە تەنیا بە دەستی چەپ لێدرێن، بەتایبەتی لەکۆنسێرتسازی پیانۆیی لێهاتووی وەك راڤێل (Ravel)و پرۆکۆفیڤ (Prokofiv).

## سەرکەشی رۆشنبیریی

لەهەرزەکاریدا، لودڤیگ ئارەزووی لەکارپێکردنی مەکینە بووە، بۆ خوێندن، بابەتی پەیوەندیدار بە فیزیكو ماتماتیکی هەڵبژاردووە. ساڵی ١٩٠٨ رووی کردۆتە ئینگلاند بۆ خوێندنی ئەندازەی فڕۆکە دروستکردنو سێ ساڵ لەزانکۆی مانشیستەر بووە.

ئەوکاتانە ئەو پرسە فەلسەفەییانەی پەیوەندیان بەوجۆرە ماتماتیکەوە هەبووە، کە ئەم بەکاری دەهێنا، زۆر سەرنجیڕادەکێشن. ئەوە بووە هاندەری بۆ خوێندنەوەی کتێبی (پرنسیپەکانی ماتماتیك)ی بێرتراند رەسڵ، کە وەك ئیلهامبەخشێك کاری تێکرد. بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم کتێبە چووە بۆ لای فریگە لەئەڵمانیا. فریگە ئامۆژگاری ئەوەی کردوە واز لەزانکۆکەی خۆی لەمانشیستەر بهێنێتو بچێتە زانکۆی کامبرجو لەسەر دەستی رەسڵ فەلسەفە بخوێنێت، دواتر رەسڵ لەمبارەیەوە نووسیویەتی: "ناسینی ڤیتگنشتاین هەرە سەرنجڕاکێشترین سەرکەشی رۆشنبیری بووە لەژیانما"

## سنوورەکانی عەقڵ

لەهەرزەکاریدا ڤیتگنشتاین بەرهەمەکانی شۆپینهاوەری خوێندۆتەوەو گەیشتبووە ئەو باوەڕەی لەبنەڕەتەوە "ئەو لەسەرهەقە". لێرەوە تا کۆتایی ژیانی ئەو قەناعەتەی لا دروست بوو بوو، کە تەواوی واقیع بووە بە دوو بەشەوە، لەلایەکەوە بەشێك کە لەتوانای تێگەیشتنی ئێمەدا نییەو ناتوانین باسی لێوەبکەین، لایەکەی تریش بریتییە لەجیهانی ئەو دیاردانەی شارەزاییمان دەربارەیان هەیەو دەتوانین لێی بدوێین.

بەلای ئەمەوە، فەلسەفەی مەعقول ئەوەیە لەسنووری ئەو جیهانەدا بێت، کە توانای تێگەیشتنیمان هەیە. ئەگەر ئەو سنوورەی بەزاند، مەترسی ئەوەیە هەموو واتایەك لەدەست بدات.

## زمانو واقیع

لەسەرەتادا، لەوبڕوایەدا بووە دەلوێت بە پشتبەستن بە بەرهەمە رچەشکێنەکانی فریجو رەسڵ بنەمایەکی دڵنیای پتەو بۆ تێگەیشتنەکەی شۆپینهاوەر دەربارەی جیهانی دیاردەیی مسۆگەر بکرێت، ئەمە نەك تەنیا لەڕووی تیۆری زانیارییەوە، بەڵکو لەڕووی لۆژیکیشەوە. کە ئەوەش رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی وەسفکردنی جیهان بە زمانو لەوێشەوە گەیشتن بە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان زمانو واقیع. هەنگاوی دواتریش بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت، کە لەڕووی پرنسیپەوە سنووری ئەو شتانەی دەتوانین بەهۆی زمانەوە لێیان تێبگەین، فراوانتر بکەینو لەوێشە سنوورەکانی بیرکردنەوە مەعقولەکان، کە قابیلی تێگەیشتنن، بەرینتر بکەین. ئێستا ئەگەر شۆپینهاوەر لەبنەڕەتدا "لەسەرهەق بووبێت" ئەوا، ئەمە تاکە ئەرکی سوودبەخشە، کە بۆ فەلسەفە مابێتەوە.

قۆناغی یەکەمی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین بریتی بووە لەوێنەیەکی کورتکراوەی پرۆژەکەی کانتی ـ شۆپینهاوەری، کە هەوڵدان بووە بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی ئەو شتانەی لەتوانای مرۆڤدان بۆ لێتێگەیشتن. ڤیتگنشتاین بەهەموو تواناوە، بە پشتبەستن بە لۆژیکی نوێی سەدەی بیستەمو میتۆدەکانی شیکاری زمان، سەرقاڵی پێداچوونەوەی ئەم بابەتە بووە.

## فۆرمی لۆژیك

ئەمە بابەتی سەرەکی یەکەم کتێبی ڤیتگنشتاینە بە ناوی Tractatus logico-Philosophicus کە سالّی ١٩٢١ چاپیکردووە. ئەم ناونیشانە سەیرە لەپێشنیازی جی. ئی. مور G. E.Moor بووە، کە وادیارە لەناونیشانی کتێبەکەی سپینۆزاوە وەرگیرابێت کە ناوی Tractatus theologico Politicus بووە. ئێستا بۆ پەنجەڕاکێشان بۆ کتێبەکەی ڤیتگنشتاین زۆربەی کات تەنیا وشەی (Tractatus) بەکاردەهێنرێت. ڤیتگنشتاین بە تەواوی لەو بڕوایەدا بووە ئەم چارەسەری بۆ هەموو کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێو فەلسەفە دۆزیوەتەوەو لەم کتێبەدا ئاشکرای کردوون، لەبەرئەوە، ئیتر وازی لەفەلسەفە هێناوەو چۆتە بواری تری کارکردنەوە، ئەم کتێبەی بوو بە ئینجیل بۆ کۆڕی ڤیەنناو کاریگەری گەورەی لەسەر نەوەیەکی تەواو لەفەیلەسوفان هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ڤیتگنشتاین خۆی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە لەهەندێ لایەنی گرنگدا مەبەستی نەپێکاوە، هەر بۆیە، سەرەتا بە نابەدڵی، ساڵی ١٩٢٩ گەڕاوەتەوە نێو جیهانی فەلسەفەی زانکۆی کامبردج‌و تا مردنی لەساڵی ١٩٥١دا هەر لەوێ ماوەتەوە.

لەم قۆناغی دووەمەیدا، لەڕووی پراکتیکییەوە، ئەم هیچ کتێبێکی بڵاونەکردۆتەوە. بەڵام دوای مردنەکەی بەرهەمەکانی یەك بەدوای یەکدا چاپکراون. پڕبایەخترینیان کتێبی (Philosophical investigations) بووە، کە ساڵی ١٩٥٣ چاپکراوە.

بەلایەنی کەمەوە، لەبریتانیای مەزن ئەمە یەکەم بەرهەمی فەلسەفەیی بووە، کە دوای جەنگی دووەمی جیهان بڵاوکرابێتەوەو ئەوەندە کاریگەری هەبووبێت، بەهۆی ئەم کتێبەوە ڤیتگنشتاین لەدەرەوەی بازنەی فەیلەسوفانیشدا ناوبانگی زۆر زۆر بڵاوبۆوە، بەتایبەتی لەکۆمەڵە بوارێکدا، هەر لەسۆسیۆلۆجیاوە تا رەخنەگرانی ئەدەبی‌و ناوەکەی بوو بە یەکێ نیشانەکانی روناکبیری ئەو سەردەمە.

هەڵبەتە، ڤیتگنشتاین لەژیانی خۆیدا دوو جۆر فەلسەفەی هێناوەتە ئاراوە، هەردووکیشیان کاریگەری گەورەیان هەبووە. زۆر جار وەك ڤیتگنشتاینی سەرەتاو ڤیتگنشتاینی دواتر باسدەکرێت. ئەوەی کە بەلای خۆیەوە لەفەلسەفەکەی قۆناغی یەکەمیدا زیاتر مەبەستی نەپێکابوو، ئەو لایەنەبوو کە ناوی نرابوو (تیۆری وێنە دەربارەی واتا) لەسەر ئەو شێوەی چۆن پارچە خامێکی نیگارلەسەرکێشراو بابەتێکی تەواو جیاوازە لەدیمەنێك‌و هەر وەك چۆن نیگارکێشێك دەتوانێت بە دانانی هەندێك پەڵە رەنگی دیاریکراو لەسەر پارچە خامەکە بەجۆرێکی گونجاو لەگەڵ دیمەنە واقعییەکە، دیمەنێکی هاوشێوە دروست بکات، ڤیتگنشتاین بە خاڵی هاوبەشی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەم دوو لایەنەی گوتووە (فۆرمی لۆژیکی) ئەم وتویەتی لەبەرئەوەی هەمان فۆرمی لۆژیکی لای هەردوو بابەتەکە هەیە، بۆیە ئەم بابەتەیان دەتوانێت رەنگدانەوەی ئەوی تریان بێت، بەلای ئەمەوە، بەهەمان شێوە دەتوانین هەمان وشە کە بەرامبەر شتەکانن، لەبری واتایان دابنێین کە هەمان فۆرمی لۆژیکییان هەیە لەشێوەی ئەو پەیوەندییانەی واتاکان دەریدەبڕین‌و بەم جۆرە دەتوانین بە تەواوی بە زمان وێنای واقیع بکەین (هەڵبەتە دەکرێ بە هەڵەش بێت). کەواتە لەڕێگەی فۆرمی لۆژیکییەوەیە کە ئێمە دەتوانین باسی جیهان بکەین.

## فۆرمەکانی ژیان

دواتر، ڤیتگنشتاین هاتەسەر ئەو باوەڕەی، کە ئەم یەکجار زۆر لەخەسڵەتەکانی زمانی دەستنیشانکردوەو لەتیۆرییەکی تەواودا دەربارەی واتاکان گشتاندونی، بەڵام زمان دەتوانێت گەلێك کاری تریش بکات، نەك هەر وەك ئاوێنەیەك بێت بۆ واقیع. دەتوانێت فەرمان دەربکات (ئەمە یەکەم نموونەی دژ بەبۆچوونەکانی جارانی خۆی بووە، کە خۆی هێناویەتەوە) هەروەها دەتوانێت هەموو ئەو شتانەی تر ئەنجامبدات، کە رەنگدانەوە یان وێناکردنی هیچ شتێکی تر نین.

بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی کاری واتاکان، ئەم دەستبەرداری وێناکردنی وێنەیی بووەو لەبری ئەوە دەستیکردوە بە بەرجەستەکردنێکی واقیعی. گوتویەتی، زمان ئامرازێکە دەکرێت بۆ کۆمەڵێك مەبەستی جۆراوجۆری لەژماردن نەهاتوو بەکاربهێنرێت، واتاکانیش لەهەموو ئەو شتە جۆراو جۆرانە پێکدێن کە بۆیان بەکاردەهێنرێت، گەر سەیری یەك وشەی تەنیا یان یەك چەمکی تەنیا بکەین، واتاکەیان بریتییە لەهەموو ئەو ئیحتمالی بەکارهێنانەیان، کە هەن و دەشێت زۆر زۆریش جیاوازبن. کەواتە بە ناچاری "یەك شتی تاك و تەنیا" نییە کە "بەرامبەری بێت"، واتا واتاکانی خاوەنی یەك روخسارنین، گەرچی لێکنزیکیش لەنێوان ئەو روخسارانەدا هەبن. گەر مرۆڤ بڵێت واتای تەواوەتی وشەی دیاریکردوە، ئەوە واتە باسی پوچەڵکردنەوەی واتاکانی دەکات: وەك ئەوەیە بڵێت هیچیتر نەماوە. ئەم جۆرە باسکردنە دوو تیۆری ترادیسۆنی بۆ واتاکان لەناو دەبات. یەکەم ئەو تیۆرییەی دەڵێت وشەی تایبەت بەرامبەر شتی تایبەتەو واتای دیاریکراوی خۆی هەیە: هەڵبەتە پەیوەندییە راستەقینەکان بەشێوەیەکی زیاتر لەگۆڕان و هات و چۆدان.

تیوری دووەم ئەوەیە کە وشە لەڕێگەی هزرو بۆچوونی بەکارهێنەرەکانییەوە واتای خۆی وەردەگرێت، بەجۆرێك گەر یەکێك بیەوێت لەقسەی یەکێکیتر بگات دەبێت بزانێت چی لەئاگامەندی ئەو کەسەدا دەگوزەرێت. ڤیتگنشتاین جەختی لەوە کردۆتەوە کە زمان هی گشتە. ئێمە فێری دەبین و لەکەسانیترەوە فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی دەبین لەبوارە کۆمەڵایەتییەکاندا. کەواتە ناکرێ زمانی تایبەت بە تاکەکەس بوونی هەبێت، ئەوە دژ بە سروشتی زمان خۆیەتی.

ڤیتگنشتاین لای وابووە کە لەبنەڕەتدا وشە واتاکەی لەسەرتاپایی فۆرمی ژیانەوە بە دەست دەهێنێت. بۆ نموونە، جیهانێکی تەواو لەکاروباری زانستی هەیەو دەستەواژە زانستییەکان واتاکانیان لەو شێوازی بەکارهێنانەیانەوە بە دەستدەهێنن، کە لەو جیهانە تایبەتییەی زانستدا هەن و هەر زۆر بە ئاسانیش، رەنگە بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕانکارییان بەسەردابێت. بەهەمان شێوە جیهانێکی کاروباری ئایینی هەیە، کە خاوەن زمانی تایبەت بە خۆیەتی و جیهانێکی تریش بۆ بواری میوزیك و یەکێکی تر بۆ بواری بازرگانی و، سەربازی و شانۆگەری و.. هتد. رەنگە هەمان وشە لەو بوارە جیاوازانەدا واتاو بەکارهێنانی جیاوازیان هەبێت. ئەوەی وەك "بەڵگە" پەسەندە، بۆ نموونەی لای پارێزەرێك جیاوازە وەك لەلای مێژوونووسێك یان زانایەکی فیزیك.

رەنگە قسەیەکی بەرگوێکەوتوو لەدادگادا وەك بەڵگە وەرنەگیرێت. بەڵام هەندێك کات تاکە بەڵگەیە بە دەست مێژوونووسێکەوەو مافی خۆیەتی دوای هەڵسەنگاندن بەکاری بهێنێت، لەهەمان کاتدا قسەی بیستراو بە هیچ جۆرێك لای زانایەکی فیزیك نرخ و بەهای نییە. لەفیزیکدا شتی لەوجۆرە جێگەی نابێتەوە. ئەم لایەنەی فەلسەفەکەی ڤیتگنشتاین بوو، کە سەرەتا وەك ئامرازێکی قابیلی کارپێکردن لەلایەن سۆسیۆلۆگ و ئەنترۆپۆلۆگەکانەوە سەیرکراو هەندێکیان بۆ بەکارهێنان پەسەندیانکرد.

## فەلسەفە وەك زمان

سەردەمانێك لەناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا ڤێگنشتانی باڵی کێشابوو بەسەر فەلسەفەدا لەزانکۆی کامبرج و جەی ئێل ئەوستین باڵی کێشابوو بەسەر فەلسەفەدا لەزانکۆی ئۆکسفۆرد. لەهەندێ لایەنەوە میتۆدی کارکردنیان لەیەك دەچوو. هەردووکیان لایان وابووە کێشە فەلسەفەییەکان ئەوانە نین، کە وەك مەتەڵ لەم جیهانەی تیایدا دەژین رووبەڕوومان دەبنەوە، وەك زەمەن، شوێن، ماتەریاڵ، هۆو هۆکارو شتی لەمجۆرانە. بەڵکو ئەو نیگەرانیانەن، کە بەهۆی خراپبەکارهێنانی زمانەوە دووچارمان دەبن، وەك چۆن نموونەی "بەڵگە" باسکرا، کە لەهەندێ بواردا لەشوێنی خۆیدا بووەو لەبوارێکیتردا کێشەی لۆژیکی بۆ دروستکردوین. ئەوەی

نموونەیەکی زۆر سادەیەو تەنیا بەمەبەستی رونکردنەوەی شێوازی بیرکردنەوەیە.
ئەو بابەتە زمانەوانیە نارۆشنانەی فەیلەسوفەکان کاریان لەسەرکردوە، زۆربەی کات ئەوانە بوون کە زۆر ناسراو یان دیارو ئاشکرا نەبوون. بەلای ئەمانەوە ئەرکی فەیلەسوف رونکردنەوەی هەموو لایەنەکان بووە، ئەویش بە شیکردنەوەی وردو بەدیقەتی بەکارهێنانی زمانەکەمان.
ئەوەش پێویستیی ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوەی بەنرخی لەبواری زماندا هێنایە ئاراوەو بواری رەخساند بۆ تاقیکردنەوەی چەندین شیکردنەوەی جوانو باش، کە ئەویش بووە جێی رەزامەندی زۆری ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد. بەڵام هەموو شێوازی کار جێبەجێکردنەکە ئەوەبوو، کە تەنیا لەنێو جغزی کێشە زمانەوانیو لۆژیکییەکەدا مایەوە، واتە ئامانجێکی لۆژیکیانەی پێبەخشرا.
دەگوترا بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشە ئەزموونییەکان دەبێت میتۆدە ئەزمونییەکان، زانستە عەقڵییەکان، یان میتۆدە سیاسییەکانو یاساییەکان، یان هەر شتێکیتر بەکاربهێنرێن. بەپێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی جاران پێیان وابووە، لەم ئاستەدا، فەلسەفە هیچی نییە پێشکەشی بکات، ئەرکی فەلسەفە دۆزینەوەی کێشەی دەربڕینو شیکردنەوەیو دیاریکردنی واتاو جۆری بەکارهێنانەکەیان بووە.
لەروانگەی ئەم گۆشەنیگایەوە بەشێکی زۆری فەلسەفە لەولاتانی ئینگلیزی زماندا بەتەنیا خۆی تەرخانکردبوو بۆ زمانو ئامانجی لێکۆڵینەوە بووە لەواتاکانو هێماکانیانو کێشەی راستیو دروستیان.

## قسەکردن وەك کارکردن

بەڵام دوای بەسەرچوونی قۆناغی مانگی هەنگوینی لەلایەن ئەوانەوە، کە فەلسەفەیان کردبوو بەپیشە ـ گەرچی بەتەواویش سوودەکانی ئەو میتۆدەیان بەدڵ بوو ـ زیاترو زیاتر رەخنەیان دەگرتو بەلای ئەمانەوە ئەو روانینە بۆ فەلسەفە



دیدێکی بەرتەسك بووەو رێگە خۆشکەر بووە کە فەلسەفە لەڕێ دەربکاتو بیکاتە بابەتێکی سکۆلاستی پەتی.
کاتێك ئەی جەی ئایەر چالاکییەکانی جەی. ئیل ئەوستێنی بە زرو بێبەر وەسفکرد، زۆر کەس هاوڕای بوون. ئەمڕۆ وا لەناو فەیلەسوفەکانی شیکاریدا باوە، کە تەکنیکە پێشکەوتووەکەی شیکردنەوەیان بە پلەی سەرەکی بۆ ئەو کێشانە بەکاربهێنن، کە لەدەرەوەی سنووری بوارەکانی لۆژیكو زماندان. لەراستیدا، لەزۆر بواری فراوانیوادا بەکاریانهێناوە، کە جاران بەدەگمەن فەلسەفە رووی بەلایاندا وەرچەرخاندووە.
بۆ نموونە، بوارەکانی میوزیك، سێکسو سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەربارەی رەگەزو رەچەڵەكو جێندەر، ئەوە سەرەڕای ئەو جۆرە کێشە تەقلیدیانەی کە تائێستاش دەربارەیان گفتوگۆو مشتومڕ بەردەوامە. بەڵام هێشتا ئەو کارانە بەهۆی شیکاری واتاو دەربڕینە زمانەوانیەکانەوە ئەنجام دەدرێن، کە بەشێوەیەکی گشتی لەو بوارانەدا بڵاوبۆتەوە. بۆ ئەوەی بەرامبەر ئەوستین دادپەروەر بین، دەبێت بگوترێت ئەو ئایدیایەکی بەپێزی هێناوەتە نێو فەلسەفەوە. ئەویش ئایدیای "کردەی گوتە"یە. ئەو پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە، کە هەرجارێك ئێمە قسەیەك دەکەین، ئەوا هاوکات رەفتارێك دەنوێنین: وەسفی شتێك دەکەین، نکۆڵی دەکەین، هاندەدەین فەرمان دەدەین، پرسیار دەکەین، رادەربڕین روونکردنەوە دەدەینو ئاگادار دەکەینەوە... هتد. رەنگە هەرگیز توانای قسەکردنێك نەبێت کە کارێکی لەو جۆرانەی بەدواوە نەبێت. ئەوستین گوتویەتی دەتوانێت هەزاران رەفتاری جیاوازی مرۆڤ دیاری بکات کە دەرئەنجامی وشە دەبڕینن. ئەو زۆربەی جار شیکردنەوەکانی دەربارەی بۆچوونەکان بە پرسیارێك دەستپێدەکرد: ئەگەر مرۆڤێك ئەم قسەیە بکات، چ رەفتارێك دەنوێنێت؟ ئایا لەچ حاڵەتێکدا ئەم جۆرە قسەیە دەکرێت؟ هەروەها جەختی لەوەکردۆتەوە، کە ئەگەر حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێت، کە ئەو قسەیەی تیا ببێت بەرەفتار، ئەوا ئەو قسەیە بێ واتایە. بەشێوەیەکی تایبەتی

جۆرێکی دیاریکراوی "کردەی گوتە" سەرنجی زۆر کەسی راکێشاوە، واتە ئەو بەشەی کە ئەم خۆی ناوی ناوە "رستەی کارا" واتە ئەو جۆرە رستانەی خۆیان ئەو کارە ئەنجامدەدەن، کە باسی لێوە دەکەن، وەك "سوپاست دەکەم" یان "پیرۆزبایت لێدەکەم" یا "پەیمان دەدەم" و "داوای لێبوردن دەکەم"

## سەدەیەکی بایەخدەر بە زمان

ئاشکرایە ناوی ئەوستین وەك ڤیتگنشتاین ناوبانگی دەرنەکرد، بیرتیژیو لێهاتوویی ڤیتگنشتاین لەشیکردنەوە زمانەوانییەکاندا ئەمی لای گەلێك لەرەخنەگرانی ئەدەب خۆشەویست کردبوو، هەروەك چۆن شێوازی تێهەڵکێشکردنی واتاکان لەگەڵ فۆرمەکانی ژیان کردبوویە مایەی رەزامەندی لای سۆسیۆلۆگو ئەنترۆپۆلۆگەکان.

لەبەر زۆر هۆی تەواو دوور لەفەلسەفەوە، کە بواری هەموو جۆرەکانی هونەرو گشت بابەتە ئەکادیمییەکان دەگرێتەوە، سەدەی بیست زیاد لەهەر سەردەمێکیتر بایەخێکی زۆرتری بە زمانو بوارەکانی بەکارهێنانی داوە. ئەو فەلسەفە زمانناسییەی لەسەدەی بیستەمدا گەشەی کرد، سەلماندی کە لەگەڵ رۆحی سەردەمدا لەهارمۆنیدایەو هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن روناکبیرانی ئەم سەردەمەوە بەشێوەکی زۆر فراوانتر لەهەر سەردەمێکی رابوردوو، باوەشی بۆ کراوەتەوە.

لەهیچ قۆناغێکی رابووردودا، هیچ فەیلەسوفێکی گەورە بەلای ئەوەدا نەچووە، کە بابەتی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە بریتییە لەزمان، تەنانەت زۆر لەفەیلەسوفە ناودارەکانی سەدەی بیستەمیش لەو بڕوایەدا نەبوون.

پێشتر باسمانکرد کە بێرتراند رەسڵ پێشەنگی ئەم رەوتە بووەو گوتویەتی سەری سوڕماوە لەوەی کەسێك، دەربارەی فەلسەفە، ئەمەی بەلاوە وەك تێگەشتنێکی



پەسەندبێت. هەروەها بیرمەندی مەزنی تریش هەبوون، جگە لەرەسڵ، کە میتۆدی جیاوازتریان هەبووەو رێگەی تەواو جیاوازتریشیان گرتۆتە بەر.

# بوونگەرایی
# لەکیرکیگاردەوە تا هایدگەر

**تاکەکان وەك كێشە لەناسنامەی خۆیان دەڕوانن، بە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەنهێنییەکانی بوونی تایبەتی خۆیان، هیوادارن واتایەك بۆ ژیان بدۆزنەوە.**

ئەو فەلسەفەیەی لەئەوروپادا، هەر دوای تەواوبوونی دووەم جەنگی جیهانی، بوو بە بەربڵاوترین مۆدە، بوونگەرایی بوو. ئەم فەلسەفەیە تەنیا لەنێو زانکۆکاندا نەگەشایەوە، بەڵکو لەنێو رۆژنامەوانەکانو ئەو روناکبیرانەی سەردانی کافتریاکانیان دەکردو هەروەها لەبابەتی شیعریو لەرۆماننووسینو شانۆنامەو فیلمو تەنانەت لەکاباریێو یانەکانی شەوانیشدا. بێ چەندو چوون یەکێکە لەهەرە بزووتنەوە فیکرییە گەورەکانی سەدەی بیستەمو سەرەڕای ئەوەش کە بووە بەهاندەرو هەوێن بۆ ژمارەیەك لەشانۆنامەو رۆمان، تا ئێستاش کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی هاوچەرخ ماوە.

شایانی باسە، کە بڵاوبونەوەی ئەم مۆدەیە زۆر دوای فەلسەفەکە خۆی هات. گەورە فەیلەسوفی بوونگەرایی لەسەدەی بیستەمدا، کە مارتین هایدگەرە، لەساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا بەرهەمە گرنگەکانی بڵاوکردۆتەوە. زۆر پێش ئەمیش لەسەدەی نۆزدەدا کیرگیکاردو نیتشە (سەبارەت بە نیتشە بروانە بەشی تایبەت بەخۆی لەم کتێبەدا).

ئەو بڵاوبونەوە کتوپڕەی بوونگەرایی، کە هەروەك بڵێیت لەهیچەوە هەڵقوڵابێت، لەساڵانی چلەکانو پەنجاکاندا، لەبنەڕەتدا کارلێکی رووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتو زەبروزەنگو داگیرکارییەکانی نازییەکان بوو، کە تازە بەتازە ئەوروپا دوای لێرزگار بوونیان خەریکی هەستانەوە بوو.

## منو خوا

بەشێوەیەکی گشتی بیرمەندی دانیمارکی سورین کیرکیگارد ١٨١٣ – ١٨٥٥ بەدامەزرێنەری بوونگەرایی دادەنرێت. ئەو لەسەردەمێکدا کاری دەکرد، کە فەلسەفەی باو فەلسەفەی هیگلی تازە مردوو بوو، کیرکیگارد گوتویەتی: هیگل هەموو شتێکی لەچەمکی فیکری گەورەدا رونکردۆتەوە کە دیاردە حەقیقیەکانو تاکەکان تەنانەت ناویشیان نەهێنراوە، کە لەڕاستیدا تەنیا دیاردەو روداوە تاکەکانن کە بوونیان هەیە. بە ئەبستراکتکردنو گشتاندن بەهەمان واتا بوونیان نییە. ئەوانە ئامرازی یاریدەدەرنو ئێمە خۆمان دەیاندۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بیربکەینەوەو شتەکان پێکەوە گرێبدەین. بەڵام گەر بمانەوێت بزانین لەڕاستیدا چی بوونی هەیە، دەبێت بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی شێوازێك بۆ تێگەیشتن لەیەکە تاکەکان. چونکە تەنیا هەر ئەوانن کە هەن. ئەمە بەتایبەتی مرۆڤ دەگرێتەوە. هیگل وای دەبینی کە ئەو تاکانە تەنیا لەتواندنەوە لەیەکەی مەزنترو ئەبستراکتری ئۆرگانیکی دەوڵەتدا دەتوانن خۆیان بدۆزنەوە. بەڵام کیرکیگارد گوتویەتی ئەو تاکانە خۆیان باڵاترین پلەی مۆراڵن. هەر بۆیە لایەنە بکەرە کەسێتییەکانی ژیانی مرۆڤ لەهەموو شتێك گرنگترن. لەسەر بنەمای زاڵبوونی خەسڵەتە باڵا مۆراڵییەکان، بڕیاردان گرنگترین چالاکی مرۆییە. بەهۆی ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجامیان دەدەین، ژیانی خۆمان

دروستدەکەین‌و دەبین بەخۆمان. هەموو ئەمانە کاریگەریی ئایینییان بۆ سەر کیرکیگارد هەبووە.

ئەو لەژێر سایەی ترادیسۆنی سەرەکی مەسیحی پرۆتستانتیدا بەلایەوە گرنگترین شت چۆنیەتی پەیوەندی رۆحی تاکە لەگەڵ خوا.

## دوو جۆر بوونگەرایی

گەلێك بیرمەند ئەوەندە دوای کیرکیگارد کەوتوون، تا ئەو شوێنەی گەیشتۆتە باسکردنی خوا، بەڵام ئیتر هاوڕای نەبوون. هەر بۆیە دوو جۆر بوونگەرایی شان بەشانی یەك گەشەیانکردووە. بوونگەرایی کریستیانی‌و بوونگەرایی مرۆڤایەتی. هەردوو لەسەدەی بیستەمدا زۆر چالاك بوون. ئێمە لێرەدا باسی ترادیسۆنی ئایینی بوونگەرایی ناکەین. بەڵام هەر سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشین، کە هەندێك لەتیۆلۆگە رەسەنەکانی سەدەی بیستەم لەهەندێ بۆچوون‌و لایەنی گرنگەوە بیرمەندی بوونگەرایی بوون، کە خۆیان بە قەرزاری کیرکیگارد دەزانی، لەوانە ناوی کارل بارت(Karl Barth)، پاول تیلیچ (Paul Tillich)و رودۆلف بولتمان ( Rudolf Bultman) دێت. بەڵام ئێمە لێرە مەبەستمان بیرکردنەوەی ترادیسۆنی فەلسەفەیی بوونگەراییە. ئەو لایەنەی کە پشت بە باوەڕی ئایینی نابەستێت. واتە بوونگەرایی مرۆڤایەتی. گەرچی ئەو لایەنەش رەگی لەبەرهەمەکانی کیرکیگاردا هەیە، بەڵام هەروەها لەفەلسەفەی نیتشەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم بێباوەڕ بوو. سەرەکیترین نوێنەری ئەم لایەنە لەسەدەی بیستەمدا مارتین هایدگەر بووە.



## گیرۆدەبوون لەنیتشەوە

مارتین هایدگەر ١٨٨٩ ـ ١٩٧٦ لەبادن، ئەڵمانیا هاتۆتە دنیاوە ساڵی لەدایك بوونەکەی هەمان ساڵی لەدایك بوونی ڤیتگنشتاین (Wittgenstein)ە لەڤیەنا. هەموو ژیانی لەئەڵمانیا بەسەربردووە‌و ئەمیش تا کۆتایی ژیان هەر لەبواری ئەکادیمیدا کاری کردووە. لەفرایبۆرگ یەکێك بووە لەخوێندکارەکانی مامۆستای بەناوبانگ ئەدمۆند هۆسرڵ ١٨٥٩ ـ ١٩٣٨و لەسەر میتۆدە تایبەتییەکەی هۆسرڵ راهێنانی کردوە. ئەم میتۆدەی لەشاکارە سەرەکییەکەی خۆیدا، واتا لەکتێبی بوون‌و کات (Sein und Zeit)دا پەیرەو کردووە. کە ساڵی ١٩٢٧ بڵاویکردۆتەوە‌و پێشکەشیکردووە بە هۆسرڵ. هایدگەر چۆتە ریزی حزبی نازییەکانەوە، کاتێك لە ١٩٣٣دا نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەم بوو بەیەکەم بەڕێوەبەری زانکۆ لەفرایبۆرگ کە ئەندامی ناسیونال سوسیالیست بوو. بەڵام هۆسرڵ جوو بوو، یان بەلایەنی کەمەوە بن جوو بوو، هەربۆیە ئەم بەشێوەیەکی رەسمی نکوڵی لەپەیوەندی نێوانیانکرد. ئەم کارە بوو بەخەوشێك بۆ کەسایەتی هایدگەرو تا مردن هەر لێی نەبۆوە.* ساڵێك دوای ئەوە وازی لەپلەی بەڕێوەبەری هێنا. کاتێکیش جەنگ تەواو بوو، ئەڵمانەکان دۆڕان، بۆ ماوەی شەش ساڵ بەهۆی رابوردووی سیاسییەوە رێگەی پێنەدرا لەزانکۆ وانەبڵێتەوە. لەوکاتەوە زۆر گفتوگۆی دژبەیەك سەبارەت بەو رابوردووەی کراوە‌و لەلایەن ئەو کەسانەی فەلسەفەکەیان بەدڵ نەبووە، دژی بەکارهێنراوە. بەڵام پەیوەندی ئەم بەنازییەکانەوە، وەك بیرمەندێکی سەرنجڕاکێش، لەپلەی ئەم کەمناکاتەوە. هەروەك چۆن هەڵوێستی ئەو بیرمەندە

* سەبارەت بەپەیوەندیکردنی مارتین هایدگەر بە نازییەکانەوەو کارکردن لەگەڵیاندا، زۆر وتراوەو نووسراوە، چ لەدژی‌و چ وەك بەرگریکردن. تکایە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم کتێبە: د. محەمەد کەمال. هایدگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی. دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم. سلێمانی. ٢٠٠٧. بەتایبەتی لا١٨٠-١٩٢. (وەرگێڕی کوردی)

سەرنجڕاکێشانەیتر، کە کۆمۆنیست بوون، نابێتە هۆی پلە کەمکردنەوەیان. ئەو بۆچوونەی دەڵێت دەبێت بیرمەندی گەورە لەڕووی مۆرالییەوە مرۆڤێکی بێگەرد بێت، بۆچوونێکی زۆر ڕۆمانسییانەیە، گەر نەڵێین منالآنەیە. لەمێژووی فەلسەفەدا نموونەی وامان زۆرە، کە بەو پێوەرانە بێگەردنین، بۆیە نابێت ئەم بۆچوونە زۆر بەجدی وەربگیرێت.

## تەنیا لەوشتانە بکۆڵەرەوە، کە دەتوانیت شارەزایانبیت

کتێبی بوونو کات وەك بەرگی یەکەم بلآوکرایەوە، چونکە بڕیار وابوو لەدووبەرگدا بێت، بەڵام بەرگی دووەم هەرگیز دەرنەچوو. فەلسەفەی هایدگەر لەهێڵ گۆڕکێدا بووە. دواتر قۆناغەکانی بیرکردنەوەی هایدگەر بە "هایدگەری سەرەتا"و "هایدگەری دوایی" ناسرا. هایدگەری دوایی هیچ شاکارێکی گەورەی پێشکەش نەکرد، بەڵکو لەسەر ئەوە راهات، کە گفتوگۆ لەسەر بیری خەڵکانیتر بکاتو بەوهۆیەوە بیری خۆی دەرببڕێت. بەتایبەتی گفتوگۆی لەسەر بیری نیتشەو بیری بیرمەندانی سەردەمی پێش سوکرات کردووە. هەروەها گفتوگۆی لەسەر بەرهەمی هەندێ شاعیریش کردووە بۆ نموونە نوڤالیس. هەربۆیە کتێبی بوونو کات بەگەورەترین شاکاری ناسراوی هایدگەر دادەنرێتو وەك سەرچاوەی بوونگەرایی سەدەی بیستەم سەیر دەکرێت.

بەکارهێنانی میتۆدی هۆسرڵ لەنووسینی کتێبی بوونو کاتدا ئەوەندە ڕۆڵی مەزنی هەیە، کە پێویستە پێش گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، باسی ئەو میتۆدە بکرێت.

بەکورتی میتۆدی هۆسرڵ بریتییە لەوەی کە هۆسرڵ هاوڕایە لەگەڵ دیکارت کە بۆ هەریەکێك لەئێمە شتێك هەیە کە بەدڵنیاییەوە بوونی هەیە، ئەو بوونە دڵنیاییەش بیری ئەو کەسەیە، کە بیر دەکاتەوە. گەر ئێمە تێگەیشتنی خۆمان بۆ واقیع لەسەر بناغەی دڵنیایی رەها هەڵچنین. ئەوا دەبێت لێرەوە دەستپێبکەین. بەڵام هەروەها هۆسرڵ هاوڕاش بووە لەگەڵ هیوم، دەربارەی ئەوەی ئەگەر من بۆ نموونە سەیری مێزێك بکەم، ئەوا من دەربارەی مێزەکە هۆشیاریم هەیە، نەك دەربارەی خودی خۆم کە خەریکی سەرنجدانی مێزەکەم. لەڕەوشی سروشتیدا هزری من هەمیشە لەو جۆرەیە. من راستەوخۆ هۆشیارم سەبارەت بە بابەتەکان، نەك سەبارەت بەخۆم وەك بابەت. بەڵام لەوەدەچێت هەموو تەقەلایەك بۆ سەلماندنی بوونی ئەو شتانە بەبێ پەیوەستییان بەهۆشو هزری منەوە بێ سوودبێتو شکست بهێنێت.

بێگومان سەلماندنی بوونی جیهانی دەرەوە کارێکی مەحاڵە. لێرەدا هۆسرڵ پێشنیازێکی باشی هەیە. ئەو گوتویەتی با نەچینە قووڵایی ئەو کێشانەوە، کە چارەسەریان نییە، وەك کێشەی بوونی سەربەخۆی ئەو شتانەی لەهزردان. بەشێوەیەکی رەها دڵنیاین کە ئەوانە لەبابەتی هزری ئێمەدا هەن. بێگوێدانە ئەوەی چ جۆرو حاڵەتێکیتری بوونیان هەیە یان نییە. با ئێمە هەر وەك ئۆبژێکتی هزر لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەینو بەتەواوی واز لەوەبهێنین، کە چ جۆرە بونێکیتر یا ئیحتمالیتریان هەیە. وەك بابەتی هزر راستەوخۆو تاڕادەیەکی زۆر بەمەعقولی لەبەردەستماندان. با هەر سووكو باریك کێشە بێ چارەسەرەکان بخەینە ناو دووکەوانەوەو وازیان لێبهێنینو خۆمان بەوانەوە خەریك بکەین، کە ئێمە دەتوانین لێکۆڵینەوەیان دەربارە بکەین.

## جیهانی ژیانمان

هۆسرڵ پێشنیازی ڕەهەندێکی نوێ بۆ فەلسەفە دەخاتە بەردەم. کە لێکۆڵینەوە لەهزرو بابەتەکانی بکرێت. واتا شیکردنەوەیەکی سیستماتیکی بۆ شارەزاییەکان. ئەو شیکارییە وەك (فینومینولوجی)ناسرا. چونکە هەموو شتێکی وەك فینۆمین (دیاردە) سەیر دەکرد. ئەم چەمکە لەفەلسەفەدا واتای تایبەتی وەرگرت. باس لەکارو چالاکی (فینۆمینۆلۆجی) دەکرێت، واتە وەسفکردن یان شیکردنەوەی ئەو دیاردە هزریانەی دەیانگرێتەوە.

بۆ هێنانەوەی نموونەیەك: فەلسەفەی ماتماتیك بۆ ئەو کێشانەیە کە پەیوەندی هەیە بەبنەما لۆژیکییەکانی ماتماتیكو سروشتی ژمارەو جۆری بەڵگەو شتی لەم بابەتانە. بەڵام فینۆمینۆلۆجیای ماتماتیك بریتییە لەچالاکییەکانی هزرو ئەو شارەزاییانەی پەیوەندییان بەمەوە هەیە. بێگومان هەر شتە فینۆمینۆلۆجی تایبەتی خۆی هەیە.

نەك تەنیا بۆ تێبینییەکانی دەربارەی بابەتە ماتەرییەکان، بەڵکو دەربارەی هونەر، ئاینو زانست، بەڵێ تەنانەت بۆ شت "لەناو خۆماندا" وەك بیرکردنەوەمان، یادەوەریمانو ئازارەکانمانو... هتد. کۆی هەموو ئەوانەی بەڕەهایی لێیان دڵنیاین. بەڵام تەنیا وەك فینۆمین، وەك شارەزابوون. ئەمە بەتەواوی جیهانی ئێمەیە. ئەوەی کە ژیانی تیا مومارەسە دەکەینو تیایدا دەژین. لەبەرئەوە هۆسرڵ چەمکی (Lebenswelt)ی بەکارهێنا، کە واتای جیهانی ژیان دەبەخشێت.

کۆی ئەو هەموو ئەگەرانەی فەلسەفەکەی هۆسرڵ پێمان دەبەخشێت، بریتییە لەلێکۆڵینەوەی تەواو لەجیهانی ژیانمان، واتە لە (Lebenswelt)مان.

## بوون چییە؟



هایدگەر لەسەر شێوازی میتۆدی هۆسرڵ لەبوون ورد دەبۆوە. بەڵام پرسێکی تایبەتی زیاتری هێنایە کایەوە کە بنچینەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. بەلای ئەمەوە کێشەی مەعریفە لەسەردەمی دیکارتەوە تا ئەوکاتە وەك کێشەی سەرەکی فەلسەفە سەیردەکرا. ئەم بۆچوونە دیکارتیە واقیعی وەك دووبەش دەبینی، هۆشو ماتریال، سەبژێکتو ئۆبژێکت سەرنجدەرو سەرنجلێدراو. ڕەنگە هایگەری لاو زانیاری دەربارەی پراگماتیزمییەکانی ئەمەریکای نەبووبێت، بەڵام تێبینییەکانی سەبارەت بە تیۆری زانیاری باوی ئەو سەردەمە خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ ئەوەی ئەواندا هەیە. بەلای ئەمەوە ئەو تیۆری زانیارییە لەگەڵ واقیعی ڕاستەقینەدا ڕێکنەدەکەوت. ئێمە لەجیهان دابڕاونینو لە دەرەوە سەرنجیلێنادەین، ئێمە خودی خۆمان بەشێکی دانەبڕاوین لەجیهان. ناکرێت بەهیچ جۆرێك بیر لەبوونێکیتر بۆ خۆمان بکەینەوە جگە لەبوونمان لەجیهاندا. وردتر بڕوانین، نهێنی، یان مەتەڵی گەورە مەعریفە نییە، بەڵکو بوونە، ئەم بوونە چییە، کە ئێمە لەناویدا یان لەگەڵیاین؟ ئایا هەبوونی شتێك چ واتایەك دەبەخشێت؟ ئایا شتێك چۆن چۆنی بوونی هەیە؟ ئایا بۆ هەر لەبنەڕەتەوە هەر هەموو هیچ نەبووە؟

## شیکردنەوەی بوون

ئەو بوونەی ئێمە یەکسەر بێ سێو دوو ئاگامەندین دەربارەی، بوونی تایبەتی خۆمانە. هایدگەر دەڵێت هەر بۆیە دەبێت بایەخ بەکێشەی بوون بدەینو بەشیکردنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژیانە سەبارەت بەوەی ئایا ئێمە کاتێك ئاگامەندین بەبوونی خۆمان، ئایا ئاگامەندییەکەمان چۆنەو سەبارەت بەچییە. لەسەرەتای کتێبەکەیدا (بوونو کات) باسی ئەوەی کردووە. بەشێوەیەکی سیستماتیك، بەپڕبایەخەوە، هێدی هێدی بەشێوازێکی تاڕادەیەك وشك ئەو سەرەداوانە لێك جودادەکاتەوە، کە بەیەکەوە بریتین لەئاگامەندیمان بۆ بوونی خۆمان.

هەر بۆ نموونە گوتویەتی: ئیمە ناتوانین خاوەنی ئەو ئاگامەندییەبین، گەر پانتاییەکمان نەبێت بۆ پراکتیزەکردنی ئاگامەندییەکەمان، وەك تەختەی شانۆ، یان پەردەی سینەما، یان باکگراوندێك. واتە جیهانێك بۆ رووداني ئاگامەندییەکە لەناویدا. لەبەرئەوە هەر لەبنەڕەتەوە بوونەکەمان "دنیاییە" بەلایەنی کەمەوە بۆ ئێمە، بوون، لەجیهان دانەبڕاوە. هەروەها ئێمە ناتوانین ئاگامەندیمان هەبێت بێ ئەوەی هەست بەتێپەڕبوونی شتێك بکەین. ئەمەش بەناچارەکی رەهەندی کات دێنێتە پێشەوە. لەبەرئەوە ئەو بوونەی ئێمە ئاگامەندین لێی، لەبنەڕەتدا لەکاتدایە. ناکرێت بەهیچ شێوەیەکیتر ئاگامەندیمان بۆ بوونی خۆمان هەبێت گەر ئەو خۆی بۆ هۆشمان دەرنەخات. ئەو دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندی بەئێمەوە هەبێت، گەرچی پەیوەندییەکی زۆر کەمیش بێت. چونکە ئەوە پێویستە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دەربارەی ئاگامەندبین. بوونی ئەو پەیوەندییە مەرجێکی سەرەکییەو ئامڕازێکە دەبێت هەر هەبێت. سەرەتا کە دەستمانپێکرد، وا دیاربوو رەنگە بڕوامان کردبێت کە ئاگامەندیمان سەبارەت بەبوونی تایبەتی خۆمان شتێکی دیارو تەواو ئاشکراو راستەوخۆیە. کە قابیلی شیکاریتر نییە، بەڵام هایدگەر بەر پەرچی ئەم بۆچوونە دەداتەوە، ئەویش بەئەنجامدانی شیکارییەکی وردو قووڵو پڕمانای ئەم. ئەو سەرەنجامەی لەکۆتاییدا هایدگەر پێیگەیشتووە، ئەوەیە کە خەسڵەتی هەرە گرنگی شێوەی بوونمان هەبوونی سێ سترەکچەرە. کە بناغەکەی بریتییە لەڕابووردوو، ئێستاو کاتی داهاتوو. واتا قووڵترین لایەنی بوون کاتە. ناونیشانی کتێبەکەش هەر لەوەوە هاتووە.

## بوون بەخودی خۆ



دوای ئەم لێکدانەوە فیکرییە هایدگەر دەستدەکات بەشیکردنەوەی حاڵەتی مرۆڤ. هەرگیز وانییە کە ئێمە سەرەتا وەك تاکی گۆشەنشین بین‌و لەبەردەم کێشەی پەیوەندیکردن بەخەڵکانی ترەوە بین. نا بەڵکو هەر لەسەرەتاوە بوونی ئێمە هاوبەش‌و کۆمەڵایەتییەو کێشەکەمان ئەوەیە چۆن ببین بەتاك. کە شێوازێکی رەسەن یان راستەقینە بۆ بوونی کەسایەتی خۆمان بدۆزینەوە. هەردەم لەڕاکردنداین بەرەو داهاتوویەکی نادیارو دەبێت هەڵبژاردنەکانمان ئەنجامبدەین بێ ئەوەی بزانین چۆن‌و بەچ بارێکدا دەشکێنەوە. نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێ بەشمانە، بەتایبەتی نیگەرانی یان ترس بەرامبەر مردن. ئێمە حەزدەکەین ژیانمان بناغەیەك یان بنەمایەکی میتافیزیکی‌و هەروەها مانایەکی هەبێت. بەڵام هیچ گەرەنتییەکمان نییە کەشتێکی لەم بابەتانە هەبن. گەر نەشبن ئەوا رەنگە، ژیانمان، لەڕەگەوە بێ ماناو هیچ بێت. یان دەکرێت مانایەکی هەبێت، ئەویش ئەو مانایەی خۆمان پێیدەبەخشین.

## واتای بێ خوا

ئەم شێوازە بوو بەمۆرکی بوونگەرایی سەدەی بیستەم. کە تەحەداکەی نیتشەیان پەسەندکردو هەوڵیاندەدا لەجیهانێکی بێ خودادا بژین. هەوڵدرا بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەك بۆ جیهان لەجیهانێکی بێ واتایەکی ئۆبژەکتیڤی‌و بێ ئامانج‌و مەبەست. هەوڵدەدرا بۆ دۆزینەوەی یان بۆ دروستکردنی واتا، لەڕەوشێکی ناجێگیردا بۆ تاکەکان بەدەر لەژیانێکیتری دوای ئەم ژیانە. پاش دووەم جەنگی جیهانی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە ئەوەندە جەماوەری بەلای خۆیدا راکێشا کە لەمێژووی فەلسەفەدا بۆ بیرێکی فەلسەفەیی زۆر دەگمەنە. لەم دۆخەدا پایتەختی نێونەتەوەییان پاریس بوو. زۆربەی نووسەرەکانی بوونگەرایی فەرەنسایی بوون. ئەو کەسەی بوونگەرایی بەهەموو جیهان ناساند، ژان پۆل سارتەر بوو، کە نەك هەر

فەیلەسوف بوو، بەڵکو هەروەها ڕۆماننووس‌و شانۆنامە نووسێکی ناوداری جیهان بوو. لەبەشی داهاتوودا زیاتر باسی بوونگەراییو ئەو دەکەین.

# بیرگسۆن‌و فەیلەسوفە فەرەنساییەکانی دواتر

## فەلسەفە وەك لقێك لەئەدەب

**لەفەرەنسای سەدەی بیستەمدا فەلسەفە وەك بەشێك لەکەلتووری ئەدەبی گشتی، بێ هیچ بایەخدانێکی تایبەتی بەهێز بەزانست‌و لۆژێك‌و شیکاری، گەشەی کرد.**

هینری بیرگسۆن ١٨٥٩–١٩٤١ لەپاریس لەدایك بووە. دایکی ئینگلیز بووەو باوکی جولەکەی پۆلۆنی. زمانی فەرەنسی بۆ ئەم بوو بەزمانی زگماك‌و لەگەڵیدا گەورەبوو. وەك مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆ کاری کردووە. بەڵام لەبەرئەوەی



نووسینەکانی زۆر دڵگیرو جوان بوون، خەڵکێکی زۆر لەدەرەوەی زانکۆش نووسینەکانیان دەخوێندەوەو کاریگەری ئەمیان بەسەرەوە بوو. ساڵی ١٩٢٧ خەلاتی نۆبلی بۆ ئەدەب پێبەخشراوە. بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن ( Essai sur les donnees immediates de….. (هەوڵدانێك لەرووداوە راستەوخۆکانی ویژداندا) ساڵی ١٨٨٩، (Matiere et memoire) (ماتریال‌و بیرەوەری) ساڵی ١٨٩٦، لەگەڵ (LE volution creatrice) (گەشەکردنێکی داهێنەرانە) ساڵی ١٩٠٧. لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بیرکردنەوەکەی ئاڕاستەیەکی ئایینی گرتە خۆی. رەنگە بەماوەیەکی کورت بەر لەمردنی باوەڕی بەڕێبازی کاسۆلیکی هێنابێت. گەر ئەوەشی کردبێت، بەمەبەست درەنگ کەوتووەو بەنهێنی هێشتوویەتەوە بۆ ئەوەی وا لێکنەدرێتەوە پشتی کردۆتە میللەتی جولەکە لەکاتێکدا کە ئەوان کەوتبوونە بەر شالاوی نازییەکان‌و ئەڵمانیا فەرەنسای داگیرکردبوو.

### زەین روونی* حەدەس intuition

بە بۆچوونی بێرگسۆن بەپلەی یەکەم دەبێت بەپێی ئاستەکانی پرۆسەی گەشەکردن (evolution) باس لەمرۆڤ بکرێت. بەو مانایەی ئەرکی هەستەکان

* بەرامبەر وشەی intuition کە بەعەرەبی حەدەس دانراوە، لەکوردیدا نەمتوانی وشەیەکی پڕاوپڕی خۆی بۆ بدۆزمەوە. لەفەرهەنگی فەلسەفەدا لەئامادەکردنی (رۆشنا ئەحمەد وردبوونەوەو تۆژاندنی مامۆستا ئەکرەم قەرەداغی)دا زەین روونی دانراوە.. منیش سوودم لەو وشەیە وەرگرتووە.. جێی سەرنجە کە د.محەمەد کەمال هەر (حەدەس)ی عەرەبیو لەنێو دووکەوانەشدا (intuition)ی ئینگلیزی داناوەتەوە... بڕوانە د. محەمەد کەمال، نهلێزم‌و رەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم. سلێمانی. ٢٠٠٥ لا١٣. هەروەها وەك پێناسە بۆ حەدەس نووسیەیەتی : دەرککردنی راستەوخۆ بەبابەتی دەرەوەی ئاگامەندی. بڕوانە د. محەمەد کەمال، هایدگەرو شۆڕشێکیفەلسەفەیی، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧، لا ٣٦٠. (و.ك)

لەگیانلەبەراندا هەر لەسەرەتاوە وەك ئێستا نەبووە، كە وێنەی دەوروپشتی بۆ بگوێزێتەوە، بەڵكو بۆ خستنەگەڕو هاندان بۆ كارلێكی تایبەت بەپاراستنی ژیانی ئەو جۆرە گیانلەبەرانەوە بووە. بەتێپەڕبوونی چەرخی لەژمارە نەهاتوو، یەكەمجار ئۆرگانەكانی هەست گەشەی كردوەو دواتریش سیستەمی ناوەندی دەمارەكانو دوای ئەوانیش ئاگامەندی وەك بەشێك لەپێداویستییەكانی ئەم ئۆرگانە بۆ بەردەوامیدان بەژیانو وەك ئامرازێكی یارمەتیدەر بۆ جۆری رەفتارو هەڵسوكەوت. ئەمڕۆش ئەو زانیاریانەی بەهۆی ئەو ئامێرانەی هەستەوە دەگەن بەئێمە، وێنەی بابەتیانەی دەروبەرمان نیین، بەڵكو گەیاندنی ئەو پەیام یا راسپاردانەن، كە بەهۆیانەوە ئێمە بەشێوازێكی دیاریكراو رەفتار دەكەین. هێنانە بەرچاوی دەوروبەرمان، هەرگیز وەك بینینی وردەكاری ناو وێنەیەكی فۆتۆگرافی نییە. بەڵكو ئەوانە تا بەرزترین پلە هەڵبژێردراون. هەمیشە پراگماتیكانەو هەموو كات لەخزمەتی خۆ–دان. ئێمە تەنیا پابەندی ئەو شتانە دەبین، كە پەیوەندیان بەخۆمانەوە هەیە. ئەو وێناكردنەی بۆ دەوروبەرمان هەمانە، لەسەر بنەڕەتی مەرجی بەرژەوەندییەكانمان دروستمانكردووە. سێبەری سەلامەتی خۆمان هەمیشە باڵی كێشاوە بەسەریاندا. گەر سەرەتا لەم بابەتە بگەین، ئەوكاتە مرۆڤ لەسروشتی راستەقینەی زانیارییەكانی مرۆڤ حاڵی دەبێت.

سەبارەت بە یاسای گەشەكردن، بەلای بێرگسۆنەوە پرۆسەی هەڵبژاردەی بە رێكەوت وەك لێكدانەوە بۆ ئەوەی روودەدات، دەستنادات، پێدەچێت جۆرە هێزێكی سەرسەختی ماندونەناس هەبێت كە ئاڕاستە كراوبێت رووەو تاكگەرایی گەورەترو لەهەمانكاتدا ئاڵۆزیی مەزنتر. هەرچەندە ئەمە هەمیشە ناڕەحەتیو مەترسی زیاتر لەخۆیدا هەڵدەگرێت. بێرگسۆن ئەم هێزە ناو دەنێت (élan vital) كە دەكرێت بە (هێزی ژیان) وەربگێڕدرێت.

مەبەستی بێرگسۆن ئەوەیە، مادام بەردەوام هەموو شتێك لەگۆڕاندایە، ئەوا رەوتی كات بریتییە لەبناغەی هەموو واقیعێك. ئێمە لەڕاستیدا لەناخی خۆماندا، لەگەڵ ئەو رەوتی كاتەدا، بەشێوەیەكی هەرە راستەوخۆیانەو یەكسەرییانە، ژیان دەگوزەرێنین، نەك لەڕێگەی تێگەیشتنو نەك لەرێگەی هەستەكانەوە. بیرگسۆن ئەم جۆرە زانیارییە نەگوێزراوانە ناو دەنێت زەین روونی (حەدەس ـ intuition). ئەو پێی وایە ئێمە لەبڕیار وەرگرتندا زانیاری زەین رونیمان هەیەو لەبەرئەوە زانیاریمان هەیە كە ئێمە خاوەنی (ویستی ئازاد)ین. بەڵام ئەم زانیارییە یەكسەرییانەمان سەبارەت بەسروشتی شتەكان خەسڵەتێكی تەواو جیاوازیان هەیە لەو زانیارییانەی بەهۆی بیروهۆشمانەوە سەبارەت بەجیهانی دەرەوە دەستمان دەكەون.

## رەوتی واقیع

ئەوەی لەڕێگەی تێگەیشتنو بیركردنەوەوە دەستمان دەكەوێت، هەمیشە ئەو مادانەن كە بۆ هەڵسوكەوت كردن بەسوودنو ئەوانەن، كە ئێمە دەمانەوێت بۆ پێشبینیكردنو بۆ كۆنترۆڵكردنی ئەو شتانەی روودەدەن. واتە رۆشنبیریمان جیهانێكمان پێدەبەخشێت، كە قابیلی بەكارهێنانە. جیهانێك كە دابەشكرابێت بۆ یەكەی دەسەڵات بەسەردا شكاو، بۆ بابەتی جیاجیا لەتەنیشت یەكەوە لەڕووی شوێنو كاتەوە. ئەمە ئەو جیهانەیە، كە گونجاوە بۆ ژیانی رۆژانە، بۆ سەوداو مامەڵەكان، بۆ عەقڵو ژیریو تەنانەت جیهانی زانستیشە. ئێمە سوودێكی زۆر بێ سنوور لەسەركەوتنی تەكنۆلۆژیای مۆدێرن دەبینین، بەڵام ئەمانە هەموو بەرهەمی شێوازی مامەڵەكردنی ئێمەیە لەگەڵ جیهان. هەر بەتەواوی لەشێوازو مەبەستی ئەو كەسانە دەچێت، كە نەخشە دروستدەكەنو بەهۆی ئەو نەخشانەوە، بەپەنابردنە بەر سیستمێكی ئەندازەیی وێنەی ناوچەیەكی راستەقینە بە نەخشە دەخەنە

بەردەست. بێگومان ئەو نەخشەیە هەر زۆرباش بەکاردەهێنرێت‌و سوودی لێوەردەگیرێت‌و بەهۆیەوە دەتوانین بەجۆرەها شێوە کە خۆمان دەمانەوێت، لەپراکتیکدا بەکاریبهێنین. بەڵام ئەو نەخشەیە واقیعی راستەقینەمان نیشانناداات. واقیعی راستەقینە یەکپارچەیە. لەکاتی واقعیدا هیچ چرکەساتی تێدانییە. ئەو زەمەنە راستەقینەیە رەوتێکی یەکسەرییەو هیچ یەکەیەکی لەیەك دابڕاوی، بەتەنیشت یەکتر دانراوی، قابیلی درێژیی پێوانی تیانییە. بەهەمان شێوە بۆ شوێنیش: لەشوێنی راستەقینەدا هیچ خاڵێکی دیاریکراو، یان شوێنی لەیەك دابڕاوی تایبەت نییە. هەموو ئەوانە دەستکردی هزرو ئاگامەندین.

### بوون‌و کات

ئێمە لەیەك کاتدا لەدوو جیهاندا دەژین. لەجیهانی مەعریفەی راستەوخۆی ناخماندا هەموو شتێك یەکپارچەیە، رەوتێکی بەردەوامی دانەبڕاو، رووبارێکی هەمیشەییە، جیهانی دەرەوەش، کە بەهۆی عەقڵ‌و زیرەکییەوە دەیبینین، بریتییە شتی جیاجیا لەشوێندا، جێگەی دیاریان هەیە، کە دەکرێت قۆناغی کاتەکانیشیان بپێورێت. بەڵام ئەم کاتە رواڵەتییە، سەعاتەکانی کات پێوان. دەستکردی عەقڵی مرۆڤەو هەرگیز وەك کاتە (راستەقینەکە) نییە. کە سەبارەت بەڕەوتە بەردەوامییەکەی هیچ شارەزاییەکی راستەوخۆمان نییە. کاتێك فەلسەفەکەی بیرگسۆن دەگاتە بەرزترین لوتکەی گەشەکردنی، ئەو رەوتە بەردەوامەی کات کە لەناخەوە هەستپێدەکرێت، ئەم وەك خودی ژیان‌و هێزی ژیان پێناسەی دەکات، ئەو هێزی ژیانەی کە بەردەوام پرۆسەی گەشەکردن بەرەو پێشەوە دەبات، وەك لەیادمانە، فەلسەفەی هایدگەریش لە پلەی هەرە بەرزی خۆیدا پێناسەی بوونی بەکاتەوە گرێداوە، هەروەها ئەم دوو فەیلەسوفە لەکۆتاییدا، بێ پشتبەستن بەیەکتری‌و لەدوو روانگەی جیاوازەوە گەیشتوون بەهەمان سەرەنجام.



لەسەردەمی خۆیدا، لەلایەن هاوچەرخەکانیەوە، رەخنەگری بەتوانا رەخنەیان لەبیرگسۆن گرتووە، بۆ نموونە بیرتراند رەسل. لایەنی گرنگی رەخنەکان بریتی بووە لەوەی گەرچی بیرگسۆن بیرۆکەکانی بەزمانێکی پاراوی جوان‌و میتافۆری شیعری بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەڵگەی بەجێی نەهێناوەتەوە بۆ پشتگیریکردنیان. ئەو وازیلێهێناون تا بیرۆکەکان خۆیان بۆ زەیین روونی (intuition)ی خوێنەران بدوێن. هەروەها رەخنەگرەکان رەخنەی ئەوەیان لێگرتووە، کە بیرۆکەکانی بەرگەی شیکردنەوەی لۆژیکی ناگرن. ئەوانەش کە بەرگرییان لێدەکرد، لەوەڵامدا گوتویانە ئەوە خەسڵەتی هەموو نووسەرێکی داهێنەرەو ئەو بیروباوەڕی پێشکەشکردووە، نەك بەڵگەی لۆژیکی. بەهەرحاڵ، تەواو ئاشکرایە بیری ئەم کاریگەری زۆرو بەردەوام‌و تایبەتی هەبووە بۆ سەر فەلسەفە لەسەدەی بیستەمدا.

### رۆمان‌و درامانووس

جان پۆڵ سارتەر (١٩٠٥–١٩٨٠) تایبەتمەندێتی زۆری هەبووە. ئەم تەنیا نووسەرێکی رۆژنامەوانی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو رۆماننوس‌و درامانووسێکی بەناوبانگ بووە لەسەر ئاستی جیهان. هیچ فەیلەسوفێکیتر بەمشێوەیە نەبوو، ئەوەی کە کەمێك لەمجۆرە بووە، رۆسۆ بووە، کە دوو رۆمانی زۆر بەناوبانگیشی نووسیوە. لەگەڵ کامۆ کە پاش کەمێکیتر بەتایبەتی باسی دەکەین. ساڵی ١٩٦٤ بڕیاردرا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب ببەخشرێت بەسارتەر. بەڵام ئەم وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی رەتکردەوە. رەنگە ناوبانگی وەك نووسەرێکی داهێنەر بەربڵاوتربێت لەناوبانگی وەك فەیلەسوفێك.

سارتەر لەپاریس لەدایك بووەو لەمناڵیەوە زۆر حەزی لەکتێب خوێندنەوە بووە. کتێبی دەربارەی یادەوەرییەکانی مناڵی خۆی ناو ناوە وشەکان (Paroles)، کە ساڵی ١٩٦٣ چاپیکردووە. هەر بۆیە سەیرنییە کە دواتر بووە بەمامۆستای

فەلسەفە. ساڵی ١٩٣٨ ڕۆمانی هێڵنج (Nausee)ی بڵاوکردۆتەوە، کە لەڕاستیدا بریتییە لەڕونکردنەوەیەکی فینومینۆلۆجی بۆ ئاگامەندییەك، کە خەریکی توانەوەو لەناوچوونە. ساڵی ١٩٤٠ یەکەم بەرهەمی فەلسەفەیی پەتی بڵاوکردەوە کە ناوی (Llmaginair) بوو. دووەم جەنگی جیهانی ژیانی سارتەری گۆڕی. دوای ئەوەی چووە ریزەکانی سوپای فەرەنساییەوە، لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بەدیل گیرا. لەزیندان دەستیکرد بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی هایدگەرو یەکەم شانۆنامەی نووسی. کە بەربوو، لەپاریسی داگیرکراودا دەژیا. لەوێ گرنگترین شاکاری فەلسەفەیی نووسی کە کتێبی (بوون‌و نەبوون) بوو لەساڵی ١٩٤٣دا.

لەکاتی کۆتایی جەنگدا ناوبانگی وەك فەیلەسوف، بەڵام زیاتر وەك نووسەری شانۆنامە بڵاوبووبووەوە. بەتایبەتی لەبەر دوو شانۆنامەکەی (مێش - Les Mouches)و (دەرگا داخراوەکان - Huis clos) هەروەها کتێبی (بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆڤانەیە LExistentialisme es un humanism) کە لە ١٩٤٥دا بڵاوبۆوە، بوو بە سەرەتا بۆ بوونی بوونگەرایی بەمۆدێلێکی بەربڵاوی فەلسەفەیی لەئەوروپای دوای جەنگدا. لێرە بەدواوە وازی لەکاری ئەکادیمی هێناو هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخانکرد. هاوڕێکەی ژیانی (سیمون دو بوڤوار) دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕەگەزەکەیتر - Le deuxieme sexe) لەساڵی ١٩٤٩دا وەك یەکەم ژنە نووسەری فیمینست ناوی لەجیهاندا بڵاوبۆوە. ئەلبێرت کامۆ یەکێکیترە لەو نووسەرانەی کە هاوڕێی سارتەر بوون. ئەم ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێبەخشراوە. هەروەها هاوڕێیەکیتری سارتەر فەیلەسوفی بەناوبانگ مۆریس میرلو - پونتی بووە، کە لەگەڵ سارتەردا گۆڤاری (سەردەمە مۆدێرنەکان - Les Temps modernes) یان دەردەکرد. سارتەر زۆر بەقووڵی کاری بۆ سیاسەتی چەپڕەوی شۆڕشگێڕی دەکردو زۆرجار وەك نوێنەر یان بەرگریکار لەکۆمۆنیستی دەردەکەوت، ئەم بەخۆی دەگوت لایەنگری ماتریالیسی مێژوویی‌و دەستی کرد بە نووسینی پرۆژەیەکی گەورە بەناوی (Critique de la rasion dialectique) (ڕەخنە لەعەقڵی دیالەکتیکی) کە بۆ لەناو یەکدا توانەوەی مارکسیزم‌و بوونگەرایی بوو. ئەم کارەی بەنیوەناچڵ بەجێهێشت، بەڵام یەك بەشی لێ بڵاوکردەوە.

گەشەکردنی سارتەر وەك فەیلەسوف بەسێ قۆناغی تەواو جیاوازدا تێپەڕبووە. هەر قۆناغەی کاریگەری یەك یان دوو بیرمەندی بەسەرەوەیە. هوسرڵ باڵی بەسەر قۆناغی یەکەمیدا کێشاوە. کە کتێبی هێڵنج (١٩٣٨)، Limaginaire (١٩٤٠)و (Esquissedune theore des...) (١٩٣٩) بەرهەمی ئەم قۆناغەن. هەروەها سێبەری هایدگەر بەسەر قۆناغی دووەمەوەیە، کە بەهێزترین سەردەمی سارتەرەو لەم قۆناغەدا بەرهەمی وەك بوون‌و نەبوون (١٩٤٣)و بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆڤانەیە (١٩٤٥) پێشکەشکرد. دواتر کاریگەریی هیگڵ‌و مارکس درێژترین‌و دوا قۆناغیان لەکارو چالاکییەکانی سارتەردا گرتەوە.

لەقۆناغی یەکەم‌و دووەمدا ناوبانگی سارتەر خۆی وەك فەیلەسوف لەو فەیلەسوفانە بەربڵاوتربوو، کە ئەم بیرۆکەکانیانی بڵاودەکردەوە. زۆرکەس زیاتر بیرۆکەکانی وەك بیرۆکەی تایبەتی سارتەر سەیردەکرد وەك لەوەی وەك هی فەیلەسوفەکانی بەر لەو سەیری بکەن.

## ئێمە دروستکەری خودی خۆمانین

بیرۆکەی هەرە گرنگ‌و سەرەکی سارتەر، کە بەهۆیەوە ناوبانگی فەلسەفەکەی بڵاوبۆوە، بریتییە لەبەدراماکردنی ئازادی تاکەکەسی. بەقسەی ئەو، لەجیهانێکی بێ خودادا، لەهەڵبژاردن (ئیختیارکردن) بەولاوە چارەیەکیترمان نییە. لەوڕێگەیەوە جیهانی تایبەتی خۆمان دروستدەکەین، کە ئەوەشمانکرد، ئەوا نۆرمەکانی (پێوەرەکانی) ژیانی خۆمان دادەڕێژین. کە ئەو کارە دەکەین، بڕیار لەچۆنیەتی گەشەکردنی کەسایەتی خۆمان دەدەین: کەواتە ئێمە خودی خۆمان دەخوڵقێنین.

زۆرکەس ئەم ئازادیو ئەم بەرپرسیارێتییەیان بەلاوە زۆر ترسناکە. بۆیە خۆیانی لێدەدزنەوەو واخۆ دەردەخەن، کە پابەندن بەو پێوەرو یاسایانەوە کە هەنو ئامادەکراون. بەڵام ئەوە خیانەت لەخۆکردنە. سارتەر ناوی لێناوە بەدئیمانی (Mauvaise foi) بەلای ئەوەوە مرۆڤ لەڕاستیدا "بەتەواوی خاوەنی هەڵبژاردنی خودی خۆیەتی". گەر پڕبەمانای وشەی ژیان بژیت، دەبێت هەڵبژاردن بکەیتو بەپێی دەرئەنجامەکانی ژیان بگوزەرێنیت. سارتەر گوتەنی وەك "بەشدارێکی چالاك" بژیت. گەنجێکی زۆر ئەم بیرۆکانەیان بەلاوە پەسەندبوو. هەروەها بووە هۆی دەرکەوتنی زۆرکەسی خاوەن بیری جیاوازی ناکۆك کە دەیانویست لەکۆمەڵگە یاخی ببن. بەڵام لەقۆناغی دواییدا، کە کاریگەرێتی مارکس زۆرتربوو سارتەر گوتویەتی، ئەو جاران زیادەڕەوی لەتێڕوانینەکانیدا کردوە سەبارەت بەتواناکانی تاکەکەس بۆ قوتار بوون لەپاڵەپەستۆی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی.

## بێهودەیی ( عەبەسی)

ئەلبێرت کامۆ (١٩١٣ـ١٩٦٠)ی هاوڕێی سارتەر وشەی عەبەس یان عەبەسی (کە بەکوردی دەکرێت بە بێ هودە یان بێ هودەیی) بەکارهێناوە لەبەرامبەر هەوڵدانی مرۆڤدا بۆ مانا بەخشینێك بەژیان لە گەردوونێکی بێ سەروبەر، کە خۆی لەخۆیدا بێ واتاو بێ ئامانجە. بەلای کامۆوە ئەمە داواکارییەکە هەرگیز نایەتەدی. بەڵام ئەوکاتەی بێ واتایی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ ئاشکرابوو، ئیتر ژیان گوزەراندن چ سوودێکی دەبێت؟ ئەو لەسەرەتای داستانی سیزیف (١٩٤٢)دا وتە بەناوبانگەکەی نووسیوە: یەك کێشەی سەرەکیو گرنگی فەلسەفەیی هەیە، ئەویش کێشەی خۆکوژییە. کە بڕیار بدەیت ئایا ژیان شایانی گوزەراندنە یان نا، بەوە وەڵامی پرسیاری بنەڕەتی فەلسەفە دەدەیتەوە. ئەم دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی، خۆکوژی جۆرە خۆبەدەستەوەدانێکە. داواکارییەکی ئاشکرایە بۆ سەربەرزیو



شانازی بەخۆوەکردن. هیچ شتێك ناتوانێت بۆ مرۆڤ هێندەی چرکەساتی هەستکردن بەشانازی گرنگ بێت. ئەم خەڵکی هاندەدات بۆ جۆرە ژیانێك لەسەر بنەڕەتی رەتکردنەوەی چێژ وەرگرتن لەسەر شێوازی (ستویزمییەکان) لەخۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو بێ واتا گەردوونییە. هاندەرە بۆ ژیانێك کە جۆرە شۆڕشێکە دژ بەو مەرجە گەردوونیانەی مرۆڤ لەسایەیاندا دەژی، جگەلە (داستانی سیزیف)و کتێبێك بەناوی (مرۆڤی یاخی)١٩٥١، لەهەندێك لەرۆمانەکانیدا برەوی بەم بیرۆکەیە داوە. وەك رۆمانی نامۆ، ١٩٤٢ (L Etranger)و رۆمانی (تاعوون) ١٩٤٧و رۆمانی (Lachute) ١٩٥٦. کامۆ ساڵی ١٩٦٠ بە رووداوی ئۆتومبێل مردووە. ئەو رۆمانەی پێش مەرگی بەدەستیەوە بوو بەناوی Le Premier home ساڵی ١٩٩٤ بەتەواو نەکراوی چاپکراوە.

کامۆ کە مرۆڤێکی زۆر بەتەنگ یارمەتیدانی کەسانی ترەوە بووە، پێی گوتراوە (قەدیسێکی بێ خوا) سەرەتا لەجەزائیر لەهەژاریدا ژیاوەو دواتریش لەفەرەنسا چەپڕەوە فەرەنسییەکان رەخنەی ئەوەیان لێگرتووە، کە لایەنگری لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی جەزائیر ناکات. لەوەڵامدا گوتویەتی "من بڕوام بەعەدالەتە، بەڵام پێش عەدالەت پشتگیری لەدایکم دەکەم". بەهاوڕێیەکی کۆمونیستی گوتووە: "بەهەر نرخێك بووە من لەبەرامبەر تیمەکانی گوللە بارانکردندا بەرگریت لێدەکەم. بەڵام تۆ ناچار دەکرێیت گوللە بارانکردنی من پەسەند بکەیت". لەکۆتاییدا کۆتایی بەهاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ سارتەر هێنا، چونکە سارتەر بەردەوام بەرگری لەو کارە تیرۆرییانە دەکرد، کە کۆمونیستەکان ئەنجامیاندەدا.

## دەنگی جەستە

ئەو فەیلەسوفەی ئەو سەردەمانە کە لەپاریس لەنێو خەڵکیدا کەمترین ناوبانگی هەبووە، بەڵام رەنگە لەپێشەوەی هەموو فەیلەسوفەکانی ترەوە بێت، مۆریس میرلو

ـ پونتی ١٩٠٨ـ١٩٦١ بووه. گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە (Structure du comportement) ١٩٤٢ (La Phenomenolog in de la Perception) ١٩٤٥. بەتایبەتی ئەمەی دووەمیان. بیرۆکەی تایبەتی ئەم لەبواری فەلسەفەدا ئەوەیە کە بایەخو گرنگی پێویستی داوە بە جەستەی مرۆڤ. چ فینومینۆلۆجییەکانو چ بوونگەراییەکان وا راهاتبوون لەنووسینەکانیاندا، بەپلەی یەکەم مرۆڤ وەك سەنتەرێکی ئاگامەندی وێنا بکەن. بەو پێیەش مرۆڤ وەك شتێکی ئەبستراکتو ناجەستەیی مرۆڤ دەهاتە پێش چاو. گەرچی لەواقیعدا هیچ لایەنێکیان راستەوخۆ وایان نەگوتووە. بەلای میرلوپۆنتییەوە سەیرکردنی خۆمان وەك گیانلەبەری فیزیکی بەردی بناغەیە بۆ ناسنامەمان. هەریەکە لەئێمە شوێنی (بنکە)ی تایبەتی خۆی هەیە لەشوێنو کاتدا. نەك هەموو ئەو شتانەی کە هەر کاتێك لەلایەن یەکێکەوە(موعایەشە) دەکرێت، دەبێت بەهۆی ئەم ئامێرە فیزیکییە بێوێنەیەی گیانلەبەرەکەوە (موعایەشە) بکرێت. نا، بەڵکو هەروەها تێگەیشتن لەگشت ئەو واقیعەیتر لەڕوانگەی بێوێنەیی ئەوەوە دەبێت. گەرچی ئێمە هەر تەنیا لەجەستەش پێکنەهاتبین، بەڵام دەبێت وابێت. ئێمە هەمیشە سەبارەت بەجەستەمان بەئاگاین. بێ بوونی جەستە نە دەتوانین هەست بەهیچ بکەینو نە هەڵسوکەوت بکەین. چونکە بەم شێوەیەیە، دەکرێت جەستەی مرۆڤ لەهەمانکاتدا وەك خود (subject) یان بابەت (object) سەیر بکرێت، ئەمە هەردووکیانە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوازێکی سەیریش هیچکامیان نییە. خودێکی شارەزای ناجەستەیی نییە، چونکە لەجیهاندا بابەتێکی فیزیکییە. بەڵام لەهەمانکاتدا، بەهەمان شێوازی بابەتە ماتەرییەکانیتر، بابەتێك نییە لەجیهاندا. لەبەرئەوەی ئەم خودێکە، هۆشیارو ئاگامەندە بە ژیان گوزەراندن.

میرلو ـ پونتی زۆر زیرەکانەو بەوردی باسی لەوکێشە فەلسەفەییانە کردووە، کە پەیوەندییان بە خودگەراییەوە هەیە، وەك خەسڵەتی بەناچاری پەیوەستبوون بەگۆشەنیگاو ئەو کەموکوڕییانەی تیایاندایە. ئەم کێشانە زۆر سەختنو لەبەرئەوە نووسینەکانی بەناچاری داواکاری زۆر دەخاتە بەردەم خوێنەر. ئەم سەختییە لەنووسینەکاندا هۆکارە بۆ بەباشی بڵاوبوونەوەی فەلسەفەکەیو نەبوونی بەخاوەنی جەماوەرێکی فراوان وەك کامۆو سارتەر. بەڵام رەنگە فەلسەفەکەی ئەم بەهای خۆڕاگرتنی گەورەترو زیاتربێت.

## ستروکتورالیزم دێتە ئاراوە

کاتێك لەساڵی ١٩٨٠دا جان پۆل سارتەر کۆچی دوایی کرد، پتر لەپەنجا هەزار کەس ئامادەی ناشتنی تەرمەکەی بوون. ئەوە شتێکی زۆر سەیربوو. فەیلەسوفێك خاوەن جەماوەرێکی گەورەبێت. بەڵام لەوکاتەدا، ئەو لەڕیزی پێشەوەی پێشەنگانی روناکبیریدا نەبوو. هەر لەکۆتایی دەیەی شەستەکانەوە لەپاریس ستروکتورالیزم بوو بە مۆدە. وەك وەرچەرخانێك لەڕەوتێکی گشتی ئاڕاستەی فەلسەفەیی کە ناودەبرا بە (ئاڕاستەی زمانناسی ـ Linguistics)، ئاسانترین پێناسە بۆ ستروکتورالیزم ئەوەیە هەرچی دەگوترێت یان دەنووسرێت، هەرچی گفتوگۆیەك سەبارەت بە فەلسەفە یان هەر شتێکیتر بریتییە لەبونیادی زمانەوانیو هیچیتر. دەقەکان لەخۆیان زیاتر هیچیترمان نیشاننادەن. جگەلە "زمان" هیچیتر نییە. ئەمە بووە هاندەر بۆ لایەنگرانی ستروکتورالیزم کە بەپلەی یەکەم دەقەکان بە ئاڕاستەی یاسا جۆراو جۆرەکانی بەکارهێنانی زمان تەفسیربکەن، کە وەك بابەتێك بۆ رادەربڕین، زمان، پەیوەندیکردنو لەم بابەتانە سەیربکرێت. ئەم شێوازی مامەڵەی رەخنەگرانە بۆ دەق وەك چەمکی هەڵوەشاندنەوەکاری (Deconstruction) ناوبانگی بڵاوبۆوە.

## بیرۆکە کۆنەکان نوێ دەبنەوە

لەساڵانی شەستەکانو حەفتاکاندا لویس ئالتوسێر (١٩١٨–١٩٩٠) هەوڵیداوە بۆ موتوربەکردنی فەلسەفەی مارکسی بەبیرۆکە سەرەکییەکانی ناو ستروکتورالیزم. لەچاوی هەندێك لەڕوناکبیرە زیادە رەوەکاندا، ئەم وەك فەیلەسوفێکی مارکسی، پێش سارتەر کەوتۆتەوە. لەلایەکیتریشەوە، بەهەمان شێواز جاك لاکان ( Jacques Lacan) (١٩٠١–١٩٨١) تێڕوانینی ستروکتورالیزمی لەسەر بیرۆکەکانی فرۆیدو دەرونشیکاری جێبەجێکرد. بەلای (لاکان)ەوە نەست (لاشعور) بەمانای وشە وەك زمانێك بونیاد نراوە. کەواتە چاکترین رێگا بۆ تێگەیشتن بریتییە لەهەڵوەشاندنەوەکاری.

## میشێل فۆکۆ (Michel Foucault) ١٩٢٦–١٩٨٤

ئەو باوەڕەی دەربڕیوە کە هەموو گوتارێك (discourse) هەوڵدانە بۆ ئەوەی گوتەبێژەکە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەم پێیە، گەر ئەمە لەبەرچاوبگیرێت، دەکرێت سەرکەوتوانە هەڵوەشانکاری لەدەقەکاندا ئەنجامبدرێن. هەروەها بەلای ئەمەوە ئەو کەسانەی ئەمجۆرە دەسەڵاتە پیادە دەکەن، شێوەی ئەو کارانە وەردەگرن کە ئەنجامیاندەدەن. لەبەرئەوە دەکرێت بۆ ئاشکراکردنو تێگەیشتن لێیان مامەڵەی هەڵوەشاندنەوەکاری بۆ گوتەکانیان یان نووسینەکانیان بکرێت.

ئەم فەیلەسوفە پاریسیانە، وەك ئەوانەی بەر لەخۆیان لەجیهاندا، سەرنجی خەڵکێکی زۆریان بۆلای خۆیان راکێشا. بەڵام جیاوازییەکی گرنگ هەیە: لەکاتێکدا کە بیرگسۆنو کامۆو سارتەر خاوەن شێوازی نووسینی پلەیەك بوونو هەرسێکیان خەڵاتی نۆبڵیان لەبواری ئەدەبدا بۆ دیاریکرابوو، ئەوا ستروکتورالیستەکانو پۆست ستروکتورالیستەکان حەزیان لەجۆری نووسینی سەخت، چڕو ئاڵۆسکاوی تەمومژاوی بووە، شێوازەکان لەلایەن فەیلەسوفە شیکارییەکانی وڵاتانی ئینگلیزی زمانەوە زیاتر شێوێندراو ئاڵۆزترکرا، وایلێهات کاتێك مرۆڤ دەیویست لەمانا ئاڵۆزەکانی ئەم نووسینانە بگات، زیاتر وەك گوتار دەهاتنە پێش چاو کە واتایەکی زۆر لاوازو ناڕۆشن یان هەر هیچ واتایەکیان نەدەدا بەدەستەوە. یان شتێکی تەمومژاویو ساختەو نادروست یان گوتەی دژبەیەكو ناکۆك. کە ساڵی ١٩٩٢ زانکۆی کامبرج بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشی بە جاك دیریدا (Jacques Derrida)ی بەناوبانگترین ستروکتورالیست، لەلایەن فەیلەسوفەکانیترەوە شەپۆلێکی نارەزایی بەرزبووەوە. کە وەك سکانداڵ باسی ئەم هەنگاوەیان دەکرد. بەڵام ئەم جۆرە ناکۆکییانە یارمەتیدەربوون بۆ هێشتنەوەی ناوی ستروکتورالیزم لەئاگامەندی خەڵکیدا.

خەسڵەتی گوتاربێژی لەستروکتورالیزمو پۆست ستروکتورالیزمدا لەتوانایدایە ئەو فەیلەسوفانەی خاوەن شێواز یان رێبازێکیترن، پەراوێز بخات. هەر ئەم خەسڵەتە ئاشکرای کرد کە دەتوانێت ئەو خەڵکانە بەلای خۆیدا راکێشێت، کە لەڕێی شیکاری لوژیکییەوە توخنی زمان ناکەون، بۆ نموونە خوێندکارانی ئەدەب.

# پۆپەر

## لەزانستەوە بۆ پۆلەتیك

لەدوای نیوتنەوە، بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەد سالیش، بەلای زۆربەی ڕوناکبیرانی ڕۆژئاواوە، زانستی نوێ، زانستێکی سەقامگیرو ڕاستو ڕەوانو کاملو بە تەواو جێی متمانە بوو. هەرکە فاکتەرێك یا یاسایەکی زانستی نوێ دەدۆزرایەوە، ئیتر بە نەگۆڕو چەسپاو لەقەڵەم دەدرا. ئەمە بوو بە نیشانەی جیاکەرەوەی زانست، زانیارییە زانستییەکان لەهەموو زانیارییەکیتر زیاتر جێی باوەڕی مرۆڤنو وەك حەقیقەتی بێ هەڵە تەماشا دەکرێن. بەرەو پێشەوەچوونی زانست، بەلای خەڵکەوە، بریتی بووە لەوەی کە بەدۆزینەوەی یاسا زانستییە نوێیەکان زیاتر زانست بەرەو پێشەوە دەچێو گەشە دەکاتو لەهەمان کاتیشدا دەبێت بە پاڵپشتو کۆڵەکە بۆ ئەو یاسا زانستیانەی جێی خۆیان گرتووە. زانیارییە زانستییەکان وەك گەنجینەیەکی پڕ لەگەوهەرە، کە هەمیشە لەزیادبوندایە، چەند لێی وەربگری هی

نوێ دێتە شوێنی. ئەوانەش کە ئاشنابوون بە بیری لوکو هیوم، دەیانزانی کە یاسا زانستییەکان بە تەواوی ئیسپات نەکراون، بەڵام ڕەچاوکردنی ئەو زنجیرە پێشکەوتنە نەپساوەیەی زانستو بەکارهێنانیان بۆ ئەو ماوە درێژە، ئەمانیش دەبوایە وەك هێزێکی لەبننەهاتوو حسابیان بۆ بکەن. یان بەلایانەوە ئەم جیاوازییە لەپراکتیکدا هیچ مانایەکی نەبێت.

### زانیاری ڕاستو دروست

لەدەوروبەری سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەبواری زانستدا، عەبقەرییەك پەیدابوو، کەشانی لەشانی نیوتن دەدا. جولەکەیەکی ئەڵمانی بەناوی ئەلبێرت ئینشتاین (١٨٦٩ـ ١٩٥٥) جۆرە تیۆرییەکی دانا، کە لەگەڵ ئەوانەی نیوتندا ناکۆك بوون. هەروەك نیوتن، ئەمیش خاوەنی گەلێك بیروبۆچوونبوو سەبارەت بە بیرە بنەماییەکان. ئەم زیاتر ناوبانگی بەهۆی تیوری ڕێژەییەوە بڵاوبۆوە. یەکەم جار تیوری ڕێژەیی تایبەت لەساڵی ١٩٠٥ دا بڵاوبۆوە. دواتریش لەساڵی ١٩١٥ دا تیوری ڕێژەیی گشتی. گومان لەوەدا نییە، کە لەسەرەتادا، ناکۆکیو ناڕەزایی زۆر لەسەر ئەم تیوریانە هەبوون، بەڵام ئەوانەی کە ناکۆكو ناڕازی بوون. بەوپەڕی بایەخپێدانەوە تەماشایان دەکردن، کە خۆی لەخۆیدا ئەنجامی دژواری هەبوو چونکە، ئەگەر ئینشتاین لەسەر حەق بێ، ئەوا نیوتن بە هەڵەداچووە. کەواتە ئەو هەموو کاتە ئێمە (زانیاری)مان نەبووە. چونکە بە پێوەرەکانی نیوتن حسابمان بۆ کردون. ئەنجامەکەشی هەروا بوو. جۆرەها تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن ئەنجامدراوە بیری لێکرایەوە بۆ حوکمدان لەنێوان ئەم دوو جۆرە تیوریەدا. بە تاقیکردنەوە شارەزاییەکان پەریانسەندو بوون بە پاڵپشت بۆ تیوریەکەی ئینشتاین. لەبواری فەلسەفەدا ئەم سەرئەنجامە وەك بومەلەرزە وابوو. لەدوای دیکارتەوە کرۆکی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی گەڕانبوو بە دوای ڕاستیو دروستی یان دڵنیاییدا. بە

پشتبەستن بە زانستە نیوتنیەکان، ڕۆژئاواییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمان خاوەنی زانیارییەکی زۆری جێی متمانەو باوەڕن سەبارەت بە جیهانو گەردوون. زانیاری وا کە ڕەگی پتەوی هەبێو لەپراکتیکیشدا سوودی تەواوی هەبێ. لەهەمووی خراپتر یا ناخۆشتر ئەوەبوو. ئەو میتۆدەی، کە بەهۆیانەوە ئەو هەموو زانیارییانەی تائەو سەردەمە کۆکرابوونەوەو وەك یاساو تیوری ڕێکخراوبوونو بووبوون  بە گەرەنتی بۆ ڕاستیو دروستی زانیاریەکانمان، دەرکەوت هەڵەنو لە (زانست)ەوە دوورن. ئەی ئەگەر تا ئێستا ئەوانە زانست نەبوون، ئەی چی بوون؟ کە بەکارهێنانیان بووبووە مایەی پێشکەوتنی گەورە، لەچۆنیەتی تێگەیشتنمان بۆ جیهانو لەبوارە پراکتیکیەکانی تەکنۆلۆژیایدا قۆناغێکی نوێی مێژوویی هێنایە ئاراوە. بەتایبەتی سەردەمی شارستانیەتی پیشەسازی. بەڵام ئاشکرابوو کە ئەو میتۆدەو پێوانانە ڕاستو دروست نەبوونو ئەمەش ئێمەی مرۆڤی دوچاری گێژاوکرد. چونکە نەك تەنیا (زانیاری) هەڵەمان هەبووە، بەڵکو دڵنیاش نەبوین کە (زانیاری) خۆی، چیە.

## ژیانێکی هەمە ڕەهەند

بینیومانە چۆن (لوك) باسی لەکاریگەرییەکانی شۆڕشی نیوتنی، بۆسەر فەلسەفە، کردووەو چۆن بیرەکانی ئەم کاریگەری گرنگیان هەبووە لەبواری بەڕێوەبردنی دەوڵەتو کۆمەڵگادا. لەبەرامبەر ئەمەدا، بۆ شۆڕشی ئینشتاینی، کارل پۆپەر (١٩٠٢ـ ١٩٩٤) بەهەمان شێوە بووە. پۆپەر لەساڵی ١٩٠٢ لەڤیەنا لەدایك بووە. باوکی پارێزەرێکی بەناوبانگ بووە. دایكو باوکی وازیان لەئاینی جولەکە هێناوەو بوون بە مەسیحیی. ئەم لەسەر ڕێبازی لۆسەر پەروەردە کراوە. لەهەرزەکاریدا مارکسیست بووە، بەڵام دواتر قێزی لەسیاسەتی کۆمۆنیستەکان بۆتەوە. چونکە ئەوان ئامادەبوون بۆ کوشتنی ئەو مرۆڤە ئاساییانەی کە بەرێکەوت



لەگەڵ ڕەوتو تاکێکی کۆمۆنیستەکاندا نەدەگونجان. هەر بۆیە ئەم رووی کردە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سۆشیال دیموکرات.

پۆپەر لەژیانی خۆیدا پراکتیزەی سیاسەتی سۆشیالی دەکرد. وەك کرێکارێك جلی لەبەردەکردو لەگەڵ بێکاراندا دەژیاو لەگەڵ کەمئەندامدا کاری دەکرد، منداڵانی کەمئەندام بوونە هۆی دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەو زاناو شیکەرەوەی دەرونی ئەلفرێد ئەدلەر. هەروەها چالاك بوو لەو گروپەی مۆسیقادا کە شوێنبێرگ (Schonberg) پێشەوایی دەکردو بووە بە هاوڕێی (Webern)ی ئاواز دانەر. لەپشوەکانیشدا شاخەوانێکی کارامە بوو. لەگەڵ کچە خوێندکارێکی جوانو هاوتەمەنیدا، زەماوەند دەکات. بە تێکڕا ژیانی لە ڤیەنا ژیانێکی ئارامو چڕو دەوڵەمەندو هەمەلایەن بووە. پڕبووە لەجموجۆڵی جوانو کاری خۆش. بەڵام ساڵی ١٩٣٧ نازیەکان هاتن. ساڵێك پێش ئەوەی هیتلەر بەزۆر نەمسا داگیر بکات. پۆپەر لەیەکێ لە زانکۆکانی نیوزلەند زەمالەی خوێندنی زانکۆ وەردەگرێ. هەموو ساڵانی جەنگ لەوێ مایەوە. کە ساڵی ١٩٤٥ جەنگ تەواو بوو. ئەم رویکردە ئینگلتەرەو هەموو پاشماوەی ژیانی خزمەتگوزاری لە London School of Economics بەسەر برد. لەوێ بوو بە پرۆفیسۆری لۆژیكو میتۆدی زانستی، ژیانی لەئینگلتەرە، تەواو جیاواز بوو لەوەی لەسەردەمی گەنجی لەڤیەنا. لێرە بە ئەنقەست خۆی گۆشەگیر کرد. بۆ ئەوەی کاری نوسین بکات. ئەو نوسینانەی کە پانتاییەکی زۆری بابەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، تا تەمەنی ٩٢ ساڵیش، واتە ئەو ساڵەی تیا مردووە بەردەوام بیری پڕ بایەخو نوێی بڵاودەکردەوە.

## لەزانستدا هیچ حیکمەتێك نییە

بەبۆچوونی پۆپەر، گەر ئەو هەموو متمانەیەی کە بە زانستە نیوتنەکان، بە درێژایی سەدان ساڵ هەبوو، دەرکەوت لەجێی خۆیدا  نیەو ڕاست نین. ئەوا ئیتر هیچ

کاتێك ناکرێ ڕاستیو دروستی هیچ تیۆرییەکی زانستی ئیسپات بکرێ. ئەو شتانەی بە یاسا زانستییەکان ناو دەبرێن، تەنیا تیۆرییەو بەرهەمی وەعی مرۆڤن، ناتوانن ببن بە ڕاستەقینەی تەواو باوەڕپێکراو دەربارەی جیهان. ئەگەر ئەوانە لەپراکتیکدا باشبن، ئەوا دیارە نزیکن لەڕاستییەوە. بەڵام هەمیشە دەلوێ، تەنانەت گەر دوای سەدان ساڵیش بەرەو پێشەوەچوونی پراگماتی، کە یەکێکیتر تیۆریەکی باشتر دابنێ، کە لەوەی پێشوو نزیکتر بێ لەڕاستییەوە.

پۆپەر گەشەی بەم بۆچوونەی خۆیدا، تا کردی بە تیۆرییەکی تەواوی سەربەخۆی تیۆری زانست. بەلای ئەمەوە بوونی جیهانی فیزیکی پابەندی وەعی مرۆڤایەتی نییەو بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ لەچەشنو جۆرە بونێکیترە، وەك لەوەی مرۆڤ لێی شارەزایە. لەبەر ئەو جیاوازییە هەرگیز توانای تێگەیشتنی یەکجاری نییە. ئێمە تیوری ئیحتمالی دادەنێین بۆ شیکردنەوەیان. ئەگەر ئەو تیوریانە لەپراکتیکدا ئەنجامی بەسوود، یا سەرکەوتوویان هەبوو، ئەوا لەبەکارهێنانیاندا، بەردەوام دەبین. بەڵام وەك هەموو جارێك، درەنگ یا زوو، لەکۆتایدا، ئەوانە دوچاری تەنگژەمان دەکەن، چونکە ناتەواویەکانیان، لەیەکێ لەلایەنەکاندا دەردەکەوێت. ئیتر ئێمە هەوڵدەدەین بۆ دۆزینەوە یان بۆ دانانی تیوری باشتر، کە زیاتر هەمەلایەنی بێو توانای ڕاڤەکردنی هەموو ئەو شتانەی هەبێ کە تیوریەکەی پێشوو کردوێتی. ئەو بەربەستو سنورانەش ببەزێنێ کە ئەوەی پێشوو دوچاری بووە. ئەم ڕێبازە تەنیا لەزانستدا بەکار نایەت. بەڵکو لەهەموو بوارەکانی کارکردندا بە بواری کاری ژیانی ڕۆژانەشەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ شتەکاندا بە پلەی سەرەکی حەلکردنی کێشەکانە. هەروەها پێشکەوتنەکانمان لەوەدا نییە، کە کارە زانستیە ڕاستو دروستەکانمان، بەکاری زانستی نوێ بەرەو پێش بەرین. بەڵکو بەردەوام لەگۆڕینی ئەو تیوریانەدابین، کە هەمانە، بەهی چاکتر. ئەو گەڕانە بەدوای سەقامگیریدا، کە پاڵپێوەنەری فەیلسوفە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا بووە، هەر



لەدیکارتەوە تا روسل. لێرەوە دەبێت وازی لێبهێنرێت. چونکە سەقامگیری، شتێك نیە چنگ بکەوێ.

ناکرێ بۆ یەکجاریو بەتەواوی ڕاستی تیورییەکی زانستی بسەلمێنرێ. هەروەها ناشێ بناغەیەکی تەواو پتەو بۆ سەرانسەری زانست یان بۆ سەرتاپا ماتماتیك دابمەزرێنرێت. کە پۆپەر ناوی دەبرد بە (JUSITFIKATONISM) پێشبینی کردنی ئەوەی کە دەکرێ ڕاستی تیوریەك بسەلەمێنرێ، بیرکردنەوەیەکی سادەو نەگونجاوە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لەناو زۆنگاوێکدا، خانوویەك، لەسەر کۆڵەکە دروست بکات. دیارە پێویستە کۆڵەکەکان، یان پایەکان ئەوەندە بچەقێنرێن کە بەرگەی قورسایی خانوەکە بگرن. گەر دوای ئەوەش نەهۆمیتری لەسەر بکرێ ئەوا ئەبێ زیاتر بناغەکە قایمتر بکرێ. بۆ ئەم پرۆسەیەش، بە زەرورەت، هیچ سنورێکی دیاریکراو نییە. هیچ ئاستێکی بڕیار لەسەر دراو نییە بۆ ڕاگرتنی ئەم خانووە یان هەر شتێکیتر. جا چ ئاستەکە سروشتی بێ یان مرۆڤ دایبنابێ. بۆ ئەم خانووە یان هەر خانوویەکیتر.

بەڵام کە هیچ تیوریەکی گشتی، ناتوانرێ بسەلمێنرێ. ئەوا دەتوانرێ. دژە سەلماندن هەبێ. کەواتە بواری تاقیکردنەوەی هەیە. وەك ئاشکرایە بینینی ژمارەیەکی زۆری قازی سپی، هەرگیز ناتوانێ بیسەلمێنێ، کە هەموو قازێك سپی رەنگە. بەڵام بیننی یەك قازی ڕەش، دەتوانرێ ببێ بە دژە سەلماندن. واتە بیسەلمێنێ کە هەموو قازێك رەنگیان سپی نییە، بەهەمان شێوە، دەتوانرێ باوەڕە گشتییەکان تاقیبکرێنەوە، واتە گەڕان بە دوای دژە سەلماندندا. لەبەر ئەوە، رەخنە گرنگترین یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتنی ڕاستەقینە. بۆچونێك، یان باوەڕێك، کەهیچ چاودێرێك نەتوانێ، بەدرۆی بخاتەوە، ناکرێ تاقیبکرێتەوە. لەبەرئەوە بە زانستی لەقەڵەم نادرێ. چونکە بەهەر جۆرێك بیری لێبکرێتەوە، هەر دروستی ئەو شتە پیشاندەداو هیچ شتێکیش وەك بەڵگە، ئەم ڕاستییە ناسەلمێنێ. نموونەیەکی باش

بۆ ئەم بۆچوونە ئەمەیە، خوا هەیە. ئەمە ڕستەیەکی مانادارەو دەشێ ڕاست بێ، بەڵام هیچ رۆشنبیرێکی جیددی ناتوانێ بە زانیارییەکی زانستی دابنێ.

## کۆمەڵگەی کراوە

ئەو کتێبە، بیرورۆژێنەرەی، پۆپەر ئەم بیروڕایانەی تیادا بڵاوکردەوە، ناوی Logic of Scientific Discovery بوو، کە ١٩٣٤ بە ئەڵمانیو ١٩٥٩ بە ئینگلیزی چاپکراوە. یەکمجار، ئەم بەهۆی پەیوەندیەکانییەوە بە زانایەکی سروشتەوە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێ بیروبۆچونەکانی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش بە تەواوی بەکاربهێنرێت. لەبەرئەوە کتێبێکی لەدوو بەرگدا نووسی، بەناوی : ((Theope Society and its Enemies کە ١٩٤٥ چاپیکرد. لێرەدا، بۆچوونەکانی بەسەر تیوریە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا جێبەجێ کردووە. دڵنیایی، بەلای ئەمەوە، بەهەمان شێوەی ناو زانستە سروشتییەکان لەسیاسەتیشدا کەمو بەدەگمەن چنگ دەکەوێت. هەر لەبەر ئەوە هەرگیز ناشێ یەك جۆرە بۆچوون پەیڕەو بکرێ.

خراپترینو نەگونجاوترین فۆرمی کۆمەڵگەی مۆدێرن، کە ناتوانرێ داکۆکی لێبکرێ، ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەنەخشە کێشانی لەسەنتەرەوە، مرۆڤەکان، بە جۆرە شێوازێکی ژیان ناچار دەکاتو رێگای بیروبۆچوونی جیاواز نادات. بەپلەی یەکەم لەرێگای رەخنەگرتنەوە دەکرێ دەرئەنجامەکانی پۆلەتیکی سۆسیال، پێش جێبەجێ کردنیان لەرێگای دەستنیشانکردنی ئەنجامە ناحەزەکانیانەوە، دەکرێ، کاریگەرێتی خراپیان کەمبکرێتەوەو هەوڵبدرێ ئەو بڕیارانەی کە دراون هەڵبوەشێنرێتەوە. ئەو کۆمەڵگەیەی رێگا دەدات بە رەخنەو گفتوگۆو لایەنی ئۆپۆزسیۆن، ئەتوانێ بە دڵنیاییەکی زۆرەوە، کێشە پراکتیکیەکانی پۆلەتیك چاکتر چارەسەر بکات، وەك لەو کۆمەڵگایانەی رێگە نادەن بە رەخنە پێشکەوتن خێراترو ئاسانتر دەبێ، ئەمەش پەیوەندی بە قەناعەتە مۆراڵییەکانەوە نییە.

هەروەك لەبواری زانستدا، وایە. لەبواری پۆلەتیکیشدا بەردەوام، بیرە گشتییەکان، لەئاڵوگۆردان، بەرامبەر ئەو بیرانەی کە بەو هیوایەن بیری باشتربن. هەروەها کۆمەڵگەش بەردەوام لەگۆڕاندایەو پلەی گۆڕانکاریش لەزیادبوندایە. هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی ئیدیاییو هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە، بۆ ئێمە ئەڵتەرنەتیف نییە. ئێمە دەبێ تەعامول لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانکاری بێ کۆتاییدا بکەین. دەبێ هەمیشە سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بین. پێویستە هەموو کاتێك، لەگەڕاندابین بەدوای دۆزینەوەی کێشە سۆسیالییەکانو هەوڵبدەین بۆ چارەسەرکردنیان. وەك هەژاری، بێ دەسەڵاتی، هەڕەشەکردن لەئاشتی، خراپی باری خوێندەواری، خراپی باری تەندروستیو نەخۆشخانەکانو... هتد. لەبەر ئەوەی کامڵ بوونو دڵنیایی تەواو زەحمەتە بە دەست بێت. دەبێ کەمتر خەریکی ئەوە بین خوێندنگای زەبەلاح یا نەخۆشخانەی زەبەلاح دروستبکەین. بەڵکو هەوڵبدەین بۆ نەهێشتنی بارە هەرە نالەبارەکانو یارمەتیدانی ئەوانەی دوچاریان بوون. ئێمە نازانین چۆن مرۆڤەکان بەختەوەر بکەین، بەڵام دەتوانین ئازارو پەککەوتەیی نا پێویست نەهێڵین.

## گۆڕهەڵکەنی مارکسیزم

لەو کاتانەدا، کە پۆپەر، سەرگەمی بەڵگە هێنانەوە بوو بۆ ئیسپاتکردنی ئەم بیروڕایانەی خۆی. توندو تیژترین هێرشی دەکردە سەر هەرە بەناوبانگترینو بەهێزترین نوێنەرانی کۆمەڵگەی ئیدیا، بەتایبەتی بۆ سەر پلاتۆنو مارکس. رەخنەکانی ئەم بۆ مارکسیزم، بە شێوەیەکی گشتی، بەتوندو تیژترینو کاریگەرترین رەخنە لەقەڵەم دران. هەر ئەم رەخنە گرتنەش بووە هۆی ئەوەی ناوبانگی پۆپەر، لەسەر ئاستی جیهاندا بڵاوبێتەوە. ئەوەش دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی کۆمەڵگەی کراوە.. (The open Society) کە قۆناغێك بوو یەك لەسەر سێی دانیشتوانی جیهان، لەو وڵاتانەدا دەژیان کە خۆیان بە مارکسی دەناساند. هەر ئەمەش بووە هۆی بایەخ پێدانێکی جیهانی بە بیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبە.



# شۆڕشەکەی ئەینشتاین

وەرچەرخانە گەورەکانی نێو زانستی مۆدێرن روانینەکانی ئێمەیان بۆ چییەتی مەعریفە گۆڕیوەو هەر لەو روانگەیەشەوە گۆڕانکاری بەسەر فەلسەفەدا هاتووە. لەبەرئەوەی زانیارییە زانستییەکان لەڕووی پراکتیکییەوە بۆ مرۆڤ زیاتر جێگەی متمانەو بەکارهێنانن، ئەوا پێویستە هەموو تێگەیشتنێك دەربارەی خودی مەعریفەو هەموو پێناسەکردنێکی سروشتی راستەقینەی مەعریفە، بۆ ئەوەی جێگەی باوەڕپێکردن بێت، زانستی بێت. لەبەشێکی زۆری مێژووی فەلسەفەی رۆژئاواییدا، لەواقیعدا، لێکۆڵینەوەکان لەسروشتی مەعریفە لەڕێگەی زانستەوە ئەنجامدراوە، هەڵبەتە ئەمە بەتایبەتی لەم چوار سەدەیەی دواییدا وابووە.

هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری قووڵ لەبواری زانستدا روویداوەو ئاشکرای کردوە جیاوازە لەوەی کە جاران مرۆڤ قەناعەتی پێهەبووە. تەنیا لەبواری فیزیکدا دوو وەرچەرخانی گەورە روویانداوە. تیۆرییە رێژەییەکەی ئاینشتاین شوێنی بە زانستی تەقلیدی لێژکردو دواتریش تیۆری چەندێتی (Quantity theory) هاتەئاراوە، کە لەڕووی لۆژیکییەوە لەگەڵ تیۆریی رێژەیی ناسازێت، بەڵام دەرئەنجامەکانیان هەر تەواو تەواو چوونیەکن. لەبەرئەوە نابێتو ناگونجێت هەر دوو تیۆرییەکە راستو دروست بن، بەڵکو دەشێت هیچیان راست نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە هەردووکیان بەوپەڕی ئەنجامی تەواوەوە بەکاردەهێنرێن. ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو بۆچوونەی کە هەرە چاکترینو

پتەوترین مەعریفە تەنیا بریتییە لەو تیۆرییانەی مرۆڤ خۆی دایهێناون. ئەو تیۆرییانەی کە رەنگە هەڵەبنو پێویستیان بە راستکردنەوە هەبێت. ئەو تیۆرییانەی کە ئێمە هیواخوازینو چاوەڕێین، درەنگ یان زوو، تیۆری باشتر جێگەیان بگرێتەوە.

مەعریفەی مرۆڤایەتی، هەر لەبەرئەوەی هی مرۆڤە، خاڵی لاوازیی هەیەو لەبەردەم ئەو هەڕەشەو تەحەدایانەداین، کە خاوەنی پێگەی زانستی نەگۆڕو پتەوی لەو چەشنە نییە، کە جاران مرۆڤ دڵی خۆی پێخۆش کردبوو.

زانایان نەك هەر شێوەی تێگەیشتنی ئێمەیان بۆ چییەتی مەعریفە گۆڕیوە، بەڵکو هەروەها پتر لەفەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆیان کاریگەرییان بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکانمان هەبووە لەبەرامبەر ئەو چەمکانەی بنەمای هەرە سەرەکین بۆ شارەزاییەکانمان سەبارەت بە جیهان. چەمکی وەك کات، شوێن، ماتەرو ئۆبژەکتیڤە فیزیکییەکان.

هەر بۆیە رەنگە ئەوکاتەی مێژوو نووسەکانی داهاتوو ئاوڕ لەم قۆناغەی ئێمە دەدەنەوە، وەك فەیلەسوفە رچەشکێنەکان سەیری ئەم زانایانەبکەن، کەئەم وەرچەرخانە مەزنانەیان دروستکردوە. بەو پێیەی ئەم زانایانە بوون، کە کاری گەورەیان ئەنجامداوە بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی فەلسەفەییانەی مرۆڤ بۆ جیهان.

# پاشەرۆژی فەلسەفە

## زیادبوونی مەعریفە دەربارەی بەدوادا گەڕانێك کەرەنگە هیچ کۆتاییەکی نەبێت

نزیکەی هەموو ئەو فەیلەسوفانەی لەسەردەمانی ژیانی خۆیاندا ناوبانگیان هەبووە، پاش ماوەیەکی زۆر کورت لەیاد کراون. تەنیا ژمارەیەکی کەمیان، بەتایبەتی ئەوانەی لەم کتێبەدا باسکراون، ناوبانگیان ماوەتەوە. گەر بیر لەمێژوویەکی دووهەزاروپێنجسەد ساڵی بکەینەوە، دەبینین ئەم ژمارەیە زۆر نییە. هەر بۆیە لەم کتبێەدا هەوڵمان نەداوە بەو شێوەیەی باسمان لەگەورە بیرمەندانی سەردەمانی پێشوو کردووە، باسی ئەو فەیلەسوفانەش بکەین، کە لەژیاندا ماون. ئێمە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە تەنیا چەند کەسێکی کەم، ئەوا ئەگەر ئەو چەند کەسە کەمەش، لەفەیلەسوفەکانی ئەم رۆژگارە، دوای سەدەیەك بە ناسراوی بمێننەوە. ئەوانیتر دەکەونە ناو شەوەزەنگی بیرچوونەوەوە، بە هەمانشێوەی زۆربەی فەیلەسوفە ناودارەکانی سەدەکانی پێشوو، کە ئێستا کەس ناویان نازانێت.

مۆدەی روناکبیری نەوەیەك نیشانە نییە بۆ مانەوەی ئەو مۆدەیە لەپاشەرۆژدا، بەڵکو بەدڵنیاییەوە ئەو مۆدانە مەحکومن بە لەناوچوون.

ئێمە لەم کتێبەدا تەنیا باسمان لەو فەیلوسوفانە کردووە، کە بیرۆکەکانیان جێی سەرنجو بایەخپێدانن، هەڵبەتە ئەو کەسانەن لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پاش مەرگی خۆیان کاریگەری بیرۆکەکانیان بەتەواوی بڵاو بۆتەوە. بۆ نموونە (لۆك) لەسەدەی هەڤدەدا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەسەدەی هەژدەدا لەئەوروپاو ئەمریکا کاریگەرییە مێژووییەکەیان پەرەی سەند. (مارکس) لەسەدەی نۆزدەدا ژیاوە، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا بیرۆکەکانی جیهانیان گۆڕی. لەسەر ئاستی کاریگەرییەکی کەمتر، دەتوانین بڵێین نیوسەدە زیاترە ڤیتگنشتاین (Wittgenstein) مردوە، بەڵام ئەم ئێستا لەکەلتووری ئێمەدا، کەسایەتییەکی کاریگەرترە وەك لەو کاتانەی کە لەژیاندا بوو، ئەوکاتانە پێشبینی ئەم کاریگەرییەی ئێستای بۆ نەدەکرا.

ئەم راستییانە هۆکارن بۆ ئەوەی بەلامانەوە سروشتی بێت پێشبینی بکەین لەپاشە رۆژی نزیکی فەلسەفەدا کاریگەرێتی زیاتری بیرۆکەی ئەو بیرمەندە گەورانەی بەمدواییە مردون، بەدیار بکەون. هێشتا لای هایدگەر زۆر لایەنی دەوڵەمەند ماوە وەك وەڵامدانەوە بۆ تەحەدا بونگەراییەکانی نیتشە کاریان لەسەربکرێت. هەروەها زۆر لایەنی بەهێز لای پۆپەر هەیە بۆ کار لەسەرکردن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تەحەدایانەی لەگۆڕینی بەردەوامی ناو زانستو لەڕووی دروستبوونی زیاتری کۆمەڵگە دیموکراسییەکانەوە دێنە ئاراوە.

هەر لەئێستاوە بایەخدان بە پۆپەر، لەلایەن کەسانی نێو ئەو کۆمەڵگانەی تازە دیموکراسییان تێدا بڵاوبۆتەوە، هەر زۆر زۆرە. بەڵام ئەمە هێشتا هەر بەشێکی تابلۆکەیە. ئەی چیدی؟ رەوشی نوێ چۆن دەبێت؟ باوەڕوایە فەیلەسوفی وا پەیدا دەبێت، رەوتی بابەتەکە دەگۆڕێت، لەپاشەرۆژدا بەردەوام فەیلەسوفی نوێ پەیدادەبێت، هەر وەك چۆن لەرابووردوو دا بیرمەندی وەك دیکارتو کانت پەیدابوون. کە دوای ئەوان هیچ شتیك لەفەلسەفەدا لەجێگەی خۆیدا نەما. لەبەر ئەوەی مێژووی رابووردوومان هێندە کورت بووەو پاشەرۆژیش بێسنوور درێژە.



ئیحتمال زۆرە کە داهێنەرانی مەزنو لێهاتووی فەلسەفە ئەوانەن کە لەداهاتوودا دەردەکەون، نەك ئەوانەبوون، کە لەرابووردوودا دەرکەوتوون. بەداخەوە ناتوانرێت پێشبینی کاتی دەرکەوتنی ئەو وەرچەرخان هێنەرانە بکەین، گەر بمانتوانیایە پێشبینی بکەین، دەبوایە ئێستا بماننناسینایە. ئەوکاتە نەدەبوو بە بابەتی پاشەرۆژ. واتا زانینی ئێمە بۆ گۆڕانکارییەکان سەبارەت بە گەشەکردنی فەلسەفە لەپاشەڕۆژدا هەر هێندەی پێشبینیکردنی ئەو کەسانەیە، کەپێش سەردەمی کانت ژیاون، بۆ پەیدابوونی کانت. هەرچەند پەسەندکردنی ئەو کارە بۆ ئێمە سەخت بێت. بەڵام پاشەڕۆژی فەلسەفە لەڕووی لایەنە گرنگەکانییەوە ئێستا بۆ ئێمە نادیارە. بەڵام دەکرێت بەئومێدەوە چاوەڕوانی هەندێك گەشەکردنی سادەتر بکەین. هەڵبەتە هەندێکیان جێگای سەرنجڕاکێشانن. تەکنیکی شیکاری فەلسەفەیی لەبواری فراوانتردا جێبەجێدەکرێت. کێشەی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە پەیوەندی بەسیاسەتی رەسمییەوە دەبێت. هەندێك وردتر کار لەبابەتەکاندا دەکەن هەر لەمیوزیکەوە تا بابەتی سێکس. واتە زیاترو وردتر لەو فەیلەسوفانەی سەردەمانی پێشوو.

ئێستا پێدەچێت بایەخدانێکی زیاتری گشتی هەبێت بۆ فەلسەفەو خەڵکی بەرزتر فەلسەفە بنرخێنن. لەزۆر شوێنی ئەوروپا، فەلسەفە لەبەرنامەی خوێندنی قوتابخانە ئامادەییەکاندا هەیە، لەهەندێك وڵاتدا ئاساییە راوێژکاری بواری ئیتیکی بازرگانی لەئەنجومەنی بەرێوەبەرێتیدا هەبێتو لەدانانو لێکۆڵینەوە لەمەڕ دەستوور پرسوڕا بە فەیلەسوفەکان بکرێت. ئاشکرایە ئەم جۆرە کارانە زیاتر پەرەدەسێنن. هەروەها لەناو خوێنەراندا بایەخدانێکی زیاتر بە فەلسەفە بەگشتی بەرێوەیە. هەر بۆ نموونە کتێبەکەی (یوستین گاردەر) Jostein Gaarder بەناوی جیهانی سۆفیا ساڵی ١٩٩١ دەرچوو لەجیهاندا یەکیك بوو لەپر فرۆشترین کتێبو سەرەتایەکە بۆ مێژووی فەلسەفە لەسەر شێوازی رۆمان، سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە. سەرکەوتنێکی لەمشێوەیە بۆ کتێبێکی لەمجۆرە جاران بەخەیاڵدا نەدەهات.

دیاره هیوای باش هەیە بۆ فەلسەفە لەکۆمەڵگەی داهاتوودا. بەڵام فەلسەفە وەك میوزیك وایە، بواری پراکتیکی زۆر جۆراوجۆری هەیە و لەهیچ یەکێکیاندا خاوەنی پلەو بایەخی هەرە بەرزنییە، بەڵکو بایەخی خۆی لەخۆیدایە، رەنگە ئێمە وەك ئەوەی دیلو وابەستەی توانا مرۆییەکانمانین هەرگیز وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانمان دەستگیرنەبێت، بەڵام هەروەك ئەم کتێبە هەوڵی داوە ئاشکرای بکات، ئێمە دەتوانین هەنگاوی وا گرنگ لەبواری تێگەیشتنماندا بۆ رەوشی مرۆڤایەتی بنێین، کە ئێمە سەرەڕای نەگەیشتنمان بە دوا ئامانج لەو ڕووەوە، گەشتەکە ئەوەندە بەهەند وەربگرین، کە شایانی خۆ ماندو کردنەکە بێت.

هیچ وەڵامێکی کتومت نییە، بەڵام لەرادە بەدەر زۆرشت هەیە بۆ فێربوون.